# زمان و زار

سالی چوارەم- ژمارە (١٢) (خاکەلێوە-٢٧٢٤) (بەهاری-٢٠٢٤)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە


خاوەن ئیمتیاز:

د. تەها رەسووڵ

سەرنووسەر:

فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:

تۆفیق وەهبی بەگ

# زمان و زار

**دەستەی راوژێکاری:**

د. وریا عومەر ئەمین

د. هۆگر مەحمود

د. مزگین چالی

د.بێستوون حەسەن ئەحمەد

کامران رەحیمی

**کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت**
**دەری دەکات**

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

**ڕاوێژکاری کارگێڕی:**

ئەڤین ئەحمەد

**ڕاوێژکاری یاسایی**

سالم سەلمان کوببەچی

**هەڵەگری: مەسعود لاوە**
**دیزاین: ئومێد محەمەد**
**چاپ: ٢٠٢٤**
**تیراژ: ٥٠٠ دانە**
**نرخ: ٥٠٠٠ دینار**
**چاپ: چاپخانەی تاران**

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

# پێڕست


- دۆسیەی ژمارە( زمانی کوردی و یان زمانە کوردییەکان):.............................................٧
**ئامادەکردنی: سەرنووسەر**
- خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە دیدگای مینۆرسکی لەبارەی گۆران..............١٢٥
**د. ئیسماعیل شەمس**
- سێنتامۆڕف زاراوەییێکی نوێی بواری زمانەوانی..........................................١٥١
**پ.د. وریا عومەر ئەمین**
- تێڕامانێک لەڕەهەندەکانی زمان و ئایین و کەلتوور.................................١٥٧
**د. ئیبراهیم ساڵح**
- گەشەی چەمکەکان و کاریگەری لەسەر زمان...........................................١٦٧
**کەمال فاروق**
- پاڵەوانی، ئەڵقەی زەوتکراوی زمانی کوردی............................................١٧٧
**کامەران ڕەحیمی**
- سەلام ناوخۆش زمانەوانێکی ڕەسەنی بەرهەمدار بوو.....................................١٨٩
**ئا: د. وریا عومەر امین**
- بۆچی دەنگناسی-لەباری بوونناسی و شێوازناسییەوە-پاژێک ژ زماننناسی نییە؟....١٩٧
**ئەیوب گازرانی**
- بابەتێکی ئێتیمۆلۆژی زمانەوانیی: کامیان ڕاستن: کو یان چۆن؟..............................٢٠٣
**شاسوار هەرشەمی**
-ڕاستە زمانی کوردی ئەعجەمییە و زمانی عەرەبیش بەهەشتییە................٢١٥
**ستار باقی کەریم**
- کەوتنە ژێر کاریگەریی زمانێک..........................................................٢١٩
**دیاکۆ هاشمی**
- بابا تاهیری هەمەدانی و زمانی کوردی....................................................٢٢٣
**هەیاس محمود کاکەیی**
- دەروونناسی سۆزداری و ئەوین..........................................................٢٣٣
**عەلی ڕەزا محەممەدنیژاد(دیار)**

- بابەتی چاوگەکان لە نێوان چەند بیروڕایەکی جیاوازو پڕۆگرامەکانی خوێندندا ......٢٤٧
**کازم عەباس زەندی**
- ڕۆمانی پشتئاشان و چەردەیەک تێبینیی ڕینووس و ڕێزمان.......................٣٠١
**موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**
لە نێوان زمانی کوردی و ڕووسیدا.........................................................................٣٢٧
**کاروان حاجی**
- وشە هاوپیتەکان (جناس) لە ناو وتاری « سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات » ...........٣٣٥
**کەماڵ مەولوودپوور**
- نەڤەرەی ڕۆکیرۆ- بێخزانی (پەرتی حەوتەم)..............................................................٣٤٩
**تاریق هەمەوەند**
- ڕەوتەو نووسیەی و وەش بیەو خەتی جە ویەردەو هەورامانینە...........................٣٦٥
**ئیدریس پیری**
- گرفتەکانی ڕێنووس لە پڕاگماتیکی نووسیندا...............................................................٣٧٩
**مستەفا غەفوور**
- معیارسازی در کوردی جنوبی .........................................................................................٣٩١
**ژیار جهانفرد**
- نگاهی به جایگاه کردهای فیلی / گفتگو با علامه محمدعلی سلطانی............................٤٠٩
**گفتگو: بهزاد خالوندی**

## دۆسیێی ژماره
## (زمانی کوردی و
## یان زمانە کوردییەکان)

**ئامادەکردنی: سەرنووسەر**

ویڕای بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی لە دەستووری عیراقدا و لە کوردستانیش وەک زمانی فەرمی یەکەم، بەڵام هێشتا زمانی کوردی نەبووە زمانی پێوەر و هاوبەشی هەموو پێکهاتە ئیتنیکییکانی وەک (سۆرانی و بادینی، زازاکی و کورمانجی، هەورامی و لەک و لوڕ و کەلهور)، هەروەها نەبۆتە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی هەموو ناوچە و بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا.

ئایا کێشەکە هەر لەوەدایە کە کوردستان وەک خاک و نیشتمان داگیرکراوە و زمانەکەشی بە دەستوور و یاسا لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن و فەرمانگا حکومییەکانی ئەو وڵاتانە، کە وەک خێر و سەدەقە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، قەدەغەکراوە، یان هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی هەر بۆ بەدبەختییەکەی کورد خۆی بووە و نەیتوانیوە وەک گەلانی ژێردەست بایەخ

بە زمانی ستانداردی خۆی بدات و میراتێکی فەرهەنگی نەتەوەیی بۆ نەوەکانی داهاتووی بەجێ بهێڵێت.

بە نموونە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو میر جەلادەت بەدرخان بە کاریگەری ئەلفابیتای ئەتاتورک و بە فیتی فەرەنسییەکان کە ئەوسا سووریا و لوبنان لەژێر دەسەڵاتی ئینتدابی کۆلۆنییان بوو، بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخدا ڕێنووسی زمانی کوردییان دوو لەت کرد بۆ کورمانجی لاتینی و تیپی ئارامی- عەرەبی، لە ئەنجامدا دیوارێکی پۆلاینییان لە نێوان کوردانی باکوور-ڕۆژاوا- قەفقاس لەگەڵ کوردانی باشوور- ڕۆژهەڵات درووست کرد.

ئەم دیوارە نەفرینە بووە هۆی ئەوەی پتر لە سەدەیەکە کوردانی ئەو هەرێمانە نەتوانن بەرهەمی هزریی و ئەدەبیاتی یەکتر بخوێننەوە بە ڕادەیەک زمانی کوردییان وەها لەیەکتر دوور خستەوە، کە تەنانەت هاووڵاتیانی کوردی ناوچەکانی خۆشیان نەتوانن شاکارەکانی مەلای جزیری و فەقێی تەیران و ئەحمەدی خانی... تد بخوێننەوە، ئەنجامێکی نەگەتیڤی تریش کە مخابن ئێستا نەک هەر ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسە بیانییەکان، تەنانەت بەشێک لە زماننناسە ئەکادیمییە کوردەکانیش زاراوەی (زمانە کوردییەکان) نەک (زمانی کوردی) بەکار بهێنن.

خوێنەرانی هێژا دەتوانن بۆ نووسینەکانی ئەمیری حەسەن پوور و جەعفەر شیخولئیسلامی و شاسوار هەرشەمی و جەلیل عەباسی بگەڕێنەوە. کە باشترین بەڵگەن بۆ قسەکانم. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی مازەندەران و خوراسان و ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەی وەک خاتوو موژگان کاوسی و زارا محەمەدی کە هەوڵی نووسین بە زمانی کوردی دەدەن دەخرێنە زیندانەوە، کەچی بەشێک با کەمیش بێت لە هەورامی و لەک و لوڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاشکرا و جیاواز لە زمانی کوردی، بانگەشەی سەربەخۆیی زار و بنزارەکانیان دەکەن و هەڵبەت بە پاڵپشتی و مۆری ئەنجوومەنی میراسی فەرهەنگی ئێران وەکو (زبان گوران) خۆیان دەناسێنن، هەر لەو ساڵانەی ڕابردووشدا بە دەیان کەناڵی ویبسایت و تەلەگرامییان بۆ خۆیان ڕێکخستووە و بە ئاشکرا دژایەتی زمان و فەرهەنگی کوردی دەکەن و لەلایەن زانستگاکانی ئێرانەوەش چەندان بڕوانامەی باڵای ماستەر و دوکتۆرایان پێبەخشراوە.

لە دەیەکانی سەدەی ڕابردووش بەشێک لە زازاکییەکانی باکووری کوردستان بەتایبەت ئەوانەی لە هەندەران دەژین لەژێر باندۆری تیئۆرە سەقەتەکەی مەکەنزی و مینۆرسکی هەمان بانگەشەیان بۆ سەربەخۆیی زاری زازاکی هەبووە، لە کاتێکدا زۆرینەی سەرکردە سیاسییەکانی باکووری کوردستان وەک شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزا و تەنانەت سەلاحەددین دەمیرتاشیش لە کوردانی زازاکین.

ڕاستە لە هەرێمی کوردستاندا سەرباری بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و کارپێکردنی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا، ئەگەرچی چاوەڕوان بووین لانیکەم فۆرمێک لە پەروەردەی زمانی بۆ پارچەکانیتری کوردستان بەرهەم بهێنێت، کەچی دەرکەوت دامەرزراوە ئەکادیمی و زمانناسی و کولتوورییەکان ناتوانن بۆ خۆیشیان ئەوە بکەن، ئێستا لە بواری پەروەردە و فێرکردندا لەو دوو دەڤەرەی بادینان و سۆران بە دوو بنزاری کوردی باکوور و ناوەڕاست دەخوێنرێت، هەڵبەتە لە دەڤەری بادینان (بەتیپی عەرەبی بنزاری بادینی دەخوێنن)، چەند ساڵێکیشە هەوڵی بەردەوام هەیە کە بە بنزاری هەورامی- زاری گۆران لە دەڤەری هەورامان ئەو بنزارە بخرێتە بواری پەروەردەو فێرکردنەوە. وەک چۆن لە کاتی خۆیدا بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆکدا، بنزاری بادینی- زاری کورمانجی خرایە دەلیڤی پەروەردەو فێرکردنەوە، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە تا قۆناغی خوێندنی باڵا پەرەی پێدرا.

دیارە وێڕای هەبوونی ئەو هەموو هەڵە و شێواندنی ڕێزمانییە لە چاپەمەنی و کەناڵە میدیاییەکان و تەنانەت لە تابلۆ دیار و گەورەکانی ناو شارەکاندا دەبینرێن، کە نیشاندەری ئەو پەروەردە بێ پلانەیە کە هێشتا بەشێکی خەڵک تەنانەت ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانیش نازانن بە کوردییەکی جوان و پەتی بنووسن، لەوەش گرینگتر هەر بەلایانەوە گرینگ نەبێت چۆنی دەنووسن و بۆچی دەینووسن و بۆ بنووسن، واتە پەرۆشی زمانی کوردی لە ئاستێکی زۆر خوار و نزم دایە.

لە هەموویشی مەترسیتر هەبوونی ئەو هەموو خویندنگا تایبەت و ئەهلییانەیە بەتایبەت ئەوانەی کە سەرجەم وانەکانیان بە(زمانی ئینگلیزی) دەخوێنرێن، لەپاڵ ئەوەشدا زمانی کوردی تێدا پەراوێزخراوە و هەژموونی زمانی ئینگلیزی بەسەردا زاڵ بووە، هەڵبەت لە داهاتوودا نەوەیەک پەروەردە دەکرێت نامۆ بە زمانی دایکی خۆی و کولتوورەکەی دەبێت.

ئەمڕۆ زمانی کوردی لەبەردەم دوو ڕەوشی گەورەی جیهانگیریی دایە، یەکەمیان ئەوەی کە ئەم زمانە لە ڕووبەڕووبوونەوە دایە لەگەڵ جیهان و مەعریفە و زانستی نوێ و هەوڵی خۆی دەدات کە ببێتە زمانحاڵی دروست و بەپێی توانای ئاخێوەران و هەموو ئەوانەی قسەی پێدەکەن.

دووەمیان ئەوەی کە ئەم زمانە سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆی داخراویی و رۆحییەتی دەمارگرژی سنوورەکانی کرانەوە بەرەو ڕووی جیهاندا دادەخات، تووشی شێوەیەک لە فامکردنی خێڵەکی و گوندەکییانە دەبێتەوە کە درێژەی ئەو ژیانە لۆکاڵی و داخراوەیە و لەمپەرن لەبەردەم توانستی گەشەی زمانی کوردیدا، لە هەردوو ڕەوشەکەش جیاواز لە هەموو ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی زمانی کوردین. هەر بۆ میناک و بەس لە کەناڵە میدیاییەکانی وەک (ڕووداو و کوردسات و ستێرک. تی. ڤی) بێژەر، ئامادەکار یان میوانێکی بەرنامە کە بە زمانی ناوچە یان خێڵەکەی خۆی قسەی دەکات بەو مانایە نییە کە زمان دەزانێت، بەڵکو ئەمە سروشتیترین و سادەترین و لەهەمان کاتیشدا «بنەڕەتیترین» حاڵەتی فێربوونی زمانە، بەڵام ناتەواو و نیوەچڵە ئەوە ئەرکی دەزگا ئەکادیمییەکان و زماناسان و ڕووناکبیرانی نەتەوەیە بەجددی کار بۆ گەشەپێدانی زمانی یەکگرتووی کوردی بکەن و لە هەڕەشەکانی جینۆسایدی کولتووری بیپارێزن.

***سەبارەت بەم دۆسیەیە**

ئێمە هەر لە بەراییەوە لە گۆڤاری زمانناسیی وەرزی (زمان ز زار)دا لە هەر ژمارەیەکدا لە هەوڵی ئەوەدا بووینە دۆسییەک لەسەر پرسگەلی زمانی کوردی لە ئاستە جیاوازەکاندا بکەینەوە، هەر لەو سۆنگەیەوەشدا هەوڵماندا وە ڕێژەیەکی زۆر لە ڕاوبۆچوون و ئەزموونی جیاواز و کەسایەتی و زماناسان و ئەکادیمیانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، تەنانەت لە دیاسپۆراش بدوێنین و ڕاشکاوانە ڕاوبۆچوونەکانیان لەو دۆسیەیەدا بخەینە بەرچاوی خوێنەرانی هێژای گۆڤارەکەمان. چونکە زمان یەکێک لە ئاڵۆزترین داهێنانەکانی مرۆڤە، هاوکات ڕازێکی سەرنجراکێش و گرێیەکی سەختی بواری توێژینەوە و تێڕامانیشە، چۆن زمان پەیدا بووە؟ بۆچی زمان بووە بە هۆکاری پەیوەندی دروست کردن و چۆن

پرۆسەی لێکگرێدانی دەنگ و واتا، رستەسازی و وشەسازی دەستی پێکردووە و تائێستاش بەردەوامە؟ لەو پرسیارە سەرەتایی و بنەڕەتییانەن کە زمانناسانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هاوهەنگاو لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا زمان تەنیا لە چوارچێوەی هۆکارەکانی پەیوەندی پێکەوەکردندا نەماوەتەوە و لەکۆنتێکستی جیاوازدا رۆڵ و ماهیەتی خۆی گۆڕیوە و کارەکتەری جۆراوجۆری تاقی کردۆتەوە، بۆ نموونە زمان لەتێروانینی یەکەمدا رۆڵێکی مەدەنیانە دەگێڕێ و پانتایی پێکگەیشتن، لێکتێگەیشتن و پێوەندی دروست کردنی نێوان مرۆڤەکانە. لەگەڵ گۆڕانکارییە مێژوویی و سیاسییەکان، لە دنیای مۆدێرندا زمان بەرگێکی سیاسییانە دەپۆشێ و دەبێتە مەیدانی جیاکردنەوەی سنوورەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە و بەشداری و پشکداری لە کایە سیاسییەکان و ڕەوایەتی دەبەخشێ بە هاووڵاتیبوون لە فۆرمێکی ئیداری و سیاسیدا.

ئایا بۆ ناسنامەی هەبوونی نەتەوەیەک بوونی زمانی ستاندارد بەسە، بەتایبەت کە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیدا سەدان ساڵە نکۆڵی لە بوون و هەبوونی دەکرێت و بە پلان و بەرنامەی تایبەت ڕووبەڕووی جینۆسایدی کولتووری دەبێتەوە. پەرتەوازەیی زمانی کوردی لە نێوان ئەم زارو بنزار و دەڤۆکانە. ئەو ناوچە و ئەم دەڤەرە. هەم پێدانی پایەیەکی بەرزتر بێت بە زمانی کوردی، بە تایبەت لە هەل ومەرجێکدا کە هەڕەشەکان نەک هەر لەسەر زمانن، بەڵکو کۆمەڵگە و نەتەوەکەمانی خستۆتە ترس و دڵەڕاوکێیەکی نائومێدەوە.سەرباری جیاوازی بیروبۆچوونی ئێمە لەگەڵ هزرو تێڕوانینی هەندێ لەو بەڕێزانە لەسەر پرسی زمان و زار و بنزارە کوردییەکان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێویستمان زانی ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی ئەو بەڕێزانە بکەینەوە:

*ئایا شتێک هە یە بەناوی زمانە کوردییەکان، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە؟ ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەمان دایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لەسەردەمی ئێستەدا کامانەن؟ چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش

بەرەو گەشە کردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟ چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟ *دواتەوەریش نەتەوەی بێ زمان، نەتەوەی بێ نیشتمانە.

بەشداربووانی دۆسیە ئەم بەڕێزانەن:

**(دیاکۆ هاشمی، د.عەبدوڵڵا حسین ڕەسووڵ، د.هۆگر شێخ مەحموود، د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین، کازم عەباس زەند، تاریق هەمەوەند، ڕێکار ئەحمەد، ئامانج شاکەلی، فرات جەوەری، د.ئاران ئەمینی، غازی حەسەن، شاسوار هەرشەمی، جەلیل عەباسی).**

دیاکۆ هاشمی:

# شتێك نییە بە ناوی زمانە کوردییەکان

**دیاکۆ هاشمی: بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە پێویستە لە پێشدا لە ڕووی زمانەوانییەوە چەند شت پێناسە بکەین: زمان چییە؟ جیاوازیی دوو زمان لە چیدایە؟ زار چییە؟ جیاوازیی زار و زمان چییە؟ پاشان وەڵامی پرسیارەکەتان بدەینەوە.**

**زمان چییە؟** زمان بەگشتی واتە سیستەمێکی هاوبەشی ئاخافتن بۆ ئەوەی ئاخێوەرانی زمانێک لە ئاخاوتندا بەکاری بهێنن، بۆ ئەوەی بتوانن هزر، بیروبۆچوون، بیرۆکە، زانیاری، مەبەست، هەست و نەستی خۆیان بۆ یەکتر بگوێزنەوە و بەپێی ئەو سیستەمە هاوبەشە لە یەکتر تێ بگەن. ئەو سیستەمە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن. جیاوازیی نێوان دوو زمانی جۆربەجۆر دەتوانێت فرەلایەنە بێت و دەتوانێت لە زۆر ڕووەوە جیاواز بن. ئەگەر جیاوازییەکان لە ڕووی زمانەوانییەوە زۆر بن، واتە تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەم بێت لە یەکتر تێ بگەن یان هەر لە یەکتر تێ نەگەن، ئەوە دەبێتە دوو زمانی جیاواز. ئەگەر ئەو سیستەمە هاوبەشە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازیی هەبێت، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر بتوانن لە یەکتر تێ بگەن، ئەوە پێیان دەوترێت دوو زاری سەر بە یەک بنەماڵەی زمانی.

دیکسۆن پرۆفیسۆر و زمانەوانی ئوسترالیایی دەڵێت جیاوازییەک هەیە لەنێوان ئەوەی توێژەری زمان بە زمانی دەزانێت و ئەوەی خەڵکی ئاسایی بە زمانی دەزانێت. مەبەستی ئەوەیە توێژەری زمان لە ڕووی تێگەیشتنی دوولایەنەوە زمان هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام خەڵکی ئاسایی دەکەونە ژێر کاریگەریی سیاسەتەوە. ئەگەر بێت و زمان لە ڕووی زمانەوانییەوە چاو لێ بکرێت ئەو کاتە دەبێت جیاوازییەکان لە ڕووی بۆ نموونە ئەم ڕێسا زمانییانە بەراورد بکرێن:

**هەنبانەی وشە**: زۆرینەی وشە کوردییەکان لە زارە جیاوازە کوردییەکاندا یان هاوبەشن یان لێکچوون. بێگومان وشەی جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەوە تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە دوو زاری جیاوازن، بۆیە وشەکانیان جیاوازن، بەڵکوو تەنانەت لەنێو یەک زاریشدا دەکرێت وشەی جیاواز بۆ یەک مەبەست هەبێت، بۆ نموونە:

کەژ/کێو/شاخ.

ئێژم/دەڵێم.

خاک/خۆڵ.

کۆرپە/ساوا.

کچ/کیژ/کەنیشک.

ژن/ئافرەت.

لاو/گەنج.

مێرد/شوو.

کەوا بێت نابێت جیاوازیی کۆمەڵێک وشە بکرێتە بیانوو بۆ ئەوەی بوترێت ئەو دوو زارە دوو زمانی جیاوازن. واتە کەسێک نابێت بۆ نموونە بێت و بڵێت چونکە لە کوردیی ناوەڕاستدا دەوترێت «شەپۆل» و لە کوردیی کرمانجیدا دەوترێت «پێل»، ئەوە ئیتر ئەوانە دوو زمانی جیاوازن. خۆ وشەی واش هەن کە یان بەتەواوی وەک یەکن، یان لێک نزیکن، بۆ نموونە:

ئاگر/ئاگر.

ماسی/ماسی.

چاو/چاڤ

بۆق/بەق.

گورگ/گور

بەگشتی دوو کورد کە بە زاری جیاواز قسە دەکەن، ئەگەر پێکەوە بدوێن و ماوەیەکی کورت گوێیان بە پەیڤی یەکتر ڕابێت بەگشتی لە یەکتر تێ دەگەن. ئەگەریش بە ئەستەم لە یەکتر تێ بگەن تەنیا لەبەر کەم پەیوەندییە نەک دوو زمانی جیاواز. ئەگەر کوردێک تا مانگێک هەموو ڕۆژێک لە بەرنامەی هەواڵ بە ئەڵمانی گوێ بگرێت. پاش مانگەکەش هەر هیچ تێ ناگات، چونکە دوو زمانەکە جیاوازن. بەڵام ئەگەر کوردێکی ناوەندی یەک مانگ هەموو ڕۆژێک گوێ لە هەواڵ بە کرمانجی بگرێت، بێگومان پاش مانگێک یان بەتەواوی لە کرمانجییەکە تێ دەگات، یان زۆر زۆر بەباشی لە پەیڤەکان تێ دەگات. ئەمە واتە ئەو دوو زارە، دوو زاری جیاوازی کوردین، نەک دوو زمانی جیاواز.

٢. مۆرفۆلۆژی (زانستی لێکۆڵینەوە لە چۆنێتیی پێکهاتن و گۆڕانی وشەکان). بۆ نموونە جیاوازی لەنێوان جێناوەکان، نێر و مێ، ئامرازی ناسینەوە، ئامرازی کۆکردنەوە، کارەکان، گەردانکردنیان، تێپەڕ و تێنەپەڕ، دەمکاتەکان و هتد. ئەم جیاوازییانە ئەوەندە زەق و نامۆ نین کە نەکرێت لە یەکتر تێ بگەین.

٣. فۆنۆلۆژی (زانستی ناسینی دەنگەکانی زمان و جۆری دەربڕینیان).
٤. لیکسیکۆلۆژی (زانستی ناسینی وشەکانی زمان و جۆری داڕشتن و لێکدانەوەی بنەڕەت و واتای وشەکان).

هەروەها ئەگەر بۆ نموونە لە ڕووی ئەم خاڵانەشەوە هەڵبسەنگێنرێن:

١. فۆنەتیک و بێژە، واتە سیستەمی دەنگ و ڕێساکانی دەربڕین و بێژەکردن.
٢. ڕێزمان، پێکهاتە و ڕێساکانی چێکردنی وشە و تێکەڵکردنیان بۆ ئافراندنی ڕستە.
٤. کۆنتێکستی فەرهەنگی: زۆرجار زمانەکان بە نزیکییەوە بەستراونەتەوە بەو کولتوورەی کە تێیدا قسەیان پێ دەکرێت. دەتوانێت شێوازی دەربڕینی ئەدەب و پلەبەندیی کۆمەڵایەتی، نەریت و زۆر شتی تر لەخۆ بگرێت.
٥. گەشەی مێژوویی: زمان بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی کاریگەری و گۆڕانکاریی جۆراوجۆرەوە گەشە دەکات. ڕووداوە مێژووییەکان و پەیوەندییە کولتوورییەکان و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر چۆنیەتیی گەشەکردنی زمانێک. بۆ کورد کە خاوەنی دابونەریتێکی هاوبەش و مێژوویەکی هاوبەش بووە بێگومان گەشەندنی زمانیش هەر پێکەوە گرێ دراوە. هەندێک جیاوازیی کەم هەیە کە ئەوەندە گەورە نین.
٦. زمانەوانیی کۆمەڵایەتی: بەکارهێنانی زمانێک بەپێی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەک تەمەن، ڕەگەز، باری ئابووری-کۆمەڵایەتی و ناوچەکە دەتوانێت جیاواز بێت. کورد لەم بارەشەوە هەرچەند کەوتوونەتە چوارچێوەی وڵاتی جیاوازەوە، بەڵام بەوەشەوە بە هەر وردەجیاوازییەک هەر هاوبەشییەکانیان زۆر زۆر زیاترە.
٧. دابونەریت: زۆرجار زمان ڕێکەوتن و پراگماتیک بەکار دەهێنێت بۆ پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی کاریگەر. ئەمەش بەکارهێنانی ئاماژەی نازارەکی، تۆنی دەنگ و هۆکارە کۆنتێکستەکان دەگرێتەوە. کورد خاوەنی دابونەریتێکی کۆن و هاوبەش بووە، بە بۆنەی دابە فەرهەنگییەکان، وەرزییەکان، شاییەکان، پێوەندییە ئایینییەکان هەمیشە بە دابونەریتێکی هاوبەش هاتوونەتە پێشەوە، هەرچەند دەتوانێت لەبەر جیاوازیی وڵاتە جیاوازەکان کە کوردیان تێدا کەوتووە جیاوازی هەبێت، بەڵام هەر دیسانەوە خاڵی هاوبەشیان زۆر زیاترە.

دەبینین کە جیاوازییەکان نەک زۆر نین، بەڵکوو لە زۆر بواردا هاوبەشن.

جیاوازیی «زمان» و «زار»:

جیاوازیی زمان و زار ئەوەندە کەمە کە هەندێک زمانەوان وەک تاڵەموویەک دەیبینن.

«زار» شێوازێک لە زمانە کە لە باری جوگرافیدا سنووردارە و لە ناوچەیەکی بچووکتر بەکار دەهێنرێت و کەمتر لەلایەن ئاخێوەرکانی ئەو زارەکانی تر بەکارهێنراوە یان پێی ئاشنان. پەیڤ و وتاری زیاتر زارەکین و سنگ بە سنگ بەکار دەهێنرێن.

ئەوەیان کە زیاتر لە هەموو زارەکان پێی ئاشناتر بن، زیاتر وشەی سەردەمیانەی بۆ دانرابێت و گەشەی سەندبێت، یان وەک زمانی قوتابخانە و حکوومەت و دامودەزگا فەرمییەکان بەکار هێنرابێت لە خۆوە وەک زمانی ئەو زارانە چاوی لێ دەکرێت.

***کام زار نوێنەری زمانی کوردییە؟**

**دیاکۆ هاشمی:** هەموو زارە کوردییەکان لە ڕووی گرنگی و ئاستی زاریدا یەک نرخیان هەیە، هەموویان بەرانبەر بە یەکتر زارێکن لە یەک زماندا. هەر کام لەوانە دەتوانن لە بەرانبەر زمانێکی بێگانەدا وەک زمانی کوردی هەژمار بکرێن، بەڵام بەگشتی ئەو زارەی کە زیاتر بەربڵاوە، زیاتر دەقی نووسینی پێ نووسراوەتەوە و وەک زمانی حکوومەت و دەسەڵات بەکار هێنراوە. خۆنەویست وەک زمانی کوردی ناوی لێ دەبرێت.

ئەمە ئەگەر وریا نەبین، مەترسییەکی گەورەی هەیە. ئەویش ئەوەیە کە دوژمن دەتوانێت لەوە کەڵکی نالەبار وەربگرێت و وا بەکاری بهێنێت کە گوایە ئەوەی وەک زمانی کوردی پەرەی سەندووە، خەریکە مافی ئەوانی تر پێشێل دەکات و ئەوان دەبێت زاری خۆیان لە فەوتان ڕزگار بکەن و زاری خۆیان لە «کوردی» جیا بکەنەوە و سوور بن لەسەر ئەوەی کە شتێک بە ناوی زمانی کوردی نییە، بەڵکوو ئەوەی کە هەیە «زمانە کوردییەکان»ە، خۆ ئەگەر هەموویان ناویان زمانە کوردییەکان بێت ئەوە واتە ئەوانە ئەوەندە لە یەکتر نزیکن کە پێکەوە دەبنە زمانە کوردییەکان. ئەوە خۆی دەسەلمێنێت کە هەموویان زارە کوردییەکانن، نەک زمانە کوردییەکان. دەکرێت بوترێت زارە کوردییەکان: کوردیی باکووری، کوردیی ناوەندی، کوردیی خواروو، کوردیی هەورامی، کوردیی زازایی.

هەر کاتێکیش وەک زمانی فەرمی بەکار چوون یان بەرانبەر بە زمانی تر بەراورد بکرێن، پێیان دەوترێت زمانی کوردی.

**ئەنجام:** لێرە ناکرێت بە وردی هەموو ئەو خاڵە زمانەوانییانەی سەرەوە شی بکرێنەوە، بەڵام هەمووی ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ڕووی زمانەوانییەوە هەموویان سەر بە یەک زمانن. شتێک نییە کە ناوی زمانە کوردییەکان بێت. دەبێت بەردەوام ئاگاداری ڕێزگرتن لە هەموو زارە کوردییەکان بین تا ئەوانیش هەست بە بێگانەیی و نامۆبوون نەکەن. زمانی کوردی بە هەموو زارەکانییەوە ملکی هەموو کوردە. هیچ کوردێک سەرووتر لە هیچ کوردێکی تر نییە. لەلای ژووررووی کوردستانەوە هەتا لای خوارووی کوردستان هەموو کوردن و بە یەک ڕادە ڕێزیان هەیە و خۆشەویستن.

***ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەماندایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە؟**

**دیاکۆ هاشمی:** لەم سەردەمەدا کە سەردەمی هەستی نەتەوایەتییە، زمانی کوردی زیاتر جێگیر دەبێت و زیاتر بەکار دەهێنرێت. هەروەها لەم سەردەمەدا لەبەر تەکنۆلۆژیا و ئایتی و وەرگێڕانی مەکینەیی و دیجیتاڵی و بایەخدانی پلاتفۆرمە زەبەلاحەکان بە زمانی کوردی، زمانی کوردی زیاتر تۆمار دەبێت. هەموو کتێبەکانی قوتابخانە بە کوردی، چ بە ڤیدیۆ چ بە شێوەی نووسین و پی.دی.ئێف و چ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و چ سایت و ماڵپەڕ و هتد هەر هەمووی لە بەردەستی خەڵکدان.

وەرگێڕانی مەکینەیی وەک گووگڵ و مایکرۆسۆفت و وۆرد و هتد ئەو ئاسانکارییە دەکەن کە بتوانیت لە هەموو زمانێکەوە وەرگێڕان بۆ کوردی یان بەپێچەوانەکەی بکەیت. هەموو ئەمانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە بوترێت نەخێر زمانی کوردی لە مەترسیی فەوتان و نەماندا نییە و سنووری فەوتانی بەزاندووە.

***مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لەسەردەمی ئێستەدا کامانەن؟**

**دیاکۆ هاشمی:** زمان لەبەر چەند هۆکارێک دەکەوێتە بەر مەترسیی فەوتان و نەمان. بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی دیارکراو قسە دەکەن زۆر کەم بێت و زیاد نەکات، ئەوا زمانەکە لەوانەیە مەترسیی لەسەر بێت. ئەمە کورد ناگرێتەوە چونکە بەردەوام ژمارەی دانیشتووانی کوردستان لە پەرەسەندندایە.

ئەگەر قسەکەرانی زمانێک بەگشتی بەتەمەن و بەساڵاچوو بن و گەنجەکان و نەوەی نوێ نەیانەوێت زمانەکە فێر بن و زمانی تر بەکار بهێنن. مەترسیی ئەوە هەیە

کە زمانەکە هێواش هێواش بمرێت. ئەم مەترسییە ڕەنگە لە سەردەمێکدا بەشێک لە شارە قەراخنشینەکانی کوردستانی بگرتایەتەوە کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی زمانی تورکی و فارسی و عەرەبییەوە. بەڵام ئەوە گشتی نەبووە و تەنها بەوانە زمانی کوردی لەنێو ناچێت. هەرچی بەرەو بەشە ناوخۆییەکانی کوردستان بڕۆین زیاتر زمانی کوردی پارێزراو بووە. ئێستەش لەبەر شۆڕشی کوردی و پەرەسەندنی هزری کوردی، هەستی کوردایەتی زیاتر لای کورد دروست بووە. بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە بەشێک هێشتا هەر لەژێر ئەو کاریگەرییەدان، بەڵام ناتوانێت هەموو زمانی کوردی بەوانە لەنێو بچن.

ئەگەر زمانێک لە وڵاتێک یان لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا وەک زمانی فەرمی نەناسرێت، ئەوا کاریگەریی لەسەر مانەوەی زمانەکە دەبێت. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە زمانەکە لە قوتابخانەکان و میدیاکان و لایەنە گرنگەکانی تری کۆمەڵگادا پشتگیری نەکرێت. ئەم مەترسییە لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان بە زەقی هەستی پێ دەکرێت و کوردی ئەو بەشانە چونکە بە کوردی ناخوێنن و بۆ نموونە تەنیا بە فارسی و تورکی دەخوێنن، زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو زمانانە و لە ئاستی پەروەردە و خوێندن زۆر بە زمانی کوردی نامۆن.

زیادبوونی جیهانگیری دەتوانێت کاریگەریی لەسەر زمانە بچووکەکان هەبێت بە بەرکەوتنیان لەگەڵ کولتوور و زمانە گەورەکان. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی خەڵک واز لە زمانەکانی خۆیان بهێنن و لە بەرژەوەندیی زمانە بەکارهێنراوەکانی جیهانیدا بن. ئەمە بەگشتی کورد ناگرێتەوە. کورد هەمیشە هەوڵی پاراستنی زمانی خۆی داوە.

هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، وەک کۆچ و شارنشینیش دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر مانەوەی زمان. ئەگەر خەڵک ڕوو لە شارەکان بکەن و زمانێکی دیکە بۆ کار یان تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی بگرنە بەر، ڕەنگە زمانە ڕەسەنەکەیان بکەوێتە مەترسییەوە. ئەمەش ڕابردوو سەلماندوویەتی کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زمانی کوردی نەبووە. کورد لە کاتی ئەنفال و کۆچ و ڕەودا زیاتر ڕوویان لە شارە گەورە کوردییەکانی تر کرد.

بەشێکی زۆر پەڕیوەی هەندەران بوون و لەوێ ماونەتەوە. ئەوانە دوو بەشن، بەشێکیان کە لە خێزانێکی کوردپەروەر بوون زیاتر لە خەمی زمانی کوردیدان

و بەردەوام بیریان لای کوردستان و زمانی کوردییە. منداڵەکانیان نەتەوەیی بیر دەکەنەوە و بۆیان گرنگە خۆیان فێری نووسین و خوێندنی زمانی کوردی بکەن. بەتایبەت کە لە زۆربەی وڵاتە ئوروپاییەکاندا خوێندن بە زمانی کوردی ڕێپێدراوە و لانی کەم وانەی زمانی کوردی دەخرێتە بەردەستی منداڵان.

بەشێکیش ئەوانەن کە هیچ بایەخێک بە زمان و کولتووری کوردی نادەن و لەبەر ژن و ژنخوازی و تێکەڵ بە فەرهەنگ و زمانی ئەورووپی و دابڕان لە هەموو شتێکی کوردی، پاش یەک دوو بەرە لە ڕووی زمانەوە دەتوێنەوە و زمانی کوردییان لەبیر دەچێتەوە. ژمارەی ئەوانە ئەوەندە زۆر نین کە زمانی کوردی بەگشتی تەنیا بەوانە بتوێتەوە.

***چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشەکردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟**

**دیاکۆ هاشمی:** پەرەپێدانی قوتابخانەی کوردی. پەرەپێدانی قوتابخانەی سەرهێڵ و دیجیتاڵی. ئامادەکردنی سایت و ماڵپەڕی تایبەت بە زمانی کوردی، پەرەپێدانی فەرهەنگی دیجیتاڵی چ بە شێوەی سەرهێڵ و چ بە شێوەی ئەپلیکەیشنی جۆربەجۆر. دانانی لیژنەی تایبەت بە زاراوەسازی.

دابینکردنی پەروەردە و سەرچاوە بۆ خەڵک بۆ فێربوون و شارەزابوون لە زمانەکە. ئەمەش دەتوانرێت لە ڕێگەی قوتابخانە و خول و وۆرکشۆپ و پلاتفۆرمی سەرهێڵەوە جێبەجێ بکرێت. بەشداریکردنی نەوە گەنجەکان بە تایبەتی گرنگە بۆ دڵنیابوون لە مانەوەی زمانەکە.

دروستکردنی هۆشیاری سەبارەت بە بەها و گرنگیی کولتووریی زمان. لە ڕێگەی کەمپەین و بۆنە و چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت کە زمان و کێیەتی (هویت) و میراتی کولتووری پێکەوە گرێ بدرێت.

بەکارهێنانی زمانەکە لە چوارچێوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیدا، لەوانە لە میدیا و شوێنە گشتییەکان و مەراسیمەکان و بەڵگەنامە فەرمییەکان. هەرچی زمانەکە زیاتر ببینرێت و بەکار بهێنرێت، پێگەی بەهێزتر دەبێت.

پێشخستنی شێوازی جۆربەجۆری دەربڕینی هونەری و داهێنەرانە، وەک

ئەدەب، مۆسیقا، شانۆ و هونەر. ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ دروستکردنی هەڵوێستێکی ئەرێنی بەرانبەر بە زمانەکە و زیادکردنی سەرنجڕاکێشییەکەی.

ڕێکخستنی بۆنە و فێستیڤاڵ کە تیشک بخەنە سەر زمان و ئەو کولتوورەی کە نوێنەرایەتیی دەکات. ئەمەش دەرفەت دەدات بە خەڵک کە بە شێوەیەکی خۆش و کۆمەڵایەتی پەیوەندی لەگەڵ زمانەکەدا بکەن.

کۆکردنەوە و پاراستنی کەرەستەی بواری زمانی کوردی، وەک دەق و تۆمار و وێنە. ئەمەش یارمەتیی دروستکردنی بنکەیەکی ئەرشیڤی دەدات و دەتوانێت وەک سەرچاوەیەک بۆ نەوەکانی داهاتوو بێت.

بەشداریکردنی کۆمەڵگای کوردی لە پرۆسەی پاراستنی زماندا. هەرچی زیاتر بتوانین پشتگیری و بەشداریکردن لەناو کۆمەڵگەی پەیوەندیدار بە زمان دروست بکەین، ئەوە دەرفەتی بەهێزکردنی زمانی کوردی زیاتر دەکەین.

هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان کە بۆ پاراستنی زمان کار دەکەن. ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئەزموون و سەرچاوە دەتوانێت بۆ سەرکەوتن یەکلاکەرەوە بێت.

بەهێزکردنی زمان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە هەوڵی درێژخایەن و پابەندبوونێکی فراوانی کۆمەڵگا هەیە. گرنگە پەروەردە و پاڵپشتیی کولتووری و بەکارهێنانی کردەیی بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی زمانی بەردەوام و زیندوو تێکەڵ بکرێت.

***چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟**

**دیاکۆ هاشمی:** هەر زمانێک بۆ ئەوەی گەشە بکات و پەرە بستێنێت دەبێت لێژنەی تایبەتی زمانەوانیی هەبێت تا بتوانێت لە بوارە تایبەتەکاندا کاری زاراوەسازیی بۆ بکرێت. دەبێت بایەخ بەو وشە و ڕێبازانە بدرێت کە بۆ زمانی کوردی دادەنرێن و دیاری دەکرێن. دەبێت بکرێنە بڕیار و بسەپێنرێن بەسەر وەزارەتی پەروەردە و هەموو فەرمانگە و دامودەزگا حکوومییەکانی کوردستان، تا بکرێنە ڕێچکە بۆ خەڵکی ئاسایی.

پێویستە نەترسین لە ڕۆنانی وشە و زاراوەی نوێ بەرانبەر بە چەمک و زاراوە

جیهانییەکان. زمان تەنیا کاتێک گەشە دەستێنێت و بزۆز دەمێنێتەوە کە کاری لەسەر بکرێت.

دەبێت دەقی زۆر زۆرمان بە نووسینی بێهەڵە لەسەر ئینتەرنێت هەبێت. دەبێت کەڵک لە شارەزایان بواری ئایتی وەربگرین و پشتیگرییان بکەین تا بتوانن توانستەکانی ئایتی بۆ ڕاژەی زمانی کوردی بخەنە گەڕ. دەبێت زمانەکەمان دیجیتاڵی بکرێتەوە تا ببێتە بنەما بۆ کاری گەورەتر.

کاری زۆر باش کراوە، بەڵام دەبێت بەوانە قەتیس نەبینەوە و بەردەوام خەریکی گەشەپێدانی زمانەکەمان بین.

**٭نەتەوەی بێ زمان، نەتەوەی بێ نیشتمانە..**

**دیاکۆ هاشمی**: نەتەوە بە زمانەوە دەناسرێت. زمانە بەڵگەیە بۆ لە ئارادبوونی نەتەوەیەک. هەر نەتەوەیەک زمانەکەی نەپارێزێت خۆشی دەمرێت. نەتەوە ئەگەر سەربەخۆش نەبێت، بەڵام زمانەکەی بپارێزێت گرنگترین هەوێنی بۆ بووژانەوە و هەتاهەتاییبوون هەیە. زمانی پارێزراو و ڕاژەکراو گەورەترین دیارییە بۆ نەوەی داهاتوو کە دەتوانن بەوە بەنەمری بمێننەوە.

٭ مامۆستای ڕێنوێنکاری زمان لە سوید.

پ.د.عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ:

# هۆکاری سەرەکیی مانەوەی کورد، مانەوەی زمانە ڕەسەنەکەی خۆیەتی

***ئایا شتێک هە یە بە ناوی زمانە کوردییەکان، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە؟**

**پ.د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ**: بۆ وەڵامی ئەو ئەو پرسیارە، پێویستە پێویستە بزانرێ، زمان چییە؟ و زار و شێوەزار (بنزار) چین؟

زمان سیستەمێکی هێما دەنگییەکانە بۆ ئاڵوگۆڕی واتا و بیرۆکەکانی ئەندامانی کۆمەڵگە. زمان پێکهاتووە لە دەنگ و واتا و دەستور یان ڕێزمان. مەبەست لە دەنگەکان فۆنیمەکان یان هێما نووسراوەکانیان کە پیتەکانن و مەبەست لە واتا کەرەسەی لە فۆنێمەکان فراوانترە کە مۆرفیم یان وشەکانە، مەبەستیش لە دەستور ڕێساکانی ڕستەسازییە. بە بەراوردێکی نێوان زمانەکان، زارەکان یان شێوەزارەکان و دەرخستنی لایەنی جیاوازییان و ڕێژەی جیاوازیی کەرەسەکان (دەنگ، وشە و ڕستە) دەتوانرێ، پێوەرێکی گشتی دابنرێ، بۆ دەستنیشانکردنی هەریەک لە زمانەکان و لقەکانیان لە زار و شێوەزارەکان. ڕێژە دەستنیشان کراوەکان بە شێوەی خەمڵاندنن و ڕێژەی گۆڕانی کەرەسە دەنگسازییەکان لە شێوەزارەکاندا پشکی هەرە زۆریان بەر دەکەوێ و لە زارەکاندا سەرباری جیاوازیی کەرەسە دەنگسازییەکان، کەرەسە وشەسازییەکانیش جیاوازییان هەیە، بەڵام لە زمانە جیاوازەکاندا ڕێژەیەکی جیاوازیی زۆر لە کەرەسە وشەسازییەکاندایە، ئەوسا ڕێزمانییەکان و دواتر کەرەسە دەنگسازییەکان. وەک لەم خشتەیەدا گۆڕانی کەرەسەکانی زمان بە خەمڵاندن نیشاندراوە:

| کەرەسەکانی زمان | جیاوازیی شێوەزارەکان | جیاوازیی زارەکان | جیاوازیی زمانەکان |
|---|---|---|---|
| کەرەسە دەنگسازیەکان | ١٠٪ تاکو ١٥٪ | ١٥٪ تاکو ٢٠٪ | ٢٠٪ تاکو ٢٥٪ |
| کەرەسە وشەسازییەکان | ٥٪ تاکو ١٠٪ | ١٥٪ تاکو ٢٥٪ | ٥٠٪ تاکو ٩٥٪ |
| یاسا ڕستەسازیەکان | نیە | ١٠٪ تاکو ١٥٪ | ٢٥٪ تاکو ٥٥٪ |

**شێوەزار (دەڤۆک)**: لە نێوان شێوەزارەکانی یەک زاردا ڕێژەی جیاوازیی کەرەسەکان لە ئاستێکی زۆر کەمدایە و لە ١٥٪ی کەرەسەکان تێپەڕ ناکات بە زۆری ئەو کەرەسانەی زمان کە لە شێوەزارەکاندا دەگۆڕێن یان جیاوازییان هەیە، دەنگەکانن، بە دەگمەن وشەکان جیاوازییان هەیە و لە یاسا ڕێزمانییەکان هیچ جیاوازییەکیان نیە. واتە؛ ئەگەر ڕێژەی جیاوازیی کەرەسەکانی وشەسازی و بە تایبەتی دەنگسازی گەیشتە نزیکەی ١٥٪، ئەوا شێوەزاری جیاواز دروست دەبێ. لەم نمونانەی خوارەوەدا چەند جیاوازییەک دەخەینەڕوو:

**ـ گۆڕانی دەنگی**: لە نێوان شێوەزارەکاندا دەنگێک یان چەند دەنگێکی کەم گۆڕانیان بەسەردادێ و جیاواز دەبن. بۆنموونە: لە زاری ناوەڕاستدا، دەنگی لامی قورس (ڵ) لە شێوەزاری سلێمانیدا لە هەندێ وشەدا هەیە و لە شێوەزاری سۆرانیدا دەبێتە ڕێی سوک (ر). وەک لەم وشانەی خوارەوەدا:

گوڵ ← گور، ماڵ ← مار، خاڵ ← خار، دوکەڵ ← دوکەر، قەڵەو ← قەرەو، پێڵاو ← پێراو، پڵاو ← پراو، ساماڵ ← سامار، کڵاو ← کراو، دۆڵ ← دۆر، دەهۆڵ ← دۆر، کەچەڵ ← کەچەر......

لە هەندێ کاردا (د)ی سەرەتا لە شێوەزاری سۆرانی هەیە و لە شێوەزاری سلێمانی دەسوێ و بە هۆی بزوێنی (ە) هەمزە دەردەکەوێ ، یان دەگۆڕێ بە (ی). وەک:

دەکەم ← ەکەم، دەیخوارد ← ەیخوارد،...... دامێ ← یامێ، دێم ← یێم،

یان هەندێ دەنگ لە تاکە وشەیەکدا جیاوازییان هەیە. وەک:

شوتی ← شفتی، بۆ؟ ← لۆ؟، بەهار ← بوار، هات ← هاو،.....

**ـ گۆڕانی وشە**: لە نێوان شێوەزارەکاندا چەند وشەیەکی کەم گۆڕانیان بەسەردادێ و بە تەواوی جیاواز دەبن. وەک لەم وشانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

| سلێمانی | | سۆرانی | سلێمانی | | سۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|
| کاڵەک | ← | گندۆرە | لوت | ← | کەپو |
| چۆنی | ← | کوی | قژ | ← | پرچ |
| قاچ | ← | پێ | کێو | ← | چیا |
| ئەژنۆ | ← | چۆک | سەهۆڵ | ← | بەفر |

لە ئاستی ڕستەسازیدا جیاوازیی لە نێوان ئاخاوتنی شێوەزارەکاندا بەدیناکرێ.

**زار (دیالێکت)**: هەموو زمانێک لە زار و شێوەزارەکانی پێکدێ. لە ناو چوارچێوەی زمانی نەتەوەیەکدا، ئەگەر جیاوازیی شێوەی ئاخاوتنی کۆمەڵێک خەڵک لەگەڵ کۆمەڵێکی تر بە ئاشکرایی دەرکەوێ و سنوری لە یەک تێگەیشتن تێپەڕنەکا، شێوەی ئاخاوتنی هەر کۆمەڵێک لەوانە دەبێتە زارێکی ئەو زمانە.

لە نێوان زارەکانی زمانێکدا ڕێژەی جیاوازیی کەرەسەکان لەبەرچاودایە و ڕەنگە تا ڕادەی چواریەکی کەرەسەکان بگۆڕێن. واتە؛ لە ٢٥٪ی کەرەسەکان تێپەڕ

ناکا. بە زۆری ئەو کەرەسانەی زمان کە لە زارەکاندا دەگۆڕێن یان جیاوازییان هەیە، سەرباری هەندێ لە دەنگەکان، ڕێژەیەکی دیار لە وشەکانیش جیاوازییان هەیە و لە یاسا ڕێزمانیەکان هیچ جیاوازییێکیان نیە. واتە؛ ئەگەر ڕێژەی جیاوازیی کەرەسەکانی دەنگسازی و بە تایبەتی وشەسازی گەیشتە نزیکەی ٢٥٪، ئەوا زاری جیاواز دروستدەبێ. لەم خشتەیەی خوارەوەدا نمونەی چەند جیاوازیەک دەخەینەڕو:

**جیاوازیی لە گۆڕانی دەنگ:** لە نێوان زارەکاندا چەند دەنگێک گۆڕانیان بەسەرردادێ و جیاواز دەبن. بۆ نمونە: لە زاری ناوەڕاستدا، دەنگی واوی نەبزوێن (و) لە هەندێ وشەدا هەیە و لە زاری باکوردا دەبێتە دەنگی ڤێ (ڤ). وەک لەم وشانەدا دەرەکەوێ: چاو ← چاڤ، ناو ← ناڤ، کەو ← کەڤ، شەو ← شەڤ، مێوان ← میڤان، زاوا ← زاڤا، سلاو ← سلاڤ، لێو ← لیڤ، ئاو ← ئاڤ، مێو ← مێڤ، سێو ← سێڤ، میاو ← میاڤ......

جیاوازیی لە گۆڕانی وشە: لە نێوان زارەکاندا بە ڕێژەیەکی زۆرتر وشەکان گۆڕانیان بەسەرردادێ و چەندین وشە بە هەمان واتا و بە فۆڕمی جیاواز بە تەواوی بەرامبەر دەبن. وەک لەم وشانەی خوارەوەدا دەرەکەوێ:

| زاری ناوەڕاست | زاری باکور | زاری ناوەڕاست | زاری باشور | زاری ناوەڕاست | زاری ڕۆژهەڵات |
|---|---|---|---|---|---|
| گەورە | مەزن | منداڵ | زاروڵە | تاتە | باوک |
| شێت | دین | سور | قرمزی | ئاوردەی | هێنان |
| تەزرە | گژلوک | سپی | چەرمگ | دوارد | مەقەس |
| گەردەلول | بابەلیسک | سیا | ڕەش | خوای | پێکەنین |
| من | ئەز | چۆلەکە | مەلیچک | کاردی | چەقۆ |
| ویستن | ڤیان | دویشک | کولاشدوم | ئاد | ئەو (بۆ نێر) |
| مەت / خالەت | پور / پلک | باش | خاس | ئادە | ئەو (بۆ مێ) |
| بلا | قەیناکە | هەیە | داشت | ئادێ | ئەوان |
| ژیلی | جگە لە | شنەفتن | بیستن | مومرو | دەخۆم |
| هەیڤ | مانگ | ئەرا کو؟ | بۆ کوێ؟ | لوانێ | ڕۆیشتم |

لە ئاستی ڕستەسازیدا جیاوازیی لە نێوان ئاخاوتنی زارەکاندا بە ڕێژەیەکی کەم بەدیدەکرێ. بۆ نمونە ئەگەر بەراوردێکی ڕوکەشی هەردو زاری ناوەڕاست و سەرو (باکور) بکەین، چەند جیاوازییێکی کەم لە ئاستی ڕستەسازیدا لە بەکارهێنانی ڕەگەزی نێر و مێ و کرداری بکەرنادیار بەدیدەکرێن، وەک لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ:

- دایکی ئازاد لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەی کوڕەکەی خەڵاتکرا.
- دایکا ئازادی ل جەم بڕێڤەبەرێ خاندنگەها کوڕێ وێ هاتە خەڵاتکرنێ.
- باوکی خانزاد بە ڕۆژنامەوانێکی وت: هەمو خانوەکانی شەنگال سوتێنران و زۆر پیاومان کوژران.
- بابێ خانزادێ گۆتە ڕۆژنامەڤانەکێ: هەمی خانیێن شەنگالێ هاتنە سۆتنێ و گەللەک مرۆییێن مە هاتنە کوشتنێ.

هەروەها ئەگەر لە ڕوی ڕستەسازیەوە بەراوردێکی نێوان زاری ناوەڕاست و زاری خوارو (باشور) بکەین، دەبینین، شوێنی ڕاناوە لکاوەکانی بکەر و بەرکار ئالوگۆڕ دەبێ و واتای ڕستەکە پێچەوانە دەرەکەوێ. بۆ نمونە:

| زاری ناوەڕاست | زاری خوارو (باشور) |
| --- | --- |
| سەرم بڕی. (من سەری ئەوم بڕی) | سەری بڕیم. بە هەمان واتا (من سەری ئەوم بڕی) |
| پیرت کردم. (تۆ منت پیر کرد) | پیرم کردی. بە هەمان واتا (تۆ منت پیر کرد) |
| چیت کرد؟. (تۆ چیت کرد؟) | چە کەردی؟ بە هەمان واتا (تۆ چیت کرد؟) |

وەک لەم دێڕە شیعرە فۆلکلۆیانەدا دەرەکەوێ:

**ـــ مەلیچگێ داشتم..... فرە دۆسی داشتم..... سەری بڕیم نانمێ چاڵ.......**

**ـــ چە کەردی؟ چە کەردی؟..... دوێتە پیرم کەردی.....**

زمان: لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا ڕێژەیەکی زۆر لە کەرەسەکان جیاوازن و تەنانەت پتر لە نیوەی کەرەسەکان جیوازییان هەیە. واتە؛ لە ٥٠٪ی کەرەسەکان بەسەرەوەیە. بە زۆری ئەو کەرەسانەی زمان کە لە زمانە جیاوازەکاندا دەگۆڕێن یان جیاوازییان هەیە، سەرباری چەندین دەنگ، ڕێژەیەکی زۆر لە وشەکانیش جیاوازییان هەیە، تەنانەت لە زمانە بێگانەکانی سەر بە خێزانی جیاواز بە دەگمەن وشەی هاوبەش هەیە. ئەوەی پتر زمانەکانی لە یەکتر جیاکردۆتەوە جیاوازیە لە ژمارەیەکی باش لە یاسا ڕێزمانیەکان. واتە؛ ئەگەر ڕێژەی جیاوازیی کەرەسەکانی دەنگسازی و یاسا ڕستەسازیەکان و بە تایبەتی وشەسازیەکان گەیشتە پتر لە ٥٠٪، ئەوا زمانی جیاواز دروستدەبێ. لەم خشتەیەی خوارەوەدا نمونەی چەند جیاوازیەک دەخەینەڕو:

**لە ئاستی دەنگسازیدا:**

ئەو زمانانەی سەر بە هەمان خێزانن، جیاوازیی کەمیان لە نێوان دەنگەکان (فۆنیمەکان)دا هەیە. وەک زمانی کوردی و ئینگلیزی، جگە لەو دەنگانەی لە زمانی عەرەبی هاتونەتە ناو زمانی کوردی، وەک فۆنیمەکانی (ع، ح، ق)، تەنیا جیاوازییان لە فۆنیمەکانی (خ) و (غ) دایە، بەڵام ئەو زمانانەی بێگانەن، واتە؛ سەر بە خێزانی جیاوازن، جیاوازیی زۆرتریان لە نێوان فۆنیمەکاندا هەیە، وەک هەردو زمانی کوردی و عەرەبی، لە زمانی عەرەبیدا فۆنیمەکانی (ئ أ، ث، ذ، ص، ض، ط، ظ، ء) هەن، بەڵام ئەو فۆنیمانە لە زمانی کوردیدا نین. بە پێچەوانەش هەندێ فۆنیم لە زمانی کوردیدا هەن و لە زمانی عەرەبیدا نین، وەک(پ، چ، ڕ، ژ، ڤ، گ، ڵ، ۆ، ێ). کەواتە؛ نزیکەی بیست پیتمان جیاوازە.

**لە ئاستی وشەسازیدا:**

لە ئاستی وشەسازیدا جیاوازیەکی یەکجار زۆر لە نێوان زمانە بێگانەکاندا هەیە، تەنانەت زمانە لەیەک دورەکان، بە دەگمەن وشەی هاوبەشی ڕەسەنیان هەیە، جگە لە ناوی ئامێرە هاوچەرخەکانی وەک، کۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن، کەناڵ، مۆبایل و ناوی دەرمان و داهێنانە زانستیەکان..... وەک زمانی کوردی و زمانەکانی کۆری و چینی و ژاپۆنی.... بەڵام زمانەکان تاکو لە ڕوی خزمایەتیەوە لە یەک نزیکتر بن وشەی هاوبەشیان زۆرتر دەبن، وەک کوردی و فارسی و زمانە ئاریەکان. سەرباری ئەوەش تا تێکەڵیی نێوان دو زمانیش زۆرتر بێ، ئاڵوگۆڕی وشە زۆرتر دەبێ، بەتایبەتی زۆرتر وشە لە زمانە زاڵەکە دێنە ناو زمانە بەزیوەکە. وەک زمانی کوردی و زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی....

**لە ئاستی ڕستەسازیدا:**

دیارترین جیاوازیی ڕستەسازی لە نێوان زمانەکاندا، ڕیزبوونی کەرەسە سەرەکییەکانیانە (کار، بکەر و بەرکار) لە ڕستەدا. بۆ نمونە:

ـ ئازاد سێوێکی خوارد. (لە زمانی کوردیدا سیستەمی ڕیزبون ـSOVـ یە. واتە؛ بکەر، بەرکار، کار).

ـ(Azad eat an apple.)(لە زمانی ئینگلیزیدا سیستەمی ڕیزبون ـSVOـ یە. واتە؛ بکەر، کار، بەرکار).

ـ (أكل آزاد تفاحه)(لە زمانی عەرەبیدا سیستەمی ڕیزبون ـVSOـ یە. واتە؛ کار، بکەر، بەرکار).

کەواتە؛ کورد تەنیا یەک زمانی هەیە و دەستەواژەی زمانە کوردیەکان هەڵەیەکی زانستی و زمانەوانی و ژیربێژیی گەورەیە، کە لە هەمو کوردستان قسەی پێ کراوە، وەک لەم نەخشەیەدا هەیە:




زمانی کوردیش وەکو هەمو زمانەکانی تر، چەند زارێکی هەیە و هەر زارێکیش لە چەند شێوەزارێک پێکدێ، وەک لەم خشتەیەدا دیارە:

| ژ | زارە کوردیەکان | شێوەزاری زارەکان |
|---|---|---|
| ١. | کوردیی باکور | بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، ڕۆژئاوایی. |
| ٢. | کوردیی ناوەڕاست | موکریانی، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی. |
| ٣. | کوردیی باشور | لوڕی، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهلۆ، لەك، کەلهوڕ. |
| ٤. | کوردیی ڕۆژهەڵات | گۆرانی، هەورامانی، باجەڵانی، زازا. |

ئەم زار و شێوەزارانە بەم شێوەیەی لەم نەخشەیەدا هاتون بەسەر کوردستاندا دابەش بون:




نەخشەی دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردی

***ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەمان دایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە؟**

**پ.د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ:** لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان (Archeology) ئەوەیان سەلماندوە، کورد بەر لە هەموو نەتەوەکانی ئەم دەڤەرە لەم ناوچەیە ژیاوە، هەروەها سەرچاوە دێرینەکانی مێژووش ئاماژە بەوە دەکەن، کورد ڕەسەنترین خەڵکی ئەم دۆڵی دوو ڕووبارە و دەوروبەرین و دروستکەری شارستانیەتیی ئەو ناوچەیە ئاینی یەکتاپەرستیی زەردەشتی و ئیمپڕاتۆریەتی میدیای پێش زاینن، ئەم شارستانیەتی و پێشکەوتنە بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەیەکی خاوەن هەست و ئایدیای مرۆڤایەتی بن و ببنە نێچیرێکی نەرم بەرامبەر نەتەوە دواکەوتو و دڕندەکانی ئەوسای خێڵەکیی عەرەب و تەتەر و ڕۆم و عەجەم... ئەمە وایکردوە، لە هەر چوارە لاوە بکەوێتە بەر هێرش و پەلاماری داگیرکارانە و پەیتا پەتا دامەنی خاکەکەی هەڵبکشێ، دواتریش لەسەردەمی نوێدا هەر ئەو چاوچنۆکی تەماحکارییەی ئەو دڕندانە بوو، ئەو پانتاییە خاکەی مابوو، دابەش و پارچە پارچە بکرێ و ڕێگە نەدەن ببێتە قەوارەیەکی سەربەخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەو هەمو زەبر و زەنگەشدا، نەتەوەی کورد هەر مایەوە و نەتوایەوە، هۆکاری سەرەکیی مانەوەشی، مانەوەی زمانە ڕەسەنەکەی خۆیەتی.

ڕاستە، کورد شۆڕش و خەباتی زۆر و بەردەوامی کردوە و خوێنی زۆری لە پێناوی گەل و وڵاتەکەی بەخشیوە، بەڵام ئەوەی کوردی هێشتەوە، زمانی کوردیە، ئەگەر نەتەوەیەک نەبێ بەو زمانە قسە بکا، ئەوسا کورد کێیە؟ و کوردستان کوێیە؟ بۆیە بەردەوام دوژمنان دوای داگیرکردنی هەمو کوردستانیش، زانییان تاکو کورد بەم زمانە قسە بکا، هەر دەمێنن و ئەو خاکەی لەسەری دەژین، هەر شوێنی ستانی (stand)ی ئەوانە و هەر کوردستانە، بۆیە هەرچی پلان و پیلانیان هەبو لە ڕاگوێزان و قەدەغەکردنی زمان و خوێندن و نوسین بەو زمانە، بەڵام ئەو زمانە هەر بە زیندویی مایەوە و تا ئێستا توانیوەیەتی خۆی بەرامبەر ئەو هەمو شاڵاوانەی پاکتاوکردن ڕابگرێ و شان بە شانی زمانەکانی دەوروبەر خاوەنی کەلتور و ئەدەب و بەرهەمەکانی خۆی بێ و بەردەوام لە ڕوی چەندیەتی و چۆنیەتی پەرەیانپێبدا.

لە کاتی ئێستادا زمانی کوردی مەترسی لەناوچونی وەک جاران لەسەر نەماوە، بەتایبەتی بە وشیاربونەوەی بیری ڕۆشنبیری و هەستی نەتەوایەتی و جیهانگەرایی تەکنۆلۆجیا، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ، هیچ مەترسییێکی لەسەر نەماوە و پشتێنەی ترسی لێبکەینەوە، بە پێچەوانە، دوژمنانیش پلان و پیلانەکانیان بە پێی سەردەم گۆڕیوە و توندتر و کاریگەرتریان کردون، تەنانەت سەرباری هاریکاریی کردنی یەکتریان بۆ پاکتاوکردنی کورد و سڕینەوەی زمانی کوردی، هەمو جۆرە ڕامیارییێکی دژوار و ئامرازە تەکنەلۆجیەکان و کەناڵی جۆراوجۆر بەکاردێنن بۆ مەرامە گڵاوەکانیان، بەرامبەر ئەوەش بە داخەوە، کورد بەرەو خاوبونەوە و دوبەرەکی و خۆبەدەستەوەدان دەڕوا و خەریکە خۆی دەبێتە هۆکارێک یارمەتیدەر بۆیان لە جیاتی یەکگرتن و وریابونەوە.

**٭مەترسیە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لە سەردەمی ئێستەدا کامانەن؟**

**پ.د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ:** لە سەردەمی ئێستەدا، کۆمەڵێک مەترسی لەسەر زمانی کوردین، هەندێکیان دەرەکین و هەندێکیان ناوەکین:

مەترسیە دەرەکییەکان خۆی لە پلان و پیلانی پاکتاوکردنی کورد دەبینێتەوە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان لە عەرەب و تورک و فارس، کە تا ئێستا کورد

لە قەوارەی دەوڵەتی خۆیان بە مەترسی دەزانن و هەوڵی توانەوەی دەدەن و بەردەوام زمانی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی لە تورکیا و سوریا و ئێران قەدەغە دەکەن و نەوە دوای نەوە منداڵانی کورد لەسەر زمانی خۆیان پەروەردە دەکەن، نەمانی زمانیش واتە؛ نەمانی نەتەوە» تەنانەت هەوڵدەدەن شێوەزارە کوردیەکان و جیاوازیی نێوانیان زەق بکەنەوە، وەک ئەوەی لە تورکیا بەرامبەر زازاکی و شێوەزارەکانی تر دەکرێ و مناڵی کورد دەخەنە نێوان دو هەڵبژاردە بۆ خوێندنی کەمتر لە کاتژمێرێک لە هەفتەیەکدا.

مەترسییە ناوەکییەکان بە داخەوە زۆرترن و مەترسیدارترن، کە خۆیان چەند خاڵێک دەبیننەوە:

ـ دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بۆ دو زۆنی خوێندن بە دو زاری جیاواز، ترسناکترین هۆکاری دابەشبون و تێکدانی زمانی کوردی و گەل و نیشتمانە و لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێران زۆر مەترسیدارترە، مێژو سەلماندویەتی هەمو زارەکانی زمانەکان بە تێپەڕبونی کات، ئەگەر یەکنەگرنەوە، یان دەمرن و لەناودەچن، یان دەبن بە دو زمان و دو نەتەوەی سەربەخۆ، وەک ئەوەی زمانەکانی کوردی، بلوجی، پەشتو، سوگدی، فاسی.... ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر یەکەیان زارێکی زمانی هیندۆـ ئاری بون و ئێستا زمانی سەربەخۆن، ئەگەر ئەو دولەتبونەی زاری باکور و ناوەڕاستیش لە هەرێم بەردەوام بێ، ئەگەر نەمرن، ئەوا بە دڵنیاییەوە، هیچ گومانی تیادا نیە، دولەت دەبن.

لە لایەکی تر، پێشکەوتنی شارستانیەت و تەکنۆلۆجیا لەسەر دەستی زمانەکانی تری وەک ئینگلیزی بازاڕی ئەو زمانەی لەسەر هەژماری زمانی کوردی گەرمکردوە و خەریکە خوێندن و قوتابخانە بەو زمانە بازاڕ پەیدادەکەن و زمانی چینیش خەریکە هەنگاودەنێ و بە داخەوە دەسەڵاتیش نەک هەر چاوی لەم هۆکارانە پۆشیوە بەڵکو هاوکاریشە.

دواتریش دابەزینی ئاستی زانستی بە گشتی و لاوازبونی هەستی نەتەوایەتی بە هۆی نالەباریی بارودۆخەکان و خراپبوونی باری دارایی هەمویان بونەتە هۆی فەرامۆشکردنی سیاسەتی زمانی و سەرقاڵبونی لایەنە بەرپرسەکان بە کاروباری تایبەتی ڕەوتەکەی بەرەو خراپتر بردوە. تەنانەت لەبەر نەبونی پلانی

چاکسازی، بونی چەندین زانکۆ دەیان بەشی کوردی و سەدان پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردی نەبونەتە هەڵەچنی ئەو بار و دۆخە.

***چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشەکردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندیە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟**

**پ.د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ:** چاکسازیی لە زمان و دورخستنەوەی لە مەترسیەکانی دابەشبون و لەناوچون لە دەسەڵاتی پسپۆڕانی زمان نیە» چونکە تایبەتمەند و پسپۆڕ و بەشەکانی زمانی کوردی هیچ درێغییان نەکردوە و کاری ڕژدی خۆیان کردوە، بەڵام ئەوەی تێکیدەدەن، سیاسەتمەدارانن، سیاسەتمەداران لە لایەک دەستیانخستۆتە هەمو کایەکانی خوێندنی زمانی کوردی دەزگاکانی» لە وەزیر و گزیر و سەرۆکی زانکۆوە بگرە، تا دەگاتە ئەندامانی ئەکادیمیای کوردی و وەرگرتنی خوێندنی باڵا و مامۆستا و بەڕێوەبەران و کردنەوەی زانکۆ بەرامبەر زانکۆ لە هەردو زۆنەکە و یەکنەخستنی خوێندن بە زارێکی یەکگرتوی پێوەربەندی کوردی (standard)، ئەمەش بڕیارێکی باڵای کوردانەی بێلایەنی دەوێ، دور لە ناوچە پەرستی و زارپەرستی.

***چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟**

**پ.د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ:** زانستی زمان بە تەواوی ئەوەی سەلماندوە کە هیچ زمانێک لە زمانێکی تر دەوڵەمەندتر و پێشکەوتوتر باشتر و گونجاوتر نیە بۆ هەمو بوارەکانی ژیان، بە زانستەکان و دیاردە هاوچەرخەکانیشەوە. هەر زمانێک بەو زنجیرە دەنگەی هەیەتی دەتوانێ، هەمو بیرۆکە و داتا و پەیامەکانی پێ بگوازێتەوە، هەر زمانێک یاسا و ڕێسا و وشە و کەرەسەی ڕەسەنی خۆی بێ ژمار هەیە و دەتوانێ هەمو زانست داهێنانە هاوچەرخەکانی پێ دەرببڕن و بینوسنەوە، هەمو زمانێکیش لە کاتی نەبونی وشەیەک یان زاراوەیەک کە ژینگەی زمانەکەی خۆیدا نیە، وەرییبگرێ و بەکارییبهێنێ، وەک: ڕادیۆ» تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، مۆبایل....هتد، بەڵام بە داخەوە زۆر جار سەرباری ئەوەی، وشەی

جوان و پاراو و ڕەسەنی کوردی هەن و هەمو کوردێکی پەیوەندار تێیاندەگا، دەبینین، هەندێ کەس وشە بیانیەکە بە پاساو و بیانوی نەشیاو بەکاردەهێنن و وشە کوردیەکە فەرامۆشدەکەن.

| کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی | عەرەبی | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|---|---|
| دەنگسازی | علم الصوت | Phonetics | دەنگناسی | الصوتيات | phonology |
| وشەسازی | علم الصرف | morphology | ڕستەسازی | علم النحو | syntax |
| واتاسازی | علم الدلالة | Semantics | فەرهەنگسازی | علم المعاجم | lexicology |
| مەبەستزانی | التداولية | Pragmatics | کۆزمانەوانی | علم اللغة الاجتماعی | sociolinguistics |
| دەروزمانی | علم اللغة النفسی | psycholinguistics | دەرونزانی | علم النفس | psychology |
| زمانەوانی | علم اللغة | Linguistics | بەرجەستە | مادی | material |
| پاشخان | خلفية | background | دەرجەستە | معنوی | abstract |
| شەنگەڕێ | إستراتيجية | Strategy | ماک | سمة | trait |
| تەنگەڕێ | تكتيک | Tactic | توخماک | وصف | description |
| ڕێساز | تقنية | Technique | پێڕەو | نظام | system |
| ڕێکار | آلية | Mechanism | پێڕەوبەند | منتظم | systematic |
| خۆکاری | تلقائی | automatically | پێوەربەند | معياري | standard |
| پێواژۆ | عملية | Process | خۆراکدان | التغذية المرتدة | feedback |
| نێونەوا | مزاج | Temper | خۆبەندی | إنتماء | belonging |
| ساناکردن | تبسيط | simplification | بەرزەفتەکردن | تحكم/ ضبط | control |
| ئاسانکردن | تسهيل | Facility | تەدارەک | اداب التشريفات | etiquette |
| پەسن | مدح | compliment | ڕژد | جدي | serious |
| دردۆنگ | مستاء | Dissatisfied | سەرهێڵ | عبر الإنترنيت | online |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| stress | ضغط | گـــوشــــــار/ پەستان | target/ goal | هدف | ئامانج |
| insistence | إصرار | پێداگرتن | conclusion/ result | نتيجة | ئەنجام |
| preface | تمهيد | شۆكردن | Axiom | بديهية | ڕاستگە |
| flattery | مجاملة | خۆشگوفتاری | Obvious | واضح | دیار/ ڕون |
| argument | حجة | پاساوگە | Dictionary | قاموس | فەرهەنگ |
| road/ way | طريق | ڕێگا | Lexicon | معجم | پەیڤەز |
| method | طريقة | ڕێگە | Approach | نهج | ڕێباز |
| style | أسلوب | شێواز | Mode | وضع | ڕێچکە |
| manner | نوع | جۆر | Case | حالة | دۆخ |
| deviation | إنحراف | لادان | Form | شكل | شێوە |
| curious/ nosy | فضولی | کونجکۆڵ | Paragraph | فقرة | پەڕبەند |
| adjunct | الملحق | سەربار | Agent | عامل | کارا |
| complement | تكملة | تەواوکەر | Subject | مبتدأ | نیهاد |
| head | قدوة/ واجهة | سەرە | Doer | فاعل | بکەر |
| quantifier | كمية | ڕادە | Object | مفعول به | بەرکار |
| specifier | محدد | دیارخەر | Phrase | عبارة | گرێ |
| adjective | صفة | ئاوەڵناو | Projection | إسقاط | پرۆژەدان |
| pronoun | ضمير | ڕاناو | Juncture | أدواة ربط | بەستەر |
| adverb | ظرف | ئاوەڵکار | Sentence | جملة | ڕستە |

دیسان ئەگەر سیاسەتمەداران وازبێنن و دەسەڵات و بڕیار بدەنە دەست پسپۆڕە دڵسۆزە نیشتمانپەروەرەکان و پێویستیەکانی جێبەجێکردنیان بۆ دابینبکەن، دەتوانرێ توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە هاوچەرخەکاندا فراوانتر بکەین.

***نەتەوەی بێ زمان، نەتەوەی بێ نیشتمانە؟**

**پ.د.عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ**: زاناکانی کۆمەڵناسی و جیۆپۆلیتیک کۆمەڵێک بنەما دەستنیشاندەکەن بۆ بونی نەتەوە، لەوانە: نیشتیمانی هاوبەش، ژمارەی هاونیشتمانیان، زمانی هاوبەش، ئاینی هاوبەش، ڕۆشنبیریی هاوبەش، داب و نەریتی هاوبەش، مێژوی هاوبەش، بیری نەتەوایەتیی هاوبەش و چارەنوسی هاوبەش.... ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو بنەمایانە بدەین، دەبینین، هەمویان بە لایەک و زمان بە لایەک، یاخود بە شێوەیەکی وردتر بڵێین: هەمو ئەمانە بنەمای لاوەکین، جگە لە زمان. واتە؛ تەنیا زمان بنەمای سەرەکیی پێکهاتنی نەتەوەیە. ئەگەر ئەو قسەیە بەرامبەر هەمو نەتەوەکانی جیهانیش ڕاست نەبێ و نەتەوەی ناوێزە و ڕیزپەڕ هەبن، ئەوا نەتەوەی کورد بە تەواوی ئەکەوێتە بەر ڕوانگەی ئەو بۆچونە. چۆن؟:

ئەگەر کۆمەڵێک زمانێکی جیاواز و هاوبەشیان هەبێ، هەر دەبێ، پارچە زەوییەک هەبێ لەسەری بژین. تەنانەت، باڵندەش بن، دەبێ هێلانەیەکیان هەبێ، لەسەری بنیشنەوە. ئەو هێلانەیە دەبێتە نیشتیمانی ئەوان. دەڵێن: جنۆکەکان نیشتمانیان نیە، چونکە نە بونێکی ماددی و نە زمانیان هەیە. بەڵام تۆ بونێکی ماددیت هەیە، پێناسەی ماددەش ئەوەیە: کێشی هەیە و بۆشاییەک پڕدەکاتەوە. ئەو بۆشاییەی تۆ پڕی دەکەیتەوە، دەبێتە نیشتمانی تۆ و تا ئەو کاتەی تۆ لەوێی، بە ناوی تۆوە ناودەنرێ و تاپۆ دەکرێ. واتە؛ کە تۆ لەوێ نەمای ئەو شوێنە دەبێتە نیشتمانی ئەو کەسانەی لەوێ دەمێننەوە.

پاشگری (ستان) هاوڕەگ و هاوڕەسەنە لەگەڵ (ستون) و (ئەستون)ی کوردی و (ئوستان)ی فارسی و (Stand)ی ئینگلیزی، کە هەمویان تێکڕا واتای وەستانی توخمێک لە شوێنێک دەدەن. واتە؛ ئەو شوێنەی تۆ لێی وەستاوی ستانی تۆیە، بەڵام تۆ کێی؟ چی تۆ لەوانی تر جیا دەکاتەوە؟..... پێکهاتەی جەستەیە؟ نەخێر، ئەی چیە؟ تەنیا زمانە. تۆ بە کوردی قسە دەکەی، کەواتە تۆ کوردی. ئەو پارچە خاکەش کە تۆ بە کۆمەڵ لەسەری بەردەوام وەستاوی و ماویتەوە کوردستانە. وەک ئەوەی شوێنی کۆمەڵە دارێک، دارستانە. شوێنی کۆمەڵە مێروێک، مێروستانە. شوێنی کۆمەڵە گۆڕێک، گۆڕستانە، بە هەمان شێوەش، شوێنی کۆمەڵە عەرەبێک، عەرەبستانە و کۆمەڵە هیندییەک هیندستانە....

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، تۆ تا ئێوارە هاوار بکەی، کەرکوک دڵی کوردستانە، قودسی کوردستانە، هەزاران قوربانیمان لەسەر داوە، تاپۆی عوسمانیمان هەیە.... بەیانی ئەوانە هیچیان بە کردار نایخوا، ئەوەی دەیخوا سەرژمێری دانیشتوانە، لە سەدا چەندی دانیشتوانی ئەو پارچە خاکە دەڵێن: ئێمە کوردین... هەڵبەتە، هەمو ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەو ڕاستیەیان زانیوە، بۆیە بەردەوام و بەردەوام... لە هەمو پارچەکانی کوردستان... هەرگیز و بە هیچ شێوەیەک درێغییان لەوە نەکردوە ئەو چڕی دانیشتوانە بگۆڕن و بەردەوام پیلانی بەعەرەبکردن و بە تورککردن و بە فارسکردن لە ئارادا بوە... ئینجا بە دەرکردن و ڕاگوێزان بوبێ، بە گۆڕینی ڕەگەزنامە بوبێ، بە نانبڕین و جینۆساید بوبێ....

ئەگەر پێداچونەوەیەک بە مێژوی وردی هەمو پارچەکانی کوردستاندا بکەین، دەبینین بە دەگمەن لاپەڕە هەیە بە خوێن و فرمێسک و ستەمدیدەیی نەنوسرابێتەوە. بۆچی؟ تەنیا لەبەر ئەوەی کوردی. کوردی واتای چیە؟ واتای ئەوەیە، زمانت کوردیە. هەر لەبەر ئەوەی زمانت کوردیە، تەنانەت مافی هاوولاتییێکی ئاساییت پێ نەدراوە و بەردەوام هەوڵی لەناوبردنت دراوە. تەنانەت، ئەو پەلە قاژێیەی تۆ کردوتە، لە ناچاری بوە. تۆ ستەمت لەکەس نەکردوە، بەردەوامت ستەمت لێ کراوە، مافت زەوت کراوە. ڕێگەیاننەداوە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بژی و تۆ تەنیا بەرگریت لە خۆت کردوە... کەواتە، بە ناچاری هەر لەبەر ئەوەی کوردزمانی جینۆسایدکراوی و بە درێژایی ڕۆژگار بەرگریت لە خۆت کردوە. واتە؛ پێت خۆش بێ، ناخۆش بێ، بویت بە خاوەن مێژوێکی هاوبەش... لە هەمان کاتدا بوی بە خاوەن چارەنوسێکی هاوبەش.... بوی بە خاوەن هەستێکی دەرونیی هاوبەش...

هەندێ لە زاناکانی زمانەوانیی دەرونی، بەتایبەتی ئەزمونگەر و ڕەفتارناسەکان، زمان و بیری مرۆڤ لەیەک جیاناکەنەوە، تەنانەت دەڵێن: بیرکردنەوە ئاخاوتنێکی بێدەنگە. ئەگەرچی ڕاستی ئەو بۆچونە نەسەلمێنراوە، بەلام نکوڵی لەوە ناکرێ، مرۆڤ نەک هەر بیرکردنەوەی، بەڵکو سەرجەم ئەندێشەکانی بێداری و خەونەکانی شەوانیشی بە زمانی زگماکیەتی. تەنانەت ئەگەر چەندین زمانی تریش بزانێ، یەکەم جار وشەکان وەردەگێڕێتە سەر زمانی دایک ئینجا تێیاندەگا.... ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ،

زمانی دایک هەر تەنیا ئاخاوتن و ڕیزکردنی دەنگەکان نیە، بەڵکو تۆمارکردنی تێکڕای ئەرشیفی مێشک و لاپەڕەکانی بیری کۆن و ئێستا و داهاتوی خۆتە، کە ناتوانی بیانسڕیتەوە و لێیان دەربازببی، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بونەتە نەخشەڕێگایەک بۆ ئاڕاستەی کاروانی ژیانت. هەر ئەوەشە تۆی کردۆتە خاوەنی هەستێکی هاوبەش، بیرکردنەوەیەکی هاوبەش، ڕەفتارێکی هاوبەش، ڕۆشنبیرییەکی هاوبەش...

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج:

# زاراوەی (زمانە کوردییەکان)

# هەوڵێکی نەزۆکە بۆ دژایەتیکردنی زمانی کوردی

بێگومان بنیاتی قووڵی مەبەستی ئەم بانگەشەی (زمانە کوردییەکان)ە، لای بەندە زۆر ڕوونە، لەوەدا کە بانگەشەکارانی، مەبەستییانە پەنامەکییانە بڵێن، کە کورد چەندان نەتەوەیە، نەک یەک نەتەوە. گومانیشم لەوەدا نییە، کە بناوانی ئەم بانگەشەیە، بۆ یەک سەرچاوە دەگەڕێتەوە، کە ئەویش هەوڵی داگیرکەرانی نیشتمانی کوردە، لە پێناوی پەرتکردنی نەتەوەکەدا، چونکە ئەوان ترسی گەورەیان لە یەکگرتوویی کورد هەیە. چاکیش لە ئەوە بە ئاگان، کە یەکگرتوویی نەتەوە بە پلەی یەکەم لە ڕێی زمان و کەلتوورەکەیەوە دەبێت. بۆیە هەرکات توانییان زمانی نەتەوەی داگیرکراو پەرت بکەن و کەلتوورەکەی بەرەو شێواندن ببەن، ئیدی قوتدانی نیشتمانەکەیان زۆر ئاسان دەبێت.

جا بۆیە هەرگیز ئەوە گرنگ نابێت، کە دوژمن بە چ ڕبەیەک دەپێوێت، بەڵام گرفتی گەورە ئەوەیە، کە بتوانێت لەناو نەتەوەکەدا، کەسانێک بە ئاڕاستەی خوازتە داگیرکارییەکانی خۆیدا بخاتەگەڕ، هاوکات ئەو کەسانە بتوانن لەناو نەتەوەکەیاندا بەردەنگ و گوێگر بۆ بانگەشەکەیان دەستەبەر بکەن، کە ئەمە گرفتە قەبەکە دەبێت. لەئەوەش هەژەندتر ئەوەیە، کە لە ئەم بەشەی نیشتمانی کورددا، کە هەرێمی کوردستانە و حوکمڕانییەکی دیفاکتۆی هەیە، کەچی بەرپرسانی هەرێمەکە گوێی خۆیان لە ئەم پرسە گرنگە بخەوێنن و نەبێتە خەمیان.

بانگەشەکارانی ئەم زاراوەیە، ئەوە لە کورد دەکەن بە بەڵگە، کە زمانی کوردی چەندان زارو زارەکانیش چەندان گۆڤەری هەن، ئەوە لەکاتێکدایە، کە چاو لە ئەو ڕاستییە دەنوقێنن، کە هەموو زمانێک بەشێوەیەکی ئاسایی، چەندان زارو گۆڤەری دەبێت و زمانیش نییە، کە تەنیا یەک زارو زارەکەش هەر یەک گۆڤەربێت، مەگەر ئەو زمانە قسەپێکەرانی هێندە کەم بن، کە لە سنوورێکی دیارکراو و داخراودابن و ژمارەشیان کەم بێت و تێکەڵی هیچ زمانێکی تریش نەبووبن، کە پێناچێت لە باری کەتواردا نەتەوە و زمانی وا هەبن. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، هەمیشە نەتەوەی خاوەن نیشتمانی فراوان و ژمارە زۆر، لە ئەو جوگرافیایەدا کە هەیانە، دەبنە دراوسێی نەتەوە، یاخود نەتەوەگەلی تر، ئەمەش وادەکات زمانی نەتەوەکە بەپێی دراوسێیەتیی نەتەوەکانی تر، کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت، ئەوەش وا بکات، کە پەرەسەندنە زمانییەکان بەپێی ئەم دراوسێیەتییانە، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، جیاوازبن. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی زارو گۆڤەری نوێ لە زمانەکەدا. جا

ئەگەر نەتەوەکە داگیرکراوی چەند داگیرکەرێک بێت و سنوورە دەستکردەکانیان، بووبێتە لەمپەڕ لە نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەکەدا، ئەوا ئەمەش بەشێوەیەکی تر دەبێتە هۆی ئەوەی پەرەسەندنە زمانییەکان، بەپێی ناوچە و پارچە داگیرکراوە جیاوازەکانی نەتەوەکە، پەرەبستێنێت، کە ئەمەش بۆخۆی جیاوازی دەخاتە نێوان زمانەکەو ئاکامیش دەبێتە هۆی خستنەوەی جیاوازی لە زمانە داگیرکراوەکەدا و بەمەش گۆڤەری نوێ سەرهەڵدەدات. کاتێکیش نەتەوەی داگیرکراو، خوێندنی بە زمانی زگماک لێ قەدەغە بکرێت و هەر داگیرکەرێکیش زمانی خۆیی بەسەردا سەپاندبێت، ئیدی ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ دابڕینی زمانی، لەنێوان قسەپێکەرانی زمانە داگیرکراوەکەدا.

ئەوەی ڕاستی بێت، لە ئێستادا زمانی کوردی بە چەند شێوەیەک لەبەر مەترسیدایە، کە گرنگترینیان نەبوونی قەوارەیەکی رامیاریی دیـژۆرە، کە هەموو سنووری نەتەوەکەی گرتبێتەخۆ. یەکێکی تریش لە مەترسییەکان ئەوەیە، کە داگیرکەران هەمیشە بۆ نابوودکردنی زمانی کوردی لە هەوڵدا بوون و لە هەوڵیشدان. جا ئەگەر لە مێژووی ئەم سەد ساڵەی پێشووی کوردستان بە گشتی و باشوور بەتایبەتی ورد ببینەوە، ئەوا لە چەندان قۆناغدا، هەر لە سەرەتای لکاندنی باشووری کوردستان بە ئێراقی دروستکراوی ئینگلیزەوە، دەبینین، کە هەر لە (١٩٢٣) وە، ڕەگەزپەرستێکی دڵڕەشی وەک (ساتیع ئەلحوسەری)، هەوڵیداوە، کە (٥٠٠) مەلای کورد، دژ بە کوردی کردنی خوێندن و ڕەچاوکردنی پیتە کوردییەکانی (ژ، پ، گ، ۆ، ێ، ڵ)، کە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نین بوەستنەوە، کە لە لایەن لیژنەیەک لە کوردانی دڵسۆزەوە داواکرابوو، کە بریتیبوون، لە:

١- تۆفیق وەهبی
٢- شوکری فەزلی
٣- نووری بەرزنجەیی
٤- عەبدولڕەحمان ساڵح

تا ئێستاش داگیرکەرانی نیشتمانی کورد، هەر بە ئەو پێودانگە مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردیدا دەکەن. هەر بۆ نموونە، لە ڕۆژهەڵاتدا، زارای محەممەدی و چەند دڵسۆزێک، دەپەسترێنە زیندانەکانەوە، تەنیا لەبەرئەوەی نووسین و خوێندنەوەی زمانی زگماکیان فێری منداڵانی کورد کردووە. هەمان دژایەتی کردنی زمانی کوردییە،

کە لە دووای ١٦ی ئۆکتۆبەر، کاتێک بەرپرسی پۆلیسی کەرکووک، کە کورد بوو، لە کۆبوونەوەیەکی قسەکردن بۆ میدیاکان، لەگەڵ فەرماندەیەکی سەربازیی عەرەبدا، کاتێک بە کوردی لەبەردەم کامێراکاندا بە کوردی قسەدەکات، کابرای فەرماندەی سەربازیی عەرەب، قسەکەی پێدەبڕێت و بە گرژییەوە دەڵێت: «لاتحجی کردی، أحجی عربی». واتە نەیهێشت بە کوردی قسە بۆ خەڵکی شارەکەی بکات، کە سەرباری ئەو هەموو عەرەباندنەش تا ئێستا زۆرینەی هەر کوردن، سەبارەت بە باکورو ڕۆژئاواش ئەوە پرسەکە وەکو مانگ بە تاقی ئاسمانەوە دیارەو پەنجە بۆ ڕاکێشانی گەرەک نییە.

یەکێکی تریش لە مەترسییەکانی بەردەم زمانی کوردی، بریتییە لە پەروەردە و خوێندن بە زمانی بێگانە و داگیرکەران. ئێستا لە باشووردا سەرباری پەروەردە و خوێندن بە زمانی عەرەبی، خوێندن و پەروەردە بە زمانانی ئینگلیزی و فەرەنسی و تورکی و... تاد، خەریکە دەبێتە وەرچەرخانێک بۆ دابڕینی منداڵی کورد لە زمان و کەلتووری نەتەوەکەی. لەلایەکی تریشەوە جۆرێک لە مەترسیی تر، بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە سەریهەڵداوە، کە دەکرێت بڵێین ئەم مەترسییە لەسەر زۆرێک لە زمانانی جیهان هەیە، بەڵام بۆ زمانی ئێمە، کە تا ئێستا نەتەوەیەکی ژێردەستەین، ئەوا مەترسییەکە پتر کاریگەریی دەبێت، لە هەموو ئەمانەش پتر، ترسناکی ئەوەیە، کە نەتەوەکە پەروەردەی لە دەسەڵاتی خۆیدا نەبێت و دوژمن ئاڕاستەکەری پەیامی پەروەردەکەی بێت لەناو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەماندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە نەوەی نویێ ئەو شانازی و سەربەچێتییەی بەرامبەر نەتەوە و نیشتمان و زمانەکەی خۆی نەمێنێت و تەنانەت پرسی فێربوونی زمانی زگماک و پارازتنی، بەلایەوە گرنگ نەبێت. ئیدی ئەو نەتەوەیە بەرەو تواندنەوەیەکی شێنەیی دەچێت. ئێمە ئێستا پەروەردەمان لە بارێکدایە، کە بە ڕاستی ئیرەیی پێنابرێت، ئەگەر چی بەرپرسانی ئەم هەرێمەو خاوەن پۆستەکانی، زۆر بە پێچەوانەی دەبینن، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە، کە دەیبینین بەشێوەی کارەکی، نەک تەنیا بە قسە. دکتۆر مستەفا مەحموودی میسری، سەبارەت بە پەروەردە، دەڵێت: ئەگەر ویستت شارستانییەتێک بڕووخێنیت، ئەوا سێ ڕێگەت هەن: یەکەم: خێزان بڕووخێنە، دووهەم: پەروەردە بڕووخێنە، سێهەم: پێشەنگەکان لەناوبەرە... جا بۆئەوەی ئەم کارە سەربگرێت، ئەوا ڕۆڵی دایک مەهێڵەو وابکە شەرم لەوە بکات، کە ژنی ماڵە. بۆ ڕووخاندنی پەروەردەش، وابکە مامۆستا لە کۆمەڵدا گرنگی نەمێنێت و سووکایەتیی پێبکەن. بۆئەوەی پێشەنگەکانیش لەناو ببەیت،

ئەوا لە زاناکان بدەو بە کەمیان بگرەو گومانیان لەسەر دروست بکە، تاوەکو کەس بەگوێیان نەکات. جا کە دایکی هۆشیارو مامۆستای دڵسۆز و پێشەنگ نەمان، ئیدی کێ نەوەی نوێ لەسەر بەهاکان پەروەردە دەکات؟!. ئەوەی لێیدوواین، چەردەیەکە لە ئەو مەترسییانەی، کە لە ئێستادا بەرۆکی زمانی کوردییان گرتووە.

**وەڵامی پرسی سێیەم:**

لە ئەم سەردەمەدا، مەترسییەکانی بەردەم زمانی کوردی، زۆر لە سەردەمی کۆن زیاترن. ئەم مەترسییانە، بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان لەئارادان، بەڵام ئەگەر سەبارەت بە باشووری کوردستان بدوویم، ئەوا هەروەک پێشتر ئاماژەیەکم پێدا، مەترسیی هەرە گەورە ئەوەیە، کە لێرە پەتای خوێندن بە زمانانی بێگانە، لە ئاستێکی ترسناکدایە. هاوکات ئەم دەسەڵاتە دیفاکتۆیە خۆی دەرگای بە ڕوودا کردووەتەوە، کە دەبوو بە پێچەوانەوە بووایەو خەمی زمان و خوێندن بە کوردیی بکردایە بە خەمی لەپێشینەی خۆی، کەچی ئەوەی بۆیان گرنگ نییە ئەم پرسەیە. ئەوە لەکاتێکدا کەسانێک هەن، کە بێگانەن و لە هەرێمدا بە زمانی خۆیان خوێندنگەیان هەیە، ئەوان هاتوونەتە دەنگ و دەڵێن: ئەم خوێندن و پەروەردەکردن بە زمانی بێگانەیە لە قۆناغی دایەنگەو باخچەی منداڵانەوە، زیانی گەورە بە داهاتووی زمانی کوردی دەگەیێنێت.

بۆیە بە دڵنیاییەوە پەروەردەکردنی منداڵانی هەر نەتەوەیەک بە زمانی زگماکی خۆیان بە دروستی، ئەوە دەستەبەری نەوەی لەباردەکات، کە بتوانێت بەرگری لە نیشتمان و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەکەی بکات. هەر ئەمەش وایکردووە، کە لە جەنگی دووهەمی جیهانیدا، سەرکردەیەکی دوورئەندێشی وەک: چەرچڵ، کە پێیدەڵێن ئاسمانی بەریتانیا لەبەر بۆردوماندایە، دەپرسێت: پێم بڵێن، باری پەروەردەو دادگامان چۆنە؟ دەڵێن: پەروەردە بەردەوامەو دادگاش دادپەروەرە. دەڵێت: کەواتە خەمتان نەبێت، ئێمە باشین. بێگومان هەر ئەوەش بووە هۆی سەرکەوتنیان لە ئەو جەنگە جیهانییەدا. جگەلەوەش ئێستا لە ئەم هەرێمەی ئێمەدا، وا هێدی هێدی سەدان کەناڵ، چ تەلەفزیۆن و چ ڕادیۆو چ بڵاوکراوەی کاغەزی و چ ئەو هەموو سایت و ماڵپەڕە پشتپەردانەی حیزبانی کوردو باڵباڵێنەکانیان، کە لە کاردان و هەرکەس بۆخۆی و بە پێی لۆجیکی (ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆخۆی)، کەوتوونە وێرانکردنی زمان و کەلتوورو بگرە وێڵی کوردانەش، کە ڕەنگە لە کەمترین ئاستا نەبێت، ئەم پرسەیان نەکردووەتە بابەتێک، کە خەمی لێبخورێت.

بۆیە بەڕاستی ڕۆژگارێکی بێسەروبەرییە سەبارەت بە زمانی کوردی. ئەمەش بە ئاشکرا بە میدیاو وەرگێڕانە کوردییەکانەوە دیارە. ڕەنگە لێرەو لەوێ هەوڵی دڵسۆزانەو بڵاوکراوەی ڕژد هەبن، بەڵام کورد واتەنی: بە گوڵێک بەهار نایەت!. ئەوەیراستیبێت، ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی لە ئەم مەترسییانە دووربخەینەوەو هاوکات بەرەو گەشەکردن و هەبوونی توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی سەردەمەکەی ببەین و زمانەکە ببووژێنینەوە، ئەوا ئەم کارە بە تاکەکەس ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە دەستگای تایبەتمەند و کۆکەرەوەی پسپۆڕانی ڕاستەقینەی ئەو بوارە هەیە. دەستگایەک، کە خەمی نەتەوەی کورد و زمانەکەیی کردبێتە خەمی خۆی، نەک خوازتی بەرپرسانی حیزب و باڵباڵێنەکانیان، کە دیلانی شاعیر وتەنی: قورس بۆ زەوی و سووکیش دەبەنە ئاسمان. حیزبی کوردی وەک بەخشینەوەی خەڵات و بەرات، لە ئەو پێگە و پۆستانە دەڕوانن و کێ دۆست و ئەحبابی خۆیانبێت و ملکەچی خوازتەکانیان بێت، ئیدی گرنگ نییە، کە چ کاولکارییەکی لێدەکەوێتەوە، ئەو دادەنێن.

بۆیە هەرکات دەسەڵاتدارانی کورد، لە ئەم چەشنە مامەڵەکردنە وەستان و پرسی زمانیان لا بووە خەم، ئەوا دەبێت بیر لە دامەزراندنی دەستگایەکی وەک ئۆکسفۆردی ئینگلیزو دوودنی ئەڵمانی بکەنەوە، کە پسپۆڕانی زمانەوان و زمانزانی سەرجەم زارو گۆڤەرەکانی زمانی کوردی، بەپێی پێشەنگێتیان، بگرێتەخۆ، ئەو دەم کار بۆ دانانی فەرهەنگێکی کوردی- کوردیی گشتگیر بکرێت. بە ئەو دەستگاو فەرهەنگە کوردی- کوردییە گشتگیرە، دەکرێت بەر بەئەو پەرتبوونەی زمانی کوردی بگیرێت و هاوکات شکۆ بۆ پەروەردە و پەروەردەکارانی کورد بگێڕرێتەوە و لە هەرێمدا تەنیا بە کوردی خوێندن لە ئارادابێت. هەر بە ئەم هەنگاوانەش دەکرێت شکۆ بۆ نەتەوەکە بگێڕرێتەوە و نەتەوەش شانازی بە زمانەکەیەوە بکات، کە دەکرێت بڵێین یەکێکە لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی جیهان و هەرگیز زمانێکی هەژار نییە. هەر بۆ نموونە دەکرێت بپرسین: ئەرێ لە کام زماندا (٧٣) هەزار وشە سەبارەت بە ڕەنگ و شەنگەکانی هەیەو توانیوەیەتی بیخاتە دووتوێی (٩) بەرگەوە، وەک ئەوەی کە دادە (سەحەر موعیزی)ی ئێمە، بەتەنیا باڵی و بە چنگەکرێی خۆی کردوویەتی؟!.

بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم و جەختدەکەم، کە ئەگەر بەربەستەکانی بەردەم زمانەکەمان نەهێڵرێن، ئەوا زمانی کوردی لەباریدایە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی سەردەمدا بسازێت و پێشبکەوێت.

د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین:

# کورد خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، چ جای ئەوە ببێتە خاوەنی زمانە کوردییەکان

***ئایا شتێک بە ناوی زمانە کوردییەکان هەیە، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە؟**

**د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین** :زمان بەردەوام بێ ویستی مرۆڤ، لە گەشە و گۆڕاندایە، دەکرێت، بە تێپەVینی کاتێکی زۆری مێژوویی، ئەمە ڕوو‌بدات، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەگەر بۆ نموونە سەرنج بدەینە، زمانی عەرەبی، کە خاوەنی ٢٢ دەوڵەتە، لە ژمارەیەکی زۆر زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە، سەر بە کۆمەڵەی خێزانە زمانی سامییە، بەڵام تاکوو ئێستا پێیان ناگوترێت، زمانە عەرەبییەکان، بەڵکوو بە زمانی سامی ناودەبرێن، لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکانیش، بۆ نموونە عێراق، میسر، مەغریب، سعودیە، ...هتد لە ڕووی زانستی و ئەکادیمیەوە پێیان ناگوترێت، زمانە عەرەبییەکان، بەڵکوو بە زاری عێراقی و میسری و مەغریبی و سعودی...هتد ناودەبرێن، بەشێکن لە زمانی عەرەبی، ئەگەر وا بووایە، دەبوو لە ئێستادا پێیانبگوترایە کۆمەڵەی خێزانە زمانە عەرەبییەکان. سەبارەت بە زمانی کوردیش، کە سەر بە کۆمەڵەی خێزانە زمانە زاگرۆسییەکانە، هێشتا ئەم جۆرە ناونانە زووە و لە ئارادا نییە و کورد، تاکوو ئێستاکە خاوەنی دەولەتێکی سەربەخۆی دانپێدانراو نییە، چ جای ئەوە ببێتە خاوەنی زمانە کوردییەکان.

***ئایا زمانی کوردی، هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەمان دایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە؟**

**د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین:** زمانی کوردی، زمانێکی سروشتییە، هەربۆیە (زمانی سروشتی زمانێکی یاسایی چەسپاوە، لە ڕێگەی یاساکانی پارێزگاری لە بنەما چەسپاوەکانی بەڕێوەبردنی زمان دەکات)(ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٠: ٦٤). بەم شێوەیە، زمانی کوردی، تاکوو یەک ئاخێوەری مابێت، خاوەنی پێگەی خۆیەتی و لە ترسی لەناوچوون بە دوورە، بەڵام هەموو زمانێکیش دوو ڕووی هەیە، ڕووێکیان زمانەکە بێ ویستی مرۆڤ خۆی خۆی دەپارێزێت، هەروەکوو گەشەکردنی بایۆلۆجی جەستە مرۆڤ، کە لە ژێر دەستەڵاتی خۆی نییە، بێ ویستی مرۆڤ لە گەشەکردندایە، ناتوانێت ئەم گەشەکردنە بوەستێنێت، زمانیش بەهەمان شێوە خۆی خۆی پەروەردەدەکات و لەگەڵ گەشەکردنی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد ئەویش گەشەدەکات و بەرەو پێش دەچێت، ڕوویەکەی دیکەیان، پێویستە

ئاخێوەر و دەستەڵاتدارانی زمانەکە نرخ و بەها بۆ زمانەکەیان دابنێن و خزمەتی بکەن و گەشەپێبدەن، تاکوو لە لای ئاخێوەر و دەستەڵاتدارانی زمانەکانی دیکە ڕەواج پەیدابکات.

***مەترسییە سەرەکییەکانی سەر زمانی کوردی لەسەردەمی ئێستەدا, کامانەن؟**

**د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین:** سەرجەم زمان و زارەکان لە جیهاندا بەردەوام لە بەریەککەوتن و پێشبڕکێ و هەڕەشە و مەترسی دان، بە تایبەتی لە ناوچە فرەزمانییەکاندا، ئینجا ئەم زمانەنەش لە ناوخۆیاندا بۆ ئەوەی یەکێکیان بە سەر ئەوی دیکە زاڵببێت و زمانەکەی تر ڕووبەڕووی مەترسییەکانی لە ناوچوونی بکاتەوە و هەژموونی خۆی بە سەریدا بسەپێنێت، بەردەوام لە ململانێ دان، تا دواجار یەکێکیان سەردەکەوێت، بەم جۆرە تاکوو ئەم کارە بە سەر زمانەکەی من و تۆدا ڕوونەدات، پێویستە ئێمە، واتە؛ ئاخیوەری کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیەکەوە کار بۆ بەهێزکردنی زمانی کوردی بکەن. هەربۆیە پاراستنی زمان، نەخاسە بۆ ئێمەی کوردیش پێویستە، لەم ڕووەوە ((پاراستنی زمان ئاماژەیە بۆ ڕاددەی پاراستن و دەستگرتن بە زمانی دایکەوە لە لایەن تاکێک یان گروپێک کە لە ناوچەیەکی جووتزمان یان فرەزماندا دەژێت))(پیتەر هانز نێلدە، ٢٠١٠: ١٥٩). کەواتە؛ بەم پێیە بێت، ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر تاک و ئەو دەستەڵاتەی حکومی ناوچەکەی بەدەستەوەیە. ئێمەی کوردیش ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان حکومی خۆمان بەدەستەوەیە و ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر ئاخێوەرێکی کورد، بەم پێیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ و گرنگی بە زمانی کوردی بدات و لە هەر ئەگەرێکی مەترسی، کە بکەوێتە سەر زمانی کوردی، بە پێی پلانێکی تۆکمەی زمانی بیپارێزیت و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکاتە پێگەیەکی گرنگ و خاوەن پڕۆژەی زمانی بە ئەنجامدانی کۆنفراس و کۆڕبەند و کۆڕ و دیدار و چالاکی زمانی و دامەزراندن ناوەندێکی فەرهەنگی و زمانەوانیی فراوان لە پێناو پێشخستنی زمانی کوردی. لە لایەکی ترەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەندەکانی (باخچەی ساوایان، قوتابخانەکان، پەیمانگەکان، زانکۆکان) زمانی کوردی زمانی خوێندن و یەکەمین زمان بێت، بە تایبەتی لەم ناوچانەی، کە سەرجەم سەرنشینەکانی کوردن، لە هەمان کاتیشدا چاودێرییەکی توندی زمانەوانی بخانە سەر کەناڵەکانی

ڕاگەیاندن بە بینراو و بیسراو و خوێنراوەوە ئاڕاستەکەیان بەرەو خزمەتکردنی زمانی کوردی ببات و خۆشەویستی زمانی کوردی بۆ تاکی کورد بگەڕێنێتەوە، هەموو ئەم خاڵانەی ئاماژەم پێکرد، پێچەوانەکەی بریتییە لە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر زمانی کوردی.

*** چۆن دەتوانین، زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشەکردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟**

**د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین:** سەرجەم ئەم خاڵانەی لە خاڵی پێشتر باسمان کرد، دەبێتە هۆی دوور خستنەوەی زمانی کوردی لە مەترسییەکان و جێبەجێکردنیشی بریتییە لە گەشەکردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی و زمانی کوردی دەکاتە خاوەن زەخیرەیەکی زمانی گەورە لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە، چونکە پێشخستن و گەشەپێدانی زمان پڕۆسەیەکی درێژخایەنی بەردەوامە، دەبێت بەردەوام لە ڕێگەی پسپۆڕانە و زمانەوانان و خەمخۆرانی زمانی کوردی کاری لە سەر بکرێت، بە پێچەوانەی ئەمەش، واتە؛ وازهێنان لە زمانی نەتەوە و خزمەتنەکردنی مەترسییەکی گەورە لە سەر لەناوچوونی زمانەکە دروستدەکات، بۆ نموونە ((وازهێنانی خەڵکێکی زۆر لە ناو شاری کرماشانی کوردستانی ئێرانیش کە وردە وردە فارسی قسە دەکەن و واز لە زمانە نەتەوەیییەکەی خۆیان دێنن کە کوردییە))(پیتەر هانز نێڵدە، ٢٠١٠: ١٥٨– ١٥٩). بەم پێیەی ئەم دیاردەیەی، کە لە شاری کرماشان بوونی هەیە، ڕەنگە لە چەندین ناوچەکانی دیکەی کوردنشین و کوردستان بوونی هەبێت.

***چۆن دەتوانین، توانستەکانی زمانی کوردی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟**

**د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین:** گشت زانستەکان بە زمان دەردەبڕدرێن و ڕاڤەیان پێ دەکرێت، هەر بۆیە (زمان پەیوەندییەکی بەتینی بە زانستەکانی ترەوە هەیە) (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ٢٠١٢: ٦٤). واتە؛ بێ زمان باسکردنی زانستەکانی تر، هەتا باسکردنی خودی زمانیش خۆی کارێکی ئەستەمە. بەم شێوەیە زمانی کوردیش

یەکێکە لەو زمانانەی، کە بابەتی زانستی پێ نووسراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ هاتنی دیاردە نوێ و مۆدێرنەکاندا ڕۆیشتووە و گەشەیکردووە، بەڵام هەروەکوو پێشتریش باسمانکرد، کە ئەو زمان پێویستی بە بایەخ و گرنگی پێدانە، هەروەکوو درەختێک باخەوانەکە خزمەتی جوانی بکات، چۆنە و درەختێک خزمەتنەکرێت، چۆنە؟

ئەگەر بۆ مێژووش بگەڕێنەوە، زمانی کوردی زمانی دەوڵەت و فەرمانڕەوایەتی بووە، لە سەردەمی دەوڵەتی ماد (٦٧٨ پ.ز _ ٥٤٩ پ.ز)(١) ئەم زمانە کاروباری دەوڵەتی پێ ڕاییکراوە و نووسراوە فەرمییەکان بە زمانی کوردی پێ نووسراوە، لە لایەکی تریشەوە لە سەردەمی ئێستادا کاروباری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ ڕاییدەکرێت و لە ناوەندەکانی ئەکادیمیشدا، وەکوو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان نامەی ماستەر و دکتۆرای لە بوارە جیاجیاکاندا پێ دەنووسرێت.

***نەتەوەی بێ زمان، نەتەوەی بێ نیشتمانە؟**

**د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین:** بەر لەوەی باس لە زمان و نەتەوە بکەین، دەمانەوێت، ئاماژەیەک بە وشەی نیشتمان لە ڕووی وشەسازی و ڕێنووسەوە بکەین، وشەی (نیشتمان) لە ڕووی وشەسازییەوە لە چاوگی (نیشتن) لەگەڵ مۆرفیمی وشەداڕێژی (_ مان) پێکهاتووە، دوای ئەوەی (ن)ی چاوگ لە چاوگی (نیشتن) لابراوە و (نیشت)، کە قەدی چاوگی پێ دەگوترێت، ماوەتەوە، ئینجا مۆرفیمی وشەداڕێژی (_ مان) خراوەتەسەری، بەم شێوەیە وشەیەکی نوێ بەرهەمهاتووە، کە (نیشتمان)ە، بە واتای ئەو شوێنەی لێی نیشتەجێبووین و ژیاوین، یاخود زێدی باب و باپیرانمان دێت.

لە ڕووی ڕێنووسیشەوە زۆر جار هەندێ کەس بە شێوەی (نیشتیمان) دەینووسن، کە ئەمە لە ڕووی نووسینی زمانی کوردی هەڵەیە، چونکە ئەگەر بیگەڕێنینەوە بۆ چاوگ دەبێتە (نیشتین) ئەم چاوگەش لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵام ئەگەر وشەکانی (نیشتن، نیشتمان) بڕگە بڕگە بکەین، بەم شێوەییەی لێدیت، (نیش، تن)، (نیش، ت، مان)، ئەوەی دەبێتە جێگەی سەرنج لە بڕگەکانی (تن، ت) لە نێوان (تاَن) و کۆتایی پیتی (تاَ) پیتێک هەیە لە زمانی کوردیدا بزرۆکەی پێ دەگوترێت، تاکوو ئێستا وێنەی بۆ دانەنراوە، وەکوو دەنگ، کە گۆدەکرێت، /ی/ زۆر لاواز دەردەبڕدرێت، کەچی لە ڕێنووسی لاتینیدا وێنەی پیتی هەیە و لە نووسیندا بەم شێوەیە (Nîştin, Nîştiman) دەنووسریت، بەم جۆرەش بڕگە بڕگە (Nîş/tin, Nîş/ti/man) دەکرێت.

سەبارەت بە زمان و نەتەوەش، دەمێکە گوتراوە، زمان ناسنامەیە، واتە؛ نیشانەیە بۆ بوونی شتێک، هەر بۆیە زۆربەی نەتەوەکان، بگرە خاکەکەشیان بە زمانەکەیانەوە ناونراون، بۆ نموونە زمانی کوردی لە بەرانبەردا نەتەوەی کورد و خاکەکەشی ناونراوە کوردستان، زمانی عەرەبی لە بەرانبەردا نەتەوەی عەرەب و خاکەکەشی ناونراوە عەرەبستان، یاخود نیشتمانی عەرەبی، ...هتد، کەواتە؛ کاتێک نەتەوەیەک زمانەکەی لە دەستدا، دواتر ناوی نەتەوەکەی و خاکەکەشی، کە نیشتمانی باوک و باپیرانییەتی لە دەست دەدات، ئەوکاتە بێ زمان و ناسنامە و نەتەوەکەی لەسەر خاکێک، وەکوو ژێردەست دەژیت.

## سەرچاوە

١_ ئیدریس عەبدوڵڵا(د.)، (٢٠١٠) شێواز و شێوازگەری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢_ پیتەر هانز نێلدە (٢٠١٠) ململانێی زمانی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، هۆشەنگ فاروق(د.)، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٥)، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک.
٣_ عەبدولواحید موشیر دزەیی(د.)، (٢٠١٢) شێواز و پراگماتیک، چاپا ئیکێ، چاپخانەیا الروضة, ئیستەنبول.
٤_ https://ar.wikipedia.org/wiki/٪D٩٪٨٥٪D٨٪D٩٪٨A٪D٩٪AF٪D٩٪٨A٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٦,

رێكار ئەحمەد:

# كورد یەك نەتەوەیە و یەك زمانیشی هەیە

***ئایا شتێک بەناوی زمانە کوردییەکان هەیە؟ لە کاتێکدا زمانی کوردی لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** هەرچەندە کەس و لایەن هەن کە چەمکی زمانە کوردییەکان یان زمانەکانی کوردی دەکار دەکەن، بەڵام ئەوە چەمکێکی هەڵە و نازانستییە، چونکە نەتەوەی کورد یەک نەتەوەیە و یەک زمانیشی هەیە، هۆکاری بە ستاندارد نەبوونیش بۆ داگیرکراوی، دابەشکراوی و بندەستی دەگەڕێتەوە، دەنا لە نێو هەموو زمانەکاندا زار و دەڤۆکی جیاواز هەن؛ هەبوونی زار و دەڤۆکی جیاوازی هەر زمانێک، دەوڵەمەندی و باڵادەستی زمانەکە خۆیا دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کیان و قەوارەیەکی سەربەخۆیی کوردستانی نەبووە و هەوڵی یەکزمانی بۆ نووسین و ڕێنووس نەدراوە، ئیدی هەر زارێک بە ڕێچکەی جیاوازی خۆی، هەنگاوی هەڵگرتۆتەوە. ڕاستییەکەی دەبوایە دوای پێکهێنانی هەرێمی باشووری کوردستان و خۆسەری ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش بە سوود وەرگرتن لە جیهانی ئینتەرنێت، ئەو هەنگاوە هەڵبگیرابایەوە، بەڵام سیاسەتی تەسکی حزبایەتی، کۆسپ و تەگەرەی دروست کردووە و دەرفەتی ئەوەی فەراهەم نەکردووە. من بە دڵنیاییەوە دەڵێم: ئێستاش دەرفەتەکە لە کیس نەچووە و بە دویماهی نەهاتووە، دەتوانین سوودی لێوەربگرین، زارێک بە بنەما بۆ زمانی پێوەر وەربگرین و بە وشەی زارەکانی دیکە دەوڵەمەندی بکەین، بەڵام ناکرێ زارەکانی دیکە سڕبکرێن و بکوژرێن، چونکە ئەگەر هزر و بیرۆکەی یەک گەل و یەک زمان لە نێو چوارچێوەی وڵاتێکدا بە وێرانکەری مرۆڤایەتی وێناکرابێ، ئەوە یەک زمانی پێوەری کوردی و سڕینەوەی زارەکانی دیکە بۆ ئێستا بە وێرانکەر بۆ نەتەوەی کورد وێنا دەکرێ. کرۆک و جەوهەری زمانی ستاندارد ئەوەیە کە هەموو ڕۆشنبیران و دەستەبژێری ڕامیاری قسەی پێ بکەن و پێی بنووسن، بەڵام هاوکات هەمووشیان لە ئاخاوتنی ماڵ و لە کاتی قسەکردن لەگەڵ دیتراندا بە فرەچەشنی دەمێننەوە و زارەکەی خۆیان سەرپشک دەکەن.

بەکارهێنانی چەمکی زمانە کوردییەکان، لە دوو ئەگەری جیاوازەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەم: بێزاربوون لە دەستەواژەی کوردی سۆرانی، کوردی بادینی، کوردی فەیلی، کوردی هۆرامی، کوردی لەکی، کوردی بۆتانی و کوردی زازاکی و کوردی ئێزدی، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی ئەو زارانە لە یەکدییەوە، پەنا بۆ زمانە

کوردیەکان دەبەن. دووەم: هەندێک کەس، ناوەند و دەوڵەت بە بەرنامە کار لەسەر ئەم دەستەواژەیە دەکەن و دەیانەوێ لەو ڕێیەوە زمانی کوردی بێنرخ بکەن و بە سووکی لێی بڕوانن.

***ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەماندایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە؟**

**ڕێکار ئەحمەد**: زمانی کوردی سنووری نەمانی تێپەڕ کردووە، لە نێو پانتایی ژیانی هەمیشەیی و لە هەرماندا جێی گرتووە. بە بڕوای من ترسی تواندنەوەی زمانی کوردی لەلایەن دیترانەوە بە بنبەست گەیشتووە. دڵنیام داگیرکار و نەتەوەکانی سەردەست ناتوانن زمانی کوردی بسڕنەوە و لە ناوی ببەن، بەڵام گرفتی سەرەکی خۆمانین، ئەو فەریکە نووسەر و ڕۆژنامەوانانەن کە پێیانوایە بە هێنانی وشەی بیانی، ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان پێشان دەدەن!! هەروەها سەر لە بنەمای ڕێزمان دەرناکەن و لە خۆیانەوە جێگۆڕکی بە پەیڤەکان دەکەن و شوێنی کار و کارا ئاوەژوو دەکەنەوە، لاسایی زمانی فارسی و عەرەبی دەکەنەوە و کاری یارمەتیدەر لە باخەڵی ڕستەکان دەپەستن و قێزەوەنیان دەکەن؛ لەلایەکی دیکەوە هەندێک بەناو نووسەر و ناوەندی بەناو ڕۆشنبیری و فەرهەنگی وەک مۆرانە لە بەژنی درەختی زمانی کوردی ئاڵاون، بە بیانۆی ئەوەی هەڵەکان ڕاست دەکەنەوە و زانستییانە ڕەفتار لەگەڵ وشە و ڕستەکاندا دەکەن، بێ پەروا زمانی کوردی کلۆر دەکەن. ڕاستییەکەی تاکە مەترسی لەسەر زمانی کوردی خۆمانین، هەم لە خەمی بەرەو پێشەوە بردنیدانین، هەمیش کار لەسەر بە پێوەرکردنی ناکەین.

*** مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لەسەردەمی ئێستەدا کامانەن؟**

**ڕێکار ئەحمەد**: لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا، ئاماژەم بە مەترسی خودی خۆمان کردبوو، ئێستاش دەڵێم: مەترسی سەرەکی کەمتەرخەمی دەستەڵاتە، چونکە دەستەڵات دەتوانێ بەرنامەی گونجاو دابڕێژێ و لە فێرگەکاندا پیڕۆی بکات، بەتایبەتیش چونکە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پاراستن و پێشختنی زمان بەرپرسیارن، ئیدی بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەتوانن زمانی کوردی لە پاشاگەردانی بپارێزن و گەشەی پێ بدەن. ڕاستییەکەشی ئەگەر وەزارەتی

پەروەردە و خوێندنی باڵا بەرنامەیان نەبێ و هەوڵ بۆ زمانی پێوەر نەدەن، هەروەها وەزارەتی ڕۆشنبیری چاودێری ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی نەکات و بە وردی چاودێری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان نەکات، ئیدی ڕۆژ دوای ڕۆژ مەترسییەکان گەورەتر دەبنەوە. لە لایەکی دیکەوە جیهانی ئینتەرنێت دەلیڤەیەکی باشی ڕەخساندووە و دەروازەیەکی نوێی بە ڕووی پێشخستنی زمان کردۆتەوە؛ خەمخۆرانی زمان لە هەر شوێنێکدابن، دەتوانن پەیامی خۆیان بگەیەنن، ئەو وشانە بخەنە بەرچاوان کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە. هەزاران وشەی دێرینی زمانەکەمان لە گوند و ناوچەکاندا پارێزراون، بەڵام ناوەندە فەرهەنگییەکان یان نایانزانن یان فەرامۆشیان کردوون، لەوانەیە شارنشینان هەر گوێشیان لێ نەبووبن، بۆیە لە ڕێی ئینتەرنێتەوە دەتوانرێ ئەو پەیڤانە کۆبکرێنەوە؛ بەتایبەتی ئەگەر خەمخۆرانی زمان، خەڵات بۆ ئەو کەسانە تەرخان بکەن کە وشەی فەرامۆش کراو وەبیر دەیننەوە و لە نووسینەکانیاندا دەکاریان دەکەن، لەوانەیە لە ماوەیەکی کوتدا هەزاران وشەی ڕۆخی مەرگ، زیندوو بکرێنەوە و لە نێو زماندا بەهرەمەند بکرێنەوە.

بە بڕوای من، مەترسییە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە لەکەمتەرخەمی دەستەڵات و بێبەندوباری کەناڵەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا خۆیان دەبیننەوە.

*** چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشە کردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** ئەگەر ویست و خواستی ڕاستین هەبێ، زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ زمانی کوردی لەو مەترسییانە دوور بخرێتەوە. بێگومان ئەگەر دەستەڵات بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و نیشتمان لەبەرچاو بگرێ، دەبێ کەسانی شارەزا و پسپۆر(دوور لە مەیلی حزبایەتی) بۆ نووسینی پەرتووکەکانی خوێندن و فێربوون ڕابسپێرێ؛ ئەو کەسە شارەزایانەش دەبێ مەیلی ناوچەگەرێتیان نەبێ و ئامانجیان پێشخستنی زمانی کوردی بێ. لە لایەکی دیکەوە، ڕاستییە نووسەر لە دەربڕینی ڕامان و بۆچوونەکانی خۆی ئازادە، بەڵام ئەگەر هێڵی سوور بۆ بەزاندنی زمان دابنرێ و ڕێ بە هیچ نووسەرێک نەدرێ تاکڕەوانە بیبەزێنێ، ئیدی هێدی هێدی لە باری شێوە و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتر دەبێ و باشتر گەشە دەکات.

وەزارەتی ڕۆشنبیری دەتوانێ بە نووسراوی فەرمی ڕێنوێنیەکانی خۆی بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، بۆ ناوەند و مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیری ڕەوانە بکات و لە ئەگەری سنوور بەزاندن، ئاگاداریان بکاتەوە وسزایان بدات ، هەروەها لە کاتی سەرپێچی، دەبێ هۆکاری سزادانەکە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکرێ. ڕاستییەکەی ئەگەر حزبی دەستەڵات ناوچەگەریێتی نەکات و لە خەمی زمانی کوردیدا بێت، دەبێ واز لە هاوێرکاری بهێنێ و پێشخستنی زمانی نەتەوەیەک بە ئامانج بزانێ و واز لە دنەدانی زارەکان بهێنێ. بێگومان ئەگەر یەکێتیی نووسەران و ڕۆژنامەوانانیش، زمان بە مەرجی سەرەکی بە ئەندامبوون بزانن، خۆی لە خۆیدا مەترسییەکان کەمتر دەبنەوە.

***چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** زمانی کوردی بۆ خۆی زۆر دەوڵەمەندە، دایکی زۆرینەی زمانەکانی جیهانە و لە وشەدا کورتی ناهێنێ، بەڵام بۆ فراوانکردن و هەڵبژاردنی وشەی گونجاو بۆ بوارەکانی زانستی و دیاردە هاوچەرخەکان، پێویستمان بە کۆڕی زانیاری یان ئەکادیمیایەکی بەهێز هەیە، بەڵام نابێ سەرۆک و ئەندامەکانیان بە فلتەری حزب تێپەڕبکرێن، پێویستە شارەزایانی هەموو زارەکان کۆبکرێنەوە، تەنیا مەرجیش شارەزایی و لێهاتوویی بێ. ئەگەر لە پێکهێنان و دیارکردنی ئەندامەکانی سەرکەوتوو بین، گومانی تێدا نییە کە ڕووبەڕووی هەموو پێشهاتەکان دەبینەوە و زمانی کوردیش سەرکەوتوو دەبێ.

*** نەتەوەی بێ زمان، نەتەوەی بێ نیشتمانە؟**

**ڕێکار ئەحمەد:** هەرچەندە زمان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە نیشتمانەوە هەیە، بەڵام مەرج نییە نەتەوەی بێ زمان، نەتەوەی بێ نیشتمان بێ. هەموومان دەبینین نەتەوەی قەرەج بێ نیشتمانی ماوەتەوە، تاکەکانی ئەو نەتەوەیە بە هەموو جیهاندا بڵاوبوونەتەوە و زمانەکەی خۆشیان پاراستووە. ڕاستییەکەی زمان کۆڵەگەی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەییە، ئەگەر زمان نەما، ئەو ناسنامە نەتەوەییە بۆ ناسنامەی نیشتمانی دەگۆڕێ. کورد زمانی تایبەتی خۆی هەیە و لەسەر خاک و نیشتمانی خۆیدا دەژی، بەڵام نەبوونی قەوارەی سەربەخۆ، ناچاری کردووە ناسنامەی ئەو نیشتمانە هەڵبگرێ کە

بەبێ ویست و خواستی ئەوەوە، ناوی لێنراوە. بۆ نموونە، کورد لە نێو سنووری جوگرافیای تورکیادا خاوەن خاک و نیشتمانی خۆیەتی، بەڵام بە ناڕەوا ناوەکەی لێ دزراوە و بە زۆرەکی ناوی تورکیای لێنراوە. کورد زمان و نیشتمانی هەیە، کەس ناتوانێ بڵێ کورد خەڵکی ئەم زێدە نییە و لە شوێنێکی دیکەوە هاتووە، ڕاستە خاکەکەی داگیر و دابەشکراوە و وڵاتی سەربەخۆی بە ناوی کوردستان نییە، بەڵام کورد وەکە نەتەوە زمانی خۆی هەیە، ئەگەرچی ناوی نیشتمانەکەیان لێ گۆڕیوە.

لە پێوەند بەم پرسیارە، زمانی باسکی بە نموونە دەهێنینەوە. لەساڵی ١٥٤٥زایینی یەکەم پەڕتووک بە زمانی باسکی چاپ کراوە، هەرچەندە زمانی باسکی پێوەندی بە هیچ زمانێکی دیکەوە نییە، لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زۆر کراوە و هەندێک جار گریمانەی ئەوە کراوە کە زمانی باسکی سەرچاوەی هاوبەشی لەگەڵ زمانە قەوقازییەکاندا هەبێت! بەڵام هەتا ئێستا ئەمە سەرڕاست نەکراوەتەوە، بۆیە وەک تاقانە زمانی یەک بنەماڵەکە لێی دەڕوانرێ، لەوانەیە تاکە زمانێک بووبێت لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، پێش پەرەسەندنی زمانی هیندۆئوروپی قسەی پێکرابێ. زمانی باسکی لە باکووری ئیسپانیا و باشووری ڕۆژئاوای فەرەنسا، نزیکەی حەفت سەت هەزار کەس، قسەی پێ دەکەن. لە ساڵی ١٩٧٨ وەک زمانێکی فەرمی لە ئیسپانیا ناسێنرا و ئێستا لە قوتابخانەی پارێزگاکانی گویپوزکۆا(Guipúzcoa)، ڤیزکایا(Vizcaya) و ئالاڤا(Álava) دەخوێندرێ، بەڵام وێڕای هەموو ئەوانەشەوە کێشەیەکی گەورە ی هەیە و وەک نەتەوەیەکی بێ نیشتمان پێوانەی بۆ دەکرێ. ڕاستییەکەی زمانی باسکی هەیە، بەڵام نیشتمانێک بەو ناوە نییە. لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین نەتەوەی خاوەن زمانی بێ نیشتمانی هەیە؛ نەتەوەی خاوەن نیشتمانی بێ زمانیش هەیە، زۆربەی وڵاتانی باشووری کیشوەری ئەمریکا زمانی خۆیان لە دەستداوە، بەڵام نیشتمانیان هەیە. هەروەها نەتەوە هەیە و لەسەر خاکی خۆیشی دەژی، بەڵام ناوی وڵاتەکە پێوەندی بەو نەتەوەیە نییە.

کازم عەباس زەندی:

# ئامانجیان بۆ پەرەسەندنی زارپەرستی و بەکەمزانینی زمانی کوردییە..

**• ئایا شتێک هەیە بەناوی زمانە کوردییەکان، لەکاتێکدا زمانەکەمان لەچەندان زارو بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە؟**

**کازم عەباس زەندی:** لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئەم زاراوە و شێوە دەربڕینە بۆ پێناسەی زمانی کوردی و زارەکانی، مەبەستەکی چەواشەکارانەی لە دواوەیە، کە ناحەزانی گەلەکەمان دایانهێناوە و لەلایەن نەزانانی خۆشمان دووپاتە دەکرێتەوە، چونکە لە هیچ زمانەکدا شێوەزار یان بنزار بە زمان دانانرێت تاوەکوو بڵێین هەمان کار لەزمانی کوردیشدا دەبێت، بۆیە نەخێر هیچ شتەک نییە بەناوی زمانە کوردییەکانەوە، بەڵکوو ئەوە شێوەزارەکانن، بۆ مەبەستی ئاژاوە ئەو ناوەیان لێ دەنێن، چونکە زمانی کوردیش وەک هەر زمانەکی سەربەخۆ لە چەندان شێوە ئاخاوتنەکی وەک (کرمانجی سەروو، ناوەڕاست، خواروو) پێک دەهێت، ئینجا بۆ شێوەزارەکان دابەش دەبێت، لە شێوەزارەکانیشدا چەندین بنزار و وەچەزاری بچووکتر بەپێی تایبەتمەندی ناوچەو دەڤەرو عەشیرەت پەیدا دەبێت، کە پەیوەندی و بناغەی دروستبوونی وشەو بنەما ڕێزمانییەکانیان هاوبەشە، ئەمەش وای کردووە ناحەزان چاویان بەم ڕاستییە هەڵ نەهێت، بۆیە هەوڵ دەدەن لەم ڕێگەیەشەوە ناکۆکی و ململانێ لە نێوانماندا دروست بکەن تاوەکوو بێجگە لە خاکەکەمان لەم ڕوانگەیەشەوە لە یەکترمان دوور بخەنەوە، چونکە دەزانن کورد وەک نەتەوە بەهۆی زمانەکەی یەک دەگرێتەوە، هەر بەزمانەکەشی دەتوانێت خۆی بپارێزێت و بمێنێتەوەو بەیەکتر ببەسترێتەوە .

ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەو شێوە دەربڕینە لەلایەن ناحەزانەوە، بۆ پەرەسەندنی زارپەرستی و بە کەمزانینی زمانی کوردییە، ئاودانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش لەپێناو ئەوەدایە کە هەر شێوەزارەک خۆی بە زمانەکی سەربەخۆ بزانێت تاوەکوو ئاخێوەرانی هەر شێوەزارەک لەژێر ئەو چەترە دەربچن کە زمانی کوردی بە یەکتریان دەبەستێتەوە، لە ئەنجامی ئەمەشدا دووبەرەکییەکی قووڵ لە شێوەی دابڕبوونی خاکەکەمان لە نێوان شێوەزارەکاندا دروست دەبێت کە لە دواتردا چارەسەر ناکرێت و یەک ناگرێتەوە، چونکە وادەکات ئاخێوەری هەر شێوەزارەک، شێوەزارەکەی خۆی بەهاوتای زمانەکە بزانێت، بێ گومان لەم حاڵەتەشدا زمانی کوردی لە ڕوانگەی ئاخێوەرانییەوە وەک زمانەکی سەرەکی و سەربەخۆ بۆ شێوەزارەکانی بچووک دەبێتەوە، ئاخێوەری کورد زمانی خۆی لە ئاست زمانە زاڵەکاندا نابینێت و هەردەم زمانە زاڵەکان بە جێگرەوەی زمانەکەی خۆی دەزانێت، چونکە ناتوانێت شێوەزارەکەی خۆی وەک ڕکابەرو زمانەکی هاوتا، بە هاوبڕکێی زمانە زاڵەکان بەکار

بهێنێت، بەم هۆیەوەش شێوەزارەکان لەجیاتی لێک نزیکبوونەوە، پەرتەوازە و بە یەکتر نامۆ دەبن، لەمەشدا ناحەزان ئەو ئامانجە دەپێکن کە مەبەستیانە، چونکە لەتەک دابەشکردنی خاکەکەمان دەتوانن لە ڕێی زمانەکەشمانەوە لە یەکترمان داببڕن، بۆیە وا دەخوازێت ڕووناکبیران و زمانەوانانی کورد لە ئێستادا بە هۆشیاری لێکدانەوە بۆ ئەم دەستەواژەیە بکەن و پێویستە بەکاری نەهێنن و ڕەتی بکەنەوە، چونکە بەکارهێنانی ئەم شێوە دەربڕینە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دوورخایەنەیە، کە دابڕکردنی نەتەوەی کوردە لە ڕێی زمانەکەیەوە .

**• ئایا زمانی کوردی هێشتا لەسنووری ترسناکی مان و نەمان دایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە ؟**

**کازم زەندی:** بەباوەڕی ئێمە زمانی کوردی لە ئێستادا ترسی نەمان و توانەوەی لەسەر نەماوە، چونکە پێگەیشتووە و گەشەی ئەدەبی تێیدا ڕوویداوە هەروەها لەو قۆناغەدایە کە بەکارهێنەرانی دەستەوەستان نینە لەدەربڕینی ئەو مەبەستەی کە لەبیرو هۆشیاندایە، ئەگەرچی ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕێڕەوە مێژووییەی کە زمانی کوردی پێیدا تێپەڕیوە، دەبینین هەردەم ترس و زەمینەی نەمان و توانەوەی لەباربووە، چونکە لەهیچ سەردەمەکدا دەسەڵاتەکی سەرتاسەری بەناوی کورد و زمانەکەی نەبووە، ئەوەی لە میرنشینە ناوچەییەکانیشدا بەدی دەکرێت، هەرگیز لە خزمەتی زمانی کوردیدا نەبووە، چونکە خەمی زمانیان بە خەمی خۆیان نەزانیوە، بەردەوام زمانەکی دیکەیان لە ڕێی پەیڕەوکردنی ئاین و لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا بەسەردا زاڵ بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکەمان بەهۆی پتەوی بنەما ڕێزمانییەکان و ڕەگ و ڕیشە بەهێزەکەی لە دروستبووندا هەر ماوەتەوەو نەمردووە، ئەوەی واشیکردووە لەسەردەمە کۆنەکاندا نەمرێت و نەتوێتەوە، لەڕاستیدا ئاخیوەرە دوورە دەستەکانی گوندو چیانشینە نەخوێندەوارەکانی بووە، چونکە بەردەوام ئەم چین و توێژە زمانەکەیان بەپاکی ماوەتەوە و کاریگەری هیچ زمانەکی زاڵیان لەسەردا نەبووە، ئەمەش وایکرد لە پلەی یەکەمدا، زمانی کوردی لە ڕێی نەخوێندەوارانی بپارێزرێت، ئینجا بەهۆی خوێندەوارانی لە ڕێی شیعرو دەنگبێژی و چیرۆکخوانە پشتاو پشتەکان سنووری نەمان و مردن تێ بپەڕێنێت.

لەسەردەمی نوێشدا، لەدوای دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان ئەگەرچی نزیکەی سەدەیەک زیاتر دەبێت داگیرکەرانی کوردستان قەدەغەی دەکەن و بە بەرنامەی بۆ داڕێژراو هەوڵی نەمان و تواندنەوەی دەدەن، بەڵام دەبینین ئەم کارەشیان سەری

نەگرتووە، چونکە ئەقلی ئاخێوەرو زمانی کورد پێگەیشتنووە، بۆیە ئەگەر لەئێستادا زەمینەی بۆ بسازێت و لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا بەکار بهێنرێت هیچی لە زمانە زاڵەکان کەمتر نابێت، لە هەمانکاتدا هەست و هۆشیاری ئاخێوەرو خوێندەوارانیشی گەیشتۆتە ڕادەیەک کە زمان بە هۆکاری مانەوەی خۆیان دەزانن، بۆیە بە پیرۆز لێی دەڕوانن، نەک وەکوو ئەوەی کە ئاخێوەرانی لە سەردەمە کۆنەکاندا بیریان دەکردەوە، کە لە بێ هەستیان لە گرنگی زمان بۆ دواڕۆژی گەل و نەوەکانیان، زمانە زگماکەکەی خۆیان بە کەمترو بە هاوتای زمانە زاڵەکان نەدەزانی، چونکە واتێگەیشتبوون و وایان تێ دەگەیاندن کە زمانەکانی دیکە لە زمانی کوردی پیرۆزو باڵاترن لە کاتەکدا هەموو زمانەکان وەکوو یەکن، بەڵکوو ئەوە دەسەڵاتەکان بوون بەمەبەستی خۆ زاڵکردن ، زمانی خۆیان لە ڕێگەیەکەوە بەسەر زمانی کوردی ژێردەستەدا دەسەپاند .

*** مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لەسەردەمی ئێستەدا کامانەن ؟**

**کازم زەندی:** بەباوەڕی ئێمە بایەخی زمان هەر لەوەدا نییە کە ئاخێوەران قسەی پێ بکەن و لەنێو ماڵەکاندا بهێڵرێتەوە، بەڵکوو دەبێت لە بواری خوێندن و نووسیندا وەک پرۆسەیەکی نەپچڕاوو لێک دانەبڕاو بەکاربهێنرێت تاوەکوو لە داهاتوودا گەشەی زمانەکە دەربکەوێت و ببێتە هۆکارەک بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگای دەوڵەت و حوکمڕانی ... گرێدەری بژێوی ڕۆژانەی خەڵک و پەیوەستکەری کاری ئابووری و دروستکردنی بەرژەوەندی ... سەرچاوەی ڕاگەیاندن و دەربڕینی ئەدەبی ... ئاوێتەکردنی شێوەزارە جیاوازەکان و بەستاندارکردنی ......تاد بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هەر میللەتەک تا ژێردەستە بێت، زمانەکەی بەپێی پێداویستییەکانی خۆی خزمەت ناکرێت، چونکە لە هەموو بوارەکاندا زمانی زاڵ لە شوێنیدا بەکار دەهێنرێت، لەم حاڵەتەشدا زمانی ژێردەستە بێ بایەخ دەبێت، چونکە ئاخێوەرانی بەناچاری هانا بۆ فێربوونی زمانی دیکە دەبەن و بژێوی ژیانی ڕۆژانەو بەرژەوەندی گوزەران و ئابووری خۆیان و خوێندن و نووسینیان بە زمانی زاڵەوە گرێ دەدەن، لەمەشدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ئێستادا سەرەکیترین مەترسی لەسەر زمانی کوردی بێ بایەخکردنیتی لە هەموو بوارەکاندا، گرنگترین بواریش بواری خوێندن و کارکردنە، چونکە ئەگەر زمان لەم دوو بوارەدا وەلابنرێت، ئەو بایەخەی نامێنێت کە پێویستە هەیبێت .

هەروەک دەزانین زمانی کوردی ئەگەر لەبەکارهێناندا قەدەغەش نەکرابێت، بەڵام بەردەوام بە پلانی دەسەڵاتداران هەوڵی بێ بایەخکردنی دەدرێت و لە زۆربەی بوارەکاندا فەرامۆش دەکرێت، لەمەشدا هەردەم ئەو پاساوە دوولایەنە بەکار دەهێنرێت، کە دەڵێن پێویستە مرۆڤ گرنگی بەزمانی دیکە بدات بۆ ئەوەی بێجگە لە زمانی خۆی زمانی تریش فێرببێت، ئەم وتەیەش لەبەر ئەوە بە دوولایەن دادەنرێت، چونکە لە دوو ڕوانگەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لەلایەکەوە بەڕاست دەزانرێت، ئەگەر زمانەک پەراوێز نەخرابێت و لە بوارەکانی بەکارهێناندا هیچ گرفت و کۆسپەکی لە ڕێدا نەبێت، چونکە لەم حاڵەتەدا زمانەکە پارێزراو دەبێت، ئینجا ئاسۆی فێربوونی ئاخێوەرانی بەزمانەکی دیکەش فرەوان دەبێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ببێتە هۆی بێ بایەخکردنی زمانی دایک بەڕاست دەرناچێت، چونکە وادەکات زمانی دایک گرنگی خۆی لەدەست بدات و زمانەکی دیکە لەجیاتی ئەو بەکاربهێنرێت.

بەداخەوە ئەم وتەیە وای لە بیرکردنەوەی هەندێ کەسی بێ هەستکردووە، کە بە نەزانی بە ڕاستی بزانن، ئەمەش وای لە ناحەزان کرد، کە بە تەلەکەبازی بەکاری بهێنن، چونکە بۆ زمانەکی وەک زمانی کوردی کە هەڕەشەی لە ناوبردن و قەدەغەکردنی لەسەرە، وەک تەگەرەو کۆسپە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێت کە خوێندەوارو ئاخێوەری کورد، زمانی خۆیان لەبیر بکەن و بەزمانی دیکە بخوێنن و قسە بکەن، بۆیە پەیڕەوکردنی ئەم وتەیە بۆ ئێمەی کورد لە جێی خۆیدا نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە پێش نەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی لەمێژە ئەم وتەیە وەک پاساوەک لەلایەن داگیرکەرانەوە بەکاردەهێنرێت، بۆیە لەئێستادا بەرهەمەکەی لە نێوماندا دەرکەوتووە، چونکە وایکردووە هەندێ کەس بە پێی ئەم پاساوە زمانی دیکە لەجیاتی زمانی کوردی لە خوێندن و فێرکردندا بە پەسندتر بزانن.

لەکاتەکدا ئاخێوەری هیچ نەتەوەیەک، زمانی خۆیان فەرامۆش ناکەن بۆ ئەوەی زمانی تر فێرببن، پەیڕەوکردن و بەکارهێنانی ئەم پاساوەش لە کوردستانی باشووردا زۆر بەزەقی لە ئێستادا هەستی پێ دەکرێت، چونکە بە کردار ئەوەندەی بایەخ بە زمانی دیکە دەدرێت، زمانی کوردی هێندە بەهەند وەرناگیرێت، دیارترین بەڵگەش لەمەدا ئەوەیە کە زمانی دیکە لە خوێندندا پێشبەندی بۆ دادەنرێت و زمانی کار بەزمانی ترەوە گرێ دەدرێت .

**• چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوەو هاوکاتیش بەرەو گەشەکردن و بەخشینی تواناى ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لەباری فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەولەمەندتری بکەین ؟**

**کازم زەندی:** بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکان و بەدەستهێنانی ئەو مەبەستانەی کە زمانی کوردی پێش دەخەن، پێویستە لە سەرەتاوە زمانەکەی خۆمان بەهاوتای زمانان بزانین و لەسەر ئەو خاڵە کۆک بین کە زمانی کوردیش هیچی لەزمانە زاڵەکان کەمتر نییە، ئینجا هەوڵ بدەین زەمینەی خزمەتکردنی لە پرۆسەی فێرکردن و خوێندندا بۆ برەخسێنین لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی بژێوی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی پێ فەراهەم بکەین، چونکە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین گەشەی زمانەکەمان لە بارەی فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەنتر بکەین و بەتایبەتمەندییەکانی خۆیەوە بەسەردەمی نوێی ببەستینەوە، هەر بەم هۆیەشەوە دەتوانین ڕووبەڕووی گرفتەکانی ببینەوەو لە پاشەگەردانی ڕزگاری بکەین، بەڵام ئەمە بە هەستەکی پاک و دڵسۆزی دوور لە شێوەزار پەرستی و لە ڕێگەی پاڵپشتی دەسەڵاتەکی خەمخۆرو لێزان و بە شارەزایانی زمان دەکرێت کە خەمی زمان بەخەمی خۆیان بزانن نەوەکوو بەکۆمەڵە خەڵکەکی بڕیار بەدەستی، هەڵپەرست و نەزان، کە زمانی دیکە لە زمانە زگماکەکەی خۆیان بە شایستەتر بزانن، تا بە زمانەکی دیکە بیر نەکەنەوە نەتوانن بە تایبەتمەندی زمانی کوردی شیکردنەوە بۆ هیچ بابەتەکی زمانەوانی بکەن .

**• چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مۆدێرنەکاندا فرەوانتر بکەین ؟**

**کازم زەندی:** ئاشکرایە کە زمان جەستەیەکی زیندووە لە هەمانکاتدا وەک نەمامەکی ساوایە، چونکە هەردەم لە جوولەو لە گۆڕاندایە، بۆیە پێویستی بە خزمەتکردنە، خزمەتکردنیشی پەیوەستە بە بەکارهێنانی لە هەموو بوارەکاندا، کە وادەکات لە خالەکدا ڕاناوەستێت و بەردەوام لە گەشەکردندا بێت، زمانی کوردیش وەک هەر زمانەکی دیکە ئەگەر بەپێی پێویست و بە تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە خزمەت بکرێت و دەرفەت و بایەخی بۆ دروست بکرێت، دەتوانین لە هەموو بوارەکاندا بیگونجێنین و سوود لە توانستەکانی وەربگرین، هەروەها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ زانست و دیاردە سەردەمییەکانیشدا دەتوانین بەکارهێنانی فرەوانتر بکەین، تەنانەت ئەو سنوورەش تێ بپەڕێنێت کە خەیاڵ و ئەندێشەی تاکی کورد  پێویستی پێیەتی.

## تاریق هەمەوەند:

# بۆ زمانی هیچ نەتەوەیەکی دیکە شیاو نییە، کە زارەکانیان؛ بە زمانەکان نێوژەن بکرێن

*** ئایا شتێک هە یە بەناوی زمانە کوردییەکان، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە؟**

**تاریق هەمەوەندی**: نەک تەنها بۆ زمانی کوردی، بۆ زمانی هیچ نەتەوەیەکی دیکە شیاو نییە، کە زارەکانیان؛ بە زمانەکان نێوژەن بکرێن. زمان؛ شوناسی نەتەوەیەک دیاردەکات. گەر بە زارەکان بگوترێت زمان، ئەوا هەریەک لە زارەکان دەبنە نەتەوەیەک. گریمان هەریەک لە زارە کوردییەکان برێتین لەزمانێکی جودا، کە هیچ کامیان ناویان (کوردی) نییە، بەڵکو پێکڕا ناویان زمانی کوردییە. ئەوسا چەند نەتەوەیەکی نوێ دەکەونەوە»کە نیشانەکانی بە نەتەوەبوونیان تێدا بەدی ناکرێت» وەک: نەتەوەی کرمانج، نەتەوەی سۆران، نەتەوەی هەورامان، نەتەوەی گۆران... هتد، ئایا شتێک دەمێنێتەوە بە ناوی نەتەوەی کورد؟! وە ئەگەر نەتەوەیەکیش هەبێت بە ناوی کوردەوە. دارای چ زمانێک دەبێت و جێکەوتە جیوگرافیایەکەی دەکەوێتە کوێی ئەم نەتەوانەوە؟!

نەبوونی زمان، بە واتای نەبوونی نەتەوە دێت. چونکە زمان نەتەوە دروست دەکات. هەر لە ڕێی زمانیشەوە دەتوانرێت، بە سەپاندنی بە سەر زمانی نەتەوەیەکی دیکەوە، پاکتاوی نەتەوەکە و زمانەکەی بکرێت. گەر ئەو گریمانەی سەرەوە بلوێت، ئەوا چەند نەتەوەیەکی نوێ دروست دەبن و دەبێتە هۆی پاکتاوکردنی زمانی کوردی. گەر بنۆڕینە نەتەوەکانی ئەمەریکای باشوور، یان باشووری ئەفەریقا، بە هۆی زاڵبوونی زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی ئیسپانی و پۆرتوگی و... هتد، زمانی ڕەسەنی خۆیان و شوناسی خۆیان لە دەستداوە، یان هێندێکیان، زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان لە پلەی دووەمدایە. زۆربەی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی کە ئەمڕۆ هەن، لە ئەسڵدا عەرەب نەبوون، بەڵام دوای زاڵبوونی زمانی عەرەبیی بەسەریاندا، زۆربەی نەتەوەکان شوناسی خۆیان لە دەستداوە و بەعەرەب هەژمار دەکرێن. هەندێکیشیان شانازیی بە عەرەب بوونیانەوە دەکەن و تەنانەت شوناسی هەندێ لە دەوڵەتەکانیشیان عەرەبییە، بۆنموونە: الجمهورية العربية السورية، جمهورية مصر العربيه ... هتد. هەر لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوەیە کە نەتەوە ڕەسەنەکان پاکتاوکراون و شوناسێکی نوێ بە بەریاندا کراوە، کە برێتییە لە( امة عربية). وەک ئاشکرایە، جگە لەوەی کە زۆربەی ئەو نەتەوانە لە ئەسڵدا عەرەب نیین، بەڵام لەدوای بوونیان بە عەرەب و

بەهۆی پەرەسەندن و گەشەی زمانەوە، چەندین زاری جودا کەوتوونەتەوە. ڕەنگە ئەگەر میدیا و ڕاگەیاندەکان نەبووایە، کە بۆتە هۆی شارەزاییان لە زارەکانی یەکدی، زۆر بە ئەستەم، عەرەبێکی عێراقی دەیتوانی لە عەرەبێکی میسری یان عەرەبێکی مەغریبی بگات. ئایا ڕەوایە بەو زارە عەرەبییانە بگوترێت: زمانە عەرەبییەکان. بۆ زارە فارسییەکانی ناو ئیران و ئەڤغانستان و تاجیکیستانیش بە هەمانشێوە. ئایا شتێک هەیە بە ناوی زمانە فارسییەکان؟! کەچی توێژەرێکی فارسزمان، یان عەرەبزمان، یان خۆرهەڵاتناسێک، زۆر ئاساییە بەلایانەوە کە لە پێناو خزمەتکردنی ئەجێندایەکدا، زارەکانی زمانی کوردی لێک بترازێنن. ڕەنگە بەلایانەوە ئاسایی بێت، بەڵام ئاسایی نییە و کارەساتبارە کە توێژەرێکی کورد، بۆ مەبەستێکی تاکەکەسی، یان ناوچەگەرایی، بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی ئەوان، هەمان گوتاری هەبێت.

زۆربەی ئەو دەوڵەتانە، تەنها لە ڕێی زمانەوە توانیویانە کە پاکتاوی نە تەوە و زمان بکەن. بەڵام دەوڵەتی تورکیا لە ڕێی پلانێکی شۆڤینیانەوە و زۆر زیرەکانە و بەمەبەست، لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، هەر بەوە نەوەستان، بەڵکو ناوی وڵاتەکەیان بە ناوی زمانی تورکەوە نێوژەن کرد، کە بریتییە لە « کۆماری تورکیا. هەر بۆیە هەموو نەتەوەکانی ناو ئەو وڵاتە، بە تورک هەژمار دەکرێن، چونکە هەڵگری ڕەگەزنامەی تورکیین، کە نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانە. کە لێرەدا ( Nationality) زاڵ بووە بەسەر(Ethnicity ) دا ، هەربۆیە نەتەوەی کورد، بە (ئوممەی) تورکی هەژمار دەکەن و ئەو مافە بە خۆیان دەدەن کە نەتەوەی کورد؛ بە تورکی شاخاویی نێوژەن بکەن. خۆ ئەگەر بێت و زاری کرمانجی، بە زمانی کرمانجیی هەژمار بکرێت و شوناسیی کوردیی لە دەست بدات، ئیدی ئەوەی کە ڕژێمی تورکیا لە ئاسمان بۆی دەگەڕێت، بۆی دێتە سەرزەوی.

***ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەمان دایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە؟**

**تاریق هەمەوەندی**: زمانی کوردیی لە سەر سنوری مان و نەماندا گیری خواردووە. ئەمڕۆ زمانی کوردی لە ڕیزەی زمانە زیندووەکانی جیهاندایە. خۆشبەختانە دارای گرامەرە « هەرچەندە کەموکوڕی زۆرە»، وە دارای سەدان کتێب و دەیان

ڕۆژنامەو گۆڤارو، دەیان دەزگای میدیاییە. لە بەرئەوە مەترسی نابوتبوونی لەسەر نەماوە. بەڵام بە داخەوە سەرباری ئەوەی کە هەلێکی لە باری بۆ ڕەخساوە بۆ گەشەکردن، بەڵام پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە خۆوە نەدیوە. ئێمە لە هەر شتێکدا دوژمنان تاوانباربکەین، دەبێت لەم ڕووەوە سەرزەنشتی خۆمان بکەین. بەتایبەتی ئەوە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە، لە کوردستانی باشور قەوارەیەکی تایبەت بە خۆمان هەیە، کەچی هەنگاوی پێویست نەنراوە بۆ بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی. کە بە پلەی یەکەم ئۆباڵەکەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتداران. بەپلەی دووەمیش دەزگاکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و ناوەندە ئەکادیمیەکان. هەروەها ئەو پاشاگەردانییەی کە لە ناو زماننناساندا هەیە، کە هەریەک لە ئاوازێک دەخوێنێ و هیچکەس نامەی ئەوی دی ناخوێتەوە. هەڵبەتە نابێت هەوڵ و کۆششی کەسانێک نادیدە بگرین، کە هەوڵیان داوە و ماندوونەناسانە خزمەتیان بە زمانی کوردی کردووە، بەڵام بە داخەوە کە تواناکانیان سنووردا رە و بە هەوڵ و کۆششی خۆیان خۆبەخشانە کاردەکەن و لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کۆمەک نەکراون. هەروەها دەتوانم بلێم کە گەندەڵیی ئەم سێکتەرەیشی گرتۆتەوە. گەر بودجەیەکیش بۆ ئەم مەبەستە دیاری کرابێت، ئەوا دەچێتە گیرفانی کەسانی ناکارە و مشەخۆرانەوە. ئەگینا شیاو نییە، کە زمانی کوردی بەشێوەیەکی ڕەسمی و لە دەستوری عێراقدا چەسپێنراوە. کە چی نەک لە نێوەند و باشوری عێراقدا کاری پێناکرێت، بەڵام لە ناو خودی هەرێمیشدا فەرامۆش کراوە. ئەمە نموونەی نووسراوێکی وەزارەتـی ناوخۆی هەرێمی کوردستانە (وةزارةتـی ناوخؤ). ، تا پارساڵیش لە وێبسایت(تەونگە)ی سەفارەتە عێراقییەکاندا، بەشی زمانی کوردییشی تێدا بوو، بەڵام پەڕگەکەی بۆش بوو و نووسرابوو» کاری تیدا دەکرێت»، کە چی ئێستا ئەوەیشیان لابردووە.

هۆیەکی دیکەی پاشەکشەی زمانی کوردیی، خودی هەندێ لە « بەناو زمانناسانن». کە لە بری بەرەو پێشبردنی زمانەکە، بە رەو دواوە دەیگەڕێننەوە. چونکە هیچی نوێیان پێ نییە، بوونەتە خۆرکە و شێرپەنجەی زمانەکە. بۆ نموونە چەندین وشە و دەستەواژەی کوردییان توڕداوە و لە بەری ئەوە، وشەی داڕێژراوی ناقۆڵایان داڕشتووە، بۆنموونە : لە لایەن ئە و کەسانەوە، « زیندان» گۆڕدراوە بۆ « گرتووخانە. « مردن» گۆڕاوە بۆ « گیانلەدستدان». « خۆڕایی»

گۆڕاوە بۆ» بێبەرانبەر». « کۆڵەوار» گۆڕاوە بۆ « خاوەن پێداویستیی تایبەت». « باردار» گۆڕاوە بە « سکپڕ- زگپڕ». « بیستەر» گۆڕاوە» بۆ « گوێ بیست!». « بومەلەرزە» گۆڕاوە بۆ « زەمین هەژە». « ڤورکان» گۆڕاوە بۆ « گڕکان» و ... هتد . مەترسییەکی دیکەش ئەوەیە کە هێندێ زمانناسی کورد، لە زاری گەڕەک و گوند و شارەکەی خۆیان بەولاوە، شارەزای هیچ کوام لە زارەکانی دیکە نیین و خۆیان کردۆتە کارێزمای زمانی کوردیی و، لە بارەی زمانی کوردییەوە زانیاریی نادروست دەدەن، کە چی گوێیان لێ دەگیرێت، تەنها لە بەر ئەوەی کە ئەکادیمین. یان ماڵوێرانی لەودایە کە کەسێک زمانناس بێت و واتای وشەی ( کار) و ( کردار) واتا ( عمل) و( فعل) لێک جودا نەکاتەوە، بۆنموونە : «کرداری ڕابردوو» ی گۆڕیوە بۆ « کاری ڕابردوو»، واتا « فعل الماضي» ی گۆڕیوە بۆ» عمل الماضي». یان « مهنة» و « عمل» لێک جودا ناکاتەوە، پاشگری «کەر» ی گۆڕیوە بۆ» کار»، بۆنموونە «فێرکەر» ی گۆڕیوە بۆ» فێرکار». یان « ڕاگەیاندنکار» بە مانای چی دێت ؟. یان وشەی «چالاک» کە بە مانای ( ناشط) دێت، بۆچی بگۆڕدرێت بۆ « کارا»؟! ئەمە ئەو گوتەیەمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێت: چاکی مەکە با خراپ نە بێت.

***مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لەسەردەمی ئێستەدا کامانەن؟**

**تاریق هەمەوەندی:** سەرەکیترین مەترسیی بۆ سەر زمانی کوردیی، نە بوونی زمانێکی ستانداردە. لەوەش بە دواوە نەمانی ئەم قەوارەیەی ئێستا و باڵادەستیی حکومەتی مەرکەزییە. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا، حکومەتی هەرێم هیچ هەنگاوێکی جددی نەناوە بۆ بە ستاندارد کردنی زمانی کوردیی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بە هۆی ناکۆکیی حیزبیی و ناوچەگەراییەوە، هەنگاو بەرەو جووتستانداردی نراوە، کە ئەویش مەترسییەکی دیکەی پەرتبوونی زمانەکەیە. بەڵام هێشتا هیوایەک لە ئاسۆوە بەدی دەکرێت. بە نابوتبوونی ئەم قەوارەیە، خۆری زمانی ستاندارد بەرەو ئاوابوون دەچێت. زمان لە ڕێگەی پەرەسەندن (Evolution )ەوە هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەر ئەوپەرەسەندنەیە کە ئەو هەموو زارە جێوازانەی سازاندووە. زمانی ناستاندارد بە شێوەی خۆڕسکانە گەشە دەکات. بەڵام زمانی ستاندارد، گەشەکردنی خۆڕسکانە دەوەستێنێت گەشەی زانستیی جێگەی دەگرێتەوە.

لە زمانی ناستانداردا ، زارەکان زۆر بەخێرایی پەرە دەستێنن، هەر یەکەو بە ڕێچکەیەکی جێوازدا پەرە دەستێنن، تا دەگاتە ئەوەی زۆر لێکدی دوور بکەونەوە و لە کۆتاییدا هەر یەکەیان ببنە زمانێکی سەر بەخۆ و لە کۆنترۆڵ دەردەچن. کە ئەمە مەترسییە گەورەکەیە.

زۆربەی ئە و مەترسییانەی سەرەوە پێوەندن بە بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە. بەڵام زمانی کوردیی تەنها موڵکی هەرێمی کوردستان نییە. بۆیە مەترسییەکی دیکەش، وڵاتانی دەوروبەرن، کە ترسناکترییان دەوڵەتی تورکیایە، کە بەشێوەیەکی سیستماتیک، کار بۆ نابوتکردنی زمانی کوردیی دەکات.

***چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشە کردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟**

**تاریق هەمەوەندی**: دوورخستنەوەی زمانی کوردیی لەمەترسی. بە بنبڕکردنی ئەو کۆسپانە دێت کە بوونەتە هۆی مەترسیی لەسەر زمانی کوردیی. یەکەم هەنگاو برێتییە لە پەلە کردن لە سازدانی زمانی ستانداردی کوردیی. ئەویش کاری تاکە کەسی نییە و پێویستیی بە ناوەندێکی ئەکادیمیی نەتەوەییە. پێکهاتبێت لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا و دڵسۆز، دوور بەرژەوەندیی تایبەت و هەڵگری هزری ناوچەگەرێتی. لە هەمانکاتییشدا ڕیفۆڕم لە ڕێزماندا بکرێت، بە جۆرێک کە لە گەڵ زۆربەی زارەکاندا بگونجێت، چونکە ئەم ڕێزمانەی ئێستا سەرباری کێماسیەکانیی، خواستی هەموو زارەکان دەستەبەر ناکات.

***چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟**

**تاریق هەمەوەندی**: زمانی کوردیی زمانێکی دەوڵەمەندە. لە ڕووی واتاسازیی و وشەسازییەوە هیچ گرفتێکی نییە. دڵنیام گەر ناوەندێک هەبێت و بە جددی کاری بۆبکات، زۆر بە ئاسانیی دەتوانێت، هاو تەریبی زانست و دیاردە نوێینەکاندا تەشەنە بکات. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا، یەکەم شت دەبێت ، ڕیفۆڕم لە ڕێزمانەکەیدا بکرێت. دووەم دەستبەرداری ئەو وشەسازی و دەستەواژەسازییە باوە بین کە هەیە، کە برێتییە لە وشە ڕیزکردن. لە ڕێی زانستی بێخناسییەوە

دەتوانیین، کە ڕێزمانی کوردیی کۆن زیندوو بکەینەوە، بۆ دارشتنی دەستەواژەی نوێ و کورت و واتادار زۆر بەسودە. بەڕاستی زۆر مایەی شەرمەزارییە لە بری وشەیەک، ڕستەیەک بسازێنیین، بۆنموونە بە « متكبر» بگوترێت « خۆبەزلزان»، ئەمە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە، هیچ بەهایەکی زانستیی نیەوهیچ هونەرێکیشی تێدا نییە، بەڵکو ئەمە ڕستەیەکەو برێتییە لە ڕوونکردنەوە ( شرح) (Description)، کە برێتییە لە چوار وشە ( خۆ+ بە+ زل+ زان) و خەسڵەتی بکەر ڕووندەکاتەوە. یان وشەی ( ڕاگەیاندکار) ( ڕا+ گەیاندن+ کار). وشەی « بەرژەوەند»، کە هەرچەندە وشەیەکی جوانە و خۆی بە مانای ( مصلحي) دێت. کە لە (وەرژە+ وەند) هوە هاتووە کە ( وەرژە) وشەیەکی لەکی و کەڵهوڕییە، بە واتای ( لەپێش) دێت، ( وەند) یش بەواتای ( بەند) دێت، کە بە فارسی دەبێتە ( برجا بند)، واتا ( کەسێک کە بیەوێت لە پێش کەسانی ترەوە بێت)، گەرخودی وشەی ( بەرژەوەند) بە مانای ( مصلحي) بێت و ( بەرژەوەندی)یان ( برجابندی) بە مانای ( مصلحة) بێت. ئیدی چ پێویست دەکات جارێکی دی لە بری وشەی (مصلحی) دەستەواژەی ( بەرژەوەندیخواز) دابرێژرێت؟ کە هێندەی ڕستەیەک درێژە. وشەی (درۆن)(Drone) کە لە زمانی ئینگلیزییدا بە مانای ( جۆرە هەنگێکیی نێرینە) دێت، کە چزوی نییەو لاشەی دوو هێندەی لاشەی هەنگە کارکەرەکان و چاوەکانی لە چاوی هەنگە کارکەرەکان گەورەترن وکار ناکات و توانای هەڵگرتنی شیلەو هەلاڵەی نییە، بە خێراییەکی زیاتر لە هەنگەکانی دیکە دەفرێت، بۆ یە لە کاتی دەرچوونی شاژندا، شانبەشانی شاژن دەفرێت، ئەرکی سەپەرەشتی و چاودێریکردنی شاژن لە ئەستۆ دەگرێت. ئایا ناکرێت بۆ (درۆن) وشەی ( نێرەنگ)داتاشین؟ کە لە دارشتنی ( فڕۆکە+ی+ بێ+فڕۆکە+وان) باشترە. کە ئەمیش وشە ڕیزکردنە. خۆ ئەگەر وشەسازی برێتی بێت لە وشە ڕیزکردن، ئێمە چ پێویستمان بە زمانناس هەیە، هەموو تاکێکی کورد دەتوانێت زمانناس بێت. من دڵنیام گەر زمانناسی کورد، هزرو بیری خۆی بەتەواوی بخاتە گەڕ ، بە دڵنیییایەوە دەتوانێت زۆر بە ئاسانی زمانی کوردی بە رەوپێش بەرێت و بە بەردەوامییش پەرەی پێ بدات.

ئامانج شاکەلی:

# دەستەڵاتی کوردی بە بڕیارێك زمانی کوردی دوو لەت کرد

***ئایا شتێک هه یه بەناوی زمانە کوردییەکان، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە؟**

**ئامانج شاکەلی:** وەڵامی ئەم پرسیارە هەروا ئاسان نییە؛ چونکە سەرهەڵدانی ئەو بۆچوونە کە باس لە ‹‹زمانە کوردییەکان›› دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێخستن و خزمەتنەکردنی زمانی کوردی لە لایەن ئێمەی کورد لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هەوڵ و تەقەللای ناحەزانی کورد لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی پایە فەرهەنگییەکانی نەتەوەکەمان؛ ئەوەش بە گوێرەی پیلان و نەخشەی ورد و زیرەکانە داڕێژراو. دەنا گشت زمانەکانی دنیا لە زار و بنزار پێکهاتوون، بەڵام ئەوان زمانێکی ستانداردی یەکگرتوویان لەو زار و بنزارانە دروست کردوە. دەوڵەمەندی و جوانیی زمانیش لە زۆری زار و بنزارەکانییەوەیە، چونکە هەر دەڤەرێک، گوندێک، هۆزێک لەوانەیە ناو، یان وشەیەکی تایبەت بۆ کارێک یان شتێک بەکار بهێنێت؛ تەنانەت ڕێک دەکەوێ لە داڕشتنی ڕستەشدا جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەبێت. زمانی ستاندارد هەموو ئەو ناو و وشە و دەربڕین و ڕستانە لە فەرهەنگی یەکگرتوودا کۆ دەکاتەوە؛ بەڵام ئێمەی کورد تا ئەم ساتە نە ئەو فەرهەنگە یەکگرتووەمان هەیە و نە دەستگە و دامەزراوەیەکی توانا و پسپۆڕیشمان بۆ دانانی ئەو فەرهەنگە هەیە.

دەگوترێ لە زمانی عەرەبیدا پتر لە سەد ناو بۆ شێر هەیە، خۆ مەرج نییە هەموو عەرەبێک ئەو سەد ناوە بزانێت! بەڵام زمانەوانی عەرەب بۆ خزمەتکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیان گشت شار و گوند و هۆبەی سەرزەوینەکەیان گەڕاون و لە هەر کوێیەک، وشەیەک، ڕستەیەک، ئیدیۆمێکیان بیستبێ، نووسیویانەتەوە و شاکارێکی وەکو (لسان العرب) و (المنجد)یان لێ پێک هێناوە. فارس فەرهەنگی (دهخدا) و فەرەنسی (لارۆس) و ئینگلیز (ئۆکسفۆرد)یان هەیە.

تا چەند ساڵی دوای ڕاپەڕین، لە باشووری کوردستان بە یەک زار لە فێرگە و خوێندنگەکانی سەرانسەری کوردستان دەخوێنرا، بەڵام دەستەڵاتی کوردی بە بڕیارێک زمانی کوردی دوو لەت کرد و ئەو پیلانە درێژخایەنەی دوژمنانی نەتەوەکەمانی جێبەجێ کرد و بە ڕەسمیی زمانی کوردی کرد بە دوو زمان!

خۆ دەکرا و ئێستەش دەکرێت، زاری کرمانجی ناوەڕاست بکرێتە بنەمانی زمانی یەکگرتووی کوردی و بە گشت زار و بنزارەکانی تر دەوڵەمەند بکرێت. وەک چۆن ئینگلیز و فەرەنسی و ئەڵمان و عەرەب و فارس و کێی تریش هەر وایان کردووە.

بۆیەش دەڵێم زاری کرمانجی ناوەڕاست بکرێتە بنەما، چونکە ئەم زارە بە درێژای پتر لە سەد ساڵ زمانی نووسینی ئەدەبی و سیاسی و دەوڵەتی بووە.

خاڵێکی یەکجار گرنگ کە نابێ خۆمی لێ ببوێرم، ئەمەیە: تاکە کۆڵەکە و بنەوانی نەتەوەیی کورد، زمانەکەیەتی، پەرت کردنی زمانی کوردی یان گەرمکردنی بانگەشەی (زمانە کوردییەکان) واتە لەناوبردن و هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری کورد! ئەمە بابەتێکی ترسناکە و دەبێ دەستەڵاتی کوردی و دەستگە و دامەزراوە پسپۆڕ و کەسانی شارەزای بواری زمانەوانی هەرچی زووترە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چاکی لێ بەلادا بکەن.. بێگومان، ئەوەش کاری ڕۆژ و دوو ڕۆژ و مانگ و دوو مانگ نییە، بەڵکو کارێکی سەخت و درێژخایەنە و حەوسەڵە و توانا و بیندرێژی دەوێ؛ دەبێ دوور لە گیانی ناوچەپەرستی و خۆخۆیی بکرێت و پشتیوانی و پاڵپشتیی دارایی و مەعنەوی بێسنووری پێویستە، بەڵام کاری نەکردە نییە.

پرۆسەی پێکهێنان یان دانانی زمانی ستاندارد، پرۆسەیەکی دیموکراسی نییە، کاری بە زۆرینە و کەمینەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە دەوڵەمەندی و گەشەکردنی ئەو زارە کە دەبێتە بناغەی زمانی ستاندارد.

**٭ ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەمان دایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە؟**

**ئامانج شاکەلی:** وا دەزانم هەرگیز زمانی کوردی ڕۆژگاری لە ئەمڕۆ سەختتر و ڕەشتری نەدیوە؛ زۆر بە سەیری ئەمەش بە پلەی یەکەم تاوانی دوژمنان نییە، بەڵکو هەر کوردەکە خۆی بووە بە دوژمنی قەستەسەری زمانەکەی! سا ئیتر بە هۆی زۆری و بۆری ئەو گشتە داو و دەستگە مێدیاییەکانەوە بێت، یان نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی بەهێز کە خزمەتکردن و گەشەپێدانی زمانی کوردی کردبێتە بنەما.

مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لەسەردەمی ئێستەدا کامانەن؟

وەک گوتم، جگە لە پیلان و نەخشەی زیرەکانە و وردی دوژمنان، نەبوونی پلانێکی زانستی بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی، کەمتەرخەمیی سیستەمی پەروەردە لە خزمەتکردنی زمانی کوردی، بوونی ئەو هەموو دەستگە مێدیاییانەی کە بەداخەوە زۆر نابەرپرسانە پاچ لە جەستەی بریندای زمانەکەمان دەدەن، مەترسییە سەرەکییەکانی سەر زمانەکەمانن. ئاخر لە هیچ کوێی دنیادا نەبووە، سیستەمی پەروەردەی وڵاتێک یان هەرێمێک لێ بگەڕێ لە قوتابخانە تایبەتییەکاندا زمانی نەتەوەیی خۆی پشتگوێ

بخرێت و نەوەی داهاتووی وڵاتەکەی بە زمانێکی بیانی پەروەردە بکات! لەوەش گەڕێین کتێبەکانی خوێندن و فێرکردنی قوتابخانە و ئامۆژگە و تەنانەت زانستگەکانیش لە چ ئاستێکی هەژار و خراپدان. منداڵی کورد لە فێرگەکەیدا بە زمانێک دەخوێنێت و لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە گوێی لە زمانێک دەبێ کە هیچ خزمایەتییەکیان لەگەڵ ئەو زمانەدا نییە کە لە ماڵەکەی خۆیاندا قسەی پێ دەکەن! کتێبەکانی خوێندن تژین لە هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووس، زۆرێک لە فێرگە و خوێندنگەکان وەک بابەتێکی لاوەکی دەڕواننە زمانی کوردی، نەخاسمە لە فێرگە تایبەتییەکاندا زمانی کوردی هەر بە تەواوەتی پشتگوێ خراوە.

دەستگە مێدیاییەکانی کوردستان ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبێ، زمانی کوردییە. کار گەیشتووەتە ڕادەیەک، هەر وێستگەیەکەی تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ زمانێکی تایبەت بە خۆی داهێناوە و کەسیش لێیان ناپرسێتەوە!

***چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشە کردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟**

**ئامانج شاکەلی:** پێشتر وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە، تەنها بڕیارێکی سیاسیی یەکگرتوو و یەکلاکەرەوە، دامەزراوەیەکی زمانەوانیی پسپۆڕ و کەسانی شارەزا و دڵسۆز دەتوانن ئەو ئەرکە گرنگ و چارەنووسسازە بەجێ بگەیەنن.

***چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟**

**ئامانج شاکەلی:** کە تۆ زمانی ستانداردت هەبوو، کە ڕێزت لە زمانەکەت گرت، کە سەرپەرشتی و چاودێریی زمانەکەت دایە دەست کەسانی شارەزا و دڵسۆز و پسپۆڕ، ئیتر زمانەکەش پێ بە پێ، لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردنی زانستدا پێش دەکەوێت و دەوڵەمەند دەبێت. واتە، ئیدی لە ئاست گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی زانست و تەکنۆلۆجیای سەردەمدا دانامێنێت. ئەوەی ئێستە لەم بەشەی کوردستاندا دەیبینم تەواو پێچەوانەیە.. زمانی کوردی وەک منداڵێکی بێکەس و بێدەرەتانی لێ هاتووە. ئەو گەنجینە نەتەوایەتییە مەزنە، ئەو شادەمارە ژیارییەی کوردایەتیی لەبەر پشتگوێخستن و خۆلێ نەبانکردن تا دێ و هەژارتر و وێرانتر و لاوازتر دەبێت.

## فرات جەوەری:

# زمانێ مە ژ چەند دەڤۆك و زاراڤایان پێك تێ لێ زمانەكە، كوردییە

گاڤا ئەحمەدێ خانی د بەرهەما خوە مەم و زین دە بەحسا کورمانجان دکە، ئەو نە ب تەنێ بەحسا کورمانج ئان ژی کورمانجیا کو ئەم ئیرۆ پێ دزانن دکە. ژ بۆ ئەحمەدێ خانی کورمانج؛ کورمانج، سۆران و زازا نە. بەرێ سۆرانی کورمانجیا ژێر بوو و کورمانجی ژی کورمانجیا ژۆر بوو. زازاکی کرمانجکی بوو. یانی هەرسێ زاراڤایێن سەرەکە ب کورمانجی ڤە دهات گرێدان. هەتا د هن چاڤکانیان دە، کورمانجی، وەک کورد مان ل جی تێ بناڤکرن. یانی دگەل زۆر و زلما ل سەر کوردان ژی دیسا کورد ل جهێ خوە مانە.

ڕاستە کو زمانێ مە ژ چەند دەڤۆک و زاراڤایان پێک تێ. لێ زمانەکە، کوردییە و ئەم ب هێسانی دکارن ببێژن زمانەکی ب ناڤێ زمانێ کوردی هەیە.

**-ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەمان دایە، یان ئەم سنوورەی بە رەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە؟**

**فرات جەوەر:** هەبوونا کوردان ب زمانێ وان ڤە گرێداییە، هەکە زمان بچە کوردیتی نامینە. ژ بەر کو دین و رەنگێ کوردان و سەردەستێن وان مینا هەڤن، تشتێ کو وان ژ هەڤ ڤەدقەتینە زمانە. ئیرۆ ل باشوور دەستهەلاتدارییا کوردانە، لێ گاڤا ئەز دچم باشوور، ئەز دبینم کو کارکەرێن ئۆتیل و ریستۆرانان ب کوردی نزانن. هەکە وەها دەوام بکە، ڕەوشا کوردی ل باشوور ژی دکەڤە تالووکەیەکێ. هەرچی ل باکورە، هەرچقاس گەلەک کەس و هن دەزگەهـ ل سەر زمانێ کوردی ڕادوەستن ژی، لێ پێلا ئاسیمیلاسیۆنێ خورتە. هەکە ل باکور زمانێ کوردی نەبە زمانێ پەروەردێ و ستاتویەکە فەرمی ژ زمانێ کوردی رە چێنەبە، ڕیسکا کو زمانێ کوردی نەمینە هەیە.

**-مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لە سەردەمی ئێستەدا کامانەن؟**

**فرات جەوەری:** مەترسیا هەری سەرەکە ئەوە کو دەستهەلاتداریان کوردان، پارتی و دەزگەهێن وان گوهـ نەدن زمانێ کوردی، وێ کوردی بێقیمەت ببە و بەر ب وندابوونێ ڤە بچە. هەروەها هەکە زمانێ کوردی نەبە زمانێ پەروەردێ، ژ

دبستانا دەستپێکێ هەتا ب ئونیڤەرسیتەیان زمانێ کوردی نەبە زمانێ خوەندنێ، نەبە زمانێ زانست و ماریفەتێ وێ زمانێ کوردی هێدی هێدی وندا ببە.

**-چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشە کردن و بەخشینی توانای رووبەروو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لەباری فۆرم و ناوەرۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟**

**فرات جەوەری:** نە تەنێ ب گۆتن و سلۆگانان، لێ دڤێ ئەم د ژیانا ڕاستی دە، د پراتیکێ دە ل سەر زمانێ کوردی ڕاوەستن. دڤێ ئەم هەول بدن کو زمانێ کوردی د هەر شاخی دە ب پێش بخن. ب خێرا ئەدەبیاتا دەڤکی زمانێ کوردی هەبوونا خوە پاراستبە و ل ئەدەبیاتا نڤیسکی وەرە ژی، ئەم دزانن کو د گەلەک واران دە، ژ بەر قەدەخەیا ل سەر زمانێ کوردی، د هن واران دە قەلس مایە. بۆ نموونە د وارێ تەکنیکێ دە. دڤێ ئەم هەول بدن کو زمانێ کوردی د وارێ فەلسەفی، ئابووری، تەکنیکی، فیزیک، کیمیا، ماتماتیک، ب کورتی د هەر واری دە ب پێش بخن و بگەهینن دەرەجەیا زمانێن دنیایێ.

**-چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مۆدێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟**

**فرات جەوەری:** گەلەک کەسێن کو ب شەخسی، ب کەدا شەخسی هەموو ژیانا خوە د بەر زمانێ کوردی دە بهوراندنە هەنە. دڤێ دەزگەهێن کوردان، دەستهەلاتداریا کوردان بوتچەیەکە ئابووری ژ ڤی واری رە ڤەقەتینە، ل دنیایێ کی شارەزایێن زمانێ کوردییە ل هەڤ بجڤینە، وان فینانسە بکە و بکە کو ئەو ب هەڤ رە فەرهەنگەکە بەرفرەهـ ئاڤا بکن. هەروەها ئەم دزانن کو ل دنیایێ گەلەک دۆکتۆرێن کورد، مرۆڤێن تەکنسیەن، یێن ئاسترۆنۆت، یێن د وارێن جهێ دە کەشفان دکن هەنە. ب ئالیکاریا ڤان کەسایەتییان زمانێ کوردی دکارە د وارێ زانستێ دە بەرفرەهتر ببە و بگەهیژە دەرەجەیا بلند.

ئاران ئەمینی:

# ناوهێنانی زمانە کوردییەکان بۆ مەبەستی سیاسی و دابەشکاریی کوردستان بووە

*** ئایا شتێک هەیە بەناوی زمانە کوردییەکان، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە چەندان زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە؟**

**ئاران ئەمینی:** لە ڕاستیدا پۆلێنکردنی زمان و زار ئەرکێکی زۆر قورسە، بەڵام بۆ زۆر کاروباری زمانیش وەک پەروەردە، زمانی ستاندارد، ئامادەکردنی کاتالۆگی زمانەکان، پێدانی کۆدی تایبەت بە زمانەکان، پەرەدانی تەکنۆلۆژییەکانی زمان و هتد بابەتێکی گرینگ و پێویستە. ئەگەر ئێمە ئیدیعا دەکەین کە زمانە کوردییەکانمان هەیە نەک زمانی کوردی بە چەند لق و زاراوە، دەبێت بەر لە ئیدیعاکە پێوەر و پێوانەی ئەو قسە ڕوون بکەینەوە.

بە گشتی دوو ڕێباز هەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی چەندایەتییەوە سنووری نێوان زمان و زاراوە دیار بکەین کە یەکەمیان تێگەیشتنی هاوبەشە لە نێوان ئاخێوەراندا و دووەمیان پێوانەی پەتیی زمانناسییە وەک جیاوازیی دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، وشەدان یان تێکەڵەیەک لەوانە. چونکە زمان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و جڤاکیدا دەور دەگێڕێت، زۆر جاران پێوەری تێگەیشتنی هاوبەش بە تەنیا ناتوانێت سنووری نێوان زمانەکان دیار بکات. بۆ نموونە تۆ هەرچی جیاکاری لە نێوان دوو زاری کوردیی ناوەندی و کوردیی ژووروودا بکەیت، بە دەگمەن کەسانێکت دەست دەکەون کە بڵێن زمانەکەی ئەوان کوردی نییە، بەڵکوو هەموویان بە تایبەتمەندیی زارەکەیانەوە خۆیان بە ئاخێوەری کوردی دەزانن.

چەند توێژینەوەیەک لەسەر تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان ئاخێوەرانی کوردیی ناوەندی لەگەڵ خوارو، هەروەها کوردیی ژووروو لەگەڵ زازاکی کراوە کە پیشان دەدات تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان ئاخێوەرانی زاراوەکانی کوردیدا زۆر بەرز نییە. ئەو توێژینەوانە سنووردارن و هەروەها ئەوپەڕی دوو زاریان لەبەر چاو گرتووە و هەوڵ دراوە توندترین حاڵەت لەبەرچاو بگیرێت کە ئاخێوەرانی ئەو زارانە بە هەر هۆکارێک پەیوەندییان لەگەڵیەکتری نەبووە. بەڵام پێدەچێت لەم سەردەمەدا کە میدیای کوردی گەیشتووەتە هەموو شوێنێک، ئاستی تێگەیشتنی هاوبەش زۆر زیاتر بووبێت. ئەوە بۆ کوردیی ناوەندی و کوردیی سەروو ڕەنگە بەرچاوتر بێت، چونکە زۆربەی میدیای کوردی بۆ ئەو دوو زارە تەرخان کراوە.

بەپێی پێوەری دووەم کە دانانی کۆمەڵێک پێوانە و پێوەری زمانناسییە، تا ئێستا توێژینەوەیەکی گشتگیر و ئۆبژێکتیڤی وامان لەبەر دەستدا نییە کە بڵێت بەم پێوەر و بەو پێوەر زمانە کوردییەکانمان هەیە نەک زمانی کوردی. بەپێچەوانەوە، توێژینەوەکان زیاتر داکۆکی لەسەر هاوبەشی و لێکچوونەکانی نێوان زارەکان بە تایبەت لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا دەکەن. ناوهێنانی زمانی کوردی بە ناوی زمانە کوردییەکان و بەکارهێنانی زاراوەی کوردیک یان بۆ مەبەستی سیاسی و دابەشکاریی زیاتری کوردستان بووە و پرسێکی سیاسی بووە، یان پشتی بە بۆچوونێکی ئیدیۆلۆژیک بەستووە کە پێی وایە لایەنگری لە مافی زمانیی یەکسان دەکات. لە وتاری چەند کەسدا دیتوومە کە کەڵک لە زمانە کوردییەکان، زمانی چەتر یان زمانی کوردیک وەرگیراوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر لەو کەسانە هیچ وتارێکم لەسەر پۆلێنبەندیی و ئاستی تێگەیشتنی هاوبەش یان لێکچوویی و جیاوازیی زاراوەکانی کوردی نەدیتووە. بۆیە پێم وایە بەر لەوەی کەسێک ئەو وشانە بە کار بهێنێت، پێویستە پیشانی بدات کە بە کام پێوەری زمانناسانە و لەسەر کام توێژینەوە شتی وا دەگوترێت! من وەک خۆم پێم وایە زمانی کوردی چەند لقی سەرەکی هەن کە بریتین لە کوردیی سەروو، کوردیی ناوەندی، کوردیی خواروو، کوردیی زازاکی، کوردیی لەکی و کوردیی هەورامی. وێڕای ڕێزگرتن لە هەموو جیاوازییەکانی نێوان زارەکان و پێداگری و هەوڵ بۆ بەخشینی پێگەی یەکسان بە زاراوەکان، پێم وایە هەموو ئەوانە کوردین و لە وتارە زانستییەکانمدا لە گەڵ هەرکام لەو زارانە کەڵک لە وشەی کوردی وەردەگرم.

*** ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری ترسناکی مان و نەمان دایە، یان ئەم سنوورەی بەرەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە؟**

**ئاران ئەمینی:** زمان بەردەوام پێویستی بە هەوڵی ئاگایانە و تایبەت هەیە بۆ ئەوەی بپارێزرێت و گەشە بکات. بەو شێوە نییە کە بڵێین چون هەندێک دەستکەوتی چاندیمان بوون، ئیتر لە خەم ڕەخساوین. زمان ئاوێتەی بیر و ئاوێنە و دەرخەری هزری مرۆڤە. مادام تا مرۆڤ هەیە و بیر دەکاتەوە، نوێبوونەوە لە زماندا ڕوو دەدات. ئەرکەکانی زمان دەگۆڕێن. هەندێک ئەرکی کۆن دەمرن و ئەرکی نوێ لە دایک دەبن. بۆ وێنە تەنیا بیست ساڵ لەومەبەر ئەرکی نووسین بە تەکنۆلۆژیی ژیریی دەستکرد بۆ زمانەکان

شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. بە شێوەی پیشەیی و بەسوود هەموو چەند ساڵێکە ئەو ئەرکە هاتۆتە ئاراوە کە داوا لە ژیریی دەستکرد بکەین دەقێکمان بۆ بنووسێت. کەواتە ناتوانین قەد بێخەم بین لەوەی کە زمانەکەمان زیندووە و پەرەیوەتەوە، هەروەها قەت نابێت ئەوەندەش ڕەشبین بین کە پێمان وا بێت زمانەکەمان دەمرێت. زمانی کوردی هەم لە ئاستی جیهانی و هەم لە ئاستی ناوچەییشدا هێشتا زۆر مەترسی لەسەرن کە پێویستە کار بکرێت ئەو مەترسییانە تێپەڕێنین.

*** مەترسییە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لەسەردەمی ئێستەدا کامانەن؟**

**ئاران ئەمینی:** گەورەترین مەترسییەکانی سەر هەر زمانێک سنووردارکردن، بێکەڵککردن و قەدەغەکردنیەتی. هەروەک دەزانن، تا ئێستاش لە دوو پارچەی گەورەی کوردستان واتە لە باکوور و ڕۆژهەڵات زمان بۆ ئەرکی ئاستبەرز و گرینگ وەک فێرکاری، زانست، پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی بە تەواوەتی قەدەغەیە. هەروەها بۆ میدیاش زۆر سنووردار و تێکدەرانە کەڵک لە زمانی کوردی وەردەگیرێت. گەورەترین مەترسیی سەرزمانی کوردی لە ئێستادا بە بۆچوونی من خوێندنی فەرمی و داسەپێنراو بە زمانەکانی تورکی و فارسییە. قەبارە و ئاستی کاریگەریی ئەو داسەپاندنە زۆر بەربڵاوە. ئێمە تەنیا لە شوێنێکی وەک پارێزگای سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە سێسەد هەزار خوێندکارمان هەیە کە بە زۆر بە فارسی پێیان دەخوێنرێت؛ لە کاتێکدا ژمارەی ئەو کەسانەی هەلی ئەوەیان هەیە یان پاڵنەری ئەوەیان هەیە بە شێوەیەکی سنووردار و تەنیا بۆ بوارێکی تایبەت وەک خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی و فۆلکلۆر کەڵک لە زمانی کوردی وەربگرن لە چەند هەزار کەس تێپەڕ ناکات.

مەترسییەکی دیکەی سەر زمانی کوردی پشێوی و نەبوونی سیاسەتێکی زمانیی دیار و شێلگیرانە لە باشووری کوردستانە. هەرچەند لەو پارچەیە قەت بە تەواوەتی زمانی کوردی قەدەغە نەبووە و ئێستا زمانی فەرمییە، کەچی لە زۆر بواراندا کارێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە و پلانەکانی حکومەت تەنانەت لە دژی بەرژەوەندییەکانی زمانی کوردین. بۆ نموونە خوێندن لە ئاستی بەکالۆریۆس (لیسانس) و تەنانەت ماستەریش بۆ بوارەکانی زانست و ئەندازیاری لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو بە زمانی ئەو وڵاتەیە، کەچی لە کوردستان بە بیانووی پێشکەوتن و تێکەڵبوون

لەگەڵ جیهان بە زمانی ئینگلیزییە، کە بە ڕاستی تا ئێستاش نازانین چەندە لەو ئامانجە نزیک بوونەتەوە. بەڵام بە ئاشکرا کاریگەریی ئەو چەشنە بڕیارانە لەسەر زمانی کوردی دەبینین کە بەرچاوترینی هەژارییەکی سەیر و قووڵی کتێبخانەی کوردی لە بوارەکانی زانستدایە. وەک نموونە لە وڵاتی فەڕانسە کە من لێی دەژیم زمانی خوێندن لە ئاستی ماستەریشدا بە زمانی فەڕەنسییە. ئەگەر زمانەکەیان بە باشی نەزانیت بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی وانەوتنەوەت نادەنێ. بوارێکی زۆر گرینگی دیکە بازاڕە و بە داخەوە تا ڕادەیەکی زۆر زمانی کوردی بۆ بازاڕ وەلا نراوە. زۆربەی کۆمپانیاکان تەنانەت زمانی کوردییان لەسەر ماڵپەڕەکانیشیان نییە. بەرهەمەکان بە دەگمەن بە کوردی لەسەریان دەنووسرێت. لە کاتێکدا هەر وڵاتێک کاتی هاوردەکردنی بەرهەمی بیانی یەکێک لە مەرجەکانی ئەوەیە کە نووسراوەی سەر بەرهەمەکان بە زمانی ئەو وڵاتە بێت. پێویستە ئەو کێشەش بە دەستوەردان لە ئاستی حکومەتیدا چارەسەر بکرێت.

*** چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بەرەو گەشە کردن و بەخشینی توانای ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندتری بکەین؟**

**ئاران ئەمینی:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە لە خۆمان بپرسین لە کوێ دەمانەوێت مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی دوور بخەینەوە؟ ئەگەر باسی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان بکەین، بێ یەک و دوو دەڵێم خستنەگەڕی هەموو توانایە سیاسی و جڤاتییەکان بۆ فەرمیکردنی زمانەکە. ئەگەر باسی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان بکەین، دەتوانین ئاماژە بە گونجاندنی زیاتری زمانەکە لەگەڵتەکنۆلۆژی، یەکدەستکردن و ستانداردکردنی نووسراوەی کوردی، نوێکردنەوەی زمانەکە لەگەڵ ناوەڕۆک و بابەتی سەردەم، پەرەدانی ئاقار و مەیدانەکانی کارپێکردن بە زمانەکە، ڕەخساندنی هەلی کار و بازاڕ بۆ بەرهەمە چاندییە کوردییەکان و هتد بەشێک لەو کارانەن کە بۆ لە خەم ڕەخساندنی زمانی کوردی پێویستە جێبەجێ بکرێن.

*** چۆن دەتوانین توانستەکانی ئەم زمانە بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین؟**

**ئاران ئەمینی:** وەڵامی ئەم پرسیارە دابەش دەکەمە سەر دوو بەش. سەرەتا باسی زانست و زمانی کوردی دەکەم. پاشان باسی گونجاندنی زمانی کوردی لەگەڵ تەکنۆلۆژییەکانی زمان دەکەم. لە پەیوەندی بە زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی زانستی زۆر گرینگە بە دروستی دەستنیشانی بکەین کە لە کوێدا بە باشی کارمان کردووە و لە کوێدا بۆشایی هەیە.

لە دابەشکردنێکی گشتیدا دەتوانین بڵاوکردنەوەی زانستی بکەینە سێ پۆل. پۆلی یەکەم بابەتی ڕۆژنامەوانیی زاستی، واتە بابەتی زانستیی گشتییە. زمانی کوردی هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان کەم تا زۆر بایەخی بە ڕۆژنامەگەریی زانستی داوە و زۆر وشەی زانستیش هەر لەوێوە ساز کراون و بڵاو بوونەوە. تەنانەت لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی لەساڵی ١٩١٨ وردە بابەتی زانستی و پەروەردەیی دەبینرێت. واتا ئێمە لەو ڕووەوە سەد ساڵ ئەزموونمان هەیە. خۆشبەختانە لە دەرەوەی باشوور، واتە لە تاراوگە، لە ڕۆژهەڵات و باکووریش نموونەی زۆر سەرکەوتووی ڕۆژنامەگەریی زانستیمان هەیە.

ئاستی دووەمی بەکارهێنانی زمان بۆ بوارەکانی زانست باسی پەروەردەی گشتییە. ئەم هەلە تەنیا لە باشووری کوردستان و لەم دواییەدا لە ڕۆژاوای کوردستان بۆ ئێمەی کورد ڕەخساوە. هەروەک لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووشدا ئاماژەم پێکرد، بە پێویستی دەزانم کە لە باشووری کوردستان زمانی پەروەردە بۆ بوارەکانی زانست و ئەندازیاری ئەگەر تەواویش ناکرێتە کوردی، لایکەمی کوردی و ئینگلیزی پێکەوە بێت. ئەوە ناچارمان دەکات کە بەرەو وەرگێڕانی کەرەستە فێرکارییەکان وەک پەرتووک و وانەکتێبەکان (Textbook) بچین کە دەتوانێت زۆر لە گەشەی زمانی کوردیدا کاریگەری ببێت.

دوا ئاست بەرهەمهێنانی زانستە بە زمانی کوردی. لە ئێستادا بەشی زۆری بەرهەمهێنانی زانست لە جیهاندا بە زمانی ئینگلیزییە. هەروەها وڵاتان هەوڵ دەدەن ژورناڵ و کۆنفرانسی زانستی بە زمانی خۆیان بەڕێوە ببەن. لەم ڕووەوە من ئەزموونی ئەکادیمیای دوو وڵاتی ئێران بۆ زمانی فارسی و فەڕەنسا بۆ زمانی فەڕەنسیم هەیە. ئێرانییەکان زۆر داخراوترن و هەوڵ دەدەن کە زۆر ژورناڵ و

کۆنفرانس بە زمانی فارسی بڵاو بکەنەوە و بەڕێوە ببەن. فەڕەنسییەکان هەوڵ دەدەن کە ئەو بابەتانەی بە ئینگلیزی بڵاوی دەکەنەوە هاوکات بە هەندێک دەستکارییەوە لە بۆنە زانستییەکان و ژورناڵە نەتەوەییەکاندا بە زمانی خۆشیان بڵاوی بکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەم ئاستەیان لە بەکارهێنانی زمان بۆ زانست زۆر بە پێویست نازانرێت. کەم تا زۆر بەدواداچوون بۆ وڵاتانی دیکەی باکووری ئەورووپا دەکەم. ئەوان زیاتر بایەخ بە ئینگلیزی دەدەن. هەروەها لە کۆنفرانس و بۆنە زانستییەکان لەگەڵ مامۆستایان و پرۆفیسۆرەکانی وڵاتانی وەک کۆریای باشوور و ژاپۆن ئەم باسەم کردووەتەوە. بە شێوەیەک یەک نەخش و یەک شێوەی کارکردن لە هەمووواندا هەیە. ئەویش ئەوەی کە هاوکات لەگەڵ زمانی ئینگلیزی لە ئاستی نەتەوەییشدا کۆنفرانس و و ژورناڵ بە زمانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە. چونکە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە پسپۆڕانی هەر بوارێک وتارێکی زانستی دەخوێننەوە و کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر زمانەکە لە ئاستێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیدا نابێت، بەرهەمهێنانی زانست بە زمانی کوردی زۆر لە ئەولەویەتدا نابینم. ئەوەی کە لە قۆناغی ئێستای زمانی کوردیدا زۆر گرینگە بەکارهێنانی زمانەکە بۆ پەروردەی زانستی لە زانکۆکانی کوردستانە. بەرهەمێنانی زانست بە کوردی دەتوانێت لێکەوتەیەکی پەروەردەی کوردی بێت.

بەشی دووەمی وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ گونجاندنی زمانی کوردی لەگەڵ تەکنۆلۆژییەکانی سەردەم تەرخان دەکەم. هەروەک دەزانن لقێکی سەرەکی و گرینگی ژیریی دەستکرد پەرەدانی تەکنۆلۆژییەکانی زمانە وەک ناسینەوەی ئاخاوتن، هەڵەگری ڕێنووس، گۆڕینی دەق بۆ دەنگ، پەرەدانی نەرمامێرەکانی نووسین بە کوردی وەک تەختەکلیل و فۆنت، پەرەدانی تەکنۆلۆژیی بەرهەمهێنانی دەق، وەرگێڕانی ماشین، داڕشتنەوەی دەق، پوختەکەری دەق و تێکەڵکردنی زمانی کوردی بە یارییە ڤیدیۆییەکان، بەرکاهێنانی تەکنۆلۆژییەکانی زمان لە فێرکاریدا و هتد. ئەم بوارە بەشێکی گرینگی ئەکادیمیای هەر وڵاتێک پێک دەهێنێت. ئەم بوارە کە بە ناوەکانی تەکنۆلۆژییەکانی زمان، پێواژۆی زمانی سروشتی، پێواژۆی ئاخاوتن و زمانناسیی کۆمپیوتەر دەناسرێت بەشێک لە دێپارتمانی زانستی کۆمپیوتەر، زمانناسی یان زۆر جاران بەشێکی تەواو سەربەخۆیە. لەم ڕووەوە ئێمە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە گرووپی توێژینەوە و پەرەدانی ئاسۆسۆفتمان دامەزراندووە. جگە لە ئێمەش کەسانی دیکە هەوڵی تاکەکەسییان داوە. هەروەها لەم دواییانەدا کۆمپانییاکانیش بایەخیان بە زمانی

کوردی داوە. هەوڵی زیاتر لەم بوارەدا، دامەزراندنی کۆنسێرسیۆمەکانی هەڵگرتن و پاراستنی دەیتاکانی زمانی کوردی، ناوەندەکانی پەرەدانی دەیتاکان، هەروەها دامەزراندنی لقی تایبەت لە زانکۆکانی کوردستان بۆ ئەم بوارە دەتوانێت زۆر یارمەتیدەر بێت. وەک دەڵێن سەد حەکیم ئەوەندەی دەردەداریٚ نازانێت. کۆمپانیا جیهانییەکان هەردەم بەباشی پێداویستییەکانی زمانی کوردی و کێشە تایبەتەکانی زمانی ئێمە نازانن. بۆیە چالاکیی خۆمان لەم بوارەدا دەتوانێت زۆر زمانەکەمان لەگەڵ جیهانی سەردەم بگونجێنێت و لە کاروانی زمانە پێشکەوتووەکان دانەبڕێین.

*** توێژەری پۆست دوکتورا لە زانستی کۆمپیوتەردا**
**زانکۆی لۆمان، فەڕەنسا.**

## غازی حەسەن:

# بۆ پاراستنی زمان ناتوانین ناسنامەی کەسەکان بپارێزین

ئێمە هەر گاڤێک بمانەوێت ئاخاوتن لەبارەی زمان و زارەکان بکەین، یان شێوەزارەکانی ناوچە و شار و گروپەکان شیکار بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، مێژووی دروستبوون و گەشەکردنی زمان و کێشەکانی زمان لە قۆناغە جیاکاندا.

زمانی کوردی یەک زمانە، یان چەند زمانێک؟ بێگومان ئەگەر وەک کاردانەوە، یان لەژێر هەندێک کاریگەریی دەرەکی و ئایدیۆلۆژیی و ناوچەگەریی و حزبی دیقەتی پێکهاتەی زمانەکە بدەین، ئەوە دەڵێین زمانی کوردی چەند زمانێکە، کە لە ڕاستیدا چەند زمانێک نییە، بەڵکو زمانێکە وەکو نەتەوەی کورد خۆی یەکە، بەڵام بەهۆی ژێردەسەتیی و کاریگەریی داگیرکەران و کەلتووری بێگانە و دابەشبوونی کەسایەتی تاک بۆ سەر چەند کەسایەتییەکی پاشکۆی لێکجودا و خۆ نمایشێکی لاواز، ئەم بیرۆکەیە زەقتر دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی بریتیی بێت لە چەند زمانێک.

با نموونەیەکی ئێستای زمانی ئینگلیزیی بهێنمەوە، ئایا زمانی ئینگلیزیی بەریتانی و ئەمەریکی دوو زمانی جیاوازن، سەربەخۆن و دوو زمانی ئینگلیزین، یان یەک زمانن، بەڵام لەهەندێک بواری فۆنیم و واتا و دەربڕین و بەکارهێناندا جیاوازن؟ بێگومان کەس ناڵێت ئەمانە دوو زمانی جیاوازیی سەربەخۆن، بەڵکو بەیەک زمانی دادەنێن، بەڵام بەکارهێنانی بەریتانییەکان و ئەمەریکییەکان لە هەندێک بواردا جیاوازن.. با نموویەکەی دیکە بهێنمەوە، ئایا لە نێو ئەمەریکا زمانی ئینگلیزیی (ڕەشەکان و سپییەکان) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دوو زمانی جیاوازە، یان شێوازی بەکارهێنانیان هەندێک لێک جیاوازە؟ بێگومان کەس ناڵێت ئەمانە دوو زمانی ئینگلیزیی جیاوازن، بەڵام شێوازی بەکارهێنانیان لەئەنجامی جیاوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە جیاواز سەیر دەکەن.

زمانی کوردیش یەک زمانە، بنزار و زارەکان جیاوازییان لە هەندێک بواری ڕێزمانی، فۆنەتیک، داڕشتن و بەکارهێنانی وشە و دەربڕیندا هەیە، بەڵام ئەوە بەهیچ شێوەیەک نابێتە هۆکار بۆ لاوازیی خودی زمان، یان دابەشبوون و لەتبوونی زمانەکە. کورد یەک نەتەوەیە، هەرچەندە ئەمڕۆ بەهۆی دابەشبوون و داگیرکردنەوە بەسەر چوار جوگرافیا و زمان و کەلتوور و نەریت و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاواز دابەشکراون، بەڵام هیچ هێزێک ناتوانێت بڵێت کورد یەک نەتەوە نییە، زمانەکەشی هەر وایە.

زار و بنزار و دەڤۆکی کوردی جیاواز هەن، ئەمانەش لەڕاستیدا بەواتای لاوازیی و هەژاریی و بێ دەسەڵاتی زمانەکە نایەت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمانە لە ڕووی فەرهەنگ و وشەسازیی و زاراوە و بەکارهێناندا سەرچاوەن بۆ دەوڵەمەندی خودی زمانەکە. کێشەی ئێمە لەم دابەشکردن و بژاردە و پێناسەکردنانە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە، بۆیە خۆمان تووشی دۆخێکی دابەشکراو، یان لێکدانەوە بۆ بچووکردنەوە و لێکترازانی زمانەکەمان دەکەین. ڕوانگەی قسەکردن لەسەر زمان لای بەشێک لە توێژەران قسەکردنە لە ڕوانگەیەکی سیاسیی و ئەخلاقیی و ناوچەگەریی و هەتا حزبایەتی، ئەمانەش لە ڕاستیدا لە ڕووی زانستییەوە پێچەوانەی زانستی لێکۆڵینەوەی زمانەوانین. یان هەندێک جار بێ ڕەچاوکردنی کەتواری خودی زمانی کوردی بەپێی بۆچوونە فکریی و توێژینەوەکانی هەندێک لە قوتابخانە زمانەوانییە ئەمەریکی و ئەوروپیی، یان ڕۆژهەڵاتییەکان لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانی کوردی و گەشەکردنی زمانە دەکرێت، ئەمانەش لە هەندێک بواردا مەرج نییە لەگەڵ کەتواری زمانی کوردی و واقیعی کوردی بگونجێن.

زمانی کوردی یەک زمانە و لە چەند زار و بنزار و دەڤۆک پێکهاتووە. هەر یەک ژ وانە، دەبنە مایەی گەشەپێدان و دەوڵەمەندی زمانەکە. هیچ یەکێکیان لەوی دیکەیان باشتر و بەهێزتر و مێژوویی تر و باڵادەستتر نییە، بەڵام هەموویان هەمان ئەو توانستە زمانییە لە خۆیان دەگرن، کە بواری زمانەوانی پێناسەیان دەکات و لە نێو زماندا بەکار دەهێنرێن و توانای ڕاپەراندنی ئەرکی زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە.

هیچی گومانی نییە داگیرکەر لەتەک داگیرکردنی خاک، دەست بەسەرداگرتنی کەسایەتی و عەقڵی تاک، ویستوویەتی زمانیش قەدەغە بکات، یان ساسۆری بکات و دایبڕێت لەژیان. نووسینی بە زمانی کوردی مێژوویێکی درێژی نییە، بەڵام لەم ماوەیەدا توانراوە لە دەرەوەی بوونی زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو، گوزارشت لە بیرۆکەی یەک نەتەوەیی و یەکبوونی کورد بکات، هەر چەندە بە هۆی داگیرکردنەوە پیتی جیاوازی (ئارامی و لاتیبی و سلاڤی) بەکار دەهێنرێت، دیسان ئەمانەش نەیانتوانیوە زمان وەکو کیانێکی ڕۆحی لە کورد داببڕن. هەرچەندە وەکو خاک دەیانەویت زمانەکەشمان دابەش بکەن و ناسنامەکەی بگۆڕن، بەڵام تاکی کوردی دەیەوێت لە ڕێگەی زمانەکەیەوە هەمیشە پێناسەی کورد بوونی خۆی نمایش بکات. گرنگ کورد بە زمانەکەیەوە کوردبوون و یەکبوون و مانەوەی خۆی سەلماندووە.

کورد بەهۆی بەکارهێنان و پاراستنی زمانەکەیەوە ماوە، لە دونیادا هەموو ئەو گرووپە ئەتنیکیانەی خەریکە لەناو دەچن، کار بۆ پاراستن و بووژاندنەوەی زمانەکەیان دەکرێت. زمانی کوردی لە مەترسی ڕەتکردنەوە و سڕینەوە و بەکارنەهێنان تێپەڕیوە. داگیرکەران هەرچەندە دانیان بەوەدا نەناوە، کە زمانی کوردی بەفەرمی بەکاربهێنن، بەڵام هاووڵاتیانی کورد بە فەرمی ئاخاوتن و گفتوگۆی ڕۆژانەی خۆیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە ئەنجام داوە. نەک هەر زمان، بەڵکو خودی کوردیش لە مەترسی توانەوە و بنبڕکردن و نەمان تێپەڕیوە، بەڵام ئەگەر دەتەوێت قسە لەسەر ئەوە بکرێت چ جۆرە زمانێکی کوردیمان دەوێت و پێویستیمان بە چ چەشنە زمانێک هەیە بۆ ئەوەی بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی ڕۆژانەمان بەکاری بهێنین، ئەمە جیاوازە و باسەکە دەچێتە ئاقار و سنوورێکی دیکەوە.

زمانی کوردی ئەمڕۆ لەلایەن خودی دامـەزراوە و ڕاگەیاندنە کوردییەکانی (کوردستانی باشوور)، یان لە هەندێک بواردا بەهۆی دەملاچکەیی زمانە زاڵەکانی دەوڵـەت مەترسی شێوانی لە سـەرە. مەترسی ئەمڕۆ زانکۆ و بوارەکانی دیکەی پەروەردەیە، کە بوونەتە سەرچاوەیەکی خراپی شێواندنی زمان.

زمانیش وەکو خودی مرۆڤەکان وایە، نیگەرانی دەروونی کەسەکان و کێشە و ئاڵۆزییەکانیشیان بە هەمان شێوە دەگوازرێنەوە بۆ خودی زمانەکە. چۆن کەسێک تووشی پەتای مەترسیدار و ڕشانەوە و سکچوون و لەرزوتا دێت، زمانیش بەهەمان شێوە دووچاری زۆر لەم دیاردانە دێت، بۆیە پێویستە دامەزراوە ئەکادیمییەکان و دەزگاکانی خوێندن و پەروەردە و ڕاگەیاندن وەکو دکتۆر و سەرچاوەی چارەسەری نەخۆشییەکان پێشوازی لە گرفتەکانی نێو زمان و مەترسی و کێشەکانی بکەن، بۆ ئەوەی دەرمانی ئەو دەردانە بکەن، کە دووچاری خودی زمان دەبنەوە.

لای من مەترسی هەمەجۆرە لە (توانەوە و لەناوچوون) بگرە تاکو (شێواندن و لەڕکردنی زمان) و ئینجا (دەستکاری) دەگرێتەوە، تەنیا ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە وەکو (دیاردەی دژ بە سەلامەتی زمان) سەیر دەکرێن. لەبەر ئەوە مەترسییەکان لە ئاست و شێوازی جیاواز دەردەکەون، دەکرێت بڵێین کاریگەریی و کارتێکردن و چارسەرەکانیش لە ئاست و پلە و شێوازی جیاواز دان.

کاتێک بەکارهێنانەرانی زمان نازانن بە شێوەیەکی سروشتی لە پێناو گەیاندنی پەیامێک و کارتێکردن و دروستکردنی دونیایەکی زیندوو لە نێو زماندا خودی زمان

بەکاربهێنن، بێگومان ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی هەقیقی دەبینەوە. هەر گاڤێک ئاخێوەر نەیزانی لە کوێ دەستەواژە و زاراوە گوزارشت لێ بکات، مەبەستەکان دەکەونە مەترسییەوە. ئەو کاتەی قسەکەر لە گوتارەکەیدا جیاوازیی لە نێو ڕەش و سپی لەچۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی پەیامەکە و کارتێکردن لە گوێگرەکانی ناکات، ئەمەش دەبێتە هۆکار مەترسی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی سروشتی هەر بمێنێت.

مەترسی لەوەدایە توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی بنووسرێت، بەڵام هیچ ڕەچاوی زمانی ستاندار و بە دروستی بەکارهێنانی ڕێنووس و بە دروستی بەکارهێنانی ڕستە و گرێ و وشەکان نەکرێت، ئەمە دەبێتە مەترسی، چونکە لەم دۆخەدا زمانێکی نەخۆش دروست دەکرێت و لە ئاکامدا هزرمان تووشی ڕاڕایی و گومان و نیگەرانی و تێنەگەیشتن و دروستکردنی دۆخێکی خراپ و نارەوای بەکارهێنانی زمان دەکەین.

لەبەر ئەوەی گومان بەردەوام وەکو پرسیار لەگەڵ مرۆڤدا دەژیت، واتە مەترسی و نیگەرانیش بەردەوام لەگەڵیدا دەژیت. لام وایە زمانە هەر پێشکەوتووەکانی دونیاش، کە لە بەرزترین ئاستی توانا و دەسەڵات و هێز دان، ترسیان لەوە هەیە (وشەیەک، یان زاراوەیەکی بیژۆک) بکەوێتە نێو زمانەکەیانەوە، بۆیە بۆ پاراستن و پەرەپێدان و پاککردنەوەی زمانەکەیان ساڵانە بودجەیەکی پێویست بۆ ئاگا لێبوون و چارەسەری کێشەکان و ڕەواندنەوەی ترسی مەترسییەکانیان تەرخان دەکەن.

عەرەب ڕۆژانە وتار لەبارەی ترس لە شێوان و لاوازبوونی زمانەکەیان وناکۆکی نێوان زمانی گشتی خەڵک و نووسین (ستاندار) دەنووسن، لەکاتێکدا ملیۆنان کەس قسە بەو زمانە دەکات و ئیسلام پەیڕەوی زمانی عەرەبی دەکات و لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەکاردێت و بیست دەوڵەتی عەرەبی پابەستن بە بەکارهێنانی خودی زمانەکە و سەدان زانکۆیان بەزمانی عەرەبی هەیە، واتە مەترسی وەکو دیاردەیەکی دەروونی و بیرکردنەوە و ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکانی نێو زمان هەیە، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بۆ کوردیش ڕەوایە و هەیە و بەردەوامیش دەبێت، بەڵام مەترسی لەناوچوونی زمان لای من نەماوە. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئێران و تورکیا بە فەرمی قەدەغەیە، یان نیمچە ڕێگە پێدراوە، بەڵام زمانی هاووڵاتیانی کوردە و بەکاردێت و چاپکراویشی پێ بڵاودەکرێتەوە.

هەر کاتێک ڕەخنە بگرین، واتە دوو دیاردەمان لا کۆبۆتەوە: یەکەمیان لاوازیی و کەموکورتی و هەڵە و ڕازیی نەبوون لە بارەی کێشەکانی زمانمان لا کۆبۆتەوە.

دووەم: ترس و کاردانەوەی کەسی و لێکدانەوەی خودیمان لا گەشە کردووە.

بۆیە ترسیش وەکو ڕەخنە لە دیاردە و کێشە و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان هەمیشە هەیە و بەردەوامیش دەبێت، چونکە ئێمە بیر دەکەینەوە و پێویستییەکانی بەکارهێنانی زمانیش هەمیشە لە گەشەکردنەوە، لەبەر ئەوە بیر لە مەترسی و ئەگەر و پرسیارەکانی بەردەم زمان دەکەینەوە.

چۆن ترسم لەبەکارهێنانی زمان لە نێو ڕاگەیاندنی کوردی لە کوردستانی باشوور و بەشەکانی دیکە کوردستان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و شاشەی کەناڵە ئاسمانیی و نێوەخۆییەکان و ڕادیۆ نەبێت؟ چۆن ترسم لە زمان و ئاست و شێوازی نووسینەکانی نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرا بە زمانی کوردی نەبێت، کە خاوەدنی بڕوانامەکە ناتوانێت ڕستەیەکی ڕاست و دروست بەخودی ئەو زمانە بنووسێت، کە نامەکەی پێ نووسیوە؟. چۆن ترسم نەبێت کە لەجیاتی بە کوردی گوزارشت کردن لەنێو زمانی کوردی، بەڵام بە گوزارشتی عەرەبی و  تورکی و فارسی ئاخاوتنەکان ئاراستەی وەرگرەکان دەکرێن. واتە هەست بە نا کوردیی لەنیو زمانی کوردی دەکرێت.

مەترسیم لە زمانی پەروەردە و ئەدەبیاتی منداڵان و زمانی ئەدەب و شیعر و ڕۆژنامە و  نووسراو و ڕیکلام لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و شوێنە گشتییەکان هەیە. کە ترسم هەبێت واتە مەترسی لەسەر (پێکهاتە و شێوازی) بەکارهێنانی زمان هەیە.

مەترسیم لەوەیە کەسانێک بانگەشەی ئەوە دەکەن زمانی کوردی ناتوانێت (زمانی زانستەکان) بێت، بۆیە داوا دەکات زمانی ئینگلیزیی بەکاربهێنن، یان خوێندن لە قوتابخانەکان بکرێتە زمانی ئینگلیزیی، یان بەرپرس و خوا پێداوەکان لەجیاتی بایەخدان بە زمانی دایک، هانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بە هێزبوونی کەسایەتی منداڵ لە ڕێگەی زانینی زمانی بیانی دەدەن. ئەمە مەترسییە و ڕەنگە ببێتە نەخۆشییەکی ترسناکیش لەنێو زمان و لەلای بەکارهێنەرانی خودی زمانی کوردی.

واتا دەتوانم بڵێم مەترسییەکان دژی زمان وەکو قەوارە و نیشتیمان زۆر کەم بووە، مەترسییەکە ئێستا لەسەر زمانە وەکو سیستەم و ڕێزمان و زاراوە و  بەکارهێنان، کە ئەمەش پەیوەندی بەخودی بەکارهێنەرانی زمانەکەوە هەیە. بۆ نموونە با شتێکی دیکە باس بکەم، ئەگەر پێشتر ترسی ڕووخاندنی خانووەکانمان هەبووبێت، ئێستا

ترسەکە گەیشتۆتە سەر شێواندن و شکاندن و ناشیرینکردن و خراپ بەکارهێنانی کەلوپەلەکانی نێو خودی خانووەکانمان. پێشتر ترسەکە پەیوەندیی بە داگیرکەرانەوە هەبوو، ئێستا ترسەکەمان لەخودی خۆمانە (بەکارهێنەرانی زمانە/ یان دەسەڵاتی کوردی و دامەرزاوە کوردییەکان) بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور.

بێ ویژدانی ناکەم ئەگەر بڵێم پێش ڕاپەڕین ڕژێمی بەعس لەرێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی بە کوردی بە دوو دیالەکتیکی جیاواز دەیوست نەتەوەی کورد لەت و دابەش بکات، بەداخەوە ئێستا نەک لەنێوان بادینی و سۆرانی، بەڵکو لەنێو خودی سۆرانی لە نیوان هەولێر و کەرکووک و سلێمانیش جیاوازیی لە بەکارهێنان و شێوازی نووسین و ڕێنووس دروستکراوە، کە ئەمەی دواییان لەسایەی دەسەڵاتی کوردی هاتۆتە ئاراوە.

ئێمە دەتوانین بە زمانی کوردی ئاخاوتن لەگەڵ بەرانبەرەکانمان بکەین بە زمانێکی فەرمی یان نافەرمی، بەڵام مەترسی لەوە دایە، کە دەگەینە ئەو کەسانەی بێگانەن و دوژمنن، یان زمانی ئێمە نازانن، بەرپرسانی ئێمە دەیانەوێت بەزمانی ئەوان قسە بکەن، بۆ ئەوەی نیشانی بدەن توانای بەکارهێنانی زمانی دیکەیان هەیە، لەکاتێدا لەبواری دیپلۆماسی پێویستە بە زمانی دایک قسە بکەن. دیارە ئەمەش دەمانگێڕێتەوە سەر ژمارەیەک ئامانج و هۆکار و پێویستی دیکە، کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە.

نموونە لەسەر مەترسییەکان زۆرن، مەترسییەکانی خۆمان لەسەر خودی زمانەکەمان، نەک مەسەلەی (مان و نەمان)ی زمانەکەمان.

لەوە پێشتر باسی هەندێک لەمەترسییەکانمان کرد، کە پێمان وایە پەیوەندییان بە بەکارهێنەری زمانەکەوە هەیە، کە خودی کوردە. بەکورتی دەتوانم مەترسییەکان لەچەند خاڵێکی سەرەکی کورت بکەمەوە:

**یەکەم:** نەبوونی زمانێکی ستاندارد، یان زمانێکی سەرەکی فەرمی، کە هەموو کورد پێی بنووسێت و بخوێنێت و لە پەروەردە بەکار بێت.

**دووەم:** دەسەڵاتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوو زار کارەکانی خۆی بەفەرمی بەڕێوە دەبات و لەنێو سۆران و بادینانیشدا خەریکە ڕێنووس و شێوازی جیاواز لەژێر کاریگەریی سیاسی دروست دەبێت. لەهەر زارێکیش کێشەی بەکارهێنانی خودی زمانەکەمان هەیە لە (پەروەردە و خوێندن و خوێندنی باڵا و زاراوە، گوتار، لێدوان، نووسین، ڕیکلام و ڕاگەیاندن... تاد).

**سێیەم:** ڕاگەیاندنی کوردی بۆتە یەکێک لە سەرچاوە خراپەکانی شکاندنی زمان و شێواندن و ئاژاوە لەنێو زماندا.، چونکە هەر دەزگایەک و ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکە بەپێی بۆچوونی حزبەکە، یان ناوچەکە، یان بۆچوونی کەسی کارمەندەکانی زمان بەکاردەهێنن، ئەمانەش وایکردووە ڕێنووس و زاراوە و شێوازی جیاواز لە خۆبگرن.

**چوارەم:** لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بایەخ بە بەکارهێنانی زمان نەدراوە، زمانی چینەکان و ڕەگەز و ئایینەکان و پێکهاتەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی هان نەدراون، بەڵکو خۆڕسکانە بەڕێوە دەچن.

**پێنجەم:** زمانی ئابووری و ئابووریزمان لەنێو دامەزراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە ئەکادیمییەکان بایەخی پێ نادرێت، چونکە زمان وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت.

**شەشەم:** پێویستە ئەکادیمای کوردی چاودێرێکی وردی بەکارهێنەرانی زمان لەبواری ئەکادیمی و نووسین و کتێب و بڵاوکردنەوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکات، تاکو هەڵەکان و مەترسییەکان کەم بکاتەوە، ڕێنوێنی بەکارهێنەرانی زمانەکە بکات و بەشدار بێت لە پەرەپێدانی تەندروستانەی فەرهەنگی زمانی کوردی.

**حەوتەم:** بانگەشە بۆ ئەوەی لەتەک زمانی کوردی، زمانێکی دیکەی کوردی دروست بکرێت، یان زار بە زمان بزانرێت. ترس لەبەکارهێنانی زار و بنزارەکان نییە، بەڵکو لە بە سیاسی کردنی زمانە، هەندێک هێزی سیاسی بە مەبەستی حزب دەیانەوێت زمانی کوردی دابەش بکەن و زمان لەنێو زماندا دروست بکەن.

**هەشتەم:** هەندێک مەترسییەکان بە هەژموونی تێکدەرانەی داگیرکەران دژی زمانی کوردی دەبەستنەوە، ئەمە لایەنێکە لەو مەترسیانەی هەیە، لە کاتێکدا من پێموایە تاکی کوردی ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی لەم مەترسیانە دەبینێت، هیچی کەمتر نییە لە مەترسییەکانی داگیرکەران دژی زمان. ئێمە دەتوانین هۆکاری زۆرتر، شتی بچووکتر و گەورەتر لێرەدا ئاماژە پێ بکەین، بەڵام ئەم پرسیارە دەکرێت لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی درێژی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە قسەکردن لەسەر مەترسییەکان لەسەر زمان وەکو قەوارە و وەکو خودی پێکهاتەکانی نێو زمان و کەرەستەکانی زمان دوو باس و بابەتی هاوبەش و لەهەمان کاتدا نیمچە جیاوازیشن، قسەی زۆر هەڵدەگرن و دەکرێت بەڕێباز و شێوازی جیاوازیش شیکار بکرێن.

من ناتوانم هیچ پێشبینییەکەتان پیشکەش بکەم، کە توانای ئەوە نیشان بدات وەکو ئامێر دەتوانین دەستکاری زمان بکەین و بیگۆڕین و ئەو پارچانەی دەشکێن، بیانگۆڕین و پارچەی یەدەگیان لەشوێن بۆ دابنێین، یان وەکو مەکینەی ترومبێل لەوکاتەی لەکار دەکەوێت بیگۆڕین و مەکینەیەکی نوێی لەشوێندا بۆ ببەستین.

زمان وەکو درەخت گەشە دەکات و دەمرێت و خزمەتی دەوروبەر و ژینگە دەکات، زمان خۆی خۆی چارەسەر دەکات و کێشەکانی خۆی چارەسەر دەکات و مەترسییەکانی بەردەمی خۆی ناهێڵێت، بێگومان ئەوەی من باسی دەکەم خودی زمانە، نەک ئەو ئایدیۆلۆژیا و هێزە مرۆیانەی دەیانەوێت کۆنترۆلی زمان بکەن، یان زمان بشکێنن، یان خۆیان بکەنە خاوەنی زمان. زمان وەکو فۆرم و نێوەڕۆک خۆی خاوەنداریەتی خۆی دەکات.

لەبیری نەکەین لەسەردەمی ئەنتەرنێت و پێشکەوتمی تەکنەلۆژیا مرۆڤ پێویستی بەوە نییە زمانی دیکە بزانێت، یان زمانی دووەم فێربێت و خەم لەوە بخوات کاتی زۆری پێویستە بۆ تێگەیشتن و وەرگێڕانی دەق لە زمانی دووەمـەوە بۆ زمانی زگماکی خۆی، یان کاتی زۆری پێویستە بۆ فێربوونی زمانێک، یان چەند زمانێک. نەخێر کۆمپیۆتەر و ئامێرە زیرەکەکانی وەکو تەلەفۆن دەتوانن بە چرکەیەک دەقێکی تەواوی زمانێکت بۆ وەرگێڕێتە سەر زمانی زگماکی تۆ. ئەمە هیچ یەکێک لە تیۆرە بەناوبانگەکانی دونیا، کە ئەمڕۆ وەکو زانستی زمان دەخوێندرێن ئاماژەیان بەوە نەکردووە، کە ئیدی مرۆڤ پێویستی بە خوێندن و وزە و توانا و وزەی دیکە نییە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، ئەوەتا کۆمپیۆتەر هەموو زمانەکانت بۆ وەردەگێڕێت و لەخودی دەق بەزمانەکانی دیکە دەگەیت، ئەی ئەمە چارەسەری بەشێک لە کێشە و توانا و هێز و بێ سنووری زمان نییە.

زمان هەر کێشەیەکی هەبێت ، پێم وایە لەم سەردەمەدا کە زانست بەڕێوەی دەبات، خۆی خۆی چارەسەر دەکات، لەسەردەمەکانی ڕابردوودا، کە زمان بە بیری میسالی دەبەسترایەوە چارەسەری کێشەکانی زمان سنووردار دەکران، ئەمڕۆ وانییە، لێ گەڕێ زمان خۆی خۆی چارەسەر دەکات، کێشەکانی بەردەمی خۆی لا دەبات.

من بـڕوام وایـە زمـان وەکـو مـرۆڤ زینـدووە، بیر دەکاتـەوە و دەجووڵێت و تووشی نەخۆشی و مردن و بووژانەوە دێت، زمان لەهەموو بوونەوەرێکی دیکە

پتر توانای ڕاپەڕاندنی ئەرکی خودی خۆی و  ئەوانی دیکەشی هەیە، زمان بیر دەکاتەوە بیرکردنەوەیەک هیچ سنووورێکی نییە و هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی نییە و سەر بە هیچ گروپێک و جیهانێکی دیاریکراو نییە، زمان کردەیەکی سروشتییە، وەکو هەر بوونەوەرێکی بەچاو نەبینراو وایە، خۆی خۆی نوێ دەکاتەوە و گەشە دەکات، بێ ئەوەی بەکارهێنەرەکانی بیبینن.

(هەمبۆلت) پێیوایە ئەو جیاوازییەی لەنێوان زمانەکاندا هەیە، تەنیا جیاوازیی لە دەنگەکان نییە، بەڵکو بەستراوەتە بە جیاوازی لە شیکردنەوەی جیهان و تێگەیشتنەکانی قسەکەران بەهەموو زمانەکان.  (پۆلس)یش دەبێژێت لێکۆڵینەوە لە زمان، بەشێکە لە لێکۆڵینەوەی وردی سایکۆلۆژیای گەلانی جیهان. ئێمە کاتێک بمانەوێت لە گرنگی زمان و مەترسییەکان و کێشەکانی زمان بگەین، دەبێت قسە لەبارەی ژینگەی قسەکەرانی زمانەکان و خودی مرۆڤەکان بکەین.

بۆ نموونە من و برایەکەم کە بەیەک زمان قسە دەکەین، لەکاتی ئاخاوتن و دەربڕین و گەیاندنی مەبەست، کە یەک زمان بەکاردەهێنین، بەڵام واتا و مەبەست و پاساوی جیاواز لەکاتی بەکارهێنانی هەمان وشە و ڕستەی نێو زمان دروست دەکەین، کاتێک سەیری دۆخی دەروونی و شێواز و پێگەی کۆمەڵایەتی و نیەتی هەر یەکەمان بکرێت، دەر دەکەوێت زمانی هەردووکمان، کە یەک زمانە، بەڵام دوو دۆخ و هەتا شێوازی زمانی جیاوازیشمان وەکو واتا دروست کردووە: بۆ نموونە هەردووکمان لەوەڵامی پرسیاری دایکمان کە دەپرسێت (خەریکی چین؟) دەڵێین:

من: دەخوێنمەوە.

براکەم: دەخوێنمەوە!

ئەوەی من وتم گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکی ئاسایی و سروشتییە، کە دەخوێنمەوە و بە دایکم دەڵێم ئەوە زانیارییە لەبارەی ئەوەی من چی دەکەم و خەریکی چیم.

وەڵامی برایەکەم بەپێی ئاوازەی گوتنەکەی دەگۆڕێت دەکرێت پرسیار بێت، دەکرێت سەرسوڕمان بێت، دەکرێت فریودان و پێدانی زانیاری هەڵە و ناڕاست بێت.

لەهەمان گاڤدا دەکرێت وەڵامەکانی ئێمە (ڕاست بێت، یان درۆ) واتە مەرج نییە هیچ یەکێک لەوەڵامەکانی ئێمە بۆ دایکمان زانیارییەکی ڕاست بێت، ڕەنگە درۆ بێت.

گرنگ ئەوەیە زمان چارەسەری کێشەکان و مەترسییەکان دەکات. زمان چارەسەری مەترسی دایکم دەکات، کە ئەو نیگەرانە و دەپرسێت ئێمە چی دەکەین!.

وەڵامەکەی ئێمە هیچ کردەیەکی جەستەیی و بەشدارییەکی بەکردەوەی تێدا نییە، تەنیا کردەیەکی زمانە و بەقسە دەمانەوێت کردەیەک ڕاپەڕێنین، شتێک بە دایکمان دەڵێین و دڵنیای دەکەینەوە کە خەریکی کارێکین و ئەویش (خوێندنەوەیە) بێگومان ڕەنگە ئەمە هێشتا چارەسەری مەترسیی و نیگەرانی و پرسیارەکەی دایکمان نەکات، چونکە ئەگەر ئێمە منداڵ بین و لە قوتابخانە بین پێویستە خوێندەوەکەمان پەیوەندی بە وانە و ئەرک و کتێبەکانی قوتابخانەوە هەبێت نەک کتێبی دیکە. یاخود پەیوەندی بەکاتی نووستنەوە هەیە، دایکمان پرسیار دەکات دەبێت بخەوین و کاتی خوێندنەوە نییە و دیان دۆخی دیکە لەنێوان ئەم ئاخاوتنە بە بەستنەوەی بەدەوروبەری قسەکەرەکان دروست ببێت.

زمان خۆی کێشە و مەترسی دروست دەکات و خۆشی چارەسەری مەترسییەکان دەکات. لەبیری نەکەین (هزر و زمان) پرسیارێکن هێشتا پێویستیان بە وەڵامدانەوەی دروست هەیە، کامەیان پێش ئەوی دیکەیان دەکەوێت؟. ئایا هزر پێش زمانە، یان زمان پێش هزر. وەکو ئەوە وایە بڵێین ئایا (مرۆڤ پێش پارچە گۆشتی زمانە) دروست بووە، یان (پارچە گۆشتی زمان پێش مرۆڤ!!). زاناکانی بواری زمانەوانی هەولیانداوە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن، بەڵام چارەسەرێکی کۆتایی و یەکجارەکی نییە.

بەواتایەکی دیکە هێزی زمان لەبەکارهێنانەکەیەتی، مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە، زۆر لە ڕەهەند و پرسیار و ئەرک و واتا و مەبەستەکانی بگۆڕێت خودی ئەو زمانە بگۆڕێت کە بۆ گەیاندنی شتێکی دیاریکراو بەکاری دەهێنێت.

ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێین ئایا چارەسەری کێشەکانی دروستکردووە، یان کێشەکانن چارەسەر دروست دەکەن. یان بەواتایەکی دیکە هۆکار بۆتە سەرچاوەی ئەنجام، یان ئەنجامە دەبێتە سەرچاوەی هۆکار. بۆیە گەڕان لەدوای وەڵامدانەوەی گەلێک لەو پرسیارانەی پەیوەندییان بەزمانەوە هەیە، بەستراونەتەوە بە هۆکار و ئەنجام، یان چارەسەر و کێشە. ئەمانە لەنێو شیکردنەوەی زماندا بازنەیەکی داخراوی بێ کۆتان بە بەردەوامی دەخوولێنەوە.

ئێمەی پەناهەندە (ئەوانەی بەتەمەنین و درەنگ چووینەتە دەرەوە)، بۆ نموونە لە ئەمەریکا بە زمانی ئینگلیزی قسە لەگەڵ هاووڵاتیەکی ڕەسەنی ئەوێ دەکەین، لەڕێگەی دەربڕین و فۆنەتیکی ئاخاوتنەکانمانەوە یەکسەر لێمان دەپرسن (خەڵکی

کوێی) بەواتای ئەوەی لەکوێوە هاتووی؟. بەڵام ئەمە نابێتە کێشە بۆ لەیەکتر گەیشتن و درێژەدان بە گفتوگۆ و ئاخاوتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری پێویست، کە قسەش دەکەین، پێمان ناڵێن ئێوە بەچ زمانێکی ئینگلیزی، یان بە ئینگلیزییەکی جودا و ئینگلیزی دووەم قسە دەکەن. بە ڕاشکاوی پێمان دەڵێن شێوە دەربڕین و دەنگی ئاخاوتنەکەتان هەندێک جیاوازە، بەڵام حەزم لەم شێوە دەربڕین و گوتن ودەنگانەی ئێوەیە، کە لەکاتی قسەکردنی ئێوەدا گوێم لێبوو. بەواتایەکی دیکە ئینگلیزی پەناهەندە و ئینگلیزی دانیشتوانی ڕەسەن نییە، هەر هەمووی یەک ئینگلیزییە.

مەبەستم لەم نموونەیە کێشە لەزماندا نییە، بەڵکو کێشە لە خودی مرۆڤەکانە، کێشە لەزمان نییە بەڵکو کێشە لە فکر و ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە. زمان بوونەوەرێکی ساف و کاریگەر و فراوان و فرە ڕەهەند و بزوینەر و خولقێنەرە، نیشتمانە بۆ قسەکەرەکانی خۆی.

پێم وایە زمانی کوردیش وەکو هەموو زمانێکی دیکە توانستێکی بێ سنووری هەیە بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ هەموو دیاردە زانستییەکان و مۆدێرنەکان، بەتایبەتی ئەو بارانەی بەردەوام لە فراوانبوون و گەشەکردنن. ئەوەتە زمانی کوردیش کە هێشتا لەسەرەتایە دەچێتە نێو پرۆگرامەکانی ئەنتەرنێت و کۆمپیۆتەر و پیتی کوردی و زمانی کوردی وەکو بەشێک لەچارەسەری پێویستە زانستییەکانی سەردەمەکە بەکار دەهێنرێت.

دایکم کە تەمەنی پتر لە هەشتا ساڵە، ناتوانێت بخوێنێتەوە و بنووسیت، بەڵام دەتوانێت تەلەفۆنی زیرەک بەکاربهێنێت، لەجیاتی خوێندنەوە دەتوانێت لەگەڵ ئەو وێنانەی لە نێو تەلەفۆنەکەی دایناون، بزانێت ئەوەی پەیوەندی پێوە دەکات کێیە، یان بتوانێت لەڕێگەی وێنەکانەوە ئەو کەسانە بدۆزێتەوە، کە دەیەوێت پەیوەندییان پێوە بکات. بەشێوەیەکی سەرەتایی لەڕێگەی تەلەڤزیۆن و فیلمە و زنجیرە دۆبلاژەکانەوە، بەشێوەیەکی سەرەتایی فێری زمانی هونەر و دەرهێنان بووە، دەتوانێت بەزمانێکی نیمچە جیاواز لە زمانی بیست ساڵ لەمەو پێش گفتوگۆ لەگەڵ کەسەکانی دەوربەری خۆی بکات. هەندێک وشەی زانستی لەبواری پزیشکی فێربووە، لەبواری ئەندازیاریی شتی نوێی لەبواری بیناسازیی و گەشەکردنی شار فێربووە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە زمانەکەمان دەتوانێت خۆی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و مۆدێرنە بگونجێت. بەواتایەکی دیکە ئەوە دایکم نییە گەنج بۆتەوە و بۆتە مۆدێرنە، بەڵکو زمان و

بەکارهێنانی زمانەکەیەتی گەنج بۆتەوە و نوێ بۆتەوە و گوزارشت لەهەندێک لە بوارەکانی مۆدێرنە دەکات.

یان با نموونەی منداڵێکی تەمەن ٥-١٠ ساڵی لەنێو کۆمەڵگە و گەڕەکێکی هەژار نیشین بهێنمەوە، کە چۆن لەڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردنەوە، لەڕێگەی تەلەفۆن و ئەنتەرنێت و پلەی ستێشن و ئێکس بەکس و یارییەکانی دیکە فێری زمانی نوێی ئەو شتانە بووە، کە لەنێو یارییەکاندا بەکار دەهێنرێن. سەرباری فێربوونی زانستی نوێ لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی کوردی و گۆڕانکاریی لەشێوازی ئاخاوتن و پێشکەوتن و گەشەکردنی ستایلی ئاخاوتن و یەکتر دواندن و سەڵاو و سوپاس بەفەرمی ئاخاوتن نێوان کەسەکاندا... تاد.

بەواتایەکی دیکە پێوانەی کۆمەڵایەتی و دەوروبەری کۆمەڵایەتی قسەکەر دەکرێت بکرێتە پێوانەیەکی گونجاو بۆ لێکدانەوەی هەموو ئەو بوارانەی پەیوەندییان بە گەشەکردن و مەترسی و گەنگەشەکانەوە هەیە. بێ لێکدانەوە و تێگەیشتن لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی کارێکی ئاڵۆز و قورسە لەمەترسی و ئەگەر و پێویستییەکانی گەشەکردنی زمان لەسەردەمی مۆدێرنە بگەین.

دەمەوێت شتێک ئاماژە پێ بکەم ، هەندێک پێیان وایە زمانی کوردی ناتوانێت لەئاست پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا بێت، من پێم وایە زمان دەتوانێت ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەوەی ئامادە نییە خودی بەکارهێنەرانی زمانەکەن، واتە خەڵک ئامادە نییە، یان هەست بە پاشکۆیی و خۆ بەستنەوە بەزمانە بەهێزە جیهانەکان دەکات و گومان دەخاتە سەر خودی زمانەکەی خۆی.

هەندێک لەپێناو ئەوەی نیشانی بدەن کەسانی باڵا و پێشکەوتن و لەئاست گەشەکردنەکانی دونیان، زاراوەی بیانی دەئاخنە نێو نووسین و ئاخاوتنەکانیان، بەمە دەیانەویت نیشانی بدەن، کە زمانی کوردی دەوڵەمەند دەکەن و لەهەمان کاتدا زمانی کوردی توانای خزمەتکردنی پێشکەوتنی زانستی نییە، بۆیە دەبێت ئەم جۆرە زاراوانە بەزۆر بئاخننە نێو زمانەکەوە. لەڕاستیدا ئەمە بەشێکی زۆری پەیوەستە بە دۆخی دەروونی و خۆ بەکەم سەیرکردنی قسەکەرەکانەوە، نەک لاوازی و بێدەسەڵاتی خودی زمانەکە.

چارەسەر بەشێوەیەکی گشتیی لای حکوومەت و تاکە. حکوومەت پێویستە بیر لە بەرنامەی کردەیی و گونجاو لەپێناو پاراستنی زمان و بەکارهێنانی بکات لەئاستی

خوێندنی باڵا و ئەکادیمیا و کۆلیژ و پەروەدردەوە، هەروەها تاکیش دەتوانێت زمان لەشتی نامۆ بپارێزێت، یان بەپێچەوانەوە زمان پڕ بکات لە زیوان و گیای بیژۆک و شتی خراپ. پێویستە هەڵەکانی بەکارهێنانی زمان لە ڕاگەیاندن و پەروەردە چاک بکرێنەوە، لە ڕیکلامدا ئەو سووکایەتی و هەڵە زەقانە نەهێڵدرێن کە ڕۆژانە بەشێوازی جیاواز بڵاودەکرێنەوە.

بەکورتی و پوختی زمان نیشتمانی مرۆڤە، زمان پڕاو پڕە لەهەموو شتێک، کە مرۆڤ بیری لێکردۆتەوە و یان دەیەوێت بیری لێ بکاتەوە و کاری لەپێناودا بکات. بەزمان دەتوانین پەیوەندی بە ناخی خۆمان و دەوروبەر و جیهانی دوور بکەین. زمان ئامرازێکە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ ڕێک دەخات، مرۆڤ و کۆمەڵگە و جیهانی  دەرەوەی دروستکردووە. ئێمە بەزمان دەتوانین بیر بکەینەوە و بیروڕا و بۆچوون و لێکدانەوە و پێشبینییەکانی خۆمان بە کەسانی دیکە بگەینین.

زمان پڕە لەشت، پڕە لەدونیایەکی زیندوو. با سەیری دۆخی خراپی نیشتمانی زمان لە پـەروەردەی منداڵانمان لە کوردستانی باشوور بکەین، لە منداڵییەوە دەخرێنە بەر خوێندن و بە زمانی ئینگلیزیی و فەرەنسی و ئەلمانی و بیانی بۆ؟ پێمان وایە لەم ڕێگەیەوە کەسایەتییەکی جیهانی پێشکەتووی فرە ڕەهەند و بەتوانای بۆ دروست دەکەین، لەکاتێکدا نیشتمانەکەی خۆی کە زمانەکەیەتی تێک و پێک دەدەین، وێرانی دەکەین و بەرەو سڕینەوەی دەبەین. ئێمە جیاوازی لەنێوان فێربوونی زمانی دووەم و پەرەپێدانی زمانی دایک ناکەین. زمانەکەی خۆی واتە نیشتمانەکەی وێران دەکەین، لەپێناو دروستکردنی نیشتمانێکی دیکە لەناخ و دەروونی منداڵەکانماندا کە پێمان وایە دۆخێکی پێشکەتووترە و بەهێز و کاراترە لەوەی خۆی.

گلەیی لەوە دەکرێت لەم سەردەمەدا کەسێک دەگاتە ئاستی زانکۆش ناتوانێت ڕستەیەکی پوخت و دروستی کوردی بنووسێت، هەیە خوێندنی باڵاش تەواو دەکات توانای نووسینی پەرەگرافێکی دروستی بەزمانی کوردی نییە، ئەمە دەبەستنەوە بە ئاست و شێواز و بەرنامەی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی.  بەکردەوە ئەمە بەشێکە لەوێرانکردنی زمانی کوردی، وەکو چۆن ناخ و دەروون و مێشکی منداڵەکە تووشی داڕمان و شێوان دەکەن، زمانەکش بەهەمان شێوە دەخەنە بەردەم ڕەشەبا و گەردەلولێکی مەترسیدار.

سەردەمی جیهانگەرایی هەرچەندە دەرگایەکی فراوانی لەبەردەم زمانی کوردی کردۆتەوە، لەهەمان کاتدا خودی زمانەکەشی دووچاری دۆخی شێوان و لاوازبوون و هاتنە ناوەوەی دەیان زاراوەی نامۆ کردووە، وەکو گوتمان لە پەروەردە و خوێندنی باڵادا زمانی کوردی لەبەردەم مەترسییەکی مەزن دایە، خودی زمانەکە و کەسایەتی و ناسنامەی بەکارهێنەرانی لەمەترسییە.

کە زمان نیشتیمان بێت، واتە زمان ناسنامەی کەسەکانە، بۆیە وتیانە (قسە بکە، تاکو بتناسم تۆ کێی). ئەمە بەڕاستی ئەوەمان بۆ دەردەخات زمان ناسنامەی کەسەکانە، ئێمە کە گوێ لە ئاخاوتن و قسەکانی ئاخێوەر دەگرین، بۆمان دەردەکەوێت ئەم کەسە بای چەندە و لەچ ئاستێک دایە و چۆن بیر دەکاتەوە و دونیابینی و فکری ئەو چییە.

بێ پاراستنی زمان ناتوانین ناسنامەی کەسەکان بپارێزین، بێ پەرەپێدانی زمان ناتوانین نیشتمانی ناخی هیچ کەسێک پەرەپێ بدەین.

با هەندێک ڕوونتر قسە لەم بارەوە بکەم، مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئامێر ئاسا نییە، بەڵکو خاوەن ئیرادەی خودییە، لەلایەک هێزێک هەیە بڕیار لەهەموو شتەکانی دەدات، ئەوی دیکەش هێزی خودی خۆیەتی کە ئیرادە بەخودی خۆی دەبەخشێت. بڕوات بەهەر کامیان هەبێت تۆ بەزمانی ئەو بڕوایە شیکاری خودی مرۆڤ دەکەیت و لێکدانەوەی تۆش بۆ خودی مرۆڤەکە ئاماژە بۆ کراوەکە ئەوەیە ، کە ئەو چۆن بیر دەکاتەوە و بڕوا ئیمانی ئەو چییە، ئەمەش لەکاتی ئاخاوتن و تێگەیشتن لە زمانەکەی بەدیار دەکەوێت.

لەنێو هەر مرۆڤێکدا بەهۆی زمانەکەیەوە نیشتیمانێک هەیە، ئەم نیشتمانە هەزارەها و ملیۆنان کەرەستە و پێکهاتە و بیرۆکە و ڕووداو بەسەرهات و بیرەوەریی و ئایندەخوازی و خەیاڵ و تێفکرین و وێنە و شتی وێناکراو و ژمارە و ناو و کەرەستەکانی بینین و هەست و بۆن و بیستن و ئاخاوتن و کاردانەوە و کارتێکردن... تاد هەیە. سەیری ئەم نیشتمانی زمانە بکەین، کتومت خودی مرۆڤ و نیشتمانێکی ئاسایی و ژیان و پێویستییەکانی و کەرەستەکان و هەستەکان و بیر و لێکدانەوە و وێنە.. تاد دەبینرێت.

لەبەر ئەوە بەهەڵەدا دەچین زمان بەتەنیا ئامرازێکی سادەی ساکار ببینین، یان وای وەسف بکەین تەنیا ئامرازێکە بۆ پەیوەنیکردن، نەخێر زمان هەموو ئەو شتانەیە مرۆڤ پێویستیەتی و بەکاری دەهێنێت و لێکدانەوەی بۆ دەکات.

بۆیە ئەگەر زمانێکی ستانداردی تەندروست و بەهێزمان هەبێت، ئەوە دەتوانین بڵێین خاوەنی نیشتیمانێکی بەهێز و ناسنامەیەکی ڕاشکاوی واتـادار دەبین. من لەنێو زماندا دەژیم، وەکو چۆن نووسەر لەنێو دەقدا دەژیت، زمان دەمرێت و دەق دەمرێت، وەکو چۆن نووسەر و قسەکەر دەمرن. لەهەمان کاتدا زمان خوێن و هێزی دەقەکەیە، زمان ناسنامەی قسەکەرە بۆیە ئەوانەی دەتوانن بژین، بێگومان خاوەنی زمانی خۆیانن. بەشێوەیەکی دیکە هیچ نیشتمانێک گەشە ناکات ئەگەر بەرهەمهێنانی بزوێنەر و بوژانەوە و گەشەکردن و پەیوەندیکردن و کارتێکردن و گوتاری تێدا نەبێت، زمانیش وایە دەبێت هەمان ئەو شتانەی تێدا بێت، شکۆی نیشتیمان پەیوەستە بە شکۆی زمان و ناسنامەکەمانەوە.

## شاسوار هەرشەمی:

# هێشتا کێشەی ئێمە، نەکەوتۆتە نێوان زمانی ستاندارد و زار و بنزارەکانی دی کوردییەوە

زمان و دەربڕین بە زمان، هەروەکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە بابەتی هونەر و وێژە، ئاین، سیاسەت و پەروەردە ...و تاد، بەشێکی سەرخانی کۆمەڵ پێکدێنێ. زمان سەرەڕای ئەوەش کە بە دیاردەیەکی سەرخانی ناو کۆمەڵگا دادەندرێت، بەڵام بەوە لە دیاردەکانی دی سەرەوە جیا دەبێتەوە، کە خستنەگەڕ و بەکارخستن و دەربڕینی نزیکەی سەرجەم ئەم دیاردانەی، کە لە سەرەوەدا ناومان بردن، بە بێ بەکارهێنانی وەستایانە و زانایانەی زمان، بە سەرکەوتوویی و باشی مەیسەر نابن. ئەوە زمانە کە مرۆڤ، هەست و نەست و خوست و ویستی خۆی، پێ دەردەبڕێت و ڕادەگەیەنێ. بۆیە هەر لە کۆنەوە، مرۆڤ ڕۆڵی زمانی زانیوە و بە یەکێ لە پایە هەرە سەرەکییەکانی، ناسنامەی میللی گەلانی داناوە. مێژوو بە بەڵگە بۆمانی سەلماندوە، کە ڕۆڵی زمان، لە پاراستنی قەوارەی میللەتاندا، هەردەم لە ڕۆڵی خاک و ئایین و دیاردەکانی دی پێکهێنەری سەرخانی کۆمەڵگا، گرنگتر بووە. زۆرن ئەو گەلانەی، کە لە خاکی خۆیاندا، باریان کردوە، یان بە زۆر، بۆ خاکێکی دی دەرپەڕێندراون، بەڵام بەهۆی پاراستنی زمانیان، قەوارەی میللیان پارێزراوە. بۆ نموونە: جووەکان، تورکان، مەجەرەکان، بولگارەکان، ئینگلیزەکان... و هتد، هەموویان لە نیشتیمان و خاکی بنەڕەتی خۆیان نەماون. زۆر میللەتیش هەبوون، بە لە دەستدانی زمانیان، سەرەڕای ئەوەش کە هێشتا هەر لە خاکی داپیرە و باپیرانیان دەژین، لە بۆتقەی گەلێکی دی زاڵ و سەردەستەدا تواونەتەوە و بەرامبەر بە مێژوو و کولتوری دێرینەیان، نامۆ بوون. وەک: گەلانی کۆنی قیبتیەکان، فەینیکیەکان، هەروەها ئەمازیگ، یان بەربەرەکان، جووەکانی حیجاز(یەترب و خەیبەر و ...)، هەندێ تیرەی هیندی سوور، لە هەردوو ئەمەریکای باکور و باشور.

دروستبوون و پێکهێنانی زمانی ستاندارد لەناو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا، (ئەگەر عیبریی و چەند زمانێکی دی لەناوچووی لێ دەرباوێژین) مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە. زمانی ستاندارد، زادەی شارستانیەتێکی تا ڕادەیەک پێشکەوتوی مرۆڤایەتییە. کۆمەڵێک مەرج و بارودۆخی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و ڕۆشنبیریی و... هتد، لە هەلومەرجێکی گونجاوی تایبەتیدا، پێکەوە یەکانگیر دەبن و زەمینەیەکی پتەو بۆ زارێک دێننە کایەوە، تا هەنگاوی گەورە و خێرا بهاوێژێت، بۆ خۆسەپاندن و باوبوونی، هەروەک باڵادەست بوونیشی، بەسەر سەرجەم زارەکانی دی دەوروبەریدا. ئەو زارەی دەبێتە زمانی ستاندارد، بە هیچ جۆرێ، مەرج نییە پاک و خاوێن ترین،

زاری زمانەکە بێت، یان زۆرترین کەسانی میللەتەکە پێی بدوێن. واتا هیچ زمانێک هەڵنەبژێردراوە تا ببێتە زمانی ستاندارد. هیچ کاتێکیش ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، کە زۆرینەی گەل، بە چ زارێک دەدوێن، تا ئەو زارەیە ببێتە زمانی ستانداردی هەمووان.

بە کورتی، مەرجیکی دیارکراو نییە، کە کامە زار و لە چ بارێکدا، سەرنجی زۆرینەی ئاخاوتکەرانی زارە نزیکەکانی دی ڕادەکێشێت، بەڵکو وەکو گوتمان، لە کات وساتێکی تایبەتیدا، هەندێ هەلومەرجی لێکجیا و تەواوکەری یەکدی، یەکانگیر دەبن و ئەو زەمینە لەبارەیە دێننە کایەوە، تا زارێک، یان تەنانەت زمانێکی بیانیش، ببێت بە زمانی هاوبەشی کۆمەڵە خەڵکێکی، خاوەن خاکێکی جوگرافی دیاریکراو و سنووردار بە کۆمەڵێک داب و نەریتی وەک یەک و هاوبەشەوە، کە لە هاوسێکانی دی دەوروبەریان، جیایان دەکاتەوە.

زۆرجاران، ئەم کارە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات، بێ ئەوەی دەستی ئەنقەست و ڕاستەوخۆی مرۆڤ، ڕۆڵی سەرەکی تێدا وازی بکات و بگێڕێت. واتە مرۆڤ ناتوانێت بۆ هێنانە کایەی ئەو هەلومەرجانەی، کە پێویستن بۆ هاتنە کایەی زمانی هاوبەش، یان ستاندارد، نەخشە دابڕێژێت، بەڵکو ڕۆڵی مرۆڤ ئەوەیە کە لەناو چوارچێوەی ئەو مەرجانەدا، بە چمکێکی کارەکە هەڵدەستێ. ئەم ڕۆڵەش کە تاک و دەستەی مرۆڤەکان پێی هەڵدەستن، دەکرێت هاندەر و برەو پێدەر بێت، یاخود ڕێگر و لەمپەر دانەر بێت.

زمانی کوردی لەم یاسا گشتییانەی مێژوو بەدەر نەبووە و نییە. ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە سەر زمانی پێ نووسینی کوردیدا هاتوون، بۆ ئەو هەلومەرج و بارە تایبەتییانە دەگەڕێنەوە، کە لە سەردەمە جیاجیاکان، بە سەر کوردستاندا هاتوون. وەک دەرمانخست، دیاردەی دەرکەوتنی زمانی ستاندارد، لای زۆر لە گەلانی دی، مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە. زمانی کوردی، کە لە سەدەی نۆ و دەی زایینییەوە پێی نووسراوە، چی لە زمانەکانی دی سەردەمی خۆی کەمتر نەبووە. ئەمە بارودۆخی نا سەقامگیر و نا ئارامی ڕامیاری بووە، کە هەموو جارێک، بۆتە لەمپەر لە ڕێی سەرگرتن و خۆ چەسپاندی زمانی نووسین.

لە سەردەمە کۆنەکان، ئەوە زمانی پەهلەویی پارتیی و پەهلەویی ساسانیی بوو، کە لە سەر دەستی ساسانیان، خەریک بوو بەرەو زمانی ستانداردی، هەموو دانیشتوانی ناو سنووری ئیمپراتۆریەکە بچێت. ماوەیەکی کەم، دوای ئەوەی کە عارەبەکان، دەوڵەتی

ساسانیان لەناو برد، نەک هەر زمانی پەهلەوی پەکی خرا، بەڵکو خەڵکی کوردستان، بەرامبەر داب و نەریت و ئایین و فەرهەنگی پێشوشیان نامۆ بوون و چیتر خۆیان لێ بە خاوەن نەدەکرد. واتا پرۆسەکە لە بناغەوە هەڵتەکا و چەند سەدەیەک دواتر، پەهلەوی وەک چەندان زار و زمان، لەملاو لەولا قوت بوونەوە.

دوای ئەوەش، کوردستان بە بەردەوامی مەکۆیەکی نائارام بوو. بە هۆی دروست نەبوونی دەسەڵاتێکی بە هێزی ناوەندی، هۆزە تورکەکان توانیان پێدزە بکەنە ناو کوردستان و زۆر شوێن داگیر بکەن. شەڕی خاچپەرستانیشی بەسەر داهات، کە دوو سەدەی خایاند و سەردەمانێک تا سەر تخوبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەڵکشا. ئەو شەڕ و پێکدادانانە، بوونە هۆی داچۆڕان و لەبەر ڕۆیشتنێکی گەورەی ئابوری و مرۆیی لە کوردستان. دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، گەلی کوردستان و گەلانی دی ناوچەکە، ئەوەندە لاواز ببوون، کە نەیانتوانی پێش بە پەلاماری مەغۆلان بگرن. مەغۆلیش، ئەوەی پێیان نەبردرا، ئەوا تێکیان دا. دوای لاواز بوونی دەسەڵاتی مەغۆلان بوو، کە لێرە و لەوێ، هەندێک دەسەڵاتی خۆجێی کوردی، توانیان ببوژێنەوە.

لە سەردەمە نوێیەکانیشەوە، بە هۆی ئەوەی کە کوردستان، کەوتبووە نێوان دوو ئیمپراتۆری زلهێزی ناوچەکە. مەبەستمان ئیمپراتۆریەتی تورکانی سوننەی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی تورکانی شیعەی ئێرانییە، بە ناوی جۆراوجۆری وەک (سەفەوی، قاجار و ئەفشار).

ڕەوشی گەشەی زمانی کوردی، ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ناهەموارەی کوردستانی پێوە دیارە و وەک ئاوێنە ئەو سەردەمانەمان بۆ دەخوێنێتەوە.

ئەگەر سەرنجێکی مێژوویی لە زمانی کوردیی، لەو سەردەمانە ڕا بدەین، دەبینین چەند جارێک خەریک بووە، کە زارێکی کوردیی، بۆ ئاستی زمانی ستاندارد گەشە بکات. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو هەلومەرجانە بووە، کە لەو سەردەمانەدا بۆی ڕەخسا بوو. یەکەمین دەرکەوتەی زمانی کوردیی، بەو ئاراستەیە، بۆ دوای سەدەی سێزدەی زایینی دەگەڕێتەوە.

دروست بوون و هاتنە کایەی میرنشینی ئەردەڵان، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەدەی سێزدەدا، هێمنی و ئارامییەکی باشی خستە ناوچەکە، کە بوو بەهۆی بوژاندنەوەی ئابووری و باشتر بوونی بژێوی خەڵک. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن و بڵاوبوونەوەی پتری حوجرەکانی وانە

گوتنەوە و گەشەسەندنی خوێندەواری. هێمنیی و تێریی و ئاسودەیی و بەزم و ڕەزمی میران، پێویستیی بوونی شیعر و ئەدەبی هێنایە کایەوە. ئەوەبوو (زاری) گۆران لەو سەردەمانەدا، زۆر پێشکەوت. تەنانەت خەڵکانێکی دووری ئەو ناوچانەش، کە زمانی ڕۆژانەیان بە زاری گۆرانیی نەبوو، ملکەچی حەتمیەتی مێژوویی، پەرەسەندنی زاری گۆران بوون و شیعریان بەو زارە نووسیوە. مەلا عومەری ڕەنجوری، کە خەڵکی شاڵەبەگیان بووە، لە ناوچەی خەلەکان، یەکێ بووە لەوانە، کە بەوە زارە شیعرەکانی نووسیوە. بەڵام دوای مردنی هەڵۆ بەگ، لە سەرەتای سەدەی هەڤدە دا، بارەکە گۆڕانی بەسەر داهات. خزمایەتی و تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازی میرەکانی دواتری ئەردەڵان، لەگەڵ دەرباری شاکانی ئێراندا و تەنانەت گۆڕینی مەزهبیشیان، لە سوننەوە بۆ شیعە، نیشانەی ئەوە بوو، کە ئەو میر و والیانەی دوای هەڵۆ بەگ، چی دی، بە هەمان ئاستی جارانیان، بایەخیان بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی نەداوە و بەرە بەرە فارسیی لە سنەی پایەختی ئەردەڵانییەکان، بووە زمانی دەربار. بەم جۆرە هەلومەرجی گەشەسەندنی ئەم زارەیە، بۆ زمانی ستاندارد، لە نێوچوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیشدا، ئیدی نووسین بەو شێوەیە، نزیکەی بە یەکجاری وازی لێ هێنراوە. ئێستا سامان و میراتێکی زۆر و بە پێزمان، بە زاری گۆرانیی بۆ بەجێ ماوە، کە هێشتا چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی دەکەن.

پێش شەڕی چالدێران و تا کۆتایی سەدەی شانزەمیش، پتر لە بیست میرنشینی کوردیی، لە باکوری کوردستاندا هەبوون. کرمانجیی، کە زاری هاوبەشی ئەو میرنشینانە بوو، خەریک بوو وردە وردە دەبوژایەوە. سەیر ئەوەیە، بۆ یەکەمین جار، لە ئەدەبی بە کرمانجیی نووسراودا، هۆشیاری نەتەوەیی کوردیی دەرکەوت، (مەم و زینی ئەحمەدی خانی). ئەم گەشەکردنە شان بە شانی گۆرانیی، تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو. لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا، دەوڵەتی عوسمانی، کە بەشی هەرەزۆری کوردستانی لەبەردەست دابوو، بە دەست کێشەی ئەرمەنیی و فەڵە هاوولاتییەکانی دیکەوە دەتلایەوە. ئەم کێشەیەش ببووە بیانوویەکی بەردەوام بۆ دەست تێوەردانی وڵاتە فەڵەکانی ئەوروپیی. بۆیە کە عوسمانییەکان، بڕیاری یەکلایی کردنەوەی کێشەی ئەرمەنیان دا، سیاسەتی دڵدانەوەیان بەرامبەر بە کورد گرتە بەر و لەساڵی ١٨٩١ دا، سوارەی حەمیدیان، لە لاوانی خێڵە کوردەکان دروست کرد. ئەو هەلومەرجە پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو زارە. تەنانەت

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییش، لەساڵی ١٨٩٨ ز، هەر بەم زارە دەرچوو. دەبینین لەو سەردەمەدا، شاعیرانی دەرەوەی سنوری ئەم زارەش هەبوون، کە شیعرەکانیان بە کرمانجیی نوسیوە. وەکو عەلی حەریری، کە حاجی قادری کۆیی، ناوی هێناوە.

بەڵام ئەو بارودۆخە هەر وا نەمایەوە. بەتایبەت دوای هاتنە سەر حوکمی پان تورکیستەکان، بە ڕێبەری مستەفا کەماڵ، بارودۆخی کورد لە باکور، بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕا. تورکەکان، دڕندانەترین سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد گرتەپێش. نەک هەر هەموو بوارێکی خوێندن و نووسینیان بە کوردیی ڕاگرت، بەڵکو حاشاشیان لە بوونی کورد، وەکو نەتەوەیەک کرد. ئەمەش گەشەکردنی زاری کرمانجیی، نەک هەر ڕاگرت، بەڵکو بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ، لە پەلوپۆشی خست. بە گۆڕینی پیتەکانی زمانی تورکی بۆ لاتینی و داسەپاندنی زمان و پیتەکانیش بەسەر کوردان، نەوەی نوێی کورد لەو پارچەیە، لە ڕابردووی داهێنانی ئەدەبی کوردیی و ئاستی گەشەی زمانی کوردیی لە پارچەکانی دی کوردستان، دابڕان و بێ ئاگا بوون. تەنیا لە دوای ساڵانی شەستەوە و لە دوور وڵات، لە لایەن چەند ڕۆشنبیرێکی کەمی ئاوارە، دیسان هەوڵی نوسین بەم زارەیە دراوە و دەدرێت. لەم ساڵانەی دوایی، بارێکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردیی، زاری کرمانجی هاتۆتە پێش. ئێستا دەزگاکانی ڕاگەیاندن (تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و ...) بەو زارەیە چالاکیان هەیە.

ئێستا با سەرنجێک بدەینە زاری کوردیی ناوەند، کە بە هەڵە پێی دەگوترێت سۆرانی.

ئەم زارەیە لە هەرەتی بوژانەوەی میرنشینی باباندا و لە سەر دەستی نالی، سالم، کوردی و مەستورە، بە شێوەیەکی توند و چەسپاو هاتە ناو دنیای نووسینەوە و بە خێراییش برەوی پێ درا. یەکەمین فەرهەنگێکی کوردییش، کە بە هۆشیاریەوە بۆ خزمەتی زمانی کوردیی داندرابێت، هەر بەم شێوەیە بووە، کە علی اکبر وقایع نگار، لە ساڵی ١٨٦٩ زایینی دا، بەناوی (بدایع اللغە) نوسیویەتی. میرنشینی بابانیش، دوا میرنشینی کوردیی بووە، کە تا ساڵی ١٨٥٣زایینیش هەر بە سەر پێوە مابوو. کە لە ساڵی١٩٢٢، مەملەکەتی کوردستان، بە ڕێبەرایەتی شێخی نەمر، (مەلیک مەحمودی یەکەم) دامەزرا، نەک هەر ڕۆڵ و کاریگەری بابانەکان هێشتا کاریگەر و زیندوو بوو، بگرە زۆر پیرە پیاو هەبوون، کە هێشتا سەردەم و ڕۆژگاری بابانیان لە بیریش مابوو، بۆیە بەپێچەوانەی دوو زارەکەی دی، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، تەکانێکی توند بەم زارەیە درا.

هەر لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابـردووەوە، خوێندنگای پێ کراوەتەوە. دوای دەرچونی یاسای زمانە ناوچەییەکان، لە ساڵی ١٩٣١ز دا، لە پەرلەمانی ئێراق، بواری پێ خوێندنی زمانەکە، زۆر فراوانتر بوو. لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی و ڕۆژگاری کۆماری خۆموختاری کوردستاندا، ئەم زارەیە برەوی چاکتری پێ درا. بالیۆزخانەی ئەمەریکی لە بەغدا، لە سەردەمی شەڕدا، گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) ی، بەو زمانە کوردییە دەردەکـرد. دەوڵەتی بەریتانیاش، هەمانکات، لە ڕادیۆی نێونەتەوەیی (حەیفا)، بەرنامەی بەو زمانە بڵاو دەکردەوە.

ئەوا بۆ زیاتر لە نیوسەدە دەچێت، لە چەند زانکۆیەکدا، بەشی کوردیی بەو زمانە هەیە و دەخوێندرێت. بەمجۆرە ئەو بارودۆخ و هەلومەرجە سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئابووری-ڕۆشنبیرییەی، هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە، بۆ سەقامگیربوونی ئەم شێوەیەی زمانی کوردیی ڕەخساوە، بێ پسانەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر بووە.

ئێستا لە هەرێمی کوردستانی ئازاددا، دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ دەردەچێت و دەیان کەناڵی تەلەفزیۆن و وێستگەی ڕادیۆش، بەرنامە بەم شێوەیە بڵاودەکەنەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناو کوردانی تاراوگەی هەموو گۆشەیەکی ئەم سەر زەوییەش، چالاکی ڕۆشنبیریی و هونەریی زۆری، نووسراو و بینراو و بیسراو، بەو زمانە بڵاو دەبنەوە. هـەروەک ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنیی، ماڵپەڕی ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی یەکجار زۆر، لەسەر تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت، هەر بەم زمانە بابەتەکانیان دەگەیەننە خەڵک.

تا بەمڕۆ دەگات، زاری کوردیی ناوەند، ڕێگایەکی زۆری بڕیوە، بۆ بوون بە زمانی ستاندارد. ئەمڕۆ زمانی کوردیی، زمانی یەکەمی ملیۆنان کەسە، بۆ خوێندنەوە و نووسین و خۆ ڕۆشنبیر کردن، ئەمە لە کاتێکدایە کە زارەکانی دی کوردیی، هێشتا تەنیا وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و لەلایەن چەند کەسانێکی کەمەوە پێیان دەنووسرێت. واتا زارەکانی دی زمانی کوردیی، بە بەراورد بە زمانی ستانداردی ئەمڕۆی کوردیی، هێشتا نەبوون بە زمانی یەکەمی خوێندنەوە و نووسین و خۆپەروەردە کردنی هیچ کەسێ. نووسراوەکانیشیان، لەسەر ئاستێکی بەرتەسکدا بڵاودەبنەوە. تیراژی ساڵێکی هەموو ئەو ڕۆژنامانەی، کە بە زارە کوردییەکانی دی دەردەچن، لە تیراژی حەوتویەکی ئەم سێ رۆژنامە ڕۆژانەیە کەمترە، کە لە باشوری کوردستان دەردەچن.

ئەمە باشترین بەرپەچدانەوەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە دەیانەوێ زارێکی دی کوردیی، لەگەڵ زمانی بەرەو ستاندارد چووی کوردیی، لە ڕیزی یەکدی دابنێن.

هەندێ کەس، بڕوبیانووی ئەوە دێننەوە، کە با جارێ بوەستین، تا بەڵکو کوردستان هەمووی ڕزگار دەبێت، جا ئەوکاتە زمانی ستاندارد، لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا دروست دەبێت، یان هەڵدەبژێردرێت. بۆ وەڵامی بۆچوونێکی سادەی وا دەڵێم، کە زمان هەڵنابژێردرێت، بەڵکو حەتمیەتێکی مێژوویی زاڵ دێتە پێشێ و زمان (زارێکی باش گەشەکردووی زمان) دەسەپێنێت. مێژووش وەک لافاوی پەنگخواردو وایە و چاوەڕوانی نازانێت، بۆیە کە هات، ئەوا ئێمە ناتوانین بەری پێ بگرین. هەر ئەوەندەیە ئەگەر هۆشیارانە بە پیریەوە بچین، هەر وەک چۆن ڕەنجوری و عەلی حەریری، لە سەردمی خۆیاندا، هۆشیارانە بە ئەرکی مێژوویی خۆیان هەڵسان، ئەوا دەبینە گەشەپێدەری زمانەکەمان. ئەگەر ناهۆشیارانەش سات و سەودای لە گەڵدا بکەین، ئەوا تەنیا ڕێگرێکی کاتی ئەو دیاردە مێژوو کردە دەبین و زیان لە پێشکەوتنی زمانەکەمان دەدەین.

نازانم کوردستانی ئازاد و یەکگرتوو بەدی دێت یان نا. هەروەک کەسیش نازانێت، ئەو کوردستانە چاوەڕوان کراوەمان، کەی و بە چ شێوەیەک دەبێت. ئەوەی دیارە و لێمان ڕوونە ئەوەیە، کە ئەگەر پەرەسەندنی بار و دۆخی باکوری کوردستان ئاوا بچێتە پێشێ، ئەوا لە دواڕۆژدا، دوو ئەگەرمان لە بەردەمدا دەبێت. یەکەمیان، یان یەک کوردستانی ئازادمان دەبێت، بە دوو زاری دیوانیی، (تۆ بڵێ بە دوو زمانی دیوانیی کرمانجیی و کوردیی). ئەگەری دووەمیش ئەوەیە کە دوو دەوڵەتی کوردستان، بە دوو زمانی هاوڕەگ و هاوڕیشەی کوردیی و کرمانجیی بێنە کایەوە. ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە ئێمە، نابێت دەستەوستان دابنیشین و چاوەڕوانی ئەو ئەگەرانە بکەین. ئەوە چالاکانە کار کردنی ئەمڕۆمانە، کە ڕاستەوخۆ بەرەنجامەکانی ئەو ئەگەرانەی دواڕۆژ دەگۆڕێت. ئەوە ئێمەین کە دەتوانین ئەگەرەکان، بە ئاقار و ئاراستەیەکی دی دا بەرین.

لە بارودۆخی ئەمڕۆی پارچەکانی کوردستاندا، بۆ کەسێکی زار کرمانجیی، یان زازایی، یان گۆرانیی و هەورامیی و... فێربوونی زمانی کوردیی ستاندارد، هەرگیز و هەرگیز، لە فێربوونی زمانە بە زۆر بەسەر داسەپێندراوەکانی، تورکی و عارەبی و فارسی و... زەحمەتتر نییە. ئەمە هەست نەکردن بە لێپرسراویە بەرامبەر بە زمانەکەمان، ئەگەر دژی ڕەوتی مێژووکردی گەشەکردنی زمانی ستانداردمان بوەستین و زمان

و زار و زاراوانی لە مێ و لەوێ بۆ قوت بکەینەوە. با سەیرێکی ئیسرائیلیەکان بکەین و پەندیان لێ وەربگرین. زۆربەی ئەو جووانەی دەگەڕانەوە ئیسرائیل یان بە زمانی (یدیش) دەدوان، یاخود بە زمانێکی دی بێگانە. زمانی عیبری، تەنیا لە سینەگۆگ و کڵێساکاندا مابوو، کە دوا سەنگەری بوو. کەچی ئەمڕۆ، عیبری بووە بە زمانی هەموو جووەکانی ئیسرائیل. شارەزا و زمانناسانی ئیسرائیل، دیسان سەرلەنوێ، زمانەکەیان زیندوو کردۆتەوە، بەڵام هەندێک لە ڕۆشەنبیرانی ناوچەگەری ئێمە، بە بڕوبیانووی نەزانانە، لە زمانێکی زیندوو ڕادەکەن.

خەڵکانێک هەن، هێشتا زمان و زار و ئەلفەبێت لێک جودا ناکەنەوە و وا دەزانن کێشەی گەورەی زمانی کوردیی، جۆری پیت و ئەلفەبێتە. گەر ئێمە برەومان بە زمانی ستاندارد بدابایە، دیارە کە گۆڕینی ئەلفەبێت شتێکی ئەستەم نییە، ئەگەر لە بەرژەوەندیی زمانەکەماندا بێت. واتا ئەم پرسە بیانوو نییە، تا خۆمان لە ئەرکی برەو پێدان و پاراستنی زمانی زیندو و بە توانای ستانداردی کوردیی بدزینەوە.

لەم بارەی ئێستای پەرتەوازەیی زماندا، دیارە هەر کەس ئازادە، لە دوان و ئاخاوتن بەو زارەی کە دەیەوێت. چۆنیەتی بایەخدانیش بە فۆلکلۆری ناوچەیی خۆی، کە فولکۆری سەرجەم خەڵکی کوردستانە. واتا پشتگیری کردن و فێربوونی زمانی ستاندارد، بەو واتایە نییە کە ئێمە پۆلیسی زمان دادەنێین و ناهێڵین کەس بە زاری خۆی بدوێت.

ئەمڕۆ بە بۆچوونی من، پاراستنی هەر زارێکی کوردیی، ئەرکی سەرشانی دەزگا ئەکادیمیەکانی زمانە، چونکە هەر زارێک بۆخۆی خاوەنی سامانێکی گەورەی فۆلکلۆری و کەرەستەی زمانە. هەروەک چالاکییە هونەرییەکان، لە هەر شوێنێک، هەمیشە بە زاری ئەو شوێنە ئەنجام دەدرێن. واتا پشتگیری کردن لە زمانی ستاندارد، نابێت بخرێتە چوارچێوەی دژایەتی کردنی هیچ زارێکی دی کوردییەوە.

من لێرەدا دەمەوێت، کە پێ لەسەر ئەمە دابگرم، لەم بارودۆخەی، کە پارچەکانی کوردستان، ئەمڕۆ تێیکەوتوون، زیندوکردنەوەی هیچ زارێکی کوردیی، نابنە هەڕەشە بۆ سەر زمانی ستانداردی کوردیی. گەلی ئێمە هێشتا لە بارێک دایە، کە هەڕەشەی لەناوچوون، لە زمان و فەرهەنگی، ئەگەرێکی زۆر بەهێزە. کەواتە ئەگەر بۆ نمونە، خەڵکی کرماشان، ڕوویان لە زیندوو کردنەوە و پێنووسینی زاری کەڵهوڕی کرد، واتا بە سەدان هەنگاو هاتوونەتە پێشێ و لە مەترسی لەناوچوونی زمان دوور

کەوتوونەتەوە. واتا مەترسی زمانی فارسییان، لەسەر نەوەکانی داهاتوومان لەو ناوچەیە، کەمتر کردۆتەوە. هەروەک گەر کەسێک بتوانێت بە کەڵهوڕی بنووسێت و بخوێنێتەوە، زۆر بە ئاسانتر دەشتوانێت زمانی ستاندارد فێر ببێت. دیسان زیندو کردنەوەی زارەکان، واتا هاتنە بەردەستی سەرچاوەیەکی گەورەی ئەمباری وشە، بۆ دەوڵەمەندتر کردنی زمانی ستاندارد.

پوختەی مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە، کە هێشتا کێشەی ئێمە، نەکەوتۆتە نێوان زمانی ستاندارد و زار و بنزارەکانی دی کوردییەوە. ئێمە هێشتا دەستمان بەسەر زۆربەی کوردستاندا ڕاناگات و ناتوانین فریایان بکەوین. کەواتە تا ئێستاش، کێشەی گەورەی ئێمە، لە نێوان زمانی کوردیی (بە گشتی) و زمانی دەستەڵاتی داگیرکەری زاڵە لە کوردستان، کە ئەو دەستەڵاتە، بە هەموو توانایەکی یاسایی و دارایی خۆیەوە، ڕەواج بە زمانی خۆی دەدات، کە زمانی نەتەوەی سەردەستە، لەناو میللەتی ئێمەدا.

زمانی کوردیی، کە هێشتا زمانێکی بچووکی ناوچەییە، بەڵام فەرهەنگێکی گەلێریی زۆر دەوڵەمەندی هەیە و هەر ئەو فەرهەنگەشە، کە تا (ئەمڕۆش) سنگی خەڵکی ئاسایی نەوە بە نەوە بۆمانیان گواستۆتەوە، ئێستا مەترسی زۆر گەورەی لەسەرە. بەهۆی نەبوونی بە (زمانی دەوڵـەت) و دامودەزگاکانی دەستەڵاتداریی، زمانەکە توانای گەشەکردنی سنوردار دەبێت. زمان بەبێ دەوڵەت، بە بەردەوامی هەڕەشەی نەمانی لەسەرە. هەروەک بارە پێچەوانەکەش ڕاستە، دەوڵەتی بێ زمان، بەهۆی ئەو توانا گەورەیەی کە لەبەردەستی دایە، توانای ئەوەی هەیە زمانی تایبەت بە خۆی بخوڵقێنێت. باشترین نموونەمان زمانی نەرویژییە، کە پێش سەربەخۆ بوونی، زمانەکە تەنیا بریتیی بوو لە چەند زارێکی پەرت و بڵاوی دانمارکیی. هەمان شتیش سویدیی، دوای دروست بوونی دەوڵەتی سوید لە سەرەتای سەدەی پازدە بوو بە زمان. زمانی عیبریی بە دروستبوونی ئیسرائیل، کرا بە زمانێک، کە زووتر تەنیا چەند شارەزایەک دروستیان کردبوو.

### کاری لەپێشنینەی دەوڵەت و دەستەڵات

دەوڵەت بۆ جێگیر کردنی زمان، دەبێت خاوەن ئەکادیمیایەکی زمان بێت، کە بودجە و دەستەڵات و سەربەخۆیی تەواوی خۆی هەبێت و کەس بۆی نەبێت دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی. ئەو ئەکادیمیاییە، دەستەڵاتی هەبێت، تا هەموو کتێبەکانی خوێندن

بە یەک ڕێنووس چاپ بکات. تەنیا کۆمەک بە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبانەی نووسەران بدات، کە پێڕەوی لە ڕێنووس و ڕێزمانی پەسەند کراوی ئەکادیمیا دەکەن. وەزارەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت ناچار بکات بۆ ڕایی کردنی کاروبارەکانیان، تەنیا پێڕەوی لە مەرجەکانی نووسینی ئەکادیمیا بکەن وتاد...

هەموو ئەو کارە سەختانەی سەرەوە، ئەگەر بە باشیش جێبەجێ بکرێن، ئەوا تەنیا زمانەکە لە نەمان و پووکانەوە دەپارێزن. تاکی کوردزمان، هێشتا بۆ ئەوەی بتوانێت زانستە هاوچەرخەکان فێرببێت، زمانی کوردیی ناتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی بداتەوە. ناڵێم زمانەکە پۆتێسیالی ئەمەی تێدا نییە ببێتە زمانی زانست، چونکە لەم پەنجا- شەست ساڵانەی ڕابردوودا، کەموزۆر لە زۆر بواری زانستییدا، زاراوە و دەربڕینی گونجاو دەرکەوتوون و بەهۆی بەکارهێنانیشیان لە بواری خوێندن لە خوێندنگاکاندا، تا ڕادەیەک چەسپاون، بەڵام زانست و بوارە زانستییەکان زۆر لەوە خێراتر دەچنە پێش، کە زمان بە دەستییەوە دادەمێنێت و فریای کاروانەکە ناکەوێت.

**زمانی کوردیی یان زمانە کوردییەکان؟**

زمانناسیی مێژوویی و زمانناسیی بەراوردکاری و پۆلێنی زمان و شێوەزارەکان، وەک دەزانین، کارێک نییە بە ئارەزوو و حەز بچێت بەڕێوە، تا ئێمە چۆنمان پێ خۆش بوو و بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بۆ «خزمەت»ی نەتەوە، ئاوا ئاڕاستەی بکەین و ڕێڕەوی بۆ دیار بکەین.

پۆلێنی زمان و زارەکان (هەتاکوو خێڵ و ئێتینکەکانیش)، وەکوو پۆلێنی زیندەوەران وایە، بە پشتبەستنە بە شتێکی خۆڕسک کە زمان و تایبەتمەندیەکانیەتی.

لە بەرامبەردا نەتەوە و نەتەوەبوون، شتێکی خۆڕسک نییە، بەڵکوو خۆویستانەیە و ئیرادەیەکە بۆ یەکگرتن و بوون بە نەتەوە. ئوستراڵیی و ئەمریکیی و بەریتانیی، خاوەنی یەک زمانن، بەڵام سێ گەل و نەتەوەی لێکجیاوازن. هەروەک تاجیکی و فارسیی و دەری ئەفغانستان، سەر بە یەک گرووپە زمانن، کەچی سێ گەلی لێکجیان. ئەمە بۆ بیست و یەک دەوڵەتە عارەبیی زمانەکانیش هەر ڕاستە. هاوکات تامیل و هیند و پونجابییەکان سێ نەتەوە و سێ زمانی زۆر لێکجیاوازن، بەڵام لە دەرەوەی هیندستان، هەر سێ گرووپ، وەک (گەلی هیندیی) خۆیان دەناسێنن و یەک نەتەوەن.

ئێمە دەتوانین لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا، دوای ئـەوەی پایە و بنەماکانی

ئینتیمایەکی هاوبەشمان هەبوو، یەک بگرین و «نەتەوە»یەک بین. بەڵام زمان بەو شێوەیە بە ئیرادە و خواست و ویست نابێت بە یەک. جا مەگەر زمانێکی دەستکرد سازبکەین، یان دەسەڵاتێک یەک زمان بسەپێنێت بەسەر هەمووان‌دا، کە کارێکی ئاواش سەردەمی بەسەر چووە.

دەزانم ئەگەر وەک گەلانی دی، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا خاوەنی دەوڵەت و دەستەڵات بووایەن، بێگومان سروشتی هەموو دەستەڵاتەکانی ئەو زەمانەش، تاکڕەویی و پاشایی و بەکارهێنانی زەبر و زەنگ بووە، بۆ سەپاندنی خواستەکان، ئەو کاتە ئێمەش، دەبووین بە خاوەنی زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو و هەموو زار و بنزار و دەستە زمانەکانی کوردستان بە ویست و ئارەزوو بوایە، یان بە ناچاریی، لە چوارچێوەی زمانی (دەرباری پاشایەتیی) دەتوێندرانەوە. ئێمە ئەمەمان بۆ مەیسەر نەبووە، بۆیە ناشتوانین لەناو خەون و خەیاڵ بژین و واقیعی ئێستای باری زمان لە پارچە و بەشە لێکدابڕاوەکانی کوردستان نەبینین.

ئێستا (کورد) سێ دەستە زمانی هەیە:
یەکەم: دەستەی کرمانجیی-لەکیی.
دووەم: دەستەی زازا-گۆرانیی.
سێیەمیشیان: "زمانی" لوڕیی.

ئەم جیاوازیانەی، کە لە نێوان سێ دەستە زمانەکە هەن، خۆڕسکن و هەر وا بە حەز و خواست و ویست، یان هەست و سۆزی نەتەوەیی ناکرێن بە یەک. جیاوازیەکە بە جۆرێکە کە دەستەی زازا-گۆرانیی، لە لایەنی فۆنۆلۆژیی و ڕێزمانییەوە، لە دەستە زمانی تاتیی-ئازەریی پێش هاتنی تورک بۆ ئازەربایجان و دەستەی ناسراو بە زمانانی قەزوینییەوە نزیکترە، تاوەکوو دەستەی کرمانجیی-لەکیی (لەگەڵ ئەوەی کە لە زۆر ڕووکاری وەک وشە خواستنەوە، گۆرانیی لە کوردیی ناوەندی نزیک بووەتەوە و زازاکی لە کوردیی باکووری/کرمانجیی نزیک بووەتەوە. بێگومان لوڕییش سەرەڕای لێکچوونی لەگەڵ زاری کوردیی لەکیی، پتر لە لاریی و لە شێوەزارە پارسییەکانی ئوستانی فارس(شیراز) و دەوروبەری نزیکترە.

ئەمڕۆ لە ناوەندە ئەکادێمیەکانی جیهاندا، تەنها دەستەی کرمانجیی-لەکیی پێی دەگوترێت (زمانی کوردیی). هەندێک جار، زاری لەکییش جیادەکرێتەوە و تەنیا بە

نزیکترین زمان لە کوردیی دادەنرێت، واتا وەک شێوەزارێکی کوردیی ناپالێورێت. واتا ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەی بابەتە زمانەوانیەکانەوە بێت، لوڕیی زمانێکی جیایە و گۆرانیی-زازاکیش دوو زمانی جیان و پێکەوە دەستەیەکن، چونکە نزیکیی زۆریان لەگەڵ یەکدی هەیە. هەمووشیان بە یەکەوە، سەر بە هەمان بنخێزانی زمان و زارە کوردییەکانن و بەیەکدی بێگانە نین.

ئەوەی کە مایەی سەرنجە، کورد بوون و هاونەتەوە بوون و پێناسە کردنمان وەک یەک گەل، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە یەک زمانییەوە نییە، وەک چۆن ئینگلیز و وێلزیی و سکۆتلاندیی بە زمان و فەرهەنگی لێکجیاوازەوە، یەک گەل و نەتەوە پێکدێنن. لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمە دەتوانین (کوردیی) بە واتای هەر زمانێکی کورد پێناسە بکەین، کە دەکەونە ناو چوارچێوەی ئەم زمانە باوانەی خەڵکی کوردستانەوە، چونکە وەک پێناسەی نەتەوەیی، کەس نکۆڵی لەوە ناکات، کە هەورامیی، گۆرانیی، زازاکیی و لوڕییش، وەک کرمانجیی و سۆرانیی و موکریانیی و تاد... هەر کوردن. سەرەڕای ئەم ڕاستیەش، لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە ناکرێت هەر یەک لە گۆرانیی و زازایی و لوڕیی، بکەین بە شێوەزار، لە زمانێکی دیاریکراو و ناسراو بە ناوی (زمانی کوردی).

گۆرانیی هەر بۆ خۆی زمانێکی دەوڵەمەندە. گۆرانیی لە ڕابردوویەکی نە زۆر دووردا، هێشتا لە ئێستای گەورەتر بووە و تەنانەت لە زمانی کوردیی خۆیشی فراوانتر بووە. بەشێکی زۆر لە کوردانی زمان کوردیی ناوەند. گۆرانییان وەکوو زمانێکی ئەدەبیی و ئایینی بەکار هێناوە، بۆیەشە ئەستەمە ئەم مێژووی نووسین بە گۆرانییە، هەروا بە ئاسانی بکەینە بە شێوەزارێکی سەر بە سۆرانیی یان کرمانجییەوە.

بە کورتیی، پێناسەی زمان، مەرج نییە هەموو جارێک لەگەڵ پێناسەی گەل و نەتەوە جووت بێتەوە. هاوکات لەو بار و دۆخەی کە گەلی کوردستان تێیکەوتووە، لە پارچە پارچە کردنی خاک و گەلەکەی و نەبوونی دەوڵەت و دەستەڵاتدا، هەروەک بوونی چەترێک لە زمانە کوردییەکان، کە ئەگەر لەبەر هەست و سۆزی نەتەوەیی نەیبینین و دانی پێدانەنێین، وەک ئەوە وایە چاومان لەو ڕاستییانەدا بپۆشین و بە هەندی وەرنەگرین وایە، بۆیە کێشەکانی ئێستای زمانی کوردیی، زۆر لەوە گەورەتر و بەرفراوانترە کە بەبێ گۆڕانی هەلومەرج و سەربەخۆیی چارە بکرێن. واتا بوونی ئیرادە و بوونی زانیاریی و شارەزایانی پێویست و بوونی پارە و بودجەی پێویستیش،

بەڵام نەبوونی دەسەڵات لە ناو چوارچێوەی قەوارە و دەوڵەتێک یان پتردا، بۆ پیادە کردنی بڕیارەکان، کێشەکان ناگەیەنێتە ئاقارێکی ئارام و سەقامگیر.

ئێمە دەبێت لەگەڵ ئەو هەموو تەحەددایانەی سەرەوە ڕابێین و تێیانبگەین و ئەمەش بزانین، کە لە ئەگەری هەروا مانەوە، ئەوا نەوەکانی دوای ئێمە باجی ئەمەش دەدەن. باجەکەشی شتێکی لەمجۆرە دەبێت، کە زمانەکە وەک چۆن زمانی ئیرلەندیی، وا بەبەر چاومانەوە شوێنی خۆی بۆ ئینگلیزی چۆڵ دەکات، ئەوەی ئێمەش بۆ فارسیی، عارەبیی و تورکیی. لە باشترین باریشدا دەبن بە ژمارەیەک زمان، بەڵام بە ئاست و توانای لێکجیاوازەوە.

جەلیل عەباسی

# تیرۆژە نیگایەك لەسەر
# (خەسارناسیی زمانی كوردی)

زمان، یەکەمین و سرووشتیترین و بنەڕەتیترین خاڵی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤەکاندا، هەر سیستەمێکی تایبەتی پێکهاتوو لە نیشانەکانیش، لە لەم بوارەدا بە زمان دەناسرێت.

زۆر لەسەر زمان نووسراوە، هەر لە (پانینی)یەوە تا (ویلیەم جۆنز) و (فردینان دیسۆسور) و (نوام چامسکی) و هتد... هەموویشمان شارەزا و ئاگاداری ئەو پرۆسە دوورودرێژەین و منیش نامەوێ کاتەکە بە دووبارە کردنەوەی ئەو شتانە بە فیڕۆ بدەم. بەڵکو دەمەوێ پەنجە بخەمە سەر بابەتێکی هەندێ جیاواز، بەڵام پێویست و ئەمڕۆژی کە هەموومانی بەخۆیەوە خەریک کردووە و هەندێجار و لە هەندێ دۆخدا دەبێتە هۆی دروستبوونی دڕدۆنگییەک لەناو خودی خۆماندا.

ئێمە تووشی کێشەیەکی سەیر هاتووین کە ناومان لێناوە (زمانی کوردی). بەردەوام پێوەی دەتلێینەوە و توانا یان دەرفەتی چارەسەریشمان نەبووە، نییە و ناشبێت. بۆیە پێویستە ڕوانگەکەمان بگۆڕین و بە دیدێکی نوێ بۆی بڕوانین و بە لۆژیکێکی نوێ بیری لێ بکەینەوە.

کێشەکە لەوەدایە کە خۆمان بە نەتەوە ناو دەبەین بەبێ ئەوەی هیچ شتێکمان هەبێ بتوانین پشتی پێ ببەستین بو سەلماندنی، دووبارەی دەکەمەوە: (هیچ شتێک، هیچ بەڵگەیەک). کاتێکیش باسی زمان دێتە گۆڕێ و بۆ نموونە دەگوترێ سێ زمانمان هەیە، ئەوا پەرچەکرداری توندوتیژمان دەبێت و هاوارمان لێ هەڵدەستێ کە: دژایەتیی ڕەهەندە نەتەوایەتییەکە کراوە و لێرەوەیە کە دڕدۆنگییەکە درووست دەبێت، دڕدۆنگییەک کە تەنها لەسەرچاوەی هەستوسۆزەوە هەڵقوڵاوە نەک بەڵگەهێنانەوە و هۆکاری ئاوەزمەندانە.

ڕاستییەکەی، (لای من) ئەوەیە کە ئێمە (هەموو کورد بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە) لە نەتەوە زیاترین و باشتر وایە چەمکی نەژاد بخەینە جیێ نەتەوە. واتە ئێمە نەژادێکین بە کۆمەڵێک ڕەنگ و دەنگ و داب و نەریت و زمان و فەرهەنگی جۆربەجۆر و لەهەندێ حاڵەتدا جیاوازەوە (بەڵام بە داکۆکییەوە دەڵێم بە بێ هیچ ناتەبایی و دژبەرییەک). نەژادێک کە ڕەسەنمان لە زاگرۆسەوەیە و ئەگەر وردتر ڕۆبچینە ناخی مێژووەوە، دەبینە ڕەسەنی سەرجەم گەلانی ئاریایی. نەژادێک، زۆر گەورەتر لە نەتەوە و بەرینتر و بڵاوتر و هەمەڕەنگتر. ئەم نەژادە هەروەک خاوەن ڕەنگاڵەییەکی ئاوێتەی فەرهەنگییە، ئاواش خاوەنی هەمان ڕەنگاڵەییە لە بواری زماندا. گەر قۆناغە

مێژوویيە کۆنەکان تێپەڕێنین و زۆم لەسەر ئەمڕۆمان بکەین، ئەوا دەبینین ئەم نەژادە وەکچۆن لە داب و دەستووردا، هەروەش لە زماندا زۆر دەوڵەمەندە، ئەمڕۆ ئێمە لانیکەم سێ زمانی تەواومان هەن بە هەموو پێوەرە زمانناسییەکان: هەورامی، بادینی، کەلوڕی. هەریەک لەوانەش کۆمەڵێک زار و بنزار لە خۆ دەگرن. ئەم سێ زمانەش جیا و نامۆ و بێگانە نین، بەڵکو لە یەک ڕەگەوە هاتوون و چەندان قۆناغی زەمەنییان بڕیوە کە دواقۆناغیان بە پاڵەیی و دین دەبیرە دەناسین و ئەمڕۆش بە نزیکایەتی و ئاوێتەیی و هاوبەشییەکی بەرچاو، بەڵام بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە وەکو سێ زمان و لە سێ بەشی وڵاتی بەرینی ئایراندا کاریان پێدەکەین. گوتم (بادینی)، چونکە لەگەڵ دەستەواژەی (کرمانجیی سەروو)دا نیم و بە داتاشراوی دەزانم و بە پشتبەستن بە دەقەکانی ئاڤێستا هەمان دەستەواژەی (بادینی/بەهدینی/ڤەهدینی) بە ڕاست و دروست دەزانم و بەکاری دێنم.

ئەوەی پەیوەندیی بە (کرمانجی)یەوە هەیە، من وای بەباشتر دەزانم بۆ (سۆرانی) یەکە بەکار ببرێ بە هەموو بەشەکانیەوە. ئەم بەشەش لای ئێمە و لە مێژووی زمانەوانیدا نوێیە و تەمەنێکی چەندانی نییە و بە پێوەری زمانناسانەش ناتوانین بە زمانێکی تەواوی دابنێین، سەرەڕای ئەوەی ساڵانێکە کاری پێدەکرێت و حاڵەتی گەشەی بەخۆوە بینیوە و تاڕادەیەک جێ کەوتووە. بەڵام ئەم جێکەوتنە ئیزنی ئەوەمان ناداتێ چاو بنووقێنین و هەڵەی سیاسی و ناوچەیی دەسەڵاتی حزبی دووبارە بکەینەوە بە پشتگوێخستنی ئەوانیتر و زەقکردنەوە و سەپاندنی ناوچەیی. هەمووومان چاک دەزانین کە دووزمانە کردنی هەرێم لەلایەن دەسەڵاتەوە گەورەترین مەترسییە بۆ ئایەندەی زمان و لە بنەڕەتدا هاندان و زەمینە سازکردنێکە بۆ دابەشکارییەکی ناقۆڵای ناوچەیی. ئەمە نە بە ستانداردکردنە و نەش بە بنیادنانی زمانی نیشتمانی، گەرچی گەر واش بێت هەر هەڵەیە، چونکە بە ستاندار کردنی زمان خۆی لە خۆیدا کێشە و گرفتی زۆر دروست دەکات و دەبێتە مایەی خەسارێکی فراوان.

دووبارەی دەکەمەوە: ناتوانین باسی زمانی کوردی بکەین وەک نیشانە یا سیمبولی یەکەیەکی نەتەوەیی، چونکە لە بنەڕەتدا شتێکی وامان نییە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی چەند زمانێکین بە چەندان زار و بنزارەوە کە دەکرێ لەیەک ناودا کۆیان بکەینەوە و پێیان بڵێین (زمانە کوردییەکان) پێویستە بەبێ هیچ دەمارگرژی یا هەستێکی سۆزدارانەوە ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە: زمانی هەورامی، لوڕی

یا کەڵوڕی، بادینی، سۆرانی، هیچیان زمانی هەموو کورد نین بە موتڵەقی، بەڵکو هەریەکەیان زمانی بەشێکن لە نەژادی کورد لە پارچەیەکی جیاوازی نیشتمانی کورداندا کە دانیشتوانی پارچەکانیتر یا لێی تێناگەن یا زۆر بەکەمی دەتوانن تێبگەن و پێکەوە پەیوەندی ببەستن.

خۆ ئەگەر واز لە نەژاد بهێنین و بمانەوێ لەسەر چەمکە نەتەوەییەکە بوەستین و کارکردنیشمان لەمەڕ زمان هەمان ئەم شێوازەی ئێستامان بێت، ئەوا لە بواری زمانەوە تووشی کێشەی زیاتر دەبین و نەک ناگەینە هیچ ئەنجامێک، بەڵکو دۆخەکەمان لەوەی ئێستا خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێت. بۆ چارەسەری ئەم خەسارە و بۆ پێشگرتن لەم مەترسییەش زۆر پێویستە بە شێوازێکیتر بچینە ناو کایەی زمانەوە. دەبێ ئەو ڕاستییە بەبێ هیچ دڕدۆنگییەک قەبووڵ بکەین کە سێ زمانی سەرەکی و جیاواز و تەواومان هەن و ناتوانین پشت لە هیچیان بکەین و بۆشمان نییە یەکیان بکەینە قوربانیی ئەو یا ئەوانیتر، هەڵسوکەوتێکی هەڵە و بێ بنەما و بێ ئەنجام کە بەداخەوە ئەمڕۆ لە کوردستاندا زۆر بە خراپی و نادروستی پەیڕەو دەکرێت، بەڵکو دەبێ بناغەیەک دابنێین بە بەرد و کەرستەی ئەو سێ زمانە و هەیکەلێک ڕاست بکەینەوە لەسەر ئەو بناغەیە و کاری جدی و ژیرانەی بۆ بکەین تا لە داهاتوودا بتوانین بڵێین (زمانێکمان هەیە کە هەرهەموومان پێکەوە گرێ دەدات).

دڵنیام زۆرکەس دژایەتی ئەم بۆچوونەم دەکەن، بۆیە لێرەوە دەمەوێ پێیان بڵێم: ئەگەر کەسێک لە دەرەوەی کورد پرسیاری لێکردی: زمانی کوردی کامەیە؟ وڵامت چی دەبێ؟ چیی پێدەڵێی کە بگاتە قەناعەت و دڵنیایی تەواو؟ چۆن زمانێکی پێدەناسێنی کە کوردی بێت و هی هەموو کورد بێت؟

کێشەکە لێرەدایە کە هیچ وڵامێکی یەکلاکەرەوەت نابێت، یا دۆش دادەمێنی، یا دەست دەکەیتە پاساو هێنانەوەیەکی خۆفریودەرانە، یان خۆت لە ئەسڵی بابەتەکە دەدزیتەوە، چونکە وەک گوتم هیچ وڵام یا بەڵگەیەکت پێ نییە.

هەموو ئەمانەش تەنها و تەنها لە نەبوونی زمانێک سەرچاوە دەگرن. زمانێک، ئیدی (گشتی، گشتگیر، نەتەوەیی، نیشتمانی، یەکانگیر) یا هەر ناوێکیتری لێدەنرێت.

هەمان پرسیاری پێشوو ئەگەر لە میللەتانیتر بکرێ، وەک فارس، وەک عەرەب، (کە بەهۆی تێکەڵاوی و نزیکایەتیی جوگرافی و فەرهەنگی و دینی و تەنانەت مێژووییشەوە من بە نموونە دەیانهێنمەوە)، ئەوا زۆر بە ئاسانی وەڵام دەدەنەوە، وەڵامێک قەناعەتت

پێدێنێت و یەکلاییت دەکاتەوە. چونکە ئەوان، بەگشتی زۆربەی میللەتان زمانێکیان هەیە لە سەرتاسەری وڵاتەکەیاندا ناسراوە و سەرتاسەری وڵات دەیناسن و لێی تێدەگەن و قسەی پێدەکەن و پەیوەندیی پێوە دەگرن و پەیامی پێ دەگوازنەوە. واتە زمانێک هەیە هەموویان پێکەوە دەبەستێتەوە و دەیانکاتە یەکەیەکی زمانی، هەر بۆیەش زۆر بە ئاسانی دەتوانن بڵێن: بۆ نموونە زمان و زارەکانی زمانی عەرەبی، یا فارسی یا.... بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو قسەیە بکەین، کە دەشیکەین هیچ بنەمایەکی نییە جگە لە ئیحساس و عاتیفەیەکی خۆڕسک. ئەمەش نەک هاوکێشەکە یەکلا ناکاتەوە، بەڵکو تووشی کێشە و سەرێشەی زیاتریشمان دەکات. بۆیە دەبێ و زەروورە لە ئێستەوە هەوڵ بۆ داماڵینی ئەو سۆزە ئیحساسی و عاتیفیە بدەین لە بەرۆکی ئاوەزی خۆمان و زانایانە، بە هۆشیاری و ئەرکۆمەندانە بگەڕێین بۆ ڕێگەچارەی دروستر و ئەقڵانیتر.

ئەم ڕێگا چارەیەش تەنها بە یارمەتیی یەکلاکردنەوەی ڕەهەندی نەژادی و نەتەوەیی و هەرواش دۆزینەوەی نیشانە و کۆدەکان دەکرێ، واتە کۆد و نیشانەی هاوبەشی زمانە کوردییەکان.

دەزانین کە لە بواری ئەلفابێ و ڕێنووسیشدا هەمان ئەو کێشەیەمان هەیە، بەشێکی زۆرمان لاتینی بەکار دەهێنین و بەشێکیشمان ئەم ئەلفابێتەی کە بە هەڵە پێیدەڵێین (ئارامی) کە هیچ بنەمایەک و هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە و لە ڕاستیدا هەمان ئەلفابێی ئارياييە کە لە ئێمەوە و بەدەستی ئێمە داهێنراوە و دواتر پەرەی سەندووە. بۆیە من لەم باسەمدا لە جیاتیی (ئارامی)، هەمان ناوی ڕاست و ڕەسەنی (ئاریایی) بۆ ئەم ئەلفابێیە بەکار دێنم.

بەڵێ بە دوو ئەلفابێ کار دەکەین و لە هەردووکیشیاندا نایەکگرتوویی و نامۆیی و جیاوازیمان پێوە دیارە و ناتوانین یەکدی بخوێنینەوە. لە کاتێکدا ئەگەر وردتر بگەڕێین و کۆدەکان بدۆزینەوە، ئەوا ئەم کێشەیە بە ئاسانی چارەسەر دەبێت. ئەو بەشەمان کە کار بە ئەلفابێی ئاریایی دەکەین، ئاگاداری ئەوەین کە سەرەڕای هەندێ جیاوازی، یەک پیت و یەک جۆرە ڕێنووس و یەک شێوازی دارشتن پەیرەو دەکەین. ئەمەش یەکێکە لەو کۆدانەی دەبێ کاری لەسەر بکرێ، ئەویش بە لەبەرچاو گرتنی ڕەگی جیاوازییەکان کە دەبێ بڵێم زۆریش نین. پاشان پێویستە بەدوای کۆدی واچە/ واژە/وشەدا بگەڕێین کە خۆیان لە هاوبەشی و هاوڕەگەزیی پیتەکاندا دەبیننەوە.

نموونەیەکی زۆر سادە دەهێنمەوە: لە نووسین یا گۆکردنی واچەکان لە نێوان هەورامی و سۆرانیدا هاوبەشی و هاوڕەگەزییەکی تەواو دەبینین بە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە، هەندێ پیت لە هەندێ واچەدا دەگۆڕێت بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک بە واتا یا تەنانەت بە ڕەگ و ڕیشە هاوبەشەکە بگەیەنێت. دەبینی پیتێک لە یەکێکیاندا (ب) یە لەویتردا بە شێوەی (و) یا (خ) یا (گ) دەردەکەوێت، هەموو جیاوازییەکەش هەر ئەوەندەیە و هیچیتر. سەرنجی ئەم چەند وشەیە بدەن: وەرگ (گورگ)، وەروە (بەفر/وەفر)، بووەرە (بخۆ)، بووسە (بخەوە/بنوو)، واران (باران)، ئاوی (ئاو)، زوان (زمان)، مێڵێ (مێ)، واردم (خواردم)، بۆ (بێ/وەرە)، وراوێ (وڕێنە)، وەش (خۆش)، ویر (بیر)، وێم (خۆم)... تا دوایی. ئەمە لە واچەکاندا، خۆ لە داڕشتنی ڕستەشدا هەمان ئەم کۆد و نیشانە هاوبەشانە دیار دەکەون: بە نموونە، من لە هەوراماندا دەڵێم: (با بلمێ سەیران)، تۆش لە سۆرانییەکەدا دەڵێی: (با بڕۆینە سەیران). دەبینن هیچ جیاوازی و گۆڕانکارییەکی سەرنجڕاکێش لەم دوو ڕستەیەدا نییە و هەردووکیان زۆر لێک نزیکن و لەیەک سەرچاوەوە دێن و لەیەک قانوونی زمانی و ڕستەسازی پەیڕەوی دەکەن. دیارە ئەم هاوبەشییە لە زمانەکانیتریشماندا هەیە و هیچیان جیا نین لەم سەرچاوەیە. بەمجۆرە نهێنیی هاوڕەگەزی و یەک ڕیشە بوونەکەمان زیاتر و ئاسانتر بۆ دەردەکەوێ، واتە سەرەڕای هەندێ جیاوازی چ لە واچە، چ لە ڕستە و تەنانەت چ لە نووسین و دەنگناسی و گۆ کردنیشدا، بنەمای زمانەکە هەر یەکە و لەیەک سەرچاوەوە ڕیشە دەگرێ، هاوبەشییەکان گەلێ زیاترن لە جیاوازییەکان، نزیکایەتی و تێکەڵاوییەکە زۆر زیاترە لە دووری و ناتەباییەکە. ئەمەش یارمەتیمان دەدات ئەو ڕاستییە بدۆزینەوە کە دەکرێ سیستەمێکی یەکگرتوو یا ستانداری زمانی ڕێک بخەین و کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەڵبەت نەک بەم ڕوانگە ناتەواوەی ئێستاوە، بەڵکو وەکو پێشتر گوتم، دەبێ واز لە بەستنەوەی زمان بە نەتەوەوە بهێنین و لەسەرووی ئەم چەمکەوە بڕوانین و خۆمان بە نەژاد بزانین بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جۆراوجۆرەوە و بەوەش قایل بین کە لەجیاتی (زمانی کوردی) بڵێین (زمانە کوردییەکان). واتە ئێمە نەژادێکین گەلێ زیاتر و بەرزتر لە نەتەوە، نەژادێک کە لە یەک خاکدا ڕەگی داکوتاوە و خاوەنی گەلێ لێکچوون و هاوبەشییە لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندیی جیا و جۆربەجۆر، کە یەکێکیان هەمان تایبەتمەندیی زمانە. لەم بوارەشدا زۆر بەئاسانی دەتوانین و دەکرێ بە پشتبەستن بە بنەما هاوبەشەکان لە ئەلفابێ و لە واچە و لە داڕشتن و

گۆکردندا، هەرواش بە یارمەتیی بەکارهێنانی وەکیەکی سەرجەم زمانەکوردییەکان بە دوەکیەکی سەرجەم زمانەکوردییەکان بە دیالیکت و زاروبنزارەکانیانەوە هەوڵی بنیاتنانی زمانێک بدەین و ناوی لێ بنێین (زمانی کوردی).

ئەم پرۆسەیە بەهیچ جۆرێک ئیزنی ئەوەمان ناداتێ زمانێک یا تەنانەت زارێک پشتگوێ بخەین یا هەوڵی سەپاندنی زارێک و ئینکار یا سڕینەوەی یەکێکیتر بدەین نەخاسمە نەک زار یا بنزارێک، بەڵکو ئەگەر زمانێکی تەواویش بێت.

ئەگەر ئەم ئیرادەیە لەلامان لە دایک بوو.. ئەگەر توانیمان لەسای خەرمانی زمانە کوردیەکاندا و بەبەشداریی ڕاستەقینەی هەموویان زمانێک بنیات بنێین، ئەوکات دەتوانین دەستەواژەی (زمان و زارەکانی زمانی کوردی) بەکار بهێنین، دەستەواژەیەک کە ئەمڕۆ لەخۆڕا و بێ بنەما و تەنها لە ڕووی هەست و سۆزەوە و بە هەڵە بەکار دەبرێت و ناشمانگەیەنێتە هیچ ئەنجامێک، جگە لە دژبەری و ناکۆکیی زیاتر کە سەرەنجامەکەشی تەقینەوەیەکی نەخوازراوی کارەساتبارە و هیچیتر.

بەڕێزان، با دڵنیا بین لەوەی کە ئەگەر گوتیان هەورامی یا بادینی یا لوڕی و کەڵهوڕی زمانن، نەتەوەی کورد ناڕووخێت، چونکە تەنها زمان ناتوانێ هەبوون یا نەبوونی نەتەوەیەک ساغ بکاتەوە. کەواتە ئەم ترسە سۆزدارانەیە لە دڵی خۆتاندا بڕەوێننەوە. لەهەمانکاتدا ئەگەر بەهەمان سۆزدارییەوە و لەخۆڕا هەر بڵێین زمانی کوردی و مەبەستیشمان ئەم دیالیکتە بێت کە ماوەیەکە بۆتە زمانی نووسین و زمانی دەسەڵات، ئەوا کارەساتەکە دەسپێدەکات و ئەو ترسەی لەولا هەمانە، لێرەوە سەرهەڵدەدات و لەناویشمان دەبات، کەواتە با واز لەم ڕوانگە بەرتەسکە لەقاڵبدراوە ناوچەیی و سۆزدارییەش بهێنن و خۆمان لەو مەترسییە لابدەین کە لە درێژەی ئەمجۆرە بیرکردنەوە نالۆژیکییەدا هەڕەشەمان لێدەکات.

ئێمەش دەتوانین بەبێ سەپاندنی لایەن یا بەش یا لقێک لە زمانەکانمان، بە ناسین و تێگەیشتن و قەبووڵکردنی سەرجەم زمان و دیالیکتەکان وەک ڕاستییەک، زمانێکی هاوبەش بنیات بنێین کە هەر هەمووومان لێی تێبگەین و لەم پاشاگەردانی و ناتەباییەی ئەمڕۆ ڕزگارمان ببێت.

پێموایە پاش کارکردن لەسەر کۆدەکان لە ئەلفابێ و لە واچەکاندا و لەگەڵ دامەزراندنی بناغەی زمانێکی هاوبەشی یەکانگیر، دەتوانین لە ڕێگەی (زمانی دین) ەوە پرۆژەکە زووتر و زیاتر بەرینە پێشەوە و زووتر بیگەیەنینە ئەنجامی دڵخواز،

واتە دەتوانین سەرجەم دەقە دینیەکان (سەرەتا دەقی هەرسێ دینە کوردییەکە: مەزدیەسنا، یارسان، ئێزدی) و پاشان دەقی هەموو ئەو دینانەی لەناو کورددا هەن و کورد لەگەڵیان ژیاوە بە سەرجەم زمان و دیالیکتەکانمان بنووسینەوە و بڵاویان بکەینەوە تا ببێتە هەوێنی زمانێکی هاوبەش لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم نەژادە گەورە و ڕەسەن و کەڤنارایەدا.

پێویستە بڵێم بەندە وەکو پڕۆژەیەکی نیشتمانی و بەناونیشانی (دینکورد)، ئەم ئەرکە گرینگەم دەسپێکردووە کە هیوادارم زەمەن و تەمەن مەودا بدات بیگەیەنمە ئەنجام. چونکە پێموایە زمانی دین کاریگەرترین دەور دەگێڕێت لە بنیادی زماندا و بڕوای تەواویشم هەیە کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانین هەموو نەژادی کورد لەبواری زمانەوە پێکەوە ببەستینەوە و بیکەینە یەکەیەکی نیشتمانیی خاوەن زمانێکی یەکانگیری نیشتمانی یانخود لانیکەم ببینە خاوەنی زمانێکی ستاندار، کە بتوانێ ببێتە پێناسەی زمانەوانیمان وەکو نەژادێک یا تەنانەت یەکەیەکی نەتەوەیی.

هیوادارم توانیبێتم مەبەست و پەیامەکەم بە ڕوونی بگەیەنم و بشتوانین کاری لەسەر بکەین بۆ بنیاتنانی ئایەندەیەکی گەش لەم خاک و سەرزەمینە پیرۆزەدا. دەخوازم ئەم باسە ببێتە هەوێنی گفتوگۆیەکی جدیی هەمەلایەنە و بەهەموومانەوە بکەوینە تاوتوێی زیاتر و وردتر و گشتگیرتری تا بتوانین بگەینە ئەنجامێکی دڵخوازی زمانەوانی.

# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە دیدگای مینۆرسکی لەبارەی گۆران

د. ئیسماعیل شەمس
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا

**خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی مێژوویی لە دیدگای مینۆرسکی لەبارەی گۆران و پەیوەندی گۆرانەکان بە گەیلان و لێوارەکانی دەریای خەزەر.**

**پوختە**

لەم سەدساڵەی دواییدا هەندێک لە خۆرهەڵاتناسان دیدگا و تێڕوانینی جیاجیایان لەبارەی گۆران و لکەکانی گۆران خستووەتەڕوو، کە لەگەڵ ئەوەی پێشتر لە سەرچاوە مێژووییەکانی عەرەبی و فارسیدا لەو بارەیەوە، تێکناکەنەوە. یەکێک لە دیارترین خۆرهەڵاتناسانی جێی باس ‹ڤلادیمێر مینۆرسکی›یە، کە دیدگای ناوبراو کاریگەرییێکی زۆری لە نێوەندە ئەکادیمی و گشتییەکاندا هەبووە. دیدگای مینۆرسکی لەسەر سێ بنەما ڕۆنراوە:

١-بە کورد دانەنانی گۆران؛

٢-کۆچی گۆرانەکان لە گەیلان و دیلەمان بۆ کوردستان؛

٣-زمانی جیاواز و سەربەخۆی گۆرانی.

مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، کە بە شێواز و بەدواداچوونی مێژوویی نووسراوە، خوێندنەوە و شەنوکەوکردنێکی ڕەخنەگرانەی ئەو دیدگایەیە لە ڕوانگەی مێژووییەوە. هەڵێنێجان و ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخەن، کە مینۆرسکی بە دیدێکی تەسک و بە گەڕانەوە و بژارکردنی ئەو سەرچاوانەی، کە لەگەڵ سەلیقەی ئەو تێکیان کردوەتەوە کاری کردووە و ئەمەش تیۆر و دیدگای ناوبراوی تووشی شاشی و ناکۆکبوونێکی زۆر کردوەتەوە؛ بۆ نموونە بە پێچەوانەی دیدگای ئەو، ئاشکرایە سەرچاوەگەلی مێژوویی، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر کوردبوونی گۆرانەکان، هیچ بەڵگەیەکی شایانی باسیان لەبارەی کۆچکردنی ئەوان لە کەنارەکانی دەریای خەزەر نەخستوەتەڕوو.

**پێشەکی**

گۆران بە پێی دەربڕینی خۆرهەڵاتناسییەوە بەو کۆمەڵە خەڵکە دەگوترێت، کە لە ناوچەکانی: کەندولە لە باکووری خۆرئاوای کرماشان، باجەڵان لە دەوروبەری سەرپولی زەهاو، قەسری شیرین و دەشتی گەرمیان، شەبەک، سارەلی و باجوەران لە موسڵ، زازا لە هەندێک لە پارێزگاکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) و هەورامان لە سەرتاسەری هێڵی سنووری ئێران و عێراق لە پارێزگاکانی کرماشان و سنە [هەڵەبجە و سلێمانی لە باشووری کوردستان] نیشتەجێن، کە زاریان لەگەڵ دانیشتووانی دیکەی کوردی دەوروبەریان تا ڕادەیەک جیاوازە (Mackenzie, Iranica, Goran, vol١١ ). لەبارەی ڕەچەڵەک و زێدی گۆران و پەیوەندییان بە کوردەوە، لەلایەن خۆرهەڵاتناسان سێ دیدگا خراونەتەڕوو:

دیدگای یەکەم ئەوەیە، کە گۆران بە کورد دانانێت و دەیبەستێتەوە بە نەتەوە و نەژادگەلی دیکەی کەناراوەکانی دەریای خەزەر و دیلەمان، کە ئەو دیدگایە یەکەمین جار ڕاشکاوانە لە لایەن مینۆرسکییەوە خرایەڕوو. ئەو پێی وایە گۆرانەکان کورد نین و بەشێک لەو کۆچبەر، یان هێرشبەرانەن، کە لە باکووری ئێرانەوە چوونەتە کوردستان و دواتر تێکەڵی کۆمەڵگەی کوردی بوونە (minorsky, ١٩٤٣:٧٥-٧٦). مینۆرسکی بناخەی ئەدەبیاتی نووسراوی گۆرانی دەداتە پاڵ ‹ئەهلی هەق› و دەڵێت گۆرانی دواتر پەرەی سەندووە و جگە لە زمانی ئایینی، دەنگبێژی و حەماسەیی ئەهلی هەق، بووەتە زمانی ئەدەبیی خەڵکی کوردی موسڵمانیش. مینۆرسکی پێڕستێک لە ئەدەبیاتی زارەکیی گۆران لە هەر سێ بواردا ڕیز دەکات و جەخت دەکاتەوە، کە ئەو ئەدەبیاتە ئەگەرچی لە لایەن شاعیرانی کوردەوە نووسراوە، بەڵام کوردی نییە و دەبێ بە ئەدەبیاتی گۆرانی ناوزەد بکرێت (Ibid,٨٩-٩٥). مەکەنزی و گارنیک ئاساتریان لە هەموو کەس زیاتر لەسەر دیدگای مینۆرسکی وەستاون و هاتوونەتە دەنگ (Asatrian,٦١:٢٠٠). لە ڕوانگەی مەکەنزییەوە جوگرافیای ئاخێوەرانی گۆرانی کەوتووەتە ناوەڕاستی کوردزمانان و تەواو وەکو دوورگەیەکە لەنێو دەریای زمانی کوردی (Mackenzie,Iranica,Avoraman.Vol١٣). دەستەواژەی زمانی گۆرانیش لە شێوەزاری خەڵکی گوندی ‹گۆران›ی ئێستای سەر بە پارێزگای کرماشانەوە هاتووە، بەڵام زێدی سەرەتایی ئاخێوەرانی ئەو گوندە بریتییە لە لێوارەکانی دەریای خەزەر و ئەوان دواتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمانی کوردییەوە (Mackenzie, Iranica, gorani: vol١١).

لە دیدگای دووەمدا گۆرانەکان نەک کۆچبەر نین، بەڵکو دانیشتووانی ڕەسەنی کوردستانن و بۆچوونێکیش هەیە، کە لە نەوەی مادەکانن، کە بە کۆچ، یان پەلاماری کورد بۆ سەر ناوچەکانی ئەوان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمان و فەرهەنگی کوردی و بوونەتە خەڵکانێکی لاوەکی و جیاواز لە کوردستان (لوکوک ،١٣٨٢:٣٦؛ نیکیتین،١٣٧٨:١٠٣؛ مک داول،١٣٨٠ :٥٣-٦٣). بروینین سەن لەو باوەڕەدایە، کە سەردەمانێک خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی کەرکووک، سلێمانی، شارەزوور، سنە و کرماشان گۆران بوون؛ بەڵام دواتر زمانی ڕەسەنی خۆیان لە دەستداوە و بۆ زاری کەلهوڕی، یان زاری سۆرانی گۆڕاوە (بروینین سن،١٣٨٣ :١٥٤-١٦٠). ‹ئیدمۆندز›یش ئەو خەڵکە بنەجێ و لادێنشینانەی دەوروبەری سلێمانی، کە سەر بە هۆز و خێڵەکان نین، بە گۆران دادەنێت و ئەو گریمانەیە دەخاتەڕوو، کە ئەو ناوچەیە لە بنەڕەتدا زێدی گۆرانەکان بووە و دواتر کورد دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرتووە و زمان و فەرهەنگی خۆیانیان بەسەردا سەپاندوون (ادموندز: ١٣٦٧ :١٨،٥٤،٢١٩). ڕابینۆ، خێڵی کۆچەری گۆران لە خەڵکە بنەجێکەی گۆران بە جیا دەزانێت و لەو باوەڕەدایە، کە خێڵی گۆران لە کەسانێکی سەر بە خێڵەکانی کەلهوڕ و زەنگەنە پێک هاتووە، کە دانیشتووانە بنەجێکانیان تواندونەتەوە و زمانی خۆیانیان بەسەردا سەپاندوون؛ بەڵام بەشێک لە ئاکنجییە بنەجێکان توانیویانە زمانی خۆیان بپارێزن(رابینو،١٣٨٣ :١٠٢).

جگە لەو دوو دیدگایە، دیدگای سێیەمیش هەیە، کە وێڕای ڕەخنەگرتن لە هەردوو دیدگای پێشتر، گۆرانەکان بە بەشێک لە گەلی کورد و زمان و فەرهەنگی کورد دەزانێت، کە بە پێی بەڵگە و بەرژەنگی مێژوویی چەندی سەدەیە لە زێدی ئێستای خۆیان نیشتەجێن (فواد حمەخورشید،١٣٨٢ :١٣٥-١٤٠؛ ایگلتون، ٢٠٠٧ :١،٥٢،٢٦-١٩٩٩٣،١٦،leezenberg). هەندێک لە توێژەرانیش لەو باوەڕەدان، کە گۆران شێوەی گۆڕینی وشەی کوردە (نیکیتین، ١٣٧٨ :٢٦٤)، چونکە لە وشەگەلی کوردیدا، گۆڕانی پیتی ‹کاف› و ‹گاف› و هەروەها گۆڕانی ‹رد› لە دوای وشەدا بە ‹ر› [گور=کور] شتێکی ئاساییە.

سەرەڕای زۆر کاری گەورە و گرنگی مینۆرسکی لە بواری کوردناسیدا، هەندێک هەڵە و کێماسیش لە کارەکانیدا هەن، کە بوونەتە هۆی بەلاڕێدا بردنی نووسین و توێژینەوەکانی دواتر لەو بوارەدا. لە هەڵە و شاشییەکانی دەتوانین ئاماژە بە

پێناسەی مینۆرسکی لەبارەی گۆران و پەیوەندیان بە کوردەوە بکەین، کە دوای ئەو لە نووسینەکانی کەسانی دیکەی وەک مەکەنزی و خوێندکارەکانیدا دووبارە دەبێتەوە. لەم توێژینەوەیەشدا بە هەڵسەنگاندنێکی مێژوویانە تەنیا لەسەر ئەو بەشەی کارەکانی مینۆرسکی ڕادەوەستین و پەنجە دەخەینە سەر هەڵەکانی. بەر لە مینۆرسکی کەسانی دیکە لەبارەی گۆران و زاری گۆرانەکانەوە، کە بە هەورامی و زازاش ناو دەبرێت، کاریان کردووە (Soane,١٩١٣,٦٠-٨١; Rieu,١٨٨١,٧٢٨-٧٣٣; Edvards,١٨٥ Layard,١٨٥٣,٣٧٤)، بۆ زانیاری سەبارەت بە توێژینەوەی زیاتر لەو بوارەدا، بڕوانە: (MacCarus,١٩٥٨,٣-٥؛ آکوپف و حصاروف، ١٣٧٦، ٣٥-٤١). بەڵام دەبێ بڵێین کە لەسەر ئاستی جیهاندا هیچ کەس هێندەی مینۆرسکی باسی گۆرانی نەکردووە. لە ئێراندا جگە لە هەندێک بابەتی سەرپێیی لە سۆشیال میدیا، ‹مەدرەس سەعیدی› لە کەنالی تێلیگرامی مێژووی هەوراماندا، زنجیرە بابەتێکی-بەتایبەت بابەتی ڕەخنەگرانە لە دیدگای خۆرهەڵاتناسی- سەبارەت بە چەمکی گۆران بڵاو کردوەتەوە. ئەو بابەتانە کە چڕکراوەکەیان لەژێر ناوونیشانی (ڕۆشنبیریی کورد و پێویستیی ڕزگاربوون لە میراتی خۆرهەڵاتناسیی سەبارەت بە گۆران) لە مانگنامەی ‹تفکر انتقادی- بیرکردنەوەی ڕەخنەیی)  چاپ و بڵاوی کردوەتەوە (سعیدی،١٤٠١)، بابەتەکەی بەڕێز سەعیدی زیاتر لە بارەی ڕەخنە و شەنوکەوکردنی خۆرهەڵاتناسەکانە لەبارەی گۆران وەک چەمکی ڕەچەڵەکناسی و زمانناسی، کە خەڵکی هەورامان و هەورامییەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەخۆ دەگرێت. لەم توێژینەوەیەی بەردەست، بە دیارکراوی ڕەخنە لەو دیدگایەی مینۆرسکی گیراوە، کە پێی وایە گۆرانەکان کورد نین و لە کەناراوەکانی دەریای خەزەرەوە کۆچیان کردوەتە کوردستان. تاکە وتارێک کە لە ڕوانگەی مێژووییەوە ڕەخنەی لە بەشێک لە دیدگاکانی مینۆرسکی لەو بارەیەوە گرتووە، وتارێکی ‹شاهۆ عەبدی›یە لەژێر ناوونیشانی (چاوخشاندنێک بە وتاری گۆران، نووسینی مینۆرسکی)، کە لە مانگنامەی ‹سیاسی، کۆمەڵایەتی - تفکر انتقادی- چاپ کراوە. لێ ئەو وتارە نەیتوانیوە وەک توێژینەوەیەکی ڕەخنەگرانە دیدگاکانی مینۆرسکی بخاتە بەر باس و بە تەواوی شاشی و هەڵەکانی بخاتە ڕوو، بۆیە ئەم توێژینەوەیەی ئێمە بە یەکەمین توێژینەوە لەم بوارەدا دادەندرێت، کە بە زمانی فارسی بڵاو کرابێتەوە و وەک توێژینەوە لە کتێبەکان، تێز و نامە و وتارە ئەکادیمی و شیکارییەوە بێ پێشینەیە.

**ژیان و کارنامەی مینۆرسکی** (١٨٧٧-١٩٦٦ز).

ڤلادیمیر فیۆدورویچ مینۆرسکی لە ٥ی فێبریوەری ١٨٧٧ لە ناوچەی کوچێرا لە کەناری ڕووباری ڤۆلگا لە دایکبووە. خوێندنی لە شاری مۆسکۆ تەواو کردووە و ساڵی ١٩٠٠ لە بەشی یاسا دەرچووە. دوای ئەوە سێ ساڵ لە دامەزراوەی لازاریێف زمانە خۆرهەڵاتییەکانی خوێندووە و وەک بەشێک لە چالاکیی ئەکادیمیی خۆی لە هاوینی ساڵی ١٩٠٢ بۆ یەکەمین جار چووەتە ئێران و چەند وتار و نووسینی لەبارەی ‹ئەهلی هەق› کۆکردوونەتەوە، کە دواتر وەک کتێب چاپی کردوون (تقی زادە، ١٣٤٨:الف؛ رشتیانی،١٣٩٥ :١١٤-١١٩). مینۆرسکی ساڵی ١٩٠٣ چووەتە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیە و لە ١٩٠٣ تا ١٩١٩لەسەر یەک ١٦ ساڵ لەو وەزارەتە خزمەتی کردووە، کە ١٢ ساڵ لەو ١٦ ساڵە لە ئێران بووە (مینوی،١٣٤٨:و رشتیانی،١٣٩٤ :١١-١٤). ئەو لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی، ئێران و ئینگلیز سنووری ٢٠٠٠ کیلۆمەتری نێوان ئێران و عوسمانی لە فاوەوە تا کێوەکانی ئاراراتی تەی کردووە و سنووری هەردوو وڵاتەکەی دیارکردووە. ڕۆڵی مینۆرسکی لە دیارکردنی هێڵی سنوورەکە کە زیاتر لە هەشتا لە سەدی هەردوو دیوی کوردنشینە بە ڕادەیەک بوو کە تا ماوەیەک زۆر دواتر  هەر بە سنووری مینۆرسکی ناو دەبرا (رشتیانی،١٣٩٩؛١٤١). ئەو کارەی بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ مێژوو و فەرهەنگی کورددا ئاشنا ببێت و کەرەسەیەکی خاوی خستە بەردەستی کە بووە مایەی ئەوەی دواتر ببێتە پێشەنگ لە کارکردن و توێژینەوە لە بارەی کوردەوە. هاوکارە ئینگلیزەکەی دەڵێت من بەخیلی بە مینۆرسکی دەبەم، کە بە تاسە و تامەزرۆییەوە بە زمانی کوردی دەدوێت و زیاتر لە دیارکردنی هێڵی سنوور خولیا و تاسەمەندی خەڵکی کوردە (سەرچاوەی پێشوو،١٣٩٥ :١١٩-١٢٠). مینۆرسکی بە درێژایی ئەو ماوەیە دەچووە سەردانی خەڵکی کورد و لە میوانداریییەکانیاندا بەشدار دەبوو (ڕوزنامە مجلس، ژمارە ١٤٥،  مینورسکی، ١٣٨١ : ٨٤-٨٥).

لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کۆتایی دەسەڵاتداریی تزاری لە ساڵی ١٩١٧، قۆناغی یەکەمی ژیانی مینۆرسکی، وەک کاوە بەیات گوتەنی (مینۆرسکیی دیپلۆمات) تەواو دەبێت و قۆناغی دووەمی ژیانی ئەو دەست پێ دەکات (بیات، ١٣٩٤: ٢٤). مینۆرسکی دوای شۆڕشی کۆمۆنیستی ڕووسیا نەگەڕایەوە ئەو وڵاتە ڕووی کردە ئەوروپا. ئەو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠ لە پاریس بوو و هاوکات

لەگەڵ وانەگوتنەوە لە زانستگەی توێژینەوەی زمانە خۆرهەڵاتییەکان لە پاریس، وتارگەلێکیشی بۆ ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام نووسی. ئەو ساڵی ١٩٣٠ چووە لەندەن و لە زانستگەی زمانە خۆرهەڵاتییەکانی ئەو شارە دەستی بە کار کرد (رشتیانی، ١٣٩٤، ٨-٥٧؛ لانگ، ١٣٨٨، ١٦-٢٠). مینۆرسکی دوای خانەنشینی لە ساڵی ١٩٤٤، ساڵانی ١٩٤٨ لە زانکۆی مەلیک فوئاد لە قاهیرە وەک مامۆستا وانەی داوەتەوە. ئەو لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا دواجار لە ٢٥ی مارسی ١٩٦٦ کۆچی دوایی کرد (مینوی، ١٣٤٨ : و). مینۆرسکی لە ماوەی بەردرێژی تەمەنیدا دەیان کتێبی لە بارەی مێژوو و جوگرافیا و فەرهەنگ و ئەدەبی ئێران و بە پێی گێڕانەوەیەک زیاتر لە دووسەد کتێب و وتار و نامیلکەی نووسیوە (دبیر سیاقی، ١٣٤٦ : ٦٩١)، هەندێک کتێبیشی ڕاستکردوونەتەوە یان پێشەکی و هەڵسەنگاندنی بۆ نووسیون (مینوی، ١٣٤٨ :ح-ک؛ فهرست تفصیلی گنجینه پژوهشی مینورسکی، ١٣٩٤ ؛ سراسر اثر، رشتیانی، ١٣٩٤ ١٤٥ به دواوە). تەقی زادە، مینۆرسکی بە گەورەترین زانای ئێرانناس لە دەرەوەی ئێران دەزانێت (تقی زاده، ١٣٤٨ : صفحه ج). ناوبراو پەیوەندیی قووڵ و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ زانایانی ئێرانی هەبووە و سوودی لە بەرهەم و بیر و ڕاوێژی ئەوان لە بوارە جیاجیاکانی زانستی وەردەگرت (دفتری برای ایران، ١٣٠٨ : سراسر اثر).

مینۆرسکی تێکەڵکێشێکی کەموێنەی دوو قوتابخانەی ئێرانناسییە لە جیهاندا، واتە قوتابخانەی ئێرانناسیی ڕووسی و قوتابخانەی ئێرانناسیی ئەورووپای خۆرئاوا (رشتیانی،١٣٩ :١٥٣). بۆیە ئەو میراتی فیکریی ڕووسیای بەر لە کۆمۆنیزمی لە بارەی کوردناسییەوە لەگەڵ نەریتی خۆراوایی کوردناسیی تێکەڵ یەک کرد، لەو ڕووەوە کەمتر کوردناسێکی وەکو ئەو هەیە ئاوا هەمەگیر فراوان کاری لەسەر بواری کوردناسییەوە کردبێت. مینۆرسکی بە هۆی شارەزایی لە زمانی فارسی و کارکردنی لە ئێران بە دیدی ئێرانناسییەوە لە کوردناسیی دەڕوانی. ئەگەر ئێران چەقی توێژینەوە و کاری مینۆرسکی بێت ئەوا کوردناسییش میراتێکی گرنگی ئەو توێژینەوە و کارانەیەی ئەوە. کۆبەرهەمی ناوبراو لەبارەی کوردناسییەوە تەنیا هەر بریتی نییە لە کتێبی گرنگی ئەو ‹کورد نەوەی مادەکان›، ئەهلی هەق و وتارەکانی لەبارەی شار و خێڵەکانی کورد نییە، بەڵکو بەشی زۆری توێژینەوەکانی ئەو لە بارەی قەفقازیش بە کردەوە لە خانەی کوردناسیی دادەندرێن و وتارەکەی لەبارەی ڕەچەڵەکی سەلاحەدینی ئەیوبییش هەر پەیوەستە بەو بوارەوە (رشتیانی، ١٣٩٩؛ ١٤٣). بە چاوخشاندنێک بە وتارەکانی ئەو

کە لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام بڵاوکراونەتەوە لەبارەی زنجیرەی ماڵباتەکان، شارەکان، سەرانی هۆزەکانی کورد (رشتیانی ١٣٩٤ :٢٨٨) ڕوون دەبێتەوە کە زوربەی هەرە زۆریان پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەیە. ‹تاریق محەمەد› پێڕستێکی لە توێژینەوەکانی مینۆرسکی لەبارەی کورد بە هەندێ ڕوونکردنەوەی کورت بۆ هەر یەکێکیان لە کتێبێکی سەربەخۆدا کۆ کردوەتەوە (طارق محمد، ٢٠٠٨ :سراسر اثر). جێی ئاماژەیە تەنانەت کاتێک لە ئەوروپاش بووە هەندێک پرس و بابەتی سیاسی لە ڕوانگەیی ئەو بۆ کوردناسیی گرنگ بوونە (سلطانی، ٢٠٠٦ :١١). بۆ نموونە ساڵی ١٣١٦ حکومەتی پەهلەوی گرێبەستێک لەگەڵ مینۆرسکی دەکات کە ٢٠٠ لیرەی پێ بدات لە بری نووسینی کتێبێک لەبارەی مێژوو و نەژاد و نەتەوەی کورد کە تیایدا «ئێرانیبوونی کورد» و ئەوەی کە کورد «ڕەگەزێکی ئێرانی کۆن و دانەبڕاوی ئەو وڵاتەن» بخاتەڕوو (ساکما، ٣٦٢٥/٥٧١؛ ١٣١٦/٣/٢٦). لە نامەکانی مینۆرسکی ئەوە دەردەکەوێت کە دیپلۆماتەکانی ئێرانی زۆر سوودیان لە زانیارییە بەرفراوانەکانی ئەو لەو بارەیەوە وەردەگرت (رشتیانی، ١٣٩٤ :١٥٢). خاڵێکی دیکە لەبارەی مینۆرسکییەوە ئەوەیە کە هەر چەندە ئەو بە یەکێک لە خۆرهەڵاتناسانی گەورەی سەدەی بیستەم و لەژێر کاریگەری نەریتی خۆرهەڵاتناسیدا ناو دەبرێت (رضوی، ١٣٤٥ :٣٤١-٣٤٢)، بەڵام هەر خۆی لە وتارێکیدا لە زانکۆی تاران لە حەفتاوحەوتەمین ساڵەی تەمەنیدا نەریتی خۆرهەڵاتناسیی بردوەتە ژێر پرسیارەوە و لەوەی کە خۆیشی ڕۆژگارێک لەژێر کاریگەریی ئەو نەریتەی خۆرهەڵاتناسییەدا بووە و بەرهەمی وەک ئەهلی هەقی لەو چوارچێوەیەدا نووسیوە (minorsky : ١٩٣٨) پەشیمانی خۆی دەربڕیوە (مینورسکی، ١٣٣٣ :٤٢-٤٧). ئەو جەختی کردەوە کە «خۆرهەڵاتناسانی گشتی کە لە هەر شتێک کەمە زانیارییێکیان بە دەست هێناوە و لە هیچ شتێکدا قووڵ نەبوونەتەوە و باڵادەستیی پسپۆری ڕاستەقینەیان نەبووە»، ناتوانن توێژینەوەیەکی ورد بخەنەڕوو (همان :٤٤). پێدەچێت مینۆرسکی لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا نەک هەر لە نووسینی وتاری ئەهەلی هەق، بەڵکو لە دیدگای خۆیشی لەبارەی جیاوازی گۆرانی و زازا لە زمانی کوردییش پەشیمان بووەتەوە و ئەو وتارەی خۆیشی هەر لە ڕیزی هەمان وتارە خۆرهەڵاتناسییە ناپسپۆرییەکان دانابوو. حەلی جەوادی، ساڵی ١٩٦٥بیرەوەرییێکی سەردەمی خوێندکاریی خۆی لە زانکۆ کەمبریج، (ساڵێک بەر لە مردنی مینۆرسکی) دەگێڕێتەوە، کە ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە. بە پێی گێڕانەوەی ناوبراو لەو بۆنەیەدا کە مینۆرسکی لەوێ بووە

و لە کورسییەکی تەنیشت ئەو مامۆستایەکی کورد بە ناوی خاتوو دکتۆر ‹پەری شەمس ئاوەری› دانیشتبوو، مینۆرسکی لێی دەپرسێت کە هەم خۆت و هەم دایک و باوکت کوردن «بە کام زاری کوردی قسە دەکەیت؟ کرمانجی، سۆرانی، زازایی، گۆرانی؟» و خاتوو پەری وەڵامی دایەوە کە بە کرمانجی دەئاخڤم. «مینۆرسکی یەکسەر بە هەمان زار دەستی بە قسە کرد» و ئەو بە ڕادەیەک سەری سوڕ مابوو کە بۆ چەند ساتێک نەیتوانی وەڵامی بداتەوە» (جوادی، ١٣٩٩ :٦٣-٦٤).

**بنەماکانی دیدگای مینۆرسکی لەبارەی گۆران**

دیدگای مینۆرسکی لەبارەی گۆران کە لە وتارەکەی ئەو ‹لەبارەی گۆران›دا هاتووە، دەتوانین لە سێ تەوەردا کورتی بکەینەوە:

١-گۆرانەکان کورد نین؛٢-گۆرانەکان لە بنەڕەتدا ‹دیلەمی›ن و لە سەردەمێکی نادیار لە باکووری ئێرانەوە بۆ ناوچەکانی ئێستای خۆیان کۆچیان کردووە؛

٣-زمانی خەڵکی گۆرانی، کوردی نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە بە ناوی زمانی گۆرانی، کە هاوشێوەیی لەگەڵ زمانەکانی ناوەڕاست و باکووری ئێرانەوە هەیە.

**١-بابەتی کوردنەبوونی گۆران**

بنەمای باسەکەی مینۆرسکی لە بارەی جیاکردنەوەی کورد و گۆران بۆ گێڕانەوەیەکی ‹ئیبن خوردادبە› دەگەڕێتەوە کە لە بابەتی باج و خەراجی ئوستانی ‹شادفەیروز› لە ناوچەکانی خانەقین و سەرپوڵی زەهاوی ئەمڕۆ ناوی کورد و جابارقە دەبات (ابن خردادبە، ١٩٢ :١٤). مینۆرسکی جابارقە بە باپیرانی گۆرانەکانی ئەمڕۆ دەزانێت و جیایان دەکاتەوە لە کورد. ئەو دواتر جابارقە و جورقان کە لە کتێبەکانی مەسعودی هاتووە هەردووکیان بە شێوەی عەرەبییەکی گۆران دەزانێت دەیانگەڕێنێتەوە بۆ گاوبارە (Minorsky, ١٩٤٣ : ٨٠-٨١). مینۆرسکی دیدگای شەرەفخانی بەدلیسی لەبارەی کوردبوونی گۆران دەخاتە ژێر پرسیار و دەنووسێت لە چوار گرووپ کە بەدلیسی لە کتێبەکەی خۆیدا بە کوردیان دادەنێت تەنیا کرمانجەکان و تا ڕادەیەکیش کەلهوڕەکان کوردن (Ibid, ٨٥).

یەکەمین قسە لەبارەی ئەو بابەتەی مینۆرسکی ئەوەیە کە ئەو دەقەی ئەو پشتی پێبەستووە و تیایدا کورد جابارقە جیاکراونەتەوە لە هەڵەیەکی نووسەرەکەیەوە

هاتووە و لە دەقەکانی دیکەی ئەو کتێبە و سەرچاوەکانی بەردەست کوردی جابارقە نووسراوە، نەک کورد و جابارقە (عبدی، ١٤٠١ :٧٥-٧٦)؛ بەم پێیە دیدگای مینۆرسکی کە پشتی بەو تاکە گێڕانەوەیە بەستووە لە بنەڕەتەوە ناتەواوە و پشتی پێ نابەسترێت، بەڵام با واشی دابنێین کە گێڕانەوەکەی ئەو پشتی پێبەستووە ڕاست بێت، دەبێ بڵێین کاتێک گۆران لە کورد جیا بکرێتەوە، پێویستە ناوی گۆران هاوتەریب لەگەڵ ناوی کورد بهێندرێت نەک ئەوەی کە وەک پاشکۆ لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێ بدرێت. بۆ نموونە لەو سەرچاوانەی ناوی تورک و فارس و عەرەب و کورد هاتووە (رسائل ١٤١٢ : ٢٣٦/٢؛ غزالی، د. تا :٦٦-٦٧) دەبوا لە شوێنێکیش دەربڕینێکی وەک تورک و عەرەب و گۆران، یان فارس و کورد و گۆران بهاتبایە، ئەمە لە کاتێکدا کە دەزانین شتی وا نییە و لە هیچ سەرچاوەیەکدا گۆران وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی لە تەک نەتەوەکانی دیکەی ناسراو نەهاتووە. پرسیاری دیکە ئەوەیە کە خودی وشەی کورد چییە و لە مێژوودا یەکەم جار بە چ کەسانێک گوتراوە کورد؟ مینۆرسکی لەسەر چ بنەمایەکی مێژوویی و ڕەچەڵەکناسییەوە سۆران و کرمانج بە کورد دادەنێت و گۆران دەخاتەوە دەرەوەی بازنەی کوردبوونەوە؟ ئایا بە پێی کات ودیرۆکییەوە وشەی کرمانج، سۆران، کەلهوڕ لە سەرچاوە مێژووییەکاندا زووتر کەوتوونەتە سەر زاران و دەرکەوتوون، یان گۆران؟ ساتی دەرکەوتنی گۆران و کەوتنە نێو مێژوو و بەدواداهاتنی کورد زووتر بووە، یان سۆران و کرمانج و کەلهوڕ؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەبێ بڵێین کە دیدگای مینۆرسکی زۆر نامێژووییانەیە، چونکە سەدەکانی یەکەم تا سێیەمی کۆچی تەنیا وشەیەک لە سەرچاوە مێژوویەکاندا بۆ خەڵکی خۆرئاوای ئێران، باکووری عێراق و خۆرهەڵاتی تورکیای ئێسیا بەکار هاتووە، وشەی کوردە و بە هیچ شێوەیەک وشەگەلی وەک گۆران، سۆران، کرمانج، کەلهوڕ، لوڕ و لەک نەهاتووە. سەرچاوە مێژوویی و جوگرافییەکانی ئەو کات دانیشتووانی هەموو ناوچە و شارەکانی هەمەدان تا کەرکووک کە بە گێڕانەوەی مینۆرسکی و شوێنهەڵگرەکانی بە گۆراننشینیان دادەنێت، بە کورد ناو براون (ابن اعثم، ١٩٨٦ : سراسر اثر؛ بلاذری، ٢٠٠٠: هەموو سەرچاوەکە؛ دنوری> ١٩٦٠ هەموو سەرچاوەکە؛ طبری، تاریخ، ١٩٨٧: سراسر اثر). سەربارى ئەوەی ئەگەر ساتی دروستبوونی وشە و هاتنی بۆ نێو مێژوو لەبەر چاو بگیرێت، ناوی کورد چەند سەدە زووتر لە کرمانج و سۆران و کەلهوڕ بۆ بەراورد لەگەڵ گۆران بەکار هاتووە و دیار نییە داخۆ مینۆرسکی

لەسەر چ بنەمایەک ئەو بەڵگەکارییە مێژووییەی کوردی تەنیا بە کرمانج و سۆران و کەلهوڕ سنووردار کردووە و گۆرانی لە کاتێکدا لانی کەم چەند سەدەیەک بەر لەوان بەشێک لە هۆز و پێکهاتەی کورد بووە، لە بازنەی کوردی خستوونەتە دەرەوە. بۆچی لە بیرکردنەوەی مینۆرسکی و زۆربەی خۆرهەڵاتناسان هەڵەیەکی ئاوا گەورە ڕووی داوە؟ بە چاوپۆشین لە بێئاگایی ئەوان لە هەندێ سەرچاوەی عەرەبی، دەبێ بڵێین کە خۆرهەڵتناسەکان بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگای تاران، ڕوسیا، یان ئستەنبوولەوە هاتوونەتە کوردستان و لەو ڕووەوە کە گۆرانەکان لە ناوەڕاستی کوردستانن ئەگەر لە ڕێگایەکی دیکە نەک ئەو ڕێگایەی عوسمانی و ڕووسیاوە بهاتبان کرمانجیان بە یەکەمین پێوەری کورد دەبینی و ئەگەر لە ڕێگای تارانەوە بهاتبان کەلهوڕ و سۆرانیان بە پێوەری کوردبوون دەبینی، بۆیە لە درێژەی گەشتەکەیاندا کاتێک دەگەیشتنە نێو گۆرانەکان، وایان دەزانی کە بە هۆی جیاوازی زمانییەوە وەک کورد نین. ئەمە ڕوونە کە جیاوازیی زمانی لە نێوان گۆران و سۆراندا هەیە، هەر وەک چۆن ئەو جیاوازییە لە نێوان سۆران و کرمانجیشدا هەیە و وەک ئەوەی کە ئەگەر کەسێکی سمنانی بە شێوەزاری خۆی قسە بکات کاشانییێک تێی ناگات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا تەنیا جیاوازی ئاخاوتن بە بێ لەبەر چاو گرتنی فەرهەنگی گشتی، دابونەریتی هاوبەش، مێژوو و یادەوەریی هاوبەش ببێتە بنەمای نەتەوە و نەژادی سەربەخۆی بەشێک لە خەڵکی دیارە وەڵامەکە لای مینۆرسکی و شوێنهەڵگرەکانی، لانی کەم سەبارەت بو گۆران بەڵێیە.

خاڵی دووەم سەبارەت بە ڕەخنە لە دیدگای مینۆرسکی ئەوەیە کە لە سەدەی چواری مانگی کە بۆ یەکەمین جار ناوی گۆران دەچێتە نێو سەرچاوەگەلی مێژوویی تا سەردەمی مینۆرسکی لە سەدەی ١٤ی مانگی لە ماوەیەکی ١٠٠٠ ساڵیدا هیچ مێژوونووس و جوگرافیناس و نووسەرێک ئاماژەیان بە کوردنەبوونی گۆرانەکان نەکردووە و هەموویان گۆرانیان بە بەشێک لە کورد زانیوە. یەکەمینجار ناوی گۆران بە شێوە عەرەبییەکەی واتە ‹جورقان و جبارقە/ جابارقیە [کۆی جورق/ جبرق] لە کتێبی ‹مسالک و ممالک› نووسینی ‹ئیبن خوردادبە (د ٣٠٠ق/ ٩١٢ز) و بە شێوە فارسییەکەی ‹گورانان› لە ‹مجمل التواریخ› (لە ساڵی ١١٢٦ز نووسراوە) هاتووە (مجمل التواريخ، ١٣١٨ :٤٠٠-٤٠١؛ ابن خردادبە، همانجا). مەسعودی (٩٥٧ز) لە کتێبی ‹مروج الذهب› ناوی جابارقە، جەورەقان لە ‹جبال› [ولایەتی

کوردستانی دواتر] و هەروەها جەورەقان وەک هۆزێکی بە ڕەچەڵەک کورد و مەسیحیی نێوان چیای ئارارات و موسڵ ناو دەبات (مسعودی، ٢٠٠٥ :٩٧/٢) و لە کتێبەکەی دیکەیدا، «التنبیه»، ناوی جەورەقان لە تەک جاوان، شازنجان، لوڕ بەرزیکان دەهێنێت و هەڵبەتە جابارقەش دووجار دووبارە دەکاتەوە (هەمان، ١٨٩٣ :٨٩). هەندێک لە توێژەران بە لەبەرچاوگرتنی ناوهێنانی هەردوو جەورەقان و جابارقە پێکەوە لە کتێبەکەی مەسعودیدا ئەوانە بە دوو تیرەی جیا و سەربەخۆ دەزانن (صدیق توفیق، ٢٠٠٨، ٤٩) و جابارقە زیاتر بە هۆزی گەورکی ئێستا دەبینن، کە ئەمە پێناچێت وا بێت، چونکە جابارقە بە پێی ڕێزمانی عەرەبی، بێژەی یەکێک لە کۆکردنەوەکان جەورەق/جەبرەق [وەک بەرمەک/ بەرامیکە]یە. بە پێی نووسینی ‹ئیبن فەقیە› کوردەکانی جەباریقە لە حەلوان و دەوروبەری هەمەدان دەژیان. ئەوان خوێی دەریاچەی فەراهانی سەر بە هەمەدانیان دەبردە شارەکان و دەیانفرۆشت (ابن فقیە، ١٤١٦ :٣٨٧، ٥٠٤). ئەوەی کە ئیبن فەقیە و ئیبن خوردادبە جەباریقەی حەلوان و هەمەدانیان ناو هێناوە، لە سەرچاوەکانی دواتر بە جەورەقان هاتووە و دیسان هەرحەلوان و هەمەدان بە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان هاتووە (یاقوت، ١٩٧٩ : ١٨٠/٢، ١٨٤). یاقووت لە شوێنێک جوران (گۆران) بە گوندێک لە دەروازەی هەمەدان ناو دەبات (هەمان :١٨٠/٢) و لە شوێنێکی دیکە ناوی گوندی (جەوزەقان) لە دەوروبەری هەمەدان دێنێت ئەو لە پەراوێزی هەمان ئەو جەوزەقانە دەنووسێت، کە کۆمەڵەیەک لە کورد، کە لە دەروبەری حەلوان (سەرپولی زەهاوی ئێستا) نیشتەجێن. کەمێک دوای ئەو نووسینەی باسی گوندێک بە ناوی جەوزە دەکات و هەروەها هۆزێکی کورد هەر بەو ناوە لە هەکاریی دەوروبەری موسڵ ناو دەبات (هەمان :١٨٤/٢). لەو ڕووەوە، کە بە درێژایی مێژوو هیچ هۆزێک بە ناوی جەوزەقان لە دەوروبەری حەلوان نەبووە، پێدەچێت، وشەی جێی مەبەستی یاقووت حەمەوی هەمان جەورەقان (گۆران)/ جەوران) بێت. لە شوێنی دیکە وشەکە بە شێوەی جارحان، جوجان، جەبرکان، گەوراکان و گەورەکان بەکار هاتووە (مینورسکی، ١٣٧٩ :٢٧). حوسەینی، ناوی یەکێک لە زاناکانی بە ناوی حوسەین بن جەعفەر جەوزەقانی (جەورەقانی)ی کوردی هێناوە، کە ساڵی ٥٤٣ی قەمەری مردووە و ئەوی بە کوردێکی جەورەقانی لە حەلوان ناوبردووە (حسینی زبیدی، ١٤١٤ ق، ٦٠/١٣). بە پێی هەندێک گێڕانەوە، دوای کوژرانی بەدری کوڕی حەسنەویە لە ساڵی

٤٠٥ی مانگی زۆربەی لەشکرییەکانی ئەو، کە کوردە جەورەقان (گۆران)ەکان بوون چوونە لای شەمسولدەولەی فەرمانڕەوای هەمەدان. ناوبراو بە پاڵپشتیی ئەوان دەستی بەسەر هەموو ئەیالەتی بەدردا گرت (ابن اثیر، ١٩٧٩ : ٢٥٠/١٤٨/٩) بەشێک لە مێژوونووسان، ‹ئال حەسنەویە›یان بە گۆران زانیوە (بدلیسی، ١٣٤٣ : ٣٨٢)؛ بەڵام بەشێکی دیکەیان ئەوانیان بە بەرزیکانی/ بەرزەکانی ناو بردوون (مجمل التواریخ، ١٣١٨ : ٤٠٠-٤٠١). ئەگەرچی ناتوانین دڵنیا بین، بەڵام هیچ دوور نییە، کە بەرزیکانیش بەشێک بووبن لە گۆران. پێدەچێت، کە پەرەسەندن و فراوانبوونی هۆزی گۆران لەو سەردەمدا و بوونی بە هۆزێکی فەرمانڕەوا بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک، بووبێتە هۆی ئەوەی ببنە ناودارترین هۆزی کورد لە سەدەکانی چوار و پێنجی مانگی. سەرچاوە مێژووییەکان میرنشینی حەسنەویەیان بە «حکومەتی کورد -حکومت اکراد» (ابو علی، ١٣٧٩ :٣٢١/٦-٣٢٢) و ‹بەدر›یان بە میری کوردستان ناو بردووە و سنووری فەرمانڕەوایی ئەویان لە باکوور تا ‹قەرەمیسین-کرماشان›، لە باشوورەوە تا خوزستان، لە خۆرئاواوە تا شارەزوور و لە خۆرهەڵاتیشەوە تا هەمەدان دیارکردووە (بدلیسی، همان :٣٩-٤؛ ابن اثیر، همان :٢٤٩/٩؛ حمدالله مستوفی، ١٣٣٩: ٤٢١). بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی، کە سنووری دەسەڵاتی گۆرانەکان تا ئەمڕۆش بریتییە لەو ناوچانە، ئەو بۆچوونە، واتە بەرزیکانیش هەر گۆران بن، بۆچوونێکی نابەجێ نییە.

هەندێک لە توێژەران کوردانی قوهی (کوهی) و وەزیر ‹شەمسولدەولە و ئەبونەسری کوڕی بەهرام کە بە تاجولمولکی قوهی ناسرابوو (ابن اثیر، همان :٣٣٠/٩،٣٢٠) بە گۆران دەزانن (صدیق توفیق، همان :٥٣). بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی، کە ‹بەرەزەکان› وشەیەکی کوردییە و واتاکەی ‹کێوی بەرز›ە، ئایا ‹کوردانی کوهی› وەرگێڕدراوی فارسی ئەو وشەیە و ناوێکی دیکەی بەرزەکان نییە؟ هەرچەند بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو گریمانەیە نییە، بەڵام بە پێی ئەم توێژینەوەیەی بەردەست، ئەو بۆچوونە تا ڕادەیەک زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە. لەگەڵ مردنی شەمسولدەولە و دوای ئەوەی عەلائولدەولەی کاکۆیە لە ساڵی ٤١٤ی مانگی پەلاماری هەمەدانی دا، تاجولمولک بەرەنگاری بووەوە؛ بەڵام کوردانی قوهی چوونە ڕیزی عەلائولدەولە (ابن اثیر، همان :٣٣٠/٩-٣٣١). بە پێی گێڕانەوەی ئیبن ئەسیر، فەرمانڕەوای کرماشان لە ساڵی ٤٣٠ی مانگی، کوردێکی قوهی (گۆران) بووە (همان :٤٦٤/٩-٤٦٥).

یەکێکی دیکە لە لکەکانی جەورەقان بریتییە لە هۆزی بابۆنی، کە ئەبو فەرەج بابۆنی یەکێک لە سەرۆکەکانی جەورەقان سەر بەو هۆزە بووە (صدیق توفیق: همان). بە پێی نووسینی ئیبن ئەسیر لە ساڵی ٤١٧ی مانگی، عەلائولدەولەی کاکۆیە، ئەبو جەعفەری کوڕە مامی خۆی کردە فەرمانڕەوای شاپورخواست (خوڕەمئابادی ئێستا) و ژمارەیەکی زۆر کوردی جەورەقانی بە سەرکردەیی ئەبو فەرەجی بابۆنی لەگەڵ ناردن. ماوەیەک دواتر شەڕ لە نێوان ئەبو فەرەج و ئەبو جەعفەر دروست بوو و ئەبو جەعفەر، ئەبو فەرەج و ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی جەورەقانی کوشت و بە دیل گرت و ماڵ و سامانیانی بە تاڵان برد (ابن اثیر، همان : ٣٥١/٩-٣٥٨). لە ساڵی ٤٢٣ی مانگی ١٠٣٢ی زایینی ئیبن ئەسیر ناوی شاپورخواستی وەک یەکێک لە مەڵبەندەکانی کوردانی جەورەقان هێناوە و دەنووسێت کە ئەبو جەعفەر عەلائولدەولە کوڕی کاکۆیە بۆ بەرگری کردن لە خۆی بەرامبەر سوڵتان مەسعودی غەزنەوەی پەنای بردوەتە بەر ئەوان. هەروەها گەرشاسف کوڕی عەلائولدەولە، کە ساڵی ١٠٣٢ی زایینی و دوای مردنی باوکی بووە جێنشینی ئەو (ابن اثیر، ٤٩٥/٩) دوای پەلاماری ئیبراهیم یەنال بۆ سەر هەمەدان لە ساڵی ١٠٤٦ی زایینی، پەنای بردوەتە بەر کوردانی گۆران و لەگەڵ ئەوان چووەتە ‹سەیمەرە›. ئیبراهیم یەنال ئەوانی شکاند و گەرشاسف و جەورەقانەکان چوونە خاکی ‹شەهابولدەولە ئەبولفەوارس مەنسوور بن حوسین [ڕەنگە بۆ دەوروبـەری ئەهـواز] (همان :٠/٤٢٤-٤٢٥، ٤٩٥، ٥٢٨-٥٢٩، ٥٨٠). شایانی باسە لە هەموو ئەو دەقانە جابارقە/ جەورەقان (گۆران) بە هۆز و تیرەی کورد ناو بردراون و دیار نییە مینۆرسکی چۆنە ئاوا بە پێی مەزاجی خۆی ئەو دەقانەی پشتگوێ خستووە و گۆرانی لە کورد جیا کردوەتەوە!.

بە داگیرکردنی ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن سەلجوقییەکانەوە، ناوی جەورەقان (گۆران)یش کەوتە پەراوێز و ئەو ڕەوشە تا نزیکەی دەرکەوتنی ئەیوبییان درێژەی کێشا. دوای ئەوە، سەرچاوە عەرەبییەکان دیسان وەک سەدەکانی ٤و٥ی مانگی ناوی گۆرانەکان دێنن و ئەوان بە یەکەمین تیرە و تایەفەی کورد ناو دەبەن، کە لە ناوچەی ڕێیادەشت و دەرەتەنگ لە چیاکانی نێوان هەمەدان و شارەزوور (دەوروبەری حەلوان) دەژین. گۆرانەکان نزیکەی ٥٠٠٠ کەس و خەڵکانێکی بەهێز و یەکگرتوو بوون بە سەرۆکایەتیی میر محەمەد (قلقشندی، د تا : ٣٧٣/٤؛ ابن فضل الله، ٢٠٠٥ :٢٦٠/٣-

٢٥٩). نووسەری ‹ئەلئەنساب›یش دانیشتوانی گوندەکانی چیاکانی حەلوان بە کورد ناو دەبات (سمعانی، ١٩٦٢، ٧٩/١١) کە ئەوانە هەمان کوردانی جەورەقان بوون، کە ئیبن ئەسیریش باسی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوانی لە ناوچەکانی حەلوان کردووە (ابن اثیر، ١٤١٤ق :٣٠٧/١). ئەو لە پەراوێزی ڕووداوەکانی ساڵی ٦٢٨ی مانگی، باس لە کوشتاری کوردانی جەورەقان لەلایەن مەغۆلەکان لە ڕێگای ئازەربایجان – هەولێر دەکات (هەمان، ١٩٧٩ :٥٠١/١٢). ئەو گۆرانانەش هەمان ئەوانەن، کە مەسعودی پێشتر ناوی هێنابوون و ئەمڕۆش حەوت تیرەیان لە ناوچەکانی بەردەڕەش و ئاکرێ لە نزیک هەولێر نیشتەجێن (صدیق توفیق، هەمان:٥٢).

خاڵی گرنگ لەبارەی پەیوەستەیی کورد و گۆران، کە مینۆرسکی ئەمەی پشتگوێ خستووە، ئەوەیە، کە جوگرافیای ولایەتی کوردستان لە ‹نەزهەتولقلوب›ی حەمدوڵڵای مستەوفی هەمان ئەو ناوچانەیە، کە پێشتر بە زێد و شوێنی نیشتەجێبوونی گۆرانەکان ناوی هاتووە. ئەو پێی وابوو کوردستان بریتییە لە «شازدە وەلایەت: ئالانی، ئەلیشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەند تاج خاتوون، دەربەند زەنگی، دزبیل، دینەوەر، سوڵتاناوای چەمچەماڵ، شارەزوور، کرماشاهان، کەرەند و خۆشان، کەنگاوەر، ماهیدەشت، هەرسین و وەستام» (حمدالله مستوفی، ١٣٣٦ : ١٢٧–١٢٩). لە سەرچاوەکانی سەردەمی مەغۆل تا سەفەوی، بە تایبەت لەو ‹زەفەرنامانە›ی، کە لەبارەی جیهانگیرییەکانی مەغۆلان و تەیموری لەنگ نووسراون، هەرگیز زاراوەی گۆران، کرمانج و سۆران بەکار نەهێندراوە، پەلاماردەرە جیهانگیرەکان لە سەرتاسەری جوگرافیای هەمەدان تا شارەزوور و کەرکووک، ئەو خەڵکەی ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و شەڕیان لە دژدا کردوون، هەر وەک کورد ناویان هێناون (رشیدالدین فضل الله، ١٣٧٣ : ٨٥٦/٢–٨٥٨؛ حمدالله، ١٣٣٩ :٦٠٧؛ شامی، ١٣٦٣ : ١٢٩–١٣٠؛ شرف الدین یزدی، ١٣٨٧ : ٥٨٤/١–٥٨٥؛ سمرقندی، ١٣٨٣ :٨٨٩/٢،١–٨٩٠).

لە قۆناغی حوکمڕانیی سەفەوی و دەستبەسەرداگرتنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی، ئەو ناوچانەی، کە حەمدوڵڵای مستەوفی بە کوردستان ناوی بردبوون، هەر لەژێر دەسەڵاتی سەفەویان مانەوە. شەرەفخانی بەدلیسی، مێژوونووسی ئەو سەردەمە، کوردی بەسەر چوار لک دابەش کردووە: کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ و گۆران، کە زمان و دابونەریتیان لەگەڵ یەکدیدا جیاوازە

(بدلیسی، ٢٣-٢٤). ئەو گۆرانەکانی بە کوردانی ئێران [لەبەرامبەر کوردانی عوسمانی] ناو بردوون و ئەوانی بە چوار دەستە داناون: سیامەنسوور، چەگەنی، زەنگەنە و پازۆکی و لە شوێنێکی دیکە بە لابردنی پازۆکی، کوردانی ئێران بە سێ دەستە دادەنێت و دەنووسێت باپیرانی ئەوان سێ برا بوون، کە لە بنەڕەتدا لە وەلایەتی لوڕستان و بە گێڕانەوەیەکی دیکە لە گۆران و ئەردەڵانەوە هاتوون (هەمان : ١٧، ٤٢٣-٤٢٤). کاتێک کە سا ئیسماعیلی دووەم، شەرەف خانی بەدلیسی دەکاتە میری میرانی کورد «کاروبار و ئەرک و فەرمان)ی میر و فەرمانڕەوایانی کوردستان و لوڕستان و گۆران و هەموو هۆز و تیرە و تایەفەکانی کوردی پێ دەسپێرێت (هەمان: ٥٨٠-٥٨١). بەدلیسی چەند جارێک ناوی گۆران وەک تایەفە (تیرە) دەهێنێت (هەمان : ٢٣-٢٤، ٨٢،١١٨، ٣٨٢) و چەند جارێکیش بە ڕاشکاوی گۆران بە سەرزەمینێک لە تەک کوردستانی ئەردەلان و لوڕستان دادەنێت (هەمان :٤٢٣-٥٨١،٤٢٤). بەدلیسی لە شوێنێکی دیکە میر و فەرمانڕەوایانی کەلهوڕ وەک میرەکانی دەرتەنگ، پڵنگان و ماهیدەشت، سەر بە هۆزی گۆران دادەنیت (هەمان: ٤٠٨-٤١٢). خاڵی گرنگتر ئەوەیە، کە بەدلیسی هیچ ناوی سۆرانی، کە ئێستا بە سەرەکیترین پێوەری کوردبوون دادەندرێت نەهێناوە و گرنگترین کۆمەڵە و گرووپی کوردی، دیسان هەر گۆرانە، کە پێوەری کوردبوونی کوردانی قەڵەمڕەوی سەفەویەن. خاڵی لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە ‹ئەتابەک›ەکانی لوڕی بچوک تا سەردەمی ڕووخان و کەوتنیان لە سەردەمی شا عەبباس، هەر بە بەشێک لە تیرە و تایەفەی کورد دەژمێردران. ئەسکەندر بەگی مونشی، ڕووداونووسی سەردەمی شا عەبباسیش تایەفەکانی گۆرانی بە سیامەنسور، چەگەنی و پازۆکی و هەروەها فەرمانڕەوایانی لوڕی بچوکی بە کورد ناوی بردوون (منشی، ١٣٧٧ :٢٢٦/١).

ئەو قسەیەی بەدلیسی کە دەڵێ گۆران یەکێکە لەو چوار گروپەی کورد، لەلایەن مێژوونووسانی کوردی ئەردەڵان لە سەردەمی قاجار دوبارە بووەتەوە (خسرو اردلان، ١٣٥٦ :٣). مەستوورەی ئەردەڵان تیرە و تایەفەکانی کورد بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکات: ئەردەڵان، کرمانج، لوڕ و گۆران (مستوره اردلان، ١٣٣٢:٥). مستوره ناوچەی پڵنگان بە پایتەخت و ناوەندی تایەفەی گۆران دەزانیت، کە ئەردەڵانە کۆچبەرەکان لە گۆرانەکانیان سەندووە و دەستیان بەسەردا گرتووە (هەمان:٧، ٢٧-٢٨). زەینولعابدینی شێروانیش دەنووسێت: «گۆران ناوی تایەفەیەکە

لە تایەفە کوردییەکان، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە لەلایەن ئەو تایەفەیەوە ئاوەدان کراوەتەوە، بۆیە بە ناوی ئەوانەوە ناسراوە و پێی دەگوتریت دەشتی گۆران لە وڵاتی کوردستان و لە بەشی خۆرئاوای کرماشان...» (شیروانی، ١٣١٥ :٤٨١-٤٨٢). لە سەرچاوەکانی دیکەی قاجاریشدا گۆران وەک یەکێک لە هۆزەکانی کورد ناوی براوە (بۆ نموونە بڕوانە: ایگلتون، ٢٠٠٧ : ٥٤؛ سیاح، ١٣٥٦: ٢٣٠). بە لەبەر چاوگرتنی ئەو باس و سەرچاوانە دەتوانین بڵێین، کە هەموو سەرچاوە بەردەستەکان لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ، گۆرانیان بە بەشێک لە کورد داناوە و ئەوەی مینۆرسکی و پەیڕەوەکانی گوتویانە گۆران کورد نین، بە تەواوی تێڕوانینێکی خودی و نامێژووییانەیە.

**٢- بابەتی کۆچ و دیلەمی وەک یەکەم زێدی گۆران**

مینۆرسکی لە چوارچێوەی دیدگای خۆی و گرێدانی گۆران و خەڵکی کەناراوەکانی دەریای خەزەر، جابارقە بە شێوە عەرەبییەکەی وشەی کابارکە- کاوارکە- گاوبارە دەزانێت و بە تێبینیکردنی دوو شوێن: گەهوارە و گەیلان لە ناوچەی گۆراننشینی ئێستا، ئەو ناوە بە گەیلان و بنەماڵەی فەرمانڕەوای گاوبارە دەبەستێتەوە، کە لە سەردەمێکی نادیار بۆ ئەو ناوچەیە کۆچیان کردووە. ئەو هەروەها ڕووباری ‹گاوەرۆ› و سەرچاوەی ئاوی گەیلان لە کەندولەی گۆراننشین، دیلەمستان لە شارەزوور و لاهیجان لە ئازەربایجانی خۆرئاوا بە زێدی کورد نازانێت و پێی وایە گەیلانی و گۆرانەکان لە کەناراوەکانی دەریای خەزەر بۆ کوردستان کۆچیان کردووە. ئەو ناوی گیل و گیلان لە سەر ڕێگای کەرەند- حەلوانیش کە لە نزهەتولقلوب دا هاتووە (حمدالله، همان : ١٦٥) و ئەمڕۆ گەهوارە مەڵبەندی گۆرانەکانە، بە بەڵگەیەکی تەواوی دیدگای خۆی دەزانێت. یەکەمین زێدی گەیلانی و گۆرانەکان ئەوەندە بۆ مینۆرسکی گرنگە، کە تەنانەت کوشتنی بەدری کوڕی حەسنەویە بە چەکی زوبین [زوبین جۆرە نێزەیەکی کورتە بە دەست تێهەڵدەدرێت] لە لایەن گۆرانەکان بە بەڵگە و نیشانەی گەیلانیبوونی ئەوان دەزانێت و لەو باوەڕەدایە، کە زوبین چەکی خەڵکی کەناراوەکانی دەریای خەزەر و دیلەمانە (minorsky, ١٩٩٤٣ : ٨١-٨٨)؛ وەک ئەوەی هیچ میلەتێکی دیکە چەکی زوبینی بەکار نەهێنابێت!. مینۆرسکی دیلەمستان لە شارەزوور بە ئۆردوگای سەربازی و شوێنی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی بەکرێگیراوانی دیلەمی دەزانێت، کە

بۆ شەڕ و پێکدادانەکان لەگەڵ شایەکانی ئێراندا دەچوونە پێدەشتەکانی میزۆپۆتامیا (مینورسکی، ١٣٤٥ :١٥١). گرفتی سەرەکیی باسەکەی مینۆرسکی، ئەوەیە، کە چۆن دەبێت لەسەر بنەمای هەبوونی چەند ناوێکی هاوشێوە لە شوێنێک، کە دەکرێ لە هەموو شوێنێکدا ئەو حاڵەتانە هەبن، یەکسەر  بە پێداگرییەوە کۆچکردنی گشتیی گەلێک و جیاوازیی نەژادی خەڵکی گۆران لە گەڵ کورد ڕادەگەیەنێت؟ ئەگەر گریمانەی هاوشێوەیی وشە و ناو وەک بنەما بۆ کوچ لەبەر چاو بگیردرێت، بە چ بەڵگەیەک دەتواندرێت ئەوە بسەلمێندرێت، کە ئەو کۆچکردنە لە گەیلانەوە بۆ کوردستان بووە و بۆچی لە بنەڕەتەوە کۆچکردنەکە بە پێچەوانە لە کوردستانەوە بۆ گەیلان نەبووە؟ ئایا بە پشتبەستن بەوەی، کە بەدلیسی باس لە نیشتەجێبوونی خەڵکانێکی کورد بە ناوی گیل دەکات لە خوراسان (بدلیسی :٤٢٤) دەکرێت بڵێین، کە ئەوانە لە گەیلانی کرماشانەوە بۆ ئەوێ کۆچیان کردووە؟

دووەم؛ ئەو ڕوونیش ناکاتەوە، کە ئەو کۆچکردنە لە کامە سەردەمی مێژوویی و بە کامە ڕێڕەودا ڕووی داوە. بە دەربڕینێکی دیکە، نووسینەکەی ئەو لە سنووری مەزەندە و تێڕوانینێکی خۆی بەولاوە هەرگیز تێناپەڕێت. فراوانترین کۆچ و ڕەوی دانیشتووانی کەناراوەکانی دەریای خەزەر بۆ کوردستان، لە سەردەمی ‹سەلاریان› و ‹ئال بویە› ڕووی داوە، کە هەردوو کۆچ و ڕەوەکە لە نیوە سەدەی ٤ی مانگی بووە؛ ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئیبن خوردادبە (لە ساڵی ٣٠٠ی مانگی مردووە) سەردەمانێکی زۆر زووتر بەر لە جێگیربوونی دیلەمیان لەو ناوچەیە، باس لە هەبوونی گۆرانەکان لە حەلوان دەکات.

سێیەم؛ توێژینەوە نوێیەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە لێکچوونی بەشێک لە زمانەکان وەک زمانی ‹سیوەندی› لە گەڵ گۆرانی لە هەر ڕوویێکەوە بگری زیاترە لە لێکچوونی گۆرانی و گەیلانی (بۆ زانیاریی  لە بارەی سیوەندی بڕوانە: صادقی، ١٣٨٥،– سراسر اثر). ئەگەر  گریمانەی نزیکبوونی زمانی، وەک نیشانەی کۆچکردن بە بنەما وەربگیردرێت، ئایا دەبێ بڵێین گۆرانەکان لە سیوەندەوە کۆچیان کردووە؟ شەهرام نەقشبەندی یەکێک لە زمانناسانی ناسراوی کورد، لە ڕەخنە لە دیدگای مینۆرسکی و شوێنهەڵگرانیدا دەنووسێت: «بە چەند بەڵگەیەکەوە دەتوانین ڕاستی تێڕوانینی ئەو زمانناسانە بخەینە ژێر پرسیار. بە شرۆڤە و بەدواداچوونێکی گشتی لە هەندێک پانتایی زمانەوانیی دوور و نزیکەوە دەتوانین پەیوەندی و

لێکچوونی دیار لە نێوان هەورامی و ڕەنگە گۆرانی لەگەڵ زمانەکانی دیکەش بەدی بکەین، پەیوەندی و لێکچوونێک، کە وەک دەبینین زمانناسان زۆر بایەخیان پێ نەداوە». ئەو لەو باوەڕەدایە، کە هەڵێنجان و دەرەنجامی وتارەکەی ئەو دەتوانێت ئەو قسە و بانگەشانەی پێشتر لە بارەی پەیوەندیی هەورامی لەگەڵ زمانەکانی کەناری دەریای خەزەر، یان زارەکانی ناوەڕاستی ئێران بێبایەخ بکات» (نقشبندی، ١٣٩٩ :٨٢،٩٨).

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کە بۆچی هەر بە جۆرە لێکچوونێکی زمانی یەکسەر دەبێ بابەت و پرسی کۆچ بێتە گۆڕێ؟ بە ڕێکەوت ئەمڕۆ توێژەران نیشانیان داوە، کە زمانەکانی لێواری باشووری دەریای خەزەر بەشێکن لە زمانی پارتی و ڕەنگە زمانی دێرینی مادی کۆن بن و کەوشەنی ئەو زمانانە بەشێک بووە لە مادستان (فاطمی، ١٣٧٨ :١٥٦؛ پرچمی، ١٣٧١ :٦١). بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین، کە لێکچوونی زمانیی خەڵکی گۆران و گەیلان بە هۆی ئەو ماوە درێژ و پەیوەندییە فەرهەنگییەوە بووە، کە خەڵکی هەردوو ناوچەکە لەچوارچێوە و دەسەڵاتی یەک حکومەت و فەرمانڕەواییدا ژیاون.

هەڵبەت پەیوەندیی نزیکی گۆرانەکان لەگەڵ دیلەمیان لە سەدەی ٥ی مانگی، کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، ڕەنگبێت هۆکارێکی دیکەی ئەو لێکچوونە زمانییەی نێوان ئەو دوو زمانە بێت. هیچ هۆزێکی کورد هێندەی گۆران لە ساڵانی فەرمانڕەوایی دیلەمەکان لە خۆرئاوای ئێران و کوردستان لەوان نزیک نەبووە.

**٣- بابەتی زمانی جیاوازی گۆرانی**

بە چاوخشاندنەوەیەک بە سەرچاوە مێژووییەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە بە سەربەخۆدانانی [زار]ی گۆرانی و جیاکردنەوەی لە زمانی کوردی، داهێنانێکی نوێیە و لە هیچ دەقێکی مێژووییدا نییە. مەسعودی (د ٣٤٦مانگی)، یەکەمین مێژوونووسە، کە باس لە زمانی کوردی دەکات و دەڵێت: «تیرە و تایەفە جیاجیاکانی کورد، لەنێویاندا جەورەقان، هەر یەکە بە زمانی تایبەتی خۆی؛ واتە زمانی کوردی دەدوێن» (مسعودی، ٢٠٠٥: ٩٦/٢). لە کتێب و بەرهەمە زمانەوانییەکانی نووسەرانی کوردیش، گۆرانی وەک زمانی کوردی پێناسە کراوە. عەلی ئەکبەر ڕووداونووسی کوردستانی لە کتێبی ‹بەدائیعوللوغە›دا گوزارەی کوردی گۆرانی بەکار دێنێت و دەنووسێت: «بە

باوەڕی بەندە و زۆر لە مێژوونووسانی سەرەتایی، یەکەم زمان، کە باب و باپیرانی کورد دایانهێناوە و قسەیان پێ کردووە، کوردی گۆرانییە» (وقائع نگار، ١٣٨٨ : ١٩-٢٠). لە سەرچاوە مێژووییەکان و کتێبی نووسەرەکانیش هەر کاتێک ناوی کەسێک بە ناسناوی گۆرانی هاتبێت پاشناوی کوردی بۆ زیاد کراوە؛ بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە ئەحمەد بن محەمەد ئەلکوردی ئەلگورانی ناسراو بە ئیبن عەجەمی (سەدەی ٩ی مانگی) (سخاوی، ١٤١٢: ٢١٣/٢)، شێخ ئیبراهیم بن حەسەن بن شەهابەدین کوردی گۆرانی (د١٠٢٥؛ -١١٠٣ مانگی)، شێخ محەمەد ئەبوتەیب بن شێخ ئەبو حەسەن کوردی گۆرانی (د ١١٦٧ مانگی)، شێخ ئەحمەد بن محەمەدسەعید کوردی گۆرانی (د ١١٦مانگی و شێخ عومەر عەبدولڕەحمان کوردی گۆرانی بکەین (رفاعی، ١٤٢٧ مانگی، ٣٣٨؛ حمدان، ١٤١٢ مانگی، ٣٨؛ تراجم اعیان، ١٤٢٩ مانگی، ١٠٤-١٠٨). دیار نییە کە بە لەبەردەستبوونی ئەو بەڵگە مێژووییانە و نووسینی ئەو مێژوونووسانە سەبارەت بە کوردبوونی گۆرانی، مینۆرسکی بە کام پێوەری زانستی و زمانناسی و مێژوویی، زاری کرمانجی و سۆرانی، کە هەردووکیان بە دوو لکی زمانی کوردی دەژمێردرێن، بە کوردی داناون و لە جیاتی زار بە زمانی هەموو کوردی داناون و گۆرانی لەوە دەرهێناوە و بە کوردی دانەناوە؟

ناکۆکییێکی دیکەی تێڕوانینی مینۆرسکی ئەوەیە، کە [زار]ی هۆزی گۆران، شتێک، کە مینۆرسکی بە گۆرانی ناوی دەبات، نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە سۆرانی و کەلهوڕی. ئەمڕۆ جگە لە ساداتی گۆران (پێشەوایانی ئایینی یارسان) و دانیشتووانی چەند گوندێک لە کەرەند (سنجابی، ١٣٨٠، ١٨)، خەڵکی ناوچەکە و هۆزی گۆران لە کرماشان بە سۆرانی و کەلهوڕی قسە دەکەن و هەورامی، کە نزیکترین زارە لە گۆرانی، تێناگەن و ئەمە ناکۆکیی هەرە گرنگی تێڕوانینی مینۆرسکییە، کە گرووپی نەتەوەیی و تیرەگەریی گۆران و زمانی گۆرانی ئەو هۆز و تیرەیە، بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو ئەمانە بەکار دێنێت. ئەوەی، کە خەڵکی زازا، هەورامان، شەبەک، ڕۆژبەیانی، باجەلان، کەندولە و دەستە و تیرەگەلی دیکە، کە مینۆرسکی بە گۆرانیان دەزانێت، تا ڕادەیەک زمانی یەکدی تێدەگەن، شتێکی ئاساییە؛ بەڵام بابەتەکە ئەوەیە، کە ئەوان خۆیان بە گۆران و زمانی خۆیان بە گۆرانی نازانن (همان؛ هورامی، ١٩٨٤، ٨٦-٨٧). خاڵی گرنگتر ئەوەیە، کە لە هەندێک لە شارەکانی کوردستان وەکو سەقز، دیواندەرە، قوروە و ئەو شوێنانە خەڵکی سۆرانی لێیە،

کە پێیان دەڵێن گۆران و زمان و دابونەریتیان لەگەڵ خەڵکانی دیکە، کە گوزارەی گۆرانیان بۆ بەکار ناهێندرێت (آزادپور، حواشی تاریخ اردلان مستوره، ٥، ٢١، ١٦٩) یەکە. ئەو بابەتانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی، کە پرسی گۆران لە بۆتەی زمانیدا دەربچێت و دیدگای مینۆرسکی و پەیڕەوکارەکانی نەتوانێت ڕاستی و دروستییەکەی بسەلمێنێت.

لە لایەکی دیکە، ئەوەی کە مینۆرسکی و مەکەنزی و شوێنهەڵگرەکانیان بە زمانی گۆرانی ناوی دەبەن و زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکە لە سروشە ئایینییەکانی یارسان و داستانە حەماسییەکانی زاگرۆس هاتووە، زمانی گوفتاری نییە و کەس بەو شێوەیە قسە ناکات، بەڵکو زمانی نووسینە و تەنیا بۆ شیعر بووە و تێکەڵەیەکە لە لەکی، لوڕی، کەلهوڕی، هەورامی، سۆرانی، کرمانجی و لە تەک ئەمانەشدا فارسی و عەرەبیش. لەو ڕووەوە، کە ئەو شیعرانە زارەکی و لە دەمی خەڵک و ئاخێوەرانی هەموو ئەو شێوەزارانە دەماودەمی کردووە، پەیوەست بووە بەوەی، کە ئاخێوەرەکە چ کەسێک بووە، ئەو ئاخێوەرە بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی شێوەزاری خۆی ئاخنیوەتە شیعرەکە؛ بۆیە شیعرەکانی ‹سەیدی هەورامی› و ‹مەلا خدری ڕواری› جیاوازییێکی زۆریان لەگەڵ شیعرەکانی ‹مەولەوی›، ‹مەلا پەرێشان› و ‹ئەلماس خان›دا هەیە. هەڵبەت ئەو شاعیرانەش، کە بەو زمانە، شیعریان گوتوە، مۆرک و خەسڵەتی کوردیان بۆ بەکار هێناوە (بۆ نموونە بڕوانە: خانای قوبادی، ١٥) و پێدەچێت گۆرانی لە ڕوانگەی ئەواندا سەبکێکی شیعری وەکو سەبکی هیندی، یان خوراسانی بووبێت.

بێژەرانی سروشەکانی یارسانیش خۆیان بە کورد و زمانی خۆیشیان بە کوردی زانیوە : «ئەز نامم کورد بی وە کوردان سەرخێڵ» (نامە سرانجام، ٢٠٠٧: ١٢١). لە بەشەکانی دیکەی نامەی سەرەنجام، یارانی سوڵتان ئیسحاق، پێشەوای یارسان، وەک کورد ناویان هاتووە. پیر مووسا یەکێک لە گەورەکانی ئەوانیش خۆی بە کورد ناساندووە، کە بە زمانی کوردی دواوە (هەمان : ٣٣٧، ٦٩٢). خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە، کە لەنێو یارانی سوڵتان ئیسحاقدا جگە لە پیاوانی کورد خەڵکانی سەر بە نەوە و میللەتی دیکەی وەک مستەفا تورک، داودی فارس و بنیامینی عەرەب و ڕەمزیاری فەڕەنگی وتەنانەت هیندی و ئەمازیغییش هەبوونە (هەمان: ٦٩٠-٦٩٤)، بەڵام لە هیچ شوێنێکی سەرەنجام و گوفتارەکانی یارساندا باس لە کەسێک بە وەسف و ناسنامەی گۆرانی (وەک گوزارەی نەتەوەیی و زمانی) نەکراوە.

بابەتێکی گرنگی دیکەی دژبەری لە دیدگای مینۆرسکی ئەوەیە، کە گۆران تەنیا بە واتای میللەت و هۆز ناوزەد نەکراوە تا بتوانین واتایەکی ئەتنی و زمانی بدەینێ و پاشان بە جیاکردنەوەی لە کورد و تەنانەت دانانی لە بەرامبەر کورد دیدگایەکی لەسەر هەڵبچنین، بەڵکو گۆران لە سەرچاوەکاندا بە شێوە و شێوازی جیاجیا بەکار هێندراوە و باس کراوە، کە هەندێک جار لەگەڵ یەکدا ناکۆک و پێچەوانەوەی یەک دەبنەوە. لە ئەدەبیاتی یارسان، گۆران واتە کوردێک، کە موسڵمانی سوننە نییە و ئەم پێناسەکردنەی گۆران لە کتێبی پیرۆزی یارسانیشدا هاتووە (همان: ٦٦١-٥٩٧). گوفتارە سەروادار و هۆنراوەییەکانی سوڵتان ئیسحاق و یارە نزیکەکانیشی وەک بازنەیەک بە ناوی ‹دیوانی گەورە› کۆکراونەتەوە، کە لێرەشدا گەورە (کەسی تاکی گەوران/گەورەکان) و بە واتای گەورە، یان پێشەوایە (حسینی، ١٣٨٧ : ٤). هەندێک جار گۆران بۆ زەردەشتییەکان (شعرانی، ١٣٨٦ :٤٦٢-٤٦٣) یەهودیان (دوبد و هاوکاران، ١٣٦٢ :٣٥٦-٣٥٤)، هیندۆکان (نوری نژاد، ١٣٩٣: ٢٢-٢٤) و مەسیحییەکان (آزادپور، همان :٩٦)یش بەکار دەهێندرێت و گوزارەی «کەشیشی کلێسای گۆران» لە دەقەکانی یارساندا هاتووە (نامە سرانجام: ٦٣٢). ئەو ئەگەرەش هەیە، کە جەورەقان شێوە بەعەرەبکراوەکەی گۆران، یان گەبران بێت، کە لە دەقە ئیسلامییەکاندا بە واتای زەردەشتیان هاتووە.:

« گەبرەکان مێژووی خۆیان لەو کاتەی یەزدگەرد کوڕی شەهریار، کە وڵاتی ئێران لەسەر دەستی ئەودا تێداچوو، وەرگرتووە و هیچ شتێک لای گەبرەکان لەوە گەورەتر نەبووە، کە مەملەکەتەکەیان لە دەست چووە» (طبری، ١٣٥٦: ٦٣٨/٣). هەروەها هەندێک جار بە ئاکنجییە بنەجێنشینەکانی کوردیش گوتراوە گۆران (ریچ، ١٣٧١: ١٦٦-١٦٧، ٢٢٥-٢١٢؛ بایزیدی، ١٣٦٩ : ١٦٦) لە بەیتی کاکە شێخ و کاکەمیر و لە فەرهەنگی ڕەشەخەڵکی مهاباد و ... گۆران وەک ڕێگر و پیاوکوژ هاتووە (تحفه مظفریه، ٢٠٠٦: ٤٧٨-٤٨١). جگە لەوە ئەمڕۆ لە تەورێز و تەنانەت ماکۆ تایفەگەلێکی تورکی ئەهلی هەق (عەلیوللاهی) هەن، کە بە زمانی تورکی قسە دەکەن و پێیان دەگوترێت گۆران (کسروی، ٢٠١٦: ١٢١).

**ئەنجام**

کاریگەریی دیدگا و تێڕوانینی خۆرهەڵاتناسانە بەسەر مێژوو و فەرهەنگی ئێران، بە شێوەیەکە، کە بووەتە هۆی ئەوەی زۆر ڕاستی و کەتواری مێژوویی بەلاڕێدا ببرێن و لانیکەم بە شاش نادروست بگەنە دەست خوێنەران ئەوانەی بەدوای زانین و شارەزابوون لە مێژووی ئەو وڵاتەوەن. ئەوەش هەندێک جار بە مەبەست و هەندێک جاریش لە بێئاگایی و سەرچیخ ڕۆیشتن و وردنەبوونەوە لە بابەتەکە بووە. کەمتر خۆرهەڵاتناسێک هەیە وەکو مینۆرسکی لە نووسین و توێژینەوەکانی خۆیدا ئەوەندە لەسەر مێژوو و فەرهەنگی ئێران هەڵوەستەی کردبێت. ناوبراو توێژینەوە لەبارەی کوردیشی هەر لە چوارچێوەی ئێرانناسییەوە زانیوە و لەو بارەیەوە زۆر کاری کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە دیدگاکانی ئەو، بۆ نموونە وتارەکەی لە بارەی گۆران بووەتە مایەی بەلاڕێبردنی ڕاستییە مێژووییەکان و بناخەدانانی دیوارێکی خواروخێچ، کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت کەم تا زۆر کاریگەرییەکەی هەر ماوە. ئەنجامگیرییەکانی ئەم توێژینەوەیە نیشان دەدەن، کە دیدگای مینۆرسکی لەبارەی کوردنەبوونی گۆرانەکان و هاتنیان لە گەیلانەوە بۆ کوردستان، تێڕوانینێکی هەڵە و نادروستە و گۆران بەشێکە لە نەتەوەی کورد و لەگەڵ تیرە و تایفەکانی دیکەی کورد لە کوردستاندا ژیاوە.

**سەرچاوەکان:**

آزادپور، ناصر، مقدمه- نک: مستوره اردالن آکوپف، گ.ب و حصارف، م.ا)١٣٧٦(. کردان گوران و مسئله کرد در ترکیه. ترجمه سیروس ایزدی، تهران: هیرمند. ابن اثیر، عزالدین علی )١٩٧٩(. الکامل فی التاریخ. بیروت: دارصادر. همو)١٤١٤(. اللباب فی تهذیب األنساب. بیروت:دارصادر. ابن خردادبه)١٩٩٢(.عبید هللا ، المسالک و الممالک. بیروت: دار صادر. ابن فضلهللا عمری، احمد)٢٠٠٥(. مسالک األبصار في ممالک األمصار . ابوظبی: المجمع الثقافی. ابن فقیه، احمد )١٤١٦(.البلدان. بیروت: عالم الکتب . ابوعلی مسکویه)١٣٧٩(. تجارب االمم. به کوشش ابوالقاسم امامی، تهران: سروش ادموندز، سیسیل جان)١٣٦٧(. کردها، ترکها، عربها. ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: روزبهان. ٢١ همو، مینورسکی، والدیمیر، بارون دوبد)١٣٦٢(. دو سفرنامه درباره لرستان به انضمام رساله لرستان و لرها. ترجمه سکندر امان اللهی و لیلی بختیار، تهران: بابک. ایگلتون، ویلیام)٢٠٠٧(. العشائر الکردیه. ترجمه حسین جاف، اربیل: ئاراس. بایزیدی، محمود)١٣٦٩( .آداب و رسوم کردان . ترجمه عزیز محمدپور، تهران: مؤلف. بدلیسی، شرف خان)١٣٤٣(. شرفنامه. تهران: علمی. برویین سن، مارتین

وان)۱۳۸۳(. جامعه شناسی مردم کرد)آغا، شیخ و دولت(. ترجمه ابراهیم یونسی، تهران:پانیذ. بیات، کاوه)۱۳۹٤(. مینورسکی دیپلمات. جهان کتاب، ش ،۳۱۹ .۲۳-۲٤ پرچمی، محب هللا)۱۳۷۱(. شعر و ادب گیالن. رشد آموزش زبان و ادب فارسی، شماره ۲۹ و ۳۰ .تراجم أعیان المدینة المنوره فیالقرن ۱۲ الهجری)۱٤۲۹(. بیروت : مکتبة الهالل . .تحفه مظفریه.)۲۰۰٦(، به کوشش اسکارمان، ترجمه هیمن مکریانی، هه ولیر: ئاراس. تقیزاده،حسن)۱۳٤۸(. یادنامه ایرانی مینورسکی. به کوشش ایرج افشار و مجتبی مینویی، تهران: دانشگاه تهران جوادی، حسن)۱۳۹۹(. خاطرات من از والدیمیر مینورسکی. بخارا، ش ،۱۳۸ .۷۸-٦۱ حسینی زبیدی، محمد مرتضی)۱٤۱٤(. تاج العروس من جواهر القاموس. بیروت: دارالفکر. حمدان، عاصم)۱٤۱۲(. المدینة المنورة بین األدب و التاریخ. مدینه: نادی المدینة المنورة االدبی. حمدهللا مستوفی)۱۳۳٦(. نزهة القلوب. به کوشش محمد دبیر سیاقی، تهران:طهوری. همو)۱۳۳۹(. تاریخ گزیده. به اهتمام عبدالحسین نوایی، تهران: امیر کبیر. خانای قبادی)بیتا(. خسرو و شیرین. به کوشش صدیق صفیزاده، تهران: حیدری. خسرو اردالن)۱۳٥٦(. لب تواریخ. تهران:کانون خانوادگی اردالن. دبیرسیاقی، محمد)۱۳٤٦(. مرگ مینورسکی. دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران۱۴،) ٥ و ٦(، .٦۹۱-٦۹۳ .دفتری برای ایران :نامههای فارسی به والدیمیر مینورسکی)۱۳۹۸(. بهکوشش گودرز رشتیانی، تهران :محمود افشار و سخن. .دیوان َگوره)۱۳۸۷(. به کوشش محمد حسینی، تهران: مؤلف. رابینو، یاسنت لویی)۱۳۸۳(. مازندران و استر آباد.تهران: علمی و فرهنگی . رسائل إخوان الصفاء و ّخالن الوفاء)۱٤۱۲(، بیروت: داراالسالمیه. رشتیانی، گودرز)۱۳۹٤(. رهاورد مینورسکی. تهران: هرمس. همو)۱۳۹٥(. رویکرد و روایت والدیمیر مینورسکی از تحول و تکامل جامعة ایرانی. تحقیقات تاریخ اجتماعی، ٦)۲(، -۱۱۱ .۱۲۹ همو)۱۳۹۹(. والدیمیر مینورسکی و جهان ایران شناسی.معرفی دفتری برای ایران، تاریخ روابط خارجی، ۲۱)۸٤(، .۱۳۹-۱٥٥ ۲۲ رشیدالدین فضل ّللا)۱۳۷۳(. جامعالتواریخ. به کوشش محمد روشن و مصطفی موسوی، تهران:البرز. رضوی، علی)۱۳٤٥(. درگذشت مینورسکی. آریانا، ش ،۲۶۵ .۳٤۱-۳٤٤ رفاعی، عبدالجبار)۱٤۲۷(. معجم ما کتب فی الحج و الزیارة و المعالم المشرفة فی الحجاز. تهران: مشعر روزنامه مجلس)۲۱ شعبان ۱۳۲۹(، ۳) ۱٤٥(، .۳ ریچ، کالودیوس جیمز)۱۳۷۱(. گهشتی ریچ بو کوردستان. ترجمه محمد حمه باقی، تبریز: بینا. سخاوی، محمد)۱٤۱۲(. الضوء الالمع ألهل القرن التاسع. بیروت: دار مکتبة الحیاة. سعیدی، مدرس)۱٤۰۱( .روشنفکری ُکرد و لزوم رهایی از میراث شرقشناسی درباره گوران. ماهنامه تفکر انتقادی، ۲)۱٦(، ٥۹-٥٦ سمرقندی، عبدالرزاق)۱۳۸۳(.مطلع سعدین و مجمع بحرین. به کوشش عبدالحسین نوایی، تهران:پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی. سمعانی، عبدالکریم)۱۹٦۲(. االنساب. تحقیق عبدالرحمن یمانی، حیدرآباد: دائرۀ المعارف العثمانیه. سنجابی، علیاکبر)۱۳۸۰(. ایل سنجابی و مجاهدات ملی ایران. به کوشش کریم سنجابی، تهران: شیرازه. سلطانی، انور)۲۰۰٦(. مینورسکی و کورد. اربیل: موکریانی. سیاح، محمدعلی)۱۳٥٦(. خاطرات.به کوشش حمید سیاح،

تهران: امیرکبیر. شامی، نظام الدین)١٣٦٣(. شرفنامه. به کوشش پناهی سمنانی، تهران: بامداد. شرف الدین علی یزدی)١٣٨٧(. ظفرنامه. به کوشش سعید میر محمد صادق و عبدالحسین نوایی، تهران: کتابخانه مجلس شورای اسالمی. شعرانی، ابوالحسن)١٣٨٦(. پژوهش های قرآنی . قم: بوستان کتاب. شیروانی)١٣١٥(، زینالعابدین. بستان السیاحه. تهران: سنایی. صادقی، علی اشرف)١٣٨٥(. چند فهلوی. زبانشناسی ، ٢١)١ و ٢(، .٦٠-٥٦ ٣٣ صدیق توفیق، زرار)٢٠٠٨(. چه ند لیکولینه وه یه ک ده رباره ی میژووی کورد له سه ده کانی ناوه راستدا. هه ولیر:ئاکادیمیای کوردی. طارق محمد] تاریق محەمەد[)٢٠٠٨(. والدیمیر مینورسکی. ترجمه ئازاد عبید صالح، اربیل: وزارت روشنبیری. طبری)١٣٥٦(، محمد بن جریر. ترجمه تفسیر طبری. تهران: توس. عبدی، شاهو)١٤٠١(.گاهی به مقاله گوران نوشته مینورسکی.ماهنامه تفکر انتقادی، .٦٠-٩٨ ،)١٦(٢ غزالی، محمد )د.تا(. إحیاء علوم الدین.بیروت: دار الکتاب العربی. فاطمی، ساسان)١٣٧٨(. بررسی دو آواز مازندرانی، بحثی درباره وزن فهلویات و اشعار غیرفارسی در آوازهای محلی. فصلنامه هنر، شماره ،٤٢ .١٤٦-١٦٨ ٢٣ فواد حمه خورشید)١٣٨٢(. پراکندگی جغرافیایی لهجههای زبان کردی، فرهنگ کردستان. ٥) ١٦ و ١٧(، .١٢٤-١٤٨ .فهرست تفصیلی گنجینه پژوهشی مینورسکی.)١٣٩٤(، به کوشش گودرز رشتیانی و ناهید عبدالتاجدینی، تهران، کتابخانه مجلس. قلقشندی، احمد)د.تا( . صبح االعشی فی صناعۀ االنشاء. بیروت: دارالکتب العلمیه. کسروی، احمد )٢٠١٦( .زندگی و زمانه احمد کسروی . به کوشش محمد امینی ، لس آنجلس: شرکت کتاب. النگ، دیوید مارشال )١٣٨٨(. والدیمیر فدورویچ مینورسکی. جهان کتاب، ش ٢٤١ و ٢٤٢ و .٢٤٣ لوکوک، پی یر)١٣٨٢(.کتیبههای هخامنشی. ترجمه نازیال خلخالی، تهران: فرزان روز. .مجمل التواریخ و القصص.)١٣١٨( تصحیح ملک الشعراء بهار، تهران: بینا. مستوره اردالن)١٣٣٢(. تاریخ اردالن. تصحیح ناصرآزاد پور، سنندج : بهرامی. مسعودی، ابوالحسن علی)٢٠٠٥(.مروج الذهب. به کوشش کمال حسن مرعی بیروت: مکتبة العصریه. همو)١٨٩٣(. التنبیه و االشراف. الیدن: بریل. مک داول، دیوید)١٣٨٠(. تاریخ معاصر کرد. ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: پانیذ. منشی، اسکندربیگ)١٣٧٧(. عالم آرای عباسی. به کوشش محمد اسماعیل رضوانی، تهران: دنیای کتاب. مینورسکی، و)١٣٧٩(. نامهای جغرافیایی و ریشه های تاریخی آنها در آتروپاتن( ماد). ترجمه رقیه بهزادی، تهران:پژوهنده. همو)١٣٤٥(. فرمانروایی و قلمرو دیلمیان. ترجمه جهانگیر قائم مقامی، بررسی های تاریخی١، )١ و ٢(، .١٤٠-١٦٢ همو)١٣٣٣( .سخنرانی. دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران، ٢)١(، .٤٢-٤٨ همو)١٣٨١(، کردها نوادگان مادها، ترجمه جالل جاللیزاده، تهران: ژیار. مینویی، مجتبی)١٣٤٨(. یادنامه ایرانی مینورسکی. به کوشش ایرج افشار و مجتبی مینویی، تهران: دانشگاه تهران .نامه سرانجام.)٢٠٠٧(، به کوشش طیب طاهری، اربیل: آراس. نقشبندی، شهرام، )١٣٩٩(، ناسودهشدگي انفجاریهاي لثوي در هورامي گونة پاوه، جستارهای زبانی١١،)١(، ٨١ .١١٠ نوری نژاد ، سمیه)١٣٩٣(.بت گوران ، معبد هندوها در بندرعباس. جلوه هنر٦،)١٢(،

.۱۹-۳۲ نیکیتین، واسیلی)۱۳۷۸(. کرد و کردستان. ترجمه محمد قاضی، تهران: درایت. وقایع نگار کردستانی، علی اکبر)۱۳۸۸(. بدایع اللغه. تهران: توکلی. هورامانی، محمدامین)۱۹۸٤(. کاکه یی. بغداد: الحوادث. .یادنامه ایرانی مینورسکی.(۱۳٤۸)، به کوشش ایرج افشار و مجتبی مینویی، تهران: دانشگاه تهران. ٢٤ یاقوت حموی)۱۹۷۹(. معجم البلدان. بیروت: دار احیاءالتراث العربی. Asatrian,Garnik Prolegomena to the Study of the Kurds. Iran and the Caucausus, .(۲۰۰۹) Note on The Kûrdish Language. .(۱۸۵۱) Edwards,Bela B . ۵۷-۱ .pp ,۱۳ Brill, N .(۱۸۵۳) Layard, Austen H ,۲ .Journal of the American Oriental Society, Vol Discoveries among the ruins of Nineveh and Babylon, with travel in Armenia, .(۱۹۹۳) Kurdistan and Desert, G. P. Putnam, New York. Leezenberg, Michiel Gorani Influence on Central Kurdish: Substratum or Prestige Borrowing?. Amsterdam, Institute for Logic, Language and Computation, University of A .(۱۹۵۸) .MacCarus, E.N .۰۳-۹۳-Amsterdam, ILLC Prepublication Series X Kurdish Grammar: Descriptive Analysis of The Kurdish of Sulaimanya, Iraq. The.(۱۹٦٦) .New York: American Council of Learned Societies. Mackenzie,D.N Dialect of awroman(H□wrāmān-i Luhōn): Grammatical Scetch, Texsts,and .Vocabulary. København. Kommissionær: Ejnar Munksgaard. Mackenzie. D.N ۳ Iranica,Avroman,vol,(۲۰۰۲) .Mackenzie. D.N ۱۱ Iranica ‹Gurani,vol,(۲۰۰۲) Ahl-I Hakk", in First The Encyclopaedia" .(۱۹۳۸) ,Minorsky, Vladimir Fedorovich The Guran", Bulletin of the" .(۱۹٤۳) of Islam. Minorsky, Vladimir Fedorovich Rieu, .۱۰۳ –۷۵ .PP ,۱۹٤٦–,School of Oriental and African Studies, Volume, XI Catalogue of the Persian Manuscripts in the British Museum. .(۱۸۸۱) Charles Grammer of the Kurmanji or Kurdish .(۱۹۱۳) Vol. II, London, Soane, E B ,Language. London

*ئەم وتارە بە زمانی فارسی لە گۆڤاری ‹تاریخ و تمدن اسلامی› ساڵی ۹، ژمارە ٤٤ی پایزی ۱٤۰۲ بڵاو کراوەتەوە

# سێنتامۆڕف زاراوەییێکی نوێی بواری زمانەوانی

پ.د. وریا عومەر ئەمین

**مۆرفیم گەلێ جۆری هەیە و لە چەند ڕوویێکەوە دابەش دەکرێت :**

١ – مۆرفیم (مۆرفۆلۆجی) یە یا (سینتاکسی).

٢ – مۆرفیم (بەند) ە یا (ئازاد)

٣ – مۆرفیم (ڕەگ) ە یا (لکاو)

٤ – مۆرفیمی (هۆمۆفۆن)

٥ – مۆرفیمی سفر.

٦ – مۆرفیمی بەتاڵ... هتد.

لە زمانی کوردیدا جۆرە مۆرفیمێکی هاودەنگی فرەئەرک هەیە ، ناوی لە بواری زمانەوانیدا نەهاتووە. من زاراوەی (سێنتامۆرف) م بۆ داڕشتووە Syntamorph. چەند نموونەیێکم لێ لە زمانی کوردیدا دەستنیشان کردووە. ئەم دۆزینەوەیەم بۆ دەزگای Linguistic Inquiry نارد بۆ تۆمارکردنی لە لیستی دۆزینەوەکانی بواری زمانەوانی.

پاشگری (– ەوە) نموونەیێکی ئەم جۆرە مۆرفیمەیە..

–)ەوە) مۆرفیمێکی هۆمۆفۆنی فرەئەرکە، لە ئاستی (مۆرفۆلۆجی) و (سینتاکسی) و (مۆرفۆسینتاکسی) دا دەردەکەوێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکی جیاجیا.

**یەکەم : لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا:**

١ – دەچێتە سەر هەندێ چاوگ بۆ پێکهێنانی وشەی تر ، وەک:

خواردن – خواردنەوە

کردن – کردنەوە

پەڕین – پەڕینەوە

دزین – ەوە

خوێندن – ەوە

ڕەنگ دان – ەوە

٢ – دەچێتە سەر چەند چاوگێکی بێ واتا و واتاداری دەکات، وەک:

بوران – ەوە

توان – ەوە

بووژان - ەوە

دۆزین – ەوە

یەکێ لە خەسڵەتەکانی وشەی زمانی کوردی ئەوەیە (هێز) دەکەوێتە سەر دوا برگەوە. کە مۆرفیمێکی وشەدارێژی دەچێتە سەر ، برگەیێک زیاد دەکات و هێزی وشەکە بۆخۆی رادەکێشێ..

٣ - دەچێتە سەر هەندێ ناوی چەمکشوێن بۆ دارشتنی وشەی تر.

)ماڵ) دەبێتە (ماڵەوە) واتای (خێزان) دەگەیێنێ.

ماڵەوەم نەخۆشە دەبێ بیبەمە لای بزیشک

سەر – سەرەوە

خوار – خوارەوە

پێش – پێشەوە

دوا – دواوە

دەر - دەرەوە

ژوور - ژوورەوە

**دووەم : لە ئاستی سینتاکسیدا:**

نیشانەی دۆخی Ablative ە.

١ –دەچێتە سەر گرێی پێشبەندیی (لە) وەک نیشانەی دۆخی (لێیەوە) یی Ablative

لە هەولێرەوە هاتووم

لە ساڵی هەزار و نۆسەد و شەستەوە تۆم نەدیوە.

٤ – نیشانەی دۆخی ئامێرییە Instrumental

بە سوپاسەوە – بە شانازییەوە

بە دیوارەوە هەڵواسراوە.

بە داخەوە زوو رۆیشت.

بە خاو و خێزانەوە هاتوون.

پێکەوە دەرۆین.

بە دەستی بە دیارییەوە هات.

٥ - دەچێتە سەر (كار) بە واتای (دیسان) و دووبارکردنەوە ٠
نووسینەکەم بەدڵ نەبوو ، خۆم نووسیمەوە.
کە (- ەوە) دەچێتە سەر ئەو کارانەی بە (- ەوە) داڕێژڕاون ، دوو (ەوە) دەکەونە پاڵ یەک. وەک لە :
خوێندن – ەوە – ەوە / بەدەم خوێندنەوەوە نانمان دەخوارد.
خواردن – ەوە – ەوە . / بەدەم خواردنەوەوە دەمانخوێند.
دوورین – ەوە – ەوە / بەدەم دوورینەوەوە گۆرانییان دەوت.
لە هەندێ باردا کە دوو ( ەوە) دەگەن بە یەک لەناو یەکدا دەتوێنەوە و ئەوەکەی دووبارەکردنەوە بە وشەی (دیسان) جێگیر دەکرێ ، وەک لە:
بوورایەوە :
دوێنێ بووڕایەوە ، ئیمڕۆش دیسان بووڕایەوە.

***مۆرفیمی سیفر.**

دوا بە دوای بڵاوکردنەوەی بابەتی (سێنتامۆرف)، چەند هاوڕێیەکی زمانەوانی بەڕێزم پەیوەندییان پێوەکردم و ئەم تێبینییەشیان خستەڕوو :
)لەو باسەتان کە بە ناونیشانی (سێنتامۆرف)ە ناوی زاراوەی(مۆرفیمی سفر) دەهێنن و ئەوەش دەڵێن کە ( پێش چەند ساڵێ لە کۆڕێکدا مامۆستایەکی زمانی کوردی ( ؟ ) وای خستە ڕوو کە (ئەو) دانەر و داڕێژی ئەم زاراوەیەیە(.
ئایا ئەمە ڕاستە ؟ چی لەم بارەیەوە دەڵێن ؟.
بەڵێ ئەمەم لە زۆر کەس بیستووە و زۆربەی زمانەوان و مامۆستایانی بەشە کوردییەکان بەمە دەزانن. نازانم چی ئەو مامۆستایەی هێناوەتە سەر ئەم بۆچوونە.
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە بۆ بەڕێزتان و بۆ ئەو مامۆستایەی کە دەبێ ڕوونکردنەوەییێک لەم بارەیەوە بڵاوکاتەوە، زۆر بە کورتی مۆرفیمی سیفر لە ڕووی مێژووییەوە پێدەناسێنم:
مۆرفیمی سفر Zero Morpheme کە بە Null Morpheme یش ناوبراوە ، زاراوەیێکی زۆر باوی ڕێبازی (بنیاتی)ی بلوومفیلدییە structuralism . لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لە لایەن زمانەوانی ئەمەریکی (لیۆنارد بلوومفیلد ١٨٨٧ – ١٩٤٩) داڕێژراوە بۆ ئەو مۆرفیمانەی دەنگیان هەیە و ڕەنگیان نییە.

تیۆریی مۆرفیمی سفر بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ ، تا سەرهەڵدانی ڕێبازی Generative Grammar ی چۆمسکی لە کۆتاییی پەنجاکاندا، بواری زمانەوانیی داگیرکردبوو. لە کێشەدارترین خاڵەکانی ڕێبازی (بنیاتی) بوو.

یێکێکە لە کلیل و ڕێپاککەرەوەکان بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی (گوێزانەوە) و بە سەری دەزووی پەیوەندیی نێوان (بنج Deep Structure) و (سیما Surface Structure ) دەژمێردرێ. چۆتە میتالانگویجی ڕێبازی چۆمسکی. ڕۆڵی گرنگی هەیە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی داڕشتە مۆڕفۆفۆنیمی و مۆڕفۆسینتاکسییەکان لە زمانە پۆلۆسینسیتییەکاندا.

**پێناسەی مۆڕفیمی سیفر:**

مۆڕفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، لە فۆنیمێ یا زیاتر پێکدێت سێ ڕووی هەیە کە ئەمانەن:

١ – قاڵبێکی فیزیاوی – فۆنیمەکانییەتی.

٢ – واتایەک.

٣ – ڕۆڵێک لە ڕێزماندا.

بۆ نموونە وشەی (دەچوویت) لە ڕستەی ( تۆ دەچوویت) لەم چوار مۆڕفیمانە پێکهاتووە:

دە : ئامرازی بەردەوامی.

چ : ڕەگی کاری لە (چوون) ەوە وەرگیراو.

وو : نیشانەی کاتی ڕابردوو .

یت ؛ ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک.

وشەی (دەچوو) لە ڕستەی (ئەو دەچوو) لەم مۆڕفیمانە پێکهاتووە:

دە : ئامرازی بەردەوامی.

چ : ڕەگی کاری لە (چوون) ەوە وەرگیراو.

وو : نیشانەی کاتی ڕابردوو .

- : ڕاناوی لکاو.

ڕاناوە لکاوەکە هی کەسی سێیەمی تاکە. هیچ نیشانەییێکی بینراوی نییە کەچی واتا و ڕۆڵی هەیە. بۆ ئەم جۆرە مۆڕفیمە بلوومفید زاراوەی Zero Morpheme ی داناوە.

***بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی مۆڕفیمی سیفرەوە و پێگەی لە تیۆرییە زمانەوانییەکاندا ، سەیری ئەم باسانەم بکەن:**

١ – مردنی وشە – گۆڤاری کاروان . ئەمینداریێتیی گشتی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان. هەولێر ژمارە (٤٥) ساڵی ١٩٨٦ ، ل ٨ – ١٤.

٢ – لێکۆڵینەوەییێکی مۆڕفۆفۆنیمی – گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق – دەستەی کورد. بەغداد . ژمارە (٢٩ و ٣٠) ساڵی ٢٠٠٢ ، ل ٢٩١ – ٢٩٧.

٣ – نیشانەکانی کات لە زمانی کوردیدا – گۆڤاری کاروان . ئەمینداریێتیی گشتی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان. هەولێر ژمارە (٩٢) ساڵی ١٩٩٢ ، ل ٨٨ – ٩٢.

٤ – ئاسۆیەکی تری زمانەوانی – دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤.

٥ – لە ڕووەکانی ڕێبازی گوێزانەوە – گۆڤاری ئاکادیمی، ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٥

# تێڕامانێك لەڕەهەندەكانی زمان و ئایین و كەلتوور

## (پرسی ناسنامەی نەتەوەیی لای كوردانی دایاسپۆرا)

د. ئیبراهیم سالْح

چەمکی ناسنامە چەمکیکی ئاڵۆز و فرەڕەهەند و پێکداچووە و ڕەگەکانی بە کێڵگەکانی فەلسەفە و مێژوو و سیاسەت و کۆمەڵناسیدا ڕۆدەچێت، ئەمە جگە لەوەی ڕەهەندەکانی زمان و ئایین و کولتوور و ئایدۆلۆژیا تێیدا پێکەوە کارلێک دەکەن. ئەمەش چەمکی ناسنامە دەخاتە بەردەم هاوکێشەیەکی هەمیشە گۆڕاوەوە، کە زۆرجار خۆی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوەو ڕەهەندەکانی لە فۆرمی تازەدا ڕێکدەخاتەوە. دیارە ئەم ڕەهەندانە بە وێنەی ئەو هێڵە بەیەک تەریبانە نین، کە هەرگیز بەیەک نەگەن و کارلێک و لێکئاڵان و پێکەوە کارکردنیان نەبێت، بەڵکو زیاتر بە کۆمەڵێک بازنەی هاوچەق دەچن، کە لە دووری جیاوازەوە بە دەوری مرۆڤەکەدا دەسوڕێنەوەو هەریەکێکیان هێندەی دووری لە چەقەوە لە فیکرو سیما و هەڵسوکەوتی کەسەکەدا خۆیان نمایش دەکەنەوە. ڕەنگە کاروانی ژیان لە پێناسەیەکیدا هەوڵەکانی دۆزینەوە و گەورەکردن و کارلێکردن و جێگۆڕکێ پێکردن یا تەنانەت سڕینەوەی هەندێک لەو بازنانە بێت. لە ئامێزی خۆڕسک و سنورداری دایکەوە لە خێزاندا بۆ ئاسمانە خۆکردە گشتییەکەی هەموو مرۆڤایەتی لە پانایی زەمیندا(١). ئەمەش سیفەتی دینامیکی و هەمیشە گۆڕان دەکاتە خەسڵەتی دیاری ناسنامەی مرۆڤەکان.

لەوانەیە هەندێک لەم بازنە هاوچەقانە بەتەنها موڵکی تاقە ناسنامە یا نەتەوەیەک نەبن، بەڵکو پێکهێنەرێکی پڕژاوی نێوان کۆمەڵێک نەتەوە و کەسانی جیاواز بن و هۆکاری مێژوویی یا واقیعی و هەنووکەیی ئەو خەسڵەتە هاوبەشەی پێ بەخشیبن. ئەو بازنانەی پرسە مرۆییە قووڵەکان و بابەتە وجوودییە پانەکان لەخۆ دەگرن زیاتر دەتوانن سنوری تاکە کەس یا نەتەوەیەک ببڕن و ئەو بەرگی هاوبەش بوونە بپۆشن. لەوانەیە هەر ئەو چەمک و تێزە فیکری و دنیابینیانەی لە هەناوی ئەم بازنانەوە دەخولقێن، ببنە هەوێنی پێکەوە ژیان و هاوبەشی دۆزینەوەو ئەنجامدانی کارە گەورە شارستانییەکان. بۆیە ڕەنگە ئاسان نەبێت لە ناسنامەیەکدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕەهەندی تاقانە بەدی دەکرێت(٢).

ئەم نووسینە لەسەر پرسی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەوەستێت، بەڵام لە زەمینە و کولتوور و سەردەمێکی جیاواز و شلۆقدا، کە ڕەنگە زەقترین خەسڵەتی، ئەو گۆڕانکارییە خێراو بەردەوامانە بێت، کە مرۆڤەکان بەخۆیانەوە کێش دەکەن و تووشی حاڵەتێکی مۆلەقیان دەکەن، ناسنامەی کوردی لە زەمینەیەکی دوور و جیا لە کوردستان، لە ناو کەلتوور و کۆمەڵگەیەک، کە سەردەمانێکی باشە ئەم فیکر و

بابەتانەی هەر هیچ نەبێت لە ڕووی تیۆرییەوە تێپەڕاندووە و شانازی بە قۆناغی دەوڵەت و پۆست ناسیونالیزم و سەردەمی نوێگەرییەوە دەکات. پرسی نەتەوەیی لای کەمینەو کەسانێک، کە تا ئێستاش برینەکانی زوڵمی نەتەوەیی و نەبوونی ئاڵا و دەوڵەتێکی دانپێدانراو و دیارنەبوون لەسەر نەخشەی جیهانی، خوێنی لێ دەچۆڕێت و بەردەوام لێی بۆتە گرێیەکی دەروونی چارەسەرنەکراو. پرسی ناسنامەی نەتەوەیی لە هەناوی ئازارەکانی غوربەتتدا، لە پەراوێزی هەژموونی بێ ئامانی کولتوورو ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا، کە وەک مەنجەڵی سەر ئاگر شارستانی و ئایین و ڕەنگ و کولتووره کۆمەڵایەتییەکان لە خۆیدا دەتوێنێتەوە، کولتوورێک لە ڕێی شەیپوری جیهانگیری و نوێگەری و کەناڵە ئاسمانییەکان و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و میدیا زەبەلاحەکانیەوە تەماع و هەڕەشەی هەموو جیهانی هەیە و زۆر دوور لە سنوورەکانی خۆی ئەم شەڕانە و چەندین شەڕی تریش دەکەن. داخۆ چەندێک لەو پەراوێزەداو لە میانەی پلان و پرۆژەکانی هاوژیانی و ئینتیگرەیشندا بوار بۆ هەناسەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و ناسنامە جیاوازەکانی تر دەکاتەوە.

ڕوویەکی دیکەی ئەم بابەتە دیوی ناوەوەی ئەو کەمینە کوردییە، کە بە وڵاتانی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، کە ڕەنگە یەکێک لە خەمە هەرەسەرەکییەکانی سەرکەوتنی پرۆژەی کۆچکردنەکەی و تۆمارکردنی چیرۆکێکی سەرکەوتنی وا بێت، قەناعەت بکات قەرەبووی هەموو ئەو ماندووبوون و غوربەت و وڵات جێهێشتنەی بۆ کردۆتەوە، ئەویش بە جێبوونەوەو جێگیربوون و ئاسایی بوونەوەی ژیانی لەو وڵاتەی کۆچی بۆ کردووە.

چیرۆکی سەرکەوتن لای کۆچبەران مەسەلەیەکی گەورەیە. سەرکەوتن لە بوارەکانی خوێندن، بازرگانی و سەرمایەگوزاری، سیاسەت و کاروبارە دەوڵەتییەکان تەحەددا و خەمێکی گەورەیە. لەم لێشاوی کۆچەدا و بەراورد بەو بارودۆخە زانستی و کولتووری و ئیداری و تەنانەت سروشتییەش، کە کۆچبەرانی لێوە هاتوون، ڕەنگە لە هەندێک بارودۆخدا و لای هەندێک کەس وەک مەحاڵ و خەونێکی بەدی نەهاتوو وابێت. دوور نییە لە هەندێک باردا کۆچبەر تووشی خەمۆکی و کەنارکەوتن و ونبوون ببێت، یا گوزەرانی بکەوێتە کارێکەوە، کە هەرگیز لەوڵاتی خۆی پێی ڕازی نەبووە و لەوانەیە لەگەڵ کەسایەتی و کولتوورو ئاینیشیدا یەک نەگرێتەوە، یان ڕەنگە سەرکەشی بکات و سەری لە چەندین کاری نایاسایی و زیندانی و تەنانەت خۆکوشتنیشەوە دەربچێت

و ببێتە جێی گاڵتەجاڕی و تانەوتەشەری میدیا و ڕەگەزپەرستانی کۆمەڵگەکەی و زۆر لە قەوارەی خۆشی مەسەلەکەی لێ گەورەتر بکرێت. کۆچبەر بە هەر حاڵێک بووە، ئەگەر بە خەیاڵ و درۆینەش بێت دەیەوێت پاڵەوانی ئەو چیرۆکە بێت، تەنانەت ئەگەر خۆشی قەناعەتی پێی نەبێت، لە سەردان و بینینەوەی کەسوکارو هاوڕێیانی وڵاتی دایکیدا ئاوی ڕووی پێ بکڕێتەوەو بیسەلمێنێت بڕیاری وڵات جێهێشتنی دروست و عاقڵانە بووەو تەمەن و ماندووبوونەکەی بەزایە نەچووە، ئەگەر کەسێک دەرگاکانی لەسەر نەکرانەوەو بەخت یاوەری نەبوو، دوور نییە لە ڕێگەی سەرکەوتن و جیاوازبوونی منداڵەکانییەوە بیەوێت چیرۆکەکەی خۆی بنووسێتەوە. ڕەهەندێکی دیکەی ئەم بوارە نەبوونی چاودێری و سەرپەرشتی و خەمساردی وڵاتانی دایکە لە بەرامبەر ئەم حاڵەتانەدا، ئەگەرچی هەندێک لە دەوڵەتان وەزارەت و سەفارەت و دامەزراوەی تایبەتیان هەیە (کە کورد لەمەشدا لەدواوەیەو شتێکی بەرچاوی نییە)، بەڵام لەئاست گەورەیی مەسەلەکەدا نین و هەوڵەکانیان ئەگەر بشبێت کەم و بچوکە، تەنانەت بەدەگمەن نەبێت لەم بوارەدا توێژینەوەیەکی زانستی باوەڕپێکراو نییە دیدگا و دەرچەیەکی ڕۆشن لەمەڕ ئەم پرسە گرنگ و ئاڵۆسکاوە پێشکەش بکات. پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی لە نێوان ئەم جەنجاڵی و کێشەو بەرەیەدا جاڕێکی دیکە بەری لێ تەسک دەبێتەوەو بایەخدان پێی گرانتر دەوەستێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستبوون و هەوڵدان بۆ تۆخکردنەوەی ڕەگەزە ناسنامەییەکان لای زۆربەی نەوەی یەکەمی کۆچبەران بەهێز و توندە، ئەوان پڕن لە یادگاری و کاریگەری بەو کولتوورەی تێیدا گەورەبوون و ڕۆژانێکی زۆری ژیانیان بەتاڵی و شیرینیەوە تێدا گوزەراندووە، هەست و هۆش و باری دەروونی ژیانی غوربەت یارمەتیدەرێکی باشی ئەم زیندووبوونەوە و پەیوەستبوونەیە، چونکە تاک لەژێر فشاری شۆکی جیاوازییەکانی زمان و ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و سیستمی ئابووری و ئیداری و ستایلی ژیانی نوێ و نوستالۆژیای کولتووری باو و ڕاهاتنەکانی ژیانی وڵاتی دایکدا دەبێت، ئەم نەوەی یەکەمە دووچاری بارودۆخێکی ئاڵۆزی عەقڵی و شڵەژانی دەروونی گەورە دەبنەوە. هەندێکیان تەواو نامۆ دەبن و دەکەونە کەناری کۆمەڵگە نوێیەکەوە و تەنانەت لەپاش تێپەڕینی چەندین ساڵ بەسەر کۆچکردنیاندا توانای گفتوگۆیەکی چەند خولەکیان بە زمانە نوێیەکە نابێت، هەندێکی دیکەشیان بەتایبەتی لەکەم تەمەنەکان دووچاری توانەوەیەکی قووڵ دەبنەوە، مەگەر بەهۆی

ڕەنگی قژ یا پێستیانەوە بناسرێنەوە، کە خەڵکی ئەو وڵاتە نین. نەوەی دووەمی کۆچبەران لەم مەسەلەیەدا تەواو لە باوانیان جیاوازن. ئەوان بە ئاسانی بەربەستەکانی زمان و کولتوورو ڕۆشنبیری وڵاتی خانەخوێ دەبڕن، بەڵکو تێیدا لەدایک دەبن و هەر لە منداڵیەوە دەست و پەنجە لەگەڵ تانوپۆی ستایڵە نوێیەکە (کە بۆ ئەوان نوێ نیە) نەرم دەکەن و زۆر دیاردە و بیرۆکە، کە لای باوانیان نامۆو قبوڵنەکراوە لای ئەوان دەبێتە باوو ئاسایی. جارێکی تر بۆشاییەکانی زمان و کولتوور دەبنەوە لەمپەری لێکحاڵی نەبوون لەگەڵ باوانیاندا و بەربەستە عەقڵی و دەروونییەکان گەورەتر دەکەن. باوان لە حاڵەتی لەم جۆرەدا دەستەوەستان دەبن و هەندێک جاریش کاردانەوەی خراپ و حیساب بۆ نەکراویان لێدەکەوێتەوەو بارودۆخەکە سەختتر دەکەن. هەندێک دیاردەی ئەرێنی ستایڵە نوێیەکە وەک دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و شکۆمەندی مرۆڤەکان و یەکسانی بەردەم یاسا و ڕێزگرتنی کات و بەدەمەوەچوونی بەڵێنەکان و سەرڕاستی و خوێندەواری و پەیڕەوی لە خۆراک دروستی و پاکوخاوێنی و وەرزشی بەردەوام و چەندینی تر، زیاتر دەستوپەلی باوان شل دەکەن و بەڵگە بیانووەکانیان بۆ پەیوەستکردنی نەوەکانیان بە کولتووری خۆیانەوە لاواز دەکەن. لەلایەکی دیکەوە و لە ڕێی سیستمی سەرکەوتوو پلان بۆ داڕێژراوی خوێندنەوە بەهاکانی ئازادی و سەربەخۆبوون و کرانەوە و سەرکەشی و تایبەتمەندی پاراستن دەبنە بەشێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی کەسایەتی نەوە نوێیەکە، ئەمەش ئەوەندەی تر ناحاڵیبوونەکە فراوان دەکات.

ڕەنگە پانتایی جوگرافیایی نەتەوەیی و وڵاتی هاوبەش یەکێک بێت لەپێکهێنەرە جێگیر و سەرەتاییەکانی ناسنامە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، کە ڕەهەندەکانی تر لەناویدا نوێ دەبنەوەو جێگۆڕکێ دەکەن. کاریگەرییەکانی زەمین و ژینگەی سروشتی لەسەر کەسایەتی و بارودۆخی عەقڵی و دەروونی مرۆڤەکان شتێکی بەڵگەنەویستە، لەبەرئەوە تاک لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی وەک کوردستاندا، کە شۆڕشەکانی پیشەسازی و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان تێیدا گەشەیان نەکردووە و ناسنامەی نەتەوەیی لە ژینگەیەکی کشتوکاڵیدا خولقاوە بەشێوەیەکی زۆرتر بەخاک و زەمینەوە پەیوەست بووە، جگە لەوەی بەشێکی باش لە شانازی و جیاوازی کورد لەوانی تر ئەوەبووە، کە لەسەر خاکی کوردستان ژیاوە و شەیدای دیمەنی جوان و ئاوو هەوای پاکی بووە، ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەشی لە ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی ستەمکارانەدا

خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا ئەم ڕاستییەیان زانیوە و هەمیشە چاوێکیان لەوەبووە کورد بەخاک و ژینگەکەی نامۆ بکەن و پارچەیەکی لێ داببڕن و قەوارەکەی بچوکتر بکەنەوەو ناو و زۆر تایبەتمەندی تری کوردی لە شارو شاخ و گوند و ئاواییەکانی بسەننەوە. لەم سۆنگەیەوە، ئەو کچ یا کوڕەی لە کوردستان یا لە وڵاتێکی ئەوروپی لەدایک دەبن وەک یەک نین و هەمان گەورەبوون و پێگەیشتنیان نییە و بەهەمان شێوە ناژین و سیفەتە کەسایەتییەکانیان وەک یەک ناڕسکێن. ئینتیما بۆ شوینی لەدایکبوون و خۆشی و یادگارییەکانی سەردەمی منداڵی و گەورەبوون بە ناخی مرۆڤدا دەچنە خوارەوەو خۆڕسکانە لە زیهن و هەڵسوکەوتەکاندا دەردەکەون. لە دایکبوونی منداڵێکی کورد لەگەڵ منداڵێکی عەرەب لە کوردستان هەمان مانایان نییە، لە کاتێکدا ئەم مانایە لە بەریتانیا ئەوەندە جیاوازی نییە. کوردانی دایاسپۆرا بەم پێناسەیە کوڕانی ئەو کوردستانەن، کە مێژوو خاکی کوردستان بە هەموو تراژیدیا و ململانێ و ئیشکالاتەکانیەوە بەرهەمی هێناون و مەرجە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی لە ناخ و حەزو هەڵسوکەوتیاندا تۆمار کردووە. ئەم ڕەهەندە لای نەوەی دووەمی کۆچبەران لاوازبوونێکی بەرچاوی پێوە دەردەکەوێت، ئەوان لەسەر خاک و زەمینەیەکی تر لەدایک دەبن، لە ناو ژینگە و کۆمەڵگەیەکی تردا گەورە دەبن، کۆمەڵگە نوێیەکان بۆ ئەوان دەبنە جێی یادگارییەکان و هەست و هۆش و خۆشەویستییە سروشتییەکەیان لەوێدا گەشە دەکات. ناساندن و متوربە کردنەوەی خاک و مێژووی کوردستان بە هەست و هۆشیانەوە دەبێتە ئەو تەحەددا ئاڵۆزەی لەم مەسەلەیەدا یەخەی نەوەی یەکەم دەگرێتەوە، کە لەسەرەتاوە کۆچەکەی هەڵبژاردووە. گرنگە بتوانن لەچیرۆکی سەرکەوتنەکاندا جێ بۆ ئەم ڕەهەندەش بکەنەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، زمان و ئایینە. زمانی کوردی جیاکەرەوەی سەرەکی کوردە لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانی دراوسێیدا. زمان لەم ڕوانگەیەدا زیاترە لەوەی تەنها ئامرازێکی خۆناساندن و بیرکردنەوەو کارلێکی ناوخۆیی بێت، بەڵکو دەبێتە پرسێکی کۆمەڵایەتی قووڵ و بە توندی ماناکانی ئینتیماو ناسنامەو کەسایەتی و داهێنان و شانازی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە خۆیدا جێ دەکاتەوە. لێرەوە زمان تەنها کورت نابێتەوە لە کۆمەڵە دەنگ و ڕەمزو دەربڕینێکدا، بەڵکو دەبێتە ئەو دەفرەی هەموو پێکهاتە ویژدانی و تایبەتمەندییە دەروونی و ئیمانییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەخۆ دەگرێت و دەتوانێت

گەشەکردنە زانستی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بەدەنگ و ئاوازەکانی خۆی ڕەنگ بکات. واتە ئەوان لەخۆ دەگرێت و خۆشی گەشە دەکات و نوێ دەبێتەوە(٣)، دەبێتە خەیاڵدانی زیندووی ئەو کۆمەڵگەیە و داینەمۆی بزاوتە ڕۆشنبیرییەکانی، لێرەوەیە ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی کوردستانیان داگیر کردووە بەردەوام و بەوردی چاویان لەسەر جموجۆڵ و تواناکانی زمانی کوردی بووە. یەکێک لەپلانەکانیان بەرتەسککردنەوەو شێواندن و قەدەغەکردنی زمان بووە، هەمیشە لە هەوڵدابوون دەرگای دامەزراوە فێرکاری و میدیاییە بینراوو بیستراوەکانیان بە ڕوودا دابخرێت، تا داهێنان و بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری پێ نەکرێت و نەتوانێت هاوشانی پێشکەوتنە زانستی و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژییەکان خۆی نوێ بکاتەوە، بەمەش لەلایەک دوا دەکەوێت و لەلایەکی دیکەوە ناچار دەبێت زاراوە و چەمکی زمانەکانی تر بەکار بهێنێت و لە کۆتایشدا ڕەهەندێکی گەورەی ناسنامەی نەتەوەیی لاواز دەبێت.

یەکێک لە ئاڵۆزییەکانی بەردەم نەوە نوێیەکانی کوردانی تاراوگە ئەم مەسەلەیەیە، چەندێک باوانیان دەتوانن قەناعەتیان پێ بهێنن، کە فێربوون و شارەزابوون لە زمانی کوردی دایکیان گرنگە و لە ئێستاو ئاییندەیاندا ڕۆڵی گەورە لە ژیانیاندا دەگێڕێت. ئەگەرچی زۆرێک لە توێژینەوەکان بەو سەرەنجامە گەیشتوون، ئەوانەی بە زمانێک زیاتر قسە دەکەن و ئینتیمایان بۆ زیاتر لە کولتوورێک هەیە لە پرۆسەکانی فێربوون و فرسەتەکانی گەشەکردندا خێراتر و بە شانستر دەبن، بەڵام نەوە نوێیەکە لەوە نیگەرانن کە زمانی کوردی لۆکاڵییە، زمانی کەمینەیەکە لەناو کەمینەیەکی تردا، زمانی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیای سەردەم نییە و شان لە شانی زمانە نێونەتەوەییەکانی وەک ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانی نادات و ناتوانێت لە دەرگاکانی گەشەکردنی ژیان و ئایندەیان بدات. زانین و فێربوونی زمانی کوردی لای ئەوان خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی وانیە جێگەی گرنگی پێدانی ناوەندە زانستی و ئابوورییەکان بێت و ئەو تەنگوچەڵەمانەی چاوەڕوان دەکرێت ئەوەندەی پەیوەندی بە بابەتی ترەوە هەیە ئەوەندە پەیوەندی بە فیربوونی زمانی کوردییەوە نییە. فیربوونی خۆڕسکی ئەم نەوەیە بۆ زمانی یەکەمی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین زمانی دایکیان دەکاتە زمانی دووەم. جیاوازی سیستمی دەربڕین و نووسین و پێکهاتەی ئەم دوو زمانە بە تایبەتی لە سەرەتاکانی فێربوونەوە گرانی و جۆرێک لە ئاڵۆسکان و ماندوبوونی دەروونی و زیهنی دروست دەکات. بە تایبەت ئەگەر پرۆسەی فێرکردن و پرۆگرام و ئامانجەکانی

زمانی دایکەکە نەگاتە ئاستی زمانی سەرەکی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین، یا لانی کەم نەگاتە ئاستێک لایەنی دەروونی و عاتیفی و زیهنی فێرخوازان تێر بکات.

لەنێوان نەوە کۆچبەرەکە و نەوە نوێیەکەدا پێچەوانەوە بوونێک هەیە، باوان زۆر بە زەحمەت نەبێت بە سەر زمانە نوێیەکەدا زاڵ نابن و ڕەنگە پاش مانەوەی چەندین ساڵ هەر نەتوانن بە تەواوی هەست و هۆش و سۆزەکانی ناخیان دەرببڕن، نەوە نوێیەکەش بۆ زمانی دایک بەهەمان شێوەن. ئەمە زیانێکی گەورە لە بوونیادی ناسنامەی نەوە نوێیەکە دەدات، چونکە سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوان دوو نەوەکە، زمانی ئاخاوتن و لێک تێگەیشتن تا ئاستێکی ترسناک دەڕمێت، زاراوە و دەربڕینەکان تێکدەشکێن و مانا و کاریگەرییە دەروونی و ویژدانییەکانیان ون دەکەن . خێزان کە ئامێزی گەورە و گرنگی بوونیادنان و پاراستنی ڕەهەندە ناسنامەیی و کولتوورییەکانە ناوەندێیتی و زۆرێک لە تواناکانی لە دەست دەدات.

ڕەهەندی ئایین لە پاڵپشتی زماندا بۆ بوونیادنان و پاراستنی ناسنامە نەتەوەییەکە لە دوو تەوەرەی گرنگدا زەق دەبێتەوە.

یەکەم: ئایین بە قووڵی و بە هێزی دەبێتە ئەو جەوهەرەی کە زمان بەهۆیەوە مانای قووڵی ژیانی بەناسنامەکە ببەخشێت و وای لێ بکات لە ئاست پرسیارە ژیری و ئەخلاقیەکاندا دانەمێنێت. زمان بەتەنها خۆی ناتوانێت هەموو جەستەی ناسنامە پڕ بکاتەوەو وای لێ بکات هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان لەخۆ بگرێت و وەڵامی پرسیارە وجوودی و وەزیفی و چارەنووسسازییە قووڵەکانی زیهنی مرۆڤ بداتەوە، بە تەنها ناتوانێت مرۆڤ حاڵی بکات لە کوێوە هاتووە و بۆ لێرەیە و پاشان بەرەو کوێ دەڕوات. بەتەنها ناتوانێت سیستمی ئەخلاقی و ویژدانی کۆمەڵایەتی پێک بهێنێت و گۆڕانکارییە سلوکییەکان دروست بکات، بەڵکو پێویستی بە قووڵییەکی فەلسەفی هەیە ئەم توانایەی پێ ببەخشێت. ئایین لێرەدا بەنایابی دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت. واتە ئەگەر زمان ببێتە شەکڵی ناسنامەکە ئەوا ئایین دەبێتە جەوهەرەکەی و هەردووک پێکەوە ڕۆڵەکە تەواو دەکەن(٤).

دووەم: ئایین لەبەر کارکردنی بنەڕەتی لەمەڕ ئەو پرسیارو مەبەستە قووڵ و فەلسەفیانەداو لەحاڵەتی تێگەیشتن و پیادەکردنی واقیعی و میانەڕەوانەدا، جۆرێک لە پەیوەستبوون و ئینتیما و بەرگەگرتن بە مرۆڤ دەبەخشێت و لەبری توانەوە یا ڕەتکردنەوەی بەرامبەرە جیاوازەکان، تواناکانی پەیڤین و کارلێکی شارستانیانەی

پێ دەبەخشێت. بەو پێیەی ئایینی ئیسلام پایەیەکی سەرەکی پێکهێنەری کەلتوورو ڕۆشنبیری و مێژوو و ئەدەبیاتی کوردییە، ڕەگەزێکی بەهێزی پێکهێنەری کەسایەتی و سایکۆلۆژی و مەعنەوی نەوەی یەکەمی کۆچبەرانە. تەنانەت ئەگەر پەیوەستی کرداریشیان بەئیسلامەوە نەبێت زۆر زەحمەتە بتوانن لەڕەگە قووڵە فیترەتی و کۆمەڵایەتییەکانی بەتەواوی خۆیان داببڕن و بەتەواوی سەرلەبەری کەلتوورو ڕۆشنبیری وڵاتە خانەخوێکانیان قبوڵ بکەن. بۆیە هەر هەوڵدانێک بۆ ئاشناکردن و گرێدانەوەی نەوە نوێیەکەی کۆچبەران بە ڕەهەندە ئیسلامییەکەی ناسنامەی کوردیەوە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی ناسنامە نەتەوەییەکە دەشکێتەوە. ڕەنگە ئەم ئاشناکردنە بتوانێت دیوارە دەروونییەکەی نێوان هەردوو نەوەی کۆچبەران کون بکات و پانتاییەکی باش لە گفتوگۆی ئەرێنی لە نێوانیاندا بکاتەوە، بەتایبەتی لەو کاتەی بە ڕەهەندی زمان پاڵپشت دەکرێت.

بەدڵنیاییەوە ئەم تێڕامانە سەرەتاییانە لەمەڕ مەسەلەیەکی قووڵ و هەستیاری وەک ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لەلای کوردانی دیاسپۆرا بەس نین. بەڵکو ئەم لە دەرگادانە ببێتە بزوێنەر و کردنەوەی دەروازەی لێکۆڵینەوەی زانستی ورد لەم کێڵگە بە پیتەی زانستدا، وەک وتویانە: ڕێگەی چەند هەزار کیلۆمەتری، هەر بە هەنگاوە سەرەتاییەکان دەست پێدەکات.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(*) غندوور، صبحی: مشکلة فهم «الهویة العربیة».. و خطورة البدائل، https://www.raialyoum.com.

(*) بلحەبیب، رشید: الهویات اللغویة فی المغرب من التعایش الی التصادم، المرکز العربی للابحاث و الدراسات، بیروت، لبنان.

(*) الشربینی، سوهەیر: مرکزیة الغة فی الهویة و الثقافة، البیان، https://www.albayan.co.uk.

(*) ئۆمری، مەسعود: الهویة الکردیة، الحوار المتمدن، https://www.ahewar.org.

* دکتۆرا لە کارگێڕی تەکنەلۆژی و گەشەپێدانی ڕێکخراوەیی.

# گەشەی چەمکەکان و
# کاریگەری لەسەر زماندا

کەمال فاروق

چەمک تێگەیشتنی کەسێکە بەرانبەر شتێکی دیارکراو، چ واتایی بێ وەکو تێگەیشتنی مرۆڤ بەرانبەر دڵسۆزی، نەتەوە، نیشتمان، خەبات، گیانفیدایی، ئازادی، ڕموزن، سەپان، یان کەرەسەیی بێ وەکو شاخ ، قۆچ ، باخ ، پەڕاو ، میوانی ناوەخت ، یان هەر شتێکی تر، کە تێگەیشتنی مرۆڤەکان بە پێی کلتوری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و جوگرافی و مێژوویی و فاکتەرەکانی تری ژیان دەربارەی دەگۆڕێت ، هەروەها بە پێی باری سایکۆلۆجی کەسەکان، لە زمانی کوردیدا وەک هەر زمانێکی تر چەمک ڕێنیشاندەرێکی بەهێزە بۆ تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە یەکتر و هۆکارێکی بەهێزی پەیوەندی و یارمەتیدەری شیکاری دەروونییە بۆ تاکەکان و گەشەکردنی زمان و گفتوگۆیان، چونکە کرۆکی چەمک زیاتر بۆ لایەنی دەروونی تاکە هەر لە دروستبوونی لە ناو سکی دایکەوە تا مردن، هەر قۆناغێکی تەمەن بناغەی خۆی هەیە بۆ چەمکەکان و چۆنێتی گوزارشتکردنیش لەو چەمکە، کە لایەنی دەروونی پێکهێنەرێتی بە زمان دەبێت بەتایبەتی زمانی دایک، چونکە هەستەکان هەوێنی چەمکە، لە زمانی کوردیدا ڕەگوڕیشەی چەمکەکان پەیوەندە هەستەکانی تاک لە دووتوێی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، کە ناو جەرگەی فەرهەنگی کوردی هەست و نەستەکانی تاکە کە لایەنی دەروونی پێکدێنێت، چەمکی دایە ، حەم ، بابە ، ئۆخەیش ، گیان و چەندینی تر هەر لە باوەشی دایکەوە و لە قۆناغی هەستە جوڵە هەر وەکو جان پیاجێ ئاماژەی پێداوە فرچک دەگرێ و دەبێتە بنامای مەعریفی لای تاک و دواتر قۆناغ بە قۆناغ پەرە دەسێنێ و دەگاتە ترۆپک، بە پێی دەوڵەمەندی و هەژاری ژینگە بنەمای چەمکەکانیش درووست دەبێت، بەرکەوتەی منداڵ لە گەڵ دەوروبەری و لە گەڵ تاکەکانی تر بنەمای چەمک پتەو دەکات، کە ئەمانەن :

*ئەو فاکتەرانەی کە بەشداری دروستبوونی چەمکەکان دەکەن، وەکو ئەو ئەزموون و وروژێنەر و هاندەرو پاڵنەرو پێویستییە دەروونیانەی کە یارمەتی منداڵ ئەدەن بۆ جوڵەکردن.

*پەیوەندی ڕاستەوخۆی منداڵ بە ژینگەی سروشتی و ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاوی فێرکردن بۆ تەمەنەکەی .

* ڕەخساندنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری پێویست بۆ گەشەپێدانی چەمکەکان، لێرەدا بە گرینگی دەزانم ئاماژە بە قۆناغەکانی گەشەی مەعریفی بدەم لە چوارچێوەی بیردۆزی گەشەی مەعریفی زانای سویسری جان پیاجی، کە بە پێی ئەم بیردۆزە کرداری فێربوونی زمان و چەمکەکانی پەرەسەندنی مەعریفی لەناو خودی بوونەوەری مرۆیی خۆیدایە، زمانیش بەندە بە مەعریفەوە، چەمکیش لە میانەی پەرەسەندنی مەعریفیەوە بەرهەم

دێت، بۆیە جۆری ژینگە گرنگە بۆ پاڵپشتیکردنی منداڵ بۆ فێربوون و گەشەپێدانی . ئەمەش لە قۆناغە سەرەتایەکانی منداڵیی دەست پێ دەکات ، منداڵ لەوەتەی لە دایکبوونەوە پەرە بە زمانی خۆی دەدات تا کۆتایی قۆناغی منداڵیی بێ ئەوەی پێویستی بە مامۆستا یان وانە بێژێک هەبێت ئەمەش پرۆسەیەکی خۆرسکییانەیە، بۆیە پیاجێjean piaget( ١٩٨٠-١٨٦٩) کە زانایەکی سویسری-فەرەنسییە، بە بیردۆزەکای سەبارەت بە پەرەسەندنی مەعریفی لای منداڵ و قۆناغەکانی دروستبوونی مەعریفە لەوانەش چۆنێتی وەرگرتنی زمان، پیاجی خاوەنی قوتابخانەی بونیادگەرییە لە دەروونزانی. لە بیردۆزەکەی سەبارەت بە گەشەی مەعریفی پێیوایە گەشەکردنی زمان لای منداڵ بەشێکی دانەبڕاوە ، منداڵ لە دەرەوەی پەرەسەندنی مەعریفی خۆی لە بوارەکانی تر فێری زمان نابێت، ئەم پەرەسەندەنە لە ڕێگەی کارلێککردنی لە گەڵ ژینگەی دەوروبەری دەبێت بە تایبەتی دایک و باوک و خوشک و برا لە ڕێگەی چەند قۆناغێکەوە ، کاتێک منداڵ بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێت کارامەییە عەقڵی و زمانەوانیەکانی پێکەوە پەرەدەسێنن ، قۆناغەکانیش کە پیاجێ دیاری کردوون ئەمانەن :

**قۆناغی یەکەم: قۆناغی هەستە جووڵە** sensorimotor stage

منداڵ هەوڵ دەدات لە ڕێگای هەست و جوڵەکانییەوە شت وەربگرێت ، هەر شتێک بەر ئەو هەستانەی دەکەوێت لە گڕووگاڵ و وشە و دروستکردنی نیو ڕستە، ئەگەر سەرنج بدەیتە ئەو موتومورو جوانەنەی، کە بە لانکی منداڵدا هەڵدەواسرێن لە ڕووی شێوە و ڕەنگ و قەبارە و لای لایەی دایک و گۆڕینی جلوبەرگی بۆ خواردنی و لەباوەشگرتنی هەمووی دەبنە بنەما بۆ زمان و چەمکە جیاوازەکانی منداڵ، ئەم قۆناغە پیاجێ دەیکاتە شەش بەشەوە، کە وشەی تێدا درووست دەبێت و بێگومان لە وشەشەوە چەمکی جیاواز چێ دەبێت ... (کاردانەوەی سادە ، کاردانەوە سەرەتایەکان، کاردانەوە لاوەکییەکان، هەماهەنگی کاردانەوەکان، کارلێکە سیانییەکان، هێماهزری پێشوەختە).

لەم قۆناغەدا بناغەی چەمکەکان دادەنرێت، کاتی گریانی منداڵ و ئاشتکردنەوەی بناغەی چەمکێک لای ئەو منداڵە دروست دەبێت، کە بە هاناوە هاتنە کاتێک دایک پێی دەڵێ گیانی من، قوربانت بم، بوومە نەزرت، گیانی دایە، ئەمانە چەمکە سایکۆلۆجیەکانن کاریگەریان لەسەر هەستە کاردانەوەی منداڵ و کەسێتی دەبێت، سەرنجی منداڵ و دایک لە کۆمەڵگەی کوردەواری بدەی زۆر لەم بەرکەوتانەی هەیە و دەبنە بناغە بۆ قۆناغەکانی دواتری ئەویش قۆناغی دووەمە لای جان پیاجێ کە ناوی ناوە قۆناغی پێش کردارە عەقڵیەکان(بیرکردنەوەی وێنەیی)-Preoperational Stage

منداڵ لەم قۆناغەدا (٢ -٧)ساڵان دەست دەکات بە پێشخستنی ئەو کارامە زمانەوانییەی خۆی، کە لە قۆناغی پێشتر دایکوتابوو، هەر لە دەنگ و ڕەنگ و شێوە و قەبارەی مورووە هەڵواسراوەکانی لانکەکەی و لای لایەی دایکی و شتی تر کە باسمانکرد، لەم قۆناغەدا منداڵ بە پێنج ڕەفتاری سەرەکی تێدەپەڕێت کە ئەمانەن:

لاساییکردنەوە: لاساییکردنەوەی ئەو وشانەی دەیانبیستێ لە دایک و باوک و کەسوکاری ناو خێزان و دەرەوەی باخچە و مامۆستاو هاوڕێیانی و چەمکی تازە و بەرجەستەکراو دەبیستێ و دەبینێ وەکو ئافەرین و خۆشەویستی و هاوکاری یەکتر لە یارییەکان و پێکەوە نانخواردن و پاککردنەوەی شوێنی خۆیان و یارمەتی کەسانی تر و گێرانەوەی ڕووداوەکان وەک خۆی و لاسایی کردنەوەی وشەی تازە کە دەیبیستێ، هەروەها بە هێماکردن ڕەفتارێکی تری منداڵە بۆ بەرجەستەکردنی چەمکی نوێ و ڕاستکردنەوە یان زیادکردنی چەمکی نوێ، بەڵام بە هێما وەکو ئاماژەی سەر ڕاوەشاندن و زمان دەرهێنان و کشانەوە بۆ دواوە و هاتنە پێشەوە، لێرەدا منداڵ دەست دەکات بە بەکارهێنانی ئەو توخمانەی دەوروبەری بە شێوەی جیاواز، ئەوجا ناو لە شتە جیاوازەکانی دەوروبەری دەنێت وەکو هی خۆمە، هی تۆیە ، ...تد

وێنە: منداڵ دەست بە پەرەپێدانی کارامەییە ئەبستراکتەکانی دەکات بە شێوەیەکی گەورەتر و وردتر، ئەمەش بە وێنەگرتنی خەیاڵی، منداڵ بەخەیاڵکردن و وێناندنی چەندین شت لە زەینی خۆی و بەستنەوەیان لەگەڵ ناوەکانیان چەمکی جیاواز لای گەڵاڵە دەبێت، چەمکی فڕین و بەرزبوونەوە و پاکبوونەوە و گەیشتنی دەستی بەو دیوی سنوور، بەرەنگاربوونەوەی دێو و درنج و بونەوەری ئەفسانەیی ناو چیرۆکە کوردییەکان ونواندنی پاڵەوانەکان هەمووی چەمکی جیاواز و واتای فراون لای تاک دروست دەکات ، سەرباری وەسفکردنی بێژەیی ڕووداوەکان، کە منداڵ دەست دەکات بە بەکارهێنانی زمان بۆ وەسفکردن و نواندنی ڕووداوەکان و کەسەکان و توخمە جیاوازەکانی دەوروبەری لە گێڕانەوەی بویەرە واقیعی و تێکەڵ بە خەیاڵەکانی خۆی و هاوڕێکانی و هۆنینەوەی چەمکی نوێ .

**قۆناغی سێیەم: قۆناغی کردارە مادییە هەست پێکراوەکان** Ccncrete Operational Stage

ئەم قۆناغە (٧-١٢)ساڵان دەگرێتەوە، خاڵی وەرچەرخانە لە قۆناغەکانی گەشەی مەعریفی، منداڵ عەقڵانی تر دەبێت، توانای پۆلێنکردنی توخمەکانی دەوروبەری و وەسفکردنیان هەیە بەشێوەی گونجاو و تێگەیشتن لە سیفاتە هاوبەشەکانیان. منداڵ لەم

قۆناغەدا لەو چەمکانە تێبگات کە لەبەرچاوێتی و بەرجەستەیە یان مادییەو دیارە، بۆ نموونە بە منداڵ بڵێی ئەگەر لە کانییەک ئاوت خوارد بەردی تێ فڕێ مەدە، ڕەنگە واتای ئەمە نەزانێت، بەڵام ئەگەر بردتە سەر کانییەکە و ئاوتان لێ خواردەوە و لەبەر چاوی بەردێک فڕێ بدرێتە ناو کانییەکە و ئاوەکە لێڵ بێت ئەوجا لە پەندەکە تێدەگات، واتە بۆ زیاترکردنی چەمکە جیاوازەکانی منداڵ دەبێ بەشداری فێربوون بکرێت بە شێوازی کارکردن، منداڵی کورد لەم چەمکانەی پەیوەندن بە سروشتەوە زۆرباش لای بەرجەستە بووە، بەڵام هەمان منداڵ ئەگەر باسی بۆ نەکەی و لەبەرچاوی کارەکەی بۆ نەکەیت لێڵ بوونی ئاو چەمکێکی زەحمەتە، کەواتە بۆ گەشەپێدانی چەمکەکانی ناو زمان پێویستە منداڵ بە ئەزموونی زیاتر و گەڕانی زیاتر بەناو سروشتا گوزەر بکات بۆ ئەوەی زمانێکی دەوڵەمەند و پڕ چەمکی جیاوازی لا دروست ببێت.

**قۆناغی چوارەم : قۆناغی کردارە واتادارەکان**Formal operational stage

ئەم قۆناغە پڕی لە لۆژیک و تێڕوانین و تێڕامانە، منداڵ بە شێوەیەکی فراوانتر ڕێسای پێشکەوتوو فێردەبێت، توانای بەکارهێنانی زمانی هەیە لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی، لە قۆناغی ژینگەی دەوەروبەر دەربازی دەبێت بەرەو قۆناغی شتە لەمسکراوەکان، دەزانێت خەباتی نەتەوەیی چییە و گیاننفیداکردن بۆ نیشتمان چییە، شێعری کوردی پڕن لە چەمکی ئەبستراکت و پەیوەست بە نیشتمان و قوربانیدان و خۆبەختکردن لە پێناو خاک و نەتەوە، نابێ منداڵی کورد بەو چەمکانە تێنەپەڕن و بەرگوێیان نەکەوێت، یان دەبێ پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەک دابڕێژرێت منداڵ خۆی چەمک دروست بکات، یان مامۆستا دەبێ ئەو فاکتەرە بێت هانی منداڵ بدات چەمک درووست بکەن لە ڕێگەی ڕەخساندنی ژینگەیەکی فێربوون هانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی نێوان منداڵان بدات بۆ ئەوەی چەمک لە مێشکیاندا درووست بکرێت.

بەڵام چەمک لە بیردۆزەکەی ڤیکۆتسکی زیاتر پەیوەندە بە پەیوەندی و کارلێککردنی نێوان تاکەکان نەک تەمەن، کە مەرجی سەرەکییە لای بیاجی، بابەتی سەرەکی چوارچێوەی ستراتیژی بیردۆزەکەی لیۆ ڤیکۆتسکی بریتیە لە کارلێککردنی کلتوریی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێ لە پەرەپێدانی پەیبردن و ڕادەی پەرەسەندنی ڕۆشنبیری کە لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت، ئاستی کۆمەڵایەتی و ئاستی تاکایەتی، ئاستی تاکایەتی بەندە بە ئاگای ویستی و ئاگای لۆژیکی و دروستبوونی چەمک و ئەرکە باڵاکان کە وەک پەیوەندییە تاکایەتییەکان درووست دەبن، بەڵام ئاستی دووەم یان تایبەتمەندی

دووەم بریتییە لە پەرەسەندنی پەیبەریی تاک و بەستنەوەی بە ناوچەی زۆنی نزیک کاتێک لە گەڵ دەوروبـەردا کارلێک دەکەن. لیۆ ڤیکۆتسکی بایەخێکی تایبەت بە زمان دەدات کە ئامرازی گواستنەوەی ئەزموونی کۆمەڵایەتییە بۆ تاکەکان و ناوەندێکە بۆ گەیاندنی هزر، ئەو پێیوایە قسەکردن لای منداڵ سەرەتا کۆمەڵایەتییە پاشان چەقبەستنە لەسەر خود و پاشان قسەکردنی ناوەکی. هەروەها پێیوایە هەڵقوڵینی هزر هاوکات نییە لەگەڵ قسەکردن و هەردووکیان هاوشێوە نین، چونکە بیرکردنەوە بنەمای خۆی هەیە لە ڕێگەی وشەوە گوزارشتی لێ ناکرێ، بەڵام لە میانەی ئەو وشانەوە دێتە کایەوە و تەنیا دەنگ نییە بۆ ڕستەکان بەڵکو وێنەیە یان شێوەی تایبەتە لە شێوەکانی قسەکردن دەکەوێتە نێوان بیرکردنەوە و قسەی دەربڕاو، چونکە پەیوەندی بیرکردنەوە دەگۆڕێت و کردارێکی بەردەوام و دینامیکییە بۆیە بیرکردنەوە بە وشە لە دایک دەبێت، وشەش بەتاڵە لە بیرکردنەوە تا ڕادەیەک واتای نییە. ڤیکۆتسکی چەمکی فێرخوازانی کردە دوو پۆلەوە : چەمکی خۆکاری (تلقائی) ڕۆژانە، کە لەمیانەی کارلێک کردن و ئەزموونی دەرەوەی قوتابخانەیە، چەمکی زانستی کە خۆکاریی نییە کە لە میانەی کارلێککردن و ئەزموونی ناو قوتابخانە درووست دەبێت ، هەروەها چەمکە خۆکارە (تلقائی) ڕۆژانەییەکان لەسەر دیاردە مادییەکان و سیما شکڵییەکانی ڕۆژانە چەق دەبەستێت، بەڵام چەمکە زانستییەکان لە میانەی کردارە عەقڵییەکان درووست دەبن و بۆ وەرگرتنی چەمک هەر دەبێ فێرخواز لە میانەی هێماکان - زمان وێنەکەی بکێشێ پاشان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە درووستیان دەکات و پاشان لای خودی فێرخواز دروست دەبێت. مامۆستاش ئاراستە دەکات چەمکەکانی ڕۆژانە و چەمکە زانستییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

چەمکە خۆکار (تلقائی)ە کانی ڕۆژانە بە پێێ ڤیکۆتسکی لە هەستکردنەوە درووست دەبێت بۆ ئەبستراکتی واتادار، بۆ ئەمەش کردارە پاش مەعریفییەکان بەکاردێت ، بەڵام چەمکە زانستییەکان بە پێچەوانەوە دروست دەبێت، واتە لە ئەبستراکتەوە بۆ هەستپێکراو، هەردووکیشیان پێویستن بۆ تێگەیشتن.

بە پێێ ڤیکۆتسکی سێ ڕوانگەی جیاواز بۆ لێک نزیککردنەوەی چەمکە زانستییەکان هەن کە پێویستە مامۆستا ڕەچاویان بکات:

١-پێوەندی پتەوی نێوان چەمکی بە ئامانجکراو و ئەزموونی ڕۆژانـە (چەمکە خۆکارییەکان)، بەو پێیەش چەمکی بەئامانجکراو لە سەرەتای چەمکە خۆکارییەکان دەکۆڵێتەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر وەرگرتنی چەمکە زانستییەکان، ئەو چەمکانەی لە دووتوێی پەرتووکەکانی خوێندندا هەیە، پێویستە مامۆستا بۆ فێرخوازان بیبەستێتەوە

بە چەمکاکانی ژیانی ڕۆژانە، بۆ نموونە چەمکی بەهەدەرنەدانی وزە لە بابەتی زانست ببەستریێتەوە بە چەمکی بەفیرۆنەدانی ئاو، چەمکی بەرهەمی کشتوکاڵی ببەستریێتەوە بە چەمکی بەرهەمهێنانی مەعریفە لای مرۆڤ.

٢-چەمکە بە ئامانجکراوەکان کەمتر بەکاردێن لە ژیانی ڕۆژانەدا، بۆیە مامۆستا هەوڵ دەدات ئەو چەمکانە هەڵبژێرێت کە نزیکترن لە ژینگەکەوە وەک لە چەمکە بە ئامانج کراوەکە وەک سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن، بۆ نموونە چەمکی زانستی کات ببەستریێتەوە بە چەمکی تەمەن و سودوەرگرتن لێی.

٣- پێوەندی لە نێوان چەمکە بە ئامانجکراوەکان و چەمکە ڕۆژانەیەکان نییە ، بۆیە مامۆستا هەوڵ دەدات چەمکە زانستییەکان بەکار بێنێت لە ئامادەنەبوونی چەمکە ڕۆژانەییەکان، بۆ نموونە چەمکی ئاشتەوایی ڕۆژانە دەبەستریێتەوە بە چەمکی یەکگرتنی خانەکانی جەستە کە پێکەوە ئەندام پێکدێنن و ئەندامەکانیش کۆئەندامێکی جەستە پێکدێنن.

دروستبوونی چەمک لای ڤیکۆتسکی بە یەک قۆناغ دروست نابێت ، بەڵکو بە حەوت قۆناغدا دەڕوات و هەر هەموویان پێوەندیان بە یەکترەوە هەیە بەم شێوەیە :

١-قۆناغی بیرکردنەوەی کۆگاکردن: لە مانگی یەکەمی تەمەنەوە دەست پێدەکات تا هەشت مانگ، لەم قۆناغەدا منداڵ توانای کۆگاکردنی شتەکان و هزرەکانی لەگەڵ یەکدا هەیە و توانای ناسینەوەی شتەکانی دەبێت، چونکە خاوەنی توانەیەکی باشی بیرهاتنەوە هەیە، کە بە چاو دەیانبینێ وەکو چوارگۆشە و بازنە و شتی لەو بابەتە، ئەو منداڵانەی لە ناو ژینگەیەکی تەژی لە چەمکی جیاواز و دەوڵەمەندا ژیان دەگوزەرێنن بینای مەعریفیان بۆ دروستبوونی چەمک پتەو و فراوانتر دەبێت، منداڵێک لە باوەشی دایک و باوک و خێزاندا نەشونما بکات جیاوازە لە منداڵی بێ سەرپەرشت یان منداڵانی هەتیوخانەکان، کە بەرکەوتەیان لە گەڵ چەمکە سۆزی و دەروونیەکانیان کەمترە.

٢-قۆناغی بیرکردنەوەی ئاوێتەیی: ٨مانگی تا ٢٤ مانگیی ، لەم قۆناغەدا منداڵ دەتوانێ کرداری جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی شتە بینراوەکان بکات لە دوو تایبەتمەند یان زیاتر، بۆیە ئەم قۆناغە ناونراوە پێکەوە بەستنی ئاوێتەیی، کە هەندێجار منداڵ دەکەوێتە هەڵەوە لە ئەنجامی پشتبەستنی بە هەستی بینین لە پەیبردن بە شتەکان و مامەڵەکردن لە گەڵیدا بە شێوەی بیرکارییانە بە تایبەتی شێوەکان، بۆ ئەوەی منداڵ چەمکەکانی خۆی فراوان بکات، پێویستە ژینگەیەکی دەوڵەماندی سروشتی بۆ برەخسێنرێت لە شێوە و قەبارەی جیاواز و بتوانێت ئاڵوگۆڕو پۆلێنیان بکات وەک بناغەیەک بۆ پەرەپێدانی چەمکە جیاوازەکانی، ئەم ئەرکە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی خێزان و کارامەیی دایک و باوک و

ئاستی رۆشنبیرییان بۆ زمانەکەیان و رەخساندنی دەرفەت بۆ گوزەرکردنی منداڵ بە ژینگەیەکی پڕ چەمکی جیاواز.

٣-قۆناغی پێکهینانی کۆمەڵەکان: (٢-٤)ساڵی منداڵ لەم قۆناغەدا شتەکان پۆلێن دەکات لەسەر بنەمای یەک شێوە کە لەیەکەوە نزیک بن یان لەسەر بنەمای ئەرکەکانیان، بۆ نموونە ژمارەکان ئەوانەی دوو ژمارەیین پێکەوە دایان دەنێت وەکو ٣٤،٨٨،١٤.یان کۆکردنەوەی کوپەکان، کە ئەمانە کوپن گرنگ نییە شێوەیان جیاواز بن، بەڵام ئەرکی کوپەکان بۆ خواردنەوەی شیرە یان ئاوە ...تد ، چونکە ژمارەکان لە دوو خانە پێکهاتوون ، یان کوپەکان بە پێی ئەرکەکانیان پێکەوە ڕیزیان دەکات ، هەروەها پێنووس، تێنووس، گۆڤار، کتێب ئامانە پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بەهەمان شێوە کەرەسەکانی ناندین، یان کەرەسەکانی ئۆتۆمبیل و شمەکەکانی ناو ماڵ و گوزارشت لێکردنیان چەمکی جیاواز لای منداڵ درووست دەکەن و ئەم چەمکانەش هاوکاری گەشەپێدانی زمان دەکەن...تد

٤-قۆناغی ئاڵۆز : ٤تا ٦ساڵی مندال لەم قۆناغەدا پەی بەوە دەبات شتێک چەندین سیفەتی هەیە و دەکرێ ئەم شتە لە چەند تەوەرێک پۆلێن بکرێت لەسەر رۆشنایی ئەو سیفەتە و هەر سیفەتێک گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە بناغە بۆ پۆلێنکردنەکە، ئەرکی باخچەی ساوایانە کە ژینگەیەکی لەبار بۆ منداڵان برەخسێنن و راهێنانی هەستەوەرەکانیان بکەن بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین چەمک وەک ئامادەکارییەک بۆ چوونە قوتابخانە و گەشەپێدانی زمان .

٥-قۆناغی گرێبەستی پەرت و بڵاو:٦تا٨ساڵی لەم قۆناغەدا مندال دەتوانێت شتێکی دیاریکراو بگوازێتەوە جیاواز بێ لەو کۆمەلە شتەی کە دەیخاتە ناویانەوە بۆ نموونە گوایە ئەمەش هەمان سیفاتیان هەیە وەکو ئەوەی چوارگۆشەیەک بخاتە ناو کۆمەڵێک سێگۆشەی جیاوازەوە گوایا چوار گۆشەکە دەشێ بکرێتە دوو سێگۆشەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کاریگەری فێربوون دەگوازرێتەوە لە تایبەتمەندییەوە بۆ تایبەتمەندییەکی تر، منداڵانی بازنەی یەکەم توانای بەرجەستەکردنی ئەم قۆناغەیان هەیە لە رێگەی مامۆستاکانیانەوە کە هەوڵ دەدەن گرنگی بدەن بە گەشەپێدانی چەمکەکانی منداڵ و پێشکەوتنیان.

٦-قۆناغی هاوشێوە چەمکەکان: مندال چەمکە بیرکارییەکان لە یەک کۆمەڵ کۆ دەکاتەوە ، بەڵام ناتوانێت پێوەرێک دابنێت بۆ حوکمدان لەسەر توخمە هاوبەشەکانی ئەو چەمکانە، منداڵ ژمارەکان فێردەبێت و دواتر هەوڵ دەدات چەمکی ژمارە تاکەکان و ژمارە جووتەکان فێر بێت و لێکیان جیا بکاتەوە.

٧-قۆناغی کۆتایی لەم قۆناغە مندا دەتوانێ چەمکەکان بنیات بنێ دوای ئەوەی توانی تایبەتمەندییەکانی شتەکان بزانیت و پۆلینیان بکات .

جیاوازی سەرەکی نێوان پیاجێ و فیکۆتسکی، کە دەشێ لە قوتابخانەکان ڕەچاو بکرێن ئەوەیە کە پیاجێ بایەخ دەدات بە کردارە ناوخۆییەکانی یەک تاک لە بیناکردنی مەعریفی هاوسەنگی و ناهاوسەنگی، بەڵام فیکۆتسکی بایەخ بە کردارە ناوخۆییەکانی نێوان تاکەکان دەدات، واتە کارلێککردنی نێوان منداڵان چ لە ڕێگەی یاری کردنەوە بێ یان لە ڕێگەی شێوازی وانە وتنەوەی هاوچەرخ بێ کە پشت بە بنەماکانی جۆن دیوی دەبەستێت، چونکە فێربوونی چەمکە زمانەوانییەکان و فێربوونی چەمک و گەشەپێدانی لە هەموو بوارەکانی ژیان مرۆڤ دەباتە قۆناغێکی تری تێگەیشتنەوە بە تایبەتیش گرینگی لە بواری زمان کە بەم شێوەیەیە، چەمکەکان بەشداری دەکەن لە گەشەپێدانی زمان، هەروەها چەمکە زمانەوانییەکان دەبنە هۆی ڕێکخستنی پەیبردنە هەستییەکانی تاک و دواتریش چەمکەکان ئاسانکاری دەکەن بۆ فێربوون و فێرکردن بە تایبەتیش فێربوونی زمان و دەوڵەمەندکردنی و بەستنەوەی بابەتەکانی خوێندن بە یەکترەوە، بۆ نموونە بەستنەوەی چەمکی چاندنی ڕووەک لە زیندەوەرزانی بە چەمکی هونەر کاتێک منداڵ ڕووەک دەخوێنێ و پاشان وێنەی دەکات، ئەم پێکەوە بەستنە کە ڤیەکێکە لە بنەماکانی جۆن دیوی بەشداری دەکات لە دروستبوونی چەمک و مەعریفە لای منداڵ و ئەمەش دەبێتە هۆی پێشخستنی زمان بە شێوەیەکی زانستی، هەروەها چەمک پێویستە بۆ پەرەپێدانی کردارە عەقلییەکانی تر وەکو بیرهاتنەوە و پەیبردن و توانای گفتوگۆ.

لە کۆتاییدا پێویستە لە پێناو دەوڵەمەندکردنی زمان وچەمکەکان پێویستە بایەخ بدرێت بە گەشەی چەمکەکانی منداڵ لە ناو خێزان و قوتابخانە ، کە ئەرکێکی زانستی و کۆمەڵایەتی پێویستە چونکە:

١-چەمک ئامرازێکی زەینیە پەرەی پێ دەدەین بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکات بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ڕۆژانە و بەرەنگاربوونەوەی دەوروبەرمان ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە و ئەو ئاستەنگانەی دێنە ڕێمان، گەشەکردنی چەمک ڕێگە خۆش دەکات بۆ توانای گفتوگۆ و پاراوی زمان و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی فراوانتر.

٢-چەمک بۆ منداڵ واتای دەبێت کە لە ژیانی ڕۆژانەی درووست دەبێت و پێویستی پێ دەبێت بۆ کارلێکردنی لەگەڵ دەوروبەر و فراونبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەی و ڕەخساندنی دەرفەتی داهێنان و خۆگونجاندنی لەگەڵ دەوروبەر، ئەمەش زیاتر لە ماوەی خوێندن لە قوتابخانەکان بەرجەستە دەبێت .

٣-ئەو فێرخوازەی کە خاوەنی کارامەیی دروستکردنی چەمکە سەرکەوتوو دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژانەی و گەشەی مەعریفی و پەرەپێدانی زمانەکەی .

٤-چەمکە هەستییە درکپێکراوەکان بنەمای بیرکردنەوەن نابێ فەرامۆش بکرێن، دەبێ هەوڵ بدرێت لەناو خێزان و قوتابخانە گرنگی خۆیان هەبێت و دەرفەت بدرێت بە دروستبوونی چەمکەکان لای منداڵ وەک بەشێک لە خوێندن و ئامانجی خوێندن بێت بە تایبەتی لە باخچەی ساوایان و خوێندنی بنەڕەتی، بە پێی پێشنیارەکانی فیکۆتسکی پێویستە بایەخ بدرێت بە سروشتی کارلێکی کۆمەڵایەتی فێربوون بەو شێوەیەی کە ببێتە بنامای گەشەپێدانی چەمکەکانی منداڵ، هەروەها بایەخ بدرێت بە ئامرازە دەروونی و هونەرییەکان و رۆڵی کارلێککردنە کۆمەڵایەتییەکان وەک ناوەندێک بۆ بیرکردنەوەی فێرخواز و پەیرەوکردنە رۆشنبیرییەکان زیاتر بکرێت ئەویش بە گۆڕینی شیوازەکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ و پشتبەستن بە بنەماکانی جۆن دیوی و پیاجێ و فیکۆتسکی لە کارلێککردنی کۆمەڵایەتی ناو پۆل و دەرفەتی گفتوگۆو دیالۆگ بڕەخسێت بۆ منداڵان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تریش وەکو خێزان رۆڵیان هەبێت لەم بارەیەوە، چونکە چەمک کاریگەری گەورەی لەسەر بەرەو پێشبردنی زمان هەیە، ساغترین چەمک چەمک ئەو چەمکانەن بەستراون بە هەستی تاکەکانەوە کە زیاتر هەڵبەستوانان کردوویانە بە هۆنراوە و بەیت و باڵۆرە، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە شێعر و هەڵبەست و هونەری گۆرانی رەنگدانەوەی سایکۆلۆجی گەلانن، بۆیە پاراستنی وێژە و هونەری میللی کانگای چەمکی نەتەوەیین پاراستنیان پێویستە وەکو ئەو چەمکانەی تایبەتن بە پۆشاک و فەرهەنگی کوردەواری لە ڕانک و چۆغە و پشتێن و مەشکە و کوندە و مێخەک و شیلان و زارۆک و شتی تر...

**سەرچاوەکان:**

*نمو المفاهيم تساؤلات واراء في الوجود والقيم ، محمد العلي ، المركز الثقافي العربي ، الطبعة الاولى ٢٠١٣، الرياض

*ل.س.فيجوتسكي، التفكير واللغة ، مكتبة الانجلو المصرية، ٢٠١١

*التفكير واللغة والتفاعل النفسي، عبدالله بن محمد المفلح، مركز الكتاب الاكاديمي، ٢٠١٨

*اللغة والتفكر عند الطفل ، جان بياجي ، الملتقى المصري للابداع والتنمية٢٠٠١، الطبعة الاولي

*ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت.

* **توێژەری دەروونی**

# پاڵەوانی، ئەڵقەی زەوتکراوی زمانی کوردی

## (وتارێك شیکاری، زماننناسی و مێژوویی)

■ کامران ڕەحیمی

**پێشەکی:**

زمانی کوردی، وەکو زۆربەی زمانە کۆنەکانی جیهان¬، سێ قۆناخی مێژوویی هەیە کە بریتین لە قۆناخی سەرەتایی، قۆناخی ناوەندی، قۆناخی سەردەم. لەبارەی دۆخی زمانی کوردی¬ لە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر، تەنیا دەزانین، لەو سەردەمە، ئاوێستایی، زمانی ئایینی ئێرانییەکان بووە، نزیک بەو سەردەمە، زمانی مادی و پارسی کۆنیش برەویان هەبووە.

هەر چەند زۆربەی رۆژهەڵاتناسان وەک: دارمستر، نولدکە، مینۆرسکی و ... وابیردەکەنەوە کە زمانی کوردی و مادی هەر یەکن، بەڵام بە هۆی ئەوە کە تا ئێستە لە زمانی مادی بێجگە لە چەند وشە، هیچ دەقێک نەدۆزراوەتەوە، لۆژیکیتر و زانستیتر ئەوەیە لەم باسە، واز بێنین و روونبوونەوەی کێشەکە بە داهاتوو بسپێرین. هەروەها لە قۆناخی سەردەمدا، بە روونی بۆمان ئاشکرایە کە زمانی کوردی، تەنیا دوو لقی سەرەکی، واتا کرمانجی و گۆرانی هەبووە کە لەم هەزار ساڵە دواییە¬دا شێوەزارەکانی¬تر وەک: سورانی، فەیلی، زازاکی، لەکی، لوری و... بەرهەمی زاوزێی ئەم دوو لقەن. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە تا ئێستا ئەڵقەی دووهەمی زمانمان ون و نەناسراوە، کە پرسیار و مژاری ئەم وتارەیە. لە بەر ئەوە نووسەر، تێکۆشاوە بۆ تیشک خستنە سەر ئەم کێشەیە، نووسراوەکانی مێژوونووسانی پاش ئیسلام، لێک بداتەوە و بەڵگەکان بە تەرازوی زماننناسی بەراورد و پاشان چەواشەکان، شیکاری بکات.

**کلیل وشەکان**(keywords):
پاڵەوی، فالەوی، فەیلی، مادی، مادستان، ناوەڕاست، گورانی، ئەورامە، عێراقی عەجەم، جباڵ.

پاش، رووخاندنی حکومەتی قاجار لە ئێران¬، کەسێک بە نێوی رەزاخان، بە پاڵپێشتی ئینگلیزەکان، حکومەتی پاشایەتی پێکدێنت و پاشان، بە یارمەتی و راوێژکاری ژووری فیکری پاوانخوازاێک وەکوو حەمەعەلی فروغی، بیرۆکەی، یەک نەتەوە و یەک زمان، بە درۆشمی سەرەکی دەوڵەتی مودێرن، دادەنێن و بە هێژموونی چەند لایەنە، هەموو زمان، زار و کەلتووری نەتەوەکانی¬تر لە ڕەهەند و فیلتری، یەک نەتەوە داگیردەکەن. هەروەها بۆ مەشرووعیەت، سەرەڕای ئەوە دوو هەزار و پانسەد ساڵ مێژوو، بۆ ئەم حکومەتی نوێیە، تەرخان؛ وشەی پەهلەویش، بۆ ناولێنانی بنەماڵەی رەزاخان تۆمار و داگیر دەکەن. کە تا ڕادەیەک توانییان پەیوەندی ساختەچی لە نێوانی حکومەتی رەزاخان و پاشایانی کۆن، دروست بکەن و بە زۆرەملی بە هەموو بسەلمێنن. بە شێوەیەک کە ئەم بیرۆکە شوڤینیزمییە، کاریگەری ئەوتۆی لە سەر نووسەران و لێکۆڵەران بە تایبەت زانکۆکانی ئەو سەردەمە بووە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ زاینیدا تا ڕادەیەک ئەو بیری بەرتەسکە تێکچوو. بەڵام هێشتا بۆن و شوێنی لە دەقە فەرمی و زانستییەکان هەیە و بە شێوەیەک کە زۆربەی نووسەرە پاوانخوازە ئێرانییەکان، دەنووسن زمانی فارسی سێ قۆناخی هەبووە کە بریتین لە: پارسی کۆن، پارسی ناوەندی یان پاڵەوی، فارسی نوێ یان دەری: بە واتایەکی¬تر ئەم بیرۆکەیە، زۆربەی زمانە کۆنە ئێرانییەکانی بە موڵکی زمانی فارسی زانیوە، لە کاتێکدا ئێستە بە هۆی خوێندنەوەی بەڵگە مێژووییەکان و زمانناسی نوێوە، روون بووەتەوە کە فارسی دەری، نە تەنیا بەر لە ئیسلامیش بڕەوی هەبووە، بەڵکوو درێژەی پاڵەوی نییە و هەروەها زمانی پاڵەوی دوای روخاندنی دەسەڵاتی ساسانییەکان و هاتنی ئیسلام بۆ ئێران (٢١ی هەتاوی) بە تێکڕایی تێکنەچووە و زمانی ئاخافتنی خەڵک لە ناوەڕاست و رۆژئاوای ئێران بووە (جهانبخش، ١٣٨٣، ٧٤.٧٥).

«د.زەبیحا... سەفا» لەم بارەوەوە دەنووسێ: «زمانی ئاخافتنی خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ئێران لە سەدەی یەکەمی ئیسلامیدا، پاڵەوی یان شێوەزاری نزیک بەو زمانە بووە ...» (صفا، ذبیح‌الله، سیری در تاریخ و زبان‌ها و ادب ایرانی، ١٣٨٣: ٧٥).

هەروەها دوکتور ناتل خانلەری دەبێژێ: «دوای ئیسلام، زاری پاڵەوی یان فاڵەوی (فهلوی) بەو زمان و شێوەزارانە دەگوترا کە لەگەڵ زمانی ڕەسمی و ئەدەبی فارسی دەری جیاوازیان هەبووە و لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئێراندا برەویان هەبووە» (خانلری، ١٣٦٩: ٢٠٦ ـ ٢٠٥).

بەڵام، مەزنترین بەڵگەی ئەم وتارە، نووسراوەی ئیبنی موقەفەعە کە «ابن‌الندیم» باسی کردووە. «ابن‌الندیم» لە کتێبی «الفهرست» دەنوسێ: «عبدالله ابن مقفع» گوتوویەتی: «زمانە کۆنە ئێرانییەکان بریتین لە: پاڵەوی، دەری، فارسی، خوزی، سوریانی»(الفهرست، چاپ مصر، (؟) ١٩)، هەروەها «یاقوتی حەمەوی» لە کتێبی «معجم‌البلدان» بە گوێرەی وتەی حەمزە ئیسفەهانی لە کتێبی «التنبه» ئەم بۆچوونە دووپات دەکاتەوە. (معجم‌البلدان، چاپ مصر، (؟)، ج٦: ٤٠٦-٤٠٧) (دکتر صفا، ١٣٨٣ : ٧٧).

وتەی ئیبنی موقەفەع، لە بەر چەند هۆ، زۆر گرنگە:

١- خۆی وەرگێڕێکی شارەزای دەقەی پاڵەوییە بە عەرەبییە.

٢- ئێرانییە و زمانە ئێرانییەکان، باش دەزانێ.

٣- هەزار و دوو سەد ساڵ، بەر لە ئێستا ژیاوە کە زۆر نزیکە بە ژیان و حەیاتی ئاخێوەرانی پاڵەوی.

٤- بە ڕاشکاوی پاڵەوی، دەری و فارسی لە یەک جیا دەکاتەوە.

کەچی لە هەموو کتێبی قوتابخانە و زانستگاکاندا دەنووسرێ فارسی دەری درێژەی پاڵەوییە (؟). لە کاتێکدا ئەم بەڵگانە، ڕوونی دەکەنەوە کە «فارسی» و «پاڵەوی» وەکوو دوو زمانی ئێرانی بەر لە ئیسلام، دوو زمانی سەربەخۆ بوونە. پرسیار ئەمەیە، فارسی دەری چۆن دەتوانێ هاوکات، هەم جیاواز و هەم درێژەی پاڵەوی بێت؟ ئەم چەواشە زەقە، بە هیچ شیوەیەک، پێشتڕاست ناکرێتەوە.

هەروەک ئاماژە کرا، لە هەموو گرنگتر، پاڵەوی دوای هاتنی ئیسلام، تێکنەچووە، بەڵکوو لە ڕۆژئاوای ئێران قسەی پێکراوە، بە شێوەیەک کە زانای بە ناوبانگ، واتا «دهخودا» دەبێژێ: تا سەدەی دەوازدەهەم زایینی بەم زمانە نووسراوە هەیە. (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣). هەروەها «شەمسی قەیسی رازی» لە سەدەی سێزدەی زاینیدا دەنووسێ: «بەیتە فاڵەوییەکان لە لای خەڵکی عێراقی عەجەم، لای خوێندەوار

و نەخوێندەوار بڕەوی هەبووە». هەر ئەو نووسەرە لە جێگەیەکی تردا، پاڵەوی و ئەورامی بە یەک زانیوە:

لحن اورامن و بیت پهلوی

زخمه رود و سماع خسروی

واتا: «خۆشترین کێش، فەهلەویاتە. کە هەواکەی بە ئەورامەنان دەخوێنن (شمس قیس رازی، ١٣٧٣ : ١١٢).

ئیستا دەبێ بزانین عێراقی عەجەم، لە کوێ بووە و لە روانگەی جوگرافیاوە دەبێتە کوێ. دهخودا، بە وردی، چوار شاری عێراقی عەجەم، دەستنیشان، دەکات کە بریتن لە: قرمیسین واتا کرماشان، هەمەدان، رەی و ئیسفەهان (دهخدا، ١٣٨٣) کە ئێستا، زۆربەی ئاخێوەرانی کرماشان، هەمەدان، بە کرمانجی خواروو، هەروەها رەی و ئیسفەهان بە لوری دەدوێن. کە باسی جوگرافیا کرا، دەبێ ئەو خاڵە زۆر گرنگەش لە بەر چاوبگرین کە تیسفون، پایتەختی حکومەتی ساسانییەکان لە رۆژهەڵاتی رووباری دیجلە بووە و پاڵەوی زمانی فەرمی ئەو دەوڵەتە بووە و ئێستاش دانیشتووانی ئەم دەڤەرە کوردی فەیلین.

ئایەتوڵڵا «مەردووخ»یش وا بیر دەکاتەوە و دەنووسێ: «لە نێوان شێوەزارە کوردییەکان یەکەم لوری، دووەم کەلهوڕی، سێیەم گۆرانی بە زمانی پاڵەوی و شارە پاڵەوییەکان نزیکن(مەردووخ، ١٣٧٩: ٥٧).

لەم دواییەدا زمانناسێک، ١٤٥٠ وشەی پاڵەوی ساسانی، لەگەڵ کوردی بەدرەیی کە بنزارێکە لە کوردی فەیلی بەراورد کردووە، پاشان بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەم دوو زمانە لە بواری وشەدا ٧١٪ بە یەک نزیکن (د. کەریمی، کوردی ئیلامی، ١٣٨٠: ٢٨٩). پێویست بە وتنە، جەماوەری بیست هەزار کەسی بەدرەیی سەر بە پارێزگای ئیلام، رێژەیەکی ٥٪ لە نفووس و حەشیمەتی هەموو کوردان پێکدێنن. ئەگەر لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا زمانی پاڵەوی لەگەڵ هەموو شێوەزارە کوردییەکان، بەراورد بکرێت بێگومان ئەنجامەکەی لەمە کە هەیە، فرەتر دەبێت.

بەڵام ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە. کە مەبەستی مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی، لە رۆژئاوای ئێران، کوێ بووە؟ هەروەها شارەکانی پاڵەویی (فەهڵە) کامانەن؟

«شیرووِیە ئیبنی شەهردار»، حەوت شاری بە پاڵەوی زانییوە کە بریتین لە: «هەمەدان، ماسەبزان، قوم، ماەبەسەر، سەیمەڕە، ماەکوفە و کرماشان. هەروەها ئەم نووسەرە ئەم شارانە وەک: «رەی، ئیسفەهان، کومش، تەبەرستان، خوراسان، سەگەستان، کرمان، قەزوین، دەیلەم، تاڵەقان» بە شاری پاڵەوی نەزانیوە (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٣).

پێویست بە وتنە، کە عەرەبەکان هەر شارێکیان داگیرکردووە بە هۆی تایبەتمەندی زمانی خۆیان و ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی ماڵیات، ناوەکەیان تەعریب کردووە. بۆ زانیاری زیاتر دەبێ ئاماژە بە ناوی راستەقینەی ئەو شارانە بکرێت کە گۆڕدراون، وەک: ماسەبزان، کە ئیلامی ئەمڕۆ بەشێک بووە لە ماسەبزان.

ماەبەسەر، کە گۆڕدراوی ناوی شاری نەهاوەندە و ئێستاش ناوی شارێکە لە پارێزگای هەمەدان.

سەیمەڕە، هەر خودی دەڕەشەهرە کە ئێستا ناوی شارێکە لە پارێزگای ئیلام.

ماەکوفە، کە گۆڕدراوی ناوی شاری دینەوەرە و ئێستاش ناوی شارۆچکەیە لە پارێزگای کرماشان.

لە ئەنجامدا لەو حەوت شارە، کە «شیرووِیە ئیبنی شەهردار» بە پاڵەوی زانییوە، هەر ئێستا بێجگە لە قوم، خەڵکی ئەو شوێنانە هەموویان بە یەکێک لە بنزارەکانی کرمانجی خواروو، قسەدەکەن کە ئەوە مەزنترین دەلیلە بۆ سەلماندنی ئەوە کە پاڵەوی ئەڵقەی ونکراوی زمانی کوردییە.

«ئیبنی فەقیهی هەمەدانی» نووسەری کتێبی «البلدان» لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا هەر ئەم شارانە بێ کەمی و کورتی، بە پاڵەوینشین لە قەڵەم دەدات. هەروەها نووسەری «قامووس اعلام ترکی» راستەوخۆ دەنووسێ: «زمانی پاڵەوی لە کوردستان و عێراقی سەر بە ئێران، کە مەبەست کوردستانی عێراقە، قسەی پێدەکەن (دهخدا، ١٣٧٣: ٥٠٠٩٤).

ئێستاش هەمووی ئەم شارانە جیا لە قوم و هەمەدان، کوردنشینن. هەرچەند، سی¬ لە ¬سەدی، پارێزگای هەمەدان کوردن و بە زاری کوردی خواروو، قسە¬دەکەن. بە پێی ئەم بەڵگە مێژووییانە دەتوانین بێژین وشەی فەیلی گۆڕدراوی وشەی پاڵەوییە. چونکە بەشی پرۆسەی واچی (phonemic process) لە زانستی زمانناسی، ئەمە دەچەسپێنێ کە دەنگی /p/ زۆرجار دەبێتە دەنگی /f/ بۆ وێنە:

پارسی  فارسی

پێڕست   فهرست

ئسپەهان   ئسفەهان

هەروەها دەنگی /a/ لە ناوەڕاستی وشە لە کوردی سۆرانیدا دەبێتە دەنگی /ye/ لە کوردی فەیلیدا بۆ وێنە:

کانی کیەنی، / پان پیەن، / مارە میەرە، / نازانم نیەزانم...

کە ئەنجامی ئەم پرۆسەی واچیە دەبێتە ئەوە: پاڵەوی   فاڵەوی   فەیلی.

بەڵام باسێک، کە لە هەموو ئەو باسانە گرنگترە، باسی لقێکی نامۆ و نەناسراوی زمانی پاڵەوییە کە تا ئێستا ئاماژەی پێ نەکراوە. پێویست بە وتنە کە هەر لە مێژە زمانی پاڵەوی بە دوو لق، دابەش کراون کە ئەم دوو لقە بریتین لە: ١- پاڵەوی باکووری یان پارتی وەکو: دەقە مانەوییەکان. ٢- لقی پاڵەوی باشووری یان پارسی. کە رەنگە ئەم دابەشکردنە راست بێت(!). چونکە ئەم زاراوانە، زمانی فەرمی بوونە. بەڵام لقێکی¬تر، لە زمانی پاڵەوی واتە «پاڵەوی رۆژئاوایی» لە مادستان برەوی هەبووە، هەر لەبەر ئەوەی رەنگە ئەم زمانە درێژەی مادی کۆن بێت، مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامیش بەردەوام بەم زمانە کە جیاواز لەگەڵ پارتی و پارسی بووە وتوویانە فاڵەوی.

رۆژهەڵاتناسانی بەناوبانگی ئەم سەردەمەش وەک: ئیشتالکبرگ، ویکتۆر رۆزن، لوسچینسکی و هەروەها زماننasی گەورەی ئێرانی پرۆفسۆر ئیحسانی یارشاتر دانەری زانستنامەی مەزنی ئێرانیکا لە کانەدا، زاراوەی «مادیی ناوەڕاستی» بۆ ئەم شێوەزارانە، هەڵبژاردووە و دوکتور «ئەزکایی»ش کە دوای سی ساڵ، لەسەر شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی رۆژئاوای ئێران و هەروەها ساخکردنەوەی هۆنراوەکانی باباتاهیر، لێکۆڵینەوەی کردووە، لەم بارەوە دەنووسێ: «پاڵەوی رۆژئاوایی، گۆڕدراوی زمانی مادییە. ئەم ناولێنانە بە هۆی جوگرافیای زمانی، واتا بڵاوبوون لە مادستان، لۆژیکییە. سەرەڕای ئەوە، ئەم زاراوەی مادی ناوەڕاستە ستەمێکە بە هۆی ژێردەستە بوون یان نامۆبوونی زمانەکەیان، لێیان کراوە» (اذکایی، ١٣٧٥: ١٦٧).

هەر ئەم نووسەرە لە جێگەیەکیتردا دەنووسێ: «قەد نابێ زمانی کوردی و زارەکانی جیا لە «فهلوی» و بنیاتی زمانی کوردی جیا لە زمانی مادی بزانین» (اذکایی، ١٣٧٥: ٢٠٤).

زۆربەی نووسەرانی کورد، زمانی کوردی بە خاوەن پێشینەیەکی چەند هەزار ساڵە دەزانن و بەردەوام ئاماژە بە هۆزەکانی زاگرۆس، وەک: لوولووبی، کاسیت، گووتی، میتانی، سووباری، کاردۆخی و ... دەکەن کە تەنانەت وشەیەک لێیان نەدۆزراوەتەوە. لە کاتێکدا ئەم بۆچوونە تازە کە ڕەنگە یەکەم جارە، ئاماژەی پێدەکرێ تا ڕادەیەک دووهەمین بازنەی ونبووی زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانییەکانەوە هەتا سەدەی دوانزەهەمی زایینی، ڕوون دەکاتەوە.

**تایبەتمەندی زمانی و ڕێزمانی فەهلەوییەکان**

دوکتور تەفەزولی، پاڵەویناسی گەورەی ئێرانی، دەنووسێت: فەهلەویات، ناوی کۆ، هەروەها عەرەبیکراوی وشەی فەهلەوییە، ناوێکە کە تایبەت بە دووبەیتییەکان، هەروەها بە گشتی تایبەتە بەو هۆنراوانەی بە زاری کۆنی دەڤەری پاڵە یان فاڵەیە، وتراوە(تفضلی: ١٣٨٥، ١١٩). بە چەواشە لە سەردەمی ساسانییەکان، فەلەوی، بە مانای ستران بووە. بەڵام پاش ئیسلام، بە روباعییەک کە بە زمانی فەرمی نەبووە، وتراوە(سیما داد:١٣٨٢،١٩٢). ڕەنگە ئەم ناولێنانە بە هۆی برەوی ئەم قاڵبە شیعرییە بووبێت لەو بەشەی نیشتمانی دێرین. پێشتریش وترا کە ئەم شارانە، ئاخێزگای کوردی گۆرانی بووە و ئێستاش، لە زمانی کوردیدا بە ستران، گۆرانی دەوترێ و دەستەوشەکانی گۆرانیچڕ و گۆرانبێژ، هەر لەم وشەوە وەرگیراون.

باسێکی تر کە زۆر سەرنجڕاکیشە ئەمەیە لە ڕابردوودا جاروبار بە دووبەیتی، تەنانەت بەیت، «ئەورامە» وتراوە، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەیین کە وشەکانی گۆرانی، ئەورامە و فەڵەوی بۆ یەک واتا و مەبەست بەکارچوونە. کۆنترین دەقێک کە پێی وتراوە ئەورامە، نامەکانی عەینولقوزاتە کە هی سەدەی یازدەهەم زایینییە (اذکایی:١٣٧٥،١٩٤). لێرەدا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندی ڕێزمانی هۆنراوەکانی فاڵەوی دەکرێت تا یەکبوونی ئەم شێوەزارە لەگەڵ کوردی، پێشتراست بکرێتەوە، هەرچەند ئەم دەقانە، وێڕای دەستکاری کاتبان، فارسی تازە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەریاندا بووە:

١- ئەگەر لە ڕوانگەی قوتابخانەی پێکهاتەخوازی(struchural)یەوە، ئەو دەقانە لێکبدەینەوە هەموویان بە مولکی کتێبخانەی کوردی دەچن، چۆنکە کرداری رابردووی تێپەڕ لە فاڵەوی هەر وەکوو ئێستای گۆرانی و سۆرانی تایبەتمەندی ئێرگاتیڤیان(Ergative) هەیە.

٢- جێگۆڕکی(Assimalation) واچەکانی f و x بە واچی h، کە لە کوردی هەورامیش وایە، بۆ نموونە: خوێن ← هوون.

٣- دو جوور، جێناوی بووە کە بریتین لە: ١-ez (من) بەراورد بکرێ لەگەڵ کرمانجی و گۆرانی کۆن: «ئەز». ٢-mi/me (من) بەراورد بکرێ لەگەڵ کرمانجی سەروو و خواروو: «م ».

٤-پیتەکانی ئیزافی /ej/ec کە بەراورد بکرێ لەگەڵ گۆرانی، لەکی و فەیلی: ژە، جە.

٥- ker (ریشەی چاوگی کردن) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ گۆرانی و فەیلی: کەر.

٦- Kovam (کام) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ گۆرانی: کوا.

٧- ō «بە ، لە» کە بەراورد بکرێ لەگەڵ کوردی گۆرانی و خواروو: وە.

٨- rīc (ریشەی چاوگی ڕژاندن) کوردی: ڕێژ.

٩-vâten، vaj (ڕیشەی چاوگی وتن) کە بەراورد بکرێ لەگەل ئێژم/واچوم لە چاوگی «واتن/وتن».

١٠- vez (بزاڤ) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ «وز» لە سۆرانی، «واز» لە کوردی خواروو.

١١- vin (ڕیشەی چاوگی دیین) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ کوردی گورانی خواروو: وینم.

١٢- zan (ڕیشەی چاوگی زانین/ زانستن) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ زان.

١٣- xvăz (ڕیشەی چاوگی خواستن/ ویستن) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ کرمانجی و فیلی : خواز

لە کۆتایی ئەم بەشەدا چەند وشەی پرکاربرد بەراورد دەکرێت:

ehnâm (عەشق) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: ئەوین.

esr (فرمێسک) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ کرمانجی،گۆرانی، فەیلی: ئەسر.

bešn (باڵا) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: بەژن.

bīš (ژان) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: ئێش.

dīm (ڕوو) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: دیم (بڕوانە: هەنبانە بورینە، هەژار)

gyan (جان) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: گیان

heni (ئیتر) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ گۆرانی: هەنی

mâng (هیڤ) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: مانگ

ru/ruj/ruc (ڕۆژ) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ: ڕووژ، ڕوو

sâ (سێبەر) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ کوردی گۆرانی و خواروو: سا

tahre (تاریک) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ کرمانجی: تاری

vājar (شار) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ کرمانجی: باژێر

xvā (خودا) کە بەراورد بکرێ لەگەڵ سۆرانی: خوا.

لە کۆتاییدا بە پێی ئەو بەڵگە زمانناسی و مێژووییانە کە ئاماژەیان پێکرا، ئەنجامی وتارەکە ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

– فارسی دەری، درێژەی پاڵەوی نییە. چونکە ئەم دوو زمانە هاوکات، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێراندا، ئاخێوەریان هەبووە.

– پاڵەوی، دوو لقی نەبووە بەڵکوو سێ لقی بووە. لقی سێیەم، لە ڕۆژئاوای ئێراندا، واتا خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، برەوی بووە.

– بێجگە لە زاراوەی مادی ناوەڕاست، باشترین، ناولێنان، زاراوەی پاڵەوانییە، لەبەر ئەوە لەگەڵ پارتی و پەهلەوی، تێکەڵ نەبێت.

– زمان، ئەدەب، ئاسەوار و ڕوانگەی عیرفانی فەهلەوی یان فەهلەویات، کە دوای هاتنی ئیسلام، زۆر بەناوبانگ بووە، پاشماوە و میراتی پاڵەوانییەکان واتا ئەڵقەی دووهەمی زمانیی، زمانی کوردییە.

– دوای ئیسلام، کوردی گۆرانی لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی فەهلەوی، پەرە دەستێنێ، کە ڕەنگە ئەم دوو ناوە هەر یەکێک بووبن.

– پاڵەوی ڕۆژئاوایی بە هۆی هەبوونی وشەنامە و دەق، دەتوانێ ببێت بە سەرچاوەیەکی گەورە بۆ وشەسازی لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، تا ئێمەش وەکوو گەلانی¬تر کە پێشینەی کۆنیان هەیە، بتوانین لە زمانی مێژووییمان، کەڵک وەربگرین.

**سەرچاوەکان:**


ـ ناتل خانلری، پرویز، تاریخ زبان فارسی، تهران، نشر نو، چاپ چهارم، ١٣٧٩.

ـ مردوخ، آیت‌الله محمد، تاریخ مردوخ، تهران، نشر کارنگ، ١٣٧٩.

ـ معین، محمد، فرهنگ فارسی، تهران، امیرکبیر، چاپ دهم، ١٣٧٥.

- کریمی، غلامحسین، کردی ایلامی، بررسی گویش بدره، سنندج،دانشگاه کردستان، ١٣٨٠.
- جهانبخش، فرهنگ، تاریخ زبان فارسی، تهران، انتشارات جامی و فرهنگ، چاپ اول، ١٣٨٣.
- اذکایی، پرویز، باباطاهرنامه، تهران، انتشارات توس، چاپ اول، ١٣٧٥.
- ارانسکی، ای.م، مقدمه فقه‌اللغه ایرانی، کریم کشاورز، تهران، انتشارات پیام، چاپ اول،١٣٨٥.
- آموزگار، ژاله وتفضلی، احمد ،زبان پهلوی ادبیات و دستور آن، تهران، انتشارات معین، چاپ چهارم، ١٣٨٢.
- آکوپوف،گ.ب؛ حصارف، م.ا ،کردهای گوران و مسئله‌ی کردهای ترکیه، سیروس ایزدی، تهران، انتشارات هیرمند، چاپ اول، ١٣٧٦.
- دهخدا، علی اکبر، لغت نامه، موسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران، با همکاری انتشارات روزنه، تهران ١٣٧٣.
– احمد تفضلی ، ترجمه ی فریبا شکوهی، نامه¬ فرهنگستان ، فهلویات ، شمار ٢٩، دوره ی هشتم ،تهران ، بهار ١٣٨٥.
– سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مروارید، ویرایش جدید ١٣٨٢.
- ابراهیم‌پور، محمدتقی.» واژەنامه فارسی - کردی «. تهران، ققنوس، چاپ نخست، ١٣٧٣.
– ابوالقاسمی، محسن، تاریخ مختصر زبان فارسی، طهوری، چاپ دوم، ١٣٧٨.
– ابوالقاسمی، محسن، ریشه‌شناسی (اتیمولوژی)، تهران، ققنوس، چاپ سوم، ١٣٨٥.
- حاجی مارف، ئەورەحمان.» ڕێزمانی کوردی «. بەغدا، (؟)، بەرگی یەکەم، ١٩٩٨.
- رحیمی، کامران.» فرهنگ کوردی کامران». چاپ نشده.
- رخزادی، علی.» آواشناسی و دستور زبان کردی «. تهران، انتشارات ترفند، چاپ اول، ١٣٧٩.
– عەزیز ئیبراهیم، ئیبراهیم، ئامراز لە زمانی کوردیدا، ارومیه، صلاح‌الدین ایوبی، چاپی یەکەم، ١٣٦٧.
- فرەوشی، بهرام .» فرهنگ فارسی به پهلوی «. (؟)، بنیاد ملی ایران، ١٣٥٢.
- کسروی، احمد.» آذری یا زبان باستان آذربایجان «. تهران، انتشارات خورشید آفرین، ١٣٨٣.
– گۆواری کوری زانیاری کورد،چاپخانە ی زانیاری کورد،بە¬غداد،١٩٧٤.
- محمد توفیق، الوردی.» الاکراد الفیلیون فی التاریخ «. بغداد،(؟)، ١٩٥٨.
- مدرس، یحیی.» درآمدی بر جامعه‌شناسی زبان «. تهران، موسسه مطالعات و تحقیقات و فرهنگی، چاپ اول، ١٣٦٨.
- ناتل خانلری، پرویز.» تاریخ زبان فارسی «. تهران، نشر نو، چاپ چهارم، ١٣٧٩.
– نوشین، عبدالحسین، واژه نامک،انتشارات دنیا،چاپ دوم، تهران،١٣٦٣.
- نەبەز، جەماڵ.» زمانی یەکگرتووی کوردی «. بامبێرگ، (؟)،١٩٧٦.
- یول، جورج.» نگاهی به زبان «. نسرین حیدری، تهران، سمت، چاپ پنجم، ١٣٧٤.

– الیما، بئوار، وار(سرزمین اجدادی)، تهران، چاپ اول، ۱۳۷۹.
ـ انوری، حسن، احمدی گیوی، حسن، دستورزبان فارسی ۲، انتشارات فاطمی، تهران، چاپ هشتم ۱۳۷۲.
ـ آریانپور، منوچهر، فرهنگ پیشرو انگلیسی ـ فارسی، تهران، نشر رایانه، چاپ سی و چهارم، ۱۳۸٦.
– آموزگار، ژاله، تفضلی، احمد، زبان پهلوی، تهران، معین، چاپ چهارم، ۱۳۸۲.
ـ رازی، شمس قیس.» المعجم «. به اهتمام سیروس شمیسا، مشهد، انتشارات فردوس، ۱۳۷۳.

* ئەم وتارە، پێشتر لە کتێبی بنەماکانی وشەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ڕەحیمی کامران، گوتار، ۱۳۸۸، بڵاو بووە کە دوای گۆڕانکاری زۆرەوە و چەند سەرچاوەی نوێش پێی زیاد کرا.

-îstenbol، war، seîd Verrog ، Ferheng Kurmaçî-Dimilî –Tirkî ،۲۰۰۳.

* سەرۆکی ئەنستیتوی زانستی زاگروس–ئیلام



# مامۆستا سەلام ناوخۆش زمانەوانێکی ڕەسەن بوو ..

پ.د. وریا عومەر ئەمین

(مامۆستا سەلام ناوخۆشی کۆچکردوو هاوڕێ و هاوکاری گۆڤاری زمانناسیی (زمان و زار)، بە چەندان وتارو توێژینەوەی زمانناسی ئەکادیمی لەسەر پرسەکانی زمانی کوردی لە ژمارەکانی ڕابردووی گۆڤارەکەمان بە بڵاوکردنەوەی نووسینە پڕ بایەخەکانی هاوکاری گۆڤارەکەی کردین. بە زانیارییە زانستییە بەپێزەکانی لەسەر کێشەکانی زمانی کوردی گۆڤارەکەی دەوڵەمەند کردین، ئێمە وەک ئەمەگدارییەک بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو مرۆڤە زمانپەروەرو دڵسۆزەی نەتەوەکەمان لێرەدا ژیننامە بەهادارەکەی دەخەینە بەردەم خوێنەرانی هێژای گۆڤارەکەمان).

**(گۆڤاری زمان و زار)**

پڕۆفیسۆری یاریدەر (سەلام ناوخۆش) مامۆستای زمانەوانی و نووسەری داهێنەری بەرهەمدار، لە ناوە دیارەکانی بواری زمانەوانی و ڕۆشنبیریی کوردییە. زمانەوانێکی ڕەسەن بوو. ئاگاداری بنەما سەرەکییەکانی بواری زمانەوانیی گشتیی بوو. کارەکانی لە بارەی پرس و کێشەکانی زمانی کوردییەوە لە ڕووی پەیوەندیی زمان بە نەتەوایەتی و سیاسەت و ئایینەوە. بۆچوونەکانی مایەی بایەخدان و سەرنج بوون. کارە زمانەوانییەکانی بە پشت بەستن بە دەسکەوتەکانی زمانەوانیی نوێ ئەنجام داوە.

ـ ١٩٦٦ لەدێی زێبارۆک نزیک شەقلاوە لەدایکبووە.

ـ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە.

ـ ١٩٩٠ بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە بەشی ئینگلیزی لە ئادابی زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.

ـ ١٩٩٦ لەهەمان بەشدا خوێندنی ماستەری تەواو کردووە.

ـ (١٩٩٦ ـ ٢٠٠٣) لە بەشی ئینگلیزیی ئادابی دهۆک بۆتە مامۆستا.

لە (٢٠٠٤وە تا ئێستا) مامۆستایە لەبەشی ئینگلیزیی پەروەردەی بنیاتی زانکۆی سەلاحەددین.

**ناسناوی زانستی**

١ ـ مامۆستای یاریدەدەر ـ ١٩٩٦

-٢ ـ مامۆستا ـ ١٩٩٩

٣ ـ پڕۆفیسۆری یاریدەدەر ـ ٢٠٠٦

**بەشداری کردن لە کۆنفرانسەکان بە توێژینەوە:**

ـ ١٩٩٨ لە یەکەم کۆنفرانسی زانکۆی دهۆک.

ـ ١٩٩٩ لە یەکەم کۆنفرانسی زانستیی زانکۆی سلێمانی.

ـ ٢٠٠٠ لە یەکەم کۆنفرانسی خوێندنی باڵای زانکۆکانی هەرێم.

ـ ٢٠٠٥ لە کۆنفرانسی زمان .

-ـ ٢٠١٠ لە کۆنفرانسی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کوردستان لە سنە.

**توێژینەوە ئەکادیمییەکانی:**

1) -- Sequence of Descriptive Adjectives in Kurdish

گۆڤاری ئوستاد- زانکۆی بەغدا

2) - A contrastive study of Ellipsis in Kurdish and English

گۆڤاری زانکۆی دهۆک

3) - Northern Kirmanji kinship terms

گۆڤاری زانکۆی دهۆک

4)- Polysemy in Kurdish

گۆڤاری دهۆک

5)- Kurdish Honorifics system

گۆڤاری زانکۆ- سەلاحەدین

6)- Ambiguity in Kurdish

گۆڤاری زمان - کۆلێژی زمان

7)- Kurdish Diminutive system K

گۆڤاری زانکۆی دهۆک Classifying &Translating Idioms

Kakayees' Language ( University of Kurdistan-Sna)

9) .Taboo in English Words (Zanko)

10) Taboo & Gender

-Books in English

11) Eight Kurdish Studies

12) .An introduction to English Grammar,٢٠٠٩

**کتێبەکانی**

**فەرهەنگ نووسین**

١- فەرهەنگی ئۆکسفۆرد ئینگلیزی-- کوردی .

٢- فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ – سۆرانی-- بادینی-- ئینگلیزی .

٣- فەرهەنگی سیدرا ، کوردی -- عەرەبی-- ئینگلیزی.

٤- فەرهەنگی هیوا ، ئینگلیزی-- کوردی .

٥- فەرهەنگی هەراشان-»بەهاوبەش» .
٦- فەرهەنگی زاراوەی لەشکری،»بەهاوبەش».
٧- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی،»بەهاوبەش» .
٨.فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش
٩.فەرهەنگی یاسایی ئۆکسفۆرد
١٠. فەرهەنگی کارگێڕی (هاوبەش )

**زمانەوانی**

زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسیی کوردی ـ ١
٢ ـ ناسیونالیزمی کوردی و زمانی کوردی
٣ ـ ئەفسانە
٤ ـ مێژوویێکی تر بۆ زمانی کوردی
ـ پوختەیەک دەربارەی زمانناسی ٥
ـ ئایین و زمانناسی ٦
واتاسازی»بە هاوبەشی لەگەڵ د..نەریمان»٧ ـ
٨ ـ .سیاسەتی زمان و زمانی سیاسەت
سارا ، بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی.٩ ـ
١٠ ـ سێ بەرگی هەزار لاپەڕەیی بە ناوی (زمانەوانی) لەگەڵ د. نەریمان خۆشناو.
١١ ـ .خوێندنەوەی پراگماتیکی قورئان.
زمانی قورئان ١٢ ـ
.زمانەوانی لە پانینییەوە تا چۆمسکی ( بە ئینگلیزی و کوردی) ١٣ ـ
١٤ ـ سینتاکس و مۆرفۆلۆژی و مۆڕفۆسینتاکس
زمانەوانیی ئایدیۆلۆژی ١٥ ـ
١٦ ـ .جێندەری زمانەوانیی
١٧ ـ دیداری زمانەوانی
١٨ ـ بەریەککەوتنی زمانەکان
١٩ ـ .نامیلکەی چارەنووسی زمانی کوردی و ئەزموونی زمانەوانی نەرویج و یوگسلافیا و چیک-سلۆڤاکیا
٢٠ ـ نامیلکەی زمان و ئایدیۆلۆژیا

**وەرگێڕان**

١ـ قورئان و زانستی نوێ- لەئینگلیزییەوە.
٢ـ- کوردو کوردستان لەنێوان بەرداشی داگیرکاران- لەئینگلیزییەوە.
٣ـ- کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی ویلایەتی موسڵ- لەئینگلیزییەوە.
٤ـ- یاسا بنەڕەتییەکان- لەئینگلیزییەوە .
٥ـ- نۆ چیرۆک لەبارەی خەڵکەوە-
٦ ـ -دەقەکانی سیفەر لەئینگلیزییەوە
٧ـ- یاسا بنەڕەتییەکانیڕستەی کوردی ،ماستەرنامەکەی پڕۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین .
٨ ـ ئایا عائیشە بووکێکی ٦ ساڵی بوو؟
٩ ـ نەخشەڕێگا لە کوردیەوە بۆ ئینگلیزی
١٠ ـ سورەتی کەهف بە کوردی و ئینگلیزی
١١ ـ کورد لە ژێر سێبەری دوو پاشای زەردەشتی

**مێژووی سیاسی**

١ـ- کوردستان چۆن داگیرکراو دابەشکرا .
٢ـ- هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ .
٣ ـ - سێکوچکەی هەرەس .
٤ ـ مافی مێژووی غەیرە کورد بەسەر کوردستانەوە .
٥ ـ ململانێی ئینگلیزو تورک .
٦ ـ - شێخ مەحموود و سێ ئەفسەرەکەی داگیرکەران .
٧ ـ ئاین و ناسیۆنالیزم .
٨ ـ-فەشەلی عەلمانییەکان و غیابی ئسلامییەکان
٩ ـ-زەردەشتیەتی نوێ
١٠ ـ-پرۆسەی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان
١١ ـ-کوردۆلۆژی (هاونووسەر)
١٢ ـکوشتاری کورد یا ئەرمەن ؟
١٣ ـ .مێژووەک لە پەرتەوازەیی...
١٤ ـ دوالیزمی نەتەوەیی

١٥ ـ ئافرەت و کەلتوور
١٦ ـکوردستانی ساسانی ...
١٧ ـ .سەدەیەک لە شکستی حوکمرانی کورد
١٨ ـ زەردەشتی سیاسی (هاونووسەر)

**پرسی کورد لە کەوتنی عوسمانییەت و گەڕانەوەی عوسمانیەتی نوێ و ئیسلامیەکانی:**

١ ـ سەربردەی پێغەمبەرەکان
٢ ـ .قورئان و سیکیولەری کوردی
٣ ـ قورئان : کۆتایی مێژوو
٤ ـ خوێندنەوەی پراگماتیکی قورئان
٥ ـ زمانی قورئان
٦ ـ خودا و سیستەمی ستەمکاری مرۆڤ
٧ ـ ڕۆژئاواناسی
٨ ـ ڕەهەندی ئایین لە دەستوور
٩ ـ کاریگەریی قورئان لەسەر ئەدەب و زمانی کوردی
١٠ ـ .پەخشانی ئیسلامی کوردی
١١ ـ لاسەنگیی لە دوالیزمی خانیدا
١٢ـ منەوەری کورد و ئیسلامفۆبیا
١٣ ـ ماڵی یەکەم
١٤ ـ کۆلۆنیالیزمی فەلسەفی
١٥ ـ کورد لە قورئان و سیرەدا
١٦ ـ .سیستەمی ستەمکاری مرۆڤ

**کتێبی ئەدەبی:**

١ ـ ڕەخنەو ڕۆمان و ڕۆژنامەگەریی ئیسلامی .
٢–ـ موحەمەد پێغەمبەر لە شیعری کلاسیکی کوردی...
٣ ـ شیعری هاوچەرخی کوردی
٤– ـ ناسیۆنالیزمی ناوەکی و دەرەکی لە شیعری کوردیدا

**کتێبی عەرەبی**

١ ـ دراسة عن احتلال و تقسيم كردستان

**ئەو کتێبانەی کراون بە فارسی**

١ ـ کورد لە نێوان موسڵمانبوون و موسڵمانکردندا
٢ ـ کورد و کوردستان لە نێوان بەرداشی داگیرکەراندا ( تا ٢٠١٠ لە ژێر ڕەقابەی ئیران دەرنەچوو بوو ، لە پاش ئەوە ئاگادار نیم) .

**کتێبی ئینگلیزی**

١) -Eight Kurdish Studies
٢) -to English Grammar An Introduction
٣) -Oxford Grammar
٤) A Map-way to dependence

جگە لە چەندین نامیلکە بەم ناوە خوازراوانەدا (هیوا ئەمین) و ( دڵشاد عوسمان) .

**ئەندام بووە لە چەندین لیژنەی تاوتێکردنی ماستەر لە زانکۆکانی هەرێم.**

-سەرپەرشتیی هەشت نامەی ماستەری کردووە.
بەشداریی چەندین کۆنفرانسی ناوخۆ و دەرەوەی کردووە بە توێژینەوە
لە کۆتاییدا شایانی باسە ئەمە بخەمە ڕوو ، لە ساڵی ٢٠٠٥دا تەرقییەکەی سەلام ناوخۆش بۆ پرۆفیسۆریی یاریدەر بە من سپێردرا .. کە توێژینەوەکانیم بینی ، کە ئەمانە بوون:

١) - polysemy of some adjectives in Kurdish
٢) - diminutive in Kurdish
٣) - diglossia in Kurdish
٤) - the honorfics in Kurdish

هەر ئەوسا دەرکی ئەوەم کرد کە سەلام ناوخۆش زمانەوانێکی ڕەسەنە .. ئاگاداری ڕێبازە نوێیەکانی زمانەوانییە. ئومێدی دوارۆژێکی گەشی لێ دەکرێ. بەڵام بە داخەوە دەردی کۆرۆرۆنای نگریس مۆڵەتی نەدایێ و مەرگ لە (٢٣ – ١٢ – ٢٠٢١) لێی سەندینەوە.
ئارامی و هێمنی بۆ گیانی پاکی.

# «بۆچی دەنگناسی-لەباری بووناسی و شێوازناسییەوە-پاژێك ژ زماناسی نییە؟»

ئەیوب گازرانی

ئاماژەیەک بە، بۆشایی بەرینی فەلسەفی، لـەویـژار*(Discourse)ی زانکۆیی و ڕووناکبیریمان دا»

پێش هەموو شت ،وەک پێشەکی با ئەوەمان لاڕوون بێ کە فەلسەفەی زمان» Philosophy of language «فەلسەفەی زمانی»(زمانشیکاری) Linguistic philosophy

«**فەلسەفەی زمانناسی**» Philosophy of Linguistics **سێ بوارگەی لێکجیا و جیاوازن** :

ئەم کورتە بابەتە، سەرباسێکە لە فەلسەفەی زمانناسی, وەک لقێک لە فەلسەفەدوانەکانی (فلسفەهای مضاف )سەربە فەلسەفەی زانست .وا گریمان، ئەز بۆ چەند دەیـەس، خوێندکارم و، لەوانەیە لە زانستێک دا، لێزان و شارەزا و تەنانەت زانستوەربم. بەڵام ئەوە هێشتا بەو مانا نییە، ئەز کەسێکی خاوەنبیرو داهێنەرم و، بەسەر ئەو زانستەدا زاڵ و سوارم. بەتایبەتی، ئەگەر ئەو زانستە (وەک، ئەدەبیات، مێژووو زمانناسی...)لکوپۆی فرە و فرەوانی لێڤەبووبێ. بۆ نموونە و میناک، با لق وپۆی زانستی زمانناسی

- **بەلەز -ناوبگیربکەین** :
- **زمانناسیی فەلسەفی**:

(فەلسەفەکانی ...زمان / فەلسەفەی زمانشیکاری / فەلسەفەی زمانناسی)

– بیرۆکەکانی زمانناسی( تەشک / پێکهات / کارکرد / ناسیاریی/ پەیکەرە...)

– نیشانەناسی زمان(بیرۆکی / کردەکی)

– واچ(فۆنێم) ناسی / وات(مۆرفێم)ناسی.

– تەشکناسی(مۆرفۆلۆژی) زمانی(صرف)

– پێکهاتی وشە و پەیڤ

– واتاناسی

– ڕێزمان(سینتاکس / نحو)

دەمارناسیی زمان

– دەروونناسیی زمان(تاکی / جڤاکی )

– جڤاکناسیی زمان (چین / توێژناسی زمانی،...)

– جوغرافیای زمان( زار و بنزارناسی ،...)

– زمانناسیی مێژوویی(خێزانەزمان....لێکنزیکی و پێکگرتن و پۆلاندنا زمانی،... )

بن–وشەناسی (ئیتمۆلۆژیا)

- **زماننناسی کارکردی:**

زماننناسی دەستووری: (زمانەوانی ، بەرنامەڕێژی زمانی پێڤەراندنا زمانی)

زمانی زانست (زمانست )

وشەئافراندن: وشەنانەوە / وشەسازی / وشەڤەدۆزین

- زاراوەناسی
- زماننناسی پەروەردە / فێرکاری
- زماننناسیی وەرگێڕان
- تەندروستی زمان (زماندروستی )
- زماندەرمانی
- کۆوشەناسی / وشەنامە نووسی
- ویێژارناسی زمانی:
- زمانشیکاری
- ویێژارشیکاریی ڕەخنەگرانە
- شێوەناسی زمانی / ویژەیی،...

ڤان لق و لکا سەریَ، سیایی و پێرستێکی گشتی سەرچڵ و بەپەلەیە، دەنا بەپێی هەر «بیرۆکە»یەکی زماننناسی ، دەکریَ زانستێن زمانی، بەشێوەی جیاواز و بەگوێرەی ڕێکار و ڕێبازێن لێکجیا بپۆلێنرێن ) ئەتۆ بۆت نییە ڕووبەری گشتی زانستەکە و سەرلەبەری سەرانسویَ بکەی (وەک کەسێک وا هێندە سەرقاڵ و گیرۆدەی جۆر و چەشن و خاسی و تایبەتمەندی دارەکانە لەسۆنگەی زۆر و زەبەندی دارەکان ، ناتوانیَ، سەرلەبەری دارستان ،بێنێتە بەرچاو.) یش بە دیتنا سەرلەبەری دارستان دەگریَ. هیچ زانستوەرێک ، بەبیَ فەلسەفەی زانستەتایبەتەکەی، ناتوانی بەناخی ئەوزانستەدا ڕۆبچیَ و هەست بە لەخۆڕادیتن و بەخۆداپەرموونی زانستی بکا. نەخوازەڵە ئەگەر لە ئاخیزگە، مێژوو و قۆناخە پڕکەندولەندی گەشە و فراژووتنا ئەو زانستەش، بەئاگا نەبیَ. جێی داخە زانستوەر، زۆرچەلان لە نێو دارستانێک لە دیاردە و دیارۆک و چەمک دا، ون دەبیَ و سەری لێدەشێویَ و بەهەڵە و هەڵەت دا دەچیَ. ڕێچاری ئەم ون بوونە تێخوێندنەوەی فەلسەفی(بووننناسی /زانەناسی ، شێوازناسی و...) چەمک و بابەتی ئەوزانستەیە.ئەگەر بمانەویَ لە ڕوانگەیەکی پەتا /خەسارناسانەوە لە ویێژاری زانکۆیی، ڕووناکبیری و ڕامیارییی کوردەواری ڤەکۆڵین و هەڵی سەنگێنین.

ئەوا هەر بەچاوخشاندنێک بە فەرهەنگی کوردەواری دا، تێدەگەین «بۆشایی فەلسەفی» بەرچاوترین و زەقترین کەمو کوڕی و کەمایەسی چاندا ئێمەیە.هەر لە فەرهەنگا ئایینی ،ڕازەوانی و ڕووناکبیری و حێزبایەتییەوە بگرە ، تا تەنانەت وێژاری زانکۆیی. بۆشایی فەلسەفی، کێشە و ئاریشەیەک نییە، بە باسێکی ئەوتۆ، لە کورتی ببڕێتەوە. ئەم سەرباسە، وەک لەخودی دەق دا هاتووە، جۆرێک خەسار / پەتا ناسیی فەرهەنگی کوردەوارییە و کاریگەری تەوەزەلی فکری،لەسەر هەموو بوار و بستێنەکانی ئاوەزمەندی و ژیانا بیرۆکی* و ژیرۆک*مان دا دەردەخا. پێشتریش لە ئاماژەیەک بە ڕەشەکوژی لاوێک دا لەسەر بیروڕا دەربڕین، لەسۆنگەی باڵادەستی دەمارگرژی ئایینی، دەورونەخشی زانکۆ و کەمتەرخەمی وێژاری زانکۆیی –نەخوازە- لەدیوی هەرێم کرا و ئەوەی کە باڵادەست نەبوونی وێژاری زانستی و کەوتنە پەراوێز و کزو لاوازی بیری زانستی، لە بەرگری کردنی شەرمێونانە و ترسنۆکانە لە زانست و وێژاری زانستییەوە، سەرچاوەدەگری.

هەر بۆیە، جێی خۆیەتی کارکردی زانکۆکان لەبنکەوتوویی و کەوتنەپەراوێزی زانست لە خودی زانکۆ و هەروەها لە کۆمەڵگە و کۆبیری گشتی و لە وێژاری ڕووناکبیری دا بخرێتە بەر سەرەنج، لێدوان و لێک ڤەدانی تۆکمە و فرەلایەن: هەرلە کەمتەرخەمی زانکۆ بەرانبەر ئێش و ئاریشەی چاند و کۆمەڵگە گرینگی نەدان و ناشێلگێری زانکۆ لە پەروەردەی زانستی و ئاگانەبوونی نەک هەر خوێندکاران بگرە مامۆستایانیش لەدوادەسکەوتێن زانستی زەمانە چاوپۆشی و سەرداخستنا زانکۆ لە ئاست پاشکەوتوویی زمانی زانست(زمانست) ی پێڤەری کوردی و، خۆشە نەکردنی زمانی کوردی، بۆ چوونە پێشوازی دوازانیاریی و تێگەی سەردەم و دەربڕینی نوێپەیڤ و زاراوەی باوی سەردەمیانە. دەستەوەستانی و ناشێلگیری لە بڵاوە بوون و گەشەنەکردنا هزرین و شێوازی زانستیانە لە نێو خوێندکاران و نڤش و نەوەی نوێی کۆمەڵ دا. بەگشتی بەرپرسی سەرەکی و ڕاستەوخۆی نەهاتنە ئارای زمانستی پێڤەرو پێڤەرێنراوی کوردی، زانکۆکانی هەرێمی کوردستانن هەست بە بەرپرسایەتی نەکردنی بەرپرسانی زانکۆکانی هەرێم و نەحەسیان بە پێداویستی گووران و گەشەی هزرا شێوازمەند و زمانی یەکگرتوو زانستی زەنگین لەم قۆناخە مێژووییەدا سەبارەت بە نەناسینا ئەرک، کردوکار، کارکرد و ڕاسپاردەی زانکۆی ئەم زەمانەوەیە. کاتی ئەوە هاتووە زانکۆی کوردەواری شنگڵ لە خۆ بدا، ئاور لەپێسپێردراوی مێژوویی خۆ بدا و تاناخی ئێسقان بە ڕاسپاردەی سەردەمیانەی خۆی بحەسێ.یاوەک خۆیان دەڵێین بەئەرکی خۆی هەڵسێ!

**دوو لێدوانی ڕەخنەگرانە :**

**تێبینی «ئەلف»** :

١- دیاردەی«دەنگ»بەگشتی و «دەنگناسی»لقێک لە زانستی فیزیا (Acoustics )یە، نەک زانستی زمان و، بەش و پاژێک نییە ژ «زمانناسی».

٢-ئەودەنگ یان «کۆدەنگ»* ەتایبەتییانەی لەزانستی زمان دا، مەبەستە و جێی سەرەنج ،ڤەکۆلّین و ڤەتوێژین.«دەنگ»بە واتای هەرەتایبەتە کە بریتییە لە «زماندەنگ»

٣-بەو دەنگانەی بە جێگۆڕکی، لابردن و گۆڕینیان واتای«وشە/ پەیڤ»دەگۆڕدێ. لەم دەنگە تایبەتییانە لە زمانناسیی دا، (لە«جێگە»و«شێوە»ی بەرهەم هێنانیان،لە کۆئەندامی دەنگی مرۆڤدا،

ڤەدەکۆڵدری)«فۆنێم(oneme)» دەگوترێ.کە فارس«واج»ی پێدەڵێن و ئێمەش لە کوردی دا، چێترە«واچ»*ی هەورامی بۆ دەکاربێنین. بۆ «سامانەی واچ»لە (کۆواچ )*

٤- یەکەی هەرە بچووکی ڕێزمانی واتادار*ی زمان مۆرفێم(morpheme )ە کە فارس«تکواژ»یان«واژک»یان بۆ داناوە. ئێمەش دەتوانین لە کوردی دا «وات»*ی وەک هەڤبەر*(معادل) بۆ دابنین.

٥- بەگشتی زانستی دەنگناسی بریتیە لە:

١-دەنگناسیی فیزیکی( Acoustics)

٢- دەنگناسیی بیستنن/ بیسیاری

٣- دەنگ (واچ )ناسیی:

دەنگەکانی زمان«زماندەنگ»ژی

بریتییە لە«واچ سازی» (بەرهەم هێنانی دەنگ، لە کۆئەندامی دەنگ ):

(١-جێگا و ٢-شێوەی«واچ سازی»*،...)

**تێبینی «ب »**:

دەنگناسی(فۆنەتیک )ئەگەرچی زانستێکە سەربە زانستەیل زمانناسی. بەڵام لەڕوانگەی«فەلسەفەی زانست»ی (زمانناسی)یەوە،بە بەشێک لە زانستی زمانناسی نایەتەئەژمار:

١- لەباری بنەما و شێوازناسییەوە، ڕێکاری ڤەکۆلّین لە دەنگ، لە فۆنەتیک و (دەنگ ناسی)دا لەگەڵ زمانناسی گەلێک جیاوازە. چونکە دەنگناسی وەک هەر زانستێکی ئارڤینی(تجربی)بە ئەزموون و جەرباندن و تاقیگە پشت ئەستوورە. بۆیە لەگەل ئەو

بناخە، ڕێسا ، ڕێکار و چەمکانەی بەردی بنەمای لێکۆڵینەوەی زمان پێک دێنن، لێکجیا و جیاوازن. بەم پێیە،لەباری مێتۆد ولە دیدی«مێتۆدۆلۆژیک /Méthodologie»ڤە، دەنگناسی، بەشێک ژ زماننناسی نییە.با پێوەندی توندوتۆڵیشیان پێکەوە هەبێ.

٢- بابەتی توێژینەوەی دەنگناسیی ماددی و فیزیکی و بەناچار«بەرهەست»ە.بەڵام بابەت و چەمکی لێکۆڵینەوەی زماننناسی

(فۆنێم / واچ و مۆرفێم /وات)دەرهەست و زەینکرد*ە. هەربۆیە سەرەڕای گشت ئەو پێوەندییە چڕومڕ و گەرم وگوڕەی لەنێوان دەنگناسی(فۆنەتیک)و زماننناسیی دا لەئارادایە، لە ڕوانگەی«فەلسەفەی زمان» و شێوازناسی زانستییەوە، دوو دەراڤ و دەڤەری لێکجیا و بەتەواوی جیاواز دیرن. پێم وانییە لە ژێدەر و سەرچاوەکانی دەنگناسی وزماننناسیی زمانی کوردی دا،چ ئاماژەیەک بەم بابەتە کرابێ؟

**نوێ-وشە: وشەی نوێباو:**

* ویژار
* ویژارشیکاری(ڕەخنەگرانە)
*فەلسەفە دوانە(فلسفەی مضاف )
*ناوبگیر کردن: دیاری کردن
*بیرۆکی
*بن-وشەناسی: ئیتمۆلۆژیا
*وشەئافراندن
*کۆوشە:واژگان :
کۆوشەناسی
دیارۆک:دیاردەی بچووک
پەتاناسی : خەسارناسی
*زمانپزشکی
*زماندەنگ
*واچ:فۆنێم
*کۆواچ
*واچ ناسی
*وات : مۆرفێم
* وات ناسی

# بابەتێکی ئێتیمۆلۆژی زمانەوانیی: کامیان ڕاستن: کو یان چۆن؟

شاسوار هەرشەمی

زۆر جاران ئەوە سەرنجمانی ڕاکێشاوە کە، لە هەولێر و هەندێک ناوچەی دی کوردستان، لەجیاتی کورتە وشەی پرسیاری (چۆن)، دەگوترێت (کو). ئایا دەبێت هەردوو پارتیکلەکە، واتا چۆن و کو کوردیی بن؟. ئایا چ جۆرە پەیوەندی و خزمایەتیەک لە نێوان هەردوو کورتە وشەی هاوواتادا هەیە؟. دەکرێت هەردوو وشەکە، پاشەو پاش بۆ دواوە بگێڕینەوە، تا دەگەینەوە سەر چاوگە بنچینەییەکەیان، بۆ ئەوەی لە بن و بۆتکەوە، جیاوازی، یان لێکچوون و لەوانەشە هاوڕەگیان ببینین؟ ئەگەر هاوڕەگ بن، گەلۆ کامەیان کۆن و بنچینەییە؟. ئایا دەشێ بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بەراوردکردنێکی پێوانەیی، بۆ هەردوو کورتە وشە بکەین، بە پشت بەستن بەو ڕێچکانەی لێکۆڵینەوە، کە لە لایەن زمانزانانەوە بناخەکەی داندراوە؟. من دەمەوێت لێرەدا، بە هەڵگژان بە درەختی (زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی)، بە شێوەیەکی زانستی، وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە بدەمەوە:

**کو**: واتا چۆن. چەوا. یان بە چ شێوەیەک. من هەر لە سەرەتاوە ئەوە ئاشکرا دەکەم کە، کورتە وشەکە، ڕاستە و ڕاست لە ڕەگی وشەی زمانی هاوبەشی پرۆتۆهیندۆروپیی، یان بە کورتکراوەیی، زمانی هاوبەشی PIEی کوۆد، یان کوێد /kwed kwod بۆمان ماوەتەوە. هەمان ئامراز، لە زمانە کۆنەکانی، سانسکریتیی و ئاڤێستاییدا، بە شێوەی (ca، چە)، هەبووە، کە دەنگی گۆڕاوی (کە)یە و وا دەنووسرێت. وشەکە لە ئاڤێستاییدا، بە چەندان شێوەی لێکنزیکی دیش دەبیندرێت. وەک ke، کێ کە ئامرازی پرسیار کردنە و واتا کێ، چۆن. هەروەها capa، کەپا واتا کو، چۆن، بەچی. کورتە وشەی keim، کێیم، کە هەر لە ڕەگی وشەی (کە)ڕا هاتووە و واتا کێ. هەر لە زمانی سانسکریتیی، kim، کیم هەیە بە واتای چی. دەبینین لە زمانی لاتینیی، کووۆد، quod، هەروەها quam، کوام بە هەمان واتای (کو) دێت. هەروەک وشەی لاتینیی qui، کوی واتا کێ. دیسان هەردوو وشەی quis، کویس و quid، کوید واتا کێ و چی، چۆن. وشەی لاتینیی qua`litas، کوا لیتەس بە واتای چۆن؟ کو؟. ئەمەش هەمانە کە زاراوەی نێونەتەوی زۆر ناسراوی کوالیتی لێ دروستکراوە.

بەمجۆرە، وشەکە لە زمانی بنەڕەتیماندا، واتا لە کوێد و کوۆدەوە، بە میرات بۆ زمانی کوردیی ماوەتەوە. لە زمانی کوردیی، بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ لەو زمانەدا، دەنگەکانی (د، ێ)کەی وشەکە، قرتاون و وشەکە بۆتە (کو). هاوڕیشەی وشەکە، هێشتا لە زۆر زمانی دی هاوچەرخی هیندۆرووپیی دەناسرێتەوە. تا لە ئیسپانییشدا، que، کێ واتا کامە. چی. هەروەک لە ئیسپانیی que، کو واتا (کە). لە زمانی ئۆسیتیی باوکوری کافکاس، kiyd، کیید واتا کو، چۆن.

دەبینین لە زمانێکی لەناوچووی جێرمانیی، واتا گۆتیی، وشەی (هوە،hwa) واتا کو. دەنگی (هو،hw)ی زمانە جێرمانییەکان، لەهەمان دەنگی (کوkw) ی پرۆتۆهیندۆرووپییەوە هاتووە. هەر بە گوێرەی ڕێسایەکی دی گۆڕانی دەنگ لە زمانە جێرمانییەکان، دەنگی (-ە، -a) لە بنەڕەتدا لە دەنگی (ۆ، o) ڕا گۆڕاوە. کەواتە بە گێڕانەوە و دانانەوەی دەنگە بنەڕەتیەکانی وشەیhwa، هوا لە سەرەوە، سەیر دەکەین هەما (kwo، کوۆ)مان دەست دەکەوێت. ئەمەش هەمان واتای (کو)ی کوردیی دەدات. گەر سەیری وشە دیسان داڕێژراوەکەی پرۆتۆهیندۆرووپیی لە سەرەوە بکەین، دەبینین کۆتایی وشەکە، بە دەنگی (د، d) هاتووە. کەچی نە لە دوا شێوەی کوردیی وشەکە و نە لە شێوەی گۆتیی وشەکەدا، ئەم دەنگی (د)ە، نەماوە و کەوتووە. بەڵام بە گوێرەی ڕێسای گۆڕانی دەنگی گریم بۆ زمانە جێرمانییەکان بێت، دەنگی (د) لە زمانە جێرمانییەکان، وەک چاوەڕوان دەکرێت ناکەوێت، بەڵکو بۆ دەنگی (تو، t ) دەگۆڕێت. بە حەپەساوییەوە دەبینم کە لە چەند زمانێکی جێرمانیی، هەر لە هەمان پارتیکلدا، مان و گۆڕانی دەنگی (د) بۆ (ت) دەبینین. وشەی (کو) ی کوردیی و(هوە) ی گۆتیی و(کوۆدی) لاتینیی و(کوۆد)ی پرۆتۆهیندۆرووپیی، لە زمانی ئەنگلۆساکسۆنییدا، کە شێوەیەکی ئینگلیزیی کۆنترە، وشەکە بۆتە(هوێت،hwet ، وhwa ، هوا). هەمان شت لە ئیسلاندیی کۆندا، بۆتە (هڤات، hvat). هەر هەمان وشەشە کە لە زمانی هاوچەرخی ئینگلیزییدا بۆتە، (وەت، what) بە واتای کو، هەروەها how، هاو لە هەمان زماندا، بە هەمان واتای (کو) دێت و بۆ سەر ڕەگی هەمان وشەی هاوبەشیش دەگەڕێتەوە. لە زمانی هۆلەندیی (hoe، هۆی) واتا چۆن. وشەکانی سەرەوە هەرسێکیان، بۆ سەر چاوگی وشەی (پرۆتۆ) جێرمانیی (هوەت، hwat) دەگەڕێنەوە. لە هەرسێکیشیاندا دەنگی (د)، وەک چاوەڕوان دەکرێت، بۆ دەنگی (ت) گۆڕاوە.

لە هەندێک زمانی دی جێرمانییدا، دەنگی کۆنی زمانی پرۆتۆهیندۆرووپیی هاوبەشی PIE ی (د،d ) هێشتا وەکو خۆی ماوەتەوە. بۆ نموونە هەمان وشە، لە سویدیی کۆندا بۆتە (هڤاد، hvad) و لە سویدیی هاوچەرخیشدا بۆتە (ڤاد، vad) بە واتای چی. دیسان لە زمانی گۆتییhvas ، هڤاس هەبووە، کە هەرهەمان شتە. لە زمانی نەرویژیی kvat، کڤات هەمان واتا و لە هەمان ڕەگە وشەشە. هەروەها kot، کۆت وhot ، هۆت بە هەمان واتا هەن. بە دانمارکیی hvad، هڤاد هەمان شتە. وشەکە لە زمانی کۆنی ساکسیی بۆتە hwat، هوات بە هەمان واتا. وشەکە لە ئەلمانیی کۆنیشدا، بۆتە hwaz، هواز. بە ئەلمانیی هاوچەرخیش دەگوترێت was، واز، کە هەر لە هوازەوە ماوەتەوە.

ڕەگی هەمان وشە، لە پرۆتۆ کوردییدا، یان لەو زمانە کۆنەی کە کوردیی، وشەکەی لێوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، دەبێ دوای دیسان داڕشتنەوەی، (کوێد،kwed ) بووبێت. دەنگی (ێ،e ) لە وشەکەدا، بۆ سوک کردن و ئاسانتر گۆکردنی دەنگی (د، d) هاتووە. وەک باوە، بە کەوتنی دەنگی (د، d)، ئیدی دەنگی (ێ، e)ش کاری خۆی لەدەست داوە و لە گۆکردن کەوتووە. بەو کەوتنەش، لە سەرجەم کوێد، تەنیا (کو) ماوەتەوە. کەوتن و گۆنەکردنی دەنگی (د) لە زمانی کوردیی، ڕێسایەکی باو و ناسراوە، واتا لە گەلێک وشەی کوردیی هاوچەرخیشدا، تێبینی پرۆسەی گۆڕانەکە دەکەین، کاتێک کە وشەی زاراوەکان، لەگەڵ یەکدی بەراورد بکەین.

بەمجۆرە (کو)، لەگەڵ هەموو ئەو وشانەی دی، زمانەکانی سەرەوەدا، خزمایەتی هەیە، سەرەڕای ئەوەش، کە لە ڕواڵەتدا کت و مت لێکناچن. ئەم لێکنەچوونە ڕواڵەتییە، نەبۆتە ڕێگر تا بتوانین تا ڕادەیەک بە ئاسانی، ڕەگی هاوبەشی وشەکان بدۆزینەوە و پێکەوە بەراوردیان بکەین.دیاردەیەکی دی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ، ئەم وشەیەی لە کوردییدا دەوڵەمەندتر کردووە. چونکە وشەکە لە سەرەتادا (کوێد) بووە، واتا لە دوای دەنگی (ک)، دەنگی (وێ) هاتووە، بۆیە دەنگی (ک)ەکە، سوک بووە و بەشێوەی (ک)ی وشەی (کیژ) لە زاری موکریان و باڵەکایەتی و هەولێر، گۆکراوە. تا وشەکە بەرەبەرە بۆتە (چوێد)، ئینجا (چوێ). لێرەدا دەمەوێت بڵێم کە، وشەکانی (چی، چیە، چۆن)، هەر هەموویان هاوڕەگی وشەی (کو)ن و بەرهەمی ڕاستەوخۆی شێوە گۆڕاوەکەی (چوید) ن، کە لە زمانەکەماندا ماونەتەوە. باشترین سەلماندنی مێژووییش، بۆ ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە، ئەوەیە کە وشەکە لە کۆنترین زمانی هیندۆرووپییدا، کە زمانی کەونارای هیتییە و پاشماوەی نوسینەکانی لە باکوری کوردستان دۆزراوەتەوە، بریتیە لە کوی، kui، بە هەمان واتاکانی کێ، چی. تەنانەت وشەی لێکدراوی هیتی، کوی-کوی،kui–kui ، بە واتای (هەر کێ)، هەر لە ڕەگی هەمان وشەوە دروستکراوە و بەکارهاتووە.

لەوانەیە زمانی فەرەنسیی، بە ئەندازەی زمانی کوردیی، وشە کۆنەکەی سەرەوەی، بە باشی و دەوڵەمەندی پاراستبێت. بە فەرەنسیی (کێ) پێیدەگوترێت qui، کوی. هەروەک چۆن و چی، یان (کو) بە فەرەنسیی، بریتیە لە que، کوێ. تەنانەت وشەی «چی»ش لە فەرەنسیی، بریتیە لە que، کوێ. لە زمانی ڕومێنیی، کە زمانێکی لاتینیی وڵاتی ڕۆمانیایە، دیسان وشەی cum، کوم هەیە، بە واتای کو. چۆن. هەروەک لە زمانی گالیی como،

کۆمۆ هەمان شتە. بە ئیرلەندییش بۆ هەمان وشە، دەگوترێت conas، کۆنەس. هەروەها بە ڕوسیی، دەگوترێت s chem?، س چێ-م بە واتای لەگەڵ کێ؟ گەر سەرنج بدەین، وشەی (چیە) لە زمانی ڕوسییدا، پێیدەگوترێت شتۆ،şito. وشە ڕوسییەکەش، لە ڕەگی هەمان (kwed -o، کوێد–ۆ)ی زمانی هاوبەشی PIE ڕا هاتووە. دواتر بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لە سەرەوە لێیدواین، دەنگی (ک)، سوک بووە و لێرەدا بۆتە (ش). بەمجۆرە وشەکە بۆ (شتۆ،şito ) گۆڕاوە. وشە ڕوسییەکەش، لە وشەی زمانی سلاڤیی کۆنی çı–to ، چی–تۆ ڕا هاتووە. هەروەک وشەی ڕوسیی ki–to، کی–تۆ واتا (کێ). ئەمەشیان، هەر بە هەمان شێوەی وشەکانی سەرەوە پێکهاتووە. هەر بە ڕوسیی، دەگوترێت s chem، س چێ-م بە واتای بە کێ؟ یان لەگەڵ کێ؟ دەبینین کە پارتیکلی (کێ) لە دەربڕینەکەدا، بە ڕوونی دەردەکەوێت.

دەبینین لێرەدا ڕاستیەکی دیش، لە داڕشتنەوەی جۆراوجۆری وشەکە، لە زمانەکان بە گشتی دەردەکەوێت. هەردوو دەنگی لەیەک نزیکی (ت. د/ d. t)، لە زۆرێک لە زمانە دەستە خوشکەکانماندا، دوو دەنگی جێگیر و چەسپاو نین. ئەو دوو دەنگە، لە زمانە جێرمانییەکاندا دەگۆڕێن. لە کوردیی و ڕوسییشدا، هەر بەیەکجاری دەکەون و ون دەبن. ئێمە، وەک ڕێسایەکی گشتی، تێبینی گۆنەکردن و لە سەر زاران کەوتن، یان گۆڕانی دەنگەکانی (ت و د)، لە کۆتایی گەلێک وشەی کوردیی هاوچەرخ دەکەین. هەندێک جار هەردوو دەنگ، لە ناوەڕاستی وشەش دا، لە زمانی کوردیی هاوچەرخ، نامێنن و لە سەر زاران دەکەون.

وشەی (کو)، بە شیوە گۆکردنی دی و هەر لە هەمان ڕەگەوە، لە زۆر زمانی هاوچەرخی دیش دەبیندرێت. لە هەردوو زمانی ڕوسیی و بولگاریی، kak، کاک واتا کو. لە زمانە سلاڤییەکانی مەکەدۆنیی، کرواتیی، سێربیی و سلۆڤێنیی، kako، کاکۆ هەمان شتە. لە زمانی سلۆڤاکییشدا، ako، ئاکۆ هەمان شتە. لە زمانی لیتاویی، kaip، کایپ واتا کو. لە زمانە هیندییە هاوچەرخەکانیشدا، هەمان وشە دەناسرێتەوە. لە زمانی بەنگالیی kibhabe، کیبهابێ واتا کو. لە هیندیی، وشەکە بۆتە kaise، کەیسێ، هەر بە هەمان واتاوە.

بۆ بەراوردکاری پتر، سەیری، لێکدانەوەی بەراوردکاری، هەردوو وشەی چۆن و چی، لە خوارەوە بکە.

**چۆن:**

چۆن، هەروەک لە زاری کرمانجیی دەگوترێت چەوا. واتا (کو). کورتە وشەیەکی پرسیاریە، لە چۆنایەتی شت دەپرسێت. لە زمانێکی نزیک بە کوردیی، واتا زمانی تاتیی کەناری دەریای خەزەر، بۆ چۆن، دەگوترێت چۆوا. وشەکە هەروەک چی و چیە، لە ڕەگی وشە، یان پارتیکلی (کو)ڕا هاتووە. واتا پارتیکلەکە، لە ڕەگی دوو شێوەکەی وشەی زمانی هاوبەشی هیندۆرووپیی PIEی (کوۆد، kwod یان کوێد، kwed) ماوەتەوە. دیاردەیەکی دی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ، ئەم وشەیەی لە کوردییدا دەوڵەمەندتر کردووە. چونکە وشەکە لە سەرەتادا (کوێد) بووە، واتا لە دوای (ک)، دەنگی (وێ) هاتووە، بۆیە دەنگی (ک)ەکە، سوک بووە و بەشێوەی (ک)ی وشەی (کیژ)، لە هەندێک زاری کوردیی گۆکراوە. (وەک لە گۆ کردنی وشەکانی کوێ. کوێر. کوێرایی. کوێرەوەری. کوێستان... دەردەکەوێت). واتا وشەکە، لە کوێدەوە، بەرەبەرە لەسەر زاران بۆتە (چوێد)، ئینجا درەنگتریش بۆ (چوێ) گۆڕاوە (بە کەوتنی ڕێساداری دەنگی (د) لە زمانی کوردیی). وشەکانی (چی، چیە، چۆن)، هەموویان هاوڕەگی وشەی (کو)ن و بەرهەمی ڕاستەوخۆی شێوە گۆڕاوەکەی (چوید) ن، کە لە زمانەکەماندا ماونەتەوە. باشترین سەلماندنی مێژوویش بۆ ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە، ئەوەیە کە وشەکە لە کۆنترین زبانی هیندۆرووپییدا، کە هیتییە، بریتیە لە (کوی،kui ) بە هەمان واتاکانی کێ، چی. تەنانەت وشەی لێکدراوی هیتیی کوی–کوی، kui –kui ، بە واتای (هەر کێ)، هەر لە هەمان وشەوە دروستکراوە.

بە فەرەنسیی، کێ پێیدەگوترێت qui، کوی. هەروەک چۆن و چی، یان کو بە فەرەنسیی بریتیە لە que، کوێ. تەنانەت وشەی «چی»ش لە فەرەنسیی بریتیە لە que، کوێ. لە زمانی ئیسپانیی بۆتە porque پۆڕ–کێ. لە زمانی ڕومێنییدا بۆتە dece دێ–چێ. تا لە لە فارسییش، چرا واتا چۆن. لە زمانی هیندیی بە شێوەی kyom، چۆم ماوە. بە زمانی ماراتیی ka، چا هەمان شتە. لە زمانی بەنگالیی kena، چێنە هەمان.

**چی:**

چی، پارتیکلێکی ناسراوی کوردییە. بە مەبەستی داواکردنی ڕوونکردنەوەی شتێک، لە شێوەی ئاراستەکردنی پرسیار، بەکاردێت. پرسیاری بە چی، دەرخەری ئەوەیە کە پێشتر لەسەر پرسەکە زانیاری دراوە، بەڵام گوێگر لێی تێنەگەیشتووە، یان چاوەڕوانی زانیاری پتر دەکات. پارتیکلەکە، هەروەک پارتیکلەکانی دی چۆن و چیە، لە ڕەگی هاوبەشی

پارتیکلی (کو) ڕا هاتووە. واتا پارتیکلەکە، لە ڕەگی وشەی زمانی هاوبەشی PIEی کوۆد، kwod یان کوێد، kwed ماوەتەوە. دیاردەیەکی دی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ، ئەم وشەیەی لە کوردییدا دەوڵەمەندتر کردووە. چونکە وشەکە لە سەرەتادا (کوێد) بووە، واتا لە دوای (ک)، دەنگی (وێ) هاتووە، بۆیە دەنگی (ک)ەکە ، سوک بووە وبەشێوەی (ک)ی وشەی (کیژ) لە هەندێک زاری کوردیی، گۆکراوە. (وەک لە گۆ کردنی وشەکانی کوێ. کوێر. کوێرایی. کوێرەوەری. کوێستان و هیدیشدا گۆدەکرێت). واتا وشەکە، لە کوێدەوە، بەرەبەرە لە سەر زاراندا بۆتە (چوێد)، ئینجا درەنگتریش بۆ (چوێ) کورت بۆتەوە. کەوتنی دەنگی (د) لە کۆتایی وشەی زمانی کوردیی، ڕێسایەکی باو و ناسراوی ئەم زمانەیە.

بەمجۆرە، وشەکانی (چی، چیە، چۆن)، هەموویان هاوڕەگی پارتیکلی (کو)ن وبەرهەمی ڕاستەوخۆی شێوەی گۆڕاوی (چوید)ن، کە لە زمانەکەماندا ماونەتەوە. باشترین سەلماندنی مێژووییش بۆ ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە، ئەوەیە کە وشەکە لە کۆنترین زمانی هیندۆروپییدا، کە زمانی کەونارای هیتییە، بریتیە لە کوی، kui بە هەمان واتاکانی کێ، چی. تەنانەت وشەی لێکدراوی هیتی کوی- کوی، kui–kui، بە واتای (هەر کێ)، لە هەمان وشەوە دروستکراوە. بە لاتینیی quod، کواد هەمان شتە. بە فەرەنسیی (کێ) پێیدەگوترێت qui، کوی. هەروەک چۆن و چی، یان (کو) بە زمانەکانی ئیسپانیی و فەرەنسیی، بریتیە لە que، کوێ. تەنانەت وشەی «چی»ش لە فەرەنسیی، بریتیە لە que، کوێ، یان quoi، کوۆی. لە زمانەکانی گالیی و پورتوگالیی، پارتیکلی o que، ئۆ کوێ، بە هەمان واتا دێت. لە زمانی ڕومێنیی ce، چێ هەمان شتە. بە زمانی لیتیی، ko، کۆ هەمان شتە. لە زمانی لیتاویی kas، کاس هەمان واتای هەیە. لە زمانی کۆنینەی کێلتیی ئیرلەندیی cad، کاد هەمان شتە. لە زمانی هیندیی kya، کیا هەمان. لە زمانی پۆلۆنیی co، کۆ بە هەمان واتا. لە زمانی سلۆڤاکیی، cho، چۆ هەمان شتە. بە زمانی سلۆڤێنیی kaj، کەی هەمان واتایە.

گەر سەرنج بدەین وشەی (چیە)، لە زمانی سێربیی و ڕوسییدا، پێیدەگوترێت شتۆ، şito. وشە ڕوسییەکەش لە هەمان (kwed–o،کوێد-ۆ)ی زمانی هاوبەشی PIE هاتووە. دواتر بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لە سەرەوە لێیدواین، دەنگی (ک)، سوک بووە ولەجیاتی دەنگی سوکبووەوەی (ک)ی کوردیی، لەو زمانانەدا بۆتە (ش). بەمجۆرە وشەکە بۆ (شتۆ- şito) گۆڕاوە. وشە ڕووسییەکەش، بۆ خۆی لە وشەی کۆنتری زمانی سلاڤیی

کۆنی çı-to، چی- تۆ هاتووە. هەروەک وشەی ڕوسیی ki-to، کی-تۆ واتا کێ، هەر بە هەمان شێوە پێکهاتووە.

**ئەز:**

ئەز، هەروەک من، خۆم. جێناوێکی ناسراوی زمانی کوردییە، کە ڕیشەیەکی زۆر کۆنی هەیە و دەمەوێت لێرە، بە کارێکی بەراوردکاریی، بگەڕێمەوە سەر ڕیشەی جێناوەکە. لە سەرەتاوە، دەڵێم کە لەوەتەی نووسین بە کوردیی هەیە، بەکارهێنانی وشەی ئەزیش، لە زوربەی زارە کوردییەکان دەبیندرێت.

بابەتاهیر(سەدەی یازدە) بە زاری لوڕیی دەڵێت: (ئەز) ئان ئەسپیدە بازوم هەمەدانی... بە تەنهایی کەروم نەچیرەوانی. عەبدوللا جەوهەر(سەدەی سێزدە) بە زارێکی تێکەڵ لە کرمانجیی و موکریانیی دەڵێت: (ئەز) خوە زانم کە ئۆیانم گیانە...هەر ئانکە ئۆیانە بوژە ئەو خوایە. جەشنی(سەرەتای سەدەی چوردە، دەڵێت: (ئەز) ئەو بازم ئەزو بازم ئەزو باز...کە گرد لامەکانم کەرد پەرواز. ئەحمەدی کۆر (١٧٧١-١٨٥٦ز)، بە زاری موکریانیی دەڵێت:(ئەز) دەناڵم سوبح و شامان...سینە داغم ڕاست و چەپ. سەیدی هەورامی (١٧٨٥-١٨٤٩ز): دەڵێت: (ئەز) ئورۆمۆن مەکانم بێ وەڵاتم...سەرو پیری خوای گێرتەن خەڵاتم. نموونەکەی نالیش لە کۆتایی داندراوە. کۆنترین شێوەی تۆمارکراوی ئەم جێناوە، لە زمانە ئێرانییەکاندا، لە دەقە کۆنەکانی ئاڤێستای بەرایی و کۆندا دەبیندرێت. وشەکە لە زمانی ئاڤێستا، بە شێوەی azem، ئەزێم هاتووە. تەنیا جارێکیش بە شێوەی aze، ئەزێ دەرکەوتووە.

لە زمانە خزمەکانیشدا، دەبینین کە لە زمانی تالیشیی ئەز. بە تاتیی ئاز. لە ئۆسیتیی az، ئەز. سەیر دەکەین هەمان جێناو، یان وشە لە زمانی سانسکریتییدا بە شێوەی ئەسمی، asmi، هەروەها aham، ئەهەم دەرکەوتووە.

هەروەک لە سلاڤیی کۆنیش هەر بە az، ئەز دەبیندرێت. بە بولگاریی az، ئەز هەمانە. بە سلۆڤاکیی jaz، یەز. مەکەدۆنیی jas، یاس. لە پروێسیی  ئەز بە as، ئەس هەبووە. لە ئەرمەنیی بریتیە لە yaz، یەز. لە لێتیی es، ئێس واتا ئەز. لە لیتاوییدا وشەکە بە aş، ئەش گۆ دەکرێت.

لە زمانە گێرمانییەکاندا، هەمان جێناو لە باری بەرکاریدا، نەک بکەریی، دەناسرێتەوە. لە ئینگلیزیی us، ئەس واتا مە، خۆمان. لە سویدیی و ئیسلاندیی oss، ئوسس بە هەمان واتا. لە ئەلمانیی بۆتە uns، ئونس.

ئەگەر هێشتا بۆ دواوە بگەڕێینەوە و بچینە سەر کۆنترین زمانی ناسراوی هیندۆرووپیی، کە هیتییە، دەبینین هەمان وشەی ئەز، بە ug، ئوگ تۆمارکراوە. ئوگ دەرکەوتنی سەرەتای ئەو گۆڕانەیە، کە دواتر لە چەند زمانێکی دی دەردەکەون و هێمای بۆ دەکەین، تا دێینەوە سەر شێوە کوردییەکەی.

لە زمانی لاتینیی وشەی ئەز بۆتە ego، ئێگۆ بە واتای من، ئەز. لە گریکییشدا هەر هەمان جێناوە ego، ئێگۆو. زاراوەی ناسراوی نێودەوڵەتی لە لاتینیی وەرگیراوی ئێگۆیزم، بە واتای خۆپەرستی، خۆویستی، لە هەمان جێناوی سەرەوە داتاشراوە. واتای ڕاستی وشەکە، دەبێتە (ئیخۆمی)، یان کەسێک کە شت بە هی خۆی (ئی خۆی) دەزانێت، ئەوەی کە لە زاری هەولێر پێی دەگوترێت (ئێخۆی، ئێخۆم) هەمان واتا دەگەیەنێت.

ئێستا با بزانین وشەکە لە PIE ڕا چۆن گۆڕاوە؟ لە دەنگە گۆڕاوەکەی (گ)دا، لە زمانی ئاڤێستا و زمانە بەلتۆسلاڤییەکان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو (گ) دەنگێکی کاڵە، لەو جۆرەی کە لە بەشی پیشەوەی مەڵاشو گۆ دەکرێت. واتا بریتیە لە هەمان دەنگی لاتۆڤێلاری «g»، کە لە دەنگی (گیا)ی کوردییدا دەردەکەوێت و لە (ج) دەچێت. ئەمەش بە ئاسانی دەناسرێتەوە، بە جێگۆڕکێ کردنی دەنگەکەی (گ) بۆ دەنگی (ک). گۆڕانی دەنگی (ک)یش بۆ (ز) و (س) دیاردەیەکە لە زۆرێک لە زمانە ساتێمیەکاندا دیارە. بە تایبەت کە دەبێتە دەنگی (س). دەستپێکی جێناوەکەش بریتیە لە پیتێکی بزوێن، یان ڤاول. ڤاولەکە لە ئاڤێستایی و سانسکریتیی و سلاڤیی کۆن و پروێسیی و لیتاویی و زمانانی دیش، بریتیە لە (ئە،a). بەڵام دوای شارەزا بوونمان لە گۆڕانی ڤاولەکانی (ێ، ۆ) بۆ (ئە) لە زۆرێک لەو زمانانەدا، هاوکات لە ڕێگای بەراوردی وشەکەوە لەگەڵ هاوتاکەی، لە لاتینیی و گریکییشەوە، بۆمان ڕوون بۆتەوە، کە ڤاولی سەرەتای وشەکە (ێ، e) بووە، نەک (ئە)ی کوردیی و سانسکریتیی و زمانەکانی دی سەرەوە. بەمجۆرە وشەکە بە شێوەی -h١eg، هێگ- بە واتای «ئەز، من» تا سەر زمانی هاوبەشی PIE جارێکی دی دادەڕێژرێتەوە.

وشە پرۆتۆهیندۆرووپییە، کە هەر زوو بە دوو پاشگری لێکجیا گۆ کراوە. یەکەمیان بریتی بوو لە {h١eg-oH، هئێگ-ۆه} کە هەردوو وشەکانی گریکیی و لاتینیی، بۆ سەر ڕەگی ئەو وشەیە دەگەڕێنەوە. شێوەی دووەمیشیان بریتی بووە لە {h١eg-Hom،ه (ئێگ-ۆم) }کە بۆ (ئێغۆم و ئێخۆم ئیخۆم) گۆڕاوە. هەمان وشە هێشتا لە کوردییدا بە شێوەی (ئیخۆم، یان هیخۆم) بۆ جێناوی باری خاوەنداریێتی بەکار دێت. هەر بە هەمان

شێوە، وشەی ئاڤێستایی (ئەزێم) و سانسکریتیی (ئـەهەم) لە گەشەی هەمان وشەی پرۆتۆهیندۆرووپیی (ئێگۆم)ەوە هاتوون. ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ هەڵدێنێ، کە وشەی هاوچەرخی (ئەز)ی کوردیی، لە بنەڕەتدا لە هەمان وشەی کەونارای پرۆتۆهیندۆرووپییەوە بۆمان بە میرات ماوەتەوە. دواتر وشەکە پەرەی سەندووە و گۆڕاوە، لە (ئێغۆم )ەوە بۆ (ئێزۆم و (ئەز–ۆم) و ئینجا دواتر بۆ (ئەز) کورت بۆتەوە. دەبینین لە سانسکریتدا دەنگی (گ)، یان (غ، ز) بۆ (h) گۆڕاوە، کە لێکۆڵەرەوان لایان وایە بەرەنجامی کارلێ کردن و پێکەوە هاتنی هەردوو دەنگی کۆنی (g–H)ە.

جێناوی خاوەندارێتی (ئی خۆم) ڕاستەوخۆ لە سەر زمانی پرۆتۆهیندۆرووپیی ڕا گەشەی کردووە. بە هەمان شێوەی جێناوی ئەکوساتیڤی (خۆم). دەکرێت (ئی خۆم) لەگەڵ هەردوو وشەی گریکیی و لاتینیی (ئێگۆ) بەراورد بکرێت. گەر سەرێک لە زمانە گێرمانییەکانیش بدەین، بارەکە هێشتا باشتر دەردەکەوێت. لە زمانی هەرە کۆنی گێرمانیی، واتا گۆتیی، بۆ ئەز ik، ئیک دەبینین. بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگی گریم لە گێرمانیی، دەنگی (ک)ی گێرمانیی، دەبێ لە دەنگی (گ،g)ی پرۆتۆهیندۆرووپییەوە هاتبێت. بەمەش دەردەکەوێت، کە (ik)یش، دیسان ڕاستەوخۆ لە ڕەگی -h١eg، هێگ–ی زمانی PIE گەشەی کردووە. دەنگی (ێ) بۆ (ی) گۆڕاوە. دەنگی (گ) یش نەبۆتە (غ) یان (خ) بەڵکو بۆ (ک) گۆڕاوە. با سەیری هەمان وشە یان جێناو لە ئەلمانیی بکەین کە بۆتە ich، ئیخ. لە گێرمانیی باکور، جێناوەکە بە شێوەی ek، ئێک تۆمار کراوە. لە سویدیی بۆتە jag، یاگ. هەر ڕەگی هەمان وشەیە کە دواتر لە زمانی ئینگلیزییدا (ک)ی لێکەوتووە و بۆتە I، ئای. وشەی (خۆ)ی کوردیی، خزمایەتی لەگەڵ وشەی دیش هەیە وەک: وشەی سویدیی själv، خێڵف، بە هەمان واتای (خۆ، یان خۆم). هەروەک وشەی ئینگلیزیی self، سێڵف هەر بە واتای (خۆ). بەشی پیشەوەی هەردوو وشە (خێ و سێ) لەگەڵ (خۆ)ی کوردیی هاوڕەگن. وشەکە کە لە فارسییش (خود)ە، لە زمانەکانی پێشوتری کوردستانیش، لە پارسیی کۆن خڤەتۆ، xvato و لە پەهلەوییش بە شێوەی خڤەت،xvat هاتووە.

نالی دەڵێت: خاو و بێ خاوی دو زوڵفی خاوم ئەز... چاوە چاوی یەک غەزالە چاوم ئەز.

**تێبینی**(١):- نموونەکانی سەرەوە، لە بابەتێکی کاک ڕزگار جەباری وەرگیراون.

**تێبینی**(٢):- بابەتەکە لە بەرگی یەکەمی (فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردیی) داندراوە.

ئەنالۆگی، Analogi

زۆر جاران گوێمان لە منداڵی تازە زمان پژاو، یان منداڵی تازە بەر خوێندن خراو دەبێت، کە هەندێک وشەی زمان، بە هەڵە گۆ دەکەن. مەبەستم لەو هەڵانە نییە، کە یەکجار و بە ڕێکەوت ڕوو دەدەن، بەڵکو ئەو هەڵانەن، کە منداڵ تا ماوەیەک، منجڕانە خوی پێوە دەگرێت و وا دەزانێت وەک ئەو ڕاست بێت. وەک ئەگەر بگوترێت (بخوارە) لە جیاتی خواری بکە.

دیارە گەورەش هەڵەی باوی ڕێزمانیی دەکەن. مەبەستم لە (گەورە)، تاکە کەسێک نیە، بەڵکو جاری وایە، هەموو خەڵکی ناوچەیەک. دیارە لەم بابەتەدا، مەبەستم لە جێگۆڕکێ کردنی دەنگیش لە پەیکەرەی وشەدا نیە، کە دەچێتە خانەی زار و بنزاری لێکجیاواز. وەک: وەڕین= ڕەوین. شەرواڵ= شەڵوار. تەرزە= تەزرە و...

مەبەست لەم کورتە بابەتە زمانەوانیە ئەمەیە، کە هەندێک جار، بە هۆی ڕێسا ئاڵۆزەکانی گۆڕانی دەنگ لە زمانێک، کە لە پرۆسەیەکی دوور و درێژی قۆناغەکانی گەشەی زمانەکەدا، هەندێک وشە، بە شێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ ئاراستەی باوی زۆرینەی وشەکانی دی، لەکاتی گەردان بووندا دەگۆڕێن. ئەو گۆڕانانە، لە بنەرەتدا، بێ خەوشن و ڕێزمانین. واتا گەر دیسان بە گوێرەی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ، بە دواداچوونیان بۆ بکەین، دەکرێت ساغ بکرێنەوە، کە لادانەکان چۆن و بۆچی ڕوویانداوە.

زۆر جاران خەڵک و کەسانی ئاسایی، کە هەر لە منداڵیەوە، لەگەڵ پرۆسەی زمان فێر بوون و زمان پژاندا، ڕێزمان و ڕێسا دیارەکانی زمان، بە شێوەیەکی سروشتی دەچنە مێشکیانەوە، نایانەوێت بە دوای ئەو گۆڕانانە بکەون، کە لە ماوەیەکی دوور و درێژ و قۆناغ بە قۆناغ، لە پەیکەرەی وشەکەدا ڕوویانداوە و ڕاستەوخۆ ناچنە ژێر ڕێسا ڕەچاوکراوەکانی ڕێزمانەوە.

لە مێشکی ئەو جۆرە کەسانە دا، ئەم جۆرە گۆکردنە هەڵە و نەزانانەیە، بۆیە (دەبێت) ڕاستی بکەنەوە. سەیر بکەن، کاتێک کە لەباری گەردان بوونی هەندێک کرداری باودا، دەڵێین:- (بردمان، خواردمان، شۆردمان، کردمان....)، کەچی لە هەندێکی دی دا، لەپڕ دەڵێین چووین. هاتین.

مێشکی ڕێزمانیی هەندێک کەس، ناتوانێت چووین و هاتین پەسەند بکات و دەڵێن (چوومان، هاتمان). من لە بنزاری کوردانی گەڕەکی (شۆریجە)ی شاری (کەرکوک)، ئاوام گوێ لێ دەبێت. بێگومان لای تۆش نمونەی دی لەمشێوەیە هەیە، گەر دەتەوێت بیخەیتە سەر.

ئەم دیاردەیە لە هەموو زمانەکان، یان لای کەمێک لە ئاخێوەرانی هەموو زمانەکان هەیە و لای زمانناسانیش، دیاردەیەکی ناسراوە و لێی کۆڵدراوەتەوە. بەتایبەت زمانناسانی زانستی (دیسان دارشتنەوەی وشە)، کە سەروکاریان لەگەڵ ڕێساکانی گۆڕانی دەنگە، باشدیاردەکە دەناسن. دیاردەکە ناوی لێندراوە ئەنالۆگی. کەواتە دەکرێت وا پێناسە بکەم کە:-

**ئەنالۆگی**:- Analogi بریتیە لە ڕاهاتنی خەڵک (ئاخێوەران) بە پێڕەوی کردن لە ڕێسا گشتیەکانی زمان. لە زۆر باردا ئەگەر یاسا و ڕێساکانی دەنگیش، شێوەی وشەیەک و چۆنیەتی گۆکردنەکەی، لەبەر پێویستیەکی ڕێزمانی بگۆڕن، ئەوا ئاخێوەران، هەر لە خۆیانەوە و وەک کە بە گشتیی پێی ڕاهاتـوون، دەیانەوێت گۆکردنی وشە ڕاستەکە، دیسان بەبێ لادانە دەستوورییەکان و وەک ڕێسا ڕێزمانییە باوەکە (ڕاست بکەنەوە)، تا وەکو شێوە گشتیەکەی لێبێتەوە، ئەمە هەتا ئەگەر بشزانن، ئەوە لە ڕووی ڕێزمانیەوە هەڵەیە، بەڵام لۆژیکیتر دێتە بەر گوێ، تا بە هەڵە و دژ بە ڕێسا باوەکان گۆی بکەن. وەک لەجیاتی ئەوەی بڵێین (چووین) بڵێین (چومان). بە هەمان شێوەش هاتمان. زمانی منداڵی بچووک، نمونەی وای زۆر تێدایە.

# ڕاستە زمانی کوردی ئەعجەمییە و زمانی عەرەبیش بەهەشتییە

ستار باقی کەریم

ئیتر دەبێت کوردزمان هەردەم گوێڕایەڵی عەرەبزمان بێت، لە ڕاستیدا پرسی زمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەشێ بە جۆرێکی جیاوازتر وەک لە ناوچەکانی دیکەی جیهان هەیە شیکردنەوەی بۆ بکرێت، هەڵبەت ئەوەش بۆ کاریگەری ڕۆڵی شتگەلێکی پیرۆزتر لە خودی زمان و نەتەوە و خاک و نیشتیمان دەگەڕێتەوە.

ئەگەر بە شێوە تەقلیدییەکەی لەبارەی وڵات و خاک و نیشتیمان بڕیار بدەین لەوەی زمان کۆڵەگەیەکی سەرەکی دروستکردنی دەوڵەت بێت، لەم کاتەدا گومانی ناوێت دەبێ کورد بکەوێتەخۆ کە داخۆ ئەگەر زمانەکەی پیرۆز نەکرێت یاخود بخرێتە ژێر ڕەحمەتی زمانگەلێکی دیکە لەوانەش عەرەبی، ئایا چۆن دەبێت باس لە دروستکردنی نیشتیمان و وڵات بکرێت!

هەڵبەت لەبارەی ئەم پرسەوە دەتوانم بڵێم ئەوەیان جۆرێکە لە پۆلێنی ئایینی بۆ زمانە ناعەرەبییەکانی وەکو (عەرەب و فارس و تورک..) لەگەڵ ئەوەشدا مەرامێکی شاراوەی لە پشتە ئەویشیان بریتییە لە بالاکردنی زمانی عەرەبی بەسەر تەواوی زمانەکانی دیکە، کە ئەوەش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندی زمانی عەرەبی دەشکێتەوە، کەواتە ئایین کراوەتە بیانوو بۆ توانەوەی گەلانی تر بەتایبەتیش کورد، هەروەها ئایین کە بۆتە کۆڵەگەی سەرەکی نەتەوەی عەرەب، لەوێشەوە زمان پیرۆزترینیانی پێ براوە، کە ئەویش زمانی عەرەبییە. هەمیشە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە چەندە ڕاستە ئەو کەسەی شارەزایی زمانی عەرەبی نەبێت جاهیلە؟

خودی وشەی جاهیل داهێنراوێکی ئایینی ڕووتە و گرێدراوە بە ئایینی ئیسلامەوە، کە ئەوەیش لە وەسفی نەیارانی خۆا هەستاوە بە داتاشینی ئەم وشەیە، کە مەبەست لێی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە نەچوونەتە ژێرباری ئایینەکە یاخود تێگەیشتنیان بۆی لە خەڵکە هەرەمەکییەکە تەواو جیاوازە.

لەدنیای دەروونناسییدا ناتوانرێت بە منداڵ بگوترێت جاهیل، چونکە هەموو شتێک دەزانێ، بەڵام بەقەد قەبارەی لێکدانەوە و بۆچوونی خۆی هەروەها منداڵ هێشتا تەواوی ئایکۆنەکانی مێشکی ئەکتیڤ نەکراون، کەواتە وشەی جاهیل مەبەست لێی جیاکردنەوە و ناسینەوە غەیرە ئیسلامەکان بوونە، کە لە دوایدا مەبەستیان بووە لەم ڕێگایەوە بخرێنەبەر دەم نەفرەت و نەعرەتەی کۆمەڵگای زۆرینەی ئیسلام.

لێرەوە شارەزایی لە عەرەب ئەگەر مەبەست لێی زمانی عەرەبی بێت ئەوە پێویست بەوە دەکات نەوەک تەنها بۆ عەرەب، بەڵکو بۆ زمانەکانی دیکەش شارەزاییمان هەبێت،

بەڵام ئەگەر پرسەکە پێویست بە ناسینی عەرەب بکات ئەوە لە قورئاندا باشترین ناساندن بۆ عەرەب کراوە کە لەسەر زاری خودا لە سورەتی تەوبەدەوتری ( الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٩٧). خۆ ئەگەر لێرەدا خودای ئیسلام مەبەستی خەڵکی گوندنشینەکانی دەوروبەریش بووبێت، بەڵام بەدەر نییە لە ڕاستی و هەقیقەت.

بۆیە شتێک نییە بە ناوی جاهیل، ئەوەی لێرەشدا هاتۆتە نووسین مەبەست لێی بانگەشەکردن بووە بۆ ناساندن و گەورەکردن و بگرە سەپاندنی زمانێک کە بۆ مەبەستی ناسینی پێش هەموو شت پێویست بە خۆفێرکردنی ئەو زمانە (عەرەبی) دەکات، ئەگینا چۆن دەکرێت بتەوێت خۆت لەجاهلیەت رزگاربکەیت بەبێ ئەوەی زمانی عەرەبی بزانیت. کەواتە جاهیل ئەوەیە کە دەیەوێت لە جەهل تێبگات، بۆ ئەوەی هەقیقەتی جەهل و جاهیلیەت لە بەرانبەرەکەی بگەیەنێت، چونکە مرۆڤ هەمیشە بوونەوەرێکە بۆ تێگەیشتن لە بوون پێویستی بە نەزانین یا ئەوە ناونراوە _جاهلیەت) هەیە، چونکە ئەگەر ئەوەی دواییان بە قۆناغێک دابنێین بێگومان نابێتە دوا قۆناغ، بەڵام دەربڕینێکی لەم جۆرە لە نێو ئاینی ئیسلامدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی وەک دوا پەیامی ئایینی هێناوەتە زمان، بێگومان زانینیش پێچەوانەی ئەو و جاهیلیەت هیچ قۆناغێکی نییە و بگرە ناکۆتا پێویستمان بە زانینە، دیارە کە ئایینی ئیسلامیش ئەوەی باسکردووە بۆ ئەوەی بووە کە خەڵک بکەونە شوێنی بۆ ئەوەی بە قسەی ئەوان لە جاهیلیەت رزگاریان بێت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی حەز و خولیا و فزولیەتی بێ ئەندازەیە. بەڵام بیریان چۆتەوە کە ئایین مرۆڤ لە قالب دەدات و بە جاهیل و ناجاهیل لە قالب دەدات و دەیانگووشێت.

**بەڵام ئایا ڕاستە زمانی عەرەبی، واتە زمانی قورئان؟ ئایا زمانی هیچ میللەتێکیتر پەسەندکراوە بەسەر بەسەر زمانێکیتر؟**

بەگوێرەی پێودانگی ئایینەکان بێت، بێگومان بەڵێ زمانی فەرمی ئایینی پەسەندکراوترە بەسەر زمانی کۆمەڵگایەکی غەیرە ئایینی. هەڵبەت زمانی عەرەبیش ئەم شەرەفەی پێبراوە. هەر بۆیە ناکرێت ئەم هەقیقەتە لە بیر بکەین، بەڵام دەشێت ئەم پرسیارە بۆ سەرەدەمی ئێستا بەم سادەییە وەڵام بدرێتەوە، بەڵام بۆ ساڵانی پێشووتر هەرگیز بەم سادەییە نەدەکرا قسە لەسەر بابەتێکی لەمجۆرە بکرێت، چونکە ئەگەر دیقەت بدەین دەبینین شیکردنەوە و لێکدانەوە و تەنانەت وەرگێران بە ئێستاشەوە بۆ زمانی ڕاستەوخۆی

ئایینەکان ناکرێت. بۆ ئەوەش بەڵگە زۆرە، ئەوەتا ناشێت و نابێت بانگ بە زمانێکی غەیرە عەرەبی بێت یاخود نوێژکردن تەنانەت ویتر و دوعاش لەم تێگەیشتنە بێبەری نین.

بەگشتی زمانی هەر ئایینێک واتای هێز و سەپاندنی ئەو زمانە دەگەیەنێت و بۆیە لەم ڕێگەشەوە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ داوا لە شوێنکەوتوانی دەکات پابەند بن بە فێربوونی زمانی ئایینەکە جا هەر زمان و بگرە شێوەزاریکیش بێت. سەبارەت بە زمانی عەرەبیش لە قورئان نکۆڵی ناکرێت بە شێوەی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی عەرەبی هاتۆتە نووسین، کە ئەوەش پرسیارێکی جەوهەرییە، کە ئایا چۆن و بە چی شێوە و جۆرێک توانراوە لەم سەردەمەدا زمانێکی ستانداردی لە مجۆرە بخرێتەکار و لەوەش زیاتر پەرتووکێکی مەزنی ئایینی پێ بنووسرێتەوە.

لە کۆتاییدا، ئایا دەتوانین بڵێین بێجگە لە زمانی پەیام (قورئان، تەورات، ئینجیل، ئاڤێستا) زمانەکانیتر بە ئەعجەمی دێنە ئەژمارکردن تەنانەت بە زمانی عەرەبیشەوە؟

بە پشت بەستن بەو زمانە عەرەبییەی نێو دەقەکانی قورئان بێت، تەنها زمانی عەرەبی زمانێکی پیرۆز و دروست و گرنگە و ئەوانیتریش دەبێت ناوێکیان بۆ دابتاشرێت کە ئەویش وەسف کردنیانە بە ئەعجەمی.

جیاوازی و دانانی نازناو و ناوێکی دیکەی لەم جۆرە بۆ زمانەکان بۆ پیرۆزکردنی زمانە نا ئەعجەمیەکانە، لەم نێوەندەش زمانی عەرەبی پشکی شێری بەردەکەوێت کە هەموو ئایینەکە لە خزمەت ئەودا خراوەتەکار. کاتێ سوپای ئیسلام هێرشیان کردە سەر شانشینی فارس، بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠٠ساڵ قسە کردن بە زمانی فارسیان لەولاتەکە قەدەغە کرد، کەواتە ئەم داوایە بۆچی سەپێنرا ئەگەر مەبەست لێی پیرۆزکردنی زمانێک بەرانبەر ئەوەیتر نەبێت!

لێرەوەیە هێزی بەکارهێنانی زمان خۆلا دەسەپێنێت و دەبێتە لۆژیکی زمانی دەسەڵات، جا ئەم دەسەڵاتە نەتەوە یا ئاینی بێت، هەرچەندە لە نێو عەرەب و پەیرەوانی ئایینی ئیسلام فەزڵ دراوەتە عەرەب زمان.

# کەوتنە ژێر
# کاریگەریی زمانێك

دیاکۆ هاشمی

زۆر جار مرۆڤ لە کاتی بەکارهێنانی زمانەکەی خۆیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زمانەکانی تر، بەتایبەت زمانی باڵادەست لە وڵاتەکەدا یان تەنانەت زمانە زیندووە زاڵەکانی تر. ئەم کاریگەرییە دەتوانێت هەم ئەرێنی و هەم نەرێنی بێت و بەپێی توانای زمان و بەرکەوتنی مرۆڤ بە زمانەکانی دیکە دەتوانێت جیاواز بێت. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین:

١. **بەقەرزوەرگرتنی وشە**: ڕێگەیەکی باو کە زمانێک دەکەوێتە بەر کاریگەریی زمانێکی تر، بە قەرزوەرگرتنی وشە و دەستەواژەیە. بۆ نموونە ئینگلیزی زۆر وشەی لە فەرانسەیی (فەرەنسی) وەرگرتووە، وەک «چێشتخانە restaurant» و «بالێ ballet» و سویدی وشەی لە ئەڵمانی وەرگرتووە، وەک «شامپۆ schampo» و «ڕەنگە kanske». ئەم وشە قەرزانە دەتوانن زمانێک بە زاراوە و دەربڕینی نوێ دەوڵەمەند بکەن. نموونەی وا کە لە زمانی بێگانەوە هاتوونەتە ناو کوردی زۆرن. ئەمە ڕێگەیەکی باشە بۆ دەوڵەمەندبوونی زمان ئەگەر زمانەکە خۆی بۆ ئەو مەبەستە وشەی نەبێت یان نەتوانێت وشەی بۆ ڕۆ بنێت یان وشەکە جیهانی بێت و گشتگیر.

**بۆ نموونە: حەج، مەلا، تەلەفۆن، کامێرە، تەلەڤزیۆن.**

٢. **کاریگەریی زمانەوانی**: کاتێک کەسێک دووزمانە یان فرەزمانە بێت، زمانەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە ڕێزمان و بێژەکردن و وشەسازیی زمانێک کاریگەریی لەسەر بەکارهێنانی زمانێکی دیکە هەبێت. ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت دەستێوەردانی زمان و بەپێی کۆنتێکست دەتوانێت هەم ئەرێنی و هەم نەرێنی بێت.

**بۆ نموونە:** عـەرەب هەندێک دەنگ و پیتی نییە و بۆ دەربڕین لە پیتی تر کەڵک وەردەگرن. ئەگەر کوردێک هات و ئەو بێژە عەرەبییە بەکار بهێنێت و بیر لە زمانەکەی خۆی نەکاتەوە، دیارە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبییەوە. بۆ نموونە بیبسی، دروستەکەی پیسی، ئەمریکی، دروستەکەی ئەمریکایی، فەرەنسی، شێوازە کوردییەکەی: «فەرەنسایی، فەرانسەیی». فیکتور، شێوازە کوردییەکەی: «ڤیکتۆر». ئەرشیف، شێوازە کوردییەکەی: «ئەرشیڤ».

**غوستاف، شێوازە دروستەکەی: «گوستاڤ».**

**٣. داهێنەری زمانەوانی:** بەرکەوتن بە زمان و کولتوورە جیاوازەکانیش دەتوانێت بەکارهێنانی داهێنەرانە بۆ زمانی خۆی بکاتەوە. دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان وشە و دەربڕینەکان بە شێوازی نوێ و ناوازە بەکار بهێنن بۆ دەربڕینی بیرۆکە و چەمکەکان کە ڕەنگە هاوتایەکی ڕاستەوخۆیان لە زمانی خۆیاندا نەبێت.

بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا دەوترێت (home page) و کوردیش هاتووە بەپێی ئەوە، وشە بە وشە چەمکی (ماڵپەڕ)ی داهێناوە. ئەمە کاریگەرییەکی ئەرێنییە و دەبێتە هۆی داهێنانی زاراوەی نوێ.

**٤. فێربوونی زمان:** کاتێک مرۆڤ فێری زمانێکی نوێ دەبێت، دەبێتە هۆی کاریگەری لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زمانی زگماکی. بۆ نموونە کەسێک کە فێری زمانێک دەبێت کە ڕێزمانێکی جیاوازە، ڕەنگە ڕستە بە زمانی خۆی بە شێوەیەک دابڕێژێت کە لەژێر کاریگەری زمانە نوێیەکەدا بێت.

بۆ نموونە ئەو کەسەی کە لە پێشدا بە عەرەبی دەخوێنێت و پاشان فێری خوێندن و نووسین بە کوردی دەبێت، لەوانەیە زۆر جار ڕستەسازییەکەی بەپێی داڕشتنی عەرەبی بێت:

زانکۆی هەولێری پزیشکی. دیارە ئەمە وەرگێڕانێکی دەقاوقدەقی داڕشتنی عەرەبییە: جامعة هولیر الطبیة.

داڕشتنە کوردییەکەی دەبێتە: زانکۆی پزیشکیی هەولێر.

**٥. کاریگەریی کولتووری یان ئایینی:** زۆر جار زمان پەیوەستێکی نزیکی بە کولتوور و ئایینەوە هەیە و کاتێک مرۆڤ بە کولتوورێکی دیکە و زمانەکەی بەرکەوت دەبێت، ئەمە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ و شێوازی بەکارهێنانی زمانی خۆی بکات. بۆ نموونە لە فەرهەنگی فارسیدا زۆر جار باوە کە مرۆڤ دەڵێت: نوکرتم، خاک پاتم. کورد لە قسەکردندا بەو شێوەیە قسە ناکات و زۆر بەدەگمەن پێش دێت کەسێک بە کەسێکی تر بڵێت، نۆکەرتم، خاکی پێتم.

یان بۆ نموونە لە فەرهەنگی ئایینیی ئێراندا پاڕانەوەی: «یا امام زمان» زۆر باوە، بەڵام ئەم جۆرە دەربڕینە بەگشتی لە فەرهەنگی ڕەسەنی کوردیدا نییە.

بە کورتی زمانەکانی دیکە دەتوانن بە شێوەی جۆراوجۆر کاریگەرییان لەسەر زمانی مرۆڤ هەبێت، لەوانە لە ڕێگەی وشەی قەرز، کاریگەریی زمانەوانی، داهێنانی زمانەوانی، فێربوونی زمان و کاریگەریی کولتووری. ئەم هەمەجۆرییە زمانەوانییە دەتوانێت دەوڵەمەندکەر و سەرنجڕاکێش بێت و دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی وردتر، هاوکاتیش دەتوانن ڕووخێنەر و شێوێنەری زمانی ئاخێوەر بێت. کاتێک کە ببنە هۆی دەوڵەمەندیی وشە، ئەرێنین، کاتێک کە ببنە هۆی تێکدانی ڕێزمان و شێوەی دەربڕین و داڕشتنی ڕستەی زمانەکە، نەرێنین.

# بابا تاهیری هەمەدانی و زمانی کوردی

هەیاس محمود کاکەیی

**پێشەکی:**

کورد نەتەوەیە، بە درێژایی مێژوو و لە هەموو دۆخیکدا، زمانی خۆی پاراستووە، کە زمان ناسنامەی نەتەوەییە، هەرچەند نەیاران بۆ لاواز کردن و لە ناوبردنی زمانەکە جۆرەها هەوڵ و پلانیان بەکارهیناوە، بەلام سەرکەوتوو نەبوونە و کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لە سەریان، چونکە کورد میللەتێکە پابەندی بەهێزی هەیە بە خاک وکولتوورەوە و شانازیش بە مێژووی دێرینی خۆیانەوە دەکەن .

لە سەردەمی خیلافەتی ئیسلامیدا، بواری سۆفیگەری والا و مەقبول بوو، سۆفییەکان لە سایەی سۆفیگەری ئیسلامیدا، کولتووری دێرینی خۆیان زیندوو کردەوە بە موتربەکردنی لە گەڵ کولتووری نوێی ئیسلامیدا ، چونکە لەو سەردەمانەدا هیچ بزوتنەوەیەکی ئایینی و رۆشنفکری جێگای قبولکردن نەبوو ، دەوڵەت دژی ڕێبازی ئازادیخوازانەی سۆفیگەری و عیرفانی بوو .

لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا لە نێو بارودۆخی ناهەمواردا لە کوردستان کەسێکی پایە بەرزی کورد، باباتاهیری هەمەدانی شاعیر و سۆفی دەرکەوت هاوشان و یارمەتیدەری بزوتنەوە ئایینیەکەی باباخۆشین ( موبارەک شا) ، بۆ زیندووکردنەوەی کولتووری دێرینی کورد ( یارسان) .

باباتاهیر بە چوارینەکانی لە نێو بزوتنەوەکەدا، ڕووناکی بەخشییە دونیای ئەدەبی کوردی بە زاری (لور و گوران) یان هەندیک ناوی دەنێن ( هەورامی کۆن – پەهلەوی ) ، کە بە شۆرشێکی کوردەواری ڕۆشنفکری و ئایینی هەژمار دەکرێت، سەرەرای ڕێنمایی و ڕێکخستنی کاروباری کۆمەلایەتی لە نێو میللەتەکەی، کە چوارینەکانی ئامرازێکی دەربڕینی بیرو فەلسەفەی بیروباوەرەکەی بوو، جگە لە باباتاهیر کەسی کە بەدی ناکرێ لەو سەردەمەدا بەو زارانە شیعری وتبێت ( م. فۆئاد حوسین ل٢٧٣)، کە ئەو زمانەی باباتاهیر لە سەردەمی ئیمپراتوریەتە جیاجیاکان زمانی شارستانییەت بوو .

چوارینەکان و زمانی باباتاهیر لە نێو یارسانیاندا، زمانی سروود و دوعاو نزا بوو لە بۆنە ئایینیەکاندا، کە خۆی یەکێکی پایە بەرزی نێو یارسان بوو، لە هەموو کات و سەردەمانێکدا چوارینەکانی بابا دەدرەوشێنەوە لە نێو ئەدەبی کوردیدا و بە زیندووی ماوەتەوە کە بە دەسپێکی ئەدەبی کوردی هەژمار دەکرێت .

**بابەت :**

زمانی کوردی ڕەگ و ریشەی بۆ مێژوویەکی دوور و درێژ دەگەڕێتەوە ، لەگەڵ مێژووی دێرینی نەتەوەی کورد، زمان ناسنامەیە، دەربڕینی مێژوو و کولتووری نەتەوەیە، زمانی کوردی لە زمانە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ( گ. زمان وزار ژ٩ لا ١٦٨).

واتە کورد پارێزەری  زمان بووە بە درێژایی مێژوو، هەرچەند بارودۆخی نالەبار ڕوویداوە لە چوارچێوەی خاکیدا، نەیاران هەمیشە هەوڵیانداوە جینوسایدی زمانەکەی بکەن، ئەگەر هەندێ کاریگەریشی هەبوبێت لە هەندێ ناوچەدا لە سەر دانیشتوادا بە سنورێکی تەسک،  هەلبەتە لە هەموو سەردەمانێکدا ، هێزی هێرشبەر و داگیرکەر لە هەوڵدا بووە زمان و کولتووری خۆی پیادە بکات لە نێو کۆمەڵانی ژێر دەستەدا، بە پلانی لە ناوبردنی ئاساواری کولتووری و ئایینی و لە بیربردنەوەی زمان و مێژوویاندا .

پاش دووسەدە لە بێ دەنگی و کپ کردن، هەر لە سەردەمی هێرشی عەرەب بە ناوی فتوحاتەوە تا سەردەمی خیلافەتی عەباسی ، میللەتە لایەنگرەکان ( مواليیەکان )، مێژوو و کولتوور و زمانیان  لە رۆخی بیرچوونەوەدا بوون، بە هۆی لە ناوبردنی بەرهەمە ئایینیەکان یان قەدەغە کردنی بەکارهینانی زمان و لە ناو بردنی سیستەماتیکی شوێنەوارە مێژووی ئایینیەکان یان لە ناو بردنی بەڵگەنامەو ئەو کەلوپەلانەی بەهای مێژوویان هەیە ( گ. زمان و زار ژ٩ لا٣٣٨) . ئەگەر بزوتنەوە سۆفیگەرییە باوەکانی ئەو سەردەمە نەبوایە بە ناوی سۆفیگەری ئیسلامییەوە ، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە پاراستنی زمان و کولتووی دێرین، ئەو بزوتنەوانە رۆڵی گەورەیان هەبوو لە زیندووکردنەوەی بیروباوەری دیرینی خۆیان و ڕێی و ڕەسمەکان لە ژێر قاڵبی موتوربەکراوی هەندێ بیروباوەر و ڕێو ڕەسمی ئایینە نوێیەکە ، هەرچەندە نەیاندەتوانی بە ئاشکرا دەری ببڕن ، چونکە جێگای قبولکردن نەبوو، دەبووە مەترسی گەورە لە سەر ژیانیان و لە ناوبردن وئازار دانیان ، هاوشێوەی هەللاج کە خۆی پیڕانەگیرا، هەرچەند هەموویان لەیەک سەرچاوەن وەک هاوڕێ و دۆستی حەللاج کە شبلی دەڵێت: حەللاج ئەقلەکەی بە کوشتنی دا ( شبلی لا ١٨٤).سیاسەتی دەوڵەت لەو سەردەمەدا وەک فەلەکەدین کاکەیی دەڵێت : دژی ڕێبازی ئازادیخوازانەی سۆفیگەری و عیرفانی بوو ( کاکەیی لا ١٣ ساڵی ٢٠١٠ز).

لە بارودۆخی تەماوی و ناهەمواردا، شاعر و سۆفییەکی کورد بە ناوی باباتاهیر هەمەدانی دەرکەوت، لە نێو بزوتنەوەیەکی ئایینی لە نێوجەرگەی کوردستان لە ناوچەی لورستان لە سەدەی چواری کۆچی‌دا ، وەک هاوەڵ و هەواداری سەرکردەی بزوتنەوەکەی ( باباخۆشین – موبارەک شا)، بۆ زیندووکردنەوەی کولتووری دێرینی کورد، لە کاتێکدا زوڵم و زۆر و ترس و کپکردن واتە بێ دەنگی باڵی کێشابوو بەسەر ناوچەکەدا لە ژێر دەسەڵاتی رژێمە نوێیەکە ( تاهیری لا٤٠) ، باباتاهیر یەکەمین شاعیر و بیرمەند ناسراو کە رێچکەی سۆفیگەریی و عیشقی خوداوەندی هێناوەتە نێو وێژەی کوردییەوە ( کاکەیی لا ١١ ساڵی ٢٠١٠ز). کە لەو بارەوە محەمەد ئەمین زەکی لەلا ٣٤٤دا دەڵێت :- شیعرە غەزەلییەکان و چوارینە ئایینیەکانی باباتاهیر بە ( ئسلوبی متەسەوفین ) نووسراوە زۆر قورس و داخراوە ، بە شێوەی گورانی دەزانرێت کە ئیستا شێوەی ( هەورامی و زەنگەنە و باجەلان و شیخان و کاکەیی و شەبەک ، ...تاد ) ، هەموو لە ڕەگەزدا دەگەڕێنەوە بۆ زاری گوران، هەروەها تەبەری لە لا٢٣٧دا دەڵێت : –باباتاهیری لور لە هەمانکاتدا هەندێ شیعری وتووە بە زاری گوران ، چونکە بە ناویاندا گەڕاوە و ئەوانیش لە سەر بڕوای ئایینی ئەودا بوون.

دەرکەوتنی باباتاهیر لە پەناگەی ئەلوەندا، بە چوارینە زێڕینەکانی چریکاندییە ڕووی دونیادا، دانیشتوانی هینایە وروژاندن، بووە شۆرشێکی کوردەواری ڕۆشنفکری و ئایینی، کە بە زمانی کوردی پاراو و زاراوەی ( لور و گوران یان هەورامی کۆن ) یان ( دهلەوی)، کە لە کاتێکدا زمان و کولتووری دێرینی نەتەوەکەی لە ژێر گوشاری لە بیربردنەوەو لە ناوچوون بوو ، زاراوەی ( لور و گۆران ) بە پاشخانی زمانی دێرینی کورد ( پەهلەوی ) هەژماردەکرێت .

زمانی پەهلەوی دابەش بوو بۆ زارەکانی (کرمانجی ، گوران ، لور ، کەلهور)، نزیکترینیان زاری (لور)یە٠ (شەرەفنامە لا ٧٨). کورد لەو سەرزەمانەدا بە زمانی باباتاهیر دەئەخاوتن، باباتاهیر لە زنجیرە ئەدەبیاتی کوردی دەژمێرن ، (سیرۆس ئیزدی لا٣٤١)، و قەوالەکانی هەورامان کە لە ساڵی ١٩١٣ز دۆزرانەوە، بە زمانی هەورامی و گۆران بوو ، درێژبوونەوەی زمانی پەهلەوی بوون (تاهری لا ٥٩٢ تاریخ و فەلسەفەی سەرئەنجام )، شاعیرە کلاسیکەکان، تەنیا شاعیری ڕێکخەری بەیتی شیعری و قەسیدە و گوتار نەبوونە ، بەلکو شیعر تەنیا ئامرازو شێوەی دەربڕینی بیرو فەلسەفەیان بوو،

چونکە چاپ و چاپخانەو ئازادی نووسین و دەفتەری پەخشانی شرۆڤ و ڕاڤە و لێکوڵینەوەی هەزاران لاپەڕەیان نەبووە ( وتەی فەلەکەدین کاکەیی ڵا١٣ ٢٠١٠ز ) . جگە لە باباتاهیر کەسی وا بەدی ناکرێت لەو سەردەمە بەو زارە شیعری گوتبیت وەک ئەوەی خۆی شارەزا بووە لەو زمانەی و چوارینەی پێی وتووە ( تاهیری لا ٢٧٣ پەهلەویان )، کە لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت :-

**زوبان پەهلەوی را ئوستادەم کتاب عاشقی را مەسدەرستم** (کاکەیی ڵا ٣٢١ سالی ٢٠١٠ز)

زمانی ( لور و گوران –هەورامی کۆن ) ، لە سەردەمی ساسانییەکان زمانی دەولەت بوو ، کە بەزمانی شارستانییەت و هاوچەرخ هەژمار دەکرا و شانازیان پیوە دەکرد (تاهری لا ٦٣ پەهلەویان)، ساسانییەکان پایتەختیان لە کوردستان بوو و زمانی دەوڵەتیان پەهلەوی بوو ( نەبەز لا ٩٥)، لە سەردەمی ساسانییەکاندا جۆرەها کتیب بە کوردی نووسران و بەشێوەزاری پەهلی(فەیلی) و پاشاکەیان فەیلی بوو، بەڵام فارس مێژووکەی بۆ خۆی بردووە ( گ. دەنگی قوتابیان ژ١١ ڵا١٣ ساڵی ٢٠١١ز).

زمانی کوردی زارەکانی ( گوران – ماچۆ – هەورامی ) لە نێو یارساندا ، زمانی سروود و دوعا و نزا ئایینیەکان بوو، کە باباتاهیر خۆی یەکێک بوو لە پیاوە ئایینیەکانی یارسان هەر لە سەرەتای بزووتنەوەکەی باباخۆشین ( تاهری ڵا٣٩ پەهلەویان )، د. محمەد نورە عارف زمانی باباتاهیر بە تێکەڵاوی دەزانیت لە زاری ( لور و گۆران ) واتە هەورامی کۆن کە زمانی ئاخاوتن و نووسین بوو لای یارسان و باباش خۆی یەکێک بوو لە پیاوە ئایینییەکانی یارسان ( عارف ڵا٢٣) ، مامۆستا عەلائەدین سەجادی ، د. مارف خەزنەدار، سدیق سەفی زادە، شێخ موحەمەد خال، هەموو هاوڕان لەگەڵ د. محەمەد نوری عارف .

کۆنترین شیعری کوردی لە مێژوودا لە ساڵانی ( ٣٣٠ –٣٢٠ ) پ.ز.بووە ، پاشان چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی دەرکەوتن لە ( ٣٢٦-٤١٠ک ) (٩٢٧ –١٠١٩ز) وەک یەکەم بەرهەمی شیعر لە میژوودا، جگە لەوانە دەنگی دیوانە شیعرییەکان کپ بوون لە ماوەی ١٤٠٠ساڵدا ( فۆاد حوسین لا ٣٨) ، پیش باباش سرووده ئایینیەکانی یارسان هەبوون کە لە نیوەی سەدەی دووەم کۆچی دەست پی دەکات (نووسەر) ، وەک زانراوە زمان لە هەر کۆمەلگایەکدا ناسنامەی نەتەوەیە خزمەتی نەتەوەکە دەکات ( چەند بابەتیک لا ١٧).

خاوبوونەوە و لە ناوچوونی هەر زمانێک یان لە بیرچوونەوەی زمان ، لە ناوچوون و لە بیرچوونی نەتەوەیەکە، هاوشێوەی مردنی ئاسایی مرۆڤ لە سەر زەمین ( چەند بابەتیک لا ١٣٦) ، هەلبەتە خاوبوون و لە بیرچوون یان لە ناوچوونی زمانی هەر میللەتیک ، دەکەوێتە ژیر کاریگەری داگیرکردن و قەدەغەکردنی زمان و کولتتور لەلایەن  داگیرکەرانەوە و سەپاندنی زمان کولتووری خۆیان بە سەر داگیرکراوەکاندا و قەدەغە کردنی بەکارهینانی زمان و چاپەمەنییەکانیان ( چەند بابەتیک لا ١٣٨) ، لە دەستدانی هەر زارێکی کوردی ، لە دەستدانی گەنجینەیەکی زمانی و پاشخانیکی ئەدەبی نووسراو و زارەکی کوردییە، بە تایبەت ئەو زارانەی کە مێژووی ئەدەبیاتیان هەیە وەک زاری کوردی ( گۆران –هەورامی )(کوردی باکور )(کوردی ناوەند ) ( چەند بابەتیک لا٢٨).

ئەگەر چی لەسەر خانی هونەرەکەی بابا هەندێ خاڵی جیاواز بەدەست تێوەردان دەبینرێ ، بەڵام بە لێتوژینەوەی زانستی زوانەوانی و شێوازناسی ئەدەبی ڕاستییەکان زۆرتر ڕوونتر دێتە ڕێچکەی راستی و دەردەکەوێ کە ژێرخانی زوانەکەی بابا(هەورامی) یە کە لە ڕێبازی زماندا لێکۆڵەران و رۆژهەڵاتناسان بە گۆران ناویان بردووە ( گ. لور ژ٢ لا ١٧٠).

چوارینەکانی باباتاهیر کە بە هەردوو زاری کوردی (لور و گۆران) نووسراونەتەوە بە زۆری فەلسەفەیەکی نهێنی لە ناخیاندا بەدی دەکرێت بە وردبوونەوە، کە دەربڕینی ناخی بیرو باوەڕەکەیەتی (یارسانە)، لەنێو چوارینەکاندا هەلە و دەستکاری زەق و زۆری تێدا بەدی دەکرێت، ماناو بۆچوونەکانی باباتاهیر لەنێو چوارینەکاندا بە لاریدا براوە و دوور لە ماناو بۆچوونەکانی باباتاهیر، کە دەچێتە بابەتی ستەم لیکردن ، بابا بە دڵنییایەوە زمانەکەی زاری لوری بووە ، بەڵام زمانی دەسەڵات و زۆری بەربڵاو زال بووە و کاریگەری خۆی کردووتە سەری، زمانی فارسی کاریگەری زۆری تیکردوون و هەندێک لە چوارینەکان تام و چێژو بۆن و بەرامە لورییەکەی خۆیان لە دەست داوە، وە یاخود دەستکاری کراوە و زیاتر بە لای فارسییان بردووە بۆ ئەوەی ناسنامەی فارسی بسەپێننە سەر باباتاهیر وەک شاعیر و بویژێکی فارسی ( گ. ماموستای کورد ژ١١، ١٢ لا٨٥ ). بۆیە بە باشی دەزانم  هەندێ نمونە لە چوارینەکان  بە زاری لور و گۆران

و جۆرەکانی هەڵە و دەستکارییەکان دەستنیشان بکەم بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان و هەقیقەتی بیرو بۆچوونەکانی باباتاهیر .

**١) موسلمانان سە دەرد ئامو بە یەکبار    غەریبی و ئەسیری و غەمی یار**
**غەریبی و ئەسیری سەهل و ئایو    غەم یار موشکلە تا چون شودکار**

ڕاستکردەوەکەی :

**سەدەرد ئامو بەجانم هەرسە یەکبار    غەریبی و ئەسیری و غەم یار**
**غەریبی و ئەسیری چارە دیرە    غەم یار و غەم یار و غەم یار**

( کاکەیی لا٢٤٧ سالی ٢٠٢٢ز )

**٢) دلا دەنگم دلا دەنگم دلا دەنگ    زە دەستم شیشە ناموس بەر سەنگ**
**هەمە واژن بەمو بی نام و نەنگی    کەسی عاشق چش نام چش نەنگ**

ڕاستکردنەوەکەی :

**دلی دیرم چومە دیوانە و دەنک    زەدە ئایینە هەر نام بەر سەنگ**
**بەمو واچیدەکە بی نام و نەنگی    هەر ئان یارش تۆئی چ نام چ نەنگ**

واتاکەی :

**دلیکم هەیە وەک خۆم دیوانە و دەنگ    کە ئاوینەی ناوباگمی کیشایە سەر سەنگ**
**بە من دەڵێن بێ ناو و نەنگی    ئەوی یاری تۆ بی چ ناو چ نەنگ**

نەنگ = عەیب و عار ، یاری ئەو بابا خوشینە کە پیریەتی (کاکەیە لا١٣٩ سالی ٢٠١٠ز.).

لەم دوو چوارینەیە ی سەرەوە هەلەو دەستکارییەکان ئاشکرا دیارن .

**٣) مە دەرویشم لەکم ئیعجاز دیروم    مە دۆسی چوون خۆشین دەم ساز دیروم**

لەم دێرە شیعرەدا باباتاهیر خۆی بەیان دەکات کە (لەکە) و دۆستی باباخۆشینە و لەگەڵ بزوتنەوەکە و ڕێبازەکەیەتی

(کاکەیی لا ٣٥٩ سالی٢٠٢٢ز)

**٤) ته دوری ئەز بەرم دل دەر بەرم نیست**
**هەوای دیگەر ئاند سەرم نیست**
**بە جان دلبەرم کز هەر دوو عالەم**
**تەمەننای دیگەر جز دلبەرم نیست**

راستکرنەوەکەی :

**تەکە دوور ئەز منی دل دەر بەرم نی**　　**هەوای غەیری وەیلت دەر سەرم نی**
**بە جانت دلبەر کز هەردوو عالەم**　　**تەمەننای دیگەر جز دولبەر نی**

لەبارەی چوارینە هەورامییەکان (گۆران) ڕوون و ئاشکرایە و لە هەمانکاتدا هەڵە و دەستکاری تێدا کراوە :

**٥) چە واچم هەرچە واچم واتەشان بی**
**سوخەن ئەز پیش و ئەز کەم واتەشان بی**
**بە دەریات روو شودەم گەوهەر بەر ئارم**
**هەر ئان گەوهەر کە دیدەم واتەشان بی**

ڕاستکردنەوەکەی :

**سوخەن هەرچە واچم واتەشان بی**　　**حەدیس ئەز پیش و ئەز کەم واتەشان بی**
**بە دەریا کە رووم شودەم گەوهەر بەر ئارم**　　**هەر ئان گەوهەر کەوینەم واتەشان بی**

**٦) هەمە عالەم پر ئەز گردە چە واچم**
**چە مو دلها پر ئەز دەردە چەواچم**
**سنبلی گەشتە بە دامان ئەلوەند**
**ئونەم ئەز تالعم زەردە چەواچم**

ڕاستکردنەوەکەی :

**هەمە عالەم پر ئەز گەردە چە سازم**
**چومو دلها ئەز دەردە چە سازم**
**بگەشتم سونبلی بە دامان ئەلوەند**
**هەموو ئەز تالعم زەردە چە سازم**

**کورتە:-**

دەرکەوتنی باباتاهیری هەمەدانی وەک شاعیرێکی سۆفیگەری، لە سەردەمانی بزوتنەوەی سۆفیگەری ئیسلامی باو لە ژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی، لەنێو بزوتنەوەیەکی ئایینی یارسانی بە سەرپەرشتی باباخۆشین ( موبارەک شا )، بە چوارینە فەلسەفییە نهێنییە ئایینییە باوەکانی، لە بۆ زیندووکردنەوەی کولتووری دێرینی کوردەواری ، بوونە بناغەی دەسپێکی مێژووی ئەدەبی کوردی بە زاراوەی ( لور و گوران) واتە هەورامی کۆن یان پەهلەوی، بە شۆرشیکی ڕۆشنفکری و عیرفانی هەژماردەکرێت لەو سەردەمە نالەبارەی ناوچەکە، کە هیچ بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەی ئایینی و ڕۆشنفکری لەلایەن دەوڵەتەوە قبول کراو نەبوو .

ئەو زمانەی باباتاهیر، زمانی سروود و دوعاو نزای یارسانیان بوو لە نێو دەق و کوبوونەوە ئایینیەکاندا ، هیچ کەس پیش بابا بەو زمانە شیعر و هۆنراوەی نەهۆنیوەتەوە ، وەک ئەو کە شارەزایی هەبووە لەو زمانەدا، تا سەردەمی باباتاهیر شیعر و هونەری کوردی لە باریکی ناهەمواری بێ دەنگی و کپ کراو بوو .

**ئەنجام :**

چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی بە زمانی کوردی پاراو زاراوەی ( لور و گوران ) بناغەی مێژووی ئەدەبی کوردییە، و دەرکەوتنی لەو بار و دۆخە ناهەموارەی سەردەمی خیلافەتی عەباسییەکان بە شۆرشێکی ڕۆشنفکری و عیرفانی هەژمار دەکرێت لە نێو بزوتنەوەیەکی ئایینی نوێ کردنەوەی کولتووری دێرینی کورد.

**سەرچاوەکان :**

١) پەهلەویان ، تەیب تاهری ، ٢٠٢٣ز ، چ١ ، ئەنستیوتی فەرهەنگی یارسان ، چ. شاهانەی سوید .
٢) چەند بابەتیکی کوردناسی ، کۆمەلیک نووسەر ، ٢٠٢٢ز ، چ. زانکوی سەلاحەدین ، هەولیر .
٣) ئافرەت لە هونراوەی کوردیدا ، م. فۆاد حوسەین ، ١٩٩٠ ز ، بەغدا .
٤) تاریخ ئەدەبیات فارس ، یەکنی ئەدوارد ویچ برنلس ، و , سیروس ئیزدی ، تەهران ، ١٣٧٤ ف.
٥) میژووی ئەدەبی کوردی ، م. عەلائەدین سجادی ، ١٩٥٢ز ،چ.مەعاریف ، بەغدا .
٦) میژووی ئەدەبی کوردی ، د. مارف خەزنەدار ، ٢٠١٠ز ،هەولیر .
٧) میژووی ویژەی کوردی ، د.سدیق سەفی زادە ،ب١، چ١ ، ١٣٧٥ف.
٨) باباتاهیر مەشهور بە عوریان ، شیخ محمەد خال ، ١٩٧٧ز، بەغدا .

٩) تاريخ و فەلسەفەی سەرئەنجام ، تەیب تاهری ،٢٠١٠ز ، چ. موکریان ، هەولیر .
١٠) شەرەفنامە ، شەرەفخانی بەدلیسی ، و . محمەد جەمیل رۆژبەیانی ، چ٣ ، ٢٠٠٧ز ، بەغدا .
١١) تاجی عارفان شبلی ، عەلی نانەوا زادە ، ٢٠١٢ز ،چ. هیڤی ، هەولیر ، چ١ .
١٢) فەلسەفەو رامانی یارسان لە فەرهەنگی کۆمەلگای کوردەواریدا ، د. جەمال نەبەز ، ٢٠٠٩ز ، چ. منارە ، هەولێر .
١٣) وشەو زارازەکانی باباتاهیر و بەراوردکردنیان لەگەل شیوە کانی زمانی کوردیدا ، د. محمەد نوری عارف ، ١٩٩٧ز .
١٤) گ. دەنگی قوتابیان ، ژ١١ ، لا١٣ ، سالی ٢٠١١ز ، هەولیر .
١٥) باباتاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی ، هەیاس محمود کاکەیی ،٢٠١٠ز ، چ. شەهاب ، هەولیر .
١٦) باباتاهیری هەمەدانی راستکردەوەی چوارینەکان ، هەیاس محمود کاکەیی ، ٢٠٢٢ز ، چ. شاهانەی سوید .
١٧) گ. لور ، ژ٢ ،سالی ٢٠١٠ز ، سلیمانی ، چاپکراوەکانی ریکخراوی لور .
١٨) زمان و زار ، ژ٩ ، سالی ٢٠٢٣ز ، چ. تەهران .
١٨) تەبەری ، معجم البلدان ب٧ .
١٩) محمەد ئەمین زەکی ، میژووی کورد وکوردستان ب١ چ٢.
٢٠) محمەد توفیق وەردی ، سفحات من النزال الکوردی فه ئیران ، ١٩٧١ز .
٢١) ئینسکلوپیدیای ئیسلامی چاپی ئینگلیزی ب٢، ٣، ٤ .
٢٢) گ. ماموستای کورد ژ ١١، ١٢ چاپی ئەوروپا.

# دەروونناسی سۆزداری و ئەوین

## بەچاوخشاندنێك لەسەر لایەنەکانی جوان و ناشیرینی زمانی، دە گۆرانی کوردیدا

عەلی ڕەزا محەممەدنیژاد(دیار)

**کورتە:**

زمانی کوردی خاوەن مێژوویەکی هەزاران ساڵەیە بە چەند زار و بنزار و تەنانەت بە شێوازی ناوچەییش ئاخاوتنی پێ دەکرێ. ئەوەش دەوڵەمەندی زمانەکەی بەدواوەیە. جگە لە ئاخاوتن و گێڕانەوە، ئەو زمانە، زمانی زانست بەگشتی و شێعر وئەدەب، هونەر، ئاواز و گۆرانی بەتایبەتییە. وەکوو هەموو زمانەکانی زیندووی دنیا لەو پێناوە دا چ بۆ ئاخاتن و چ بۆ گێڕانەوە یان ئاواز و گۆرانی وهتد لایەنی جوانی و ناشیرینیش بەخۆوە دەگری.

پرسیاری ئەولێکۆڵینەوەیە لە ژێر ناوی « دەروونناسی سۆزداری و ئەوین بەچاوخشاندنێک لە سەر لایەنەکانی جوان و ناشیرینی زمانی، دە گۆرانی کوردیدا» چەندە گۆرانی کوردی لایەنی جوان یا ناشیرینی زمانی بۆ باسی سۆزداری و ئەوین بە کار دینی؟ بۆ وڵامی ئەو پرسیارە بە شێوەی تەوسیفی وشیکارانە، تێڕوانینێک لەسەر ئەو چەمکە دە چەند نموونە گۆرانی کراوە.

**وشەی سەرەکی:** دەروونناسی، سۆزداری،ئەشق، لایەنی زمانی، گۆرانی کوردی

**پێشەکی:**

گۆرانی باڵندەیەکی دەنگ خۆش وجوانە کە ناڵەی جریوەی باڵی بە سەر ئاسمانی هونەر داکێشاوە و بۆتە هەوێنی سۆزی ئەشق و ئەوین و خۆشەویستی و چێژ بەخشی هەموو کوڕ و ژیانی ئاسایی و خۆشی و تەنانەت ناخۆشییەکانی مرۆڤە و لە سەر گوێسوانەی هەموو ماڵێکدا ئەو باڵندە خۆش ئاوازە دەنیشێ و ئاوازی جوڵە و ڕاسانی دڵ بە ئاسمان دا دەفڕێنێ. هەناسەی تاسە دەکێشی.

مرۆڤ بە درێژایی مێژووی تەمەنی ئاخاوتنی بە وشەکانی زمان، حەزی لە ئاواز و گۆرانی کردووە و کوڵی دڵی خۆی پێ دامرکاندووە و هەستی خۆی پێ دەربڕیوە «مرۆڤی سەرەتایی لە سەرەتا دێت دەنگ و ئاواز دەدۆزیتەوە. ئنجا پاش، ئامێرە سەرەتاییەکانی سازدانی دەنگ و ئاواز دروست دەکا.... گەلێک لە مێژوو نووسانی مۆسیقا، هەندێ لەو ئامێرەمۆسیقاییەکانیش هەر دەگەڕیننەوە بۆ کوردستان»(پیربال،٢٠١٠،ل٨)

لە کوردستاندا گۆرانی و مۆسیقا وەکوو گوڵێک و مێخەکبەندێک بە بەرۆکی دڵدار و نیشتمان، ئەدەب و فەرهەنگ و کلتوور دا دراوە و بێ ئەو ناکرێ ژیان بکرێ. ڕەنگە ئەوەی بڵێم گۆرانی و مۆسیقا بۆ ڕۆحی بنیادەم وەکوو دار و ئاو بۆ سروشتە و بێ ئاو و دار ژینگەی سروشت و ئاوەدانی هیچ مانایەکی نیە.

هونەری مۆزیک ومۆسیقا زمانێکی ترە وفەرهەنگێکی ترە کە وشەکانی لە فەرهەنگی هونەر دا لێزانانە و وەستایانە بەیان دەکرێن. وێدەچی ڕۆمانێک بێ کە وشەدانی گەلێک بیرۆکە و وشەی جوانی پێوەلکاوە.

گۆرانی وەکوو زۆربەی بەرهەمی هونەری پیناسەیەکی قووڵ و هەمە جورەی لێ ناکرێ بەڵام لە نێوان پێناسەگەلیکی کە هەیە دەتوانین بڵێین جۆریک شێعر کە« توانایی هاوڕێیەتی دەگەڵ مۆسیقای هەیە و بە واتای تر گۆرانی بۆ ژەنینی مۆسیقا هۆنراوەتەوە و لەو نێوە دا دەنگ ومۆسیقا پێکەوە دەخولقێن و یان یەک بەسەر ئەوەی تر دا زاڵ دەبن و بەرهەم دین. »(کەریمی،١٣٩٥، ل٧٩)

گشت مرۆڤەکان کەم و زۆر لە مۆسیقا بۆ پڕ کردنەوەی کات کەڵکیان وەرگرتووە و بە واتای تر، بەشێکی زۆر لە ساتەکانی ژیانی ئیمە بە گوێ گرتن لە مۆسیقا و گۆرانی تێپەڕ دەبێت (فازلی،١٣٨٤،ل٢٨)

ئەو شوینەوارە کاریگەرەی مۆسیقا لە ژیانی مرۆڤ، گەلێک تویژینەوەی جۆراوجۆری بە دوا هەبووە(بێنت،٢٠٠٠،دنۆرا،٢٠٠٠،مارتین،١٩٩٥)

ڕەواننااسان و کۆمەڵناسان هەر یەک لە سەر بواری زانستی خۆیان، ڕوانگەیەکی تایبەت بە خۆیان بە مۆسیقا و گۆرانی گرتووە. لە بەستێنی ڕەواننااسیدا، مۆسیقا ومۆسیقا دەرمانی بە مانای کاریگەری بەسوود لە سەر هێمای نەخۆشییەکانە کە بریتی یە لە گرفتی پسپۆری کۆمەڵایەتی، هەست و مەعریفەت و نزم بوونەوەی گرفتە ڕەفتاریەکانە.

هەر وەها لە کۆمەڵناسی، زۆربەی توێژینەوەکان،سەبارەت بە پێوەندی نێوان مۆسیقا و ڕەگەز و بە کار هێنانی مادە سڕکەرەکان و شیکاری دەقی مۆسیقای ڕۆژ وەکوو ڕەپ شکڵ دەگرێ.(تیمووتی،٢٠٠٥) ئەگەریش لە ڕوانگەی ڕۆمان وئەدەبیاتیش باسی لێ بکەین ئاماژە دەکەینەسەر وتەیەک دە ناو ڕۆمانی شارە مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی کە تێیدا سامیری بابلی لە لاپەڕە ٥٢٧ دا بە جەلادەتی کۆتر دەڵێت: (جەلادەت دەزانی داڵیا بە منی گوت ئەوەی بتوانێت گوێ لە مۆسیقا بگرێت، دەتوانێت گوێ لە پێغەمبەرەکان نەگرێت، چونکە ئەوەی خوا دەیەوێت بە مرۆڤی بڵێت لە ناو مۆسیقاشدا هەیە)

مۆسیقا وگۆرانی کوردی هێمای نەتەوەکەمانە. هێما و نیشانەی کۆنی و شارستانییەت و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کـوردەواری. چوونکە ئەو خەزینەیە، باڵای بەباڵای عیشق وئەوین و بیر وکردەوەی کۆمەڵگای کوردەواری هەڵچنیوە و بەستە،مەقام، لاوک،حەیران وبەگشتی سەرجەم ئەو ئاوازانە بەندەن وتەڵانی نیشتیمان دەپێون و تامەزرۆیی و حەزی دەبزوینن. هەر کات مۆسیقا وگۆرانی لە کۆمەڵگایەک بەرەو قەیران ولەمپەر دەچی، جێگە وپێگەی فەرهەنگی نزم دەبێتەوە. ڕەنگە زۆر دیاردە لە کۆمەڵگا بگۆڕین شوینەواریان بەرچاو نەبێ بەڵام هونەری مۆسیقا و گۆرانی کە بگۆڕی و تووشی قەیران بێ، بی گومان کۆمەڵگا تووشی ئاستەنگی و تەنانەت شڵەژانی فەرهەنگی دەبێت.

لەو کورتە تێبینیە دا لە ژێر نـاوی سـۆزداری وئەوین بەچاوخشاندنێک لە سەر لایەنەکانی جوان و ناشیرینی زمانی دە گۆرانی کوردیدا بە توێژینەوەیەکی شیکاری و وەسفی.تێبینی سۆزداری وئەوین دە چەند نموونە گۆرانی هونەرمەندان بە تاکید لە سەر لایەنە جوان وناشیرینەکانی زمانی لێک دەداتەوە.

**تێبینی و دەسکەوت :**

ئەگەر ئاوەڕێک وەسەر شێعر وگۆرانی کوردی بدەینەوە، دەبینین ئەشق وئەوین چەمکێکی هەرە گرینگی یەتی. بەڵام بەڕاستی چەندە نووسینەوەی ڕاز ونیازەکانی ئەشق لە چوارچیوەی جوانی وئەدەبی زمان دایە وچەندەشی ڕەچە دەشکێنی وئەوانەی

بە لایەنی جوانی و ئەوانی بە لایەنی ناشیرینی دەدرکێن کامانەن؟ لە گۆرانی کوردیدا چەمکی ئەشق لە نێوان کوڕ وکچێک دایە؟ یان باشتر بێژین چەندە ئەشق و خۆشەویستی وەکوو چەمکیکی فرە ڕەهەندە بۆ گەلیک دیاردەی تر خۆی نیشان دەدات. وەکوو مرۆڤ دۆستی، نیشتمان پەروەری وخۆشەیستی خێزان وهتد

هەموو کاریکی هونەری خۆی پێویستی بە دوو شت هەیە یەکەم هەستی بەرپرسیارەتی و دووهەم حاڵەتی ئەخلاقی. لێرەدا تێبینی ولێکدانەوە لەسەر چەند نموونەی گۆرانی کوردی دەکەین.

**نموونەی یەکەم:**

مامۆستا عەلی مەردان لە گۆرانی ئای چەندەم خۆش ئەویَ دەڵێت:

**ئای چەندەم خۆش ئەویَ/ وای چەندەم خۆشەویَ**
**لێرە بیَ یاکوو لەویَ/ دڵەکەم هەر لەیلای ئەویَ**
**خۆتۆ بەرزی نەخشینی/ وەک سۆنە وکۆتر وکەویَ**
**دەروونم پڕە لە ژان/فرمێسک ئەرژیَ لە چاوان**
**پشتم شەق بوو چەماوە/هەروەکوو کەمەی گۆچان**
**....**
**لێوانت پەڕەی گوڵە/ نێوقەد دەڵێی شمشاڵە**
**باڵا بە بەرزی ئالا/ تەمەنت چواردە ساڵە**
**قەت نانووم ساتیَ شەویَ/لیم حەرام خواردن وخەویَ**

لەو گۆرانییە باسی دڵداری وخۆشەویستی دەکا و پڕ بە دڵ و بە ئاشکرا بۆ وەسفی یار و ، خۆشەویستی، کەڵک لە زمانێکی پاراو و جوان وەردەگرێت.زمانی شێعر زمانی گۆرانییە و مەیل وحەزی گۆرانی بێژ، گڕ دەگری ولە سۆنگەی ئیشق وخۆشەویستی بە زایەڵەی مەقامێک سوکنایی دەدا بەڕووحی مرۆڤ. خۆشەویستی ڕەنگە جوانترین وشەی پڕ بەدڵ بیَ کە ئەوڕۆ مرۆڤ بە گشتی و هاوژینەکان، ئەویندارانَ، دایک وباوک ومنداڵان و هاوڕێیان بۆ یەکتری بەکار دێنن. تەنانەت وەسفی یاریشی پیَ دەکەن و سنوور دەبەزینی و لایەنی جوان بە کاردێنیت. لە بواری ڕەوانناسی ئەو درکاندنەی هەستی خۆشەویستی، گەلێک پەسندە و ژینگەی دەرونی مرۆڤ بە تەواوی دابین دەکا و نیازی دەروونی مرۆڤی پیَ دادەمرکیَ.

**نموونەی دووهەم:**

مامۆستا عەزیزی شارۆخ لە گۆرانی کیژۆڵەی چاوڕەش و جوان بۆنی نیشتمان بە یاروە دەکا و لەپاڵ خۆشەویستی دادەنی و خۆشەویستەکەی بە هێمای جوانی وسروشتی کوردستان وەسف دەکا و ئیشقی خۆی ئەوا دەر دەبڕێ:

**کیژۆڵەی چاوڕەش و جوان چەندە نەرم ونیانی**
**بە چاوی ڕەشتا دیارە کە خەڵکی کوردوستانی**
**خەڵکی کام شار و گوندی ماڵتان لە کوێ یە**
**بۆنی بارانە و بۆنی نێرگزت پێ یە**
**پەیکی شیرینی کوردی بە دەم نازداریکە وە**
**خشپەی گەڵای پاییزە بە سروە دەشنێتەوە**
**چەند دڵڕفێنە چەندە ئەفسووناوییە**
**کانگای ئەشقێکی قووڵ و بێ کۆتاییە**

لایەنی جوانی وهونەری گۆرانیەکە هیندەی تریشی جوان کردووە و جوانیەکانی بە بووکی هەزار ڕەنگی پاییزی وەسف دەکا و ئاماژە بە وشەی ئەشقێکی قووڵ و بێ کۆتایی دەکا. ئەوە وانەیەکی گەورەیە بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە کە لێک پچڕانی خێزان و کۆمەڵگا باوە و زۆر لە خەڵک بۆ ماوەیەکی کورت دەگەڵ یەکترن و خۆشەویستی ئەو مانا قوڵە نادا. چەندە سروشتی نیشتمان و یار کانگای ئەشقیکی قووڵە وبێ کۆتایە. هونەرمەند لێرە ئاوات وحەزی ئەشقێکی قووڵە ووەکوو فێرگەیەک، وێنەیەکی باش بۆ کۆمەڵگاکەی دەستەبەر دەکات.لێرە مرۆڤ خۆشەویستەکەی وەکوو نیشتمانەکەی وێنا دەکا و تام وبۆی ویی لێ دەکا وکانگای ئەشقیکی نەبڕاوە وهەرمانی ژیانیەتی.ئەوەش مانایەکی ڕەوانناسانەی قوڵ و جوانی وشەکانی ئەو گۆرانییە نیشان دەدا.

**نموونەی سێهەم:**

مامۆستا وەفایی شاعیر لە شێعری خاکی کووچەی یارەکەم کە بە دەنگی مامۆستا محەممەد ماملی و مامۆستا ناسر ڕەزای و گۆرانی بێژانی تر کوتراوە دەڵێت:

**خاکی کووچەی یارەکەم ئیکسیری ساغی و ژینمە**
**جوانی ڕوخساری و نیگاری هێزی ئەژنۆ و تینمە**

**بۆچی بەم دەردەم ئەبا خۆ خۆت دەزانی حاڵەکەم**
**بۆ قژی ئاڵۆز و لوولی، دائیمە هەر شینمە**
**هەر وەکوو پووش و پەڵاش کەوتووم لە کووچەی یاردا**
**گێژەڵوکەش نامفرێنی چوونکە کەعبەی دینمە**
**گەر بە بێ تۆ بچمە سەیری باخ و سەرو و شۆڕەبیی**
**تف لە سەرووشۆڕەبیی، بێ تۆ لە هەردوو قینمە**
**خەڵک ئەڵێن کفرە مەکە بەم تەرحە مەتحی یاری خۆت**
**گوێ گرانی خۆشەویست من یارەکەم، ئایینمە**
**کەی خەیاڵم بێتە دی یاران، بڵێم ئۆخەی منم**
**واکە قۆڵی یاری خۆم شەو لە ژێر باڵینمە**

ئەو کەسەی ئاشق دەبێ و تەواوی ئاوات وحەزی لە چاوی یار دەبینێ.تەنانەت هەم وەفایی شاعیر وهەم مامۆستایانی گۆرانی بێژ، خاکی کووچەی یارەکەم دەکەن بە سورمە بۆ سۆمای چاو کە ڕووناکی دەبەخشێتە چاوی ئاشق. ڕەنگە ئەو کەسە ئافرەت ، نیشتمان و یان بەگشتی دڵداریک بێت وئاشق بە بێ بوونی یار بێزاری خۆی دەردەبڕێت و یار دەپەرەستی و بەو مەتح وسەنایەش لە زمانی خەڵک و کۆمەڵگا کەڵکی وەرگرتووە وشەی جوان و ڕێک بە کار دێنی و وەکوو هەنگ لە سەر پەڕەی گوڵ دەنیشی وکۆچەی یار وەکوو گوڵزار وگوڵجار دەبینێ و دنیای ئیشقی بێ بوونی یار پێ ناخۆشە. تەنانەت لەو گۆرانی یە هەستی نەرێنی وناشیرینی ڕقیش دەدرکێ و دەڵێ» تف لە سەرووشۆڕەبیی، بێ تۆ لە هەردوو قینمە»بەڵام لایەنی جوانی ئەو زمانە ئەوەندە چڕ وپڕە کە ئەو ناشیرینی یە نابینرێ.

شاعیر کوتەنی:

**داگیرکەرەکەم تۆی**
**گوڵەکەم!**
**بە وردە پیکەنینێک و**
**شەرمە نیگایەک**
**وڵاتی دڵمت داگیر کرد**

(دیار)

**نموونەی چوارەم:**

مامۆستا ئەحمەد لاوە لە گۆرانی یەکەم جاربوو(یەکەم جار لە ڕۆژهەلات ئەو گۆرانیەی گوتووە. بەلام ئاوازەکەی ئی هونەرمەندی هێژا کاک سەییدئەحمەد ڕەواندووزییە وهونەرمەند زیاد ئەسعەد یەکەم جار وتوویەتی) دەلێت:

**یەکەم جار بوو کە تۆم ناسی بە جوانیت تاواماوە**
**بۆ ماچێکی سەر کولمەت لە خوای دەپارامەوە**
**ئەی خۆشەویستی نازدار هەتا دەمرم تۆم دەوێ**
**بەبێ چاوی جوانی تۆ چاوم ناچێتە خەوێ**

شێت وشەیدای یار بوون بەیەکەم نیگاوە مێژوویەکی کۆنی هەیە لە فەرهەنگی کوردەواری، زۆر لە ئاشقانی گەنج لە گەڕی هەلپەڕکی و ڕێگای کانی ولە جەنگەی کار و لە بەر ڕەشمالێ نازدار حەیرانیان دیوە و بۆی دەمرن و تامەزرۆی ماچێکی سەری کولمی دەکەن. دیارە لەو گۆرانییە باسی ماچ دەکرێ. زمان زمانیکی ڕێک و ئاشقانەیە و لە ژیانی کۆمەلایەتی کوردەواری ولە دنیای ئاشقان ماچ وماچ گۆڕینەوە شتێکی ئاسایی و لە تەنیشتی وەفاداری خۆی بۆ خۆشەویستی نازداری ڕادەگەێنی و هەتا مردن پێی وەفا دارە و بێ سیلەی چاوی ناژیت. بەلام مردن ودوور کەوتن ولە دەست دان، ورووژاندنی بەدواوە وتووڕەیی وڕق وترس وخەمباری. بۆیەش مامۆستا حەسەن زیرەک گولی خۆی ئاوا وەسف دەکا وخۆی بە قوربان دەکا و ژیانی ئاشقانە فێری کۆمەلگای دەکا ودەلێ:

**تەنیا گولەکەی سەحرای ژینم**
**دەمەوی تاوێک بت بینم**
**جا دەرچێ گیانی شیرینم**
**ئەی وەی وەی بارانە**
**وەک قومری سەربالم شینە**
**دە چریکێنم بەو هاوینە**
**ئەسمەران خوێنیان شیرینە**
**ئەی وەی وەی بارانە**

مامۆستا مامليش لە گۆبەزمی فاتمە سوڵتانیٚ ئاشقانە وەسفی یار دەکا و دەڵێت:

**دڵــم دەکــا جــۆلانــیٚ، جــۆلانــیٚ**
**بــۆ بــەزمــی فــاتــمــە ســوڵــتــانــیٚ**
**مــەمــکــت ســێــوی ســەرلــکــە، ســەرلــکــە**
**دایــیــم لــە ســەر دوکــانــیٚ**
**هــەڵــیــدەگــرم و دەڕۆم، ئــەی دەڕۆم**
**ئەگەر دونیا پیٚ بزانیٚ، ئەگەر عالەم پیٚ بزانیٚ**

لێرەدا وشەی بەزم و سەما لایەنێکی جوان و دیارە و مێژووی تایبەتی هەیە، هەژانی خۆشەویستی بە بەزمی کچی شێخی و دەروێشان وێنا دەکا و سەمای فاتمە سوڵتانی کچی شێخ سمایلی بەرزەنجی لە شاری شنۆیە، دەکاتە هێمای کچێکی کورد و ئەشق و گۆرانی پیٚ دەڕازێنیتەوە و ئەشقەکەی سنوور دەبەزێنی و ئەوەندە پێی پیرۆزە کە لای وایە دەبیٚ هەموو عالەم پیٚ بزانیٚ. لەلایەکی تر گۆرانی خۆی لە خۆی دا کانگای داب ونەریت و مێژووی کۆمەڵگایە و لە وشەی "هەڵیدەگرم ودەڕۆم" کەڵک وەدەگریٚ و مێژووی ژن هەڵگرتن دەگەڵ خۆشەویستی بۆ نەوەی نویٚ دووپات دەکاتەوە، باسی وەفا و بەڵێن دەکا کە ئەوەندە دوو ئاشق لەسەر ئەو بەڵێنە سوورن کە بیٚ ئیزنی بنەماڵەش پێک دەگەن. بەشێوەیەکی شاراوە باسی ئەو دیاردەیە دەکا و لایەنی ناشیرینی زمانی بە بەڵێن وخۆشەویستی دەشارێتەوە. مامۆستا لێرەدا باسی مەمک دەکا ومەمکی بەژن زراڤیٚ بە سێوی سەرلکی داریٚ وێنا دەکا وجوانیناسانە وەسفی دەکا.

**نموونەی پێنجەم:**

مامۆستا حەسەن زیرەک دەڵێت:

**دەگــــەڵ تــۆمــە ئــەی فــاتــنــمــە**
**مــەمــکــت شــەمــامــەی گــم گــمــە**
**مــن قــاوەچــیــم پــێــم لازمــە**

هەر وەها دەڵێت:

**ئــەو مــریــەمــەی بــالا بــەرزە**
**مــەمــکــی شــەمــامــەی ســەد تــەرزە**
**جــووتــێــک لــیــمــۆی بــۆ مــن فــەرزە**

هەڵبەت زۆر لە شاعیران ونووسەران وهونەرمەندان مەمک دەشارنەوە وبە شەمامە. سێو، لیمۆ، هەنار وبەهێ نێوی دێنن. واتە وشەی مەمک دەشارنەوە. هەرچەند وشەیەکی ناحەز وشوورەیی نیە. لە زمانی کوردیدا زۆر ئاسایی بانگی ئافرەتێک دەکەن ودەڵێن «وەرە مەمکێ بدە بەو منداڵەی دەگری» بەو حاڵەش زمانی کوردی لە کۆڕ ودانیشتن لە جێگای تایبەت ئەو لایەنە بۆ خۆوە دەگری و ڕاستەوخۆ بەشێک لەو وشانە بەشاراوەیی دیڵیتەوە.

«هیندێک جار مرۆڤ لە کوتنەوەی هێندیک وشە خۆی دەپارێزی یان زۆر بە هێمنی هەنگاوی بۆ هەڵدەگری، هەڵبەت نەبەم هۆیە کە شیاوی گوتن نین، بەڵکوو ئەوە بار و دۆخی فەرهەنگی یە وای لێدەکا کە ئەم مرۆڤە ناتوانێ ئەم وشانە بەکار بێنی. زۆر جار مرۆڤ بە زۆر هۆی کەلتووری ناتوانی ئەم وشانە بەکار بینی ولای وایە کە گوتنەوەیان عەیب وعارە ووەکوو دووان لە مەڕ جل وبەرگی بنەوە. بەزمان هێنانی هیندیک لە ئەندامانی لەش وهتدا. لێرە دا وێژەرانی تەواوی زمانەکان دوو لایەنی ناحەز و جوانی وشەکان دێننە بەر چاو واتا لای ناحەزی دەشارنەوە وبە وشەیەکی جوان وشیاو ناحەزیەکەی دادەپۆشن. بۆ وینە لە زمانی کوردی دا بە کارهێنانی وشەی «گوێدرێژ» بە جێگای «کەر» لە وتەدا جوانترە.»( محەممەدنیژاد ،١٣٨٠،ل٣٨) هەرچەند ڕەنگە لێرە جێی نەبی بەڵام بۆ شی کردنەوەی بابەتەکە ئەوەش بڵێین کە تەواوی ئاژەڵەکان چوارپێنە، بەڵام کەڵک وەرگرتن لە وشەی «چوارپێ» بۆ «سەگ» زۆر گونجاو و لەبارترە ولێرە دا ناشیرینی وشە بۆ لایەنی جوانی دەگوازرێتەوە. دەکرێ بێژین زمانی کوردی بە هۆی باری فەرهەنگی وکۆمەڵایەتی یەوە جوانی پەرەستە و ئەگەر وشەیەکی ناشیرینیش بە کار بێنی، بەلایەنیکی جوان دەیشاریتەوە.

هەروەها لە گۆرانی «تۆبە تۆبە» دا گلەیی وگازندەی خۆی لە لەمپەرەکانی خۆشەویستی دەدا و دەڵێت

**قوربانت بم چاکی پیری**
**جاگەرەکی مە بە قوڕێ گیرێ**
**شەیتان زۆرە ودۆست ناگیرێ**
**چاوم بە چاوە بازەکەت**
**لێوم بە لێوە ئاڵەکەت**
**ماچ کەم ژێرتۆی دەسماڵەکەت**

**تۆبە تۆبە،تۆبە تۆبە،تۆبەی مەرگمە**
**یاری من جوانە، کزەی جەرگمە**

تەمای ماچ، کوتان ودڵەخورپە وپەنجە وپەیامی یار هەموو هەر لە لای ئاشق دا شەفایە ولێرە دەرمانی حەکیم دڵی ئاشق سارێژ دەکات.و درێژەی دەدات هەر وەکوو مامۆستا ئەحمەد هەردی لە شێعری فاتمە  کە بە دەنگی مامۆستا محەممەد ماملی کوتراوە دەڵێت:

**فاتمە دووچاوی مەستت پڕ تەلەسمی جوانیە**
**پڕ شەڕابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانییە**
**بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە**
**لار و لەنجەت مۆسیقایە،بەستەیە،گۆرانییە**
**گەرچی دڵداری لە خاکێ ئێمە دا ئەفسانەیە**
**هەر بە تەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار وعانەیە**
**گیانەکەم ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە**
**بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە**
**بووکی ڕازاوەی خەیاڵم گیانەکەم ست فاتمە**
**سەروەتم ناوێ بزەی تۆ ئەو پەڕی ئاواتمە**
**مامۆستا حەسەن زیرەک لە گۆرانی ئایشیلێ دەڵێت:**
**لە بەر ئەو کچە ڕەشتاڵە یار قەدی دەڵێی شمشاڵە**
**من سەرکەمە سەرڕانی یار پێم دادە بەو دەسماڵە**
**بێوەژنە یان کچە ئاخ هەر دەڵێی شەکی کاڵە**
**گەر هات ولێیان پرسی بڵێ یارمە، بێ حاڵە**
**ئای شیلێ نازەنینێ ئۆخەی لە سیرەی پۆتینێ**
**دەبم بە چەتری سەری یار لە بۆ ڕیی مەڕ دۆشینێ**

مامۆستا حەسەن زیرەک لە گۆرانی ئایشیلێ باسی سەرڕانی یار دەکا.نەک ئەوەی کە بێژین شتێکی ناحەزە. لێرە گۆرانی بێژ بوێرانە و جوانیناسانە هەڵسووکەوتی دوو ئەویندار وێنا دەکا و «سەر لەسەر ڕانی تاکوو بەیانی» مامليش هاوڕییەتی دەکا و دڵدار هەستی ئەوین و خۆشەویستی دەدرکێنی و یاری خۆی ئەوەندە خۆش دەوێ کەدەبێتە چەتری سەری و نایەڵی تەنانەت نازنینەکەی گزینگی هەتاویش ئازاری

بدا. گۆرانی کوردی لە ڕاستی دا قوتابخانەیەک بۆ شێوازی ژیانە و هەستی سۆز و ئەوینی لێ دەباری. هەربۆیەشە لایەنی ناشیرین دەبێ لەبەر چاو بگیرێ وەکوو وشەی «بێوەژن». هەرچەند ئەو وشەیە باوە و بە ئافرەتێک کە لە هاوژینەکەی جودا بووتەوە و ژیانی پچڕاوە، دەگوترێ:»بێوەژن» بەڵام بۆ پیاو بەکارناهێندرێ. ڕەنگە بەلایەنی ناشیرینی ونەرێنی،ئەوە بێ حورمەتی بە جێگە و پێگەی ژن بێت. بەڵام لێرە ئەو گۆرانییە کە دەڵێ «بێوەژنە یان کچە ئاخ هەر دەڵێی شەکی کاڵە» ئەوەند لایەنی نەرێنی بێوەژن دەسڕیتەوە کە لە ڕیزی کچێکی دادەنێ و ئەو ئافەرەتە شیاوی حەز وئەوین دەزانێ. بەڵام مخابن زۆر جار هیندێک لەو بەند بێژانە ناوەستایانە و ناشیرین ئەو وشەیە بەکار دێنن کە شیاوی ئافرەت نیە. دیارە ژن بناخەی ژیان و ژینە و بێ ژن ژیان مانای نیە.

مامۆستا سەلاح نیساری لە لاپەڕەی ٢٧ی خەزێنەی هەرمان دەفەرموویت: «بەڵام ئێستا چی؟ ئەوەی لەم جیلەی دەبیستی بە مۆسیقای مۆدێرنەوە، لە تالارەکان شایی و ڕەشبەڵەکی پێدەهێنیتە سەما. وەک ئەوە وایە بزماری کول بە سەر مێشکی ئینساندا دابکوتن! لە هەموو جێیەکیش باڵاپۆشی شانازی دەدەن بە سەر شان خۆیاندا، بەڵێ یانی ئێمە هونەرمەندین! دەنگی دەهۆڵ لە دوورە خۆشە، ناوی گەورەو شاری وێرانن.» (نیساری،١٣٩٥،ل٢٧) واتە لێرە گۆرانی ناڕەسەنە وشتێکی هاوردە وناڕەسەنە ودەگەڵ بەندبێژی ڕەسەنی کوردی یەکتر ناگرێتەوە.

**ئاکامی توێژینەوە:**

زمان ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە. نەتەوە گەلێک تایبەتمەندی بۆ بوونی هەیە وەکوو ئەو چەند نموونەیەی کە ئاماژەی پێ دەکرێ،: نەتەوەخاوەنی زمان، داب ونەریت، هونەر، ئەدەبیات ،فەرهەنگ،جل و بەرگی تایبەت بەخۆیەتی. دیارە هەر یەک لەو تایبەتمەندیانە باسی خۆی هەیە و ئێمە لێرە بە پێی بابەت باس لە سەر زمان دەکەین.

زمانی کوردیش زمانی نەتەوەی کوردە کە وەکوو زمانێکی سەربەخۆ، یاسا و دەستوری تایبەتی هەیە. ئەو زمانە چەند لکی لێ بووتەوە و شێوەزارگەلێکی پێوەلکاوە وئەوەش دەوڵەمەندی زمانەکەیە. هەر بەو پێیەش ئێستاکە، گۆرانی کوردیش بە بوونی ئەو شێوەزارانەوە دیارە و وەکوو کۆلکەزێرینە پێشانگایەکی تۆکمە و جوانی لە نێوان زمان و گۆرانی خوڵقاندووە.

بۆیە ئەرکی ئێمە ئاشناکردنی نەوەکانمانە بەو یاسا و دەستورەوە. ئەوەش بە زۆر شت وەکوو زانست بەگشتی و شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، ئاخاوتن، ئاواز وگۆرانی بەتایبەتی خۆی نیشان دەدا. بێ گومان ئێمە «ئەگەر ڕابردوومان نەبێت کەواتە میللەتیش نین؟!» نەتەوەی کورد مێژوویەکی دووردرێژی بە درێژایی ژیانی مرۆڤ هەیە. بەشێوەی نڤیسار هەر لە سەردەمی ئەحمەدی خانییەوە تاکوو نالی و بگرە هەتا ئێستاکە، کۆمەڵێک داستانی وەک مەم و زین، شیرین وفەرهاد، خەج وسیامەند و شێعر وسروودی پێ هۆنراوەتەوە و خاوەنی کەلتوور وئەوینێکیە لە هەموو بووارەکاندا، بنەمای ڕەسەنایەتی دادەمەزراندووە.

زمان، خۆی لە خۆی دا دەکری لە ڕووی باو و هەنجارەکانەوە بە دوو ڕوو و لایەنی جوان و ناشیرینی دابەش بکرێ. ڕووگەی جوانی زمان، گۆرانی و ئاخاوتنی پێ دەکرێ، زمانی ئەدەب و زانست وهونەرە و ڕووی ناحەز و ناشێرینی زمانیش، وشەی کە باوی کۆمەڵگا نیە دەدرکێنی. دیارە زۆر جار دەکرێ ناحەزیەکان کە ڕەنگە شوێنەواری خراپی لە سەر ژینگەی مرۆڤی کۆمەڵگا هەبێ دەکری بە ڕووی جوان داپۆشین.ڤهەرچەند با ئەوەش بڵێین جوانی وناشیرینی دوو شتی نیسبینە و کاتێک لایەنی جوانی و ناشیرنی بە خۆوە دەگرن کە لە جێگای خۆی ولەکاتی گونجاو بە کار نەیەن.

«بە ڕاستی ئەگەر لە حەق لانەدەین گۆرانی بێژی کورد، یانی بە واتاکەی دیکە»شایەر»خزمەتی زۆری بە تۆرە و وشەی زمانی خەڵکەکەی کردووە و پاراستوویەتی، هەمیشە زمانی گوڵ و بولبولی بە کار هێناوە، دووری کردووە لە زمانی زبر و تاڵ بێژی، وەک هەنگ لە گوڵ وشەی جوان و بۆن خۆشی گەڕاون بۆ ئەوەی چێژ وخۆشی بدەن بە گوێگر و بەرامبەرەکەیان» (نیساری،١٣٩٥،ل٢٥) بەرهەمی هونەرمەند و شاعیری کورد، جوانیناسانە ، هەوێنی ئەوین و خۆشەویستی یە و ورووژێنەری هەستی پاک ومرۆڤانەیە. هەرجێگایەک زمانی پاراو، ڕێک بەکار دێ و زمان ڕەنگ و ڕووی خێرخوازی، ئەوین وخۆشەویستی، نیشتمان وەرەوری و مرۆڤ دۆستی دەدا و لایەنی جوانی زمانی یە ولە هەر جێگایەک تانە وتەشەر،سەرکۆنە کردن، هەڕەشە وسووکایەتی کردن بێ، لایەنی ناشیرین و ناحەزە و زمان چڵک و چەپەر دەگری. بۆیەشە زانا، شاعیر وهونەرمەندی کورد وەستایانە لایەنی زمانی ناشیرین بۆ لایەنی جوانی دەگوازنەوە و زمانەکە دەخەنە ڕیزی جوانی وجوان پەرەستی.

**سەرچاوە:**

١. بەختیار عەلی (٢٠٠٥)شاریمۆسیقارە سپییەکان(ڕۆمان)، ناوەندی ڕەهەند وئەندێشە،چاپی یەکەم
٢.پیربالّ، فەرهاد(٢٠١٠) مێژووی گۆرانی وو مۆسیقای کوردی ، هەولێر: دەزگای ئاراس،چاپی یەکەم
٣.عەلی ڕەزا محەممەدنیژاد(١٣٨١)پێوەندی نێوان زمان و زەین و فەرهەنگ، گۆڤاری فەرهەنگی، کۆمەلاّیەتی، ئەدەبی سروە سالّی هەژدەیەم ژمارە ١٩٦، خەزەلّوەر، ل ٣٩-٣٥
٤.فاضلی، محمد(١٣٨٤) جامعەشناسی مصرف موسیقی، فصلنامە انجمن ایرانی مطالّعات فرهنگی و ارتباطات، ص٥٣-٢٧
٥.کریمی، سعید(١٣٩٥)مبانی ترانە سرایی، تهران: انتشارات فصل پنجم، چاپ سوم.
٦.نیساری،سەلاح(١٣٩٥)خەزینەی هەرمان، بۆکان: چاپ وبلاّوکەرەوەی زانکۆ،چاپی یەکەم

# بابەتی چاوگەکان لەنێوان چەند بیرورِایەکی جیاوازو پرِۆگرامەکانی خوێندندا

کازم عەباس زەندی

بەڵگەنەویستە کە چاوگەکان بەشەکی هەرە گرنگن لە زمانەکەماندا، بەڵام بەشێوەیەکی سادەو ساکار لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە کوردستانی باشووردا باس دەکرێن، بۆیە پێویستە بە دیوەکی دیکە لێکدانەوەیان بۆ بکەین و زیاتر لێییان قووڵ ببینەوە، چونکە ئەگەر سەرنجیان بدەینێ، دەبینین هەر لە ڕووکەشە دیارو بەرچاوەکانیاندا لێیان دەکۆڵرێتەوەو نەتوانراوە بەبەڵگە و پاساوی ڕێزمانی و دەستووری، بە شێوەیەکی گشتگیر گرفتەکانیان تێدا بەلایەکدا ساغ بکرێتەوە، کە هەموو لایەک لە باسی بابەتەکەدا پەیڕەوی بکەن و پێیانەوە پابەند بن، ئەمەش لە بەراوردکردنی بابەتەکە لەکتێبەکانی مەنهەج و ئەو بیروبۆچوونانەدا دەردەکەوێت کە هەندێ لەمامۆستایانی زمان لەسەر بابەتەکە هەیانە، بەلام ئاشکرایە کە ئەو بیروڕایانەی لەکتێبەکانی مەنهەج دەخوێنرێن کاریگەری زیاتریان لەسەر فێربوونی فێرخوازاندا هەیە، چونکە هۆکاری پێدان و بەدەستهێنانی زانیارییە، ئەمەش وایکردووە لەئێستادا هەر ئەو شێوە باسکردنە بەپێوەری ڕاستی بابەتەکە بزانرێت کە لە پرۆگرامەکانی مەنهەجدا باس دەکرێت، لەئەنجامی ئەمەشدا فێرخوازان هەر ئەوەندە زانیارییەیان پێگەیشتووە کە لەکتێبەکانی مەنهەجدا باس دەکرێت، ئەویش هەر ئەوەندەیە، کە چاوگ بە (ن) کۆتایی دێت و بەپێنج نیسانەی (ا، ی ، وو، ت ، د) دروست دەبێت، لەڕووی پێکهاتنەوە بۆ سادەو ناسادەی داڕێژراوو لێکدراو دابەش دەکرێت، لە دۆزینەوەی ڕەگەکانیشیاندا تەنیا پێوەر لە گەردانی کاری ڕانەبوردوو بەپێی جیاوازی نیشانەکان وەردەگیرێت، بەلام لەڕاستیدا بابەتی چاوگ وەک بابەتەکی گرنگ لەڕێزمانی کوردیدا تا ئێستا زۆربەی لایەنەکانی بەشاراوەیی ماوەتەوەو بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە جیاوازی و گرفتەکانی تێدا ڕوون نەبۆتەوە، چونکە لەمەنهەجدا دەستووری دروستبوون و هۆکاری پەیدابوون و جیاوازی نێوان نیشانەکان دەرناکەوێت و لەپۆلێنکردندا هەموو شێوەکان لەخۆ ناگرێت لەهەمان کاتدا جیاوازی لەنێوان ئەفیکسەکانێش دەرنەخراوە، کە هەندەکیان لەگەل چاوگە سادەکان واتایەکی تازە دادەهێنن و هەندەکیان مەبەست لەهەمان واتا دەگۆڕن، لەدۆزینەوەی ڕەگەکانیشدا، کە گەردانی ڕانەبوردوو بەبنەما وەرگیراوە لەکاتەکدا مەرج نییە ڕەگی چاوگ تەنیا لەکاری ڕانەبوردوو دەربکەوێتەوە، بەلکوو لەوانەیە لەکاری ڕابوردوو یان لە پێکهاتەکانی وەک بکەرو بەرکاریش بدۆزرێتەوە.

**بابەتی چاوگ لە پرۆگرامەکانی خوێندندا**

ئاشکرایە کە زمانی کوردی زمانەکی لێکدراوە، چونکە زۆربەی وشەکانی بەناسادەیی و لەئەنجامی لێکدانی وشەو ئەفێکسدا دروست دەبێت، ئەوەی لێرەشدا مەبەستی ئێمە بیت بابەتی چاوگەکانە، چونکە بەسادەیی و ناسادەیی دروست دەبن و بەبەشە ئاخاوتنەکی گرنگ و بەشادەماری زمانەکەمان دەزانریت، وەک ناو هەموو ڕۆلەکان دەبینێت و لەگەل جێناوەکانیش یەک دەگرێت لەهەمانکاتدا بەپێچەوانەی هەموو وشەو ناوە فەرهەنگییەکان، بەپێی دەستوورەکی تایبەت و هاوشێوە دروست دەبن و بۆ دەمەکانی کاریش بەسادەیی و ناسادەیی گەردان دەکرێن، بەلام چاوگە سادەکان کە بناغەی ناسادەکانن، ژمارەیان کەم و دیاریکراوە لەئاخاوتنی کوردیدا، کە لەپێنجسەد تا شەشسەد چاوگ تێپەڕ نابێت، تایبەتمەندی ئەم چاوگانەش لەوەدایە کە هەموویان  لەیەکگرتنی ڕەگ و نیشانەو (ن)ی چاوگ دروست دەبن، ئەمەش وایکردووە هەندێ کەس ئەو باوەڕیان بۆ دروست ببێت، کە بلێن چاوگی سادە لەزمانی کوردیدا نییە، چونکە نیشانەو (ن)ەکانیان بەپاشگرەکی داڕێژەر دادەنێن، بەلام لەڕاستیدا ئەم جۆرە چاوگانە هەر بەسادە هەژمار بکرێن ڕاستترە، چونکە نیشانەو (ن)ی کۆتایی لەدروستبوونی هەموو چاوگەکاندا وەک بەشەکی بنجی ڕۆل دەبینن نەک وەکو پاشگرەکی زیادە، کە ئەگەر  لایان بدەین واتایەکی دیکەیان بۆ دروست ببێت، بەلام چاوگە ناسادەکان کە لەیەکگرتنی چاوگەکی سادەو وشەی واتادارو بێ واتاو ئەفێکس دروست دەبن ژمارەیان ئەوەندە زۆرە، کە لەهەژماردن ناهێن، بۆیە هیچ ژمارەیەکیان بۆ دیار ناکریت، بەلام لەبەر ئەوەی ئەو وشەو ئەفێکسانەی کە لەدروستکردنیاندا ڕۆل دەبینن، هەندەکیان واتایەکی تازە دادەهێنن، هەندەکی تریان مەبەست لەهەمان واتادا دەگۆڕن، لەئەنجامی ئەمەشدا جیاوازی واتایی لەنێوان چاوگەکاندا دروست دەبێت، بۆیە وا پێویست دەکات بەپێی ئەم جیاوازییە چاوگەکان پۆلێن بکرێن و دابەش بکرێن تاوەکو هەر ئەفێکسەک بەڕۆلی خۆی دەربکەوێت و جیاوازی چاوگەکانی پێ دەستنیشان بکرێت نەک وەکو ئەوەی کە  لەئێستادا، لەکتێبەکانی مەنهەجدا پەیڕەو دەکرێت، کە تەنیا لەڕووی پێکهاتن و لەیەکگرتنی چەند ئەفێکسەک و چاوگە سادەکان پێوەری پۆلێنکردن وەردەگیرێت بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەفێکسەکاندا لەڕووی داهێنانی واتاو گۆڕینی مەبەستدا بکرێت .

لەدوا چاپی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی ( چ١٦ی ٢٠٢٣)دا، چاوگەکان بەم شێوەیە پێناسەکراون (چاوگ وشەیەکە، کە ڕوودانەک یا کردەوەیەک

پیشـان دەدات، بـەلام ئـەم کردەوەیـە نەدراوەتـە پـاڵ کەسـەک یـا شـتەک، کاتیشـی تێـدا نییـە، چـاوگ لـەڕسـتەدا وەک نـاوی واتایـی بەکاردێـت و هەمـوو تایبەتییەکانـی نـاو وەر دەگرێت و ئەرکەکانی ناویش دەبینێت هەروەها دەبێتە سەرچاوەی دروسـتکردنی کار و گەلەک وشـەی تریش )

**ئێمە لێرەدا لەسێ ڕوانگەوە لێکدانەوە بۆ چاوگەکان دەکەین کە لەکتێبەکانی مەنهەجدا باسکراوە :**

ڕوانگەی یەکەم پۆلێنکردنی چاوگەکانە، کە بۆ سادەو ناسادەی(داڕێژراوو لێکدراو) دابەشکراون .

ئـ/ چاوگی داڕێژراو ئەو چاوگەیە کە لەچاوگەکی سادە لەگەڵ پێشگرەک یان پاشگرەک یان لەگەڵ هەردووکیان پێکهاتووە، پێشگرەکانیش ئەمانەن (هەڵ، دا، ڕا، پێ، تێ، دەر، بەر، ڤە، لێ، وەر) پاشگریش وەک (ەوە(

١-پێشگر + چاوگی سادە، وەک (هەڵبوون، ڕاکردن، لێنان، لێدان (

٢ -چاوگی سادە + پاشگر، وەک (خواردنەوە، خوێندنەوە، کردنەوە)

٣- پێشگر + چاوگی سادە + پاشگر، وەک (هەڵبوونەوە، ڕاکردنەوە، لێدانەوە)

ب / چاوگی لێکدراو لەچاوگەکـی سـادە یـان داڕێـژراو، لەگـەڵ وشـەیەکی واتـاداری تـر یـان پـتر پێکهاتـووە .

١- ناو + چاوگی سادە، وەک (یارمەتیدان، دەستگرتن)

٢-هاوەڵناوی چۆنی + چاوگی سادە، وەک (گەورەکردن، گەرمبوون، بڵندکردن)

٣- ناو + چاوگی داڕێژراو، وەک (دەستهەڵگرتن، سەرهەڵبڕین)

٤-هاوەڵناوی چۆنی + چاوگی داڕێژراو، وەک (ڕاستکردنەوە، چاکبوونەوە)

٥ - ناوی داڕێژراو + چاوگی سادە، وەک (ڕێگەدان، جێگەگرتن)

٦-هاوەڵناوی داڕێژراو + چاوگی سادە، وەک(بەهێزکردن، بەئاگاهاتن)

٧-هاوەڵکاری داڕێژراو + چاوگی سادە، وەک ( ل ناڤچوون، لەناوبردن)

ڕوانگەی دووەم نیشانەی چاوگەکانە، کە بەپێنج جۆری (ان، ین، دن، تن، وون) دەرخراون .

**یەک /** چاوگی (ئەلفی) ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) ، (ا)ە.

**دوو/** چاوگی (یائی) ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش(ن)، (یـ)ە .

**سێ /**چاوگی (دالی) ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) ، (د)ە .

**چوار** /چاوگی (تائی) ئەو چاوگەیە کە پیتی پێش (ن) ، (ت)ە .
**پێنج** / چاوگی (واوی) ئەو چاوگەیە کە پیتی پێشی (ن) ، (و(ە .
ڕوانگەی سێیەم دۆزینەوەی ڕەگەکانە، کە وا نووسراوە (ڕەگی کار ئەو بەشەیە لەچاوگ وەردەگیرێت و واتای چاوگ هەڵ دەگرێت، بەشی هەرە زۆری ڕەگی کار بەتەنیا بەکار نایەت و واتای تەواو نابەخشێت، بەلام دەبێتە سەرچاوە بۆ دروستکردنی کاری (ڕانەبردوو، داخوازی) و گەلەک وشەی تر لەزمانەکەمان، بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار، کارەکە دەکەینە ڕانەبوردوو ئینجا دوای لابردنی )دە، جێناوی لکاو) ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت ڕەگی کار) (زمان و ئەدەبی کوردی، قۆناغی بنەڕەتی، پ٩چ١٦ سالی ٢٠٢٣ لا ٢٤تا لا٣٢)

**دیوەکی دیکەی چاوگەکان**

لەڕاستیدا ئەو شێوە پۆلێنکردنەی کە لەکتێبەکانی مەنهەج بۆ چاوگەکان کراوە هەموو شێوەکانی لەخۆ نەگرتووە، کە لەئاخاوتنی کوردیدا بەکار دەهێنرێن، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی دیکە پۆلێن بکرێن کە گشتگیر بێت  هەروەها هەموو ئەو پێشگرە داڕێژەرانەش دیارنەکراوە کەچاوگی داڕێژراو دروست دەکەن، لەباسکردنی نیشانەکانی چاوگیشدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان نیشانەکاندا نەکراوەو هەموویان لەیەک ئاستدا داندراون، لەکاتەکدا هەندەکیان لەبنەڕەتدا چاوگەکانی پێ دروست دەبێت ئینجا لەدواتردا ئەوانی دیکەیان لەجیاتی دانراوە، لەدۆزینەوەی ڕەگەکانیشدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەو ڕەگانەدا دەرنەخراوە کە چاوگەکەی لەسەر دروست دەبێت لەگەل ئەو ڕەگەی کە بۆ گەردانکردن دەگۆڕێت لەهەمانکاتدا چاوگە سادەو ناسادەکان و ناوازەو ئاساییەکانیش بەتێکەلی باسیان لێوەکراوە ئینجا بەپیی هەر نیشانەیەک یاسایەک هەلهێنجراوە لەکاتەکدا چاوگەکان ئەگەر بەهەر نیشانەیەک بن، لەبنەڕەتدا بەدەستوورەکی هاوشێوە دروست دەبن ئینجا لەئەنجامی گۆڕانی نیشانەکانیان و گونجاندنیان لەگەردانکردندا، بەکاریگەری و تایبەتمەندی شێوەزارەکان گۆڕان لەڕەگ و نیشانەکانیاندا ڕوویداوە، هەموو ئەمانەش وایانکردووە بابەتی چاوگ چەندین لایەنی نادیارو باس نەکراوی تێدا بمێنێتەوە، کە لەئێستادا پێویستی بەدەرخستنەوە بێت و لەکتێبەکانی مەنهەجدا بەدیوەکی دیکە باس بکرێت و هەموو ئەمانەی تێدا بەهەند وەربگیرێت .

### دەستووری دروستبوونی چاوگەکان و پەیدابوونی نیشانەکان

هەروەک دەزانین دەستوور بنەواشەیە بۆ هەر بابەتەک، کە لەپەیڕەوکردندا پشتی پێ دەبەسترێت لەهەمان کاتدا وەک چوارچێوە وایە کە لەدواتردا بۆ داڕشتنی یاساو بنەماو بڕگەو وردەکارییەکانی بابەتەک، بەسنوورەکی دیاریکراو دادەنرێت، دانانی دەستووریش بۆ هەر بابەتەک هەردەم لەسەرەتاو دەستپێکدا دادەنرێت ئینجا لەپاشاندا لەوانەیە بەپێی پێداویستی گۆڕانی تێدا بکرێت، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە لە کۆنترین شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەستووری دروستبوونی چاوگەکان داندراوە ئینجا لەدواتردا بەتێپەڕینی سەردەم و دروستبوونی شێوەزارە جیاوازەکان سوود لەم بناغەیە وەرگیراوەو گۆڕانی تێدا کراوە، بەپێی دەرخستنی بەڵگە مێژووییەکانیش کۆنترین شێوە ئاخاوتنی  کوردی، لەشێوەزارە ڕەسەنەکانی گۆران(هەورامی و زازاکی) و لووڕی و کەلهووڕی و لەکی و فەیلی و بەختیاری .....تاد لەگەڵ هەمو ئەو بنەزارو وەچەزارانەی کە لەم شێوە گفتوگۆیە نزیکن پێک دێت، بۆیە لەبنەڕەتدا لەم شێوەزارانە دەستووری دروستبوونی چاوگەکان و پەیدابوونی نیشانەکان داندراوە ئینجا لەدواتردا کە شێوە ئاخاوتن و شێوەزارەکانی کرمانجی ناوەڕاست و سەروو پەیدابووینە، سوود لەم دەستوورە وەرگیراوەو وەک بناغە بەکارهێنراوە .

### دەستووری دروستبوونی چاوگەکان

**ئەو دەستوورەی کە لەبنەڕەتدا چاوگە ئاسایی و ناوازەکانی پێ دروست دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوەیە :**

کۆلەگەی دیار : ئەم کۆلەگەیە بەلکاندنی پاشگری (یان) بەڕەگە تێپەڕو تێ نەپەڕەکانەوە دروست دەبێت، وەک (سووتیان ، گەڕیان ، باریان، برژیان، زانیان ، قەومیان، کوژیان ، فرۆشیان ، کڕیان ، خوەینیان ، پالویان .......تـاد ئینجا لەهەندێ چاوگدا، پیتە (ا) لە پاشگری (یان) لادەبرێت، چاوگی (یانی) دروست دەبیت وەک (کڕیان ... کڕین)(باریان ... بارین)(پالویان ... پالوین)(پۆشیان ، پۆشین)(فڕیان ... فڕین) لەهەندێ چاوگی دیکەدا، پیتە (ی) لەپاشگری (یان) لادەدرێت ئینجا چاوگی (ئانی) دروست دەبێت وەک (سووتیان ... سووتان)(گەڕیان ... گەڕان)(برژیان ... برژان)(کێلیان ... کێلان) وەک یاسایەکیش نیشانەی (ا) بۆ تێ نەپەڕەکان، نیشانەی (ی) بۆ تێپەڕەکان بەکار دەهێنرێت، ئەم بیروڕایەش بەوە دەسەلمێت کە ئەگەر هەر چاوگەکی تێپەڕ بە (ان) دروست ببێت لەبەرامبەردا بە (ین)یش دروست دەبێت و هەمان واتا دەداتەوە وەک (کێلان ، کێلین ... شێلان ، شێلین ، هێنان ،

هانین) لەهەموو یاسایەکیشدا ڕیزپەڕ هەیە، بۆیە لەهەندێ حالەتدا هەردوو نیشانە بۆ یەک چاوگیش بەکار دەهێنرێت وەک لە (قەومان، قەومین) (لەرزان ، لەرزین)(کولان ، کەلین)(سووتان ، سۆتین) ئینجا بەتێپەڕینی سەردەم و کاریگەرییەکانی، لەهەندێ چاوگ و لەهەندێ شێوەزاردا ئەم دوو نیشانەیە بە نیسانەکانی دیکە گۆڕدراون و گەردانی کاری ڕابوردوویان پێکراوە، لەمەشدا جیاوازی لەنێوان نیشانەکاندا دەردەکەوێت، چونکە هەندەکیان لەبنەڕەتدا چاوگەکانی پێ دروستبووە ئینجا ئەوانی تریان لەجێدا بەکارهاتووە، لەئەنجامی ئەمەشدا ئێمە بەم شێوەیەی خوارەوە نیشانەکانمان دابەشکردووە .

**یەکەم** : نیشانەکانی بنەڕەتی (ا ، ی) دەگرێتەوە، چونکە ئەم دوو نیشانەیە لەپاشگری (یان) پەیدا دەبن، بۆیە هەموو چاوگەکی ڕەسەنی کوردی لەبنەڕەتدا بەیەکەک لەم دوو نیشانەیە دروست دەبێت بەمەرجەک ناوازەو خوازراو نەبێت ئینجا بۆ نیشانەکانی دیکە دەگۆڕێت، ئەم بیروبۆچوونەش بەم بەلگانە دەسەلمێت .

١-ئەگەر هەر چاوگەک بەنیشانەکانی دیکە لەشێوەزارەکدا بەکاربهێنرێت بەدلنیایی بەیەکەک لەم دوو نیشانەیەش بەکارهێنانی هەیە، بەلام مەرج نییە ئەگەر چاوگەک بە (ا) یان (ی) بەکار هێنانی هەبێت، لەبەرامبەریدا بەنیشانەیەکی تریش بەکار بهێنرێت بۆنموونە (هانین، هێنان، کڕین ، دزین ، برژان ، قەومان، فڕین، بارین، گەڕان ....تاد هەر بەنیشانە بنەڕەتییەکە بەکار دەهێنرێن، بە نیشانەکانی دیکە ناگۆڕدرێن، بەلام هەموو ئەو چاوگانەی کە بەیەکەک لە نیشانەکانی دیکە بەکار دەهێنرێن لەیەکەک لەشێوەزارەکاندا بە (ا) یان (ی) بەکارهێنانی هەیە وەک (نوستن، گەیشتن، پۆشتن ، پالاوتن، مردن، گەستن، خواستن، گواستنەوە، شوشتن، خواردن، ڕۆیشتن.......تاد بە (نڤین، گەیین، پۆشین ، پالوین ، مرین، گەزین، خوازین، گۆزینەوە، شۆرین، خۆرین، ڕۆیین......تاد بەکار دەهێنرێن .

٢-ئەگەر هەر چاوگەکی تێ نەپەڕ بەهەر نیشانەک بێت، بۆ تێپەڕکردن هەل دەگەڕێتەوە سەر نیشانە بنەڕەتییەکەی خۆی، کە (ان) ە ئینجا بە (دن)تێپەڕ دەکرێت وەک (فڕین ، فڕاندن / نوستن، نواندن/ کەوتن ، کەواندن / گەیشتن ، گەیاندن / مردن ، مراندن / چوون، چواندن.......تاد

٣- هەردەم چاوگە خوازراوەکان، کە لەدەستەواژە عارەبییەکان دروست دەکرێن، زیاتر بەنیشانەی (ا) و کەمتر بە (ی) دروست دەکرێن، هەرگیز بەنیشانەکانی دیکە دروست نابن وەک (خنق... خنکان ، خەندقین)(مشی... مەشاندن)(شغل ... شوغلاندن)(نجح ... نەجحاندن ........تاد

٤-کەمترین چاوگی ناوازە لەزمانی کوردیدا، بەنیشانەی بنەڕەتی (ا، ی) دروست دەبن وەک (دان ، نان ، مان ، ژیان، شیان ، گریان ، زان) کەچی بەشی هەرە زۆری چاوگە ناوازەکان بەنیشانەکانی دیکە دروست دەبن وەک (بوون ، چوون ، فەرموون، گروون ، دروون ، سوون ، جوون، کردن، کرن ، بردن، برن ، خواردن، خوارن، مردن، مرن، خستن، گرتن، شووشتن، هاتن، ڕشتن، ڕستن، بەستن، بیستن، دیتن، گووتن، هاوێشتن، هێشتن، ویستن، نوستن، ڕۆیشتن، گەیشتن، پشکووتن ..... تاد) چونکە نیشانەکانیان لەبنەڕەتییەوە گۆڕاوە، بەلام ئەگەر زۆربەی ئەم چاوگانەش بۆ نیشانە بنەڕەتییەکانیان بگەڕێنینەوە، دەبینین لەخانەی ناوازەیی دەردەچن ئەگەر هۆکارەکی تری گەردانی یان واتاییان تێدا نەبێت بۆنموونە ئەگەر (گروون ، دروون ، سوون، جوون، خواردن ، شووشتن، بیستن، هاوێشتن، هێشتن، ویستن، نوستن...... تاد بەنیشانە بنەڕەتییەکانیان دروست بکەینەوە (گروین ، دوورین ، سوین ، جوین ، خۆرین ، شۆرین، بیسین ، هاوێژین ، هێلان ، ڤیان ، نڤین......تاد دەبینین نیشانەی ناوازەییان لێ دەرناکەوێتەوە .

٥-لەدۆخی بکەر نادیاریدا هەرگیز نیشانەی ناوازەیی دەرناکەوێت، چونکە بەنیشانەی بنەڕەتی(ان) دروست دەکرێن وەک (کردن ، کران ... کرا، دەکرێت )(شووشتن، شووران ... شوورا، دەشوورێت )(خستن، خران ... خرا، دەخرێت........تاد

**دووەم** : نیشانەکانی لەجیاتی (ت ، د ، ست ، شت) دەگرێتەوە، چونکە ئەم نیشانانە لەجیاتی نیشانەکانی(ا ، ی) بنەڕەتی دادەنرێن وەک (کوشتن ، کوژین)(مردن ، مرین)(خوێندن، خوەینین)(پۆشتن، پۆشین)(نوستن، نڤین)(ڕۆیشتن، ڕۆیین).......تاد

**سێیەم** : نیشانەکانی لاوەکی کە (و ، ر) دەگرێتەوە، چونکە ئەم نیشانانە لەم چاوگانەدا دادەنرێن کە نیشانەکانیان لادەدرێت ئینجا پیتی کۆتایی ڕەگەکە ڕۆلی نیشانەی چاوگەکە دەبینێت، وەک لە (گروون ، سوون ، کرن ، مرن، خوارن......تاد کە لە بنەڕەتدا (گروین ، سوین، کردن، مرین، مردن خۆرین، خواردن ......تاد

**کۆلەگەی نادیار** : ئەم کۆلەگەیە بەلکاندنی پاشگری (ران) بەڕەگە تێپەڕەکانەوە دروست دەبێت وەک (کوژران ، فرۆشران ، زانران، خوێنران ، پالێوران، کڕران.....تاد ئینجا بەهەمان دەستوور بۆ ڕەگ و چاوگە تێپەڕکراوەکانیش دروست دەکرێت وەک (سووتێنران ، برژێنران، بارێنران، قەومێنران، گەڕێنران......تاد ئینجا گەردانی بکەر نادیاری و بەرکارەکان دروست دەکەن وەک (کوژرا، دەکوژرێت ، بکوژرێ ... کوژراو)(فرۆشرا، دەفرۆشرێت،

بفرۆشری ... فرۆشراو)(سووتێنرا، دەسووتێنرێت، بسووتێنرێ... سووتێنراو)(برژێنرا، دەبرژێنرێت، ببرژێنرێ... برژێنراو)

**کۆڵەگەی دەنگدار** : ئەم کۆڵەگەیە بەدووبارەکردنەوەی هەمان وشە دروست دەبێت کە بۆ دەنگە سروشتییەکان بەکار دەهێنرێن وەک (جریوەجریو ، قیڕەقیڕ ، نالەنال، زیڕەزیر، فسکەفسک، فیشکەفیشک ......تاد ئینجا چاوگەکانی (جریواندن ، قیڕاندن ، نالاندن، زیڕاندن، فسکاندن، فیشکاندن......تاد دروست دەکەن .

**تێبینی**

١- وا ڕاستترە لەجیاتی زاراوەی چاوگی (ئەلفی، یائی، تائی، دالی، واوی) دەستەواژەی (ئانی، یانی، تانی، دانی، وانی) بەکار بهێنرێت، چونکە(ن)ی چاوگ هەمیشەیی وجێگیرە ئینجا لەگەڵ نیشانەکانی چاوگ بەیەکەوە دروست دەبن لە هەمانکاتدا ناولێنانەکە بەرگ و ئاوازی زمانی کوردی پێوە دەلکێت.

٢- وا ڕاستترە پیتەکانی (ست ، شت ، ر) یش بەنیشانە بزانرێن، چونکە هەروەکو نیشانەکانی دیکە هەمان ڕۆلی نیشانەکانی چاوگ دەبینن، دەبنە دوا دەنگی کاری ڕابوردوو، هەرگیز تێکەلی گەردانی کاری فەرمان و ڕانەبوردوو نابن .

**پۆلێنکردنی چاوگەکان لەڕووی واتاوە**

لەڕاستیدا ئەو پۆلێنکردنەی کە لەڕووی پێکهاتنەوە لەکتێبەکانی مەنهەجدا بۆ چاوگەکان کراوە، شێوەیەکی گشتگیر نییە، چونکە هەموو چاوگە بەکارهێنراوەکانی لەئاخاوتندا لەخۆ نەگرتووە لەهەمان کاتدا ئەو پاشگرو پێشگرانەی کە لەدروستکردنی چاوگەکاندا بەکارهێنراون هەموویان دەستنیشان نەکراون، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی دیکە پۆلێن بکرێن کە گشتگیر بێت و ڕەچاوی واتاو مەبەستی بەکارهێنانی ئەفێکسەکانی تێدا بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە چاوگە سادەکان بۆ چاوگی سادەی سەربەخۆو بەیاریدە، چاوگە ناسادەکان بۆ داڕێژراوو لێکدراوو دروستکراو دابەش دەکەین لەهەمان کاتدا بەپێی داهێنان و گۆڕانی واتاو بەپێوەرەکی گونجاو ئەفێکسەکان دەستنیشان دەکەین .

**چاوگە سادەکان**

**یەکەم** : چاوگی سادەی سەربەخۆ

ئەو چاوگانەن کە تەنیا بەیەکگرتنی ڕەگ و نیشانەو (ن)ی چاوگ بەتیپەڕی و تێ

نەپەڕی دروست دەبن وەک (سوتان، نوسین، کێلان، گەستن، هێشتن، خوازین، خوێندن، فڕین، نوستن، ڕۆیشتن، کەوتن ، مردن ، خواردن ......تاد

**دووەم** : چاوگی سادەی بەیاریدە

ئەم چاوگانە هەمان چاوگە سادە سەربەخۆیەکانن، بەلام بۆ گۆڕینی مەبەست یاریدە لەچەند پێشگرو پاشگرەک وەردەگرن، پێشگرەکان بریتین لە (وە، ڤە، هە، ئە، ئا) ، پاشگرەکان بریتین لە (ەوە، ەڤە ، اندن) وەک لە :

– (گۆزین) وەگۆزین، گۆزینەوە ، ڤەگۆزین، ڤەگواستن، گواستنەوە

– (شێرین) شێرینەوە، وەشاردن ، ڤەشارتن ، ئاشاردن ، شاردنەوە

– (ناردن) هەناردن، ناردنەوە

– (ژماردن) هەژماردن ، هەژمارتن ، ئەژمارتن، ژماردنەوە

– (سپاردن) ئەسپاردن

–( گوتن، گفتن) ئاخفتن، ئاخڤین، ئاخافتن، ئاخڤاندن، ئاخاوتن

– (کڕین) کڕینەوە، کڕینەڤە

– (هاتن)هاتنەوە، هاتنەڤە

–(سوتان) سوتاندن ، سوتانەوە، سوتاندنەوە

– (خواردن) خواردنەوە، وەخواردن، ڤەخوارن

–(خوێندن) خوێندنەوە، خوێندنەڤە

**تێبینی**

١– (ئا ، ئە ، هە) ئەم ئەفێکسانە هەرگیز وەک پێشگر لەگەل چاوگە سادە سەربەخۆیەکان واتایەکی تازە داناهێنن، بەلکو هەردەم وەک یاریدەدەرک بۆ بەهێزکردنی واتای چاوگەکە یان بۆ گۆڕینی مەبەست لەهەمان واتادا بەکار دەهێنرێن .

٢–(ەوە ، ەڤە)( وە ، ڤە) ئەم ئەفێکسانە هەموویان لەبنەڕەتدا هەر یەکن، بەلام بەتایبەتمەندی شێوەزار بەکار دەهێنرێن و ئالوگۆڕ دەکرێن، لەو کاتەی کە دەبنە پێشگر هەرگیز واتایەکی تازە داناهێنن، بەلکو بۆ بەهێزکردنی واتای هەندێ چاوگ بەکار دەهێنرێن، بۆیە بە پێشگرەکی  یاریدەدەر دادەنرێن نەوەکو داڕێژەر، بەلام لەو کاتەی کە وەکو پاشگر بەکار دەهێنرین، بەپێی واتای چاوگەکە بۆ چەند مەبەستەکی جیا ڕۆل دەبینن، بۆیە بەپێی دروستکردنی واتا بەیاریدەدەر یان بەداڕێژەر دادەنرێت .

- **مەبەستی یەکەم** : دووبارەیی وەک لە (فرۆشتنەوە ، کڕینەوە، دڕاندنەوە ، سووتاندنەوە) بۆیە بەیاریدەدەر هەژمار دەکریت، چونکە واتایەکی تازە داناهێنێت .

- **مەبەستی دووەم** : بەردەوامی وەک لە (ژیانەوە ، لەرینەوە ، لەرزینەوە ، سوڕانەوە) لەم حالەتەشدا بەیاریدەدەر هەژمار دەکریت، چونکە واتایەکی تازە داناهێنێت .

- **مەبەستی سێیەم** : تەواوکردنی واتا وەک لە( کولانەوە، دۆزینەوە، سووتانەوە ، ڕشانەوە) لەم حالەتەشدا وەک یاریدەدەر ڕۆل دەبینێت، چونکە چاوگەکان بەبێ ئەم پاشگرە، بۆ واتایەکی دیکە بەکار ناهێنرێن .

- **مەبەستی چوارەم** : داهێنانی واتایەکی تازە وەک لە (گێڕانەوە) (گەڕانەوە)چونکە واتای (گێڕان ، گەڕان) بەسادەیی و بەبێ ئەم پاشگرە واتایەکی سەربەخۆیان هەیە، بەلام کە پاشگرەکەیان بۆ دادەنرێت واتایەکی جیاواز دادەهێنێت، بۆیە لەم حالەتەدا بەپاشگرەکی داڕێژەر هەژمار دەکرێت، ڕۆلی ئەم پاشگرەش زیاتر لەچاوگە ناسادەکان دەردەکەوێت بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی (گێڕان ، گێڕانەوە)(گەڕان ، گەڕانەوە) بەپاشگرو بەبێ پاشگر بکەین وەک لە (ئاهەنگ گێڕان ، شیوەن گێڕان) (ئاهەنگ گێڕانەوە ، شیوەن گێڕانەوە) دەبینین بەبێپاشگرەکە واتایەکی جیاواز دەدەن، بەلام ئەگەر پاشگرەکەی بۆ زیاد بکەین مەبەستی دووبارەیی دەداتەوە، بەلام لە (قسە گێڕانەوە ، چیرۆک گێڕانەوە) یان لە( گەڕانەوە لەسەیراندا) دەبینین پاشگرەکە واتایەکی سەربەخۆی داهێناوە، بۆیە لەم حالەتەدا وەک پاشگرەکی داڕێژەر چاوگەکی ناسادەی پێ دروست دەبێت .

٣- پاشگری (اندن ، دن) ئەم پاشگرە هەرگیز واتایەکی تازە داناهێنێت، بەلکو لەهەموو حالەتەکدا یاریدەی چاوگە تێ نەپەڕەکان دەدات بۆ تێپەڕکردن، بۆیە بەپاشگرەکی داڕێژەر هەژمار ناکرێت و نابێت لەتەک ئەو ئەفێکسانە دابنرێت، کە چاوگی ناسادەی داڕێژەریان پێ دروست دەبێت .

**چاوگە ناسادەکان**

**یەکەم** : چاوگی ناسادەی داڕێژراو

ئەم چاوگانە بەیەکگرتنی پێشگرەکی بێ واتاو چاوگەکی سادەی(سەربەخۆ – بەیاریدە) دروست دەبن و واتایەکی تازە دادەهێنن، وەک (داهێنان ، ڕاپەڕین، ڕاپەڕاندن، دابەزین ، دابەزاندن ، دابەزینەوە، هەلکردن، هەلکردنەوە، وەرگرتن، بەردان، تێچوون،

تێكبەستان، پێدان ، پێكهاتن ، لێكۆلینەوە، لێكدان، ڤێخستن، ڤێكخستن ، وێدان ، وێكدان ، ژێپرسین، ژێكپرسین ......تاد

**پێشگرە دارێژەرەكان**

پێشگرە دارێژەرەكان دەستەواژەی بێ واتانە، كە بەیەكگرتنیان لەگەل چاوگەكی سادەدا، واتایەكی تازە دادەهێنن و چاوگەكی نادەسادەی دارێژراو دروست دەكەن، ئەم پێشگرانەش بۆ چالاك و ناچالاك دابەش دەبن، پێشگرە چالاكەكان ژمارەیان دیاریكراوەو (حەڤدە ١٧) پێشگرن، بریتین لە(دا، ڕا ، هەل ، وەر ، بەر ، تێ ، تێك ، پێ ، پێك ، لێ ، لێك ، ڤێ ، ڤێك ، وێ ، وێك ، ژێ ، ژێك) لەگەل پاشگری (ەوە) لەوكاتەی كە واتایەكی تازە دادەهێنێت، بەلام لەكتێبی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتیدا (١٠ دە) پێشگرو (١ یەك) پاشگر دەستنیشانكراوە، كە (دەر ، ڤە)و (ەوە)ی تێدایە .

ئەم (حەڤدە ١٧) پێشگرە چالاكەمان بەپێی ئەو پێوەرە دەستنیشانكردووە، كە دەبێت هەر پێشگرەك لەگەل (٧حەفت) چاوگی بنیات و زیاتر یەك بگرێت و واتایەكی تازە دابهێنێت، چاوگەكانی بنیاتیش لەزمانی كوردیدا ژمارەیان(چواردە ١٤) چاوگی سادەن كە زۆربەی چاوگە نادەسادەكانی لێ دروست دەبێت بریتین لە(كردن ، دان ، خستن ، هێنان ، هاتن ، كەوتن ، كێشان ، گرتن ، بڕین ، مان ، نان ، بردن ، بوون ، چوون) بەواتای ئەوەی دەبێت هەر پێشگرەك لەمانە لەگەل حەفت لەم چاوگانەو زیاتر یەك بگرێت و چاوگەكی نادەسادەی دارێژراو دروست بكات ئینجا بەپێشگرەكی چالاك هەژمار دەكرێت بۆ نموونە پێشگری(دا) لە(داكردن ، دادان ، داخستن ، داهێنان ، داهاتن ، داكەوتن، داكێشان، داگرتن، دابڕین ، دامان ، دانان) ... (هەل) لە(هەلكردن ، هەلدان ، هەلخستن ، هەلهێنان ، هەلهاتن ، هەلكەوتن ، هەلكێشان ، هەلگرتن ، هەلنان ، هەلبوون ) ... (ڕا) لە(ڕاكردن ، ڕادان، ڕاخستن، ڕاهێنان، ڕاهاتن ، ڕاكێشان، ڕاگرتن، ڕامان، ڕابوون.......تاد)... (تێ ، تێك) لە(تێكردن ، تێنان ، تێچوون ، تێكەوتن، تێبڕین، تێگرتن، تێخستن، تێمان.....تاد )... (پێ ، پێك) لە(پێكردن ، پێكهاتن ، پێدان ، پێكهێنان ، پێبوون ، پێكەوتن ، پێگرتن...... تاد) پێشگرەكانی تریش بەهەمان شێوە هەریەكەیان لەگەل حەفت چاوگی بنیات و زیاتر یەك دەگرن و واتایەكی تازە دادەهێنن، بەلام پێشگرە دارێژەرە ناچالاكەكان ئەگەرچی لەڕوالەتدا لەشێوەی پێشگرە چالاكەكانن، بەلام لەبەر ئەوەی كەم بەرهەمن و هەریەكەیان لەگەل چاوگەكی دیاریكراودا یەك دەگرێت ئینجا چاوگەكی نادەسادەی دارێژراو دروست

دەکەن، بۆیە بەناچالاک دادەنرێن، ئەم پێشگرانەش ژمارەیان دیار نییەو بەتەنیا واتایەکی سەربەخۆیان نییە وەک (ڕوو ، ڕۆ ، فێر ، ڕەت ، پال ، هان ، واز ......تاد کە چاوگەکانی (ڕوونیشتن – ڕۆنان – فێرکردن ، فێربوون – ڕەتکردن ، ڕەتبوون – پالدان ، پالکەوتن – هاندان – وازهێنان.......تاد دروست دەکەن، بەڵام بۆ دروستکردنی چاوگی داڕێژراو لەگەڵ چاوگی تردا یەک ناگرن، بۆیە بەپێشگری ناچالاک دادەنرێن(بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : زمانی کوردی بەپێی سەردەمەکان... کازم عەباس زەندی چ١ لا١٥٤) .

**تێبینی**

لەپێشتردا باسی (ەوە، ڤە)مان کردووە، بەلام بۆ پێشگری (دەر) کە لە کتێبەکانی مەنهەجدا بەپێشگرەکی داڕێژەر دانراوە، ئێمە بیروڕایەکی جیاوازمان بۆی هەیە، چونکە ئەم پێشگرە لەهەموو بارەکدا کورتکراوەی (دەرەوە)یە، کە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆیە، لەدروستکردنی چاوگە ناسادەکاندا هەردەم هەمان مەبەست و واتا دەداتەوەو واتای چاوگەکە بەدوای واتای خۆیدا ڕادەکێشێت، ئەم سیفەتەش لەسیفەتی پێشگرە واتادارەکان دەچێت، بۆیە ئەم پێشگرە بەوشەیەکی واتادار هەژمار دەکرێت، کە چاوگی لێکدراوی لێ دروست دەبێت نەوەکو داڕێژراو، چونکە پێشگرە داڕێژەرەکان واتایەکی سەربەخۆیان نییە، بەلام لەگەل چاوگە سادەکان واتایەکی تازە دادەهێنن بۆ نموونە (هەل) لە(هەلکردن، هەلهێنان ، هەلکێشان ، هەلدان...........تاد بۆ هەریەکەیان واتایەکی سەربەخۆی دروستکردووە کەچی (دەر) لە(دەرکردن ، دەرهێنان ،دەرکێشان، دەردان.......تاد هەموویان بۆ مەبەستی (دەرەوە)دەگەڕێنێتەوە (کردنەدەرەوە، هێنانەدەرەوە، کێشانەدەرەوە، دانەدەرەوە)، ئەمەش سیفەتی وشە واتادارەکانە، بۆیە نابێت بەپێشگرەکی داڕێژەر هەژمار بکرێت .

**دووەم** : چاوگی ناسادەی لێکدراو

ئەو چاوگانەن کە وشەیەکی واتادار لەگەڵ چاوگەکی سادەی (سەربەخۆ- بەیاریدە) یەک دەگرێت و واتایەکی تازە دادەهێنێت، تێپەڕو تێ نەپەڕیان هەیە، ئەو وشە پێشگرانەش ئەوەندە زۆرن کە لەژماردن ناهێن، بۆیە ناتوانرێت هەموویان بنووسرێن .

١- وشەی سادە + چاوگی سادە(سەربەخۆ- بەیاریدە) = چاوگی لێکدراو وەک :

- کار + کردن (کارکردن)
- پەنگ + دان + ەوە (پەنگدانەوە)
- بێهن + ڤە + دان (بێهن ڤەدان)

- دەست + گووشین  (دەستگووشین)
- نان + خواردن (نانخواردن)
- ئاو + خواردن + ەوە (ئاوخواردنەوە)
- دڵ + شکان (دلشکان)
- دڵ + شکان + دن (دلشکاندن)
- دل + شکان + دن + ەوە (دلشکاندنەوە)...تاد

٢- وشەی لێکدراو + چاوگی سادە(سەربەخۆ - بەیاریدە) = چاوگی لێکدراو وەک :

- سەر + خۆش + بوون  (سەرخۆشبوون)
- پشت + گوێ + خستن (پشتگوێخستن)
- ماست + ئاو + خواردن + ەوە (ماستاوخواردنەوە)
- پێ + شێل + کردن  (پێشێلکردن)
- دل + شاد + بوون (دلشادبوون)
- سەر + شۆڕ + کردن  (سەرشۆڕکردن) ...تاد

٣- وشەی دووبارە + چاوگی سادە(سەربەخۆ - بەیاریدە) = چاوگی لێکدراو وەک :

- پارچە + پارچە + کردن (پارچەپارچەکردن)
- تیف + تیفە + دان (تیفتیفەدان)
- هەنجن + هەنجن + کردن (هەنجنهەنجنکردن) ...تاد

٤ - پێشگری نەرێنی(نا، بێ) + وشە + چاوگی سادە(سەربەخۆ - بەیاریدە) = چاوگی لێکدراو وەک :

- (بێ ، نا) + ئومێد + بوون (بێ ئومێدبوون ، نائومێدبوون)
- (بێ) نا + ئومێد + کردن (بێ ئومێد کردن ، نائومێد کردن)
- بێ + چارە + کردن (بێ چارەکردن)
- نا + چار + کردن (ناچارکردن)
- نا + چار + کردن + ەوە  (ناچارکردنەوە)
- بێ + بایەخ + کردن (بێ بایەخکردن)
- بێ + دەنگ + کردن (بێ دەنگکردن).....تاد

**تێبینی**

پێشگری نەرێنی لەگەڵ دەستەواژەیەکی واتادار لەشێوەی پێشگرە لێکدەرەکانن، چونکە واتای ئەرێنی بۆ نەرێنی دەگۆڕن هەروەها دەتوانن (ی) واتایی و ئاوەڵناویش وەر بگرن وەک (بێ ئومێدی، نائومێدی، بێ چارەیی، ناچاری، بێ دەنگی ...تاد

**سێیەم** : چاوگی ناسادەی دروستکراو

چاوگە دروستکراوەکان ئەو چاوگانەن کە بەتێپەڕی و تێ نەپەڕی بەتێکەڵبوونی پێشگرە داڕێژەر و لێکدەرو ئامرازەکان دروست دەبن و واتایەکی تازە دادەهێنن، بەلام ئەم چاوگانە لەکتێبەکانی مەنهەجدا هەندەکیان بەچاوگەکی ناسادەی داڕێژراو هەندەکیان بە لێکدراو هەژمار کراون، بەلام لەڕاستیدا جیاوازن، چونکە هەندێ هۆکاریان لەنێواندایە، کە لە چاوگە داڕێژراوو لێکدراوەکان جیایان دەکاتەوە .

١- دوو پێشگری داڕێژەرو زیاتر + چاوگی سادە (سەربەخۆ - بەیاریدە) = چاوگی دروستکراو وەک :

- تێ + ڕا + کردن (تێڕاکردن)
- تێ + ڕا + چوون (تێڕاچوون)
- پێ + دا + هەڵ + کاڵان (پێداهەلکالان)
- پێ + دا + ساوین (پێداساوین)
- تێ + وەر + هێنان (تێوەرهێنان)
- تێ + هەڵ + چوونەوە (تێهەلچوونەوە)
- تێ + وەر + کردن (تێوەرکردن)
- پێ + دا + چوونەوە (پێداچوونەوە)
- پێ + ڕا + بواردن (پێڕابواردن)
- لێ + ڕا + هاتن (لێڕاهاتن)
- تێ + ڕا + دیتن (تێڕادیتن).......تاد

هەروەک دەزانین بەیەکگرتنی پێشگرەکی داڕێژەرو چاوگەکی سادە، چاوگی ناسادەی داڕێژراو دروست دەبێت، چونکە واتایەکی تازە بەچاوگە سادەکە دەبەخشێت، بەلام کە دوو پێشگرو زیاتر لەگەل هەمان چاوگ یەک دەگرن، چاوگەکی دروستکراو دروست دەبێت، چونکە بەهەردووکیان واتایەکی دیکە دادەهێنن کە پەیوەندی لەگەڵ واتای پێشوودا نامێنێت، ئەمەش هۆکارەکی بنەڕەتییە بۆ جیابوونەوەی ئەم چاوگانە لەچاوگە

داڕێژراوەکان، ئەم ڕاستییەش لەبەراوردکردنی واتای ئەم چاوگانەدا دەردەکەوێت :

- (تێ کردن) (ڕا کردن) دوو چاوگی داڕێژراون، کە هەریەکەیان واتایەکی سەربەخۆیان هەیە، بەلام کە هەردوو پێشگر لەگەل چاوگی(کردن) یەک دەگرن دەبنە (تێ ڕا کردن) واتایەکی تازە دادەهێنێت

- (تێ چوون)(ڕاچوون) دوو چاوگی داڕێژراون بەواتای جیاواز، بەڵام کە هەردوو پێشگر یەک دەگرن لەگەل چاوگی(چوون) دەبنە (تێ ڕا چوون) لەمەشدا واتایەکی جیاوازتر پەیدابووە .

- (پێ کردن) (دا کردن) هەریەکە واتایەکن، بەلام (پێ دا کردن) واتایەکی ترە .

- (تێ کردن) (هەڵ کردن) هەریەکە واتایەکن، بەلام (تێ هەڵ کردن) واتایەکی جیاوازترە، بەهەمانشێوە هەموو ئەو چاوگانەی کە بەم شێوەیە دروست دەبن هەمان لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا بەیەکگرتنی دوو وشەی واتادار لەگەل چاوگەکی سادە، چاوگی دروستکراو دروست نابێت، بەلکو هەر بەچاوگەکی لێکدراو هەژمار دەکرێن، چونکە ئەگەر وشە لێکدراوەکە جیابکەینەوە، بۆ هەر یەکەیان چاوگەکی ناتەواوو بێ واتا دەمێنێتەوەو واتایەکی تازە دادەهێنێت کە جیاواز بێت لەچاوگە لێکدراوەکە وەک لە(سەر خۆش بوون ، پشت گوێ خستن.......تاد کە (سەربوون، خۆشبوون / پشتخستن ، گوێخستن) دروست دەبێت، هەروەک دیارە ئەمانە واتایەکی تەواو نابەخشن، بۆیە ئەگەر پێشگرە واتادارەکە وشەیەکی سادە بێت یان ناسادە هەر چاوگی لێکدراو دروست دەکات، ئەمەش پێچەوانەی پێشگرە ناسادە داریژراوەکانە لەدروستکردنی چاوگ و داهێنانی واتادا، چونکە پێشگرە داڕێژەرەکان بەسادەیی و ناسادەیی واتای سەربەخۆ دادەهێنن .

٢- گرێی ناوی + چاوگی سادە و ناسادە = چاوگی دروستکراو وەک (بە ڕادان دان، لە ناوبردن، لە ڕق ڕاچوون، دەست بە سەر دا گرتن، لە کۆڵ بوونەوە، لە ناوکردن، بە بن کەوتن، دڵ بۆ چوون ...تاد

لەڕاستیدا بەکارهێنانی ئامڕازەکانی پەیوەندی لەدروستکردنی چاوگەکاندا بۆ تەواوکردنی واتاکانیان بەکاردەهێنرێن، چونکە هەندێ چاوگ بەسادەیی و ناسادەیی واتایەکی تایبەتیان هەیە، بەلام کە ئامرازەکانیان لەگەڵ بەکاردەهێنرێت واتاکەی تەواو دەکەن یان دەگۆڕێن وەک لە(ڕادان دان، ناوکردن، کۆڵ بوونەوە، ڕق ڕاچوون، دەست سەر داگرتن) دەبینین واتاکانیان ناتەواوە کەچی بەئامرازەکان واتایەکی تەواو دەدەن

و دەبنە (بەڕادان دان، لەناوکردن، بەناوکردن، لەکۆڵ بوونەوە، لەڕق ڕاچوون، دەست بەسەر داگرتن....تاد هەروەها لەهەندێ حالەتی تردا دەبنە هۆی جیاکردنەوەی جۆری چاوگ و واتای پێشگرەکان، بۆ نموونە (پێکەوتن ، پێڕۆیشتن ) دوو چاوگی داڕێژراون، بەلام (لەپێکەوتن، بەپێکەوتن، بەپێڕۆیشتن) دوو چاوگی دروستکراون، چونکە واتای پێشگرە داڕێژەرە بێ واتایەکەی(پێ)ی گۆڕیوە بۆ دەستەواژەیەکی واتاداری لێکدەر(پێ ، پا ، لاق ، لینگ) بەم هۆیەوەش واتایەکی تری لێ دروستبووە .

٣- چاوگی سادە + ە + دەستەواژەیەکی واتادار و بێ واتا = چاوگی دروستکراو وەک (کردنەدەر / گرتنەباوەش / خستنەڕوو / کەوتنەکار / کردنەبەر / خستنەسەر / هاتنەپێش/ هێنانەپێش / بردنەسەر / بردنەپێش / دانەبەر / کردنەپێ / گرتنەبەر / سەرنانەسەر ...تاد

هەروەک دەزانین لەدروستبونی چاوگە ناسادەکاندا هەردەم چاوگە سادەکان دەکەونە دوای پێشگرەکان، بەلام ئەم شێوە چاوگانە پێچەوانەن، چونکە چاوگە سادەکە دەکەوێتە سەرەتا ئینجا پێشگرەکەی بەدوادادێت .

(ئەم جۆرە چاوگانە بەگرێی ناویش دروست دەکرێن )

* گرتنە باوەش = لەباوەش گرتن
* خستنەڕوو، خستنەدەر = بەدیارخستن ، بەدەرخستن
* کەوتنەکار = بەکارکەوتن
* کردنە بەر = لەبەر کردن
* خستنە سەر = بەسەرخستن
* خستنە پێش = بەپێش خستن
* کردنە پێ = لەپێ کردن ...تاد

(ئەم جۆرە چاوگانە بەهەردوو شێوە گەردان دەکرێن)

- (کردنە پێ) ...کردمە پێ، دەکەمە پێ، بیکەپێ
- (لەپێ کردن) ...لەپێم کرد، لەپێ دەکەم، لەپێ بکە
-(گرتنە باوەش) ...گرتمە باوەش، دەیگرمە باوەش، بیگرە باوەش
- (لەباوەش گرتن)...لەباوەشم گرت، لەباوەشی دەگرم، لەباوەشی بگرە
-(کەوتنە کار)...کەوتە کار، دەکەوێتە کار، بکەوە کار
- (بەکارکەوتن)...بەکارکەوت، بەکاردەکەوێت، بەکاربکەوە ...تاد

٤- کۆڵەگەی دەنگدار + چاوگی سادە(سەربەخۆ + بەیاریدە) = چاوگی دروستکراو

وەک (ناڵە ناڵ هاتن، ناڵە ناڵ کردن / قیژە قیژ هاتن، قیژەقیژ کردن/ زیڕەزیڕهاتن، زیڕەزیڕکردن.....تاد

کوڵەگەی دەنگدار دوو وشەی هاوشێوەن، کە لەدەنگە سروشتییەکان دروست دەبن و بەهۆی پیتە(ە) بەیەکترەوە دەلکێنرێن، ئەو چاوگانەش بەیاریدەی چاوگ و کاری یاریدەدەری (هاتن ، کردن) دروست دەبن ئینجا بەچاوگی دروستکراو هەژمار دەکرێن .

لەهەندێ حالەتدا ئەم چاوگانە وەک پێناسەی چاوگە سادەکان دەردەکەون، چونکە هەمان واتای (نالاندن ، قیژاندن ، زیڕاندن ....تاد دەدەن، بەلام هەردەم تێ نەپەڕن ئەگەرچی وەک تێپەڕ دەردەکەون، چونکە لەگەل ئەوەی جێناوە لکاوەکانی(م ، مان – ت ، تان – ی ، یان) وەردەگرن (نالاندم ، نالاندمان – نالاندت ، نالاندتان – نالاندی نالاندییان / نالەنالمکرد، نالەنالمانکرد – نالەنالتکرد ، نالەنالتانکرد – نالەنالیکرد ، نالەنالیانکرد .... تاد بەلام بکەرو بەرکارەکانیان نابنە دو کاراکتەری جیاواز تا کار لەسەر یەکتر بکەن، کە یەکەکیان کارەکە بکات و ئەوی دیکەیان کارەکەی بەسەردا ئەنجام بدرێت وەک لەم بەراوردەدا دەردەکەوێت، دەبینین کە ( ناڵە ناڵ کەر، ناڵە ناڵ کراو / قیژەفیژکەر، قیژەقیژکراو...تاد هەر یەک شتن، چونکە واتای بکەرو بەرکار لێک جیانابێتەوە، بۆیە هەر بە تێ نەپەڕ هەژمار دەکرێن .

٥- وشەی واتادار + پێشگری داڕێژەر + چاوگی سادە = چاوگی دروستکراو وەک (ڕەش دا هەڵ گەڕان، شەڕ پێ فرۆشتن، ئاگر تێ بەر دان، چاو پێ کەوتن، گلەیی لێ کردن، ئیرەیی پێ بردن...تاد

لەم جۆرە چاوگانەدا، وشەی واتادارو بێ واتا، چاوگەکی ناسادە دروست دەکەن، بەلام کە وشەکان لێک دەکەینەوە دەبینین هەر پێشگرەک واتای چاوگەکە بەدوای واتای خۆیدا ڕادەکێشێ و واتایەکی تازە دادەهێنیت وەک (هەڵ گەڕان ) واتایەکی تایبەتی هەیە، بەلام (ڕەش هەڵ گەڕان، ڕەش دا هەڵ گەڕان )واتایەکی جیاوازە / (بەردان، تێ بەردان) دو واتای جیاوازن، بەلام (ئاگر تێ بەردان) واتایەکی جیاوازترە ...تاد ئەوانی تریش بەهەمانشێوە .

٦- پێشگرەکی داڕێژەر + وشەیەکی واتادار + چاوگی سادە = چاوگی دروستکراو وەک (لێ خۆش هاتن، لێ خۆش بوون، پێ خۆش بوون، پێ ڕازی بوون، تێ گیر کردن، ڕا پێچ کردن، لێ دەر چوون، لێ دەرکردن، دا گیر کردن، ڕا دەست کردن، تێک گرێ دان ...تاد

لەم جۆرە چاوگانەشدا هەر پێشگرەک واتای چاوگەکە بەدوای واتای خۆیدا ڕادەکێشێ و واتایەکی تازە دادەهێنیت هەروەک (لێ هاتن، خۆش هاتن، لێ بوون، پێ بوون، خۆش بوون، ڕازی بوون، ڕاکردن) واتاکانیان تایبەتە، بەڵام کە دەبێتە(لێ خۆش دا هاتن، لێ خۆش بوون، پێ خۆش بوون، لێ ڕازی بوون، ڕادەست کردن ) واتایەکی جیاواز دادەهێنن، بۆیە بەچاوگەکی دروستکراو هەژمار دەکرێن .

لەتەک ئەو هۆکارانەی سەرەوەدا، کە چاوگە دروستکراوەکان لە چاوگە ناسادە لێکدراوو داڕێژراوەکان جیادەکەنەوە، چەند هۆکارەکی تریش هەیە، کە وادەکەن جیاوازییان لەنێواندا هەبێت .

**یەک/** ئەگەر لێکدانەوەیەکی واتایی بۆ هەندێ چاوگی دروستکراو بکەین دەبینین وەک پێناسەی کاری چاوگی سادەی (سەربەخۆ و بەیاریدە)و ناسادەی (داڕێژراو و لێکدراو) دەردەکـەون، بۆ نمونە (کوشتنەوە) چاوگەکی سـادەی بەیاریدەیە، چونکە بۆ مەبەستەکی دیاریکراو بەپاشگری (ەوە) لەسەر واتای چاوگی سادەی سەربەخۆی(کوشتن) دروستبووە، بەلام (سەربڕین) چاوگەکی ناسادەی لێکدراوە بەهەمان واتا کەچی (سەر لێ کردنەوە، سەر ژێ کرن) چاوگەکی دروستکراوە، چونکە وەک پێناسەی واتای (کوشتن، کوشتنەوە، سەربڕین) دەردەکەوێت، بەهەمان شێوە(کارکردن، دەست بەکارکردن/ دیڤ چوون، بەدواداچوون / ڕێڤە برن، بەڕێوە بردن...تاد

**دوو/** بەیاسای لکاندنی جێناوە لکاوەکان و بەپێی واتا لەهەندێ چاوگدا گۆڕان لەهێزی تێپەڕی وتێ نەپەڕی ڕوو دەدات، ئەو تایبەتمەندییەش لەهەندێ چاوگی دروستکراودا دەردەکـەوێت لەو کاتەی کە لەسەر چاوگەکی داڕێـژراو دروست دەکرێت، بۆ نموونە (بەربوون) چاوگەکی داڕێـژراوی تێ نەپەڕە کەچی (تێ بەر بوون) (ئاگر تێ بەر بوون) وەک تێپەڕە (تێمان بەربوو، تێیان بەربوو، تێتان بەربوو )(ئاگرمان تێ بەربوو، ئاگریان تێ بەربوو، ئاگرتان تێ بەر بوو)بەهەمان یاسا (تێ چوون، تێک چوون ) چاوگەکی داڕێژراوی تێ نەپەڕە کەچی (سەر تێ چوون، تێ ڕا چوون، ڕێ تێ چوون ، سەر تێ دا چوون، سەرلێ تێک چوون، دڵ تێ چوون، دڵ تێک چوون، بەدڵ داچوون) وەک تێپەڕن (سەرمان تێدا چوو، سەرتان تێدا چوو، سەریان تێدا چوو) ئەوانی تریش بەهەمانشێوە .

**دۆزینەوەی ڕەگەکان**

ڕەگی کار ئەو بەشەیە کە لەچاوگ وەردەگیرێت و واتای چاوگ هەل دەگرێت، بەشی هەرە زۆری ڕەگی کار بە تەنیا بەکارنایەت و واتای تەواو نابەخشێت، بەلام دەبێتە سەرچاوە بۆ دروستکردنی کاری (ڕانەبوردوو، داخوازی) و گەلەک وشەی تر لە زمانەکەمان، بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار، کارەکە دەکەینە ڕانەبوردوو، دوای لابردنی )دە، جێناوی لکاو) ئەوەی دەمێنێتەوە پێی دەگوترێت ڕەگی کار وەک (نووسین...... دەنووسم- دە / نووس / م)(نووس) ( پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی چ١٦ لا٢٤)

بەپیی ئەو باس و لێکدانەوەی کە لەکتێبەکانی مەنهەجدا بۆ دۆزینەوەی ڕەگەکان کراوە، دەبینین هیچ جیاوازییەک لەنێوان ڕەگ لەچاوگ و لەکارەکاندا نەکراوە، بەلکوو بەپێی جیاوازی نیشانەکانیان، بەلادانی نیشانەی کاری ڕانەبوردووی(دە) و جێناوەکان دەستنیشانکراون، لەکاتەکدا چاوگەکان ئەگەر ئاسایی یان ناوازە بن لەسەر ڕەگەکی بنەڕەتی بەپێی دەستوورەکی هاوشێوە دروست دەبن ئینجا لەئەنجامی گۆڕانی نیشانەکانیان یان  بۆ گونجاندنیان لەگەردانکردندا ئەم ڕەگانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، لەم حاڵەتەشدا وا ڕاستترە ڕەگی چاوگەکان لە دەستووری دروستبوونیاندا دەستنیشان بکەین و ڕیشەی کارەکان لەگەردانکردندا بدۆزینەوە، لەمەشدا واپێویست دەکات دەستەواژەی ڕەگ بۆ چاوگەکان، ڕیشە بۆ کارەکان بەکار بهێنرێت، چونکە ڕەگ چاوگەکانی لەسەر دروست دەبێت ئینجا بۆ گەردانی کارەکان بەکاردەهێنرێت، لەهێنانەوەی نموونەکانیشدا چاوگە ناسادەکانی وەک(دانیشتن، لێبوردن)  لەتەک سادەکان نەنوسرێن، واڕاستترە بەسادەیی(نیشتن ، بوردن) لەڕیزی چاوگە (ت ، د)ەکان بنوسرێن، چونکە پێشگرەکان بنجی ڕەگەکان نینە تاوەکوو تێکەلی ڕەگەکان بکرێن، بۆیە دەبێت لەدەستنیسانکردنی ڕەگ و ڕیشەدا، پێشگرەکان لابدرێن لەهەمان کاتدا چاوگە ناوازەکانی وەک (گرتن ، چوون ، بوون ، شیان ، گریان ، مان ، دان ، زان ، دروون ، گروون، نوستن، ڕۆیشتن ، خواردن ، شووشتن ، خستن ، هاتن ، بردن ، کردن ، هێشتن ، ویستن ، گووتن) تێکەل بەئاساییەکان نەکرێن، چونکە ئەگەر چاوگە ئاساییەکان لەدروستبوون و گەردانکردندا هاوشێوەبن، بەلام ناوازەکان هاوشێوە نینە، بۆیە واشیاوترە هەر چاوگەکی ناوازە بەجیا لێکدانەوەیان بۆ بکرێت .

**سیفەتی چاوگە ئاساییەکان**

چاوگە ئاساییەکان ئەو چاوگە سادانەن کە ڕەگەکانیان لەدەستووری دروستبوون و گەردانکردندا دەردەکەوێت، بەلام لەم چاوگانەدا شکانەوەی (ا ) بە (ێ) و ئالوگۆڕی (ز ، ژ) بە (س ، ش) بەئاسایی دەزانرێت، چونکە ئەمە لەئەنجامی گونجاندنیاندایە لەو کاتەی کە گەردان دەکرێن یان نیشانەکانیان دەگۆڕدرێت هەروەها ئەم سیفەتە هاوبەشانەی خوارەوشیان لەنێواندایە .

ا- کۆلەگەی دیارو نادیاریان لەسەر ڕەگەکی بنەڕەتی بۆ دروست دەبێت .

ب- گەردانی کارەکانیان بەهەمان ڕەگی چاوگەکە دەکرێت .

پ- پێکهاتەکانی بکەرو بەرکاریان لەسەر ڕەگە بنەڕەتییەکە بۆ دروست دەبێت .

ت-هەموو کارە ڕانەبوردووەکانیان بە (یت ، ێت) گەردان دەبێت .

د-هەرگیز بەگۆڕانی نیشانەی چاوگەکە لەبنەڕەتی (ا ، ی) بۆ نیشانەکانی دیکە، هێزی کارەکە لەتێ نەپەڕی بۆ تێپەڕی و بەپێچەوانەوە ناگۆڕێت .

ج-هەردەم  بکەری کارەکان توانای جێبەجێبوونیان هەیە لەلایەن مرۆڤەکانەوە .

چ-ڕەگەکانیان لەکاری ڕانەبوردوو دەردەکەوێتەوە .

دۆزینەوەی ڕەگی چاوگ و دەستنیشانکردنی ڕیشەی کارە ئاساییەکان

لەبەر ئەوەی دەستەواژەی ڕەگ پەیوەستە بەچاوگەکان، بۆیە بۆ دۆزینەوەی ڕەگی چاوگەکان بەکاری دەهێنین، بەلام دەستەواژەی ڕیشە بۆ کارەکان بەکار دەهێنین، چونکە لەوانەیە بەپێی پێداویستی بۆ دابینکردنی واتای کارەکان گۆڕان بەسەر ڕەگەکەدا بێت، ئەمەش لەشێوەی ڕیشەیە کە لەڕەگەکان پەیدا دەبن .

**دۆزینەوەی ڕەگی چاوگە (ا ، ی) یەکان لەپرۆگرامەکانی خوێندندا**

(ئەگەر چاوگی ئەلفی تێپەڕ بوو، ڕەگی کار دروست دەکرێت، تەنها بەلابردنی نیشانەی چاوگ(ان) ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی کارە)

| چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|
| هێنان | هێنا | هێن |
| پیڤان | پیڤا | پیڤ |
| کێلان | کێلا | کێل |
| شێلان | شێلا | شێل |
| کێشان | کێشا | کێش |

(ئەگەر چاوگی ئەلفی تێ نەپەڕ بوو، ڕەگی کار دروست دەکرێت بە لابردنی پیتی (ن)ی چاوگ و گۆڕینی پیتی (ا) بۆ (ێ)

چاوگ قەدی چاوگ ڕەگی کار

خنکان خنکا خنکێ

برژان برژا برژێ

شکان شکا شکێ

دڕان دڕا دڕێ

(دۆزینەوەی ڕەگی کار لەچاوگی یائی تێپەڕ و تێنەپەڕ بە لابردنی نیشانەی چاوگ (ین( دەبێت)

چاوگ قەدی چاوگ ڕەگی کار

بڕین بڕی بڕ

نقیسین نقیسی نقیس

بەخشین بەخشی بەخش

بارین باری بار

فڕین فڕی فڕ

(هەندەک ڕەگی کار هەیە بە پێی دەستوور ڕەگەکانیان نادۆزرێتەوە وەک )شیان..... شێ) ( گریان ..... گری) ( ژیان ..... ژی) (مان ..... مێن) ( دان ... دە( (زمان و ئەدەبی کوردی ، قۆناغی بنەڕەتی پۆلی نۆیەم چاپی١٦ لا٢٥ - ٢٦)

هەروەک دیارە دۆزینەوەی ڕەگ لەچاوگە (ا، ی)یە تێپەڕەکان و تێ نەپەڕە (ی)یەکان بەیەک دەستوور دەدۆزرێنەوە کە بەلادانی نیشانەو (ن) ی چاوگەکەیە لەهەمان کاتدا بەپیی دەستووری دروستبوون و لەگەردانکردنی کارەکانیشدا هەمان ڕەگ دەردەکەوێتەوە، هۆکاریش لەمەدا ئەوەیە کە ئەم چاوگانە بەنیشانەی بنەڕەتی لەزمانی کوردیدا دروست دەبن، بۆیە جیاوازییان لەنێواندا نییە، بەلام وەک هەلەیەکی باوو پەیڕەوکراو چاوگە (ا) یە تێ نەپەڕەکان لەم دەستوورە جیاکراونەتەوە، چونکە ئەو پیتە (ێ)یەی کە لەئەنجامی گەردانی ڕانەبوردوو بۆ کەسی یەکەمی تاک وەک لە (دەشکێم ، دەخنکێم ، دەبرژێم ، دەدڕێم) لەگەلیدا دەردەکەوێت، بۆیە بەڕەگەکانیانەوە لکێنراوە، ڕەگی (خنکان ، برژان ، شکان ، دڕان) بە (خنکێ ، برژێ ، شکێ ، دڕێ) دانراوەە کەچی لەهەندێ چاوگی (ا)ی تێ نەپەڕی وەک (لەرزان ، ترسان ، ژیان ، گریان)دا، ئەم (ێ) یە دەرناکەوێت چونکە

بە(دەلەرزم ، دەترسم ، دەگریم ، دەژیم) گەردان دەکرێت، بەلام لەهەمان کاتدا دەتوانرێت ئەم پیتە(ێ)یەشیان لەگەڵدا بۆ هەمان مەبەست و واتا دەربخرێت (دەلەرزێم ، دەترسێم، دەگرییێم ، دەژییێم)

بەباوەڕی ئێمە ڕەگی چاوگە (ا)ە تێ نەپەڕەکانیش هەروەکو تێ نەپەڕی (ی)و تێپەڕە (ا ، ی)کان بەهەمان دەستوور دەدۆزرینەوە، چونکە هەروەکو ئەوان لە کاری ڕانەبوردوودا بۆ کەسی سییەمی تاک کە گەردان دەکرێن بەیەک شێوە دەردەخرێن وەک(کێلان ، دەکێلێت)(کڕین ، دەکڕێت) (فڕین ، دەفڕێت)(بارین ، دەبارێت) بەهەمان شێوە (خنکان ، دەخنکێت) (برژان ، دەبرژێت) (شکان ، دەشکێت)(دڕان ، دەدڕێت)، لەبەر ئەمە دۆزینەوەی ڕەگ لەچاوگە تێ نەپەڕە(ا)یەکانیش دەکەونە ژێر هەمان یاسا کە لادانی (ن) و نیشانەکەیە، بەلام ئەو دەستوورەی کە لەکتێبەکانی مەنهەجدا کراوە بەجیاوازی لە نێوان دۆزینەوەی ڕەگی چاوگە تێ نەپەڕی (ا)یەکان لەگەڵ (ی) تێ نەپەڕو (ا ، ی)ی تێپەڕدا، هیچ لێکدانەوەیەکی پشت بەست بە بنەمایەکی ڕێزمانی هەڵ ناگرێت، چونکە پیتە(ێ)ی گەردان تێکەل بەڕەگ کراوە، ئەمەش هەر جیاکردنەوەیەکە لە ڕووکەشە دیارەکانیاندا، بەبێ ئەوەی قووڵبوونەوە لەباسەکەدا هەبێت کە یاسا و دەستوورە ڕێزمانییەکان لەیەکتر نزیک بکاتەوە، چونکە ئەگەر بە پێی ئەم یاسایە بێت .

ا- ئەو چاوگانەی کە بەنیشانەی (ا ، ی) دروست دەبن، دەبنە خاوەن دوو ڕەگ، ئەمەش لەگەڵ هیچ دەستوورەکی ڕێزمانییدا ناگونجێت، کە چاوگەک لەیەک کاتدا دوو ڕەگی هەبێت، ئەم ڕاستییەش لەبەراوردکردنی دۆزینەوەی ڕەگی ئەم چاوگانەدا دەردەکەوێت .

- (لەرزان ، دەلەرزێم) لەرزێ... (لەرزین، دەلەرزم) لەرز ....... (دەلەرزێت)
- (زڤڕان ، دەزڤڕێم) زڤڕێ ... (زڤڕین، دەزڤڕم) زڤڕ ...... (دەزڤڕێت)
- (هەژان ، دەهەژێم) هەژێ ... (هەژین ، دەهەژم) هەژ ...... (دەهەژێت)
- (خشان ، دەخشێم) خشێ ... (خشین، دەخشم) خش ..... (دەخشێت )

ب- بەلگەیەکی تر بۆ پستڕاستکردنەوەی ئەوەی کە ڕەگی هەموو چاوگە (ا)یە تێ نەپەڕەکان هەروەکو چاوگە (ی)یە تێ نەپەڕەکانە، لەدروستکردنی ڕەگی تێپەڕکراو دەردەکەوێت، کە ئەمانیش بە (ڕەگی تێ نەپەڕ + ێن) دروست دەبن وەک لە(بار + ێن ... باراندن) (فڕ + ێن ... فڕاندن)(مر +ێن..... مراندن) بەهەمان شێوە (خنک + ێن ..... خنکاندن)(برژ +ێن ..... برژاندن)(شک +ێن..... شکاندن) (دڕ + ێن..... دڕاندن)

کەواتە دۆزینەوەی ڕەگ لە چاوگە(ا)یە تێ نەپەڕەکانیش بەبێ ئەم پیتە (ێ)یەیە، هەروەکو (ی)یە تێ نەپەڕو (ا ، ی) تێپەڕەکانە، بەیەک دەستوور دەبێت و هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە، کە لادانی نیشانەو (ن)ی چاوگەکەیە بەمەرجەک ناوازە نەبێت .

دەستنیشانکردنی ڕیشەی کاری چاوگە (ا ، ی)یەکان لەگەردانکردندا، بە لابردنی نیشانەکانی کار، ڕیشەی کارەکان دەستنیشان دەکرێت (

- (هێنان) ... هێنا ، دەهێنێت ، بهێنە
- (بەخشین) ... بەخشی ، دەبەخشێت ، ببەخشە
- (خنکان) ... خنکا ، دەخنکێت ، بخنکێ
- (لەرزان ، لەرزین) ... لەرزا ، لەرزی ... دەلەرزێت ... بلەرزێ ، بلەرزە
- (فڕین) ... فڕی ، دەفڕێت ، بفڕە

ا-ڕەگی چاوگ + نیشانەی چاوگ = ڕیشەی کاری ڕابوردوو وەک(هێنا ، پێڤا ، کێلا، بڕی ، کڕی ، بەخشی ... خنکا ، برژا ، شکا، فڕی ، باری ، لەرزی )

**سەرنج**

ئەم ڕیشەیە لەهەموو چاوگەکاندا ئەگەر بەهەر نیشانەیەک بێت هەر کاری ڕابوردووی نزیکە کە بۆ کەسی سێیەمی تاک بەکاردێت، ئەمەش لەکتێبەکانی مەنهەجدا بەقەدی چاوگ ناو دەبرێت، بەلام لەبەر ئەوەی وەک ڕیشەو بناغە بۆ جۆرەکانی تری کاری ڕابوردووی دوورو تەواو بەردەوام (هێنابوو ، هێناوە ، دەهێنا ... نڤیسیبوو ، نڤیسیوە(نڤیسییە) دەنڤیسی ... خنکابوو ، خنکاوە ، دەخنکا ... فڕیبوو ، فڕیوە ، دەفڕی.......تاد بەکار دەهێنرێت، بۆیە وا پەسندترە بەڕیشەی کاری ڕابوردوو ناوبنرێت .

ب-ڕەگی چاوگ + پیتە(ێت) = ڕیشەی کاری ڕانەبوردوو وەک( هێنێت ، کێلێت، خنکێت ، شکێت ، برژێت، لەرزێت.......تاد

**سەرنج**

لەگەردانکردنی کاری ڕانەبوردوو بۆ کەسی سێیەمی تاک، لەکارە تێپەڕەکاندا دەتوانین پیتە (ی)ش لەشوێنی (ێ) بەکار بهێنین ئینجا پیتە (ت)یان پێوە بلکێنین و بە(یت ، ێت) بیاننووسین(دەهێنیت ، دەهێنێت – دەکێلیت ، دەکێلیت) ، بۆیە دەکرێت ڕیشەی کار بە (یت) یان (ێت) دەستنیشان بکەین، بەلام لە کارە تێ نەپەڕەکاندا تەنیا لەو چاوگانەی

کە بەهەردوو نیسانەی (ا ، ی) دروست دەبن، دەتوانین بە (ی ) و (ێ) گەردانی بکەین وەک (لەرزین ، لەرزان) کە دەبێتە (دەلەرزی ت ، دەلەرزێ ت) کەچی ئەوانەی هەر بە نیشانەی (ا) بەکار دێن تەنیا بە (ێ) گەردان دەکرێن وەک(شکان ، برژان) دەبێتە(دەشکێت – دەبرژێت)

ج-ڕەگی چاوگ + پیتە (ە) = ڕیشەی کاری فەرمان وەک (هێنە ، پێڤە ، کێڵە ، بەخشە، خنکێ ، لەرزێ ، بارێ )

**سەرنج**

هەندێ چاوگی تێ نەپەڕ هەیە ، کە کاری فەرمانی بۆ دروست دەکەین، دەبینین بەپێی واتاکەی بەلکاندنی(ێ) و (ە)یش کاری فەرمانی بۆ دروست دەبێت وەک لە (فڕین ، لەرزین) کە دەبنە(بفڕێ ، بفڕە) (بلەرزێ ، بلەرزە) بۆیە دەستنیشانکردنی ڕیشەی کاری فەرمانی ئەم چاوگانە بەگوێرەی بەکارهێنانیانە لەڕستەو لەئاخاوتندا .

دۆزینەوەی ڕەگی چاوگە (ت ، د)ەکان لەپڕۆگرامەکانی خوێندندا

لەبەشەکی چاوگە (ت ، د)ەکان ڕەگی کار بە لابردنی نیشانەی چاوگی )تن، دن) وەردەگیرێت.

| چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
|---|---|---|
| فرۆشتن | فرۆشت | فرۆش |
| ڕێستن | ڕێست | ڕێس |
| کەفتن | کەفت | کەف |
| خوێندن | خوێند | خوێن |
| مردن | مرد | مر |
| بوردن | بورد | بوور |

**تێبینی**

١-چاوگی (گرتن)مان لەم لیستەدا لاداوە، چونکە چاوگەکی ناوازەیە، بۆیە لەبابەتی چاوگ وکارە ناوازەکان لێکدانەوەی بۆ دەکەین .

٢-چاوگی (لێبوردن) کە چاوگەکی نادەی داڕێژراوە، بەچاوگی سادەی (بوردن) نووسیومانەتەوە، چونکە پێشگرەکان بەشەک نین لەڕەگەکان .

٣-چاوگی (کەفتن) یان (کەوتن) کە چاوگەکی سادەی تێ نەپەڕە، چاوگەکی تایبەتە لەدروستبووندا، چونکە بەنیشانەی (ا) یان (ی) بەکار ناهێنرێت، بەلکو تەنیا لەکاتی تێپەڕکردندا بەنیشانەی (ان + دن) تێپەڕدەکرێت و بە (کەواندن) بەکاردەهێنرێت، چاوگی (خەوتن ، خەفتن)یش لەشێوەی ئەم چاوگەدایە کە بە(خەواندن) تێپەڕدەکرێت و بەنیشانەی بنەڕەتی (ا ، ی) بەکار ناهێنرێت .

لەبەشەکی تری چاوگی (ت) یان (د) بەتایبەتی لەو چاوگانەی کە پیتی پێش پیتە نەبزوێنەکەی پێش نیشانەی چاوگ( ا، ە) یە، ڕەگی کار بە لابردنی نیشانەی چاوگ (تن، دن) لەگەڵ گۆڕینی پیتی (ا، ە) بۆ پیتی (ێ) وەردەگیرێت .

| چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
| --- | --- | --- |
| سپاردن | سپارد | سپێر |
| چاندن | چاند | چێن |
| ناردن | نارد | نێر |
| پالاوتن | پالاوت | پالێو |

**تێبینی**

١-چاوگەکانی (سەندن) (ستاندن)مان لەم لیستەدا لاداوە، چونکە دەستوورەکی دروستبوونی تێک ئالاویان هەیە، بۆیە وا دەخوازێت بەجیا باس بکرێن و لەگەل ناوازەکان لێکدانەوەیان بۆ بکرێت .

٢-چاوگی (برژاندن) کە چاوگەکی تیپەڕکراوە، هیچ پەیوەندییەکی بەچاوگە (دانی) یەکانەوە نییە، چونکە لەسەر ڕەگی (برژ) چاوگی (برژان)دروستبووە ئینجا بەپاشگری (دن) دروستکراوە، بۆیە لەلیستەکەدا دەرمانهێناوە .

لەبەشەکی تری چاوگی (ت)دا بەتایبەتی لەهەندەک لەو چاوگانەی، کە پیتی پێش نیشانەی چاوگ (س، ش)ە، ڕەگی کار بەلابردنی نیشانەی چاوگی )تن) لەگەڵ گۆڕینی پیتی (س) بۆ پیتی (ز)، پیتی (ش) بۆ پیتی (ژ) وەردەگیرێت.

| چاوگ | قەدی چاوگ | ڕەگی کار |
| --- | --- | --- |
| خواستن | خواست | خواز |
| گەستن | گەست | گەز |
| پاراستن | پاراست | پارێز |

| | | |
|---|---|---|
| کوشتن | کوشت | کوژ |
| هاڤێشتن | هاڤێشت | هاڤێژ |
| چێشتن | چێشت | چێژ |
| ڕێشتن | ڕێشت | ڕێژ |
| بێشتن | بێشت | بێژ |

لە بەشەکی تری چاوگی (ت )(د) ڕەگی کار بەبێ دەستوور وەردەگیرێت، لەبەرئەوە دەبێت لەبەربکرێن، بەلام ژمارەیان کەمە، چاوگی (ت) هەیە ڕەگی کاری تەنها بە لابردنی پیتی (ن)ی چاوگ وەر دەگیرێت .

چاوگەکانی ئەم بەشەش بریتین لە(نوستن، ڕۆیشتن، خواردن، شووشتن،خستن، هاتن، بردن، کردن ،هێشتن، ویستن،گووتن)

**تێبینی**

لەڕاستیدا ئەو چاوگانە هەموویان ناوازەن، بۆیە لەگەل چاوگ و کارە ناوازەکان لێکدانەوەیان بۆ دەکەین .

بەسەرنجگرتن لەچاوگە کوردییەکان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆرترین گرفت و نادیاری لەدۆزینەوەی ڕەگی ئەم چاوگانەدا هەیە، کە بەنیشانەکانی (ت ، د) هەروەها (وو) دروست دەبن، هۆکاریش لەمەدا ئەوەیە، کە ئەم نیشانانە لەجیاتی نیشانە بنەڕەتییەکانی (ا ، ی) بەکار دەهێنرێن، ئەم ڕاستییەش لەبەراوردکردنی گۆڕینی نیشانەو گەردانی ئەم چاوگانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانیان بەنیشانە بنەڕەتییەکانیان تائێستاش لە شێوەزارە کۆنەکانی کوردی وەک لووڕو کەلهوڕو هەورامی و زازاکی .......تاد پارێزراوە .

- سپاردن ... سپێرین ... دەسپێرێت
- چاندن ... چێنین ... دەچێنێت
- پالاوتن ... پالێوین ... دەپالێوێت
- خواستن ... خوازین ... دەخوازێت
- گەستن ... گەزین ... دەگەزێت
- پاراستن ... پەرێزین ... دەپارێزێت

- کوشتن ... کوژین ... دەکوژێت
- هاڤێشتن ... هاڤێژین ... دەهاڤێژێت
- چێشتن... چێژین ... دەچێژێت
- ڕێشتن ... ڕێژین ... دەڕێژێت
- بێشتن ... بێژین ... دەبێژێت
- نوستن ... نڤین ... دەنڤێت
- ڕۆیشتن ... ڕۆیین ... دەڕوات ؟
- خواردن ... خۆرین ... دەخۆرێت ، دەخوات ؟
- شووشتن ... شۆرین ... دەشۆرێت ، دەشوات ؟
- هێشتن ... هێلان ... دەهێلێت
- ویستن ... ڤیان ... دڤێت

هەروەک دیارە لەکاتی گێڕانەوەی ئەم چاوگانە بۆ نیشانە بنەڕەتییەکانیان و لەگەردانکردنیاندا، ڕەگەکانیان هەروەکو چاوگە (ا، ی)یەکان دەدۆزرێتەوە، بەڵام لەئەنجامی گۆڕینی نیشانەکانیاندا گۆڕان لەڕەگەکانیان ڕوویداوەو جیاوازی لەڕیشەی کارەکاندا دروستبووە، بۆیە لەهەندێ چاوگدا پیتە (ا) و (یێ) ئالوگۆڕ دەبن یان لەو چاوگانەی کە پیتی کۆتایی ڕەگەکانیان (ز ، ژ)ە بۆ (س ، ش) دەگۆڕێن، ئەمەش کارەکی ئاساییە کە بۆ گونجان لەئاخاوتنی زمانی کوردیدا ڕوودەدات، چونکە پیتە (ت) حەز بەدەنگە کپی (س ، ش) دەکات، بۆیە لەڕاستیدا دۆزینەوەی ڕەگی چاوگە (ت ، د)ەکانیش بێجگە لەناوازەکان هەروەکو چاوگە (ا ، ی)یەکانە، ئەگەر نیشانەکانیان بۆ (ا ) یان (ی) بگەڕێنینەوە، چونکە هەمان ئەو ڕەگە دەردەکەوێتەوە کە بەلادانی نیشانەو (ن)ی چاوگ یان لەگەردانی ڕانەبوردوودا دەدۆزرێتەوە .

**ڕیشەی کاری چاوگە (ت ، د)ەکان**

ا-ڕەگی چاوگ + نیشانەی چاوگ = ڕیشەی کاری ڕابوردوو (خوێند ، فرۆشت ، چاند ، نارد ، ژمارد ، سپارد ، پالاوت ، ناشت ، خواست ، گەست ، پاراست ، مشت ، کوشت ، هاڤێشت ، چێشت ، ڕێشت، مرد .....تاد )

ب-ڕەگی چاوگ + پیتە (ێت) = ڕیشەی کاری ڕانەبوردوو (خوێنێت ، فرۆشێت ، نێریت ، ژمێرێت ، سپێرێت ، پالێوێت ، نێژێت ، خوازێت ، گەزێت ، پارێزێت ، مژێت ، کوژێت ، هاڤێژێت ، چێژێت ، ڕێژێت، مریێت......تاد )

ج-ڕەگی چاوگ + پیتە (ە) = ڕیشەی کاری فەرمان (خوێنە ، فرۆشە ، نێرە ، ژمێرە ، سپێرە ، پالێوە ، نێژە ، خوازە ، گەزە ، پارێزە، مرە .....تاد )

دۆزینەوەی ڕەگی چاوگە (وو)ەکان لەپرۆگرامەکانی خوێندنا

ڕەگی چاوگە (وانی)یە تێ نەپەڕەکان بەلابردنی نیشانەی (وون) دەدۆزرێتەوە وەک لە (بوون ، چوون) کە دەبێتە (ب ، چ)

لەتێپەڕەکاندا تەنیا بەلانردنی (ن)ی چاوگ دەدۆزرێتەوە وەک لە (دروون ، گروون) کە دەبێتە (دروو ، گروو) .

لەڕاستیدا چاوگە (وانی)یەکان لەزمانی کوردیدا چەند چاوگەکی دیاریکراون بریتین لە(بوون ، چوون ، فەرموون ، جوون ، سوون ، گروون ، دروون) ئەم چاوگانەش هەموویان چاوگی ناوازەن، چونکە (وو) نیشانە نییە، بەلکوو ئەوە پیتی کۆتایی ڕەگەکانیانە ڕۆلی نیشانەی چاوگ دەبینن، بۆیە لەگەل چاوگ و کارە ناوازەکان لێکدانەوەیان بۆ دەکەین .

**دۆزینەوەی ڕەگی چاوگە تێپەڕکراوەکان**

چاوگە تێپەڕکراوەکان ئەو چاوگانەن، کە لەچاوگە تێ نەپەڕەکان دروست دەبن، ڕەگی ئەم چاوگانەش، بەلادانی نیشانەی کاری ڕانەبوردوو دەدۆزرێنەوە .

**دروستکردنی چاوگی دروستکراو**

ئەگەر چاوگەکی تێ نەپەڕ بەهەر نیسانەیەک بێت، بۆ نیسانەی (ان) هەل دەگەڕێتەوە ئینجا بەپاشگری (دن) چاوگی تێپەڕکراو دروست دەبێت  وەک :

- سووتان ... سووتان + دن
- بارین ... باران + دن
- فڕین ... فڕان + دن
- چوون ... چوان + دن
- گروون  ... گروان + دن
- مردن ... مران + دن
- کەوتن ... کەوان + دن
- نووستن ... نوان + دن
- گەیشتن ... گەیان + دن.......تاد

**دروستکردنی ڕەگی تێپەڕکراو**

ئەگەر چاوگی تێ نەپەڕ بەهەر نیشانەیەک بێت، بۆ نیشانەی (ان) دەگەڕێنرێتەوە ئینجا (ا) بۆ (ێ) دەشکێنرێتەوە بە (ێن) ڕەگی تێپەڕکراو دروست دەبێت وەک :

- سووتان ... سووتان ... سووتێن
- بارین ... باران ... بارێن
- فڕین ... فڕان ... فڕێن
- چوون ... چوان ... چوێن
- گروون ... گروان ... گروێن
- مردن ... مران ... مرێن
- کەوتن ... کەوان ... کەوێن
- نووستن ... نوان ... نوێن
- گەیشتن ... گەیان ... گەیێن ......تاد

ڕەگە تێپەڕکراوەکان هەروەکو ڕەگە تێپەڕەکان پێکهاتەکان دروست دەکەن :

بکەری دیار وەک ( سووتێنەر ، بارینەر ، فڕێنەر ، مرێنەر ...... دل ڕفێن ، دوژمن بەزێن ، تۆلە ستێن ، دەست وەشێن.....تاد

ڕێژەی بکەر نادیاری وەک (سووتێنرا ، دەسووتێنرێت ، بسووتێنرێ )(فڕێنرا ، دەفڕێنرێت ، بفڕێنرێ)

بەرکار وەک (سووتێنراو ، فڕێنراو ، مرێنراو........تاد

گەردانکردنی چاوگە تێپەڕکراوەکان

- سووتاند ... دە + سووتێنێت ... ب + سووتێنە
- باراند ... دە + بارێنێت ... ب + بارێنە
- فڕاند ... دە + فڕێنێت ... ب + فڕێنە
- چواند ... دە + چوێنێ ... ب + چوێنە
- گرواند ... دە + گروێنێت ... ب + گروێنە
- مراند ... دە + مرێنێت ... ب + مرێنە
- کەواند ... دە + کەوێنێت ... ب + کەوێنە
- نواند ... دە + نوێنێت ... ب + نوێنە
- گەیاند ... دە + گەیێنێت ... ب + گەیێنە

**دەستنیشانکردنی ڕیشەی کارە تێپەڕکراوەکان**

– چاوگی تێنەپەڕ + د = ڕیشەی کاری ڕابوردوو (برژاند ، ستاند ، سووتاند ، مراند، کەواند ، نواند.....تاد

– ڕەگی تێپەڕکراو + ێت = ڕیشەی کاری ڕانەبوردوو ( سووتێنێت ، مرێنێت ، کەوێنێت ، نوێنێت .....تاد

– ڕەگی تێپەڕکراو + ە = ڕێشەی کاری فەرمان (سووتێنە ، مرێنە ، کەوێنە ، نوێنە .....تاد

**دۆزینەوەی ڕەگی چاوگ و ڕیشەی کارە ناوازەکان**

چاوگ و کارە ناوازەکان ئەو چاوگ وکارە سادانەن کە لەدروستکردنی پێکهاتەکان یان لەگەردانکردنی کارەکاندا لەو دەستوورو یاسایانە لادەدەن کە چاوگ و کارە ئاساییەکانی پێ دروست دەبێت، ئەمەش هۆکارەکی بنەڕەتییە کە وادەکات نیشانەی ناوازەییان لێ دەربکەوێت، بەلام مەرج نییە هەموویان لەئەنجامی یەک هۆکاردا بەناوازە هەژمار بکرێن، بەلکوو لەوانەیە هەندەکیان هۆکارەکانی ناوازەییان لەیەکتر بچێت هەندەکیشیان لەیەکتر جیاوازبێت، بۆیە دەبێت بەپێی ئەو هۆکارەی کە چاوگ و کارەک لەچاوگ و کارەکی ئاسایی جیادەبێتەوە، هۆکاری ناوازەیی دەستنیشان بکرێت، بەلام لەزۆربەی حالەتەکاندا ڕەگی چاوگە ناوازەکان گۆڕانیان بەسەردادەهێت، بۆیە لەگەردانکردندا ڕەگە بنەڕەتییەکە دەرناکەوێتەوە، لەم حالەتەشدا کە نیشانەکانی کار لادەدەین، ڕیشەی کار لەڕەگی چاوگەکان جیادەبێتەوە، ئێمەش لێرەدا چەند هۆکارەکی دیکە دەنووسین ئینجا لەبەر ئەوەی چاوگ و کارە ناوازەکان حالەتی تایبەتن، لێکدانەوەو شیکردنەوەی تایبەت و سەربەخۆ بۆ هەر یەکەیان بەجیا دەکەین .

**هۆکاری یەکەم** : ئەگەر نیشانەکانی (ست ، شت ) بەنیشانەی چاوگ هەژمار نەکرێن، هەموو ئەو چاوگانەی کە بەم نیشانانە دروست دەبن بەناوازە دەزانرین .

**هۆکاری دووەم** : ئەگەر کرتان و سوانی پیت بەهەر هۆکارەک بێت، کاریگەری لەسەر گەردان و دروستکردنی پێکهاتەکاندا هەبێت .

**هۆکاری سێیەم** : ئەگەر چاوگەک لەکاری ڕانەبوردوودا بەشێوەی (ات، ەت، ۆت) گەردان ببێت .

**هۆکاری چوارەم** : ئەگەر گۆڕانی نیشانەی چاوگ لە (ا) یان (ی) بۆ نیشانەکانی(ت ، د ، ست، شت) ببێتە هۆی گۆڕانی هێزی چاوگەکە لە تێ نەپەڕییەوە بۆ تێپەڕو بەپێچەوانەوەش .

**هۆکاری پێنجەم** : ئەگەر واتای بکەرو بەرکاری کار لەیەکتر جیا نەبێتەوە، ئەمەش هەموو ئەو چاوگانە دەگرێتەوە کە لەدەنگە سروشتییەکان و بەنیشانەی(خۆ) دروست دەبن .

**هۆکاری شەشەم** : ئەگەر لەیەک کاتدا ڕەگ ڕۆلی چاوگیش ببینێت .

**هۆکاری حەفتەم** : ئەگەر توانای بکەر لەدەسەلاتی مرۆڤدا نەبێت

**هۆکاری هەشتەم** : ئەگەر ڕەگی بنەڕەتی چاوگ لەگەردانی کاری ڕابوردوو دەربکەوێتەوە نەک لە ڕانەبوردوو .

**هۆکاری نۆیەم** : ئەگەر نیشانەی چاوگ تێکەلی پێکهاتەکان و گەردانی فەرمان و ڕانەبوردوو ببێتەوە .

**هۆکاری دەیەم** : ئەگەر چاوگەک دەستووری دروستبوونی سەربەخۆی لەسەر ڕەگەکی تایبەت بەخۆی نەبێت .

**هۆکاری یازدەیەم** : ئەگەر جیاوازی واتایی لەنێوان چاوگەکی تێ نەپەڕو تێپەڕکراوەکەی بە (اندن) هەبێت .

**چاوگ و کاری ناوازە بەنیشانەی (ا ، ی)**

لەڕاستیدا ئەم دوو نیشانەیە نیسانەی بنەڕەتین بۆ دروستکردنی چاوگە کوردییەکان، بۆیە کەمترین چاوگ و کاری ناوازەیان لێ دروست دەبێت، بەلام لەگەل ئەوەشدا چەند چاوگەکی دەگمەنمان هەیە کە بە یەکەک لەم دوو نیشانەیە دروست دەبن و بەناوازە هەژمار دەکرێن .

- (ژیان yan) (گریان Gryan ) (شیان ŝyan )

ئەم چاوگانە لەڕوالەتدا لە ناوازە ناچن، چونکە بەلادانی نیشانەو (ن)ی چاوگ ڕەگە بنەڕەتییەکانیان دەمێنێتەوە، لەگەردانی ڕانەبوردووشدا هەمان ڕەگ دەردەکەوێتەوە، بەلام لەڕاستیدا لەبەر ئەوەی هەندێ پیت هەیە کە دەکەونە کۆتایی ڕەگی چاوگەکان، کاریگەرییان لەسەر دەرخستنی نیشانەو دروستبوونی پێکهاتەکان و گەردانکردندا دەبێت، یەکەکیش لەم پیتانە پیتە بزوێنی(ی)یە، کە کەوتۆتە کۆتایی ڕەگەکانی (ژی ، گری ، شی) بۆیە لەگەردانکردندا جیاوازی دروستکردووە .

- لەسەر ڕەگی تێ نەپەڕی (ژی ، گری ، شی) کۆڵەگەی دیاری (ژی یان ، گری یان ، شی یان)دروست دەبێت ئینجا بەلادانی (ا) لەپاشگری (یان) چاوگی (ژیین ، گریین )، بەلادانی (ی) چاوگی (ژیان ، گریان ، شیان) پەیدا دەبێت، لەمحالەتەشدا ئەگەر بەپێی دەستوور بێت، دەبێت بە(ژیا، دەژی یت ، بژی یَ)(گریا ، دەگری یت ، بگری یَ)(شیا ، دەشی یت بشی یَ) گەردان بکرێن، بەلام لەئەنجامی گونجانیاندا، پیتە(یَ) لەکاری فەرمان و ڕانەبوردووی (دەژیت ، دەگریت) پیتە(ی) لە (دەشێت) لادەبرێت، کاری فەرمانیان بە (بژی ، بگری ، بشێ) گەردان دەکرێن، وەک چاوگەکی تێنەپەڕیش کە تێپەڕ دەکرێن، ڕەگی تێپەڕکراوی(ژی ێن ، گری ێن ، شی ێن) و چاوگی(ژیاندن ، گریاندن ، شیاندن) دروست دەکەن و بە (ژیاند ، دەژیێنێت ، بژیێنە)(گریاند ، دەگریێنێت ، بگریێنە)(شیاند ، دەشیێنێت ، بشیینە) گەردان دەبن ئینجا بکەرو بەرکاری (ژیێنەر ، ژیێنراو ... گریێنەر ، گریێنراو ... شیێنەر ، شیێنراو)و ڕێژەی بکەر نادیاری دروست دەکەن، لەم حالەتەشدا لەجیاتی شێوە دەستوورییەکەیان کورت دەکرێنەوەو هەردەم پیتەکیان لێ لادەبرێت، ئەمەش وادەکات جیاوازی لەنێوان ڕەگی چاوگ و ڕیشەی کارەکانیاندا دەربکەوێت، بۆیە بە ناوازە دەزانرێن، چونکە کورتبوونەوە لەڕەگەکانیان ڕوودەدات، بەلام ئەگەر ئەم چاوگانە بەشێوە دەستوورییەکانیان گەردان بکرێن و بەکار بهێنرێن، هیچ هۆکارەکی ناوازەییان لێ دەرناکەوێت، تەنیا چاوگی (ژیاندن) نەبێت، کە کاری بکەرەکەی (ژیێنەر) لەژوور دەسەڵاتی مرۆڤدایە، بۆیە ئەمە بە هۆکارەکی ناوازەیی لەم چاوگەدا دادەنرێت، چونکە کەس ناتوانێت ژیان بەبەر کەسەکی تردا بکات مەگەر خوای پەروەردگار نەبێت .

- (**زان**Zan )

ئەم چاوگە بە جیاوازی شێوەزارەکان لە شێوەی (زاین، زەیستن، زاندن)یش بەکار دەهێنرێت .

ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (زا)یە، چونکە لەسەر ئەم ڕەگە کۆلەگەی دیاری (زایان) دروست دەبێت ئینجا بەلادانی (ی) لەپاشگری (یان) لە (زایان) چاوگی (زاان)، بەلادانی (ا) چاوگی (زاین)پەیدا دەبێت، لەمحالەتەشدا لەئەنجامی بەدواداهاتنی دو (ا) لە (زاان) یەکەکیان دەسوێت و کورت دەبێتەوە بۆ (زان)، بۆیە کە لەڕوالەتدا چاوگی (زان) هەڵدەوەشێنینەوە (ز) وەک ڕەگ و (ان) وەک نیشانە دەردەکەوێت، ئەمەش وایکردووە ڕەگە بنەڕەتییەکەی دەرنەکەوێتەوەو جیاوازی لەڕیشەکەیدا پەیدا ببێت، جیاوازی لەگەردان و دەستووری دروستبوونی دەربکەوێت، چونکە کۆتا پیتی ڕەگەکەی بزوێنە .

گەردانی دەستووری ئەم چاوگە(زایی ، دەزاییت ، بزایێ) بەڵام لەئەنجامی گونجانیدا بۆ (زا ، دەزێت ، بزێ) دەگۆڕێت، لەم حالەتەشدا وا دەردەکەوێت کە ڕەگەکەی (زێ)یە، چونکە لەکاری ڕانەبوردوودا (ا) بۆ (ێ)دەشکێتەوە، بەلام لەڕاستیدا ڕەگی ئەم چاوگە لە کاری ڕابوردوو دەردەکەوێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی چاوگە ئاساییەکانە کە لەکارێ ڕانەبوردوو ڕەگەکانیان دەردەکەوێت .

ڕەگی (زا) وەک ڕەگەکی تێ نەپەڕ ڕەگی تێپەڕکراوی (زایێن) و چاوگی (زایاندن)ی لەسەر دروست دەبێت ئینجا بەشێوە دەستوورییەکەی بە (زایاند ، دەزایێنێت ، بزایێنە) گەردان دەکرێت، بکەرو بەرکاری (زایێنەر، زایێنراو) و ڕێژەی بکەر نادیاری (زایێنرا ، دەزایێنرێت ، بزایێنرێ) دروست دەکات، بەلام لەم حالەتەشدا توانای کورتکردنەوەی دەبێت، بۆیە بەشێوەی (زاند ، دەزێنێت ، بزێنە)(زێنەر ، زێنراو)(زێنرا، دەزێنرێت، بزێنرێ) بەکار دەهێنرێت . هۆکارەکانی ناوازەیی لەم چاوگەدا، یەکەکیان ئەوەیە کەڕەگەکەی لەکاری ڕابوردوو دەردەکەوێتەوە، هۆکارەکی تری لەوەدایە کە توانای بکەرەکەی(زایێنەر) لەژور دەسەڵاتی مرۆڤدایە، هۆکارەکی تری ئەوەیە کەڕەگ و چاوگ و پێکهاتەو گەردانی کورت بۆتەوەو شوێنی شێوە دەستوورییەکەی گرتۆتەوە .

- (**مان** Man)

ئەم چاوگە چاوگەکی تایبەتە لەزمانی کوردیدا، چونکە بەپێچەوانەی هەموو چاوگە کوردییەکان ڕەگەکەی ڕۆڵی چاوگیش دەبینێت، ئەمەش وایکردووە لەڕوالەتدا وادەربکەوێت کە پیتی(م) ڕەگ بێت، چونکە لەو کاتەی کە (ن) و نیشانەکەی لێ دەکرتێنرێت تاکە پیتی (م) وەک ڕەگ دەمێنێتەوە، لەم حاڵەتەشدا دەبێت بە (ما، دەمێت ، بمێ) گەردان بکرێت، بەڵام کە گەردانی دەکەین، دەبینین پیتە (ن)ی هەمیشەیی چاوگ تێکەلی (دەمێنێت، بمێنێ) دەبێت، لە هەردوو حالەتیشدا پێچەوانەی چاوگە ئاساییە کوردییەکان دەبێتەوە، چونکە لەلایەکەوە هیچ چاوگەکی کوردی ڕەگەکەی لە تاکە پیت دروست نابێت، لەلایەکی ترەوە نابێت (ن) ی چاوگ تێکەل بەگەردانکردن بکرێت، ئەم دو هۆکارەش وادەکەن ئەم چاوگە بەناوازە هەژمار بکرێت و لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەستنیشانکردنی ڕەگ و پێکهاتەکانی بکرێت .

**لێکدانەوەی یەکەم :**

ئەگەر ڕەگەکەی (مێن) بێت، دەبێت وەک ڕەگەکی تێپەڕ پێکهاتەکانی (مێنە)، بکەری( مێنەر)، کۆلەگەی دیاری (مێنیان) ئینجا بەلادانی (ا) یان (ی) لە پاشگری(یان) چاوگی

(مێنان، مێنین)دروست ببێت و بە(مێنا، مێنی... دەمێنێت ... بمێنە، بمێنیَ) گەردان بکرێت، لەکۆلەگەی نادیاری (مێنران) بەرکاری(مێنراو)و گەردانی بکەر نادیاری (مێنرا، دەمێنرێت، بمێنتریَ) ی پیَ بکرێت .

**لێکدانەوەی دووەم :**

ئەگەر ڕەگەکەی (مان) بێت، دەبێت وەک ڕەگەکی تێپەڕ پێکهاتەکانی لە ناوی (مانە)، بکەری (مانەر)، لەکۆلەگەی دیاری (مانیان) بەلادانی (ا) یان (ی) لەپاشگری (یان) چاوگی (مانان، مانین) دروست ببێت ئینجا بە(مانا، مانی... دەمانی ، دەمێنیت ... بمێنە، بمێنیَ)گەردان بکرێت، لەکۆلەگەی نادیاری(مانران) بەرکاری(مانراو)و گەردانی بکەر نادیاری(مانرا، دەمانرێت، بمانریَ)ی پیَ دەکرێت .

لەبەراوردکردنی هەردوو لێکدانەوەدا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەویت کە (مان) ڕەگە بنەڕەتییەکەیە ئینجا بەشکانەوەی (ا) بۆ (یَ) لەڕەگەکەیدا بۆ (مێن) گۆڕاوەو چاوگی (مانان . مانین) لەکۆلەگەی (مانیان) دروستکراوە، چونکە بەشێوەیەکی دەستووری دروست دەبێت، ئەم ڕاستییەش لەبنچینە ئاڤێستاییەکەوە دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی قوولتر لەدروستبوونی ئەم چاوگە بکۆلینەوە، دەبینین ئەمیش هەروەک (پرسە، ترسە، وارە(بارە) لەئاڤێستادا، کە لەزمانی کوردیدا بەپاشگری (یان) کۆڵەگەی دیاری (پرسیان، ترسیان، باریان)یان لیَ دروست دەکرێت ئینجا چاوگی (پرسین، ترسان، (بارین)ی لەسەر دروستکراوە، دەشێت ئەمیش بەهەمانشێوە بەپێی دەستووری دروستبوونی چاوگە کوردییەکان لەسەر (مان) کۆلەگەی دیاری (مانیان) و لەئەنجامی کرتانی پیتە (ا) یان (ی) لەپاشگری (یان) چاوگی (مانان- مانین) دروستبوویێت ئینجا بەهۆی هاوشێوەیی(ان) لە(مـان + ان) یان سوانی نیشانەی (ی) لە(مانین) کە دو (ن) کەوتونەتە دوای یەکتر، ئێمەی کورد کورتمان کردبێتەوەو وازمان لە(مانان ، مانین) هێناوە، هەر بە(مان) بەکارمانهێناوە، لەمەشدا شێوە دەستوورییەکەی خۆی لەدەستداوە، چونکە (ان)ەک یان (ن)ەک سواوەو (ان) و (ن)ەکـەی تر شوێنیان گرتۆتەوە، ئەمەش لەگەردانکردندا گونجاوە، بۆیە کە لەڕوالەتدا لێکدانەوەی بۆ کراوە، (مان) بەچاوگ زانراوەو(مێن) بەرەگ هەژمارکراوە، ڕاستی ئەم لێکدانەوەیەش لەبەراوردکردنی دروستبوون و بەکارهێنانی ئەم چاوگە لەزمانی کوردی و فارسیشدا دەردەکەویت کە بۆ یەک ڕەگ و ڕیشە دەگەڕێنەوە، چونکە هەروەکو چۆن (پرس ، پرسە، پرسیان، (پرسین)ی کوردی بۆتە (پرسیدن) ... (ترس ،

ترسه، ترسیان (ترسان)ی کوردی بۆتە (ترسیدن) / (بار ، بارە، باریان (بارین)ی کوردی بۆتە (باریدن) ...تاد بەهەمان دەستوور (مان ، مانە ، مانیان (مانان ، مانین)ی کوردیش، بەگۆڕانی نیشانەکەی لەفارسیدا کراوەتە (ماندن، مانیدن)

کەواتە بە هەموو لێکدانەوەیەک ئەم چاوگە، چاوگەکی ناوازەیە لەزمانی کوردیدا، چونکە ڕەگ و چاوگ لەشوێنی یەکتر بەکار دەهێنرێت، ئەم سیفەتەش لەسیفەتی هیچ چاوگەکی ئاسایی ناچێت .

- (**دان** Dan ) (**نان** Nan )

ڕەگی بنەڕەتی ئەم دوو چاوگە (دەر ، نەر)ە، چونکە بەپێی دەستووری دروستبوونی چاوگە کوردییەکان لەسەر ئەم دوو ڕەگە، ناوی (دەرە ، نەرە)، بکەری (دەرەر، بدەر ... نەرەر ، بنەر)، بەلکاندنی پاشگری (یان) کۆلەگەی دیاری (دەریان، دریان... نەریان، نریان) و بکەری (دەریار ، نەریار) ئینجا بەلادانی (ا) یان(ی) لە (یان) چاوگی ( دەران ، دەرین ... نەران ، نەرین) دروست دەبێت، لەم حالەتەشدا گەردانی دەستووریان بەم شێوەیە دەبێت (دەرا ، دەدەرێت ، بدەرێ ... نەرا ، دەنەرێت ، بنەرێ)، بەلکاندنی پاشگری (ران)یش کۆلەگەی نادیاری (دەرران ، نەرران)دروست دەکات ئینجا بەرکاری(دەرراو، نەرراو)و گەردانی بکەر نادیار (دەررا، دەدەررێت ، بدەررێ... نەررا ، دەنەررێت، بنەررێ) دروست دەبێت، بەلام لەئەنجامی گونجانیاندا، لەدروستکردنی چاوگ و پێکهاتەو لەگەردانکردنیاندا، گۆڕانیان تێدا دەکرێت و (ەر) لەڕەگەکانیان دەسوێنرێت ئینجا لە(دەریان) بە پیتە(د)ی سەرەتای ڕەگ و نیشانەی(ان)... لە (نەریان) پیتە(ن)ی سەرەتای ڕەگ و نیشانەی(ان) چاوگەکانی (دان ، داین ... نان ، ناین) دروستکراوەو بە (دا ، دەدات ، بدە) (نا ، دەنێت ، بنێ) گەردان دەبێت، لەبەرکارو ڕێژەی بکەر نادیاریشدا بە (دراو ، نراو)... (درا ، دەدرێت ، بدرێ)(نرا ، دەنرێت، بنرێ) گەردان دەکرێت .

– جیاوازی نێوان ئەم دو چاوگە لەگەردانکردنی فەرمان و کاتی ڕانەبوردوودا دەردەکەوێت، چونکە (ا) لە (نان) دەشکێتەوە بۆ (ێ)(دەنێت، بنێ) کەچی لە (دان) ناشکێتەوە(دەدات ، بدە) .

بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێکهاتانەی کە لەدەستووری دروستبوونی ئەم دووچاوگەدا دروست دەبن، مەرج نییە هەموویان بەکارهێنانی خۆیان پاراستبێت، لەوانەیە پێکهاتەیەک لەشێوەزارەکدا لەپێکهاتەیەکی تر لەبەکارهێناندا پەرەسەندووتربێت و لەشێوەزارەکی تردا بەکارهێنانی نەمابێت بۆ نموونە کۆڵەگەکانی (دریان ، نریان ) لەشێوە کۆنەکاندا بەکاردەهێنرێن کەچی لە کرمانجی سەروو – خواروو بەکارناهێنرێن، چاوگەکانی (دان

، نان) لەشێوەکانی خواروو بەکار دەهێنرێن کەچی (داین ، ناین) لەشێوەکانی سەروو، لەدروستکردنی دۆخی بکەر نادیاریشدا، لەکرمانجی خواروو بەکار دەهێنرێن کەچی لەشێوەکانی سەرووداا بەیاریدەی چاوگی (هاتن ، هێنان) دروست دەکرێن .

سوانی پیت لەڕەگی بنەڕەتی ئەم دوو چاوگەدا، هۆکارەکی سەرەکییە کە ئەم دوو چاوگەی خستۆتە خانەی ناوازەیی، چونکە جیاوازی لەنێوان ڕەگی چاوگ و ڕیشەی کارەکان و پێکهاتەکان و گەردانکردندا دروستکردووە .

**چاوگ و کاری ناوازە بەنیشانەی** (وو - ر)

هەروەک دەزانین نیشانەی (وو) بەنیشانەیەکی چاوگ هەژمار دەکرێت، بەلام (ر) کە چەند چاوگەکی دیاریکراوی وەک (کرن ، برن ، خوارن ، مرن)لەکرمانجی خواروو دروست دەکات، بەنیشانە هەژمار ناکرێت، کە لەڕاستیدا ئەمیش نیشانەیەکە، چونکە بەهەمان هۆکاری (وو) دروست دەبێت و هەمان ڕۆلیش دەبینێت، بۆیە واڕاستترە ئەمیش بەنیشانە هەژمار بکرێت. هەموو ئەو چاوگانەی کە بەم دوو نیشانەیە دروست دەبن، بەچاوگی ناوازە هەژمار دەکرێن، چونکە نیشانەکانیان دەسوێنرێت ئینجا پیتی کۆتایی ڕەگەکانیان لەشوێن دادەنرێت، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەدایە کە واتای کاری ڕابوردوویان بۆ دابین دەکات، بەلام ئەم کارە لەهەندێ شێوەزاردا دەکرێت و لەهەندەکی تردا هەمان چاوگ بەشێوە دەستووری و ئاساییەکەی بەکار دەهێنریت، ئەمەش وادەکات ئەم دوو نیشانەیە بە دوو نیشانەی لاوەکی دابنرێن، چونکە دەتوانرێت بەنیشانەیەکی دیکە بەکاربهێنرێن بێجگە لە (بوون ، چوون) نەبێت .

- (**بوون**Bûn ) (**چوون** Ĉûn )

ئەم دوو چاوگە وەک هەموو چاوگەکانی دیکە لەزمانی کوردیدا، سەرچاوەنە بۆ دروستکردنی دەمەکانی کاری ڕابوردوو + ڕانەبوردوو، هاوبەشیشن لەبەکارهێنانی شێوەزارەکانی کرمانجی سەروو – خوارووودا، چاوگی (بوون) وەک تاکە چاوگ لەزمانی کوردیدا کاری ناتەواوی لێ دروست دەبێت، بەلام وەک کاری تەواویش بەتێپەڕو بە تێ نەپەڕی لەئاخاوتندا ئەرکەکانی ئەنجام دەدات لەهەمانکاتدا هەردوو چاوگ بە دوو چاوگی بنیاتیش دەزانرێن، چونکە هەموو جۆرە چاوگە ناسادەکانی (داڕێژراوو لێکدراوو دروستکراو)یان لێ دروست دەکرێت .

ڕەگی بنەڕەتی ئەم دوو چاوگە (بوو ، چوو)ە، چونکە بەپێی دەستووری دروستبوونی چاوگە کوردییەکان لەسەر ڕەگی تێ نەپەڕی(بوو)، ناوی (بووە)، کۆلەگەی دیاری (بوویان)

ئینجا چاوگی (بوان) یان (بوین)دروست دەبێت، لەمحالەتەشدا بەشێوە دەستوورییەکەی بە (بوا ، دەبوێت ، ببوێ) گەردان دەبێت، بەلام کە نیشانەکەی سواوە، (بوون)بەکارهێنراوە، بۆیە بە(بوو، دەبێت، بە) گەردانکراوە، ئەمەش لەگەرداندا ڕێککەوتووەو گونجاوە، بۆیە بەکار هاتووە ئەگەرچی ڕەگ و نیشانە بنەڕەتییەکەشی ونبووە، بەلام بەپاشگری (اندن) تێپەڕ ناکرێت تاوەکو ڕەگ و چاوگی تێپەڕکراوی(بوێن ، بواندن) دروست بکات و پێکهاتەکانی لەبەرکارو بکەر نادیاری پێ دروست ببێت، بەلکوو ئەگەر پێویست بێت، بەبەکارهێنانی چاوگی(کردن) تێپەڕ دەکرێت وەک (ڕزگاربوون × ڕزگارکردن / کاولبوون × کاولکردن.....تاد

لەسەر ڕەگی تێ نەپەڕی (چوو) ، ناوی (چووە) ، کۆلەگەی دیاری(چوویان) ئینجا چاوگی (چوان) یان(چوین) دروست دەبێت، لەمحالەتەشدا ئەگەر بەشێوە دەستوورییەکەی بێت، دەبێت بە (چوا ، دەچویت ، بچوێ) گەردان بکرێت، بەلام کە نیشانەکەی سوێنراوەو کراوە بە(چوون) بۆیە بە (چوو ، دەچێت ، بچو ... بچۆ ، بچە) گەردان دەکرێت، کە وەک چاوگەکی تێ نەپەڕیش تێپەڕ دەکرێت، ڕەگی تێپەڕکراوی(چوێن) و چاوگی (چواندن) بە (چواند ، دەچوێنێت ، بچوینە) گەردان دەبێت و بکەرو بەرکاری(چوێنەر، چوێنراو) و کۆلەگەی نادیاری (چوێنران) و ڕێژەی بکەر نادیاری (چوێنرا ، دەچوێنرێت ، بچوێنرێ) دروست دەکات، لەمەشدا بەپێچەوانەی ئەو چاوگە تێ نەپەڕانەی کە تێپەڕ دەکرێن، جیاوازی واتایی لەنێوان تێ نەپەڕو تێپەڕکراوەکەیدا دەردەکەوێت، چونکە تێپەڕکراوی (چواندن) هەمان واتاو مەبەستی تێ نەپەڕی (چوون) ناداتەوە، (چوون) واتای (ڕۆیین) دەدات، بەلام (چواندن) بەواتای ( لەدەستدان ) دێت .

لەڕووکەشە دیارو بەرچاوەکانی ئەم دوو چاوگەدا، پیتە (ب ، چ) وەک ڕەگی چاوگ دەردەکەوێت، چونکە بەلادانی نیشانەو (ن)ی چاوگ لەگەردانی کاری ڕانەبوردوودا دەمێننەوە، بەلام لەڕاستیدا ئەمانە پیتی سەرەتای ڕەگن، چونکە تاکە پیت هەلگری واتای ڕەگ نییە لەهەمان کاتدا پیتە (وو)ش نیشانەی بنەڕەتی چاوگەکان نییە، بەلکو پیتی کۆتایی ڕەگەکانن، بەلام لەبەر ئەوەی لەشوینی نیشانەکان واتای کاری ڕابوردوویان دابینکردووەو لەفەرمان و ڕانەبوردوودا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بۆیە وەک ناوازە بەکارهاتوونە .

-(**فەرموون** Fermûn )

ئەم چاوگە چاوگەکی ئالۆزە لەواتاو لەدروستبوون و لەهێزدا، چونکە لەواتادا بۆ دوو مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێت (فەرمووی) واتا (گووتی) کەچی لە (فەرموو وەرە ژورەوە ... فەرموو قسەبکە ... فەرموو نان بخۆ) واتایەکی دیکە دەدات، لەدروستبوونیشدا

دوو لێکدانەوە بۆ دەستووری دروستبوون و گەردانکردنی دەکرێت، چونکە لەسەر ڕەگی (فەرم ، فەرموو) چاوگەکە دروست دەبێت و گەردان دەکریت، لەڕووی هێزیشەوە وەک تێپەڕو تێ نەپەڕ دەردەکەوێت، چونکە وەک تێپەڕ، جێناوە کەسییەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرێت کەچی پێکهاتەکانی وەک ڕەگەکی تێپەر، بکەر دیارو نادیارو بەرکاری (فەرمەر ، فەرموەر)- (فەرمرا ، فەرمورا) – (فەرمراو ، فەرموراو) بەکار ناهێنرێت .

ئەگەر بەراوردی چاوگی (فەرموون )ی کوردی و (فەرموودن)ی فارسی بکەین کە هەمان ڕەگ و ڕیشەی هاوبەشیان هەیە، دەشێت چاوگەکە لەزمانی کوردیدا، لەبنەڕەتدا (فەرمووین) بوو‌بێت، چونکە وەک هەموو ئەو چاوگانەی کە هاوبەشن لەهەردوو زماندا نیشانەی چاوگەکەیان (فەرمووین ، فەرموودن) بەرامبەر بەیەکتر دەبێت، بەلام وادیارە بەپێی پێداویستی دەربڕینی کوردی گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، چونکە پیتە (و) ی کۆتایی ڕەگ ڕۆلی نیشانەی چاوگی بینیوەو واتای کاری ڕابوردووی دابینکردووە، بۆیە بەم شێوەیە بەکارهێنراوە، مامۆستا هەژاریش لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا (فەرمین)ی بەرامبەر (فەرموون) نوسیوە، لەمەشدا وا دەردەکەوێت کە پیتی کۆتایی ڕەگی (و) لەگەڵ(ی) ئاڵوگۆڕبووە . کەواتە جیاوازی لەهێزو لەواتاو لە سوان و کرتانی پیت لەڕەگی بنەڕەتی چاوگەکەدا لەگەل ئاڵوگۆڕبوونی نیشانەی چاوگەکە، کە کاریگەری لەگەردانکردنیدا هەبووە هۆکاری سەرەکینە بۆ ناوازەیی ئەم چاوگە .

- (**گروون**Grûn )

ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (گروو)ەو چاوگەکە (گروان ، گروین)ە، بەلام بەکارهێنانی ئەم چاوگە بەنیشانەی (وو) لەئەنجامی گونجان و تایبەتمەندی شێوەزارە، چونکە کە نیشانەی چاوگەکەی سوێنراوەو پیتی کۆتایی ڕەگەکەی لەشوێن دانراوە، پیتە (وو) واتای کاری فەرمان و ڕابوردووی بۆ دابینکردووە (گروو ، دەگروێت ، بگروو)، بۆیە ئەگەر ئەم چاوگە بەشێوە دەستوورییەکەی (گروان ، گروین) بەکار بهێنرێت و پێکهاتەکانی لێ دروست بکریت و گەردان بکرێت (گروی ، دەگروییت ، بگروە) هیچ هۆکارەکی ناوازەیی لێ دەرناکەوێت، بەلام ئەگەر بەشێوەی (گروون) بەکاربهێنرێت و گەردان بکرێت، بەناوازە دادەنرێت، چونکە نیشانەی چاوگەکە دەسوێت و گەردانی دەستووری بەکار ناهێنرێت .

- (**سوون** (Sûn ) **جوون**Cûn )

ئەم دوو چاوگە لەشێوە کۆنەکانی وەک لووڕی و کەلهووڕی بەشێوەی (ساوین، سایین ... جاوین ، جایین) و لەشێوەزاری دیکەدا بە(جوین ، سوین) بەکار دەهینرێن، بەتایبەتمەندی

هەندێ شێوەزاریش نیشانەی چاوگەکەیان سوێنراوەو بە (سوون ، جوون) بەکار دەهێنرین، بۆیە کە گەردان دەکرێن بەناوازە دەردەکەون، بەلام ئەگەر ئەم دو چاوگەش بەشێوە دەستوورییەکەیان کە (ساوین، سایین ، سوین ... جاوین، جایین ، جوین)ە بەکاربهێنرێن و گەردان بکرێن بەناوازە هەژمارناکرێن، چونکە وەک هەر چاوگەکی ئاسایی بەنیشانەکانیانەوە پێکهاتەکان دروست دەکەن و گەردان دەکرێن، بەلام ئەگەر بە (سوون، جوون) بەکاربهێنرێن و گەردان بکرێن دەکەونە خانەی ناوازەیی، چونکە لەئەنجامی ئەوەی پیتی کۆتایی ڕەگەکەی (وو)ە، دەکەونە سەر شێوەی چاوگە وانییەکان و نیشانەی چاوگەکەیان دەسوێنرێت، ئەمەش وادەکات گۆڕان لەڕەگ و گەردان و سوان لەنیشانەکەیان ڕووبدات .

- (**دروون** Drûn)

ئەم چاوگە وەک چاوگەکی تێپەڕ لەئەنجامی جێگۆڕکێی پیتی کۆتایی ڕەگ و ناوەڕاست لەڕەگ و چاوگی بنەڕەتی و دەستووری (دوورین) دروستبووە، ئەمەش لەهەندێ شێوەزاردا لەسەر زارو لەئاخاوتندا گونجاوبووە، چونکە کە پیتی کۆتایی ڕەگەکە بووە بە (وو) کەوتۆتە سەر شێوەی چاوگە وانییەکان و واتای کاری فەرمان و ڕابوردووی دابینکردووە ، بۆیە (دروو ، دەدروێت ، بدروو) لەجیاتی (دەدووری ، دەدوورێت ، بدوورە) بەکارهێنراوە. کەواتە ئەگەر ئەم چاوگە بەشێوەی (دوورین) بەکار بهێنرێت و گەردان بکرێت، بەناوازە نازانرێت، بەلام ئەگەر لەشێوەی (دروون) بەکاربهێنرێت، هەروەکو چاوگە وانیەکان بەناوازە دادەنرێت .

-(**کرن** (Krn(**برن**Brn )

ئەم دوو چاوگە بەتایبەتمەندی شێوەزارەکانی کرمانجی سەروو بەهەمان هۆکاری چاوگە وانییەکان، نیشانەکانیان دەسوێنرێت و پیتی کۆتایی ڕەگەکانیان لەشوێن دادەنرێت، چونکە واتای کاری ڕابوردوو دابین دەکەن، بەلام لەشێوەکانی کرمانجی خواروو بەنیشانەی (د) بە (کردن ، بردن) بەکار دێن .

ڕەگی بنەڕەتی ئەم دوو چاوگە (کەر ، بەر)ە، چونکە کۆلەگەی دیاری (کەریان ،کریان ... بەریان، بریان)و بکەری (بکەر، کەرەر، کریار ... بدەر ، بەرەر، بریار)یان لەسەر دروست دەبێت، بەلام بەپێچەوانەی چاوگە ئاسایییەکان، کە بە(کر ، کرد ... بر ، برد)(دەکات ، دکەت ... دەبات ، دبەت)(بکە ، ببە) گەردان دەکرێن، دەبینین بەسوانی (ە) ڕەگەکەیان لە کاری ڕابوردوو دەردەکەوێت نەوەکو لە ڕانەبوردوو لەهەمان کاتدا لەکاری ڕانەبوردوودا پیتە (ەر) لەڕەگەکانیان دەسوێت، بۆیە ڕەگەکانیان بە (ک ، ب) دەزانرێت .

ئەم دو چاوگە دو چاوگی ناوازەن لەزمانی کوردیدا، چونکە سوانی پیت لەڕەگە بنەڕەتییەکانیاندا ڕودەدات ... ڕەگەکانیان لەکاری ڕابوردوودا دەردەکەوێت نەوەکو لە ڕانەبوردوو ... بەپاشگری(ات ، ەت) گەردان دەبن .

- (**خوارن** Xwarn )

ئەم چاوگە لەبنەڕەتدا، بەنیشانەی بنەڕەتی (ی) دروست دەبێت (خۆرین) ئینجا نیشانەکەی بۆ (د) گۆڕاوەو بووە بە(خۆردن) لەمحالەتەشدا بۆ گونجان لەزمانی کوردیدا پیتە (ا) لەڕەگەکەی زیاد کراوەو بە (خواردن) بەکار هێنراوە، بەلام لەشێوەکانی کرمانجی سەروودا، نیشانەی چاوگەکەی سوێنراوە، بۆیە بە (خوارن) لەهەندێ شێوەزاریشدا زیاتر کورتکراوەتەوەو بە (خارن) بەکارهێنراوە، لەمحالەتەشدا پیتی کۆتایی ڕەگەکەی کە(ر) ە لەشێوەی (وو)ی کۆتایی ڕەگ لە چاوگە وانییەکاندا، هەمان ڕۆلی نیشانەکانی چاوگی دیوە، کە واتای کاری ڕابوردووی دابینکردووە. ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (خۆر)ە، چونکە دەستووری دروستبوون و پێکهاتەکانی لە ناوی چاوگی(خۆرە)، بکەری(خۆرەر ، بخۆر) ، کۆلەگەی دیاری (خۆریان) و بکەری (خۆریار) و چاوگی (خۆران، خۆرین) دروست دەبێت ئینجا بە شێوە دەستوورییەکەی بە(خۆری ، دەخۆریت ، بخۆرە) گەردان دەبێت، وەک ڕەگەکی تێپەڕیش کۆلەگەی نادیاری(خۆرران)و بەرکاری (خۆراو) دروست دەکات ئینجا ڕێژەی بکەر نادیاری بە (خۆرا ، دەخۆرێ ، بخۆرێ) گەردان دەبێت .

کەواتە ئەگەر ئەم چاوگە لەسەر ڕەگە بنەڕەتییەکەی پێکهاتەکانی دروست بکرێت و گەردان بکرێت هیچ نیشانەیەکی ناوازەیی لێ دەر ناکەوێت، بەلام ئەگەر بەشێوە گۆڕاوەکەی بەکار بهێنرێت (خوارد ، خوار ، خار ... دەخوات ، دخۆت ... بخۆ) بەناوازە هەژمار دەکرێت، چونکە ڕەگەکەی لەکاری ڕابوردوو دەردەکەوێت ... لەکاری ڕانەبوردوودا ڕەگەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە (خوو ، خۆ) ... پیتی کۆتایی ڕەگ لەکرمانجی سەروو دەوری نیشانەی چاوگ دەبینێت ... کاری ڕانەبوردوو بە (ات، ۆت) گەردان دەبێت .

- (**مرن** Mrn )

ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (مر)ە، چونکە وەک چاوگەکی تێ نەپەڕ بەشێوەیەکی دەستووری پێکهاتەکانی لەناوی چاوگی (مرە)، کۆلەگەی دیاری (مریان) ئینجا چاوگی (مران، مرین (ڤەمرین) دروست دەبێت و لەکرمانجی خوارووداا نیشانە بنەڕەتییەکەی لە(ی) بۆ (د) دەگۆڕێت، (مردن) لەجیاتی (مرین) بەکار دەهێنرێت، بەلام لەکرمانجی سەروودا کە نیشانەکەی دەسوێنرێت (مرن) بەکاردێت ئینجا هەروەک چاوگەکی تێ

نەپەڕ، ڕەگی تێپەڕکراوی (مرێن ) و چاوگی (مراندن) بە (مراند ، دەمرێنێت ، بمرێنە) گەردان دەکرێت و بکەرو بەرکاری (مرێنەر) (مرێنراو)و دروست دەکات و لەکۆلەگەی نادیاری (مرێنران) ڕێژەی بکەرنادیاری (مرێنرا ، دەمرێنرێت ، بمرێنرێ) دروست دەکرێت .

کەواتە ئەگەر ئەم چاوگەش لەشێوەی (مرین ، مردن) بەکار بهێنرێت بەناوازە دانانرێت، بەلام ئەگەر بە (مرن) بەکاربهێنرێت بەناوازە هەژمار دەکرێت، چونکە دەکەوێتە سەر شێوەی چاوگە وانییەکان .

**چاوگ و کاری ناوازە بەنیشانەی ( ت ، د)**

- (**سەندن** Sendn)(**ستاندن** Standn)

ئەم چاوگە تێپەڕە لە شێوەی (سەنین)یش بەکار دێت، کە لە هەردووکیاندا، ڕەگەکەی بە لادانی نیشانەو (ن) و لە گەردانکردندا (سەند ، سەنی ... دەسەنیت ، بسەنە) بە (سەن) دەردەکەوێت، بەڵام لە کتێبی پۆلی نۆیەم لا٢٨ ڕەگەکەی بە (سێن) دەنراوە، چونکە دەتوانرێت کاری ڕانەبوردووی بە (دەسێنێت ، بسێنە)ش گەردان بکرێت .

ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەم چاوگە لە کورتکردنەوەی چاوگی تێپەڕکراوی (ستاندن) و ڕەگی (ستێن) دروستکراوە، چونکە دەتوانین هەموو ڕێژەکانی گەردان و پێکهاتەکانیان لەبەرامبەر یەکتردا بەکار بهێنین (سەندم ، سەنیم)ستاندم( ... دەسەنم ، دەسێنم )دەستێنم( ... بسەنە ، بسێنە )بستێنە)... (سەنەر ، سێنەر )ستێنەر) ... ( سەنراو ، سێنراو (ستێنراو ) ... (سەنرا، سێنرا(ستێنرا) ... (دەسەنرێ ، دەسێنرێ (دەستێنرێ) ... (بسەنرێ ، بسێنرێ(بستێنرێ)

هەروەک دیارە شێوەکانی ئەم چاوگە لەگەردان و بەکارهێنانی پێکهاتەکاندا ئالۆزو تێکەلاوە، چونکە بێجگە لە تێ نەپەڕی (ستان) دەتوانرێت پێکهاتەو گەردانی (سەندن ، سەنین، ستاندن) لەجیاتی یەکتر بەکار بهێنرێن، لەمەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەمو شێوەکان لەیەک ڕەگ و ڕیشە دروست دەبن، ئەویش ڕەگی (ست ، ستێن)ە ئینجا بەتایبەتمەندی شێوەزارەکان گۆڕاوە، بۆیە ئەگەر لەم چاوگەدا بەکارهێنانی پێکهاتەو گەردانکردنی شێوەی چاوگەکان تێکەڵی یەکتر نەکرێت، ناکەوێتە خانەی ناوازەییەوە .

- (**گرتن** Grtn )

ئەم چاوگە لەڕوالەتدا لەچاوگەکی ئاسایی دەچێت، چونکە لەڕەگ و نیشانەو (ن) دروست دەبێت، وەک چاوگەکی تێبەڕی ئاساییش بە(گرت ، دەگرێت ، بگرە) گەردان

دەبێت، لەمەشدا وادەردەکەوێت کە (گر) ڕەگی چاوگەکەیە، بەلام لەبەر ئەوەی لەسەر ئەم ڕەگە دەستووری دروستبوونی بۆ دروست نابێت، بۆیە بەچاوگەکی ناوازە دەزانرێت، چونکە ئەگەر بەپێی دەستوور بێت، دەبێت وەک چاوگەکی تێپەڕ ، لەسەر ڕەگی (گر) کۆلەگەی دیاری(گریان)دروست ببێت ئینجا بەلادانی (ا) یان (ی) لە (یان) چاوگی(گران) یان (گرین) بەهەمان واتای (گرتن) دروست ببێت لەهەمانکاتدا بکەری (گرەر، گریار) و کۆلەگەی نادیاری (گرران) و بکەرنادیاری (گررا، دەگررێت ، بگررێ)بەکار بهێنرێت، بەلام هەروەک ئاشکرایە کە ئەم چاوگ و کۆلەگەو پێکهاتانە دروست نابن، بۆیە پێویستە لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ دروستبوونی ئەم چاوگە بکرێت تاوەکو دەستووری دروستبوون و هۆکارەکانی ناوازەیی لێ دەربکەویت .

لەڕاستیدا ئەم چاوگە لەبنەڕەتدا لەسەر ڕەگی (گیر) کۆلەگەی (گیریان) دروست دەکات ئینجا بەلادانی (ی) لە (یان) چاوگی (گیران) دروست دەبێت، بەلام کە نیشانەکەی(ا) بۆ (ت) گۆڕدراوە، پیتە (ی) لەڕەگەکەی سوێنراوە، بۆیە لەجیاتی (گیرتن) (گرتن) وەک چاوگەکی تێپەڕ بۆ تێ نەپەڕی(گیران) بەکار هێنراوە، لەمەشدا وەک ناوازە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، چونکە بەگۆڕینی نیشانەی چاوگەکە هێزی کار لەتێ نەپەڕی بۆ تێپەڕی گۆڕاوە لەهەمان کاتدا پێکهاتەو گەردانیشیان تێکەلی یەکتر دەبێت، چونکە بکەری (گیرەر ، گرتەر) و بەرکاری(گیراو ، گرتراو)و (گیرا، گرترا ... دەگیرێت، دەگرترێت ... بگیرێ، بگرترێ) لەجیاتی یەکتر بەکار دەهێنرێت، ئەم سیفەتانەش لەچاوگە ئاساییەکان ناچێت، چونکە هەرگیز گۆڕانی نیشانەی بنەڕەتی(ا ، ی) بۆ نیشانەکانی دیکە نابێت هێزی کار بگۆڕێت هەروەها پێکهاتەو گەردانکردنی تێپەڕو تێ نەپەڕیش لەجیاتی یەکتر بەکار ناهێنریت، بەلام لەم چاوگەدا، چاوگەکی تێپەڕ بەگۆڕانی نیشانەکەی لەسەر ڕەگەکی تێ نەپەڕ دروستبووەو پێکهاتەو گەردانیان تێکەلی یەکتر بووە، بۆیە بەچاوگەکی ناوازە دەزانرێت .

- (**هاتن** Hatn )

ئەم چاوگەش لەڕوالەتدا لەچاوگەکی ئاسایی دەچێت، چونکە (ها) وەک ڕەگ و (تن) وەک نیشانە دەردەکەوێت، بەشێوەیەکی ئاساییش (هات ، دەهێت ، بهێت) گەردان دەبێت، بەلام بەناوازە هەژمار دەکرێت، چونکە دەستووری دروستبوونی سەربەخۆی نییە، کە (ها) وەک ڕەگەکی تێ نەپەڕ، کۆلەگەی دیاری(هایان)ی پێ دروست بکرێت ئینجا وەکوو چاوگە ئاساییەکان، بەلادانی (ی) چاوگی ئانی (هاان)، بەلادانی (ا) چاوگی یانی (هاین) دروست ببێت تاوەکو بلێین نیشانەی (ت) لەجیاتی (ا ، ی) دانراوە ئینجا بۆ (هاتن) گۆڕاوە.

لەڕاستیدا دروستبوونی ئەم چاوگە تێ نەپەڕە بەپێچەوانەی تێپەڕی(گرتن)ە، چونکە ئەگەر بەسەرنج و لێکدانەوەیەکی قووڵ لەدروستبوونی ئەم چاوگە بکۆڵینەوە، دەبینین بناغەی دروستبوونی ئەم چاوگە وەک چاوگەکی تێ نەپەڕ لەسەر ڕەگی(هان)ی تێپەڕ دروستبووە ئینجا گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەمەش وایکردووە لە چاوگە ئاساییەکان نەچێت .

لەسەر ڕەگی تێپەڕی(هان)، ناوی چاوگی(هانە)، بکەری (هانەر) و کۆلەگەی دیاری (هانیان)و بکەری (هانیار) دروست دەبێت ئینجا بەلادانی (ا) لەپاشگری (یان) چاوگی (هانین) و (ئانین)، لەئەنجامی گۆڕینی نیشانەکەشی بۆ (ا) لەهەندێ شێوەزاردا، پیتە (ا) ی ڕەگەکەی بۆ (ێ) دەشکێنرێتەوە ئینجا بە (هێنان ، ئینان)یش بەکار دەهێنریت و بە(هانی ، هێنای... دەهانیت ، دەهێنێت ... بهانە ، بهێنە)گەردان دەکرێت، وەک ڕەگەکی تێپەڕیش، کۆلەگەی نادیاری(هانران، هێنران) و بەرکاری(هانراو، هێنراو)و گەردانی بکەر نادیاری ( هانرا، هێنرا... دەهانریت، دەهێنرێت ... بهانرێ ، بهێنرێ) ی پێ دەکرێت، بەلام کە نیشانەکەی (ی) بۆ (ت ) گۆردراوە (هانتن)وەک تێ نەپەڕی (هانین) بەکارهێنراوە، لەمحالەتەشدا (ن) ی کۆتایی ڕەگەکە سوێنراوە(هات )لە جیاتی(هانت) بەکارهێنراوە، بۆیە چاوگەکە لە(هانتن)ەوە بۆ (هاتن) گۆڕاوەو بە(هات ... دەهێت ، بهێت) گەردانکراوە، بەلام لەم حالەتەشدا هەروەکو ئەو چاوگانەی کە سەرەتای ڕەگەکانیان (هـ ) هەروەها (ئـ) یشە لەگەرداندا دەسوێت وەک (دەهاوێژم ... داوێژم)(دەئێشێت ... دێشێت) بۆیە لەمیشدا پیتە (هـ) ی سەرەتا لادراوەو (دەهێت ، بهێت) بە(دێت ، بێت)گەردانکراوە هەروەها کاری فەرمانی (وەرە)ش لەگەردانکردنیدا بەکار دەهێنرێت (هات، دەهێت، وەرە)، کە هیچ پەیوەندییەکی دروستبوونی لەگەڵ چاوگەکەدا نییە، هەموو ئەمانەش وایانکردووە بەناوازە هەژمار بکرێت، چونکە دەستووری دروستبوونی سەربەخۆی نییە .

- (**ڕشتن**RŜtn ) (**ڕستن**Rstn )

بەکارهێنانی ئەم دو چاوگە، تایبەتمەندی ئەو شێوەزارانەیە کە بەکاریان دەهێنن، چونکە کە پیتە (ێ) لەڕەگەکاانیان لادەدرێت (ڕشت ، ڕست) واتای کاری ڕابوردوو دابین دەکات، بەلام لەڕاستیدا ڕەگە بنەڕەتییەکانیان (ڕێژ ، ڕێس)ە چونکە دەستووری دروستبوون و گەردانی ئاساییان پێ دەکرێت .

– لەسەر ڕەگی(ڕێژ ، ڕێس)، ناوی(ڕێژە ، ڕێسە)، بکەری(ڕێژەر ، ڕێسەر)، لەکۆلەگەی دیاری (ڕێژیان ، ڕێسیان) چاوگی (ڕێژین ، ڕێسین) و بکەری(ڕێژیار ، ڕێسیار) گەردانی (ڕێژی ، دەڕێژیت ، بڕێژە)(ڕێسی ، دەڕێسێت ، بڕێسە) دروست دەبێت ئینجا

کە نیشانەکەیان بۆ (ت) گۆڕاوە (ژ) لە (ڕێژین) بە (ش) گۆڕاوە و (ڕشتن ، ڕستن) لە شوێنی (ڕێشتن ، ڕێستن) بەکار هێنراوە، لەکۆلەگەی نادیاری(ڕێژران ، ڕێسران) بەرکاری(ڕێژراو ، ڕێسراو) گەردانی بکەر نادیاری(ڕێژرا، دەڕێژرێت، بڕێژرێ)(ڕێسرا ، دەڕێسرێت ، بڕێسرێ) دروست دەکات .

کەواتە ئەگەر ئەم دو چاوگە بەڕەگی (ڕێژ، ڕێس) پێکهاتەکان و چاوگی(ڕێشتن ، ڕێستن) دروست بکەن و بەشێوە دەستوورییەکەی گەردان بکرێن، وەک چاوگەکی ئاسایی دەردەکـەون و هیچ هۆکارەکی ناوازەییان تێدا دەرناکەوێت، بـەلام ئەگەر بەشێوەی (ڕشتن ، ڕستن) بەکار بهێنرێن، وەک ناوازە دەردەکـەون، چونکە سوان لە ڕەگە بنەڕەتییەکانیان ڕوو دەدات .

- (**بەستن** bestn)(**پەستن** pestn )

هۆکاری ناوازەیی لەم دوو چاوگەدا ئەوەیە کە نیشانەی چاوگەکانیان تێکەلی گەردانی کاری فەرمان و ڕانەبوردوو (دەبەستێت ، ببەستە)(دەپەستێت ، بپەستە) لەگەل دروستکردنی هەموو پێکهاتەکانی وەک(بەستەر ، بەستراو ... بەسترا ، دەبەسترێ ، ببەسترێ) (پەستەر ، پەستراو ... پەسترا ، دەپەسترێ، بپەسترێ) دەبێت، ئەمەش وایکردووە لە چاوگە ئاساییەکان نەچن، چونکە نیشانە لەچاوگ ئاساییەکان تێکەلی گەردان و پێکهاتەکان نابێت، بۆیە بەناوازە هەژمار دەکرێن، بـەلام کە لەشێوەی(بەستان) (پەستان) بەکار دەهێنرێن وەک چاوگەکی ئاسایی گەردان دەبن و پێکهاتەکان دروست دەکەن، چونکە لەم حالەتەدا پیتە (ت) وەک بنجی ڕەگەکە ڕۆل دەبینێت نەک وەکوو نیشانە .

چاوگی (بەستن ، بەستان) لەشێوەزارە کۆنەکانی کوردی لەشێوەی (بەسان ) بەکار دەهێنریت، لەم حالەتەشدا ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە بە(بەس) دەردەکەوێت، کە بکەری (بەسەر)، کۆلەگەی دیاری (بەسیان) بکەری (بەسیار)و بەلادانی (ی) لە پاشگری (یان) چاوگی (بەسان) دروست دەبێت ئینجا بە (بەسا، دەبەسیت، ببەسە) گەردان دەکرێت، وەک هەر ڕەگەکی تێپەڕیش کۆلەگەی نادیاری (بەسریان (بەسران)و بەرکاری (بەسراو) دروست دەکـات، ڕێـژەی بکەر نادیاری(بەسریا، دەبەسرێت، ببەسرێ) پێ دروست دەبێت، لەمحالەتەشدا هیچ هۆکارەکی ناوازەیی لێ دەرناکەوێت، چونکە هەروەک چاوگە ئاساییەکان گەردان دەبێت و پێکهاتەکان دروست دەکات، بەلام کە (بەسان) دەکرێتە (بەستن)، نیشانەکەی دەگۆڕدرێت و (ت) لەجیاتی (ا) دادەنرێت، پیتە (ت) دو ڕۆل دەبینێت، یەکەکیان نیشانەی چاوگەکەیە، ئەوی دیکەیان وەک بنجی ڕەگەکەیە، چونکە تێکەل

بەگەردان و پێکهاتەکان دەبێت، بەهەمان شێوە پیتە (ت) لە (پەستن)یش هەمان ڕۆل دەبینێت، بەلام بەجیاوازی ئەوەی کە لە (پەستن)دا خۆی لەبنەڕەتدا بنجی ڕەگەکەیە ئینجا ڕۆلی نیشانە دەبینێت کەچی لە (بەستن)دا نیسانەیە ئینجا وەک بنجی ڕەگ دەردەکەوێت .

- (**بیستن** bistn )

ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (بیس) ە، کە ناوی (بیسە)، بکەری (بیسەر)، کۆلەگەی دیاری (بیسیان) و بکەری (بیسیار) و بەلادانی (ا) لە (یان) چاوگی (بیسین) دروست دەبێت و گەردانی(بیسی، دەبیسیت، ببیسە)ی پێ دەکرێت، لەم حالەتەشدا وەک چاوگەکی ئاسایی دەردەکەوێت، بەلام کە بەتایبەتمەندی شێوەزارەکانی کرمانجی خواروو، نیشانەی (ی) بۆ (ت) دەگۆڕدرێت و (بیستن) لەشوێنی (بیسین) بەکار دەهێنرێت، هۆکاری ناوازەیی لێ دەردەکەوێت، چونکە بەپێچەوانەی چاوگ و کارە ئاساییەکان، نیشانەکەی (ت) تێکەل بەپێکهاتەو گەردانی کارەکانی ( دەبیستیت، ببیستە) (بیستەر، بیستراو ... بیسترا، دەبیستریت ، ببیسترێ ...تاد دەبێت .

- (**دیتن** Dîtn)

ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (دی)ە، کە لەشێوە کۆنەکانی زمانی کوردی ناوی چاوگی (دیە) بکەری (دیەر)، کۆلەگەی دیاری (دییان)و بکەری (دییار) و بەلادانی (ا) لە (یان) چاوگی (دیین) ی لێ دروست دەبێت ئینجا ئەگەر بەپێی دەستوور بێت بە (دیی، دەدییێت، بدییە) گەردان دەکرێت، لەکۆلەگەی نادیاری (دیران) بەرکاری(دیراو)و گەردانی بکەر نادیاری (دیرا، دەدیرێت ، بدیرێ)ی پی دەکرێت، بەلام کە نیشانەکەی بۆ (ت) دەگۆڕدرێت (دیین) دەبێتە (دیتن)، ئەم چاوگەش تەنیا بۆ کاری ڕابوردووی(دیت) بەکار دەهێنریت و نیشانەکەی تێکەلی پێکهاتەکانی (دیتەر ، دیتراو ... بکەر نادیاری(دیترا، دەدیترێت ، بدیترێ) دەبێت کەچی بۆ گەردانی فەرمان و ڕانەبوردوو چاوگەکە بۆ (دینین ) ئینجا (بینین) دەگۆڕدرێت بە ( دیت ، دینی ، بینی ... دەدینیت ، بدینە ... دەبینێت ، ببینە) و پێکهاتەکانی (دینەر ، بینەر)(دینراو ، بینراو)(دینرا ، بینرا ... دەدینرێت ، دەبینرێت ... بدینرێ ، ببینرێ) بەکار دەهێنرێت، لەم حالەتەشدا بەناوازە دەزانرێت، چونکە بەکارهێنانی هەرسێ شێوە چاوگی (دیتن، دینین ، بینین) تێکەلی یەکتر دەبێت(دیت ، دەدینیت ، بدینە) (دیت ، دەبینێت ، ببینە)، بەلام ئەگەر بەشێوە دەستورییەکەی(دیین) گەردان بکرێت یان بەشێوەی (دینین ، بینین) گەردان و پێکهاتەکانی لێ دروست بکرێت، بەمەرجەک لەهەر یەکەیاندا گەردان و پێکهاتەکانی خۆیان لەگەلدا بەکار بهێنرێت، بەناوازە دانانرێن، چونکە وەک چاوگەکی ئاسایی گەردان دەبن و پێکهاتەکانیان لێ دروست دەبێت .

- (**گووتن** Gûtn)

ئەم چاوگە چاوگەکی هاوبەشە لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا، (گووتن) بەکوردی و (گفتن) بەفارسی ئینجا لەشێوەکانی سەروو بەدانانی پێشگری (ئا) بووە بە (ئاخفتن، ئاخڤین ، ئاخڤاندن، ئاخافتن، ئاخاوتن) گەردانی (ئاخڤی ، ئاخفت ... دئاخڤیت ، بئاخڤە) پێ دەکرێت، لەهەمان کاتدا بەجیاوازی شێوەزارەکان لەشێوەی (گۆوتن ، وتن ، وشین ، وژین ، بێژین ، بێژین)یش بەکار دەهێنرێت .

هۆکاری ناوازەیی ئەم چاوگە لە نەبوونی دەستووری دروستبوون و گەردانکردنیتی لەزمانی کوردیدا، چونکە لەسەر ڕەگی (گوو ، گۆ) کۆلەگەی دیاری (گۆیان) دروست نابێت تا چاوگی (گۆین) دروست ببێت ئینجا بگۆڕێت بۆ (گووتن)بەلام دەستەواژەی (گۆیندە) بەکار دەهێنریت .

پێکهاتەکانی وەک (گووتەر ، گۆتیار) گەردانی (گوترا ، دەگوترێت ، بگوترێ) بەبێ نیشانەی چاوگ دروست نابێت، لەمەشدا لەچاوگە ئاساییەکان ناچێت هەروەها ڕەگ و ڕیشەی دەمەکانی کاری فەرمان و ڕانەبوردووی (دەلێت، بلێ)کە لەگەلیدا بەکاردێت هیچ پەیوەندییەکی بەڕەگ و ڕیشەی کاری ڕابوردووی(گووتی)ەوە نییە .

- (**هاوێشتن** Hawêŝtn)

ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (هاوێژ)ە، کۆلەگەی دیاری (هاوێژیان) ئینجا بەلادانی (ا) لە پاشگری (یان) چاوگی (هاوێژین) و بکەرو بەرکاری(هاوێژەر، هاوێژیار، هاوێژراو) دروست دەبێت، گەردانی دەستووری (هاوێژی ، دەهاوێژیت ، بهاوێژە)، گەردانی بکەر نادیاری بە (هاوێژرا ، دەهاوێژرێت ، بهاوێژرێ)دەبێت، بەلام لەئەنجامی گۆڕینی نیشانەی بنەڕەتی(ی) بۆ (ت) چاوگی (هاوێژین) بۆتە (هاوێشتن)(هاڤێشتن) ئینجا لەهەندێ بنەزاردا کورتکراوەتەوە بۆ (ئاڤێتن)، ئەمەش وایکردووە پیتی کۆتایی ڕەگەکەی (ژ) ببێتە (ش) چونکە (ت) حەز بەدەنگە کپی (ش) دەکات کە بەدوای دادێت، بەجیاوازی شێوەزارەکانیش گەردان دەکرێت و پیتە (ژ)ی لێ لادەبرێت و کورت دەکرێتەوە (دەهاوێت، بهاوێ ) لەجیاتی شێوە دەستوورییەکەی بەکار دەهێنرێت هەروەها لەبەر ئەوەی پیتی سەرەتاشی (هـ)ە، بۆیە لەگەردانی کاری فەرمان و داهاتوودا ئەم پیتە دەسوێنرێت و دەبێتە(داوێت، باوێ)، هەموو ئەمانەش لەم چاوگەدا بەهۆکاری ناوازەیی دەزانرێن، بەلام لەڕاستیدا هیچ یەکەک لەم هۆکارانە چاوگ و کاری ناوازە لەزمانی کوردیدا دروست ناکەن، چونکە ئەمانە تایبەتمەندی کەسی و شێوەزارن نەوەکو

دەستووری گشتی زمان لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەم حالەتانە بەهۆکاری ناوازەیی بزانرێن، چەندین چاوگی تری وەک(کرۆژین ، کرۆشتن) (مژین ، مشتن)(ڕێژین ، ڕێشتن)(خوازین ، خواستن)(گەزین ، گەستن) مان هەیە کە هەمان کاریان تێدا ڕوو دەدات  یان هەموو ئەو چاوگانەی کە سەرەتای ڕەگەکانیان (هـ)ە یان (ئـ)ە وەک (هانین ، هێنان، ئینان، ئێشان، ئالۆزکان ، هاژووشتن ......تاد لەگەردانکردندا پیتی سەرەتایان دەسوێت، دەبێت ئەمانیش بخرێنە لیستی ناوازەیی، ئەمەش نابێت، بۆیە ئەم چاوگەش ئەگەر بەشێوە دەستوورییەکەی گەردان بکرێت و پێکهاتەکانی لێ دروست بکرێت هیچ هۆکارەکی ناوازەیی لێ دەرناکەوێت .

- (**پشکووتن** PŜkûtn)

ئەم چاوگە تێ نەپەڕە لەشێوەی (پشکوین، پشکڤین، پشکفتن)یش بەکاردەهێنرێت و بە (پشکواندن) تێپەڕ دەکرێت ، لەگەردانکردن و دروستبوونی پێکهاتەکانی(پشکوی ، پشکفت ، پشکووت ... دەپشکوێت ، بپشکووە )  (پشکواند ، دەپشکوێنێت ، بپشکوێنە) لەبکەرو بەرکاری (پشکوێنەر، پشکوێنراو) و ڕێژەی بکەر نادیاری (پشکوێنرا ، دەپشکوێنرێت ، بپشکوێنرێ) هیچ هۆکارەکی ناوازەیی دەرناکەوێت، چونکە بەشێوەیەکی دەستووری پێکهاتەکانی دروست دەکات و گەردان دەبێت، بەلام  لەجیبەجێکردنی توانای کاری بکەرەکەیدا هۆکاری ناوازەیی دەردەکەوێت، چونکە بکەری (پشکوێنەر) لەژوور دەسەلاتی مرۆڤدایە، ئەوەی لەشێوەی ئەم چاوگەشدایە، چاوگەکانی (باراندن ، ژیاندن ، گەناندن ، مەیاندن ، زایاندن)ە، چونکە بەهەمانشێوە بکەری (بارێنەر ، ژیێنەر ، گەنێنەر ، مەیێنەر، زایێنەر)یش لەدەسەلاتی مرۆڤەکدا نییە کە ڕۆلی بکەر دەبینێت .

**چاوگ و کاری ناوازە بەنیشانەی ( ست ، شت)**

ئەم دوو نیشانەیە لەکتێبەکانی مەنهەجدا بەنیشانەی چاوگ هەژمار نەکراون، بەلام لەڕاستیدا دوو نیشانەی چالاکن لەدروستکردنی چاوگە کوردییەکاندا، چونکە هەردوو پیت بەیەکەوە هەروەکو نیشانەکانی دیکە کاری ڕابوردوو دروست دەکەن و لەفەرمان و ڕانەبوردوو دەرناکەونەوە، بەلام ئەم دوو نیشانەیە سیفەتەکی تایبەتییان هەیە کە لەنیسانەکانی دیکەدا نییە، ئەویش ئەوەیە کە لەزۆر حالەتدا لەدروستکردنی چاوگدا پیتی کۆتایی ڕەگ ون دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەگە بنەڕەتییەکە لەگەردانی ڕابوردوو دەرنەکەوێتەوە .

- (**خستن**Xstn )

لەڕاستیدا ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە(خەر)ە، چونکە کۆلەگەی دیاری (خەریان ، خریان) ی لەسەر دروست دەبێت، بەلام (ەر) لەڕەگەکەی سوێنراوە ئینجا بەپیتی سەرەتای ڕەگی (خ) + نیشانەی(ست) + (ن) چاوگەکە دروستکراوە .

–لەسەر ڕەگی(خەر) بکەری(خەرەر ، بخەر)، لەکۆلەگەی دیاری (خەریان ، خریان) بکەری (خریار)و چاوگی (خران) دروست دەبێت ئینجا بە نیشانەی (ست) بۆ (خستن) گۆڕدراوەو بە (خست ، دەخات (دخەت)، بخە) گەردان دەکرێت، وەک ڕەگەکی تێپەڕ کۆلەگەی نادیاری (خرران) و بەرکاری(خراو) دروست دەکات و بە(خرا ، دەخرێت ، بخرێ) گەردانی بکەر نادیاری دەکرێت، ئەم پێکهاتانەش بەپێی جیاوازی شێوەزارەکان بەکار دەهێنرێن، بەلام بکەری (خەرەر) بەکار ناهێنرێت، چونکە هەروەکو (کەرەر ، بەرەر) لەئەنجامی بەدواداهاتنی دو (ەر) یەکەکیان دەسوێت، بۆیە هەروەکو (بکەر ، ببەر) دەستەواژەی (بخەر) دروست دەکرێت لەهەمان کاتدا ڕەگی (خەر) وەک ڕەگەکی تێپەڕ لەدروستکردنی بکەردا لە(ڕاخستن ، ڕاخەر ... ڕێکخستن، ڕێکخەر ... هەلخستن، هەلخەر ...سەرخستن، سەرخەر ... بەگەرخستن ، بەگەڕخەر.........تاد بەکار دەهێنرێت. هۆکاری ناوازەیی لەم چاوگەدا، جیاوازی دەستووری دروستبوون و گەردان کردنیتی، چونکە سوانی پیت لەڕەگی بنەڕەتی چاوگەکە ڕویداوە، پیتەکانی (ەر) لەڕەگە بنەڕەتییەکەی لادراوەو بەنیشانەی (ست)چاوگەکە دروستکراوە، لەکاری ڕانەبوردوودا بەپاشگری (ات ، ەت) لەجێی (ێت) گەردان دەکرێت، ئەم نیشانانەش پێچەوانەی چاوگە ئاساییەکانن، بۆیە بەناوازە هەژمار دەکرێت .

- (**شووشتن** Ŝûŝtn )

بەکارهێنانی ئەم چاوگە هاوبەشە لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا، بەلام هەر زمانەک بەتایبەتی خۆی بەکاری دەهێنێت، بۆیە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، لەزمانی کوردیدا، لەبنەڕەتدا بەڕەگی (شۆر) چاوگی (شۆرین) دروست دەبێت ئینجا لەهەندێ شێوەزاردا پیتی کۆتایی ڕەگەکەی دەسوێنرێت و نیشانەکەی بۆ (شت) دەگۆڕدرێت، لەم حالەتەشدا پیتە (ر) لادەدریت و پیتە (ۆ) بۆ (وو) دەگۆڕێت و (شووشتن) بەکار دەهێنریت، لەهەندێ شێوەی تریشدا لەوەش زیاتر کورت دەکرێتەوەو بە (ششتن، شتن)یش گۆ دەکرێت .

لەسەر ڕەگی (شۆر)، بکەری (شۆرەر ، بشۆر)، کۆلەگەی دیاری (شۆریان) و بکەری (شۆریار) دروست دەبێت، بەلادانی (ا) لە پاشگری (یان) چاوگی(شۆرین) ئینجا کە

نیشانەکەی بۆ (د) دەگۆڕدرێت بە (شۆردن)یش بەکار دەهێنرێت و بە(شۆری، شۆرد ... دەشۆریت ، بشۆرە) گەردان دەبێت، وەک ڕەگەکی تێپەڕیش کۆلەگەی نادیاری (شۆرران) و بەرکاری (شۆراو)دروست دەکات ئینجا ڕێژەی بکەر نادیاری بە (شۆرا، دەشۆرێت، بشۆرێ) گەردان دەکرێت هەروەها بکەری (جلشۆر، دەستشۆر )ی پێ دروست دەکرێت .

لەئەنجامی ئالوگۆڕی نیشانەی (ی) لە(شۆرین) بۆ (شت) چاوگەکە دەبێتە(شووشتن)، لەمحالەتەشدا چەند گۆڕانکارییەک لەڕەگی چاوگ و گەردانی کارەکەیدا ڕودەدات، پیتی کۆتایی ڕەگەکەی کە (ر)ە دەسوێت، پیتە (ۆ) بۆ (وو) دەگۆڕدرێت ئینجا (شۆرین ) دەبێتە (شووشتن)، ئەمەش تایبەتمەندییەکی نیشانەی (شت)ە بۆ چاوگە کوردییەکان، کە لەو کاتەی دەبێتە نیشانەی چاوگ، بۆ گونجان گۆڕانکاری لەڕەگەکە دەکات و پیتی کۆتایی ڕەگ دەسوێت هەروەک لە(هێلان ، مالین ، دێران) یش ئەم کاریگەرییەی هەیە، کە دەبنە (هێشتن و ماشتن و داشتن)

ئەگەر ئەم چاوگە بەڕەگ و نیشانەی بنەڕەتی (شۆرین) پێکهاتەکانی دروست بکرێت و گەردانی پێ بکرێت هیچ نیشانەیەکی ناوازەیی لێ دەرناکەوێت، چونکە بەشێوە دەستوورییەکەی بەکار دەهێنرێت، بەڵام ئەگەر لەشێوەی (شووشتن ، ششتن ، شتن) گەردانی (شوشت، ششت ، شت ... دەشوات، دشۆت ... بشۆ) بەکاربهێنرێت دەکەوێتە خانەی ناوازەیی، چونکە گۆڕان لەڕەگەکەیدا ڕودەدات، ئەمەش کاریگەری لەسەر گەردانکردنیدا دەبێت، پیتی کۆتایی ڕەگەکەی دەسوێت، کاری ڕانەبوردووی بە (ات ، ۆت) گەردان دەبێت نەوەکو (ێت) .

- (**هێشتن** Hêŝtn)

ئەم چاوگە لەئەنجامی گۆڕانی نیشانەی (ا) لە (هێلان) بۆ (شت) دروستبووە، تایبەتمەندی ئەم نیشانەیەش لەوەدایە کە لەزۆر حالەتدا پیتی کۆتایی ڕەگ دەسوێت، بۆیە پیتی (ل) لەڕەگی بنەڕەتی (هێل) سواوەو (هێ) وەک ڕەگ دەرکەوتووە، ئەمەش جیاوازی لەدەرخستنی ڕەگ و ڕیشەی ئەم چاوگەدا دروستکردووە .

ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (هێل)ە، چونکە بکەری(هێلەر)، لەکۆلەگەی دیاری (هێلیان) بەلادانی (ی) لە (یان) چاوگی (هێلان)ی لەسەر دروست دەبێت، کە بەشێوە دەستوورییەکەی بە (هێلا، دەهێلێت، بهێلە) گەردان دەکرێت، لەکۆلەگەی نادیاری (هێلران) بەرکاری (هێلراو) و ڕێژەی بکەر نادیاری(هێلرا، دەهێلرێت ، بهێلرێ)ی پێ دروست دەبێت .

هەروەک دیارە چاوگی (هێلان) بەشێوەیەکی دەستووری دروست دەبێت و بەئاسایی گەردان دەکرێت، بۆیە هیچ نیشانەیەکی ناوازەیی تێدا دەرناکەوێت، بەلام کە نیشانەکەی دەگۆڕدرێت پیتە (ل) دەسوێت، لەگەردانی کاری ڕابوردوو(هێلا) دەبێتە(هێشت)، ڕەگەکەی بە (هێ) دەردەکەوێت، لەگەردانی فەرمان و ڕانەبوردوودا پیتە (هـ)ی سەرەتای دەرناخرێت (دەهێلیت، بهێلە) دەبێتە (دێلیت، بێلە) لەم حالەتەشدا ڕەگەکەی بە (ێل) لەشوێنی (هێل) دەردەکەوێت، چونکە لەدەربڕیندا دەگونجێت، بەلام لەڕاستیدا ئەم هۆکارانە بەنیشانەی ناوازەیی نازانریت، چونکە تایبەتمەندی شێوەزارە لەجیاتی شێوە دەستوورییەکەی بەکار دەهێنرێت، بۆیە ئەم چاوگەو هەموو ئەو چاوگانەی کە لەشێوەی ئەو چاوگەدانە بەئاسایی دەزانرێن ئەگەر (شت) هەروەکو نیشانەکانی دیکە بەنیشانەی چاوگ هەژمار بکرێت .

- (**ویستن** Wistn)

ئەم چاوگە چاوگەکی تایبەتە لەواتاو لەدەستووری دروستبوون و لەگەردانکردن و لەبەکارهێناندا، چونکە تێکەلەیەکە لەنێوان شێوە دەستوورییەکەی و گۆڕاوەکەی لەنێوان هەردوو شێوە گفتوگۆی کرمانجی ژووروو، خوارووودا .

ڕەگی ئەم چاوگە بە (ەوێ) دانراوە، چونکە لەگەردانی کاری ڕانەبوردووی (دەمەوێت) دەرهێنراوە، بەلام لەشێوەی (دەموێت، دەیوێت، دڤێت)یش بەکاردەهێنرێت، کەچی نەکراوە بەبناغە بۆ دەستنیشانکردنی ڕەگی چاوگەکە .

لەڕاستیدا (ڤی ، وی) ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگەیە، بەلام لەئەنجامی گونجانی سەرزاردا، کە گەردان دەکرێت، پیتە (ە) وەک ناوبەند لەنێوان دوو نەبزوێندا دادەنرێت، ئەم بزوێنە وەک بزوێنی بڕگەش ڕۆل دەبینێت، بۆیە (وی) بە (ەوێ) دەردەکەوێت .

بەهەمان واتای (ویستن) چاوگی(ڤیان) بەنیشانەی بنەڕەتی دروست دەبێت ئینجا کە نیشانەکەی لە (ا) ی بنەڕەتی بۆ (ست)ی لەجیاتی دەگۆڕێت، چاوگی (ویستن) بەنیشانەی (ست) لەسەر ڕەگی بنەڕەتی (ڤی – وی) دروستکراوە، لەمەشدا بەلگەی ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە (ست) هەروەکو نیشانەکانی دیکە نیشانەیەکی چاوگە، چونکە هەمان سیفەتی نیشانەکانی تری هەیە، وەک هەموو نیشانەکانی دیکە لەکاری ڕابوردوودا دوا دەنگی کارەکەیە، لەفەرمان و ڕانەبوردووشدا ون دەبێت و تێکەڵی ڕەگەکە نابێت، لەدەرئەنجامدا (ڤیان) بۆ (ویستن)گۆڕاوەو بە (ڤیا، ویست .... دڤێت ، دەوێت... بڤێ ، بتوێ) گەردان دەکرێت، بۆ دروستکردنی بکەر و دۆخی بکەر نادیارو بەرکار لەکرمانجی خوارووودا بەنیشانەی (ست) ( ویستەر -(ویسترا، دەویسترێت، بویسترێ )- (ویستراو) دروست دەکرێت، لەمحالەتەشدا

نیشانەی چاوگەکە تێکەڵی پێکهاتەکان دەبێت، بۆیە سیفەتی ناوازەیی وەردەگرێت، بەلام لەشێوە بنەڕەتییەکەی کە لەشێوەکانی کرمانجی سەروو بەکار دێت، هیچ هۆکارەکی ناوازەیی دەرناکەوێت، ئەگەر بەشێوە دەستوورییەکەی(ڤیا ، دڤییێت ، بڤییَ) گەردان بکرێت، بەلام لەبەر ئەوەی گەردانی ئەم چاوگە لەشێوەی (شیان)ە، کە بەهەمان شیوە کورت دەبێتەوەو گەردانی (دڤییت ، بڤییَ) هەروەکو (دشییت، بشییَ) کە دەبێتە (دەشێت ، بشیَ) ئەمیش دەبێتە (دڤێت ، بڤیَ) بەلام کە بەشێوەی (ویستن) بەکار دەهێنرێت بەناوازە هەژمار دەکرێت، چونکە گۆڕان لەڕەگەکەی ڕودەدات و نیشانەی چاوگەکە تێکەلی پێکهاتەکان دەبێت، هەروەک لەپێشتریشدا ڕوونمان کردۆتەوە کە هەموو چاوگەک لەزمانی کوردیدا، لەبنچینەدا بەنیشانەی بنەڕەتی (ا) یان (ی) دروست دەبێت ئینجا بۆ نیشانەکانی تر دەگۆڕێت، بۆیە ئەگەر بەپێی ئەم دەستووره بێت، دەبێت ئەم چاوگە لەسەرەتادا لەسەر ڕەگی (ڤی) پێکهاتەکانی دروست بووبێت ئینجا گۆڕانەکان ڕوویان دابێت .

- (**نوستن** Nustn)

ڕەگی بنەڕەتی ئەم چاوگە (نڤ ، نوو)ە، چونکە بەنیشانەی بنەڕەتی (ی) چاوگی (نڤین) دروست دەبێت ئینجا بۆ (نوستن) گۆڕاوە، لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە (ست) لە (نوستن) نیشانەی چاوگە، چونکە هەمان ڕۆڵی (ی) لە (نڤین) دەبینیت .

لەسەر ڕەگی (نڤ، نوو ) چاوگی (نڤین، نوین)(نڤستن، نوستن) دروست دەبێت، بە (نڤی ، نڤست ، نوست ... دەنڤیت ، دەنوێت ، بنڤە ، بنووە ، بنوو) گەردان دەکرێت ئینجا ڕەگ و چاوگی تێپەڕکراوی (نڤێن ، نوێن) و (نڤاندن ، نواندن)و بکەرو بەرکاری ( نڤێنەر، نوێنەر... نوێنراو) دروست دەکات و بە(نواند، نڤاند / دەنوێنیت، دنڤینیت / بنوێنە، بنڤینە) گەردان دەبێت، ڕێژەی بکەر نادیاری لە شێوەکانی خواروو بە (نوێنرا ، دەنوێنرێت ، بنوێنریَ) گەردان دەکرێت .

ئەگەر نیشانەی (ست) بە نیشانەی چاوگ بزانرێت هیچ نیشانەیەکی ناوازەیی لەم چاوگەدا دەرناکەوێت، چونکە هەروەکو چاوگە ئاساییەکان بەلادانی نیشانەکەو (ن) ڕەگەکەی دەردەکەوێت، هەمان ڕەگیش لەگەردانی ڕانەبوردوو دەردەکەوێتەوەو ڕەگی تێپەڕکراوی پیَ دروست دەکرێتەوە، بەلام ئەگەر (ست) بەنیشانە نەزانرێت وەک ناوازە دەردەکەوێت، چونکە پیتە (س) وەک زیادە لەڕەگەکەی دەردەکەوێت، بەلام لەم کاتەشدا دەبێت هەموو ئەو چاوگانەی کە بەنیشانەی (ست)دروست دەبن هەروەک ( زانین، زانستن/ توانین، توانستن/ کەلین، کەلستن...تاد بەهەمان هۆکار بەناوازە هەژماربکرێن،

ئەمەش نابێت، چونکە وادەکات ڕێژەی چاوگی ناوازە لەزمانی کوردیدا ئەوەندە زۆر بێت، کە لەدەگمەنەوە ببێتە دیاردە .

- (**ڕۆیشتن** RoyŜtn)

ئەم چاوگە لەشێوەی (ڕۆشتن)یش بەکار دەهێنرێت، بەلام لە بنەڕەتدا لەسەر ڕەگی (ڕۆ) بەنیشانەی بنەڕەتی چاوگی ( ڕۆیین) دروستبووە ئینجا کە نیشانەکەی بۆ (شت) گۆڕاوە (ڕۆیشتن ، ڕۆشتن)دروستبووەو بە ( ڕۆیی، ڕۆیشت، ڕۆشت ... دەڕوات، بڕۆ) گەردان دەکرێت، وەک ڕەگەکی تێ نەپەڕیش ڕەگ و چاوگی تێپەڕکراوی (ڕۆیین) و (ڕۆیاندن)ی لەسەر دروست دەبێت و بکەرو بەرکاری (ڕۆیینەر ، ڕۆیێنراو) دروست دەکات، بە(ڕۆیاند ، دەڕۆیینێت ، بڕۆیێنە) گەردان دەبێت، ڕێژەی بکەر نادیاری بە(ڕۆیینرا، دەڕۆیینرێ، بڕۆیێنرێ)دەبێت لەمحالەتەشدا لەئەنجامی گونجاوی لەئاخاوتن و دەربڕیندا پێکهاتەکانی چاوگی (ڕواندن)ی وەک (ڕوێنەر ، ڕوێنراو ... ڕواندی، دەڕوێنێت ، بڕوێنە) (ڕوێنرا، دەڕوێنرێ ، بڕوێنرێ) تێکەلی پێکهاتەکانی دەبێت و ڕەگی(ڕوێن) لەشوێنی ڕەگی (ڕۆیین) بەکار دەهێنرێت .

ئەم چاوگە چاوگەکی ناوازەیە، چونکە لەکاری ڕانەبوردوو ڕەگەکەی دەرناکەوێتەوەو بە (ات) گەردان دەبێت .

- (**گەیشتن** GeyŜtn)

ئەم چاوگە لەسەر ڕەگی(گە) کۆلەگەی دیاری (گەییان) دروست دەکات ئینجا بە لادانی (ا) لە پاشگری (یان) چاوگی (گەیین) دروست دەبێت، بەلام لەئەنجامی گۆڕینی نیشانەکەی بۆ (شت) چاوگی (گەیشتن، گەشتن) دروستبووە، کە بە (گەیی ، گەیشت ... دەگات ، بگە) گەردان دەکرێت، وەک ڕەگەکی تێ نەپەڕیش ڕەگی تێپەڕکراوی (گەیین) و چاوگی (گەیاندن)ی لەسەر دروست دەبێت و بە (گەیاند ، دەگەیێنێت ، بگەیێنە) گەردان دەبێت، بکەرو بەرکاری (گەیێنەر، گەیێنراو)و ڕێژەی بکەر نادیاری(گەیێنرا، دەگەیێنرێ ، بگەیێنرێ) دروست دەکات، بەلام لەئاخاوتنی هەندێ کەسدا، دەربڕینی گەردان و پێکهاتەکانی بە(گەیەنەر (دەگەیەنێت، بگەیەنە) لەجیاتی شێوە دەستوورییەکەی بەکاردەهێنرێت .

ئەم چاوگە بەدوو واتا، بۆ دوو مەبەستی جیا بەکار دەهێنرێت، یەکەمیان بەواتای گەشەو نەشونمای مرۆڤ و بەروبوومی ڕوەک و میوەجات دێت کە دەڵێن (بەروبوومەکە گەیی، بەروبوومەکە گەییوە، بەروبوومەکە گەییبو)، دووەمیان بۆ مەبەستی گەیشتنی

کەسەک بۆ شوێنەک دێت کە دەڵێن (میوانەکە گەیی(گەیشت) ، میوانەکە گەییوە ؟ میوانەکە گەییبو ) بەلام بەکارهێنانی ئەم چاوگە زیاتر بەشێوەی ناسادەی دارێژراو (پێگەیین، پێگەیشتن) بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت، لەمحالەتەشدا بەکارهێنانی چاوگە ناسادەکە بەپێی جیاوازی واتاو مەبەست و لەڕووی هێزەوە لەیەکتر جیادەبێتەوە، چونکە لەو کاتەی کە بۆ واتای یەکەم بەکار دەهێنرێت بە تێ نەپەڕی دروست دەبێت (بەروبوومەکە پێگەییوە (پێگەیشتووە) (کوڕەکە پێگەییوە،(پێگەیشتووە) ، بەلام کە بۆ واتای دووەم بەکاردێت وەک چاوگەکی تێپەڕی ناسادەی دارێژراو دەردەکەوێت (میوانەکە پێم گەیی (پێم گەیشت) (پێمان گەیی(پێمان گەیشت) / پێت گەیی، پێتان گەیی / پێی گەیی، پێیان گەیی) ئەمەش بەهۆکارەکی ناوازەیی لەم چاوگەدا دادەنرێت، هۆکارەکی تری ناوازەیی لەم چاوگەدا، جێبەجێ نەبوونی کاری بکەرەکەیتی، چونکە کەس ناتوانێت ببێتە بکەرو فەرمان بەسەر ڕوەکدا بکات تاوەکو (پێ بگات و بگەیی) ئەمەش لەشێوەی (مەیین ، مەیاندن ... پشکووتن ، پشکواندن) ە کە بەهەمان هۆکار دەکەونە خانەی ناوازەیی، چونکە بەهەمانشێوە جێبەجێکردنی کارەکە لە ژور دەسەڵاتی مرۆڤدایە، هۆکارەکی تری ناوازەیی لەم چاوگەدا ئەوەیە کە لەکارێ ڕانەبوردوودا بە (ات) گەردان دەبێت، ئەمەش وادەکات ڕەگە بنەڕەتییەکەی دەرنەکەوێتەوە .

لەکۆتاییدا دەڵێین پرۆسەی فێرکردن هۆکارەکی سەرەکییە لە ڕێکخستنی زماندا، بۆیە پێویستە هەموو جیاوازییەکان لەم بوارەدا بخرێتە بەر چاوی فێرخوازان تاوەکو بابەتەکان بەبیروڕای زیاتر دەولەمەند ببن و لایەنە نادیارەکانیان دەربکەوێت، چیتر هەلەی باو لەبابەتەکی ڕێزمانی کوردیدا پەرەی پێ نەدریت، ئەو بیرو بۆچوونانە ڕاست بکرێنەوە کەلەبابەتەکدا هەیە، یەکەک لەو بابەتانەش کە لایەنی نادیاری تێدایەو بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەرە بابەتی چاوگەکانە، بۆیە وا پێویست دەکات لەپرۆگرامەکانی خوێندندا چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو بەشێوەیەکی قوولتر لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، چونکە تا ئێستا هەر ئەم شێوە پۆلێنکردنە بەڕاست دەزانرێت کە ڕەچاوی هەموو جۆرەکانی تێدا ناکرێت، پێناسەو جیاکردنەوەی ئەفێکسەکان بەپێی داهێنانی واتاو گۆڕینی مەبەست جیاوازییان لەنێواندا دەرناخرێت تاوەکوو هەر پێشگرەک بەئەرک و دەورو ڕۆلی خۆی بناسرێت، ڕەگی چاوگ و ڕیشەی کارەکان بەیەک دەزانرێت لەکاتەکدا لەبەکارهێناندا لەیەکتر جیاوازن، ڕەگ چاوگی لەسەر دروست دەبیت ئینجا لەم ڕەگە ڕیشە بۆ کارەکان پەیدا دەبێت .

# ڕۆمانی پشتئاشان و
# چەردەیەک تێبینیی ڕێنووس و ڕێزمان

■ موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

## پێشەکی

هەر لە زووەوە باسی ئەوە کراوە کە وەرگێڕان هونەرە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە وەرگێڕ ئەو مەرجانەی تێدا بێت ئەو هونەرە بە شێوەیەکی باش بزانێت و، بازووی خۆی تێدا بەکاربهێنێت، ئەمەیش وای لێ پێویست دەکات شارەزاییەکی باشی لەو زمانانەدا هەبێت، کە بابەتیان لێوە بۆ زمانەکەی خۆی وەردەگێڕێت، یان لە زمانەکەی خۆیەوە بابەت بۆ ئەو زمانانە وەردەگێڕێت، پەی بە نهێنیی هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕستەسازی و ڕێزمان و زاراوە و ڕەوانبێژی و دەستەواژەکانیان ببات، بێجگە لەوەی بتوانێت بەو زمانانەیش بنووسێت و هزر و بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێت.

لەو ڕوانگەیشەوە لە دوای ڕاپەڕینەوە هەلێکی زۆر بەرفرەوان و زێڕین لەبەردەم هونەری وەرگێڕاندا ڕەخسا و، جموجووڵی وەرگێڕان دەستی پێ کرد و لە هەموو بوارێکدا بەرهەمی دانسقە و گرنگ لە زمانانی دیکەوە وەرگێڕرانە سەر زمانی کوردی، زۆربەی ئەو وەرگێڕانانە لەلایەن تاکە کەسانەوە جێبەجێ دەکران، ئەگەرچی تاک و تەرایش دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوە هەبوون بایەخیان بە وەرگێڕان دەدا، بەڵام کاری وەرگێڕان زۆرتر ئەو کەسانە دەیانکرد کە کتێبگەلی دانسقەیان دەخوێندەوە و، بڕیاریان دەدا وەریانبگرێن و دواتر، یان بەخۆیان، یان دەزگەیەکی حکوومی، یان دەزگەیەکی ئەهلی چاپیان دەکردن.

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ پلانێک بۆ پرۆسەی وەرگێڕان لەلایەن هیچ لایەن و دەزگەیەکەوە دادەنراوە و نەبووەتە غەمی ڕاستەقینە، تەنیا تاک و تەرا لێرەو لەوێ وەرگێڕ بەخۆی کتێب و بابەت هەڵدەبژێرێت و دەستپێشخەری دەکات خۆی چاپی بکات، یان بە دەزگایەکی چاپی بفرۆشێت، یان دەزگا ئەهلییەکانی کتێب چاپکردن وەرگێڕ ڕادەسپێرن ڕۆمان و کتێبی سیاسی و ئایینی و کتێبی جۆراوجۆریان بۆ وەربگێڕن و ئەوانیش چاپی بکەن، لەم پرۆسەیەشدا ئەو کتێبانەی چاپ دەکرێن و بێ پێداچوونەوەی شارەزای زمان، بە هەڵەی جۆراوجۆر و بە ڕستەی سەقەت و بە وەرگێڕانێکی دەقاودەق و بێ پێڕەوکردنی ڕێزمان، دەکەونە بەردەستی خوێنەر و زۆر وشە و دەربڕینی نامۆ و سەیریان تێدا بڵاودەبێتەوە، وردە وردە ئەو هەڵانە دەکەونە سەر زاری گشتی و تەشەنە دەکەن و بنبڕکردنیان دژوار دەبێت، ئەمەیش پێویست دەکات هەر کتێبێک وەردەگێڕرێت، کەسێکی شارەزا پێیدا بچێتەوە و هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووس و کەموکورتییەکانی دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی وەرگێڕەکە چاکیان بکاتەوە، پاشان کتێبەکە چاپ بکرێت.

کەچی ئەو کارە بەدەگمەن پێڕەو دەکرێت و هەموو کەسێک کە کتێبێک وەردەگێڕێت، خۆی بە فەیلەسووف دەزانێت، تەنانەت پرس بە کەسێکی شارەزا ناکات، تا لە وەرگێڕانی ناوونیشانەکەیدا یارمەتی بدات، غەمی ئەوە دەبێت کەی تەواوی بکات و چاپ بکرێت و ئەو کاتە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرگەکەی بڵاوبکاتەوە و بڵێت ئەو کتێبەمان چاپکرد، بەڵام کاتێک دەیخوێنیتەوە، بە دەیان هەڵەی جۆراوجۆری هونەری و زمانەوانی و ڕێنووسی تێدا دەدۆزیتەوە.

**ڕۆمانی پشتئاشان**

لەم ماوەیەدا ڕۆمانی (پشتئاشان) سەرنجی ڕاکێشام، لەبەر ئەوەی بەو ڕووداوانەوە پەیوەستە، کە لە هەشتاکاندا لە شاخ ڕوویـان داوە، بۆیە بە بایەخەوە دەستم بە خوێندنەوەی کرد.

پشتئاشان ڕۆمانێکی نووسەر (عامر حوسێن)ـەو (ڕابـەر ڕەشید)، لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی. لە دووتوێی (٧٩٠) لاپەڕەدایە، ساڵی ٢٠٢٣، دەزگەی (فام) لە شاری هەولێر چاپی کردووە. نووسەری ڕۆمانەکە بەخۆی عێراقییە و لەلایەن ڕژێمەوە لەسەر بیروڕاکانی زیندانی کراوە و ڕژێم دەستی بەسەر ڕۆمانێکیدا گرتووە، پاشان هەڵاتووە و پێوەندی بە لایەنێکی ئەو کاتەی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە ڕژێمەوە کردووە و بووەتە پێشمەرگە و چالاکی چەکداری کردووە و دواتر هەلی بۆ ڕەخساوە و خۆی گەیاندووەتە دانیمارک و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی وەرگرتووە، ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ١٩٩١ تـەواوکـردووە، ساڵی ٢٠١٧ لەلایەن خانەی (ئیبن ڕوشـد)ەوە چاپ کـراوە، کە (ڕۆمانێکی ڕیالیزمییە و وێنایەکی واقیعییانەی هەلومەرجی شەڕی پارتیزانی و چەکداریی کوردستانی هەشتاکانە لە دژی دیکتاتۆرییەت، هاوکات باسی شەڕ و ئاژاوی نێوان براکانیش دەکـات)، (پشتئاشان، ل ٧٧٨). ڕۆمانەکە لە سی و یەک بەش پێکهاتووە و بەشەکان هیچ ناوونیشانێکیان بۆ دانەنراوە، هەر بەشە و بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە و بە هەموویان درێژە بە ڕۆمانەکە دەدەن.

وەرگێڕ دەڵێت: (ڕۆمانەکە لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبیدا ڕووداوەکانی ڕۆژگارێکی پڕ لە ستەمگەریی ڕژێمێکی دڕنـدە و خوێنڕێژ، بزووتنەوەیەکی چەکداریی ئاڵۆز و تەمومژاوی بە ناوی شۆڕشەوە، خیانەتی براکان، دەرد و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییە کوشندەکان، تێڕوانین و هزرە فەلسەفییە جیاوازەکان، سیستمی نێرسالاری و ڕەخنە

لە هەموو شتێک، سیخوڕی و شۆڕشگێڕی و داڕووخانی ورەی پۆلایینی تێکۆشەرانی سەرسەخت و کۆمەڵێک سەردێڕی دیکە دەگێڕێتەوە). (ڕۆمانی پشتئاشان، ل٨).

نووسەر لە ڕۆمانەکەدا ناوی خوازراوی بۆ ئەو کەسانە بەکارهێناوە کە لە ڕۆمانەکەدا باسیان دەکات، ڕەنگە خوێنەر هەندێک لە ناوەکان بناسێتەوە و پەی بە هەندێکیشیان نەبات، بەتایبەتی نەوەی ئەم ڕۆژگارە، بۆیە ئەوەیش پێویست بە خوێندنەوە و گەڕان دەکات، تا تەواوی ڕووداوەکانی لا ڕوون ببێتەوە، بۆیە وەرگێڕ لە لاپەڕە نۆدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو لە ناوهێنانی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە بەرپرسیار نییە.

وەرگێڕ، کە دوازدە کتێبی چاپکراوی جۆراوجۆری هەیە، ٢٥ کتێبی لەبواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیدا وەرگێڕراوە و بۆ چاپی ئامادەکردوون، بێجگە لە ژمارەیەک ڕۆمان و نامیلکەی تایبەت بە ئەدەبی منداڵان، کە ئەوانەیش هێشتە چاپ نەکراون، تا ڕادەیەک ئەم وەرگێڕانەی بە زمانێکی جوان وەرگێڕاوە، وێڕای ئەو تێبینییانەی لەکاتی خوێندنەوەدا دەستنیشانمان کردوون، لێرەیشدا مەبەستمان ئەوە نییە، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بۆ خوێنەر باس بکەین، زۆرتر مەبەستمان زمانی وەرگێڕانەکەیە، ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بۆ ڕەخنەگری ئەدەبی بەجێ دەهێڵین ، زۆرتر مەبەستمانە لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە تێبینییەکانمان دەربڕین.

وەرگێڕ لە پێشەکییەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەدا (لە هەندێک شوێن بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقەکە ڕستەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان هەتا پەرەگرافێکیشم بۆ زیادکردووە).(پشتئاشان، ل٨). بەبڕوای من وەرگێڕ دەبێت دەستپاک بێت، نابێت وشەیەکیش لە دەقەکە زیادوکەم بکات، چونکە ئەرکی ئەو ئەوەیە دەقەکە وەربگێڕێت، نەک زیادکردنی ڕستەیەک، یان پەرەگرافێک، لەو بارەوە دەیتوانی ژمارەیەک دابنێت و لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا تێبینیی خۆی، یان ئەو پەرەگرافە، یان زانیاری لەبارەی ئەو بابەتەوە بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە، ئەگەرچی بابەتەکەیش (ڕۆمان)ە.

### تێبینییەکان

من بەخۆم دەقە عەرەبییەکەم نەبینیوە، تا لەگەڵ کوردییەکەدا بەراوردی بکەم، لەگەڵ ئەوەیشدا لە شێوەی وەرگێڕانەکەوە پەی بەو دەستەواژە و زاراوە و وشانە دەبرێت، کە وەرگێر بەرانبەرەکانی لە کوردیدا بەکارهێناوە، بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا ئەم چەردە تێبینییانەی ڕێنووس و ڕێزمانیم لا گەڵاڵە بوون، لێرەدا دەیانخەمە ڕوو.

تێبینییەکانمان لەبارەی ڕێنووس و زمان لە ڕۆمانەکەدا لەو ڕستەوە دەست پێ دەکات کە لەسەر بەرگی ڕۆمانەکە و پاش ناوونیشانەکە نووسراوە (حیکاتێکە خەریکە بەسەرهاتی ولاتگەلێک بگێڕێتەوە دڕندە و مرۆڤی تێدا دەمرن). لێرەدا وشەی (ولاتگەلێک) کۆیە و پێویستە دوای وشەی دڕندە و مرۆڤ، جێناوی (ولات) کە (یان) وەردەگرێت بە (مرۆڤ)ەوە بلکێنرێت، تا ڕستەکە واتای تەواو ببەخشێت، چونکە لەو (ولاتانە)دا دڕندە و مرۆڤ دەمرن، بۆیە دەبێت ڕستەکە بەم شێوە بێت (حیکاتێکە خەریکە بەسەرهاتی ولاتگەلێک بگێڕێتەوە دڕندە و مرۆڤیان تێدا دەمرن).

وەرگێڕ لە لاپەڕە (١٣)دا دەڵێت: (ئەستێرەکان لە باوەشی ئاسماندا بۆ سرووشت بزەیان دەهاتێ و دەخننانەوە)، لەم ڕستەدا باوەشی ئاسمان و دەخننانەوە بەکارهاتوون، جارێک کورد واناڵێت، هەر دەڵێت بە ئاسمانەوە چونکە ئەستێرە بە ئاسمانەوەیە، نەک لە باوەشی ئاسماندا، شیعرێکی (گۆران)یش هەیە دەڵێت: (بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە... لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە..تا دوایی)، دەخننانەوە، گوایە لە (خەنانەوە) هاتووە، چاوگی بەو شێوە لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکە (خەنین و خەنینەوە) هەن، لە هەندێک ناوچە بەرانبەر (کەنین ـ پێکەنین) بەکاردێن، نەک (خەنانەوە)، بۆیە خەنینەوە بەم شێوەیە گەردان دەکرێت: (من دەخەنیمەوە، ئێمە دەخەنینەوە، تۆ دەخەنیتەوە، ئێوە دەخەننەوە، ئەو دەخەنییەوە، ئەوان دەخەنینەوە)، ئەمەیش کاری ڕابوردووی بەردەوامە، دەبوو بیگوتایە (ئەستێرەکان دەخەنینەوە)، بێجگە لەوەی (سرووشت)ی بە دوو واو نووسیوە، چونکە (سروشت) بەیەک واو دەنووسرێت و لە کوردیدا (سرووش)مان هەیە، کە بەرانبەر بە وشەی (ئیلهام ـ إلهام)ی عەرەبی دێت و بە دوو واو دەنووسرێت.

بێجگە لەوەی وەرگێڕ لە زۆر شوێن وشەی (تاوەکوو)، (هەتاوەکوو)ی بەکارهێناوە، کە پێویستە لەبری ئەوە تەنیا (تا) بەکاربهێنرێت، هەروەها بۆ لێکچوونیش (وەکوو) ی بەکارهێناوە، کە تەنیا (وەک) مەبەستەکە دەگەیەنێت، وێڕای ئەوەی وشەی (تەنها) ی لەسەرتاپای وەرگێڕانەکەدا بەکارهێناوە پێویستە (تەنیا) بەکاربهێنرێت، دەڵێن تەنها فارسییە و ئەوان بۆ کۆی (تەن)یش بەکاری دەهێنن (تنها).

وەرگێڕ لە باسی یەکێک لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە لە لاپەڕە (١٤) دەڵێت (کێشێکی وا گرانیشی هەیە، هەتا ئەو هێسترەی لەسەر پشتی خۆی هەڵیدەگرێت، نرکەی دێت)، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کابرا قەڵەو و قورسە، ناشبێت بڵێت هێستر لەسەر پشتی خۆی هەڵیدەگرێت، پێویستە بڵێت ئەگەر سواری هێستریش بێت، هێسترەکە بەرگە ناگرێت

و نرکەی دێت. کوا کەی (کێش) قورسایی دەگەیەنێت، لە کوردیدا (کێش و سەروا)مان هەیە لە بواری شیعردا بەکاردەهێنرێن، بۆ پێوانەی ڕێتم و ئیقاعی شیعر بەکاردێت، بۆ مرۆڤ و شتەکانی دیکە (قورس) و (قورسایی) بەکاردەهێنرێن، بۆیە پێویستە واز لەو هەڵە باوەی (کێش) بۆ قورسایی مرۆڤ و شت بهێنرێت و لەبری ئەو کێشە وشەی قورس بەکاربهێنرێت.لە لاپەڕە (١٥)دا وشەی (چەندین، پاشقوول، تێنوو)ی بەکارهێناوە. لە کوردیدا بە شێوەزاری کرمانجی خواروو، کە بە هەڵە (سۆرانی)یان بەسەردا سەپاندووە، (چەند) کە ئامرازی ژمارەیە، بە (ان) کودەکرێتەوە، نەک (ین)، ئەگەرچی لە کرمانجی ژووروودا ناو بە جێناوی (ین، یت، ید)یش کۆدەکرێتەوە، بەڵام لە کرمانجی خوارووددا بە (ان) کۆدەکرێتەوە، لە شێوەزاری لوڕیشدا بە (یل) و (گەل) کۆدەکرێتەوە، وەک (بزنەیل و مەڕەیل)، (کوڕگەل و وڵاتگەل)، ئەمەیش لە بنزاری (فەیلی)دا باوە. (پاشقوول) بەپێی ڕێسای ڕێنووس دروست نییە، چونکە (قول) بە یەک واو دەنووسرێت، بۆیە پێویستە وشەکە بەم شێوەیە (پاشقول) بنووسرێت، تا لەگەڵ وشەی (قووڵ) جودابکرێتەوە. هەرچی وشەی (تێنوو)ە، ئەوە بە یای درێژ دەنووسریت، نەک یای واڵا، بۆیە (تینوو) ڕاستترە.

وەرگێڕ لە لاپەڕە (١٧)دا نووسیویەتی: (عەشرەتیش، گەورە و بچووک ئومێدی تۆڵەی شەرەفیان لەسەر قاسم هەڵچنابوو)، وەرگێڕ (شەرەف)ی بە (شەڕەف) نووسیوە. جارێک (هەڵچنان) لە کوردیدا نییە، (هەڵچنین)ە، کە چاوگێکی دارِژاوە واتە (هەڵ + چنین)، (هەڵ) پێشگرە و دەچێتە پێش چاوک و واتای نوێ دروست دەکات، لە شێوەی (هاتن ـ هەڵهاتن)، (گیرسان ـ هەڵگیرسان)، (لەرزین ـ هەڵلەرزین)، ئەو پێشگرانەی دەچنە پێش چاوگ بریتین لە (هەڵ، دا، وەر، سەر، بەر)، بێجگە لەوەی لە زمانی کوردیدا ناوگر و پاشگریش هەن. بۆیە ئەو ڕستەیە وەرگێڕانی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە و پێویستە لێرەدا وەرگێڕ بینووسیایە (عەشرەتیش، گەورە و بچووک ئومێدیان بەوە بوو قاسم تۆڵەی شەرەفیان بۆ بکاتەوە)، نەک (هەڵچنابوو)، ڕستەکەی دواتریش (دۆڕاندبوو)ی بۆ شەرەف چوون بەکارهێناوە، کە دەبوو (ئابڕووچوون)ی بەکاربهێنایە.

وەرگێڕ لە زۆر شوێن کاری دانانی لە شێوەی ڕابوردووی دووردا بەکارهێناوە لە لاپەڕە (١٧)دا دەڵێت:(ڕژێمیان لە جووڵەی ئەو دەستە چەکدارانە ئاگەدار بکردبووایەوە)، لێرەدا (بوو)ی ناوێت تەنیا (بکردایەوە، یان بکردایەتەوە) مەبەستەکە دەگەیەنێت، چونکە ڕابوردووی دانانییە و ڕابوردووی دووری دانانی زۆر بە دەگمەن بەکاردێت و سەلیقەیش بە پەسەندی دانانێت.

لە لاپەڕە (٢٥)دا دەڵێت: (زەمزەمییەکە لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست لە جووڵانەوەدا بوو)، وەک ئەوەیە زەمزەمییەکە ئامێرێک بێت، یان باڵندەیەک بێت لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست بفڕێت، لە کوردیدا بۆ ئەم مەبەستە دەگوترێت (ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد).

پاش ئەوەیش دەڵێت: (ئەویش بێدەنگ، وەک ئەوەی کەللەسەری بەر چەکوچ بکەوێت، هێشتا وەڵامی پرسیارێکی نەدەدایەوە، دەیان پرسیاری دیکە دەبارییە سەری). وشەکە (چەکوچ) نییە، (چەکوش)ی بۆ بەکاردێت، توخوا (سەر بەر چەکوش دەکەوێت، یان چەکوش بەر سەر دەکەوێت؟)، دەیان پرسیاری دیکە، کوا، بەڵام (دەبارییە)ی بۆ بەکارهێناوە، ئەگەرچی پێویستە کارەکە لە دوای ڕستەکەوە بێت، ڕستەکە بەم شێوەیە ڕاست دەبێتەوە: (هێشتە وەڵامی پرسیارێکی نەدابووەوە، دەیان پرسیاری دیکەی بەسەردا دادەواڵین).

وەرگێڕ لە هەمان لاپەڕەدا و زۆر شوێنی دیکەی وەرگێڕانەکە وشەی (کردۆتەوە) و (بردۆتەوە) و (هاتۆتەوە) و ئەم شێوە هەڵەیەی کاری ڕابوردووی تەواوی بەکارهێناوە، کە پێویستە بە شێوەی دروست بنووسرێن، چونکە ئەم کارانە لە چاوگی (دالی) و (تایی) وەردەگیرێن: کردن ـ کردووەتەوە، بردن ـ بردووەتەوە، هاتن ـ هاتووەتەوە، کاری ڕابوردووی سادەی ئەو چاوگانە (کرد) و (برد) و (هات)ـە، ئەگەر بیانکەینە ڕابوردووی تەواو، دەبێت (وو+ە)یان بۆ زیادبکەین (کردووە، بردووە، هاتووە)، کاری ڕابوردووی تەواوی (کردووەتەوە، بردووەتەوە، هاتووەتەوە) لە چاوگی (کردنەوە) و (بردنەوە) و (هاتنەوە)وە وەرگیراون، لەڕستەیشدا بەم شێوە بەکاردێن: دەرگەکەیان کردووەتەوە، بارەکەیان بردووەتەوە، کوڕەکەیان هاتووەتەوە.

لە لاپەڕە (٢٦)دا دەڵێت: (هەموومان ئەم هەڵەیە لە ئەستۆ دەگرین)، ئەمە تەواو وەرگێڕانی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە، کورد بەو شێوە نائاخڤێت، هەڵە لە ئەستۆ ناگیرێت، هەڵە و بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ ناگیرێن، بەڵکە دەکەونە سەرشان، یان دەگوترێت لەو هەڵەیە بەرپرسیارین.

لە لاپەڕە (٢٩)دا دەڵێت: (کە هیچ بوونێکیان نییە) و (ناتوانن نکۆڵی لە بوونی بکەن)، ئەمەیش وەرگێڕانێکی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە و کورد لەبری ئەوەی یەکەم دەڵێت: (ئەو شتانە هەر نین) و بۆ دووەمیش دەڵێت: (ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن، کە نییە)، ئەو شتانە دەقاودەق وەرناگێڕرێن، پێویستە وەرگێڕ بەدوای ئەوەدا بگەڕێت لە زمانەکەی خۆیدا چۆن دەردەبڕرێن.

لە لاپەڕە (٤٨)دا دەڵێت: (هەر کەسێکیش بەسەریدا تێپەڕێت وای دادەنێت کە ئێستا نا ئێستا لەژێر پێیدا دەڕووخێت) مەبەستی ئەو پردە لەرزۆکەیە لە لق و گەڵای دار دروست کراوە و بەسەریدا دەپەڕنەوە، لێرەدا مەبەستمان (ئیستا نا ئێستا)یە، ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە ئەم (ئێستا)یە لە بنەڕەتدا (ئێستە) بووە و لە شیعری کلاسیکی کوردیدا شاعیران زۆر جار وشەی (ئەمێستە)یان لەبری (ئێستە) بەکارهێناوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە (ئێستە) ڕاستترە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە بزوێنی (ە) کۆتایی هاتووە، بۆیە لە گۆکردندا درێژکراوەتەوە و ئەوەیش تا هاتووە وای لە قسەکەران کردووە وابزانن بزوێنە کورتەکە (ا)ی درێژە، بۆیە بزوێنە کورتەکە درێژ دەکەنەوە، بۆیە لەو شوێنەدا دەگوترێت (ئێستە نا تاوێکی دیکە دەڕووخێت).

لە لاپەڕە (٧٢)دا وشەی (ئێوە لە ئاگری دۆزەخ ناترسێن)ی بەکارهێناوە، ئەمەیش لە چاوگی (ترسان)ەوە وەرگیراوە، کە بەم شێوەیە گەردان دەکرێت: ترسان: من دەترسم، ئێمە دەترسین، تۆ دەترسیت، ئێوە دەترسن، ئەو دەترسێت، ئەوان دەترسن. لەم کارانەدا (م) و (ین) و (یت) و (ن) و (ێت) و (ن) جێناوی لکاوی هەر شەش کەسە تاک و کۆیەکەن لەگەڵ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا. بۆیە ڕاستتر ئەوەیە لەو شوێنەدا وشەی (ناترسن) بەکاربهێنرێت، نەک (ناترسێن).

لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت: (لەو پرسیارانەی لێرەو لەوێ گوێبیستیان دەبێت)، جارێک (گوێ) بۆ چی دروست کراوە، ئاشکرایە بۆ بیستن، کەواتە ئیدی پێویست دەکات چاوگەکە هەبێت و تۆ کاری لێ گەردان بکەیت و (گوێ)یەکەیش بهێنیت و بەکاری بهێنیت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت کە ئەو شتانەی پێ بگات کە لە ڕێگەی (گوێ)وە پێی دەگەن، کە ئەویش (بیستن)ە، بۆیە ئەم شێوە بەکارهێنانە لە قسەی ناو بازاڕەوە هاتووەتە ناو نووسینەوە، پێویستە ڕاستی بکەینەوە، بۆیە ئەو ڕستەیە وای لێ دێت (لەو پرسیارانەی لێرەو لەوێ دەیانبیسێت)، وەرگێڕ ئەم (گوێبیست)ەی لە زۆر شوێنی دیکەی وەرگێڕانەکەدا بەکارهێناوە.

لە لاپەڕە (٧٣)دا دەڵێت: (گومان لەوەدا نییە، کە جووتیاران خووی مریشکیان هەیە، هەر لە ئێوارەیەکی زووەوە خۆیان دەخەنە ژێر پێخەفەکانیانەوە و دەنوون، چونکە بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ قووقەی کەڵەشێر و کازیوەی بەیاندا لە خەو ڕادەبن)، لێرەدا چوار پێنج هەڵەی زمانەوانی هەن، جارێک (گومان لەوەدا نییە) وەرگێڕانی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە، کورد دەڵێت: (بێ گومان)و هەموو شتێک ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی دووەم

مرۆڤ خووی ئاژەڵ ناگرێت، دەشێت بگوترێت (مریشک ئاسا)، (خۆیان دەخەنە ژێر پێخەفەکانیانەوە)، هیچ کوردێک وانالێت، وشەی پێخەفەکان هەموو سەرین و دۆشەگ و لێفەکانیش دەگرێتەوە، مرۆڤ خۆی ناخاتە ژێر پێخەفەوە، ئەوەیش وەک ئەوەیە بڵێیت خۆی خستە خوارەوە، خۆی کوشت، بەڵام خۆی خستە ژێر پێخەفەکانەوە ناگوترێت، چونکە مرۆڤ لەسەر دۆشەک ڕادەکشێت و سەرین دەخاتە ژێر سەری و لێفە و پەتۆیش بەخۆیدا دەدات، نەک (خۆی بخاتە ژێر پێخەفەکانەوە).

هەرچی (ڕۆژی دوایی)یە، کە بەرانبەر بە ڕۆژی (هەڵستانەوە) واتە (قیامەت) بەکاردێت، لەو شوێنەدا بە هەڵە بەکارهاتووە، چونکە ئەوەی ئەو مەبەستیەتی (ڕۆژی داتر)ە، نەک (ڕۆژی دوایی)، بۆیە ئەو دەربڕینە ئەوەندەی نێوان ئاسمان و زەوی جیاوازییان لەنێواندایە.

لە لاپەڕە (٧٤)دا نووسیویەتی: (پەنجەیان لەسەر پەلاپیتکەی چەکەکانیان دادەنا)، ئەوەی ئێمە بیستوومانە (بەلەپیتکە)ی تفەنگە، نەک بەو شێوەیەی وەرگێڕ نووسیویەتی.

لە هەمان لاپەڕەدا نووسیویەتی: (بەڵام خۆیان لە چوونە ناو ئەوبەری دۆڵەکە بەدوور گرت)، ئەمەیش وەرگێڕانی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە، دەیتوانی بڵێت (نەیاندەویست بچنە ئەوبەری دۆڵەکەوە)، یان توخنی ئەوبەر بکەون.

لەلاپەڕە (٧٥)دا دەڵێت: (هەرگیز بۆیان نەبوو هاتوچۆی تێدا بکەن)، ئەمە ڕستەیەکی هەڵەی قسەی بازاڕییە و هاتووەتە ناو نووسین و زۆر کەس بەکاری دەهێنن، بێ ئەوەی بزانن کە هەڵەیە و هەڵەیەکی ناقۆڵایشە، چونکە وەرگێڕانی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە، بۆ ئەم جۆرە ڕستانە دەشێت بڵێین: (هەرگیز نەیاندەتوانی هاتوچۆی تێدا بکەن)، (تۆ ناتوانیت هاتوچۆی تێدا بکەیت)، (تۆ ناتوانیت ئەم ئێوارەیە بێ مۆڵەت بچیتەوە). (بۆیان نەبوو) وەرگێڕانی (لایجوز لهم)ە و ئەوەیش پڕبەپێستی (ناتوانن)ـە، بۆیە پێویستە هەمووان ئەوە بزانن و چی دیکە بەکاری نەهێنن.

لە لاپەڕە (٧٦)دا نووسیویەتی: (پێش ئەوەی بارودۆخەکە ناچاری هەڵاتنی بکەن)، لێرەدا (ناچاری هەڵاتن) هەڵەیە و بە جۆرە ڕستەیەکی دیکە ڕوونتر دەبێتەوە (پێش ئەوەی بارودۆخەکە ناچاری بکەن کە تێیتەقینێت، یان هەڵێت، یان خۆی بگەیەنێتە شاخ).

لە لاپەڕە (٦٨)دا دەڵێت (خەون بەوە دەبینێت)، لێرەدا ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت (خەون بەوەوە دەبینێت) ڕاستە. لە خوارترەوە دەنووسێت: (خەیاڵی بۆ لای خێزانەکەی باڵی گرت)، کورد بۆ مەل فڕین و باڵ گرتنەوە بەکاردەهێنن، دەیتوانی بڵێت: (خەیاڵی بۆ

لای خێزانی فڕی، یان باڵی گرتەوە)، نەک باڵی گرت، چونکە ئەو کات واتای ڕستەکە دەگۆڕێت، وەک لەم ڕستەدا دەبینرێت (باڵی کوڕەکەی گرت و هێنایە ژوورەوە).

لە ڕستەیەکی دواتردا دەڵێت: (بەڵام ڕەحمان وەک ئەوەی بیرۆکەکانیانی خوێندبێتەوە)، دەیتوانی بڵێت (بیرۆکەکانی خوێندبنەوە) کە ڕاستترە، ئەو شێوازەی بەکاری هێناوە زۆرتر لە گەرمیان بەکاردێت، وەک (دوکانەکانمانیان کڕی) کە کوردییە ڕەوانەکەی بەم شێوەیە: (دوکانەکانیان کڕین)، جێناوی (یان) بۆ (ئەوان) و جێناوی (ن) بۆ (ئێمە) بەکارهاتوون.

لە لاپەڕە (١٠١)دا نووسیویەتی: (پەی بەوە برد کە دەبێ قسەی لەگەڵ بکرێت، نەبادا هۆشی لەخۆی بچێت)، لێرەدا لەبری نەبادا (نەک) بەکاردێت و لەبری (هۆشی لەخۆی بچێت) لە هۆشی خۆی بچێت ڕاستترە.

لەلاپەڕە (١١٠)دا ئەم ڕستەیە دەبینین: (سەرلەنوێ ئەم بەرخانە دەدەیتەوە پێشەخۆت)، لە کوردیدا بە دەگمەن کار لە پێشەوە، یان لە ناوەڕاستەوە دێت، تەنیا لە قسەی بازاڕیدا نەبێت، کار لە زمانی کوردیدا زۆرتر لە دوای ڕستەوە دێت، لێرەدا دەبوو بڵێت: (سەرلەنوێ ئەم بەرخانە پێش خۆت دەدەیتەوە).

لە لاپەڕە (١٢٠)دا نووسیوویەتی: (باش دەستی پێوە بگرە، لەسەر زەوی درێژی دەکەین...کێشی بۆ ئەوەندە گران بووە!)، درێژی دەکەین هەڵەیە، درێژی دەکەینەوە دروستە، لە (کێشی بۆ ئەوەندە گران بووە)یش مەبەستی ئەوەیە بۆچی ئەوەندە قورس بووە، یان قەڵەو بووە، بۆیە ڕاستتر ئەوەیە بیگوتایە (بۆ ئەوەندە قورس بووە؟).

لە لاپەڕە (١٢١)دا دیسان نووسیویەتی : (کاتێک گوێبیستی ئەم وەڵامە شپرزە و شێواوە بوو)، مەبەستی ئەوەیە بڵێت (کاتێک ئەم وەڵامەی بیست).

لاپەڕە (١٣٢)دا نووسیویەتی: (- دڵتان هیچ نەکات، کەسمان هەڵنەدێراوین، ئەوە هێسترەکە بوو، چالاکییەکی خۆکوژی ئەنجام دا!)، لێرەدا (چالاکی خۆکوژی) و (ئەنجام دا) هەڵەیە و وەرگێڕانی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە، هەر دەیتوانی (خۆهەڵدێران)یش بۆ هێسترەکە بەکار بهێنێت، زۆر جار هێسترەکان لە بارهەڵگرتن و بار گواستنەوە بۆ سەر چیاکان بێزار و وەڕس دەبوون و خۆیان هەڵدەدێرا و دەکوشت، هەر دەیتوانی ئەو ڕستەیەی بۆ بەکاربهێنایە، ئەگەرچی دواتریش دەپرسێت: (هێستر چۆن کردەوەی خۆکوژی دەکات؟!)، لێرەشدا هەر هەڵەی زمانەوانی هەیە، (کردەوە) و (کار) لێک جیاوازن، بۆیە دەبوو کار بەکاربهێنێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بیگوتایە (هێستر چۆن خۆی دەکوژێت، یان خۆی هەڵدەدێرێت؟!).

لەلاپەڕە (١٤٣)دا نووسیویەتی: (ئایا زۆرانبازی لەگەڵ بیرکردنەوەکانمدا بکەم؟)، ئەم ڕستەیە دەقاودەق وەرگێڕانی ڕستە عەرەبییەکەیە، دەبوو بڵێت: (ئایە، نەک (ئایا) چونکە ئەو بزوێنە کورتە و لە کۆتایی وشەکەوە هاتووە، لەگەڵ ڕۆژگاردا درێژ کراوەتە، ئایە لەگەڵ بیرکردنەوەکانمدا زۆران بگرم، یان بکەومە ململانێ؟!).

لە لاپەڕە (١٤٤)دا دەنووسێت: (خۆیان بۆ دانانی بۆسەیەک ئامادە دەکەن)، ڕستەی زمانی کوردی زۆرتر لەگەڵ کاردا جوانترە، نەک ڕستەی ناوی، کاتی خۆی هەڵمەتێک بە ناوی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) دەستی پێ کردبوو، ئەو هەڵمەتەیان بەو ناوە ناقۆڵا و هەڵەیەوە ناونابوو، بەسەر هەموو لایەکدا تێپەڕی، دەکرا بڵێن (با نەخوێندەورای نەهێڵین)، بۆیە ڕستەی کوردی تا کاری لەگەڵ بەکاربێت زۆر جوان و ئاسانترە و هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا دروست نابێت، لەبەر ئەوەیە (دانانی بۆسەیەک) ڕستەی ناوییە (دانان) یش نییە (دانانەوە)یە، بۆسە دانانرێت، دادەنرێتەوە، لە چاوگی (دانانەوە) نەک چاوگی (دانـان)، بۆسە دانانەوە، داو دانانەوە، (داو دانانەوە بۆ سوێسکە و کەو و ڕیشۆڵە) بەکاردێت. (نانەوە)یش هەیە بۆ هەراو هوریا و ئاژاوە نانەوە بەکاردێت، بۆیە ڕستەکە بەم شێوە ڕاستە (خۆیان ئامادەدەکرد تا بۆسەیەک دابنێنەوە).

لە لاپەڕە (١٤٧)دا دەڵێت: (نزیکەی کاتژمێر دەی بەیانی ڕیزە ئۆتۆمبیلێکی سەربازی و زرێپۆشەکان ئامادەکران و بەرەو لای نزیکترین شار هەنگاویان هەڵهێنا)، جارێک (ئۆتۆمبیل) نییە، ئۆتۆمۆبیلە، نازانم ئۆتۆمۆبیل و زرێپۆش هەنگاو هەڵدەهێنن، یان بەڕێ دەکەون، یان تێیانتەقاند، ئەگەر لێرەدا مەبەستیش سەرباز و هێزەکانی سوپایش بێت، هەر بەڕێ کەوتن و ڕۆیشتنیان بۆ بەکاردێت.

لەلاپەڕە (١٥١)دا دەڵێت: (تا حاڵ دەگەیشتە ئەوەی باوەڕ بە هەندێک لەو زێدەڕۆییانە بکەن کە خەڵکی گوندەکان بۆ ئەوانیان هەڵدەبەستا)، لێرەدا مەبەستمان (هەڵدەبەستا)یە، کە ئەو ئەلفەی ناوێت و چاوگەکەی (هەڵبەستن)ەو لەو ڕستەدا (هەڵدەبەست) دروستە.

لە لاپەڕە (١٦٣)دا دەڵێت: (توانای هەڵگرتنی پارچە بەردێکت نییە گرانییەکەی شەست کیلۆ بێت)، لێرەدا دیسانەوە ڕستەی ناوی بەکارهێناوە، ڕەنگە پارچە بەردەکەیش پارچە تاوێر بێت، چونکە بەرد کەی پارچەی هەیە، یان ڕەنگە بەردێک بێت، هەرچۆنێک بووە، سەلیقەی کوردی لە ڕووی ڕستەسازی و ڕێزمانیشەوە ئەو ڕستەیە بە پەسەند نازانێت، بۆیە پێویستە بیگوتایە: (ناتوانیت پارچە تاوێرێک هەڵبگریت، کە شەست کیلۆ قورس بێت)، سەیر بکە چۆن ڕستە کاری تێدا بێت تا چ ڕادەیەک ڕەوان و پەسەندە؟

له لاپەڕە (١٦٥)دا دەڵێت: (ـ دڵنیات دەکەمەوە کە تەنها تۆز و خۆڵە و هیچی تر، خۆتیش دەزانیت چ توانایەکم بەخشی بۆ خاوێنکردنەوەی، ڕاستە تیشک و ڕووناکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بۆ سەری هەیە، بەڵام بەستانی بەو جۆرە و ڕێگاگرتن لە تیشکەکە بەشێوەیەکی گشتی ئازارەکەی زیاتر دەکات)، لێرەدا کاراکتەرەکە پارچە ساچمە بەر چاوی کەوتووە و ئەوە پزیشکەکەیە قسەی لەگەڵ دەکات، (چ توانایەکم بەخشی) و (بۆ خاوێنکردنەوەی) و (بەستانی بەو جۆرە) و (کاریگەری بۆ سەری هەیە)، هەر هەموویان پێویستیان بە ڕاست کردنەوە هەیە، توانا نابەخشرێت، (بەستان) هەڵەیە و (بەستن)ـەو کاریگەری بۆ سەری هەیە وەرگێڕانی دەقاودەقە، بۆیە دەتوانین ڕستەکان بەم شێوە ڕاست بکەینەوە: (دڵنیات دەکەمەوە کە تەنیا تۆز و خۆڵە و هیچی دی، خۆیشت دەزانیت چەندە خەریک بووم تا خاوێنم کردەوە، بەڵام بەو جۆرەی ببەستیت و ڕێگە نەدەیت تیشکی بەربکەوێت، ئەوە کاری تێ دەکات).لە لاپەڕە (١٦٦)دا کارەکتەرەکە فیلمی پەپوولەی بیردەکەوێتەوە کاتێک (ستیڤ ماکوین) زیندانی دەکرێت و ڕووناکیی لێ دەکوژێننەوە و دواتر سووچێکی زیندانە تەسکەکە ڕووناک دەکەنەوە، لەو کاتەدا (شڵەژاو لەتاو ئازاری چاوی بەهۆی ڕووناکییەکەوە قیژانی و هاواری کرد)، لێرەدا (قیژان) زۆرتر بۆ ئافرەت بەکاردێت و، لەبەر ئەوەی کاری ڕابوردووە، دەبێت بڵێت (قیژاندی) لە چاوگی (قیژاندن)ـەوە وەرگیراوە، نەک (قیژان)، کە ئەم چاوگانە لە دەنگە سروشتییەکانەوە بە زیادکردنی پاشگری (اندن) دروست دەبن، وەک : قیژە ـ قیژاندن، بۆڵە ـ بۆڵاندن، سرپە ـ سرپاندن، نەڕە ـ نەڕاندن.

ئێستەیش دەتوانین ڕستەکە ڕێک بخەینەوە و بڵێین: (بەهۆی ڕووناکییەکەوە کە بەر چاوی کەوت و ئازاری پێ گەیاند، شڵەژا و هاواری کرد).

لە لاپەڕە (١٧٤)دا وتەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت (الحاجة أم الإختراع)، با بزانین وەرگێر چۆن ئەمەی کردووەتە کوردی (پێویستی دایکی داهێنانەکانە)، لێرەدا مەبەست لە (أم) دایک نییە، بەڵکە (سەرچاوە) دەگەیەنێت و ئەوەیش بەم شێوە دەکرێت بە کوردی (پێویستی سەرچاوەی داهێنانە)، چونکە (إختراع) تاکە و (داهێنان) دەگەیەنێت، نەک (داهێنانەکان)!! ئەگەر کۆی بەکاربهێنایە دەیگوت (الإختراعات)!!

لە لاپەڕە (١٨٩)دا دەنووسێت : (چووەماڵەوە، ئامێزی بە کوڕەکەیدا کرد)، لە زمانی کوردیدا زۆرتر ئەوە باوە (باوەش) بۆ ئەو شوێنە بەکار دێت (باوەشی بە کوڕەکەیدا کرد)، یان (باوەشی بۆ کردەوە)، نەک (ئامێز)، دەشێت بگوترێت (کوڕەکەی لە ئامێز گرت) یان (لە ئامێز نا).

لە لاپەڕە (١٩٢)دا دەڵێت: (دەگەڕانەوە لای خانەوادەکانیان و ژیانێکی سروشتییان دەست پێ دەکردەوە)، لێرەدا (ژیانێکی سروشتی) وەرگێڕانی دەقاودەقی عەرەبییەکەیە، بۆیە نابێت بڵێت (ژیانێکی سروشتی)، چونکە لێرەدا مەبەست (ژیانێکی ئاسایی)یە، کە پڕ بە پێستی ئەو وشەیە لە دەستەواژە عەرەبییەکەدا بەکارهاتووە.

لە لاپەڕە (٢١٤)دا دەڵێت: (زاوا لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵاندا بوو. لەشولارێکی باریک و ڕیک، بە بەردەوامی دەخنایەوە و بزەی لەسەر لێوان دەباری)، دەبێت بیگوتایە (زاوا تەمەنی بیست و حەوت ساڵ بوو) پێویست بەوە ناکات (لە) بەکاربهێنێت، دیسانیش (دەخنایەوە)ی بەکارهێناوە، دەبوو بڵێت: (بەردەوام پێدەکەنی)، لە بارەی بزەکەیشەوە، نازانین (بزە) دەبارێت، یان نا؟ چونکە دەڵێت (بزەی لەسەر لێوان دەباری)، ڕاستتر وایە بیگوتایە (بزەی لەسەر لێو بوو)، (بزەی دەهاتێ).

هەر لە لاپەڕەی دواتر دەڵێت: (ئەوانی تریش لە چواردەوری چەپڵەیان دەکوتی)، ئاوەڵناوی بەراوردی (تر) و (ترین) بۆ بەراورد بەکاردێت، وەک (جوان ـ جوانتر ـ جوانترین)، (پاک ـ پاکتر- پاکترین)، دەبوو لەبری (تر) وشەی (دی، دیکە)ی بەکاربهێنایە، بێجگە لەوەی (چەپڵە)یش لێ دەدرێت و پەندە کوردییەکەیش دەڵێت: (بە دەستێک چەپڵە لێ نادرێت)، بەڵام (دەهۆڵ دەکوترێت)!! بۆیە دەبێت بیگوتایە : (ئەوانی دیکەیش لە چواردەوری چەپڵەیان لێ دەدا).لە لاپەڕە (٢١٦)دا دەڵێت: (زاوا دەرگای لە دوای خۆیانەوە داخست)، دیارە زاوا بە تەنیا هاتە ژوورەوە، دەرگەکەی لە دووی خۆی داخست، چونکە پێشتر بووک لە ژوورەوە بووە. لەم لاپەڕەیەشدا دیسانەوە (چاوی پێ بەستابوو)ی بەکارهێناوە، کە مەبەستی ( چاوی پێ بەستووە)یە.

لە چەند ڕستەیەکی خوارترەوە دەڵێت: (بەڵام بەهۆیەک لە هۆیەکانەوە لەوێ دەریانکردووە)، لێرەدا دەبێت بیگوتایە (بەڵام بە هەر هۆیەکەوە بوو بێت لەوێیان دەرکردووە).

لە لاپەڕە (٢١٨)دا دەڵێت: (زۆری حەز دەکرد بە دزییەوە سەرنجێکی ئاراستە بکات)، سەرنج دەدرێت، نەک ئاراستە بکرێت، کە ئەمەیش هەڵەیەکی دیکەی باوە و هاتووەتە ناو نووسینەوە.

لە لاپەڕەی دواتر دەڵێت: (تۆ بڵێی هەموو خەڵکی بەو جۆرە بژیێن؟)، لێرەدا لە ڕووی ڕێنووس و ڕێزمانیشەوە (بژیێن) هەڵەیە، ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت، چونکە ڕاستییەکەی (بژین)ـە، جێناوی (ین) بۆ خەڵکی واتە (سێیەمین کەسی کۆ) بەکاردێت، کە (ئەوان)ن.

له لاپەڕە (٢٢٢)دا دەڵێت: (نەیاندەزانی ئاراستەی ئەوان بەرەو کوێیە)، ڕاستەکەی (نەیاندەزانی بەرەو کوێ دەچن). لە خوارترەوە دەڵێت: (لەکاتی کازیوەدا ئەوان تەواوی ناوچەکەیان لە پشتی خۆیانەوە جێ هێشتبوو)، تەواو وەرگێرانی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە، دەبوو بیگوتایە (لەگەڵ کازیوەی بەرەبەیاندا ئەو ناوچەیان بەجێ هێشتبوو).

لەلاپەڕەی دواتردا دەڵێت: (بەڵام ئەمان کەسانی ئەزموودار و جەڕباوی ناو دۆخە ئاڵۆزکە بوون). لێرەدا مەبەستمان وشەی (ئەزموودار) و (جەڕباو)ە، ئێمە ( بە ئەزموون) مان هەیە، لەکاتێکدا (جەڕباو)یش هەر (بە ئەزموون)ە، بۆیە دەیتوانی لەو شوێنەدا بە ئەزموون و شارەزای بەکاربهێنایە، نەک (جەرباو) کە لە (تەجربە)ی عەرەبییەوە دروست کراوە.

له لاپەڕە (٢٢٤)دا دەڵێت: (نەبادا سێڵاوەکە ئەشکەوتەکەیان بخاتە ژێرەوە و ئەوانیش تییدا گیرۆدە بن)، ئەمە لافاوێکە و لەناکاودا لە لووتکەکەوە دروست بووە، مەبەستمان ئەوەیە چۆن ئەشکەوتەکە دەخاتە ژێرەوە؟!! لافاوەکە دەچێتە ناو ئەشکەوتەکە و نغرۆ و نوقمی دەکات، ئەوانیش لەناوەوە گیرۆدە دەبن، یان دەخنکێن!!

لەلاپەڕە (٢٢٨)دا دەڵێت: (لە ماوەیەکی کەمدا جووتیارەکان چەندین چیرۆکی جۆراوجۆریان لەسەر دەگێڕایەوە، کەسیش نازانێت تا چەند ڕاستییان تێدایە)، لێرەدا دەمانەوێت (چەندین) و (لەسەر) و (ڕاستییان تێدایە) ڕاست بکەینەوە، کە دەبێت بیگوتایە (چەندان چیرۆکی جۆراوجۆریان لە بارەوە دەگێڕایەوە، کەسیش نازانێت تا چەند ڕاستن، یان نا).

له لاپەڕە (٢٣٠)دا دەڵیت: (لە کاتێکدا کترییەکەی پڕ دەکرد لە ئاو)، ڕاستییەکەی ئەوەیە کارەکە لە دوایەمین بەشی ڕستەکەوە بێت (لەکاتێکدا کترییەکەی پڕ لە ئاو دەکرد).

لە لاپەڕە (٢٣٤) دەڵێت: (بەه بەه لەو گۆشتاوە هەر باس ناکرێت)، لێرەدا لە ڕوی ڕێنووسەوە (بەه بەه) هەڵەیە و پێویستە بەم شێوەیە بنووسرێت (بەھ بەھ). لەکاتی نووسینی (ھ)یەکەدا شفت و (ھ)ی کیبۆردەکە دادەگریت.

له لاپەڕە (٢٣٦)دا دەڵێت: (ئاخر پیاوانی دەستەڵات تەڕ و وشکی ئەو دەڤەرەیان ئاگر دابوو، کانیاویان پڕ کردبوونەوە و دار گوێز و چنار و هەرچی ڕەز و باخیان هەبوو بڕیبوونییەوە و سووتاندنبوونی.)، پیاوانی دەستەڵات کۆن، بەڵام کارەکانی دواتری ڕستەکە (بڕیبوونییەوە و سووتاندبوونی) تاکن، بێجگە لەوەیش (ئاگر دابوو) پێویستە (ئاگر تێ بەردابوو) بێت، ڕاستیی ڕستەکەیش پێویستە بەم شێوەیە بێت: (پیاوانی

دەستەڵات تەڕ و وشکی ئەو دەڤەرەیان ئاگر تێ بەردابوو، کانیاویان پڕ کردبوونەوە و دارگوێز و چنار و هەرچی ڕەز و باخیان هەبوو، هەموویان بڕیبووەوە و سووتاندبوو)، لێرەدا (هەموو)مان بەکارهێنا تا ئەو ئاڵۆزییە لەو دوو کارەی کۆتایی ڕستەکەدا دروست نەبێت.

لە لاپەڕە (٢٥٠)دا دەنووسێت: (ـ ڕاستە چیرۆکەکە ڕیک وایە، بەڵام هەرگیز مێشکت ئارام نابێت ئەگەر تەواوی وردەکاری چیرۆکەکەت گوێ لێ نەبێت)، لێرەدا دوو جار چیرۆکەکەی بەکارهێناوە، دەشێت یەک جار بەکاری هێنابایە، بێجگە لەوەی دەیتوانی لەبری (گوێ لێ نەبێت) کاری (نەبیسیت)ی بەکاربهێنایە، لەبری (ئارام)یش تەنیا ئاسوودەی بەکارهێنابایە و پێویستی بە وشەی (مێشک)ی نەدەکرد، تا ڕستەکە بەم شێوەی لێ بێت (ڕاستە چیرۆکەکە ڕیک وایە، بەڵام هەرگیز ئاسوودە نابێت ئەگەر تەواوی وردەکارییەکەی نەبیسیت).

لە لاپەڕە (٢٥٢)دا ئەمەی نووسیوە: (کەچی ئەم مشتەکۆڵەیەکی لە شەویلاگەی دەدا و پشتاوپشت دەیخستە سەر زەوی و خوێن بە باڵایدا دەهاتە خوارێ)، پێویستە لەم ڕستەدا لەبری (دەدا) کاری (دەکێشا)ی بەکارهێنابایە کە جوانترە، (دەیخستە سەر زەوی) هەڵەیە، چونکە ئەو بەخۆی بە پشتدا دەکەوتە سەر زەوی کاتێک ئەم لێی دەدا، بێجگە لەوەیش (خوێن بە باڵایدا دەهاتە خوارێ) هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ئەو کەتووەتە سەر زەوییەکە، خۆ بە پیوە ڕانەوەستاوە تا خوێن بە قەد باڵایدا بێتە خوارێ، کە ئەوەیش وەرگێرانی دەقاودەقی ڕستە عەرەبییەکەیە، بۆیە دەبوو (خەڵتانی خوێن دەبوو)ی بەکاربهێنایە، ئێستەیش ڕستەکە ڕاست دەکەینەوە: (کەچی ئەم مشتەکۆڵەیەکی بە شەویلاگیدا دەکیشا و ئەویش پشتاوپشت دەکەوتە سەر زەوی و خەڵتانی خوێن دەبوو)!!

لە لاپەڕە (٢٥٥)دا دەنووسێت: (ئای چەند خۆزگەم دەخواست جووتیارێکی گوندەکەیان بوومایە، یان زمانەکەیم بزانیبووایە)، پێشتریش باسی ئەو کاری دانانییەمان کردووە، بۆیە (بوومایە) ڕاستە و (بزانیبووایە) بە دەگمەن دەگوتریت، هەر (بزانیایە) بەکاردێت و دروستیشە.

لە لاپەڕە (٢٥٧)دا دەڵێت: (بەڵام ناتوانین بەراوردی زەماوەندە چارەڕەشەکەی دوێنێ بەوەی ئەوێ بکەین، چونکە زاوای ئەوێ کوڕی ئاغا بوو، کە نیوەی زەوییەکانی ناوچەکەی لەژێر دەستدابوو)، وشەی (بەراورد)، لە نزیک (بکەین)ەوە بەکاردێت، بەم شێوە (ناتوانین زەماوەندە چارەڕەشەکەی دوێنێ بەوەی ئەوێ بەراورد بکەین، لەبەر

ئەوەی زاوا کوڕە ئاغایە، کە نیوەی زەوییەکانی ناوچەکە موڵکی ئەون)، نەک (نیوەی زەوییەکانی ناوچەکەی لەژێر دەستدابوو).

لەلاپەڕە (٢٥٩)دا، دەنووسێت (کچەیان هێنا، کچ چ کچ؟! پەرییە و لەسەر زەویدایە، فریشتەیە و لە ئاسمانەوە لەگەڵ تەزرە باریوە، هێشتا لە پازدە بەهاری تەمەنیدایە.) لێرەدا دوو شت ڕاست دەکەینەوە (پەرییە و لەسەر زەویدایە)، کە دەبوو بڵێت (پەرییەکە بۆ خۆی) ئیدی لەسەر زەوی ناوێت، ئەوی دیکە (هێشتا لە پازدە ساڵی تەمەنیدایە)، کە ڕاستەکەی ئەوەیە بگوترێت (هێشتە پازدە ساڵ، یان بەهاری تێنەپەڕاندووە)!!

لە خوارترەوە دەڵێت: (هەموویان خەونیان بە خەندەیەکی و بەدەستهێنانی دەبینی)، کە ڕاستەکەی ئەمەیە (هەموویان خەونیان بەوەوە دەبینی خەندەیەکیان بۆ بکات و ببێتە هاوسەریان)!!

لە خـوارەوەی ئەوەیشەوە دەڵێت: (براکەشیان ... ئومێدێکی زۆری لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە هەڵچنیبوو)، ڕاستتر وایە بڵێت (ئومێدێکی زۆری پێ هەبوو).

لە لاپەڕە (٢٦٦)دا نووسیویەتی : (تۆوی سادەییمان تێدا چاندراوە)، بەڵام (چێنراوە) دروستە. لە خوار ترەوە نووسیویەتی: (زۆربەی ئافرەتان بەسەر پشتی ئاژەڵەکانەوە بـوون)، لێرەدا (سواربوون) بەکاردێت، بۆ ئاژەڵەکانیش چارەوا بەکاردێت (زۆربـەی ئافرەتەکان سواری چارەواکان بووبوون)!!

لە لاپـەڕە (٢٧٤)دا دەڵێت: (ئەوەتانێ پێش ئـەوەی کوڕەکەی بگەڕێتەوە بە چەند کاتژمێرێک پێشتر گیانی لە دەست دا و مرد و خەمی کچەکەی بردە گۆڕەوە)، لێرەدا دەمانەوێت (گیانی لە دەست دا) ڕاست بکەینەوە، ئەمە لە زمانی کوردیدا هەڵەیەکە تازەیەو، کەوتووەتە سەر زاران و لە میدیاکاندا زۆر تەشەنەی سەندووە و لەبری (لقی مصرعه)ی عەرەبی بەکاردێت، کە ئەوەیش وشەیەکی ئەدەبیی (مرد)ـە، بۆیە هەر (مرد) ی بۆ بەکاردێت، ڕستەکەیشی بەم شێوە بۆ ڕاست دەکەینەوە: (ئەوەتانی پێش چەند کاتژمێرێک بەر لەوەی کوڕەکەی بگەڕێتەوە کەوتە گیانەڵا و مرد و خەمی کچەکەی بردە گۆڕەوە).

لەلاپەڕە (٢٧٦)دا نووسیویەتی: (لەوانەیە خۆزگەی ئەوەیان نەخواستبێت کە ڕاستە، تاکوو تاوانی پەلەکردن و گومانیان نەکەوێتە ئەستۆ، لە ترسی تووڕەیی خوا)، لێرەدا دەبوو بڵێت: (تا لە ترسی تووڕەیی خوا، بە پەلەکردن تاوانبار نەکرێن و گومانیان لێ نەکرێت).

لەلاپەڕەی دواتر دەڵێت: (ئەوا گەمژەییەکی گەورەی بەرانبەرم ئەنجام داوە!). مەبەستی ئەوەیە بڵێت: (ئەوە گەمژەییەکی گەورەی بەرانبەرم کردووە)!!

لە لاپەڕە (٢٩٥)دا دەڵێت: (ـ گوێم بۆ بگرن، دوای چەند چرکەیەک دەمرێت و بۆ هەتاهەتایەش دەمرێت)، ئەوەی لێرەدا هەڵەیە (گوێم بۆ بگرن)ە، ڕاستەکەی (گوێم لێ بگرن)ە.لە لاپەڕە (٣٠٥)دا دەڵێت: (کاتێک خۆر ماڵئاوایی لەم دیوی زەوی دەکات و باروبنەی خۆی دەپێچێتەوە و تاریکایی ڕاوی ڕووناکی دەکات)، هەڵەکە لە ڕستەی کۆتاییدایە، تاریکی، نەک تاریکایی، ڕاوی ڕووناکی دەنێت، نەک دەکات!! یان تاریکی، ڕووناکی ڕاودەنێت!!

لە خوارترەوە دەڵێت: (چەند ژوورێکی هاکەزایی سەریان پێکەوە ناوە و کۆمەڵە بەرهەڵستکارێکی ڕژێم خۆیان تێیاندا پەنا داوە)، هەڵەکە لە ڕستەی کۆتاییدایە کە ڕاستەکەی بەم شێوەیە: (خۆیانیان تێدا پەنا داوە).

لە لاپەڕە (٣٠٦)دا وشەی (ماسوولکە)ی بە یەک واو نووسیوە، لە لاپەڕە (٣٠٨)یش وشەی (پەموو)ی بە (پەمۆ) نووسیوە.

لە لاپەڕە (٣٠٩)دا نووسیویەتی: (لەوێ چارەسەری نەخۆشەکان دەکرا)، ڕاستەکەی (لەوێ نەخۆشەکان چارەسەر دەکران).

لە لاپەڕە (٣١٠)دا دەڵێت: (دکتۆریش خەریکی کردنەوەی پێڵووی چاوی بوو، چونکە بە بەردەوامی دەیپرووکاند)، جارێک وشەی دکتۆر بەم شێوە دەنووسرێت (دوکتۆر)، ڕستەی سەرەتا بەم شێوە ڕاست دەکەینەوە (دوکتۆریش خەریک بوو پێڵووی چاوی دەکردەوە)، کاری (دەپرووکاند)یش هەڵەیە، چونکە ڕاستەکەی (دەترووکاند)ە، چونکە زۆر جار دەگوترێت (لە چاوترووکانێکدا بۆت ئامادە دەکەم)، یان هەر شتێکی دیکە. هەمان کاری لە لاپەڕەی دواتردا دووبارە کردووەتەوە.

لەم لاپەڕەیەشدا دەڵێت: (ئاخێکی هەڵکێشا و بە جۆرێک لە بێزارییەوە گوتی)، لێرە (بە جۆرێک لە بێزارییەوە) هەڵەیە و پێویست بەو (لە)یە ناکات، بە مەرجێک کەمێک دستکاری بکرێت و ڕاستەکەی ئەمەیە (بەجۆرە بێزارییەکەوە گوتی)!!

لە لاپەڕە (٣١٨)دا دەڵێت: (کەچی ئەم گەلە بەو هەموو نەزانی و گەمژەییەیەوە بەختەوەرە و شانازی پێوە دەکات)، وشەی (گەمژەییەیەوە) هەڵەیە و ئەو (یە)ی ناوێت.

دوو دێڕ خوارتر دەڵێت: (باوەڕ ناکەم کەسیک لێی دەربازی بێت)، ڕاستەکەی (باوەڕ ناکەم کەسی لێ دەرباز بێت).

لە لاپەڕە (٣٢٦)دا کاری (دابنابووایە) و (دابنیشتبووایە)ی بەکارهێناوە، کە پێشتریش ئاماژەمان پێ داوە و پێویست ناکات لە شێوەی دووردا بەکاربهێنرێت، چونکە (دابنایە) و(دابنیشتایە) شێوەی کاری دانانین و مەبەستەکە دەپێکن و کاتی ڕابوردووی دەردەخەن، ئیدی پێویست ناکات ئەو (بوو)ە بەکاربهێنرێت.

لە کۆتایی لاپەڕەکەدا دەڵێت: (لە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانیشدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام لە ڕاکێشانی هەموو هێزەکان بۆ ناوی شکستیان هێنا)، دەبێت تەواوی ئەم ڕستە و پاڕستەیە بگۆڕین (بەرەیەکی بەرفرەوانیان پێکهێنا و، سەرکەوتن، بەڵام نەیانتوانی هەموو هێزەکان بهێننە ناو بەرەکەوە).

لە لاپەڕە (٣٢٧)دا دەڵێت: (هەتا چالاکی و جووڵانەوەکانی لە زۆرێک لەو جەنگاوەرانە باشتر بوو)، لێرەدا دەشێت لەبری (هەتا) وشەی (بگرە) بەکاربهێنرێت، بێجگە لەوەی (زۆرێک) هەڵەیەکی زەقی ناقۆڵایە و هاتووەتە ناو نووسینەوە، لەبەر ئەوەی (زۆر) بەخۆی ئاوەڵناوی ژمارەی نادیارە، پێویستی بەوە نییە بکرێتە نەناسراو، ناو نییە، ناو دەکرێتە ناسراو و نەناسراو، وەک وشەی (مامۆستاکە) ناسراوە، (مامۆستایەک) نەناسراوە، نازانرێت کام مامۆستایە، بۆیە زۆر ئاوەڵناوی ژمارەی نادیارە و پێویست بەوە ناکات (ێک)ی نەناسراوی بخرێتە سەر.

لە لاپەڕە (٣٢٨)دا دەڵێت: (کەچی ئەمە ڕێگەی لە ئەبو شامیل نەگرتبوو کە خەون بە پێکهێنانی سوپایەکی ڕێکوپێک ببینیت)، لێرەدا دەبێت بگوترێت (ڕێگەی لەوە نەگرتبوو خەون بە پێکهێنانی سوپایەکی ڕێکوپێکەوە ببینێت).

لە لاپەڕە (٣٤٥)دا دەڵێت: (- بۆچی دەمرێ مادام ئەندامەکانی جەستەی تەندروستن)، دەبێت لێرەدا لە بری وشەی تەندروست (ساغ)ی بەکاربهێنایە، وشەی تەندروست و تەندروستی تەنیا بەرانبەر بە (صحة)ی عەرەبی بەکاردێت، بەڵام زۆر جار دەبینم کەسانێک بۆ (هەڵویست) و (بۆچوون) و (بیروڕا) بەکاری دەهێنن و دەڵێن (هەڵویست، یان بۆچوون، یان بیروڕایەکی تەندروستە)، ئەوەیش هەڵەیە و لێرەدا تەنیا وشەی (دروست) ڕاستە، هەڵویستێکی دروست..تاد.

لە لاپەڕە (٣٥٦)دا دەڵێت: (ئەو سەرقاڵی ئامادەکردنی چایە بوو بۆیان لەسەر پشکۆی بەردەم خێوەتەکەی.)، ڕستەیەکی شێواوە و پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، ئەویش بەم شێوەیە: (لەسەر پشکۆی بەردەم خێوەتەکەی، سەرقاڵی ئەوەبوو چایان بۆ لێ بنێت).

لە لاپەڕە (٣٥٧)دا دەڵێت: (هەوڵی دەدا پرسیاری ئەو شێتەیان لێ بکات کە هاوسەرگیری

لەگەڵ خاتوونەکەی کردبوو)، نازانم چی لەم ڕستەیە دەگەن؟؟ هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوونەکەی کردبوو؟؟ یان ئەو کچەی خواستبوو؟؟

لە خوارترەوە دەڵێت: (لە چیایەکاندا چاندرابوون)، ڕاستەکەی (لە چیاکاندا چێنرابوون)ـە، چونکە ڕەگی کار لە چاوگی (چاندن) (چێن)ـە، گەردان کردنیشی (من درەخت دەچێنم، ئێمە درەخت دەچێنین، تۆ درەخت دەچێنیت، ئێوە درەخت دەچێنن، ئەو درەخت دەچێنێت، ئەوان درەخت دەچێنن)، بۆ نادیاریش لە دەمی ڕابوردوودا (را) و بۆ ڕانەبوردوو (ڕێ) لەگەڵ (ت)ی جێناو وەردەگرێت، بۆیە (چێن+را) دەبێتە (چێنرا)، لەبەر ئەوەی ئەوانەیش (کۆ)ن، بۆیە کارەکە دەبێتە (چێنرابوون).

لە لاپەڕە (٣٥٩)دا دەڵێت: (هەر ئەوەندە بەسە کە وڵاتان زاڵ بن بەسەریدا)، لێرەدا بە پیش و پاش خستنی کۆتایی ڕستەکە، ڕستەکە دروست دەبێتەوە (هەر ئەوەندە بەسە وڵاتان بە سەریدا زاڵ بن).

لە لاپەڕە (٣٦٠)دا نووسیویەتی: ( کە ڕێککەوتننامەکە دەستەبەری مافی ژیانی بە شێوەیەکی ئاشتیانە بۆ کردوون)، نازانم خوێنەر چۆن لەم ڕستە پاش و پێش کراوە دەگات، ڕاستەکەی ئەمەیە (کە ڕێککەوتننامەکە مافی ژیانی ئاشتییانەی بۆ دەستەبەر کردوون).

لە لاپەڕە (٣٧٥)، لە دیالۆگێکدا دەڵێت (ـ باشە چۆن؟ من هاوڕام لە گەڵتدا)، پاش ڕستەکە دروست نییە و پێویستە بگوترێت (من هاوڕاتم)، یان (لەگەڵ ڕای تۆم).

لە لاپەڕە (٣٨٠)دا دەڵێت : (توانای هەڵگرتنیمان نییە)، زۆر جار رستەی کوردی ئەگەر بە کار دەربیبڕرێت لە ڕستەی ناوی جوانترە، لێرەدا دەشێت بڵێین: (ناتوانین هەڵیبگرین).

لە لاپەڕە (٤٠١)دا دەڵێت: (سەربارى ئەو چەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە شانی نەبووەتەوە)، نازانم چۆن چەک لە شان دەبێتەوە، مەبەست ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو چەکەی دانەناوە!!

لە هەمان لاپەڕەدا وشەی (گوش)ی بە دوو واو نووسیوە، ئەوەیش هەڵەیە و لە لاپەڕەکانی دوای ئەوەیش (لووتکە)ی بە یەک واو نووسیوە.

لەلاپەڕە (٤٠٦)دا نووسیویەتی: (گەیشتە ڕووبەر و پانتاییەکی کەمێک کراوە)، ئەوەیش وەرگێڕانی (مفتوح)ی عەرەبییە و پێویستە بڵێت (بەرین)، یان (واڵا).

لە لاپەڕە (٤١٠)دا دەڵێت: (بەسەر بەفرەکەدا کەوتەوە ڕێگا)، مەبەستی ئەوەیە بڵێت (بەسەر بەفرەکەدا بەڕێ کەوتەوە).

لە لاپەڕەی بەرانبەری دەڵێت: (لە سەرەوەیشی بەلووعەیەکی دیکەی ئاوی ساردیش هەبوو)، ئەم وشەی (بەلووعە)یە بە هەڵە بۆ (شێرە)ی ئاو، یان (وەڵف)ی ئاو بەکارهاتووە، (بەلووعە) ئەو چاڵەیە پیساوی تێدەچێت، دەبوو (شێرە)ی بەکاربهێنایە.

لە لاپەڕە (٤٢٦)دا دەڵێت: ئەگەر کەسێکی بلیمەت و پەیتوولیش پەلکیشی ئێرە بکەن، لە کون فەیەکونێکا هەرچی تەختەی میشکی هەیە لەکاری دەخەن و شێتی دەکەن)، دەبوو لەبری (کون فەیەکونێکا) دەستەواژەی (لە چاوترووکانێکدا)ی بەکاربهێنایە، پاشان ڕاستتر ئەوەیە بیگوتایە (هەرچی تەختەی مێشکی هەیە لەکار دەخەن و شێتی دەکەن).

لە لاپەڕە (٤٢٧)دا کاتێک سامان دەبەنە ناو شێتخانەکەوە، دەڵێت: (لەپڕ دەنگی هاوار لە دەرەوەی تەلارەکە ئێستێکی پێ کردن و سامانی بەستەزمانیش بە دەستیانەوە ڕەتڵێکی بەرەو پشتەوەدا، هێندەی نەمابوو لەگەڵ ئەوەی پشتەملی گرتبوو، تامپۆنێکی ترسناک بکەن و بەر یەک بکەون و سینگ و دەموچاوی یەکتری بقوپێننەوە)، تامپۆن بۆ ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر و ئەو شتانە بەکاردێت، بەڵام بۆ مرۆڤ بەر یەک کەوتن بەکاردێت، کە خۆیشی بەکاری هێناوە، ئیدی پێویستی بە (تامپۆن)ەکە نەدەکرد، بێجگە لەوەی دەبوو کاری (دا)یەکەی لە وشەی (پشتەوە) جودا بکردایەتەوە، چونکە (ڕەتڵ دان) وشەی پشتەکەیان خستووەتە نێوان خۆیانەوە، بۆیە دەبێت ئەو (دا)یە لە (دا)ی ئامرازی پێوەندی جودابکرێتەوە. لە پاڵ ئەوەیشدا دەڵێت (سینگ و دەموچاوی یەکتری بقوپێننەوە)، خۆ سینگ و دەموچاویان تەنەکە و فافۆن نین، تا بقوپێنەوە، دەیتوانی بڵێت ئازاریان پێ بگات، بڕووشێن، برینداربن.

لە لاپــەڕەی بەرانبەری دەڵێت: (وەکـوو کەسێکی ئاسایی پەسەندی بکەنەوە و سووکایەتی پێوە نەکەن و ئازاری نەدەن)، پێویستە بیگوتایە (سووکایەتی پێ نەکەن)، لێرەدا ئامرازی (پێ) پێویستی بەو (وە)یە نییە، ئەمە لەو ڕستانە جیاوازە کە دەگوترێت (بازرگانی پێوە دەکەن) و (نان و پیازی پێوە دەخۆن)!!

لـەلاپـەڕە (٤٣٠)دا دەڵێت: (کـات بە ئازارێکی زۆرەوە تێدەپەڕی، ڕێک دەتگوت گالیسکەیەکی پاچکە شکاوە و کیسەڵئاسا هەنگاو دەنێت)، لێرەدا (هەنگاو دەنێت) بۆ گالیسکە و بۆ کیسەڵ و بۆ کاتیش هەڵەیە، چونکە کات (تێدەپەڕێت) و بەرەو پێش دەچێت، وەک خۆیشی نووسیویەتی، کیسەڵیش هەنگاو نانێت، هەنگاو زۆرتر بۆ مرۆڤ بەکاردێت، کیسەڵ بۆ پێشەوە دەچێت، گالیسکەیش بۆ پێشەوە دەچێت، مەبەستی سەرەکیش ئەوەیە کاتەکە سست تێدەپەڕی.

لە لاپەڕەی بەرانبەری دەڵێت: (توانای جووڵاندنی دەستەکانی و درێژکردنی قاچەکانی نەبوو)، لێرەدا ڕستەکە ڕستەی ناوییە، بۆیە دەشێت بە ڕستەی کار دەرببڕرێت، ڕستەکەیش وای لێ دێت (نەیدەتوانی هەردوو دەستی بجووڵێنێتەوە و هەردوو قاچی درێژ بکاتەوە)، ئەوەیش کوردییەکی پوخت و ڕەوانە، بێجگە لەوەی (دەست) و (قاچ) جووتن، واتە مرۆڤ دوو دەست و دوو قاچی هەیە، لە دوو زیاتری نییە تا بە شێوەی کۆ بەکاربهێنرێن.

لە چەند ڕستەیەکی خوارترەوە دەڵێت: (خۆ ئەگەر ئاژەڵیش بوومایە لە بیریان نەدەکردم! تا بە پارچە نانێک و قومە ئاوێک ئاگری ناخمیان دابمرکاندبووایەوە)، ڕاستەکەی ئەوەیە بیگوتایە (ئاگری ناخیان دابمرکاندمایەوە).

لە لاپەڕە (٤٣٢)دا دەڵێت: (هەستی کرد دەرگاکە دانەخراوە، کەواتە لەو کاتەوەی دوو کارمەندەکە ڕۆیشتوون دەرگاکە کراوە بووە.)، لێرەدا (دەرگا) نییەو دەرگەیە، چونکە پاشگری (گە) دەچێتە سەر ناو و ڕەگی چاوک و ناوی نوێ و ناوی شوێن دروست دەکات وەک: نووسین - نووسینگە، دەر - دەرگە، پرسین - پرسگە، خواردن - خواردنگە،، تاد، بێجگە لەوەیش دەیتوانی لەبری (دەرگاکە کراوە بووە) کارێکی دیکە بەکاربهێنێت و بیگوتایە (دەرگەکە دانەخرابوو، یان واڵابوو، یان کرابووەوە) نەک (کراوە بوو) کە وەرگێڕانی دەقاودەقی وشە عەرەبییەکەیە.

لەلاپەڕەی دواتریشدا دیسان ئەوەی بەکارهێناوە و دەڵێت: (دەرگای ژوورە تەنگەبەرەکەی داخراو بووایە، هەڵبەت ئەویش بە دەردی ئەوانەی دیکە دەچوو)، لێرەدا لێی تێکچووە و لەبری (داخرابووایە) کاری (داخراو بووایە)ی بەکارهێناوە.

لەلاپەڕە (٤٣٦)دا دەڵێت: (لەو بەڵایەی تووشی هاتبوو خۆی بە براوە دەزانی)، لێرەدا مەبەستی لە (براوە) ئەوەیە بڵێت، سەرکەوتووە، بۆیە (براوە) هیچ کاتێک شوێنی (سەرکەوتوو) ناگرێتەوە، ئەم (براوە)یە، کە وشەیەکی هەڵەیە، زۆرتر لە هەواڵە وەرزشییەکان و لە بەرنامە وەرزشییەکانی میدیاکاندا تەشەنەی کردووە، گوایە لە چاوگی (بردنەوە)وە هاتووە، خۆی بۆ کار دەتوانین بڵێین (بردوویەتییەوە) و (دەیباتەوە)، بە ڕستەی کار دەڵێین تیمەکە لەو تیمەکەی دیکەی بردەوە، بەڵام (براوە) بوو، تەواو هەڵەیە و لەو شوێنەدا (سەرکەوتوو)، یان سەرکەوت بەکاردێت، هیوادارم ئەوانەی ئەو وشە هەڵەیە بەکاردەهێنن ڕاستی بکەنەوە و لەبری ئەوە سەرکەوتوو، یان سەرکەوت، یان بردییەوە بەکاربهێنن.

لە لاپەڕە (٤٤١)دا وشەی (زاڵگە)ی لەبری (خاڵی پشکنین) بەکارهێناوە، کە ئەویش هەڵەیە و تازە خاڵی پشکنین بوو بە زاراوە و هەموو کەسێک دەزانێت چ کارێک دەکات.

لە لاپەڕە (٤٤٧)دا، لە ڕستەیەکدا دەڵێت: (دوای نانی بەیانی هێستریکیان بە کرێ بۆی گرت)، ڕاستەکەی ئەوەیە بیگوتایە ( هێستریکیان بۆ بەکرێ گرت).

لە ڕستەیەکی لاپەڕە (٤٥٢)دا دەڵێت: (چونکە ڕوخساری وەکوو ڕوخساری منداڵێکی تۆقیو گۆڕا کە گوێبیستی چیرۆکێک لە چیرۆکەکانی جنۆکە و خێوەکان دەبن، دەستی لەسەر شانەکانی دانا و پێکەوە لە نزیک زۆپاکە دانیشتن)، لێرەدا جارێکی دیکە وشەی (گوێبیست)ی بەکارهێناوە، بێجگە لەوەی (شانەکان)ی بەکۆ بەکارهێناوە، دەبوو بڵێت: (چیرۆکێک لە چیرۆکەکانی جنۆکە و خێو دەبیسن) و (دەستی لەسەر شانی، یان لەسەر هەردوو شانی دانا) ڕاستترە، بێجگە لەوەی وشەی (زۆپا)ی بەکارهێناوە، کە لە زۆر شوێنی دی (سۆپە ـ سۆپا)ی بۆ بەکاردێت.

لە لاپەڕە (٤٥٦)دا جارێکی دیکە وشەی (هەواڵ دەگوازنەوە) و (گوێبیستی دەبن)ی بەکارهێناوە، کە (هەواڵ دەگوێزنەوە) ڕاستترە، لە ڕستەیەکی خوارتریشدا دەڵێت: (بۆیە ئەو کەسە لە باسەکە دەردەچن) کە کەسەکە تاکە و کارەکەیش بۆ کۆ بەکارهاتووە، بۆیە پێویستە بیگوتایە (ئەو کەسانە).

لە لاپەڕە (٤٦٢)دا وشەی (موژدە)ی بە دوو واو نووسیوە، زۆر جاریش هەر (مژدە) دەنووسرێت، لە ڕستەیەکیشدا دەڵێت: (کە ئەمەیان نەریتێکە و دەربازبوون لێی کارێکی ئەستەمە و بگرە جۆرێکە لە مەحاڵ)، لێرەدا دەبوو بە کوردی بیری بکردایەتەوە و خۆی بە وەرگێڕانی دەقاودەقەوە نەبەستایەتەوە، ڕاستەکەیشی ئەوەیە بڵێت (کە ئەمەیان جۆرە نەریتێکە، شتێکی ئەستەمە، بگرە مەحاڵە مرۆڤ خۆی لێ دەرباز بکات)!!

لە لاپەڕە (٤٧٢)دا ڕستەی (بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بن)ی بەکارهێناوە، دەیتوانی (کۆنترۆڵ بکەن)ی بۆ بەکاربهێنێت.

لە ڕستەیەکدا لە لاپەڕە (٥١٠) (قازان)ی بەکارهێناوە، بە مەنجەڵ دەگوترێت، بەڵام (قزان)ـە، نەک قازان، ئەگەرچی لە شیعرێکی مەولەویدا بەو شێوە بەکارهێنراوە، بەڵام ئەو بۆ کۆی بەکارهێناوە.

لە لاپەڕە (٥١٥)دا وەرن سەیری ئەم ڕستەیە بکەن کاتێک کارەکتەرەکە دەیەوێت سەگەکان لەخۆی دووربخاتەوە (ئەو هەوڵی دوورخستنەوەیان لەخۆی دەدا و بە دارە

درێژەکەی دەستی لەخۆی پاسی دەکردن)، بۆیە ئەگەر ڕستەی ناوی بەکارنەهێنایە بە کوردییەکی ڕەوان ڕێکی دەخست. دەتوانین بەم شێوە ڕاستی بکەینەوە: (بە دارە درێژەکەی دەستی پاسی خۆی دەکرد و دەکۆشا لەخۆی دووریان بخاتەوە)!!

لەلاپەڕە (٥٢١)دا ئەم ڕستەیە پێویستی بە پاش و پێش کردن هەیە تا ڕاست ببێتەوە (پاشان دەنگێکیان لە دەرەوەی مزگەوتەکە گوێ لێ بوو، هاواری دەکرد)، ئەویش بەم شێوەیە ڕاست دەبێتەوە (پاشان گوێیان لە دەنگێک بوو، لە دەرەوەی مزگەوتەکە هاواری دەکرد).

لە لاپەڕە (٥٢٦)دا دەڵێت (دوای ئەوەی وەها نائومێد و تۆقیبوون هەراسانیان لێ هەڵگیرابوو)، ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت (هەراسان بووبوون)، یان (ئوقرەیان لێ بڕابێت)، ئەگینە ئەو ڕستەیە ڕاست نییە. مرۆڤ (هەراسان)ی لێ هەڵناگیرێت، بەڵکە هەراسان دەبێت.

لە لاپەڕە (٥٣٦)دا لە ڕستەیەکدا دەڵێت: (ئیدی منداڵەکانیش هاتنە ژوورەوە و باوەشیان لە باوکیان دا)، (باوەشیان لە باوکیان دا) دروست نییە، (باوەشیان بە باوکیاندا کرد) دروستە.لە لاپەڕە (٥٣٨)دا دەڵێت: (گورگەکانیش بوێری نزیک کەوتنەوەیان لە ئاگرەکە نەبوو)، نازانم خوێنەر لەمە تێدەگات، ڕاستەکەی ئەوەیە بیگوتایە (گورگەکانیش نەیاندەوێرا لە ئاگرەکە نزیک بکەونەوە)!!

لە لاپەڕە (٥٤٣)دا دەڵێت: (لەو حاڵەتانەدا لەسەر مرۆڤ پێویستە بەئازایەتی خۆی نەنازێت)، ئەمەیش وەرگێڕانی دەقاودەقە و ڕاستەکەی ئەوەیە بگوترێت (پێویستە مرۆڤ لەو حاڵەتانەدا بە ئازایەتیی خۆیەوە نەنازێت).

لە لاپەڕە (٥٤٦)دا دەنووسێت: (شیرین لچێکی سەرسوڕمانی هەڵهێنا)، لێرەدا (هەڵهێنا) بۆ (لچ) هەڵەیە، لچ هەڵدەقورتێنرێت، خوار دەکرێتەوە، درێژ دەکرێتەوە، بەڵام (هەڵهێنان) بۆ مەتەڵ بەکاردەهێنرێت، پەلەوەرەکانیش هێلکەکانیان هەڵدەهێنن. ڕستەکەیش بەم شێوە ڕاست دەبێتەوە: (شیرین لچێکی سەرسوڕمانی لێ هەڵقورتاند).

لە لاپەڕە (٥٦٠) (شیرین گوتی:

(- ئەم تراکتۆرە بەستاویەتی چۆن تیای دانیشین.)، تەنانەت نیشانەی پرسیاری بۆ ڕستەکەیش دانەناوە. لەم ڕستەدا (بەستاویەتی) و (تیای) هەڵەن، ئەگەرچی قسەی بازاڕیش بن، دەبێت وەرگێڕ بە زمانی ڕەوان بیاننووسێت. (بەستاویەتی) لە چاوگی (بەستن)ەوە

گەردان کراوە و (بەستوویەتی) ڕاستە، ڕستەکەیش بەم شێوە ڕاست دەبێتەوە (ئەم تراکتۆرە بەستوویەتی چۆن تێیدا دانیشین؟).

لە لاپەڕە (٥٦٥)دا لە ڕستەیەکدا دەڵێت: (لە دوورەوە دەنگی خاوەن تراکتۆرەکە هات و بانگیانی دەکرد و ئاماژەی بۆ دەکردن)، دەبێت بیگوتایە (بانگی دەکردن و دەستی بۆ ڕادەوەشاندن).

لە لاپەڕە (٦١٥)دا دەڵێت: (تا ئەو کاتەی کۆتایی بە فیشەکەکانی هات و ئەو بەژن و باڵا شکۆدارەیان بینی کە وێڕای کەمێک پشتە چەماوەکەی، کەچی وەکوو لوتکە شاخێکی سەرکەش لەبەرانبەریان ڕەق ڕاوەستاوە)، دەبوو بیگوتایە (تا فیشەکەکانی تەواو بوون)، لەوێدا نەدەبوو (بەژن)ی بەکاربهێنایە، زۆرتر بەژن بۆ ئافرەت بەکاردێت و باڵایش بۆ پیاو بەکاردێت، دەتوانین ڕستەکان بەم شێوە ڕاست بکەینەوە: (تا ئەو کاتەی فیشەکەکانی تەواو بوون، ئەو باڵا شکۆدارەیان بینی، وێڕای پشت کووڕی، چوون لووتکە شاخێکی سەرکەش قیت بەرانبەریان ڕاوەستابوو)!!

لە لاپەڕە (٧٠٠)دا دەڵێت: (یان زوو زوو سەردانیان بکەم و سەریان لێ نەبڕم)، ئەوە یەکەم جارە (سەریان لێ نەبڕم) بخوێنمەوە و ببیسم، مەبەستی ئەوەیە (پێیان لێ نەبڕم)!! ڕستەکەیش بەم شێوە ڕاست دەبێتەوە: (یان زوو زوو سەریان لێ بدەم و پێیان لێ نەبڕم)!!

لە لاپەڕە (٧٠٦)دا ئەم ڕستە دەبینین: (هەروەها ئەشکەنجەی زیندانییەکانیشت داوە)، ڕاستەکەی بەم شێوەیە (هەروەها زیندانییەکانیشت ئەشکەنجە داوە).

لە لاپەڕە (٧١١)دا دەڵێت: (هەستکردنی بە تەنیایی باڵی بەسەردا کێشابوو)، ڕاستەکەی ئەوەیە بیگوتایە (هەست کردن بە تەنیایی سەرقاڵی کردبوو).

لە لاپەڕە (٧١٨)دا دەڵێت: (دەی دەی پێم بڵێ باسی چیی من دەکەن؟! شتێک لە پشتی منەوە ڕوودەدات، دەبێ چی بێت؟!)، لێرەدا (شتێک لە پشتی منەوە ڕوودەدات) وەرگێڕانی دەقاودەقی عەرەبییەکەیە، بە کوردی دەگوترێت (لە پشتە ملە باسی من دەکرێت، بێ ئەوەی ئاگەم لێ بێت).

لە لاپەڕە (٧١٩)دا وشەی (مڕومۆچ)ی بۆ کابرایەکی (موعەقەد) بەکارهێناوە، کە دەشێت وشەی (ئاڵۆز)ی بۆ بەکاربهێنرێت.

لە لاپەڕە (٧٢٣)دا لە باسی (ڕەحمان)دا دەڵێت: (سعوود پەی بە دژواری و ئاڵۆزی ئەو دۆخە برد کە ڕەحمان بە دەستییەوە زەلازەلایەتی)، ڕەنگە لە (زەلازەلایەتی) مەبەستی

ئەوە بێت گیری خواردبێت و بە دەستییەوە بناڵێنێت، ئەگەرچی ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت!! بەڵام (زەلالەتیەتی) ڕاستە، واتە بە دەستییەوە دەناڵێنێت.

لە لاپەڕە (٧٥٩) و بە دواوە وشەی (فانۆس)ی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیا (چرا)مان هەیە.

لە ڕستەیەکدا لە لاپەڕە (٧٦٠) دەڵێت: (دوای یەک خولەک لە ڕووداوەکە دەگەنە سەرت و دەبینن هێشتا لە ژیاندا ماویت)، (لە ژیاندا ماویت) هەڵەیە، لە کوردیدا (زیندوو) مان هەیە، دەبێت بیگوتایە (زیندوویت)، ڕستەکەیش بەم شێوە دروستە (دوای یەک خولەک پاش ڕووداوەکە، دەگەنە سەرت و دەبینن هێشتە زیندوویت).

لە ڕستەیەکدا لە لاپەڕە (٧٧٢) دەڵێت: (بەڵکوو من تەنها بە قیژاندن سوکنایی دڵم دانابێت، دەگرییێم و زۆریش دەگرییێم)، پێویستە لەبری (تەنها) وشەی (تەنیا)ی بەکاربهێنایە و کاری (دانابێت)یش لە ڕووی ڕێنووسەوە بە هەڵە نووسراوە و ڕاستەکەی (دانایەت)ە و، (دەگرییێم)یش بەم شێوە دەنووسرێت (دەگریم)!!

دیسانەوە لە لاپەڕە (٧٧٤) ڕستەی ناوی بەکارهێناوە کاتێک دەڵێت: (کیسە تووتنەکەی بە ناوقەدەوە هەڵواسیوە و خەریکی پێچانەوەی جگەرەیە؟) کیسەکە بە پشتوێنەوە هەڵدەواسرێت و جگەرەیش دەپێچرێتەوە، ڕستەکەیش بەم شێوە ڕاست دەبێتەوە: (کیسە تووتنەکەی بە پشتوێنەکەیەوە هەڵواسیوە و خەریکە جگەرە دەپێچێتەوە؟).

تا ئێرە بە پێویستی دەزانم ڕاوەستم، چونکە لە زۆر شوێنی دیکەی لاپەڕەکانی ڕۆمانە وەرگێڕراوەکە تێبینیم هەبوو، بەڵام نەمویست درێژەی پێ بدەم، تا ڕادەیەک گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە پێویستە سەرلەبەری ڕۆمانەکە جارێکی دیکە بخوێنرێتەوە و چاو بە وەرگێڕانەکەدا بخشێنرێتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر دەستکاری بکرێت و ئەو کەموکورتییانەی تێدا نەهێڵرێت، کە بەرچاو دەکەون. ئەوەیش کارێکی زۆری دەوێت، ئەو کاتەی ڕۆمانەکەت بە شێوەی وۆرد لەبەر دەست بێت.

٢٠٢٣-١٠-٢٤

**سەرچاوە:**

پشتئاشان، نووسینی: عامر حوسێن، وەرگێڕانی: ڕابەر ڕەشید، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم - ٢٠٢٣، بێ چاپخانە.

# له نێوان زمانی کوردی و ڕووسیدا

کاروان حاجی

بیرۆکەی گەڕانەوەی شتەکان بۆ یەکبوون و بنجەوە هەڵگری برێکی زۆری ڕاستییە، لۆژیک و واقیع تا سنورێکی فراوان پشتگیری دەکات، بە تێڕامان لە بوونەوەر و شتەکان  لە هەر کایە و بوارێک بەگشتی دەچنەوە سەر یەک خاڵ یان یەک بوون و بنجەوە، یان سەر بە چەند بونیادێکن،  هەر لە ڕووەکەکانەوە بگرە تا گیانداران و لە ویشەوە تا تەن و مادەکان و بگرە تا ڕەنگەکان، لە کایەی ئایین  ئەم بیرۆکەیە  لە خودا سەری دەردەچێت، لە کایەی فەلسەفەشدا ڕووبەرێکی فراوانی هزری داگیرکردووە، مرۆ هەرچەند خولیای جیاوازییە، بەڵام تا ئەو سنورە کە لەم یەکبوون و بنەچەوە نەپچڕێت، تا ئەو شوێنەی سەرەتای ئەو ڕایەڵەیەی لێوەدیاربێت، ئەو  خاڵەش هەمیشە شوێنی بە بنەست گەیشتنی پرسیار وەڵام بووە.

بە درێژایی مێژووی بیرکردنەوە مرۆڤ بەبەردەوام پرسیاری لەبارەی خۆی و شتەکانی کردووە، وێڕای گەیشتنی بە بەرسڤی گەلێک لە وەڵامەکان، لێ کاتێک گەیشتووەتە ئەو بنچە و کانەوە بێ وەڵام ماوەتەوە و تووشی سەرسوڕمان و سەراسیمە بووە. ئەگەر زمان لەم نێوەندە بە نموونە وەربگرین، کاتێک بمانەوێت وشەیەک بناسین و گەردانی بکەین، بزانین لە چییەوە هاتووە، پێکهاتەکەی چۆنە و چۆن داتاشراوە؟ بەڵام دواجار دەگەینە ڕەگ و چاوگی وشەکە، ئیتر کەسمان ناپرسین ئەو ڕەگە یان ئەو ڕیشەیە چۆن پەیدابووە و لە کوێیەوە هاتووە؟! ئا لێرەیە مرۆڤ لە پرسین دەکەوێت، یان ڕەنگە ئەگەر لەو خاڵە نەوەستێت دەچێتە سەر هێڵێکی بێ کۆتا یان دەکەوێتە ناو بازنەیەک کە هەمیشە دەخولێتەوە و لە ئامانج دەکەوێت، ئەوەی کە پێشتر بنیادی ناوە تووشی مایەپووچی دەبێت، وەک ئەوە وایە دوای ڕێبڕینێکی درێژ بگەیتە ماه و هەڵدێرێک ڕێگەکە لەوێ بە بنەست بگات جگە لە هەر سێ بژاردەی وەستان یان گەڕانەوە یان خۆتوڕدان بژاردەی تر نییە، زمانیش بەشێکە لەم سیستمە گەردوونییە کە هەر کۆمەڵەیەک سەر بە ناوکێکن یان لە تۆیەک پەیدابوونە، لێرەوە بازنەکە بچوکتر دەکەینەوە سەرنج دەخەینەسەر هەر دوو زمانی کوردی و ڕووسی لە پەیوەندیەکی بەراوردکاری و گەڕانەوە بۆ ئەم ئەسل و خاڵی هاوبەش لەنێوانیان، وێڕای جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەم دوو زمانە، لێ پانتایەکی فراوان لەیەکچوون ئامادەیە، لەیەکچوونەکە لە شێوەی ڕیشەیەکی شێواوە، بە جۆرێک دەنگەگان پاشوپێش و جێگۆڕکەیان کردووە، یان دەنگەکان گۆڕاون بۆ نزیکترین دەنگ لە دەنگێکی تری هاوخەسڵەت، هەر دوو زمانەکە سەر بەیەک خێزانن: کوردی لە لکی زمانە ئێرانیەکانە و ڕووسی لە لقی سلاڤیە، بە واتایەکی تر دوو چلی یەک درەختن، لە

چەندین پشتەوە ئەم دوو زمانە دەچنەوە سەر یەک ڕیشەوە و بنەچەوە، زمانی ڕووسی بە گشتی لە ڕووی دەنگسازی و ڕێزمانەوە لە زاری کورمانجی ژووروو نزیکترە وەک لە زارەکانی تری کوردی. هەڵبەتە، ئەم لەیەکچوونە بە هیچ جۆرێک لە نێوان زمانە دراوسێکانی ئێستای کوردی، وەک کوردی عارەبی، کوردی ترکی نییە، چونکە کوردی هیچ خزماییەتیەکی لەگەڵ ئەم دوو زمانە نییە، ئەم لەیەکچوونە لە نێوان تەواوی گرووپی زمانەکان دیاردەیە، هەر بەم خەسڵەتەش دەتوانین دەسنیشانی خێزانە زمانەکان بکەین، وەک لە زمانە تورانیەکان، هیندوئەوروپەکان، سامیەکان هتد، ئەگەر فارسی ئامۆزای کوردی بێت، لەوانەیە لە ئامۆزاش نزیکتر بێت، ئەوە ڕووسی و کوردی بە چەند پشتێک دەگەنەوە یەکتر، خزمی لە پشتی یەکن. ئەوەی جێی سەرنجە لە پەیوەندیدا بەو بابەتە، ئەو نەتەوانەی سەر بەیەک گروپ و خێزانە زمانن سیستمی زمانەکانیان لەیەکەوە نزیکە، هاوشێوەیی و لەیەکچوون و خاڵی هاوبەشیان هەر تەنها لە ئاستی زمانەوە ناوەستێت، بەڵکو لەیەکچوونەکە لەش و لار و چارە و ڕوخسار و ئەتواریش دەگرێتەوە، وێڕای داب و نەریتی کۆمەڵاتی، بۆ نموونە نەتەوە تۆرانی زمانەکانی وەک ترک و ترکومان و ئۆزبەک و تەتار و مەغول... خەسڵەتی هاوبەشی شێوە و ڕوخسار و کولتوریان لە نێوانیان هەیە، بە ئاسانی کەسێکی تۆرانی یان مەغۆلی دەناسیتەوە، لە پاڵ هاوبەشی زمان، هەمان شت بۆ گروپەکانی تر ڕاستە، ئەوەش سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە کە هەموو ئەم خێزانە زمانانە لە قۆناخێکی مێژووی یەک زمان بوونە.

دەرکەوتنی سیستەمی دەوڵەتداری و بیری نەتەوەگەری دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرەکان سازدانی دەوڵەت لەسەر بنەمایی زمان و نەتەوە چەندە هۆکاربووە بۆ گەشەکردن و باڵادەستبوونی چەند زمانێک، هێندەش هۆکاربووە بۆ لەناوچوونی چەند زمانێکی تر، لەو لاشەوە بۆ دابەشبوونی چەند زمانێک بۆ زمانی نوێ، بۆ نموونە گەلانی وەک ئۆکرانی و ڕووسی و بیلاڕووسی بەر لە پەیدابوونی سیستمی دەوڵەتداری تا ڕادەیەکی زۆر وەک یەک گەل خۆیان دەبینی، لەوانەیە ئەمە بۆ کورد و فارسی- دەری و ئەفغانی و بەلوچ و تاجیکی ڕاست بووبێت، لە قۆناخێکی درێژی مێژووی. دەکرێت فارسی ئێران و بەشێکی گەورەی ئەفغانستان و و تاجیکیەکانی تاجیکستان و بەشێکی ئۆزبەکستان بکەینە نموونەی دابەشبوون یەک زمان بۆ چەند زمانی تر، ئەمانە هەموو بە یەک زمان دەئاخفن، بەڵام بەهۆی سیستەمی دەوڵەتداری و بەرژەوەندی ڕامیاری و جیاوازی ڕێنووس، گەشەکردنی زمانیان هەر یەک بە ئاراستەیەک، ئێستا خۆیان بەیەک نەتەوە و گەل نابینن.

کورد لەم هاوکێشەیە، ئەگەر هەر لە سەر دەریای ناوەڕاستەوە  تا سەر کەنداو  خۆی بەیەک نەتەوە دەزانێت، دەبێت ڕێکەون لەسەر زمانێکی یەکگرتوو بۆ نووسین و خوێندن، بەلایەنی کەم پەیڕەوکردنی یەک ڕێنووس، ئەگینا ماوەیەکی تر بە تەواوی دابەش دەبنە سەر چەند نەتەوەکی بچوک بچوک، بە تایبەتی ئەو دوو زارەی ناسراوە بە سۆرانی و کورمانجی، لە قۆناخێکی نزیک هەر یەک دەبنە دوو زمانی سەربەخۆ، ئیتر شتێک نامێنێت بە ناوی کورد وەک یەک نەتەوە و گەل، ئەم پرۆسەی دابەشبوونەش ئێستا خێراترە، بەهۆی چالاکبوونی ئەم دوو زارە بەم دواییانە، بە فەرمی بوونەتە زمانی خوێندن و نووسین، یەکێکیان لە باشوری کوردستان و تا ڕادەیەک لە بەشێکی ڕۆژهەڵات، ئەوەی تریان لە ڕۆژئاوا.

**ئەمەش مشتێک لە گشتێک:**

Спасиба.سپاسیبا: سوپاس

туман تومان: تەم و تومان

Земليزەمین: زیملێ

глинаگلینا:گل و ئاو، قوڕ:

муж موژ: مێر

жена، женщина ژنا: ژن

брат براٚت: برا

дочь دۆچ: دۆت-کچ

ключ کلوچ: کلیل

отношения:ئەتناشێنیا، ئاشنایی

зима زیما: زستان

бровь برۆڤ: برۆ

горло گۆرلا: گەروو

глазаگلازا: گلارا-چاو

ногтиنۆکتێ: نینۆک

ногаناگا: لنگ

ушиئوشي: گوێ-گوێیەکان

усы ئوسێ:سمێڵ

борода بەڕادا: ڕدێن

стопа ستاپا: پا-پێ

тёмныйتیومنی: تاری

ты تی: تو-تۆ

меня.мне منیا، منێ: هی من، یا من، من

мы می: مە، ئێمە

он ئۆن: ئەو

у тебя ئو تبیا: ئی تو-یا تە، هی تۆ

они ئەنی: ئەوان

же, тоже ژ، تۆژە: ژ، ش،

собака سەگ: سەباکا

кот کۆت: کتک

мышь مش: مشک

Ёжیۆژ: ژوژی-ژیژک

муравей موراڤێ: مێرووله

Баран بەران: بەران

Волк ڤۆلک: گورگ

Деревня دێ: دێریڤنیا

Древний دریڤنی: دێرین

Деревья دار، دیریڤیا

долине دۆلینا: دۆڵ

Глагол لە سەر ئاستی فرمان

умер ئومیر: مرد

Уехал.ئویخەل: ئۆخر-ڕۆیشت

знать زنات: زانین

стойт ستۆیت: وەستان

будет, быть بوودیت، بیت: دەبێت، بوون

открыть ئەتکریت: کردنەوە

Хотить خەتیت: خواستن

смотреть سماتریت: سەیرکردن

Брать بردن: برات

жизнь ژیزن: ژین

Теать تیات:توانەوە

говорит گۆڤاریت: گۆتن: گوتن

не,Нет نیە-نیەت: نیە-نا

Есть یێست: هەس، هەیە

Дай دای:دەی، دان

پاستی: پاراستن، چاودێری کردن: пасти

ژاریت: برژان: жарить

گاریت: گەرمکردن، سوتان горееть

کیپیتیت: کولان: кипятить

ڤستاڤات: هەستان вставать

создавать: سازداڤات، سازدان

Показать, покажи:پیشاندان، پەکازات، پەکاژی

прислать, пришлёт:شاندن، پریسلات، پریشیۆت

поздравлять: پیرۆز، پیرۆبیت، پەزدراڤلیت

короче کەرۆکێ: کرۆک، کورت

دلینێ:درێژ длинный

گەورە: ئاگرومنێ огромный

полный پۆڵنی: پڕ

плохо پلۆخە: خەراپ

новый نۆڤێ: نوێ

дорогие دەرەگی: گران

карие کاری: کاڵ

горячий گەراچی: گەرم

гнилья گنیلیا: گەندەڵ، گەندە

девушка دێڤوشکا: کەنیشکا، کیژ، کچ

расчёскaڕاش-ڕاشێۆسکا: شە-شانە

Вещи ڤێشنی: شت

вопросڤەپڕۆس: پرس

профессия پڕۆفیسیا: پسپۆڕ

огонь ئاگۆن: ئاگر

шаг: شاگ: شەقاو

окраин ئەکراین: کەنار

река ڕیکا: ڕووبار

к ک: کن

До تا: دا

Ешё یشۆ: هێشتا

По پۆ-پە: پە-بە

Вот ڤۆت: ڤەتۆ- خۆیەتی

без بێز: بێ

сразу: سرازوو، زوو

**لە ئاستی جێناو**

когдаکاگدا، کەی کەنگی

Почему پەچیمو: بۆچی، چما

как کاک: کو- چۆن

как کاک: وەک

кто, Кем کێم-کتۆ: کێ

по-моему پەمۆیمو: پێموایە

шتۆ، چتۆ: چ، چیчто

чем چێم: چی
Куда كودا: كودەرێ- بۆ كوێ
тогда تاكدا: كەواتە
который كاتۆرێ: كاتۆرێ
какой كاكۆی: كامە

**لە ئاستی ژمارە**

Один ئادن: ئێک-یەک
Два دڤا: دوو
Четыре چتیرێ: چار-چوار
пять پيات: پێنج
Шесть شێست: شەش
десять دیسێت: دە
Сто ستۆ: سەد

Бог بۆخ:خودا
Пророк :پەرۆرۆک: پێغەمبەر
грех :گریخ:گوناه
Пробка: پرۆبكا: ئاپورە
дорога: دەرۆگا: ڕێگا، دەر
трещина تریشینا: درز، تریش-تریشبردن
джунгли دژونگلی: جەنگەل
спокойной: سپاكۆی: بەئەسپایی
Кастрюля:كاسترولیا، كاسە
*ئەمە هەموو نەبوو، تەنها نموونە بوو.

***خوێنكاری دكتۆرا لە بەشی زمان و ئەدەب، لە زانكۆی ئیم گی ئو ئۆگاریف، لە وڵاتی ڕوسیای فیدراڵ.**

# وشە هاوپیتەکان (جناس) لە ناو وتاری «سەفەرێك بۆ باخچەی ئاوات»

کەماڵ مەولوودپوور

**پێشەکی**

بە ناوی بەرزە ناو، کردگاری ئاگادار، وتاری «سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات » ساڵی ١٣٩٦ لە گۆڤاری مهاباد ژمارە ٢٠٤ بڵاو بۆتەوە. ئێمە تۆژینەوەیەک لە سەر وشە هاوپیتەکانی (جناس) ئەو وتارە بەڕێوە دەبەین. پێش هەموو شتێک بە پێناسەیک لە سەر وشەی هاوپیت دەست پێدەکەین.

وشەگەلی هاوپیت (جناس): چەند وشەن کە پیتەکانیان وەکوو یێک دەچێ، بەڵام مانای جێوازیان هەیە. بۆ وێنە وشەی «شین» بە مانای «ڕەنگی ئاسمانێ» و هەروەها بە مانای «گریان»یش هاتووە. هاوپیت یێکێک لە جوانکارییەکانی وێژەیە (آرایە های ادبی) و لە ژێر دەستەواژەکانی زانستی ڕازاندنەوەی قسەدا (اصطلاحات علم بدیع) دەستەبەندی کراوە. لە سوودەکانی هاوپیت ئەوەیە کە ڕۆحی بیسەر بۆ گوێدانی قسە ڕادەکێشێ و دیتنی وێکچوونی وشەکان خۆشییێک لە ناخی مرۆڤدا جێگیر دەکا.

جۆرەکانی هاوپیت لە ناو دەقدا زۆرن. لە ڕاستیدا هاوپیتەکان لە ڕووی تاقم، ژمارە، بزوێن و ڕێزبەندی پیتەکان و نەخشی ڕێزمانی وشەکان بە چەند دەستە دابەش دەکرێن کە گرینگەکانیان ئەوانەن:

١. هاوپیتی تەواو (جناس تام) : دوو وشەی وەکوو یێک بەڵام جێواز لە مانادا بۆ وێنە «کەر» بە مانای «جۆرێک ئاژەڵ» یان «مرۆڤی بێ عاقڵ». «شین» بە مانای «ڕەنگی ئاسمانێ» یان «گریان».

٢. هاوپیتی ناتەواوی بزوێندار (جناس ناقص حرکتی): دوو وشەی وەکوو یێک بەڵام جێواز لە بزوێندا بۆ وێنە «گڵ و گوڵ». « شەڕ و شۆڕ ».

٣. هاوپیتی ناتەواوی جێوازیدار (جناس ناقص اختلافی) : دوو وشەی جێواز لە پیتەکانیان دا بۆ وێنە «پاچ ، ماچ». «تاو ، چاو». «دوور، سوور».

٤. هاوپیتی ناتەواوی زیادکراو (جناس ناقص افزایشی) : دوو وشەی وەکوو یێک کە چەند پیت لە یێکێکیان زیادکراوە بۆ وێنە «شا، شاخ». «کۆش ، کۆشک». «ژان، ژیان».

٥. هاوپیتی ناتەواوی پێچەوانە (جناس ناقص مقلوب): دوو وشە کە ڕێزبەندی پیتەکانیان گۆڕدرابێ بۆ وێنە «خۆش، شۆخ». «شەو، وشە».

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە زمانی ئینگلیزیدا لە بەرامبەری ئەو چەند جۆرە هاوپیتانە، چەن دەستەواژە هەیە کە هەرکام باسی یێکێک لەو هاوپیتانە دەکا:
homonymy چەن وشەند کە چەن مانای جێوازیان هەیە وەکووmatch بە

مانای کێبەرکێ، هاوسەرگیری، ڕێک کەوتن، شەمچە و چەند مانای دیکەیە. ئەو دەستەواژەیە هاوسەنگی هاوپیتی تەواوە ( ژمارە١).

minimal pair دوو وشەن کە بە گۆڕینی پیتێک یان بزوێنێک ساز دەبن وەکوو big , wig (گۆڕانی بزوێن). big , bag و (گۆڕانی پیت) minimal set چەند وشەن کە بە گۆڕینی پیتێک یان بزوێنێک ساز دەبن وەکوو,cat, bat, fat, hat mat, pat, rat, sat, tat, vat, wat . ئەو دەستەواژانە بەرامبەرن دەگەڵ هاوپیتی ناتەواوی بزوێندار ( ژمارە٢) و هاوپیتی ناتەواوی جێوازیدار ( ژمارە٣).

Anagram چەند وشەن کە بە گۆڕینی جێگای پیتێکان ساز دەکرێن وەکوو ear, are و tea, eat( ژمارە ٥ ).

Palindrome یێک وشەیە کە هەر دوو لایانی ڕاست و چەپڕا دەخوێندرێتەوە وەکوو mom , eye. (ژمارە ٥).

### چۆنییێتی توێژینەوەی وتاری « سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات »

ئەو لێکۆڵینەوە بە ڕەوشتی چۆنایەتی qualitative و زمانناسی جەستەیی cor-pus linguistics جێ بەجێ کردراوە. دەقی وتاری « سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات » بۆ ساڵیادی مامۆستا عەلی کەردار نووسراوە. ئەو دەقە بەهێز و پێزە، زۆر بە جوانی پەیوەندی نێوان هەست، وێژە، نووسەرەکان، جێگاکان، وتار و کتێبەکان نیشان دەدا و لە ماڵی مامۆستا هەموویان تێک دەهاڵێنێ و یادێک لە گشتیان دەکا و لە ئەنجامدا لە سەر گۆڕی مامۆستا بەتێکڕایی دەیان نێژێ. لە ڕاستیدا ئەو وتارە دەقێکی زۆر ئەدەبی و پڕبایەخە کە نووسەر بۆ خوڵقاندی وی لە زۆرێک لە جوانکارییێکانی ئەدەبی کەڵکی وەرگرتووە. یێکێک لەوان بریتێ لە بەکار هێنانی وشە هاوپیتەکان (جناس)، بە جۆرێک کە چوار جۆری هاوپیت لە کار کردووە و هەر بۆیە کە خوێنەر لە خوێندنەوەی ماندوو نابێ و هەر جار کە پێیدا دێتەوە خۆشییێکی لە ناخی خۆیدا هەست پێدەکا. بۆ وێنە کاتێک تووشی وشەیێک وەکوو «نێو» دەبی، لە چەند خەتی دواییدا وشەکانی «لێو، سێو، کێو، دێو» دەبینی. ئەو بارودۆخە بۆ زۆربەی وشەکانی دیکەش دووپات دەبێتەوە.

ئێمە بۆ تاوتوێ کردنی ئەو وتارە لەسەر بابەتی وشە هاوپیتەکان، پاراگرافی هەوەڵی خودی دەقەکە دێنینە بەرچاو و بنی چەند وشە خەت دەکێشین تاوەکوو بە دروستی دیاری بکەن. ئەمجار باس لەسەر وشەکان دەست پێدەکەین و هەر کامیان لە دەستەی خۆیدا دەنووسین.

**شەودرەنگانە، مەلی تاسەم لە سەر پۆپەی هەناسەیەکی گردەبڕی تەنیایی‌دا نیشتووەتەوە، هەر جارەی تۆی خەیاڵێک دەکاتەوە. سەرم دەخەمە سەر سەرینێکی بەرد و لە نێو هۆدەی ئازاردا، بە دەم پووکانەوەی هیوا ڕادەکێشم. لەو شەوە بڵقە تاڤەدا، گریانێکی شەوانە ئاودز دەکا و بە باڵای ڕۆحما هەڵدەکشێ و خەون و خەیاڵ دەتاسێنێ. لە داوێنی وەنەوشەیی ئەم خەمەدا، لە ناو تەنگی ئەم وەرزەدا، چڵ و لقی گەڵای هەستم خۆیان بە زەرد دادەپۆشن، ئێرە گەڕەکی پاییزە و من لە گەرووی پاییز و لە کۆڵانی کوێرەوەری رسکاوم. کۆڵانێکە بۆ پیاسەکانی شمشاڵ و بۆ جێژوانی زامی قەسیدە. باوکم برینە و دایکم خەزان، تەنیاییش مەڵاشومی هەڵداوەتەوە، لەگەڵ باران دەبمە هاوڕێ، لە سامالی ماڵەوە گۆی هەڵدەخەم بۆ سکاڵای گەڵای گڵ لێدراو، پۆلەچۆلەکەیەکی برسی و ڕەوە ئەسپێکی ماندوو؛ گوڵی چاو بە فرمێسک و قیژەی ئاو و زریکەی زەریا.**

١. **هاوپیتی تەواو:** سەر (سەلک، بان).

٢. هاوپیتی ناتەواوی جێوازیدار: مەل ، پەل. گردە ، وردە. جار ، دار ، زار. تۆ ، بۆ ، پۆ. بەرد ، زەرد، دەرد. نێو، ناو. گریان ، زریان. خەو، خەم. تەنگ، هەنگ ، دەنگ، ڕەنگ ، پەنگ، شەنگ ، ژەنگ. وەرز ، بەرز. چڵ ، سڵ، گڵ. هەست ، دەست ، مەست ، خەست ، بەست. من ، ون، بن. ژوان ، ژیان. زام ، سام. باوک، باسک. ئەسپ ، چەسپ. چاو ، تاو، داو ، ئاو، لاو، ناو.

٣. هاوپیتی ناتەواوی زیادکراو: ئازا ، ئازار. باڵ، باڵا. خەو ، خەون. چڵ ، چۆڵ. کۆڵ ، کۆڵان. شاڵ، شمشاڵ. ژان ، ژوان. باران ، بۆران. ماڵ ، ساماڵ ، شەماڵ. گڵ ، گوڵ. ڕەوە، ڕەوەز.

٤. هاوپیتی ناتەواوی پێچەوانە: شەو ، وشە.

ئێستا دەقی تەواوی وتارەکە دەهێنین و بنی وشە هاوپیتەکان خەت دەکێشین تا پێوەندی زۆرتری نێو وشەکان بۆمان دەرکەوێ.

**«سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات»**

شەودرەنگانە، مەلی تاسەم لە سەر پۆپەی هەناسەیەکی گردەبڕی تەنیاییدا نیشتووەتەوە، هەر جارەی تۆی خەیاڵێک دەکاتەوە. سەرم دەخەمە سەر سەرینێکی بەرد و لە نێو هۆدەی ئازاردا، بە دەم پووکانەوەی هیوا ڕادەکێشم. لەو شەوە بڵقە تاڤەدا، گریانێکی شەوانە ئاودز دەکا و بە باڵای ڕۆحما هەڵدەکشێ و خەون و خەیاڵ دەتاسێنێ.

لە داوێنی وەنەوشەیی ئەم خەمەدا، لە ناو تەنگی ئەم وەرزەدا، چڵ و لقی گەڵای هەستم خۆیان بە زەرد دادەپۆشن، ئێرە گەرەکی پاییزە و من لە گەرووی پاییز و لە کۆڵانی کوێرەوەری ڕسکاوم. کۆڵانێکە بۆ پیاسەکانی شمشاڵ و بۆ جێژوانی زامی قەسیدە. باوکم برینە و دایکم خەزان، تەنیاییش مەڵاشومی هەڵداوەتەوە، لەگەڵ باران دەبمە هاوڕێ، لە سامالی ماڵەوە گۆی هەڵدەخەم بۆ سکاڵای گەڵای گڵ لێدراو، پۆلەچۆلەکەیەکی برسی و ڕەوە ئەسپێکی ماندوو؛ گوڵی چاو بە فرمێسک و قیژەی ئاو و زریکەی زەریا.

تەنیایی هەڵمدەگرێ دوور دوور بۆ بناری غەم و پاییزی ژیان و دار و درەختی بێ قژ. چاو دەبڕمە ڕێگا و دەبمە ڕێبواری سەر ڕێ و بانی چاوەڕوانی، لە گارەگاری هەوری ئاسمانی چاومدا تەنیا قومەئاوێک بەدی دەکرا بۆ دواقوڵپی گریانی شیعرێک. هانا دەبەمە بەر سەرای «سەردار» و لە خۆڵەمرەی بەر قەڵا، دەنگی هاواری شەو، دەنگی پێی بەرد، چریەی چرپە دادەگەڕێ بەرەو گڕی کڵپەکردووی دەشتێکی قووڵ لەبەر هەیوانی قەڵا، قەڵافەتێکی نێوسینگ یان، ورشەورشەی خەوی بەفر دەخوێنێتەوە. لە ئاوێنەی بەر هەتاوی «حەوزەگەورەدا»، شمشاڵێک دەمی نابوو بە دەمی «قالەمەڕەوە» هەر ڕۆحی ئاواز بوو دەفڕی و گۆرانی لە دایک دەبوو، نیشتمانیش بێ گوێچکە بوو پاڵی دابوو بە ناڵشکێنەوە و ناڵشکێنەش وەک ئەسپی سەرکێش و یاغی؛ هێندەی سمکۆڵان کردبوو ئازای جەستەی ئارەقە بوو.

شەوەزەنگە و سەفەرییم. ڕێگەم چۆڵگەیەکی چۆڵاوچۆڵ. لە قاپی حەزرەتی «حەقیقی» دەدەم و دەست و ئاوقای پوزی مەیگێڕ، لەو کاتەدا لە تیشکی ڕوویەوە چاوی دڵم بە تاو دەنگێوتێ و دەبمە نێچیری داوی بازی دڵ و لە دەلاقەی «کۆلکەزێڕینەوە» دەڕوانمە سەفەری باران، ئەو دەمەی سروەی بەیانی پۆری گوڵ دەشواتەوە «شەونم»ێکی ئەزەلی دەتکێتە سەر پەلکی گوڵ و بۆن و بەرامەی دەداتە بای بەیانی تا مەراقی شەوی فیراق ببا بۆ یاری. ئەویش بە خەندە و نەشەوە، دەس بە پیاڵەی مەیەوە نەقڵی نوقڵی بە گۆیدا دەچەپێنێ. لەگەڵ حەقیقی بۆ دامرکانی مەراقی شەوی فیراق و هاواری دڵ، هاوار دەبەینە بەر بارەگای «هاوارەبەرە»ی «فەتاح ئەمیری» و لەگەڵ شمشاڵەکەی «یارە» دەبینە یاری «میرزا» و بە سواری ئەسپەبۆرە، شەوی سام و ساردی پاییز هەڵدەواسین بە سینگی سپێدەوە، «یای ناز»یش لە کەژاوەی هەوری پاییزدا، ئاوسی بارانی پەڵەیە و کیلگەی دڵی «زیندەخەو»یش ڕەپستەیە و بە «خەون و خەیاڵ» دەڕوانێتە ئاوری نەورۆز، هەوراز هەر دەڕوا ڕژد دەبێ، لە چڕ

و هەڵەمووتان هەڵدەچم، لە ئاسۆگان نەدیو دەبم و دەڕۆم بۆ «ئاسۆ»ی مەبەستم و لە «تەوژمی خەیاڵ» ئەسپی سەر شێتی شێعرم هەڵمدەگرێ و بەرەو لێری چوغوور و چۆڵ ڕامدەکێشێ. لە داوێنی چیای «شای مەردان» لە دیوانی شانشینی ئاسۆ لادەدەم. کوڕە جحێڵە، قژقەترانێکەی سەربانی شێعری «ساروقامیش»، ئێستا چەمی کوێستانی سەری هاژەی بەفراوی دێ، دەنگی پێی ئەسپی تەمەنی لە کەژی بەرداوی زەمەوەنەوە دێ. بزەی لێوی «گەزیزە»، هەستی خنکاوی نابزێوی، زنەی بەر بەفری قەد کوێستانی ئاواتی خوڕەی نایە، دەبمە ڕێبواری نێو چیرۆکی «خەمی ژین» و پێکەوە سەر لەسەر باڵی مەلی عیشق بە دڵتەنگی لە وڵاتێ کە جەفا حاکم و سالار دەڕۆین تاکوو ئەو شوێنە ئەوین سەروەر و سەردارە دەڕۆین.

ڕێگا تۆزاوی و گێژەڵووکە گارەگاریەتی. من سوارێکم چنگ لە یاڵان دەدەم و بەرەو هەڵدێر و ڕەوەز و زەردمای «هەزار ئەشکەوت»، لە «کانی توو» لە مێرگە گەورەی کوێخاکەریم لە بێستانی «عومەر مەولوودی» دەگیرسێمەوە. لە بن پاناوکی هەزارئەشکەوت ماندوو و شەکەت کۆزیلکە دەبەستین، عومەر مەولوودی دەبێتە هەنگ و بە نێو شەبەنگەکانی هەتاو و سێبەر و سینگی تەلان، لە هەڵاڵە و بۆنی خۆش دەگەڕێ و دوایەش دەیانکاتە نێو کووزووی شینی چیرۆکەوە. لە هەزارئەشکەوت، دڵم دەلاقەی ژوورێک ئەکاتەوە، لە بێدەنگیی نیوەشەودا، بە زایەڵەی «دەنگی خەبات» کۆترەشینکەی بەستە و لاوک دەدا لە شەقەی باڵ و لە گوێسوانەی ماڵی حەیران هەڵدەکووشمێ و لە سەر داری بەر هەیوانی «حەسەن زیرەک» هێلانە دەکا. بە زایەڵەی هۆ «خاڵی ڕێبوار»ی زیرەک دەچمە نێو خەونەکانی «حەسەن قزڵجی». خۆم لە خەو دەتەکێنم و لە ئاوێنەی ڕوون و بێگەردی «حەوزەگەورە»دا، تێر دەڕوانمە بەژن و باڵا و خاڵ و میل و چاو و برۆ و کەز و ئەگریجە و شان و شەدە و دەسماڵ و قەد و پشتوێنی کیژەبۆکانی. لەواندا بۆن و بەرامەی «هەڵاڵە»ی نوالان هەڵدەمژم. دەبمە دێوەرە و چەرچی؛ شیرینی و نوقڵی چیرۆکانی هەڵوای تەنتەنانی «پێکەنینی گەدا» تەبەک تەبەک دەبەمە گوند و شاری تا لە نیشتمانی بێبزەدا، بزە بێنم بە دیاری و بۆ ئاسمانی هەژاران کولوور کولوور زێڕ و زەنبەر لە چاوی پێنووسیدا بۆ دابارێنم. ماندوو، ماندوو تەنگەتاوم، تاو لە نێوەڕاستی ئاسمانی دڵم چەقیوە و لە کولاوکەی ئاسمانی هەناومەوە، چاو لە باڵای تاسەم دەکا. ماندوو و شەکەت پێ بە پێی ڕووبار، دۆڵاودۆڵ، هەنگاوەکان شەهید دەکەم. لە «حەیدەرمەست» لە ماڵی دڵی

«قادر عەلیخا» لادەدەم و لە ساباتی ڕازاوە بە گوڵ وشەی «ئەو ڕووبارە بۆ وا دوورە» قومەئاوێک دەخۆمەوە. دەبمە حەیدەرمەست، مەست و سەرخۆش ئۆخژنێک بە دڵما دادێ، لە وێنەی ئەو ڕووبارەدا لە هەگبەی چیرۆکی «پوورەکەوێ»، چەند سەربوردەیەک سوێراوک دەکەین و بە دەرزی دڵ ئەو ڕۆژە بە داوێنی ئێوارەدا دەدوورین، لە تەنگی نوێژی شێواندا ئاخمان لقوپۆ دەکا و خەمینەبزەیەک دەملێ و لە نیشتمانی بێگوڵدا چەپکچەپک قاقای «ئارەزوو» لە گوڵ دەپشکوێ. لە ئاسمانی ئەو ڕووبارەدا، گارەگاری هەورێکی چڵکن و شریخەشریخی قامچی ئاوری سۆز، سینگی هەوری هەست دابێژدابێژ و هەرێمی ئاسمانی خۆزگەی خۆزگەخوازان دەکاتە ڕێبازی تروسکەی هەورەبروسکەی ژان و دەستاوی تلاوی ئاوی غەم تلاسکە دەبەستنە ماشیوی زام، ئاوی سەدان ماشیوی دەرد دەرژێنە نێو شیوی شین و ئاوی قووناوی شیوی شین خۆ دەخەنە باوەشی قەڵبەزەی برینێکی تارا بەسەر، تارایەک لە خوێن دامدەپۆشێ، تەرمەکەی حەلاج بە بەرچاومەوە جۆلانە دەکا. نیوەشەوە، وڵات بێدەنگ، لە بن ڕێژنەی هەودای تەزوو و بروسکەدا زایەڵەیەکی کەمەربارێک لە «جەغەتووی فرمێسک» «بۆران» ژوان دەکا. لەو شەوە تارەدا، لەو گێژاوە بەسامەدا، ڕەخشی خەیاڵم تاو دەدەم لە «تەتەهوو»، لەسەر کانی ئەوین دەستنوێژ دەگرم. دەبمە دەروێشی ڕێگای عیشق. پرچی غەمەکانم درێژ و پرچن و پرچنینن، لۆلۆ لەسەر لۆ لادەکەن و بە لۆ لەپی، مەشکی لەپێیان پێ دەژەنن، گەلۆ، گەلی دەماجرایە، ئاگری گڕێ بەربۆتە دەروونی دەروونخانی، نە بە بای دەکوژێتەوە نە بە بای بارانێ، نە بە پاچ و پێمەڕە و گڵ وەسەردانێ، خۆ نە بە غەمی نیوەشەوانێ، نە بە فرمێسکی دەگریانێ. ڕێبوارم بۆ گراوی دڵی گڕاگڕ هەگبەی غەم و پرێسکەی ژان لە کوڵدا، چۆغەی ئێش لەبەردا، سۆرانی سۆزێک لە دەستا و کاکۆڵی خوێن هەڵدەدەمەوە و گوڵی هیوا لە بەردەلانی بەرداوی چاوەڕوانی بەردبژێر دەکەم. کۆشێک قاشوولە شکاو بۆ کۆشکی ڕووخاوی ئارەزووکانم بە لەلەی لاکراوی داری حەزەکانم شۆڕ دەکەمەوە و بۆ سەر تەرمی تەرەکراوی تاسەکانمی دەبەم. بە تەزبێحی زیکرەوە بیراوبیر دەڕۆم، غەمەکانم دەنک دەنک دەخەم. دەچمە «شاری دڵ» و «زەنبیل» ڕووگەمە. هاوار دەبەمە بەر «شای نوورانی»، نامەی نیازم دەکەمەوە، زامێکی کوڵمەسوور لە لاپەڕەی مێژووی زامەکانم پەڕ لێدەدەم. لە بن کەپرەڕیحانەی ماڵی شێعری «ئاوات»، بووکی گوڵوشە، تارا لە سەر ڕووی لادەدا و بولبول دەجریوێنێ و «سمایلئاغا»ش دەبێتە «خاسەکەو»ەکەی

ئاوات و دەقاسپێنی، لە باغی زەنبیل نیگام تێکەڵ بە نیگای پەپوولەی هەستی شۆخ و نەخشینی «حەسەن دەرزی» دەکەوێ کە وێڵی بزەی نیگای گوڵی «کالێ»یە و دەبێتە کوڕەحەیران و گازی یاری دەکا بۆ جێژوان، ئەوە ئەوڕۆکە چاوەکەم چەندم گاز کردی لە جێژوان: ئەوە تۆ دەستت بڵیند نابێ لەبەر بازن و بەربازنان، ئەوە چاوت هەڵنایە لەبەر بسک و شابسکان. لە داخی یار و چەوتی زەمان بە ناهۆمێدی سەر دەنێتەوە. لە داوێنی «چیای وەستا مستەفا»، «یۆسف مستەفا» بە چریکەی باغی سێوان باغی سێوان هاتە گوڵموژدەی هاتنەوەی سێوێ دەدا بە یاری دڵ بەکوڵ، بە دەنگی «زایەڵەی شاخ و قیژەی گوڵەباغ» تەزبێحی زیکرم دەپسێ. لە دوورەوە «تاپۆی وەرزێکی سەوز» دەبینم. بە گردی گوڵان، ئاوەژووی «گەردیگلان» دەبمەوە.

ڕێگام «ئەمین»ە و «گەردیگلانی»ش هاوسەفەرمە. لەمێژە هاوینی عەشقی لەشی سووتاندووم و تاسۆقی بەفراوی شێعریم و کلووکلوو بەفری شێعری تارام بۆ دێنێ و لەوێڕا ڕێبواری تینووی لێوانم ڕچەی کوێستانی گۆنای شێعری دەشکێنێ. بە پەیژەی سەوزی دڵداری دەچمە نێو باغی شێعری تەڕی و عەتری حەز لە سینگی پڕ لە بریایدا دەپژێنم. لە «نارنجی فڕین»دا هەستم گڕ دەگرێ و دەبێتە بڵێسەیەکی نارنجی و پەڕەسووتاوی کۆڵکەزێڕینەی خەیاڵم دەبێتە بەورینگ و بەدەم تینی داخ شەکان شەکان لە ئاسۆگی دەلاقەی دڵ سەر دەکەوێ و لە چاوان ون دەبێ. هەر لەوێڕا سووتووی ڕۆحم دەفڕێ بۆ «کانی چاوڕەشان»، لە پەنجەرەی «تاپۆ و بوومەلێڵ»ی «سوارە»وە چاو دەبڕمە دیمەنی «کچی بەیان»ی و گوێ بۆ زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانی دەگرم. بە جامی ئاوی کانیاوی دێ کوڵی دڵی پڕم لە دەردی ئینتزارەکەی عیلاج دەکەم، لەگەڵ «شەنگەسوار» چاوێک دەخەینە بیری تلووعێ.

ئەسپی مراد ڕکێف نادا و قوشقی و سڵ، لە باسک و زینووی «قەرەقا» سەر دەکەوین بە بۆنی عەتر و گوڵاوی «گلۆڵان» دەبینە میوانی باغی «عەتری» و لە سەر «بستووی ژیان» وچانێک دەگرین و لە کۆلکەزێڕینەی خەیاڵی لە«شەوێک و خەوێک»دا دەڕوانمە پڕشنگی ورەی و ژیلەمۆی ئاواتەکانی. لەگەڵ «سەعدوونە شێت» دەبمە هاوڕێ و لە کەلێنی قامکەکانییەوە دەڕوانمە تریفەی کانیلکەی خەیاڵییەوە و لەگەڵ پەپوولەی هەستی دەتریقێمەوە و لە پێناو ڕێگای مرادی سەر دەنێمەوە. لەسەر قسنی فەنای ئاواتەکانی پەڕۆی ئاڵای هومێد ڕادەوەشێنمەوە. لەگەڵ ڕۆحی «نووری»، ڕۆحم بە تاڵی بروسکەی چریکەی هەڵۆی تەرت و تەلان دەبەستم، لە

«بەردەهەڵۆ» لەگەڵ «ڕاوچی»؛ ڕایەخمان گیای لاپاڵ و تویشوومان کترییەک چای بە دووکەڵی چڕ دەمکراو.

من بەر لەوەی لێو بە لێوی شێعرەوەی نێم، شاخ پڕ دەبێ لە پەپوولەی گزینگ. بزەی ئاسۆ، بزەی تێدەزێ، باڵا و بزەی، خۆر و چیا دەتاسێنێ. «بزە»ی دەبێتە شمشیری خۆر و لە کالانی ئاسۆی «شۆڕش» دێتە دەرێ و سەری هەوری غەم دەپژێنێ و پەڵپەڵەی جەستەی نیشتمان دەهەژێنێ.

لە گۆڕەپانی خەیاڵیدا، هەر کۆترەشینەی شێعرە لەبەر شەبەقی چاوی وشەی «شەوارە» دەبن و تاوێ لە لق و پۆپی لێرەواری شیوی تاسە ئۆقرە ناگرن و غەوارە دەبن. لە نیشتمانی چرگەن و چۆڵ و تەرت و هەڵدێر و هەڵەمووت و لێژی هەزاران ڕەنگ و دەنگ لە دایک دەبن. لە «حەشری ڕەنگەکان»ی «عەزیز مەحموودپوور»دا خۆیان دەبیننەوە. لەو دەمەیرا، چیرۆکێک بە ڕووی شاخا هەڵشاخا و بێچووشێرێک لە پشتی بەردەهەڵۆ لە گەرووی چیرۆکی «دۆنا دۆن»ی «حوسێن شێربەگی» دەگوورێ و لە وڵاتی بێ وڵاتیدا لە دایک دەبێ و لە دووکەڵدا چاوی دەپشکوێ و بە قرمەی تفەنگ گوێچکەکانی دەکرێنەوە و بە دەم «زریکە»وە پێ دەگرێ. ژیان بۆی دەبێتە پایەکی تۆزاوی و لە پەنگخواردنەوەی تەنیاییدا «شار بە دەر» دەبێ. وەک باڵندەی لانەواز لە شاخی «قەڵاتە». لە بناری «زاواکێو» میوانی هۆبەی مەلا «مستەفای زاواکێو» دەبم. لە ئاوی کانیاو و بەفراوی «هەگبەی بنار» لە بن شکۆفەکانی داری هەستی «ئەحمەدی کوڕ» شەربەتی ئەوین دەنۆشم لە حوجرەی لێوەکانیدا حینجەی زەردەخەنە دەڕۆم. لە «شێخ ڕەش» لەگەڵ «ئەحمەد و ئامین» بۆ گەیشتن بە مرادمان چل دانە دەگەڕێنەوە، بەڵام لەوێ بەردی نیازی نەزۆکمان کێلی بەخت ناگرێ و کێل لە مەزرای مەزاری دڵمان دەڕۆی و هەموو ڕۆژێ پۆلەڕێبوارە غەمێکی قەیرە بەوێدا لە درگای ڕێ دەدەن و شاڵێکی متفەرکی ژان بەسەر دە ڕۆحی هەڵۆڵماندا هەڵدەکەن. کۆتری ئاواتم لە شەقەی باڵ دەدا و کڵپەی ئاسمان شەق دەکا لە «بێش بەرماغ» لە بن دڵی ماڵی «حاجی کیمی» لەنگەر دەگرێ. ئەوە زەینی خۆم دەدەمە تیرەگی کوێستانێ، ئەوە بەهارێکە لە من لە شەڕێ. هەی چاوی جاسوست کوێر بێ، قامکی پەلەپیتکەت هەڵوەرێ، ئەوە سەیدوانە، تفەنگی خۆت مەهاوێ. سەیدەوانە و هەگبەیەک پۆلووی هەست و کۆڵێک کوڵی گریانی خەست و چیرۆکێکی چل هەڵوەری و لایەلایەی شینی شەو، خەیاڵی خولیای بووکێکی ڕەشپۆش، زایەڵەی شمشاڵی گەرووی چەکێک و تاوەبارانی فرمێسکی دایکی بە کۆڵەوەیە. کاکۆڵی

کاکە سەیدەوانێ، لەگەڵ گوڵی لە کوێستانێ بای شەماڵ بە سەریەکی دادێنێ. بووکی سووری دەزگیرانی سەیدەوان لە هەورازی هەواری حەسرەتدا، لە ئاتەگی چیای دابڕان ئاوەژوو دەبێتەوە و لە کێوی کەسەر وچان دەگرێ کە زەینی خۆی دەداتە ئاسۆگ: مەیتی ژیان و تابووتێک بزە بەسەر شانی خەڵکێک داخ و قەتارەیەک مەلای زام، سەفێک سۆفی ئازار و پۆلێک دڵی بێ تین و کەرتێک چاوی مۆلەق لە کۆڵانی ڕێ ونبووندا بەرەو گۆڕستانی هیوا ڕیزیان بەستووە و خەونی تەرمی خۆیان دەلاوێننەوە، ئەرێ گوڵی سوورەگوڵێ، دەرمانی بۆ سەر برینێ لە هێلێ لە دارچینێ لە ژەنگی گوارە و لە تۆزی شەدە لە ئارەقی قوڵکەی بەرگەردنێ. بووکی سووری ئاوات لە «کۆکە» لە بژوێنی «کۆلکەڕەش» دەچێتە نێو ڕۆحی شێعری «حوسێن مامڕۆستەمی»یەوە و «لە دەلاقەی ئەوینەوە»، عەشقی کۆنی، پێگەی لەسەر جەرگی بریندار دادەنێ. کە چاوی بێ ناز و کز و پڕ ئینتیزاری بووکی ئاوات دەبینێ، سینەی پڕ لە عیشقی بۆ دادەدڕێ و چەسپی تەونی یادی تەنراوی بە تان و پۆ دەکا. هەر هەموو پێکەوە لەگەڵ دڵی دوورەوەتەنی «خاڵەمین بەرزەنجی» دەچینە سەر ئاوی سارد و سووکی «کانی سەردار» و گەرووی شێعر و لێوی ویشکی تەڕ دەکەینەوە و درگای دیوانی مەلا «مارف کۆکەیی» دەکەینەوە و لەگەڵ ئەودا شینێکی تازە لەسەر داخێکی کۆنتر لە کای کۆن لە سەر گڵکۆی مەلا «عەلی» پێکراویی خەنجەری خەیانەتی دەرەبەگایەتی دەگێڕین، لە کۆکەوە بە کەژاوەی بووکی سوور و ژانی سەیدەوانە و بەرەو «کۆشکی خاتزارا» ڕێ دادەگرین، هەناسەسوار بە باڵی ڕۆحمدا شەکەت شان دەکوتم. بۆ قرت کردنی خەمێکی خرت، تاوێ سەرخەوێ لە سەر سەکۆی حەیرانێک دەشکێنم و لە ژێر پۆپەشمینەی ئاوازێکی بێ واز و تاسەیەکی تاساو، گوێڕەشماڵی دڵ دەسپێرمە دەم «سوارۆ»ی دڵسواوی هەرێمی سەودادڵانی دڵ بەسۆ: ئەی نایە، وەی نایە، دەنگی چووکەڵەسوارەکەی من نایە، شەرتە ئەگەر بێتەوە لەوێ کاولەعەسایە بۆی هەڵدەگرم کلیلی تەوقان، تەلەسمان، گواران، زەبەرجەدان، یاقووتان. ئێوارەیە و کاتی ناشتنی تریفە، مەشتەی تیشک بەرەبەرە بەرەو ناخی مەزاری لیڵ و لمی تاریکیداا ئاژن دەبێ. شەو دەبینە میوانی کۆشکی خاتزارا، ئەویش بە لاوێچێک گەنمی برژاو و مێوژەڕەشەی سەردەشت و گوڵبزەیەک بەرەو پیرمانەوە دێ، لەو کۆشکەدا «مەستوورەی ئەردەلان» لەبەر ئاوێنەی مێژوو بە کلچێوکی بیری چاوی مێژوو دەڕێژێ و «ژیلا حوسێنی» لە «قەڵای ڕاز»دا، پەلکەکانی دەهۆنێتەوە و «لەیلا ساڵحی»ش «گاتاکانی زەردەشت» و

«خەونەکانی ئەهوورامەزدا» لە هێڵەک دەدا. «عەلی غوڵامعەلی»ش دەبێتە «پاتشای تەنیایی» و لە پێتەختی تەنیاییدا حوکمەت دەکا. زاری بۆنی «عەتری تیرۆز»ی لێدێ و بە «بۆنی شەو» ئارام دەگرێ و «چغە لە چارەنووس» دەکا. شەوە، ڕێگە سەختە و ئاسمانیش دوور. چوارشەممەیە، چوار کولێرەی هەناسە دەخەمە باخەڵمەوە دڵ بە دڵی «پیروێنس»ەوە دەنێم، هەناسەکەی لە حەوت بەرگی ڕەنگاوڕەنگ دەگرم، بە قامکی شادە و ئاوی مێخەک ناوی چل سوارەی غەیبی لەسەر دێنم. دەچمە «قاڕی موسا»، «موسا»ئاسا  بە هومیدی قەبەسێ، دەڕوانمە «میرقاز». تاریکستانە، لە نساری میرقاز «تروسکەیەک لە تاریکی» «سەلاح نیساری» شەبەق دەدا، بۆ گەیشتن بە تیشک، بۆنی کولێرەی هەناسەی نێو باخەڵم بە بای شەماڵ دەکەمە «گوێزەبانە»ی ئاشنایی و لە گڕی هەناسەیدا «دەتوێمەوە» لە ناخیدا دەبمە «خەزێنەی هەرمان»، خەزێنەی هەرمانیش دەبێتە دوانەی «گەنجەی سەربەمۆر» و پێکەوە دەبنە قاسپەی کەو، تکەی ڕنوو، فیکەی مەلان و چریکەی شالوور و هۆرە و لۆرەی پیرەژیان. تەمتوومانە، چل پلەی عەمانێ، دەبمە لاسەشۆڕ: «مانیی شێ خزم بۆ دەرێنن بە یەکجاری، ڕەمبی نەزەریم بۆ دەرێنن دەگەڵ جووتێ زەرگی خونکاری یا سەری خۆم دادەنێم »یا «گوڵی شۆرانێ» دێنم بە دیاری. لە دەربەندی قەڵای دێو و ئەهریمەندا سەید «قادر هیدایەتی» بە سمێڵێکی بابڕ و نێوچاوانێکی گنجەوە هۆمەن دێنێ و جادوویان بەتاڵ دەکاتەوە، «تەوقی عەزازییل» دەکاتە ملی ئەهریمەن و بە تیشکی ڕۆژ هەر چوار پەلی دەبەستێتەوە، دوایەش لەگەڵ سەییدە سوورە بە مەسقەڵەکەی تەپ دەداتە سەر زگیان و نرکەیان لێ هەڵدەستێنێ، خوێناویان پێ هەڵدێنێتەوە، دەیانبۆڕاند بوو بە «گابۆر». لەم سەفەرەدا لە «هەشتەمین ڕۆژی حەوتوو»دا بە بیری «محەمەد ڕەمەزانی» بە «سێ پلیکان»دا هەڵدەکشێم، و لە پلیکانی هەوەڵدا، لە عەرشی ئاسمانەوە، شێرکۆ بە دەنگێکی بەرزەوە «مزگێنی» ژیان بە هیوا دەدا، «سەر کەوە، سەری زریان کەوە کاکۆڵی هەوورە هەرزاڵت، تریفەی مانگە جێ ماڵت». دەنگی لە پێدەشتی ژیان دەبێتە ندەنگی هەرمان،  هەر لەوێڕا «شێرکۆ فەرهادی» خەون بە کێوێکەوە دەبینێ و دەبێتە فەرهادتاش.  لە لای فەرهادتاش حەمەی ڕەمەزانی و فاکنێر باڵایان بە باڵای فەرهادتاش گرتووە. حەمەی ڕەمەزانی دەبێتە جەواهێرتراش و فەرهادتاش وەردەگێڕێ و «هەرا و تووڕەیی» وە هەرا دەکەوێ و فەرهادتاشیش تووڕە دەبێ. پێمەڕەکەی فەرهادیش بێ پێ دەبێ. لە بن نساری فەرهادتاش «سیاسوت»ە و دەنگی قاسپەی کەو لە شاخی «میرقاز» لە گەرووی «بریا کاکە سووری» «دەنگ

دەداتەوە»، و منیش بە قاسپە و پێکەنین خۆ دەخەمە نێو باوەشی «گەلاوێژ»ەوە. شەو ڕاشکا، ئەژنۆم شل بوو. هەنگاو بە دووم‌دا نایە، «زەوی سەخت و ئاسمانیش دوور» لە دوورەوە بزەی «مارف ئاغایی» تێکەڵ بە بزەی «هادی حەبیبی» دەبێ، دەبنە «هاوڕێ» لەوێ‌را پێ بە «ڕازی مانەوەی خاک» دەبم. لە ئاسۆی میرقاز چەپکێک «گەزیزە» لە «دەشتی جانە» لە «کانی مرادان» دەچنم. دەچمە «باغچە» و لە ماڵی «عەلی کەردار» دەنیشمەوە، لەگەڵ حەیران و نایەی «عوسمانەسوور» دەکەومە کەمەندی مرادەوە. لە «باخچە» گوڵ و ماچ و پەپوولە دابارین. لە هەتاوی بەربەڕۆچکەی بن گوێسوانەی ماڵی دڵی «عەلی کەردار» پژپژەی گۆرانی و هالاوی «مەقام و بەستە» لە بەژنی ژوورێکی سارد هەڵئەسا. لە دەفەی شانی‌دا قوڵتەقوڵت ئازادی هەڵئەقولا و لە نێو بێستانی سینگی‌دا گوڵاڵە دەڕوا. لە ڕێگەی «باخچە»وە دەست دەکاتە گەردنی دارستان و بە هەگبەی پڕشنگ و گوڵاڵە دەچێتە نێو دەنگی خەڵکەوە و سەر دەدا لە وەرزی سووتان و برژان، ئەو بە ژێی بڵێسە، تاری ئەوین لێدەدا.

«فاتەشاری» بە گوڵی حاجیلەی دیدەی، کڵاوی مەرەز و جووتێک گۆرەوی میرزایی بە بەنی ڕەشی خەمی و بە شیشەی ژێی هەناسەی بۆ «تەرەغە» دەچنێ. عەلی کەردار «بەیت و حەیران» و گوڵاو و هاوار و گزینگ ئاوێتەی یەک دەکا و نیشتمان لە دەنگیدا کەو خوێندنیەتی. لە «پاییزە» ڕیشی پەپوولەی پاییزی لە بن توترکی غەریبی هاڵاوە، لەوەتی ئەو گوڵە نەماوە «باخچە» بە دوویدا دەگەڕێ، کە سێبەری هەوری نەما «تەرەغە» بە دوویدا دەگەڕێ.

عەلی کەردار پرچی جێماوی قەسیدە و کاکۆڵی خەونی گوند و قیژەی هەڵوەریو، دەکاتە دەسرازەی لانکی ژان و وڵات ڕادەژەنێ و لایەلایەی خەمێکی دەست و پل زبری بە سەردا دەخوێنێ. دەنگی دەبێتە چیرۆکێکی کۆن بۆ کوانووی نیشتمان.

عەلی کەردار لە هەناوی چیای تەرەغە دەبێتە بنچ، دەنگی بە شاخی ماندوودا دادەگەڕێ و دەچێتە نێو برکانی برینەوە، ڕۆحی «حەیران و گەلۆ» وەک ئاشقە و ماشقە لە قەدی شمشاڵی گەرووی دەهاڵێن، منیش لە دەنگیدا، لە پێدەشتی هەناسەیدا، دەبمە ڕێبوار و گژوگیای سینەی دەکەم بە ڕێگا و لەبەر ئاگردانی یادی، ژیان دەنووسمەوە.

| وشە هاوپیتەکانی (جناس) وتاری « سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات » | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هاوپیتی تەواو (جناس تام) | هاوپیتی ناتەواوی جێوازیدار (جناس ناقص اختلافی) | | هاوپیتی ناتەواوی زیادکراو (جناس ناقص افزایشی) | هاوپیتی ناتەواوی بزوێندار (جناس ناقص حرکتی) | هاوپیتی ناتەواوی پێچەوانە (جناس ناقص مقلوب) |
| بیر (خاتر ، چاڵاو) | باران ، بۆران | سۆرانی ، | باڵ ، باڵا | بەن ، بۆن | پرچ ، چرپ |
| تار (تاریک ، ساز) | باسک ، باوک | گۆرانی | بسک ، باسک | تان ، تین | خۆش ، شۆخ |
| سەر (سەلک ، | باڵ ، پاڵ ، تاڵ ، خاڵ | سۆز ، تۆز | پرچ ، پرچن | تێر ، تار | ڕنوو ، ڕوون |
| بان) | ، ماڵ ، یاڵ | شا ، با ، کا، چا | تار ، تارا | دار ، دوور | شەڕ ، ڕەش |
| شین (ڕەنگی | باریک ، تاریک | شان ، شار ، | تین ، تینوو | داو ، دێو | شەو ، وشە |
| ئاسمانیٚ ، گریان) | بان ، پان | شاخ ، شاڵ | چڵ ، چۆڵ | ژان ، ژین | مەزرا ، مەزار |
| نایە (نیٚ ، نایەت) | برژان ، برژاو | شل ، چل ، پل | چلک ، چلکن | شان ، شین | وەک ، کەو |
| | بروسکە ، تروسکە | شەو ، شەڕ | خەو ، خەون | شەڕ ، شۆڕ | |
| | بن ، من ، ون | شەو ، کەو | دڵ ، دڵدار | گڵ ، گوڵ | |
| | بەرگ ، زەرگ | شەوێک ، | ڕەوە ، ڕەوەز | نەقڵ ، نوقڵ | |
| | بەفراوی ، بەرداوی | خەوێک | ژان ، ژوان | نێو ، ناو | |
| | بۆ ، پۆ ، تۆ | شین ، شیو | ژیٚ ، ژێر | | کاک ، کاک |
| | بۆن ، کۆن | شێوان ، سێوان | سار ، سارد | | مام ، مام |
| | بیر ، پیر ، میر | قرت ، خرت | سار ، نسار | | |
| | پاچ ، ماچ | قژ ، گژ | سەر ، سەرین | | |
| | پڕ ، چڕ ، گڕ | کەردار ، | سوار ، سوارە ، | | |
| | پیٚ ، بیٚ ، سیٚ ، جیٚ ، | سەردار | سوارۆ | | |
| | دیٚ ، ڕیٚ ، شیٚ ، ژیٚ | کەز ، کەژ ، کەو | شا ، شاخ | | |
| | تاو ، چاو ، داو ، ئاو | کوڵ ، کول | شاڵ ، شمشاڵ | | |
| | ، لاو، ناو | کێو ، کێل | شەق ، شەبەق | | |
| | تریفە ، تریقە | گردە ، وردە | شەق ، شەقە | | |
| | تەڕ ، پەڕ | گریان ، زریان | شۆڕ ، شۆڕش | | |
| | تیشک ، ویشک | لاوک ، لانک | شین ، شینکە | | |
| | تینوو ، زینوو | مل ، پل ، چل | قەڵا ، قەڵات، | | |
| | جار ، دار ، زار | مەراق ، فیراق | قەڵافەت | | |
| | چیا ، گیا | مەست ، دەست | کانی ، کانیاو | | |
| | حەز ، کەز | ، هەست، | کەژ ، کەژاوە | | |
| | حەوت ، چەوت | خەست ، بەست | کوڵ ، کوڵمە | | |
| | خەم ، چەم | مەل ، پەل | کۆش ، کۆشک | | |
| | خەم ، خەو | مۆر ، بۆر ، | کۆکە ، کۆلکە | | |
| | خوڕ ، کوڕ | خۆر | کۆڵ ، کاکۆڵ | | |
| | خۆڵ ، کۆڵ | میوان ، دیوان | کۆڵ ، کۆڵان | | |
| | داخ ، ناخ ، ئاخ | نێو ، لێو، سێو ، | گڵ ، گوڵ | | |
| | دوور ، سوور ، | کێو ، دێو | گنج ، گەنج | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژوور | هەزار ، هەژار | گەل ، گەلۆ | | |
| | دەشت ، دەست | هەناو ، هەتاو | گوڵ ، گوڵاو | | |
| | ڕاز ، واز ، ناز ، گاز ، | هەنگ ، دەنگ، | ماڵ ، ساماڵ ، | | |
| | باز | ڕەنگ ، تەنگ ، | شەماڵ | | |
| | ڕەش ، ڕیش | پەنگ، شەنگ ، | ناو ، پاناو | | |
| | ڕەش ، لەش | ژەنگ | هەور ، هەوراز | | |
| | زام ، سام | هۆرە ، لۆرە | یار ، یارە | | |
| | زەرد ، بەرد ، دەرد | وەرز ، بەرز | یاری ، دیاری | | |
| | ژوان ، ژیان | ئاوات ، ئاواز | ئازا ، ئازار | | |
| | سڵ ، گڵ ، چڵ | ئاور ، ئاگر | ئاو ، ئاور | | |
| | سووک ، بووک | ئەسپ ، چەسپ | ئاو ، ئاوات | | |

چوار جۆری وشەی هاوپیت هەڵگیراو لەو دەقە لە خانە خانەکانی ئەو خشتەدا ڕیز کراون. لە هەژمار کردن و لێکدانەوەی وشە و پیتەکان دەو خشتەدا دەر دەکەوێ کە بەرەنگاری دەقێکی ئەدەبی و بەنرخ بووین. ئەمجار دڵگەرم دەبین جارێکی تر بیخوێنینەوە و لە پێوەندی وشەکان چێژ وەربگرین.

**سەرچاوەکان**


١. دهخدا ، علی‌اکبر (١٣٧٧) لغت‌نامه دهخدا. انتشارات دانشگاه تهران، جلد ج ، مدخل «جناس»

٢. شرفکندی، عبدالرحمن. هه ژار (١٣٦٩). هه نبانه بورینه، فرهنگ کردی-فارسی (یک جلدی). تهران: انتشارات سروش

٣. مردوخ روحانی، محمد ماجد (١٣٨٨). فرهنگ فارسی-کردی دانشگاه کردستان (یک جلدی). سنندج: نشر دانشگاه کردستان

4. Matthews, P.H. (2007). The Concise Oxford Dictionary of Linguistics (2nd ed). Oxford: Oxford University Press.

5. Richards, J.C. and Schmidt R. (2010). Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics (4th ed). Harlow: Pearson Education.

6. Yule, G. (1996). The Study of Language (2nd ed). Cambridge: Cambridge University Press.


7. Crystal, D. (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics (6th ed). Oxford: Blackwell.



* **کارناسی باڵای فێرکاری زمانی ئینگلیزی - مەهاباد**

# نەڤەرەی ڕۆکیرۆ- بێخزانی
# (Rokiro Theory_ Bekhzani)

تاریق هەمەوەند




## پەرتی حەوتەم

### شیگەریی وشەی « خڤڤ- گفت »

بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، وشەی( خڤڤ) بە مانای (دەنگ- قسە) هاتووە. کورتەبزوێنێ نێوان هەردووپیتی(خ) و( ڤ) ، لە هەندێ ناوچە بە ( سەر- فتحة) لەڤز کراوە و لە هەندێ شوێنێکی دیکە بە ( بۆر- ضمة) لەڤز کراوە، لە بەر ئەوە ئەم وشەیە بە دوو شێوەی ( خوڤڤ) و (خەڤڤ) دەرکەوتووە. ئەم جۆرە وشانە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی دیار، لە زمانی کوردی و فارسییدا دەبینرێن. بۆ نموونە: (من- مەن)، (گومان-گەمان)، (گوفتەن-گەفتەن)، (خوڤر- خەڤر). وشەی ( خوڤر- خەڤر) بە مانای چاڵ هاتووە. دواتر وشەکانی (گوڤر، گەڤر) ی لێکەوتۆتەوە. دوای گۆڕانی دەنگی ( ڤ) بۆ ( و) لە وشەی ( گوڤر) وشەی ( گوور) کەوتۆتەوە، لەزاری کەڵهوڕیی و زمانی فارسییدا وشەی ( گوور) هەروەک خۆی ماوە. لە زاری سۆرانییدا بووە بە ( گۆڕ)، لە زاری لوڕییدا بووە بە ( قور–قەور)، دواتر وشەی ( قەڤر) و( قەبر) ی لێکەوتۆتەوە. وشەی ( خەڤر) یش، لە زمانی عەرەبییدا بووە بە ( حەفر- حفر).بە دیوێکی دیکەشدا، وشەی( گەڤر)، بەشێوەی ( گەبر) کەوتۆتە زمانی

ئازەرییەوە، وە لە زمانی هیندییشدا بووە بە ( کەبر). هەروەها وشەی ( گوڤر- گەڤر) بەم جۆرانە کەوتۆتە ناو زمانە ئەوروپییەکانەوە:- بە سویدی و دانمارکی»گراڤ- Grav»، بە ئەڵمانی» گرەب- Grab»، بە ئینگلیزی و ئیتالی»گرەیڤ- Grave»، بە پۆڵۆنی « گروب-Grób »، بە سلۆڤاکی» هرۆب- Hrob». هەروەها وشەی ( گوڤر) و ( گوور) ، بەشێوەی ( کور- کول- قور- قوڵ) کەوتۆتەوە . هەروەها دوای ئەوەی کە وشەی ( گوڤر) گۆڕاوە بۆ ( گوفر)، بەشێوەی ( گوفرە) کەوتۆتە ئاوێستاوە و بە مانای ( قوڵ) هاتووە، « فرهنگ واژەهای اوستا- احسان بهرامی- جزء ١» .

بەو شێوەیەی سەرەوە وشەی (خڤث) بە هەردوو شێوەی ( خوڤث) و (خەڤث) کەوتۆتەوە. ئەم وشەیە لە باری چاوگدا بووە بە ( خوڤثەن) و ( خەڤثەن)، کە ئەمڕۆ لە زمانی فارسی و کوردییدا گۆڕاوە بۆ ( گوفتەن، گەفتەن، گوتن، کوتن، وتن).

لە پەرتەکانی پێشوودا لە بارەی « پەیڕەوی هانەونا» دوواوم. ئێستاش بۆ وەبیرهێنانەوە، بە کورتی چەند نموونەیەک دێنمەوە. لە « پەیڕەوی هانەونا» دا، پیتی (أ) و( ن) هەندێجار لە گەڵ پیتێکی بزوێندا ، دەخرێتە( بەر) یان ( ناوەڕاست) یان( دووا)ی وشەوە و وشەی نوێی لێ دەسازێنرێت. بۆ نموونە: لە زاری سۆرانییدا پیتی( أ) خراوەتە بەر وشەی (سان) و وشەی ( ئاسان) ی لێسازێنراوە، هەمان وشە لەزاری کرمانجییدا پیتی (أ) خراوەتە دووای وشەکەوە و وشەی ( سانا) ی لێسازێنراوە. یان وشەی ( ڤەث) کە بە مانای (تەنێک یان جسمێکی نادیار) دێت، بە هەمان کرداری سەرەوە، هەردوو وشەی ( ئاڤەث) و ( ڤەثا) ی لێسازێنراوە، کە دواتر هەردوو وشەی ( ئافەت) و (پەتا) ی لێکەوتۆتەوە. هەمان وشەی (ڤەث)لە گەڵ ( ن) دا ، هەردوو وشەی ( نەڤەث) و( ڤەثن) ی لێسازێنراوە، کە دواتر گۆڕاون بۆ ( نەفس) و( وثن) کە بە واتای ( جسم) و( هیکل) دێن. هەندێجار هەردوو پیتەکە پێکەوە دەکەونە سەر یەک وشەو دوو واتای جیۆاز دەسازێنن، یان لە دووجار زیاتر ئەم پیتانە دەخرێنە سەر هەمان وشە، بۆ نموونە: وشەی ( گر- گڕ) کە بە مانای ( لهب) دێت، لە گەڵ پیتی( أ) دا وشەی ( ئاگر)ی لێسازێنراوە کە بەمانای ( حریق) دێت. دوای وشەی ( ئاگر) گۆڕاوە، بۆ ( ئاور) و( ئار)، جارێکی دیکە پیتی(ن) خراوەتە سەر وشەی ( ئار) و وشەی( نئار- نار)ی لێسازێنراوە، کە بەمانای تیشکی ئاگر دێت، دواتریش بووە بە ( نور)، بەڵام هەردوو وشەکە کەوتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و وشەی ( نار) بۆتە هاوواتای (حریق)و و وشەی ( نور) یش بۆتە هاوواتای (ضوء). دیسان جارێکی دیکە پیتی ( أ) خراوەتە سەر وشەی ( نار) و وشەی ( أنار- هەنار) سازێنراوە. شایانی

ئاماژەیە لە کۆندا زۆربەی ناوی میوەکان ، ئەوانەی کە ڕەنگەکانیان ڕەنگی ئاگریین، بە ناوی ئاگرەوە ناونراون ، وەک (ئەنار←هەنار)، ( ئارو← ئاڵو← هڵو)، ( ئارخون← ئەرخەوان)، ( ئاورڕەنگ← ئاورڕەنج← ئاورەنج)، (نارڕەنگ← نارڕەنج← نارەنج← لارەنج)، ( نارڕەنگی← نارەنگی←لارەنگی←لالەنگی).

بەو شێوەیەی سەرەوەو بە پێی « پەیڕەوی هانەونا» لە وشەی ( خوڤثەن- خەڤثەن) ەوە لە گەڵ پیتی(أ) دا. وشەی ( ئاخوڤثەن- ئاخەڤثەن) سازێنراوە ،کە دواتر وشەی (ئاخاڤتن- ئاخافتن- ئاخاوتن) ی لێکەوتۆتەوە، کە واتای(محادثة) ی لە خۆگرتووە. هەروەها لە گەڵ پیتی (ن) یشدا، وشەی ( نخوڤثەن) سازێنراوە، کە دواتر وشەی (نهوڤثەن- نووڤثەن) ی لێکەوتۆتەوە و واتای( نووڤسەن)( نڤیسەن)( نڤیسین) (نووسین)ی لە خۆگرتووە.

لە باری سیفەتی بەرکرداردا وشەی ( خوڤث) بووە بە ( خوڤثە)، دوای گۆرانی دەنگی (ڤ) بۆ ( ف) و( و)، وشەی (خوڤثە) دەبێت بە (خوفثە) و ( خووثە- خوثە) کەدواتر( گوفتە)(گووتە-گوتە)ی لێکەوتۆتەوە. وەدواتریش ( وتە) کەوتۆتەوە. دوای گۆرانی دەنگی (ث) بۆ ( ت) و(س). لە وشەی ( خوثە) ەیشەوە وشەکانی( خوتە) و (خوسە) کەوتوونەتەوە. وشەی ( خوتە) واتای قسەکردن لە ژێر لێوەوەی وەرگرتووە، کە هە ندێجار لە گەڵ وشەی( بۆڵە) دا پیکەوە دێن شێوەی( خوتەوبۆڵە)، هەندێجاریش هەرخۆی دووبارە دەکرێتەوە بەشێوەی( خوتەخوت). لە وشەی (خوسە) یشەوە، وشەی ( قوسە) و(قسە) کەوتۆتەوە، کە بەشێوەی ( قصة) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە. کە لە قسەکردن دەربارەی شتێکەوە، واتای( چیرۆک)ی لە خۆ گرتووە.» زۆر سەیرە هەندێ ئێتیمۆلۆجیستی کورد، دەڵێن کە وشەی(قسە) ی کوردی لە (قصة) ی عەرەبییەوە هاتووە، ئایا چۆن دەبێت قسە لە چیرۆکەوە بێت، کە چیرۆک خۆی قسەیەو قسەیش بەر لە چیرۆک هەبووە؟! ئایا دەکرێت بگوترێت وشەی (حکي) لە (حكاية) وە هاتووە؟! هەر خودی وشەی (حكاية) کە لە هەندێ زاردا بووە بە (حچایە) بەواتای قسەکردن هاتووە، بەر لەوەی کە واتای چیرۆک لە خۆ بگرێت». بەدیوێکی دیکەشدا وشەی( خوسە)لە زاری لوڕی وکەڵهوڕییدا واتای( خەفەت)ی لە خۆگرتووە. ( خوسە خواردن) دیوێکی دیکەی( قسە خواردن) و دیوێکی دیکەی (جوێن خواردن)ە کە دەبێتە هۆی (شکاندنەوەی کەسایەتی) ( اهانە). شایانی ئاماژەیە وشەی ( خەفەت) یش، هەر هەمان واتای ( قسە) ی هەیە. کە لە ( خەڤەث) ەوە وەرگیراوە، وە وشەی ( خەم) یش کە لە پەرتەکانی پێشوودا ئاماژەم پێداوە، بە مانای چەمانەوە دێت کە

هاوشێوەی شکاندنەوەیە. هەندێجار هەرسێ وشەکە پێکەوە دێن، بە شێوەی ( خەم و خەفەت و خوسە)، وشەی ( خوسە) لە زمانی فارسییدا بووە بە ( غصە)، لەزمانی فارسییدا پیتی(ق) بە (غ) لە فز دەکرێت. لێرەدا لە گەڵ (قصة) دا یەکدەگرێتەوە. وە وشەی (خەم) یش بووە بە (غم) و هەندێجار هەردوو وشەکە بەشێوەی ( غم وغصە) دێن.

لە وشەی ( خوڤە)دا کە دەنگی (خ) گۆڕاوە بۆ (ە) و بووە بە ( هوڤە)، وشەی (هوسە- هۆسە) ی لێکەوتۆتەوە، کە واتای دەنگی بەرزی لە خۆگرتووە، دوای گۆڕانی دەنگی(و) بۆ (م) وشەی ( همسە)ی لیکەوتۆتەوە، کە واتای دەنگی نزمی لە خۆگرتووە، هەروەها لە (خەڤڤە) یشەوە، وشەی ( خەبصە) کەوتۆتەوە کە بەمانای دەنگەدەنگ دێت.

هەندێجار لە سەرەتای وشەدا ، کە دەنگی( ە) دەنگی ( و) ی بە دوادا بێت، دەنگی (ە) نامێنێ و وشەکە بە ( و) دەستپێدەکات وەک( هوشیار- وشیار) . (هوروژان- وروژان). بەمشێوەیە وشەی ( هوڤە) یش، گۆڕاوە بۆ ( وڤە) و وشەی ( وتە) ی لێکەوتۆتەوە. شایانی ئاماژەیە هەردوو ووشەی ( وڤە) و( وروژان)، بە هەمان پەیڕەو و بە دوو قۆناغ گۆڕاون، کە لە پێشدا دەنگی( خ) گۆڕاوە بۆ ( ە) دواتریش دەنگی(ە) کەوتووە، بەم شێوەیە:- ( خوڤە← هوڤە← وڤە)، (خوروشان ← هوروژان← وروژان)، کە لەوشەی (خورۆش) وە سازبووە. وە وشەی (وتە) بەمشێوەیە لە (وڤە) ەوە کەوتۆتەوە. هەروەها بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ ( وشە) و( وژە) (وچە) یش کەوتۆتەوە، بۆ گۆڕانی دەنگی (ش) بۆ (ر) و( ڵ)، وشەی ( وشە) گۆڕاوە بۆ ( ورە) و( وڵە) بنۆڕە وشەی ( خشخاش- خرخاڵ- خڵخاڵ). کە بە گشتی ئەم وشانە کەوتوونەتەوە( وشە، وژە، وچە، ورە، وڵە، وهە) « دواتر دەربارەی چۆنییەتیی سازبوونی- وهە- دەدوێم». بنۆڕە ئەم وشانە لە باری کرداردا ( ئەوشم،ئەیشم، موشم، ئەیژم، ئێژم، موژم،موەم، مواچەم، دەیژم ، دێژم، دبێژم، دبێهم- دبێم، دەرێم، دەڵێم، ئەڵێم).گەر سەرنج بدەین هیچ کوام لەو وشانە لەسەر (گفتن) نەگەردێنراون، تەنها لە زمانی فارسیی بەشێوەی ( می گویم – میگەم) و لە زاری بەختیاریدا بەشێوەی ( ئەیگوم)، هەروەها وشەی ( موەم) ی لوڕییش دیوێکی دیکەی (میگەم)ە. لە باری فرمانییشدا، لە فارسییدا ( بگو) ، لە لوڕییدا ( بوهو) کە لە ( وهە) وە هاتووە، لە کەڵهوڕیشدا ، شانبەشانی ( بوشە) و شەی ( بڵە)یش بە کاردێت، کە لە (وڵە) وە کەوتۆتەوە.هەروەها لە ( وڵە) یشەوە ، وشەی ( بۆڵە) کەوتۆتەوە، وەک پێشتر لە (خوتەو بۆڵە) دا بینیمان.

بەدیوێکی دیکەشدا و بەپێی ( پەیڕەوی هانەونا)، کە پیتی ( ن) کەوتۆتە سەر وشەی ( وثە)، وشەی ( نوثە)، دواتر وشەی ( نوسە) کەوتۆتەوە، کەواتای دەنگی تۆمارکراو ( نوسراو) ی لە خۆگرتووە. شایانی ئاماژەیە بەر لەم قۆناغە و لە قۆناغێکی کۆنتردا ، پیتی ( ن)ی هانەونا خراوەتە سەر وشەکۆنەکە کە ( خوثە) بووە و وشەی ( نخوثە)، ی لێسازێنراوە، کە هەردوو وشەی ( نوخشە) و( نوخسە) ی لێکەوتۆتەوە، کە دواتر وشەی ( نوسخە)ی لێکەوتۆتەوە.وشەی ( نوسخە) دواتر واتای کۆپیی نووسراوی لە خۆگرتووە. وشەی ( نوخشە) یش واتای ( نوسراو) ی لە خۆگرتووە. گەر کەسێک لە بۆنەیەکی شاددا هاوڕێیەکەی پیرۆزبایی لێ بکات، ئەویش هەمان ئاوات بۆ هاوڕێیەکەی دەخوازێت، کە بە» نوخشە بێت لە تۆیش « دەریدەبڕێت،» کە بەمانای (بۆ تۆیش نوسرابێت ) دێت، لێرەدا مە بەست لێی ئەوەیە کە لەلایەن خوداوە بۆی نوسرابێت. بەوجۆرە ئاواتخواستنە دەگوترێت( نوخشانە). هەر وەک پێشتر لە (وشە-ورە- وڵە) دا بینیمان کە دەنگی ( ش) گۆڕا بۆ (ڵ)، بە هەمانشێوە ( نوخشانە)یش دواتر گۆڕاوە بۆ ( نوخڵانە)و ( نوقڵانە)، کە بە واتای ئاواتخوازی دێت، بە باری باش و خراپدا، بۆ نموونە دەگوترێت( نوقڵانەی خێر) یان ( نوقڵانەی شەڕ). هەروەها بە گۆرانی دەنگی( ش) بۆ ( ر)، وشەی (نوخشە) گۆڕاوە بۆ (نوخرە)، کە بە مانای (نوسینی هەڵکۆڵڕاو) دێت. کە لە زمانی فارسییدا بووە بە ( نوقرە)، لەبەر ئەوەی کە لە دێرزەماندا پارەی کاغەز نەبووە، پارەی کانزایی هەڵکۆڵڕاو هەبووە و لە سەر( زیو) نەخشێنراوە، ئیدی بە زیو گوتراوە( نوخرە) یان( نوقرە). لە شیعرێکی فۆلکلۆری (زاری لەکی) دەڵێت: بریسکەی نوخرە زەڕی ئەشرەفی... زوڵفش سەری شان وەک ماری خەفی. لێرەوە وشەی ( نقرە) کەوتۆتە زمانی عەرەبیشەوە و ئیدی وشەی (نقر) واتای هەڵکۆڵینی لە خۆگرتووە، دواتر ئەم وشەیە گەردێنراوە بۆ (نقار) کە بە مانای هەڵکۆڵەر دێت، دێت، ( منقار) کە بەمانای دەندوک دێت. هەر وەک لە وشەی (خوڤثە) کە دواتر گۆڕاوە بۆ ( خوثە) و ( نخوثە) ( نوخشە). لە وشەی( خەڤثە) یشەوە بە پێی هەمان پەیڕەو، وشەی ( نەخشە)و ( نەخسە) کەوتۆتەوە، دواتریس وشەی (نەخش)و( نەخس) کەوتوونەتەوە، کە لە وشەی ( نەخس) ەوە وشیی ( نەسخ) و (نەسک) کەوتۆتەوە دواتر کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە. لە وشەی ( نەخش) یشەوە وشەی ( نقش) کەوتۆتە زمانی عەرەبی و فارسییەوە. دواتر گەردێنراوە و وشەی (نقاش) ی لیکەوتۆتەوە.کە بە (فەتحەوکەسرە) دەبێتە( نەقاش) کە بە مانای نەخشێنەر دێت، وە (نیقاش) بە مانای (محادثە) دێت ، وە ( مناقشە) یشی لێسازێنراوە کە بەمانای ( گفتوگۆ)

دێت. ڕەنگە وابزانرێت وشەکە بەو دووشێوەیە تەنها هاوشێوەن و پەیوەندیی ڕیشەییان نییە، بەڵام هەردوو وشەکە دەچنەوە سەر ئەسڵی وشە کوردییەکە کە بە مانای نووسین و قسەکردن دێن.

پیتی (ڤ) کە پیتێکی دولفایە، هەردوو دەنگی (و) و (ی) تێدا ، بۆنموونە: کەرکۆک، دەبێتە ( کەرکویک) و ( کەرکیوک). لێرەوە وشەی(نۆسە)یش، بووە بە ( نویسە). دوای ئەوەی کەپیتی (و) گۆڕاوە بۆ ( ڤ) ، وشەی ( نڤیسە) کەوتۆتەوە، کە لە باری چاووگدا بووە بە ( نڤیسین)، و لە فارسییشدا بووە بە ( نۆشتن- نڤیشتن)، کە وشەی ( نۆشتە- نڤیشتە) ی لێسازێنراوە و بەواتای ( نوسراو) دێت، دواتر وشەی ( نوشتە) لە زمانی کوردییدا، واتای ئەو نوسراوانەی لە خۆگرتووە کە کەسانی ئایینی دەینووسن و واتای ( جادو) ی لە خۆگرتووە.

لە کاتێکدا کە لە گەڵ پیتی ( ن) ی «هانەونا» دا، وشەی ( نخوڤە)، سازێنرا. جارێکی دیکە لە گەڵ هەمان وشەدا، بەڵام ئەمجارەیان لە گەڵ (ن) نەرێنییدا دوای گۆڕانی (خوڤە) بۆ ( خوتە)، وشەی ( نخوتە) سازێنراوە، کەبە واتای( قسەنەکردن-کتم- صمت) دێت، بەڵام واتای قسەنەکردنی سەرکاغەزی لە خۆگرتووە، کە برێتییە لە نوسین « واتە ڕاگرتنی نوسین»، کە دواتر ( نخوتە) بۆ گۆڕاوە ( نوختە) و لە زمانی عەرەبییدا بووە (نقطة). پێشتر ئاماژەم بە وشەی (هوسە) کرد، کە لە ( خوڤڤە) کەوتبۆوە. هەر بەشێوەیە لەوشەی( خوڤڤ) ەوە، وشەی ( هوس) کەوتۆتەوە. وشەی ( کوت) کە هاوڕیشەی (Cut) ی ئینگلیزییە و هاوڕیشەی ( قوت) و(قەت) ە کە لە عەرەبییدا بووە بە (قطع). لە گەڵ وشەی( هوس) دا، وشەی ( هوسکوت - وسکوت)ی لێسازێنراوە، کە بەواتای بڕینی دەنگ دێت، دواتر خودی وشەی(هوس- وس) هەمان واتای لە خۆگرتووە.

جارێکی دیکە پیتی ( ن) ی نەرێنی لە گەڵ وشەی ( خوفتە) دا وشەی ( نخوفتە) ی لێسازێنراوە، ئەم وشەیە هاوواتای ( نگوفتە) یە، کە بەمانای ( نەگوتراو) دێت. کە دواتر وشەی ( نخوفتە) گۆڕاوە (نهوفتە)، کە واتای (نەدرکێنراو) ی لە خۆگرتووە. ئەم وشەیە لە زمانی فارسییدا بووە بە ( نهفتە)، لە زمانی فارسییدا ( راز نهفتە) بە مانای (ڕازی نەگوتراو) دێت، کە دیوێکی دیکەی ( ڕازی نەگوفتە) یە. ئیدی لێرەوە وشەی (نهفتە) واتای (سر- نهێنی) ی لە خۆگرتووە.

بە دیوێکیی دیکەشدا وشەی (وڤە) گۆڕاوە بۆ (واڤە) ، بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ ، ئەم وشانەی لیکەوتۆتەوە، ( واتە-واتە، واسە- ڤاسە، واهە، وازە- ڤازە، واژە-ڤاژە،

واچە- ڤاچە، وارە، واڵە). کە هەمان واتای ئەم وشانەیان هەیە: (گوتە، کوتە، گوفتە، وختە، وهتە، وتە- ڤوتە، وێژە- ڤێژە، بێژە، هورە- ورە، وڵە). شایانی ئاماژەیە کە وشەکانی (واث- ڤاث، وات- ڤات، واس- ڤاس، واز- ڤاز، واژ- ڤاژ، واش- ڤاش، واچ- ڤاچ، واڵ،) یش هاوواتای( گوت- گوفت- وخت، وهت، وت- ڤوت، وێژ- ڤێژ- بێژ-وێش، وێر، وێڵ) ن. دوای ئەوەی کە دەنگی( و) گۆڕاوە بۆ ( گ)، بنۆڕە ئەم وشانە ( مردوو- مردگ)، ( دڕاو- دڕیاو- دڕیاگ)، ( بووە- بووگە)، بەهەمانشێوە. لە وشەکانی (واث، وات، واز، واس) ەوە، وشەکانی( گاث، گات، گاز، گاس) کەوتوونەتەوە. لە وشەی(واث- وات)و ( گاث- گات) ەوە، وشەکانی (واثا)(واتا)، ( گاثا) ، ( گاتا) کەوتوونەتەوە، کە (واتا) واتای ( معنی) ی لەخۆگرتووە، ( گاثا)و ( گاتا) یش واتای (سروودی ئایینی) لە خۆگرتووە. هەروەها (گاز) و( گاس) یش واتای ( دەنگکردن- بانگکردن) یان لە خۆگرتووە.

وشەی (دەروێش) کە بە مانای سواڵکەر، یان دەرۆزەکەر هاتووە، لە وەوە هاتووە کە لە بەر دەری ماڵاندا بە دەم دەف لێدانەوە سروودی ئایینییان خوێندووە و لە بری ئەوە بڕێک ( رزق- رۆزە)یان وەرگرتووە و بژێویی خۆیان دابیین کردووە. کە وشەکەلە ( دەر+ وێژ) پێکهاتووە، دواتر وشەی ( دەروێش) و (دەورێش)ی لێکەوتۆتەوە. وشەی (دەرۆزە) یش دیوێکی دیکەی وشەی ( دەروێش)ە، کە لە دەری ماڵاندا ( رزق- رۆزە) یان وەرگرتووە، وشەکە لە ( دەر+ رۆزە)ەوە سازێنراوە. شایانی ئاماژەیە کە وشەی ( رزق) لە ( رۆزە) وە هاتووە، کە وشەکە بە سێ قۆناغدا گەشەی کردووە، بەمشێوەیە(روزە- روزوو- رۆزگ)، لە سەرشێوەی (مردە- مردوو- مردگ)، ( پەنبە- پەمە- پەموو- پەمگ)، (هەمە- هەموو-هەمگ- حەمک)، دواتر وشەی ( روزگ) لە زمانی عەرەبییدا بووە بە(رزق). هەروەها ناوێکی دیکەی سواڵکردن کە هاوشێوەی ( دەروێش) و( دەرۆزە) یە، برێتییە لە ( گەدایی) کە ئەویش هەمان شێوەی دەروێشی، سروودی ئایینیان خوێندووە ، کە برێتی بووە لە (گاثا- گاتا)، کە بە پیشەکە گوتراوە ( گاثایی- گاتایی)، کە دواتر وشەی ( گەدایی) لێ کەوتۆتەوە. دواتر خودی وشەی ( گەدا) واتای ( سواڵ) ی لە خۆ گرتووە. وە وشەی ( سواڵ) یش، بە مانای داواکردن دێت، کە لە عەرەبییدا بووە بە (سؤال). وشەکە لە (ثو+ ئار) سازێنراوە، کە بە واتای بە ( ڕووداهێنان) دێت، وشەی ( ثو) بەواتای ( بۆ)(الی) دێت، ( ئار)یش بە واتای هێنان دێت. وشەی (ثو) لە ئینگلیزیدا بووە بە(To)، لە ئەڵمانییدا بووە بە(Zu)،لە فارسییشدا بووە بە ( سو)، لەزاری لوڕیی و بەختیارییدا بووە بە(سی). دوای گۆڕانی دەنگی (ث) بۆ (ل)، وشەی ( ثو) لە زمانی کوردییدا بووە بە ( لۆ).

وەک لەسەرەوە بینیمان کە وشەی ( نهوفتە) کە دیوێکی دیکەی وشەی ( نەگوفتە)یە و بە واتای نەدرکاندن دێت. بەڵام لە وشەی ( ڤاث) ەوە کە وشەی ( ڤاش) کەوتۆتەوە، واتای(گوتن) یان ( درکاندن)یان ( ڕاگەیاندن)ی لە خۆ گرتووە، کە دواتر بە شێوەی( فاش) کەوتۆتە زمانی فارسییەوە، و وشەی ( ڤاث)یش بە هەردوو شێوەی ( فاد) و (فاش) کەوتۆتە زمانی عەرەبییەوە. بۆ نموونە لە زمانی فارسییدا دەگوترێت: ( یک سخنگوی نظامی فاش کرد). وە لە زمانی عەرەبییدا دەگوترێت: (أفاد ناطق عسكري). هەروەها (فاش) واتای( گوتن) ( درکاندن) و(بڵاوبوونەوە)یان (ئاشکرابوون) ی لە خۆگرتووە (کە دواتر و اتای( ئاشکرا کردن)ی لە خۆگرتووە. وەک دەگوترێت : ( افشاء السر). دوای ئەوەی کە وشەی ( فاش) واتای بڵاوبوونەوەی لە خۆگرتووە، وشەی ( تفشي) ی لێسازێنراوە. هەروەها دوای گۆڕانی دەنگی ( ش) بۆ (ل)، لە وشەی ( فاش) ەوە، وشەی ( فال- فاڵ) کەوتۆتەوە، کە واتای ئاشکراکردنی شتی شاردراوە دێت لەلایەن جادوگەرانەوە.

ئێستا جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ پیتی (ڽ ). دەنگی (ث) لە وشەی ( خوڤث) دا ، لە پیتی(ڽ ) کەوتۆتەوە، کەواتە وشەی ( خوڤث) لە بنەڕەتدا برێتی بووە لە (خوڤڽ) دوای پەرشبوونی پیتی (ڽ ) بۆ ( خ) (ث) (خث). ئەم وشانە کەوتوونەتەوە( خوڤخ)، ( خوڤث) ، (خوڤخث). لە کاتێکدا لە دەرەنجامی قۆناغەکانی گەشەکردنی وشەی (خوڤث) دا، وشەی (واز- ڤاز) مان دەستکەوت، گەر هەمان ئەو قۆناغانە دووبارە بکەینەوە . لەو شەی ( خوڤخ) ەوە ، وشەی( واخ- ڤاخ)مان دەستدەکەوێت، کەدواتر وشەی ( واە- ڤاە) ی لێکەوتۆتەوە،.» وشەی ( وهە) کە پێشتر باسم کردبوو لە (واە- ڤاە) ەوە سازێنراوە ، کرداری ( دبێهم- دبێم) ی کورمانجی و ( موهەم- موەم)ی لوڕیی بەم شێوەیە کەوتوونەتەوە».

بە گوێرەی» پەیڕەوی هانەونا» لە گەڵ ( ئا) و( نە) دا ، لە ( واز- ڤاز) ەوە، هەردوو وشەی، ( ئاواز- ئاڤاز) و ( نەواز-نەڤاز) سازێنراوە، لە وشەی (واە- ڤاە) یشەوە، ( ئاواە- ئاڤاە)، (نەواە- نەڤاە) سازێنراوە وە لە وشەی ( واخ- ڤاخ) یشەوە چاوگی (نەواختن- نەڤاختەن) سازێنراوە. وشەی ( ئاواز) لە بنەڕەتدا بەواتای سرووود هاتووە، دواتر واتاکەی گۆڕاوە، ئەمرۆ لە زمانی کوردییدا واتای ( لحن) ی لە خۆگرتووە. وشەی ( نەواز)، واتای قسەی جوان یان قسەی شیرینی لەخۆگرتووە، ( میوان نەواز- میواننەواز)یان ( مهمان نڤاز) بەو کەسانە دەگوترێت کە بە(گفتی شیرین – زمانی شیرین)، لەگەڵ میواندا ڕەفتار دەکەن. بۆ ( غەریبنەواز- غەریبنەواز)یش هەمان واتای هەیە، (دڵنەواز)یش بە واتای خۆشی خستنە دڵەوە دێت. بە دیوی (نەواە) یشدا، وشەی دەستەواژەی (دڵنەوایی) سازێنراوە، کە

بەواتای خۆشیی خستنە دڵی کەسێکەوە دێت. بەدیوێکی دیکەدا (نەواز) واتای (عزف) ی لەخۆگرتووە. وشەی (نەوا) یش واتای دەنگی ئامێری مۆسیقای لە خۆگرتووە، بۆ نموونە: نەوای ساز، نەوای نەی. وە وشەی ( ئاواە) یش، واتای دەنگبێژیی لە خۆگرتووە، ئەم وشەیە لە هەندێ ناوچەدا بووە بە (هەوا)، بۆ نموونە: دەگوترێت: (ئا هەوایەکمان بۆ بڵێ) واتا (ئا گۆرانییەکمان بۆ بڵێ)، یان فلانە کەس هەوایەکی جوان دەچڕێت.

وشەی (واژ) جارێکی دیکە لەگەڵ ( نە) ی « پە یرەوی هانەونا»، وشەی (نەواژ) ی لێسازێنراوە، کە واتای خوێندنی گۆرانیی ئایینی لە خۆ گرتووە، کە دواتر گۆڕاوە(نەوێژ- نوێژ)، بۆ چۆنییەتی گۆڕانی ( نەواژ- نوێژ) نوێژ)، بنۆڕە وشەی (باژار- باژێر). لە زمانی فارسیی و هەندێ زاری کوردییشدا وشەی ( نەواز) گۆڕاوە بۆ ( نەماز) کە هەمان واتای (نوێژ) ی هەیە» لە بنەڕەتدا نوێژ بە واتای سروود خوێندن، یان گۆرانیی ئایینی هاتووە». هەروەها ( ئا) ی « هانەونا» لە گەڵ ( واث) دا، وشەی(ئاواث)ی لێسازێنراوە، کە دواتر ئەم وشەیە گۆڕاوە بۆ ( ئاوات) و واتای (پاڕانەوە لە کاتی سروود خوێندندا) دێت، کە بە مانای( دعاء) ی عەرەبی دێت. دواتر لەسەر ڕیشەی وشەی ( سروود) و گۆرانی دەدوێم.

لە زمانی کوردییدا پیتی (ث ) کە بەرانبەر وشەی (X) ی لاتینییە. پەرش دەبێت بۆ (خ) و (ث) و(خث)، بە هەمانشێوە لە لاتینییدا گۆڕاوە بۆ ( ک) و ( س) و ( کس) ، بنۆڕە وشەی (ثاندرا ) ( Xandra)، کە هەرسێ وشەی ( کاندرا)و( ساندرا) و( کساندرا) ی لێکەوتۆتەوە لە هەندێ زمانیشدا دەنگی (خ)ییەکەش ، هەر دەردەبڕدرێت، و لە هەندێ زماندا دەبێت بە(ە)، بۆ نموونە: وشەی ( ئەلێثاندرۆ) (Alexandro)، بەم شێوانە لە ڤز دەکرێت ( ئەلێخادرۆ، ئەلێهاندرۆ، ئەلێساندۆ، ئەلێکساندرۆ).

بە هۆی جێگۆڕکێی پیتەکانەوە، وشەی ( خوڤث) گۆڕاوە بۆ ( ڤوخث)، کە بە مشێوەیە دەنووسرێت ( ڤوخ)( (Vox. لە ئاوێستادا وشەی ( ڤوخت) یان ( وخت) ، هەمان واتای (گوفت) و( وت) ی ئەمڕۆی هەیە. هەر وەک لەو نموونەیەی سەرەوە دا بینیمان، کە پیتی (ث ) پەرش دەبێت بۆ ( خ) و (ث) و (خث)، وشەی (Vox- ڤۆث) بە سێ شێوەی ( ڤۆخ- ڤۆث- ڤوخث) دەکەوێتەوە، کە دیوێکی دیکەی( ڤۆک- ڤۆس- ڤۆکس) ە. کە ئەم وشانە بە هەرسێ شێوەکە کەوتوونەتە زمانی ئینگلیزییەوە. وەشەی ( ڤۆس) بە شێوەی ( ڤۆیس) ( Voice) کە بە مانای (دەنگ) دێت. وشەی (ڤۆث) یش بە شێوەی (ڤۆت)(Vote) کە بە مانای ( دەنگدان) دێت. هەروەها وشەی (ڤۆک)( Voc)یش، کە وشەی (ڤۆکاڵ) (Vocal)ی لێسازێنراوە، بە مانای ( دەنگیی- صوتی) دێت. هەروەها (vocabulary )ی لێسازێنراوە،

کە بەمانای (واژە) دێت. هەروەها لە زمانی پۆرتوگی و ئیسپانییدا بووە بە (ڤۆز)(Voz). لە زمانی ئیتالییشدا بووە بە ( Voce)، کە بە ( ڤۆچە) لەڤز دەکرێت، کە هاوشێوەی ( ڤاچە) یە. لە زمانی فەرەنسییشدا  بووە بە (Voix)، کە بە ( ڤۆە) لە فز دەکرێت، کە وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە کە ئەم وشەیە بە سێ شێوەی ( ڤۆخ- ڤۆث- ڤوخث)، لێرەدا دەنگی (خ) گۆڕاوە بۆ (ە) و وشەی (ڤۆخ) گۆڕاوە بۆ ( ڤۆە). ئەم وشەیە هاوشێوەی ( وهە)ی لوڕییە، کە پێشتر ئاماژەم پێداوە.

لەکاتێکدا کە دەنگی (ث) گۆڕاوە بۆ (ڵ)و(ر)، لە وشەی ( گاث) ەوە وشەی (گاڵ) و ( گار) کەوتۆتەوە ، دواتریش وشەی(قاڵ) و(قار)کەوتۆتەوە، دواتریش ( قیل) و ( قیر) و ( قول) و ( قور)و(قڕ)کەوتۆتەوە، دواتریش دەستەواژەکانی ( گارەگار)، (قاڵەقاڵ)، (قیڕەقیڕ)،(قال و قیل)، ( قیڕوقاڕ)، (قولە قول)، ( قورە قور)، (قڕە قڕ) کەوتوونەتەوە.  هەروەها لە وشەی ( گاث) ەوە ، وشەی ( قاژ) یش کەوتۆتەوە، کە دواتریش ( قیژ) لێکەوتۆتەوە و دواتریش ( قاژە قاژ) ، ( قیژە قیژ)، ( قیژ وقاژ) کەوتۆتەوە. هەمووئەو وشانەی سەرەوە بە واتای (دەنگە دەنگ) دێن، کە هێندێکیان بۆ مرۆڤ بەکاردێن، وهێندێکی  دیکەشیان بۆ ئاژەڵان بە کاردێن. هەروەها دەستەواژەی ( هاش وهوش)یش بەهەمان شێوە دروستبووە.

لە وشەی ( گار) و ( گاڵ) ەوە، وشەی ( گروگاڵ) کەوتۆتەوە، کە  بە واتای دەنگی منداڵ ، یان قسەی منداڵ دێت. لە وشەی (گر) یشەوە ، وشەی ( گریە) کەوتۆتەوە. کە لە زاری لوڕییدا پێی دەگوترێت (گریوە). لە وشەی ( قر) یشەوە، وشەی ( قریوە) کەوتۆتەوە، کە (گریوە) برێتییە لە دەربڕینی دەنگی ناخۆشی، (قریوە) یش برێتییە لە دەربڕینی دەنگی خۆشحاڵی.

وشەی( گاث)، کە هەردوو وشەی ( گال) و( گاز) ی لیکەوتۆتەوە. دەستەواژەی (گالایی و گازندە- گلەیی و گازندە) ی لێکەوتۆتەوە. وشەی ( گالایی)، لەسەر شێوەی ( گاثایی) و(گەدایی)  سازبووە، کە هەردوو واتای سواڵکردن و پاڕانەوە ی هەیە. وشەی ( گازندە) یش لە وشەی ( گاز) و دووەکی( ندە) سازێنراوە، لە سەرشێوەی (شەرمندە). وشەی (گلەیی) بە فارسی دەبێتە ( گلە)، کە هاوئاوازی (قڕە) و( قسە) یە.

هەروەها لەچاوگی ( خوڤثەن- خەڤثەن)ەوە، کە وشەی (گوڤتەن- گەڤتەن) کەوتۆتەوە، کەدواتر گۆڕاوە بۆ( گوفتەن- گەفتەن).لە کرداری ڕابردوودا ( گوڤث- گەڤث) سازێنراوە. لە کرداری داهاتووشدا ( گوڤ- گەڤ) سازێنراوە و پێکەوە دەستەواژەی ( گوڤث و گوڤ-گەڤث و گەڤ)، کە دوای ئەوەی دەنگی (ڤ) گۆڕاوە بۆ (و) ، دەستەوژەی ( گوڤث

و گوڤ) گۆڕاوە بۆ ( گڤث و گوو) دواتر گۆڕاوە بۆ ( گفتوگۆ). لە باری ئاوەڵکردارییشدا وشەی ( گوڤثە- گەڤثە) کەوتۆتەوە، کە دواتر گۆڕاوە بۆ ( گوفتە- گووتە- کوتە- وتە). لە دەستەواژەی ( گەڤتە و گەڤ) یشەوە، دەستەواژەی ( گاڵتە و گەپ) کەوتۆتەوە. لە زاری لوڕی و کەڵهوڕییدا وشەی (گەپ) هەم بە واتای (قسە) دێت، هەم بەواتای ( چیرۆک)یش دێت.، بە هەمانشێوەی ( قسە- قصة) و( حکي- حکاية).

وشەکانی( گاز، گاس، گاڵ، قاڵ) کە لە (گاث) ەوە کەوتوونەتەوە ، هەموویان بۆ بانگکردن بە کاردێن. بۆ نموونە: گاسی فلاکەس بکە. قاڵی فلانە کەسم کرد کە بێت بۆ ئاهەنگەکەمان. گاڵی فلانە کەست لێ ئەدەم» واتە: فلانە کەست بۆ بانگ دەکەم».

وشەی (قال) کە بەواتای (قسە) دێت، هەروەک خۆی کەوتۆتەوە ناو زمانی عەرەبییەوە. لە ڕووی بێخناسییەوە، هیچ بێخێ ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبییدا نییە. هەروەک لەسەرەوە بینیمان کە وشەی (قۆل)یان ( قول) و( قیل)ی لێکەوتۆتەوە. لە وشەی(قول)ەوە ، وشەی (قولە)کەوتۆتەوە هەمان واتای ( گاس) ی هەیەو بە واتای (بانگردن) دێت. وشەی ( قول) کە بە مانای ( گوتن) دێت، بەشێوەی ( قەول) کەوتۆتە زمانی عەرەبییەوە، دواتر بە هەمانشێوەکەوتۆتەوە ناو زمانی کوردییەوەو هەمان واتای (قسە) ( گفت) ی هەیەو واتای ( بەڵێن) ی لە خۆگرتووە.، وشەی ( گفت- خوڤث) کە لە ( گفتن- خوڤثەن) ەوە وەرگیراوە، لە گەڵ وشەی ( قول) هاوڕیشەن. هەروەها بنۆڕە دەستەواژەی ( قەول و قەرار)، هەر چەندە هەردوو وشەکەعەرەبیین، بەڵام ڕیشەکانیان کوردییە و وشەی ( قەرار) لە ( قر) ەوە وەرگیراوە، هەروەک لە سەرەوە بینیمان کە بەمانای (دەنگ) یان (قسە) دێت. وشەی (قر) هەروەک خۆی کەوتۆتە زمانی عەرەبییەوە و وشەی (قرار) و ( اقرار)ی لێسازێنراوە. هەروەها لە وشەی (قر)ەوە وشەی( قرأ) کەوتۆتەوە، کە دواتر وشەی ( قراءة) و( قرآن) ی لێسازێنراوە.

وەک پێشتر بینیمان کە وشەی (خوڤث) بە شێوەی ( ڤوخث)کەوتۆتە زمانە ئەوروپییەکانەوە و ئەم وشانەی لێکەوتۆتەوە: ( (Voc) (Vote) (Voice) ( Vox) (Voix) (Voce ) (Voz )(Vocal)) . بەشێوەی (خوڤث)یش کەوتۆتە زمانی عەرەبییەوە و وشەکانی ( هوتف)، ( خوطب). کەوتونەتەوە. وشەی ( خوتبە- خطبة)، هەمان وشەی ( خوتڤە) یە کە لە ( خوڤثە) وە وەرگیراوە و بە مانای( قسە) دێت. دواتر لە (هوتف) و (خوطب) ەوە، وشەی ( هوتاف-هتاف) و ( خوطاب- خطاب) سازێنراوە کە دواتر بووە بە ( خیطاب). هەروەک چۆن لە ( خوثە)ەوە ( نخوثە) کەوتۆتەوە، واتا لە ( قسە) وە (نووسین)

کەوتۆتەوە، لە زمانی عەرەبییشدا لە وشەی ( خوثڤ) ەوە وشەی (کوتب) کەوتۆتەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وشەکانی ( هتاف- خطاب- کتاب) و ( هاتف- خاطب- کاتب)، هەرچەندە واتاکانیان جیاوازن، بەڵام لە بنەڕەتدا هاوڕیشەن.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئەم وشانە: ( گو، وت ، واچ، واژ، وش، وێژ، بێژ، بێهـ وهـ هوڵ، هور، وڵ، ور) هەموویان برێتین لە رەگی کرداری ( گوتن)، کە بەهۆی پەرەسەندنەوە فۆڕمەکانیان گۆڕاوە. لە زارە کوردییەکان و زمانی فارسییدا، ڤەرەکی(د، دە، ئـ ئە، ئی، می، مە، م) بۆ کرداری داهاتوو بەکاردێن، بەم شێوانە دەگەردێنرێن، بۆ کەسی یەکەمی تاک: لە زاری کرمانجیی ژووروودا، لە وشەی ( بێژ) و ( بێهـ) ەوە، لەگەڵ ڤەرەکی( د)، (دە) دا، وشەی ( دبێژم- دەبێژم)( دبێم) سازێنراوە. لەزاری کرمانجیی نێوەند،لە وشەکانی ( وڵ)، (ور)، ( وێژ)، لەگەڵ ڤەرەکی ( دە)و( ئە) دا، وشەکانی ( دەڵێم)،( دەرێم)، ( ئەڵێم)، ( ئێژم) سازێنراوە. لە زاری کەڵهوڕییدا لە وشەکانی ( وڵ) و (وش) ەوە، لەگەڵ ڤەرەکی (ئە) و (ئـ) دا، وشەی ( ئەڵم) و ( ئوشم- ئیوشم- ئیشم) سازێنراوە. لە زمانی فارسییدا، لە وشەی ( گو)، لە گەڵ ڤەرەکی (می) دا، وشەی ( می گویم- میگەم) سازێنراوە. لە زاری هەورامییدا، لەوشەی( واچە)وە، لە گەڵ ڤەرەکی (مە)دا، وشەی ( مەواچەم) سازێنراوە. لە زاری لە کییدا، لە وشەی (وش) ەوە، لە گەڵ ڤەرەکی ( م) دا، وشەی ( موشم) سازێنراوە. لە زاری لوڕییدا ، لە وشەی ( وهـ) ەوە. لەگەڵ ڤەرەکی (م) دا ، وشەی ( موەم) سازێنراوە. لە زاری بەختیارییدا، لە وشەی (گو) ەوە، لەگەڵ ڤەرەکی ( ئی) دا ، وشەی ( ئیگوم) سازێنراوە. هەمان ئەو وشانەی سەرەوە بۆ کەسی سێیەمی تاک ، بەمشێوانە سازێنراون ( دبێ، دبێژە، دەڵێ، دەرێ، ئەڵێ، ئێژێ، ئوشد، ئیوشد، مەواچۆ-ماچۆ، موشد، موشێ، موە، میگوید، ئیگە).

هەرووەک بینیمان کە لە وشەکانی ( واز-ڤاز)، (واژ-ڤاژ)، (واچ- ڤاچ)،(وات-ڤات) (واە- ڤاە)ەوە، وشەکانی ( نەواز- نەماز)، ( نەواژ-نوێژ)، ( نەواهـ-نەوا)، ( نەڤاهـ- نەڤا)، ( ئاواز- ئاڤاز)، ( ئاواچ- ئاڤاچ)، (ئاوات- ئاڤات)، ( ئاوا- ئاڤا- هەوا) سازێنراون، کە هەموویان بە واتای گۆرانیی هاتوونە، بەڵام هەندێکیان واتاکانییان گۆڕاوە، وەک ( نەماز) و ( نوێژ)و (ئاوات) کە واتای گۆرانیی ئایینی، یان سروودی ئایینی لە خۆگرتووە، کە دواتر وشەی (ئاوات)، واتای (نزا- دعاء)ی لە خۆگرتووە.

هەروەها وەک پێشتر بینیمان کە (هۆرە)و (ورە) یش کە بەواتای ( گوتە) دێن و برێتین لە رەگی کرداری گوتن، وشەی ( هۆرە) کەوتۆتەوە، کە ئەویش جۆرێکە لە گۆرانیی،

کە بەشێوەی لاواندنەوە دەخوێنرێت. لە وشەی (ورە) یشەوە، لە زاری لوڕییدا، لەگەڵ ڤەرەکی (م) دا، وشەی ( مورە) سازێنراوە،کە ئەمیش جۆرێکە لە گۆرانیی، کە برێتییە لە لاواندنەوە، بە تایبەت لەسەر گۆڕی مردوان دەخوێندرێت. هەروەها وشەی ( نەوا) یش بە شێوەی(نەوحە) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، کە هەمان واتای ( مورە)ی لوڕیی هەیە.

هەروەها لە وشەی ( گۆ) یشەوە، لە گەڵ دووەکی(ران) و( رانی) دا ، وشەی (گۆران)(گۆرانی) سازێنراوە. وشەی ( ران) بە واتای ( ئاژۆ- سیاق) دێت. هەروەک لە زمانی فارسییشدا لە وشەی ( سخن) ەوە، وشەی ( سخنران) ( سخنرانی) سازێنراوە. بە هەمانشێوە وشەی ( هەیران- حەیران)( هەیرانی) سازێنراوە، کە جۆرە گۆرانییەکە وشەی ( هەی) تێدا چەندبارە دەبێتەوە. هەروەها جۆرە گۆرانییەک هەیە کە زیاتر لە زاری کرمانجییدا باوە، کە برێتییە ( ستا-مدح) کردنی سەرکردە، یان کەسانی شۆڕشگێر و زانایان، لێرەوە وشەی ( ستاران- ستران) و ( ستارانی) سازێنراوە . شایانی ئاماژەیە، کە وشەی ( ستایش) کە برێتیە لە ناوی چاووگ، لە وشەی ( ستا) ەوە سازێنراوە، هەروەک وشەکانی ( نما- نمایش، خواهـ- خواهیش... هتد).

هەروەهالە وشەی ( چە ە) یشەوە کە بە واتای خوێندن دێت، بنۆڕە( چەهچەهەی بولبول). لە گەڵ وشەی (ڕان) دا، وشەی ( چەهڕان- چەڕان) سازێنراوە، کە دەستەواژەی ( گۆرانی چەڕان) یان ( گۆرانی چەڕین) بە واتای خوێندنی گۆرانی دێت.

**شیگەریی وشەی « سروود»**

بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، بێخی وشەی( شیعر) برێتییە ( ڤەر)، ئەم وشەیە دواتر گۆڕاوە بۆ( سەر) و (شەر) . کە لە ئەسڵدا بە واتای (گۆرانی) هاتووە. وشەی (گۆرانی) هەروەک لەسەرەوە بینیمان، کە لە وشەی ( گۆ) ەوە سازێنراوە، هاوواتای (سخنرانی)ی فارسییەو لە بنەڕەتدابە واتای ( خطاب) هاتووە و دواتر واتاکەی گۆڕاوە.

وشەی ( ڤەر) لە گەڵ ڤەرەکی ( نە) دا و بە گوێرەی « پەیڕەوی هانەونا»، وشەی (نەڤەر) ی لێسازێنراوە و بە واتای ( پەخشان)هاتووە. هەردوو وشەی( شەر) و (نەڤەر)، بەشێوەی ( شعر) و( نثر) کەوتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

بەداخەوە چونکە بۆماوەی دەیان سەدەیە، زمانی کوردیی، زمانی خوێندن و نووسین نەبووە و ڕێزمان و سەرچاوەکانی زمانی کوردی ، لە لایەن تازییانەوە یان دزراون، وەیا فەوتێنراون. ئەو زمانەی ئەمڕۆ دەماو دەم لەلایەن کوردزمانەکانەوە پارێزراون و

کە بەهۆی پەرەسەندنەوە گۆڕانکاریی زۆریی بەسەردا هاتووە، تا ڕادەیەک ڕێزمانەکەی نابود بووە. بەڵام خۆشبەختانە، بەهۆی ئەوەی کە هەردوو زمانی فارسیی و کوردیی ، لە بنەڕەتدا یەک زمان بوونەو، نەتەوەی فارس خاوەن کیانی خۆیان بوونە، توانیویانە تاڕادەیەک، ڕێزمانەکە بپارێزن، کە ئەمە یارمەتیمان دەدات بۆ دۆزینەوەی ڕیشەی زۆربەی وشە کوردییەکان.

ئێستا چەند ژێدەرێک دێنین، کە لە ڕێزمانی فارسییدا گەردێنراون بە پەیڕەو( ڕێسا) یەکی هاوبەش گەردێنراون، بۆ نموونە( نمودن، ربودن، گشودن، فرمودن، سرودن... هتد). وەک دەبینین هەموویان بە (ودن) کۆتاییان هاتووە. هەموو دەزانیین کە لە زمانی کوردی فارسییدا، هەموو ژێدەرەکان بە ( دن) یان( تن) کۆتاییان دێت، وەک:( بردن، کردن، بودن، شستن، سختن، گرفتن... هتد). بەڵام لە زمانی کوردییدا و بەهۆی پەرەسەندنەوە، هەندێجار پیتی( د) دەکەوێت، بۆ نموونە : ( خریدن- کڕین، دریدن، دڕین). کەواتە بە لابردنی (دن) لەو وشانەی سەرەوە. وشەکان دەبن بە ( نمو، ربو، گشو، فرمو، سرو)، کە هەموویان بە (و) کۆتاییان هاتووە، کە بەهۆی پەیڕەوێکی ڕێزمانییەوە دروستبووە، بەلابردنی پیتی (و) ، وشەکان دەبن بە ( نم، رب، گش، فرم، سر)، کە برێتین لە ڕەگی وشەکان. هەروەها بە گوێرەی پەیڕەوێکی ڕیزمانی، پیتی(ا) دەخرێتە سەر ئەم وشانە و دەبن بە ئاوەڵناوی بکەر ( نما، ربا، گشا، فرما، سەرا). هەروەها بە لابردنی پیتی ( ن) ی سەر ژێدەرەکان، ڕەگی کرداری ڕابردووی وشەکانمان بۆ دەردەچێت، کە برێتین لە ( نمود، ربود، گشود، فرمود، سرود).

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ سەر ڕەگی وشەی ( ثەر) کە بە مانای ( شعر) هاتووە. کە بە گوێرەی ڕێزمانی فارسی، وشەکانی ( ثرا)، ( ثرود)، (ثرودن) ی لێسازێنراوە، کە دواتر ئەم وشەیە گۆڕاوە بۆ ( سەرا)، (سرود)، ( سرودن).

وەک پێشتر بینیمان کە لە وشەکانی (گۆ، سخن، ستا... هتد)، وشەکانی ( گۆرانی، سخنرانی، ستارانی) سازێنرابوون. هەر بەمشێوەیە لە وشەی ( ثەر)یشەوە، وشەی (ثەررانی- ثەرانی) سازێنراوە، کە دواتر وشەی ( تەرانی) و( تەرانە) ی لێکەوتۆتەوە، کە هەمان واتای گۆرانیی هەیە. هەروەک بینیمان کە وشەی ( سەرا) برێتییە ئاوەڵناوی بکەر، کە بە مانای ( شاعیر) دێت. لە هەردوو وشەی ( تەرانە) و( سەرا)، وشەی (تەرانەسەرا- ترانەسرا) سازێنراوە، کە لە بنەڕەتدا بە مانای دانەری شیعری گۆرانی دێت. کە واتای خوێنەرەوەی شیعریشی لە خۆگرتووە.

وەک دەبینین لە وشەی ( ثرود) ەوە، وشەی ( سرود) کەوتۆتەوە، کە لە بنەڕەتدا بە واتای ( شعر) هاتووە، دواتر واتای گۆرانیی ئایینی( توشیح) و گۆرانیی نیشتمانی (نشید) ی لە خۆگرتووە. بە دیوێکی دیکەشدا هەر لە وشەی ( ثرود) ەوە، وشەی (درود) کەوتۆتەوە، کە بە واتای سروودی ئایینی دێت. کە بە رانبەر وشەی (صلاة)ە.

دوای ئەوەی کە لە وشەی (ثەرا) ەوە، وشەی ( سەرا) کەوتۆتەوە، دواتر وشەی (سەڵا) کەوتۆتەوە، کە دواتر ئەمیش هەمان واتای سروودی ئایینی لە خۆ گرتووە، کە هاوواتای وشەی ( نماز) و( نوێژ) و (درود)ە، کە دواتر وشەی ( سەڵا) بەشێوەی (صلا- صلی) کەوتۆتە زمانی عەرەبییەوە ، کە واتای (درود)ی وەرگرتووە، هەربۆیە دەستەواژەی (درودی خودای لەسەر بێت)، لە زمانی عەرەبییدا دەبێت بە ( صلی الله علیە). وە دواتریش وشەی ( صلا) گۆڕاوە بۆ ( صلاە) و وشەی ( صلاة) ی لێسازێنراوە و واتای (نماز- نوێژ)ی لە خۆگرتووە.

دووەکی ( وات) لە زمانی کوردیی و فارسییدا برێتییە لە نیشانەی کۆ، بۆنموونە (سەوزە- سەوزەوات) ، (وردە- وردەوات، خردە- خردوات)، ( کڵاو- کڵاوات) ... هتد.

هەر بەمشێوەیە لە وشەی ( سەڵا) ەوە، ووشەی ( سەڵاوات) سازێنراوە، کە بەواتای ( سرووده ئایینییەکان) دێت، کە بە شێوەی ( صەلاوات- صلواة) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

بە دیوێکی دیکەیشدا هەر لە وشەی (ثەرا) ەوە، و شەی ( ثەراوات) و ( ثەلاوات) سازێنراوە، کە واتای خوێندنەوەی سروودی ئایینی لە خۆگرتووە، کە ئەمیش بە شێوەی ( تەلاوات- تلاوات) کەوتۆتە ناوزمانی عەرەبییەوە، دواتریش بە شێوەی تاک، وشەی (تلاوة) ی لێسازێنراوە.

شایانی ئاماژەیە کە وشەی ( سەڵاو- سڵاو) کوردییش ، بە هەمان پەیڕەو لە (سەڵاوات) ەوە وەرگیراوە. هەروەها هەردوو وشەی ( سلام) و( سلامات) یش، لە (سەڵاو) و (سەڵاوات) ی کوردییەوە وەرگیراون، هەربۆیە ( درود و سڵاو) لە زمانی عەرەبییدا بەواتای ( الصلاة والسلام) دێت.

... درێژەی هەیە

# ڕەوتەو نووسیەی و وەش بیەو خەتی جە ویەردەو هەورامانینە

ئیدریس پیری

هەورامان پسەو یاگەژیوایەو هەزارانساڵەو بەشەری، نە تەنیا پەی هەورامانی بەڵکەم پەی تەمامەو کوردەواری سەرچەمە و کۆڵەکەیە قایمەو زوانی، کەلتووری، ویەردەشناسی، ئاساوارشناسی، یاگەوارشناسی، ئوستوورەشناسی و هەمیەتەریشەن، کە جە ئاستیە بەرزەنە هێشتای تاوانش ئی خەسڵەتەو ویشە پارێزنۆ و مەتاومێ پسەو موزەخانەیە زیندە و جە دەوڵەمەندتەرین سەرچەمەکا پەی قوڵەرەبیەی و ڕۆشنوە کەردەو گۆشە تاریکەکاو ویەردەو ناوچەکەی و مرۆڤایەتی تەماشاش کەرمێ.

شێوەکەردەو ورد و قوڵەرەبیەی جە سەرەو "ڕەوتەو نووسیەی و وەش بیەو خەتی جە ویەردەو هەورامانینە" بە دڵنیایەوە لەڤێ فرێش چەنە مواوە و مەتاومێ جە چەندە لایوە پسەو قۆناغەکەکاو نووسیەی، جۆرەکاو خەتی، ئا زوانێ کە پەنەشا نووسیان، جۆرەکاو ئا وەسیلانە کە پەنەشا نووسیان، شێوەکاو پارێزناو نووسیەی و بەڵگەنامە و دەسنووس و تەبلێتەکا، هەر جە خەتی وێنەیوە جە دەیان هەزارساڵێ چێوەڵتەروە باسش سەروە کەرمێ و شناسنامەو سەرچەمە و بەڵگەنامە و ئاسەوارەکا بشناسێنمێ. پۆچی تەمامناو ئی باسیە جە بابەتەو گۆڤارینە ڕاش نمەوەو چیگەنە هەوڵ مێمێ لاچمیە خشنمێ سەرە باسەکەیرە.

**شمەردەی**



وەڵێ ئانایە بە تەمامی خەتی وێنەیی و مێخی وەشێ بۆا، هەمیش شۆنۆ وەشبیەو ئی خەتارە، جە هەورمان و یاگە جیاجیاکاو ئی دنیاینە، زیاتەر پەی شمەردی و هۆمارکەردەو چەندەیی وەرکەوت و وەسیلە و مێوە و ئاژەڵ و بەشەرەکا، پسەو رادەو مێوەی و ڕاوکەردەی و ڕۆ و شەوێ و وەرزەکا، جە چەندها وەسیلێ پسەو چۆخەتی و پێشەو ئاژەڵەکا کە سەرشاوە خاڵیە یا نۆقتە یا نیشانیەشا نیانەرە، یا چۆ و پێشەکەشا ڕووکنان، ئیسیفایە کریان.

جە وێنەو واریوە پێشەو (Lebombo bone) پسەو نموونەی ئامەن کە ٢٩ خەتێ سەرشوە پێ شماردەی هۆرکنیاینێ. ئی پێشە ویەردەیش پەی ٤٤ هەزارێ و ٢٠٠ ساڵێ چێوەڵتەر تا ٤٣ هەزار ساڵێ چێوەڵتەر مەزندە کریان و جە هەردەکاو (Lebombo Mountains)ی جە ئافریقانە ئێزیانوە.

جیا چا ڕەوش و وسیلەو چۆخەتی و پێشەکا هەمیش جە چەندها وەسیلەێ تەری پەی ئی کاریە ئیسیفایە کریان، پسەو: نەبڕی گێڕێ دریا، گەردەن بەندی سەدەفی مەردمە سورپۆستەکاو ئیرۆکوای، هۆرگێرتەی و بەنەبڕوە کەردەو دانەکا پسەو باقلا و نوی و وەنەتەقی ئیسیفایە کریان. مەتاومێ واچمێ تەسبێحێ بە تایبەتی تەسبێحەو وەنەتەقی یادگارەو ئی ڕەوشەو شمەردەینیە کە ئیسەچە جە هەورامان و کوردەوارینە مەنەنوە.

### خەتی وێنەیی "نەقشە تۆنینەکاو هەورامانی"

جە ویەردەنە وەڵێ ئانەیە خەتی مێخی وەش بۆ، بەشەرە وەڵینەکێ پێ یاوناو مەبەست و باوەڕیشا، نەقش و نیگارەو ویشا و ئاژەڵێ و هێماکێ و کردەکێشا پسەو ڕاوکەردەیشا سەرەو تۆنەکاوە و تاشەتۆنەکێ و تاشەکەمەرەکاوە کێشان، کە بە خەتی وێنەیی مەشناسمێش. پێ وردوەبیەی زیاتەری چەندە نموونێ چی خەتە وێنەیانە جە ویەردەو هەورامانینە جە واروە مۆزمێ وەرەو چەمی.

جە هەورامانەنە هەرپسەو فرە یاگەهاتەری جە دنیانە هەر جە وەڵێ دەسپەنەکەردەو خەتی مێخی و نووسیەیوە، کۆشانشا بە کێشاو نەقش و نیگارەکا، ئاژەڵەکا، بەشەرەکا، ڕاوکەردەی، وەهم و خیاڵ و باوەڕشا و هەرپاسە ژیوار و ڕووداوەکاو دەورووبەریشا پسەو لافاوێ و ئاورگێرتەی، هەمیش پەی جوانتەر کەردەو یاگێ ژیوایشا کە فرەتەر لێ مەڕەکانە و سەرەو تۆنێ و تاشەتۆنەکاوە بیەن، هەم دیسان پەی نیشانداو ویناو ئایینی و جەهانبینی و پیرۆزەکاشا و هەرپاسە چەندەهاترێ هۆکارێ هەمشێوێ، جە سەرەو دیوارەو مەڕەکاوە کە چاگەنە ژیواینێ و جە سەرەو تاشەتۆنەکاو یاگێ و دەورووبەرەو ژیوایشاوە، هەست و تەماشاکەردەی و ویناو ویشا بە یۆتەرینی و دەماتەرینەکا نیشانە با.

هەرپاسە یۆتەر جە هۆکارەکاو نەقش و نیگارە کێشیا قەدیمیەکێ سەرەو دیوارەو مەڕەکاوە مەگێڵوە پەی هۆرپڕای ئایینی و سەماو ئاوری، بە شێوەیە کە جە وەقتیەنە چۆیەشا ئاوردان و جە سەرەو نەقش و نیگارە کێشیاکاوە شەکنانشاوە، نیگارەکێ جە چەمەو ئەویشاوا جوڵیاینێوە، پۆچی جیا چا ئێشارە کریایاو سەریە، پسەو سەرگەرمی و ڕاز واتەی پەی زاڕواش ئیسفایە چی کەردەیە کریان.

فرەیە جە نقشە تۆنینەکاو هەورامانینە نەقشەو ڕاوچی و ئاژەڵەکاو کەڵێ و خوگی و پاسێتەرێ کێشیانێ. ئینەشە یۆ جە دەلیلەکانەن کە مەتاومێ ویەردەو ئی نەقشانە پەی سەردەمەو وەروەلاوی ڕاوکەردەی و وەڵێ دەسپەنەکەردەو کالای نامێ بەرمێ. هەر

پاجۆرە ترەک و قاژەو ئا تۆن و تاشەتۆنانە کە نەقشەکێ سەرشاوە کێشیانێ، جە بێن لواو ڕادەیی نەقشەکا بۆنەیی فەرسایش و هۆکارە سروشتیەکای تەریوە کە پرۆسەی زەمانی دوور و درێژشا لازەمەن، نیشانەو کۆنەیی و ویەردەو چەندە هەزار ساڵەو ئی نەقشانەنە جە هەورامان.

بە دەها نموونێ چی نەقش و نیگارە کێشیاوانە سەرەو تۆنێ و تاشەتۆنێ و دیوارەو مەڕەکاو جە هەورامانەنە بیەیشا هەن کە ویەردەیشا پەی هەزاران ساڵێ چێوەڵتەری مەگێڵوە.بۆنەیی نەفۆتیایی و جە بێن نەوەردەی و وێران نەکەردەو ئی نەقشانە جە لاو نەیارو ئی گەلیوە و هەرپاسە ڕەوتە جیاوازەکاوە کە بیەو نەقش و نیگار و کەتیبە کۆنەکا بە بتپەرەسی و دژەو ویروەکەردەو ویشا مەزانا، هەرپاجۆرە بۆنەیی پارێزنایشای جە دەسەو بازیە مەردمیوە کە خۆلیاو ئێسەو زێڕیشا هەن و مەتەرسی جە بێن بەردەی مۆزا سەرەو ئی ئاسەوارانە، ئێشارە بە گردیشا نەکەرمێ و بە تەنیا پەی وەرچەم ڕۆشنی، چەندە دانەیەشا مۆزمێ وەرەو باس و ئێشارە پەنە کەردەی.



### نەقشە تۆنیەکاو هەورامان تەختی

جە دەگاو هەورامان تەختی دوو دەسێ چی نەقشە تۆنینا بیەیشا هەن. یۆوەمین نەقشا سەرەو تۆنیەوە بە درێژی ٦و نیم میترێ و پانی ٣ میترێ و ١٥ سانێتێ کێشیان کە نەقشەو کەڵیە جە ئەندازەو ٣٠ جە ٢٥ سانتێنە هەن سەرشوە. هەر سەرەو ئی تۆنێوە نەقشەو نزیک جە "مۆستەتیلی" بە ئەندازەو ٢٥,٧ سانتێ جە ٢٧,٥ سانتێنە کێشیان. نەقشە کێشیاوەکاو سەرەو ئی تۆنێ جە لاو مەردمەو ئی دەگایوە بە دەرەو کۆشکی نامێ مەوریەو.

### دووەمین نەقشەو تۆنینەو هەورمان تەختی

هەرپاجۆرە جە لاچوەری ڕۆوەوڕوجیاری دەگاو هەورامان تەختی نەقشیەتەری تۆنین هەن کە چی نەقشەنە یەرێ دانێ کەڵێ و ئاژڵیەتەر و نەقشەو هێمایە هەنێ و چی وێنەنە بەشیە چی نەقشە تۆنینەیەی مەویدێ. یاگێ ئی نەقشیە ١٥٧٦ میترێ جە دەریایوە بەرزتەرەن.



چی نەقشەنە بۆنەیی ئانەیە کە شۆنەو کێشیاو نەقشەکەیرە تۆنەکێ ترەکیش واردێنەە، سەرەو یۆ جە کەڵەکا قاژ بینەن، کە قاژواردەو ئی تۆنێ نیشانەو ویەردەیە فرەیەو ئی نەقشە تۆنینەینە و ترەک واردەو تاشەتۆنێ پرۆسەیە زەمانی فرەش گەرەکەن.

### نەقشە تۆنینەکەو سورێنی

نەقشە تۆنینەکەو سورێنی جە کۆسالان مەگنۆ دەگاو سورێنی و ٨ کیلومێتری لاوارەو پەشتەوڕوجیاری سۆڵاوای و ٢٥ کیلومێتری لاواری ڕۆوەوڕوجیارەو مەریوانیوە. ئی گروە نەقشێ تۆنینێ سەرەو تاشەتۆنیەوە بە ئەندازەو ٧,٧٣ جە ٦,٢٠ میترێنە کێشیاینێ. چی نەقشەنە هەم ڕاوچی و هەمیش کەڵێ و خوگ کێشیانێ و نزیکتەرین هانە پی نەقشوە ٤٠٠ میترێ دوورتەرەن. بۆنەیی نزیکی هانەکەی کە ئاژەڵێ پێ ئاو واردەی لواینێ پێ ئاگەیە و هەمیش بۆنەیی کێشاو ئاژڵ و ڕاوچی و هەمیش بیەو ئا ئاژەڵانە جە هەورامان مەتاومێ واچمێ ئا یاگێ تایبەتەو ڕاوکەردەی بیێنە. وێنەیەو ئی نەقشیە جە واروە.



### نەشقە تۆنینەکاو دەرەکێ

جە دەگاو دەرەکێ جە هەورامان جە ٢٠ کیلومێتری مەریوانیوە، یەرێ نەقشێ تۆنینێ جە یەرێ یاگێنە بە نامەکاو "بەردمیر"، "بن قەڵا" و "مەڕتاش"ینە هەنێ.

جە وەردەمەو پەناگاو بەردمیری سەرەو دووی تاشەتۆناوە نەقشێ کێشیاینێ: پسەو نمونەی سەرەو تۆنە میکلەکێوە نەقشەو یەرێ کەڵا و ئاژڵیەتەر کە مەشیەو توتە بۆ، کێشیان، کە وێنەکەش واروە مەویندێ.

جە بن قەڵانە شێوەو دووی بەشەرا کێشیان و سەرەو نەقشەکاوە شێوەو ماری کێشیان کە خەریکەن مەلۆ. جە دووە میتری لاوارەو نەقشەو بەشەرەکاشوە نەقشەو کەڵیە کێشیان.

هەر پاجۆرەش جە نەقشەو مەڕتاشینە چەندەها نەقشێ هەنێ کە تایبەتێنێ بە چەندە دەورێ جیاجەیۆتەری. پسەو نمونەی جە بەرزی یەرە میتری تاشەتۆنەکێوە نەقشەو یەرێ ئەسپا و یەرێ سوارێ کە سوارەو ئەسپەکا بیێنێ کێشیان کە ڕووبە سەرەکۆ مەلا. هەر پاجۆرە جە لاو لاوارەو ئەسپەکاوە نەقشەو یەرێ کەڵەهەردیا کێشیان.




### نەقشە تۆنینەکاو دەگاو بندۆڵی

جە خاکەو ئی دەگایشەنە جە سەرەو تاشەتۆنەکاوە چەندەها نەقشە تۆنینێ هەنێ. جە سەرەو یۆ جە تاشەتۆنە نەقش کێشیاکاوە بە نامێ "تۆنەو مەڕەو نەقشی" جە بەرزی دووی میتری سەرەو زەمینیوە شێوەو دووی کەڵڵا و یەرێ هێمای کێشیان کە تا ئیسە دڵنیاوە نەوییێنا ئی هێمای چێ مانا و هێمایە میاونا و خەریکەو پەیجوری و لێکۆڵەری زیاتەرینا سەرشاوە. ئەندازەو بزەکا ٨ جە ٩ سانتێ و ١٥ جە ١٥ سانتێن و دەورەو هێماکا ١٦ و ١٣ و ١٩ سانێتن. وێنەیەو ئی هێما و نەقشە تۆنینانە.

هەر پاجۆرە جە لاچوەرتەروەو ئی بز و هێمایاوە جە ٥ میتری سەرەو زەمینیوە هەر سەرەو ئا تاشەتۆنێوە دایەرەیە خرتیە نیم میتری کنیان. هەم دیسان جە سەرەو هەمان تاشەتۆنێوە جە بەرزی ٦ میتری سەرەو زەمینیوە یەرێ دایەرێتەر هورکنیاینێ کە هەنێ لێ یۆوێنە و لێڕاسەکەششا هەر یۆن. دەورەو گۆرەکەیشا ٧٠ سانتێ و ئەگەرەو ئانەیشە فرەن کە ئێشارە بە ڕووجیار و هەسارەکا کەرۆ.

هەرپاسە جە بەرزایەکاتەرەو ئی دەگاینە دیواریە ئاهەکی گۆرە ڕوو بەر سەرەکۆ هەن کە نەقشەو دووی دایەرێ جە لێ یۆوێنە سەرشوە کێشیان. جە تاشەتۆنەکاو دەورووبەرو ئاگەینە چەندین نەقشێتەرێ هەنێ، پسەو: کەڵە و بزە هەردیێ، نەمادەو جەموە کەردەی (+)، بەشەریە کە سوراەو دووی دایەرای پسەو چەرخا بیەن و چێویە هەن دەسشوە. وێنەیە ئی نەقشیە.



### نەقشە تۆنینەکاو دەگاو دەڵەمەرزی

دەگاو دەڵەمەرزی جە ٦٥ کلیومێتری لاواری ڕۆوەوڕوجیاری سۆڵاوای جە بەرزی ٨٥٥ میتری



دەریایوە، ١٠ دانێ پەناگای تۆنە ئاهەکیێ هەنێ کە ئی پەناگاێ مەگنا ١ کیلومیتری لاوارەو دەگاکێوەو بە پەناگاکاو "ئەسڵگە"ی نامێ نریاینێ و مەشناسمێشا.

چی پەناگایانە چەندە دانەیە ئیسکان نمایێ و هاوەنگێ هۆرکێنیاینێ کە ویەردەشا پەی دەورانەو وەڵێ ویەردەی مەگێڵوە.

جا چا ئیسکان نما و هاوەنگانەش چەندەها نەقشەو بەشەری و ئاژەڵێ پسەو ئۆڵاخی جە حاڵەتە جیاکانە کێشیانێ و بیەیشا هەن. کە جە وێنەو وارینە نمونەیەشا مەویندێ.



**نەقشە تۆنینەکاو دەگاو دێوەزناوی**

دەگاو دێوەزناوی یۆتەر جە دەگا کۆنەکاو هەورامانینە و مەگنۆ ناوچەو ژاوەرۆوێ، بە پێ بازیە سەرچەمە و یۆوزیاکا مەتاومێ پسەو سەرچەمەو هۆرقۆڵیایی میترایزمی و لێڕاسەو هێز و دەسەڵاتەو مێهری نامێش بەرمێ کە پەی دووروە نەکەوتەی جە باسەکەی چیگەنە نمەلمێ سەرەش.

جە ٣٠٠ میتری لاواری ڕۆوەوڕوجیاری ئی دەگایوە جە ڕاو دەرەو دۆڵ کاویوە جە یاگیەنە بە نامێ دۆڵ ئەسپان جە دووی لایوە نەقشێ تۆنینێ هەنێ کە نەقشەو بەشەر و ڕاوچی و بزە هەردیا و تیروکەمانی سەرشاوە کێشیان کە وێنەیشا جە واروە مەویندێ.

چی نەقشە تۆنینانە و تەنانەت کاسێ و ئیسکانێ و هاوەنە هۆرکنیای، جە یاگێ جیاجیاکاو هەورامانینە فرێنێ. پسەو نمونەی جە دەگاو تەختەی و دەگاو پاڵنگانی و دەگاو زومی و هەمپاسەیتەر بیەیشا هەن.

فرەیە ئی ئاسەوارانە مەگێڵاوە پەی دەورانەو وەڵێ ویەردەی جە هەورامانەنە، هەمیش مەتاومێ واچمێ بۆنەیی ئانەیە کە ئی نەقشێ سەرو تۆنەکاوە هۆرکنیاینێ و ئی کردە ویش وەسیلەیەش پسەو تۆنیە تیژێ لازم بیەن، هەمیش بۆنەیی ئانەیوە کە پسەو نموونەی بازیە جە نەقشەکێ وەسیلەشا پسەو تیروکەمانی چەنە کێشیان، ویەردەو ئی ئاسەورانە

مەگێڵوە پەی دەورانەو وەسیلە وەش بیەی و ئا سەردەمە کە بەشەر تاوانش وەسیلە وەش کەرۆ، پسەو نمونەی تۆنیە یا چۆیە یا پێشەیە بە تۆنیەتەر نووک بەورەو تێژشوە کەرۆ.

### خەتی مێخی

ئی ئاسەوار و نەقشە تۆنینێ سەرەو دیوارەو مەڕەکا و تاشەتۆنەکاوە مەتاومێ پسەو خەتی وێنەیی نامێ بەرمێ و یۆوەمین هەوڵەو قەدیمیەکاما پەی یاوناو پەیام و زانشت و باوەڕیشا بە یۆتەرینی و دماتەرینەکا، هەرپاسە دەستپەنەکەردەو نووسیەی بە شێوەو خەتی مێخی بشناسێنمێ.

شێوەو خەتی وێنەیی کێشە و گرفتەو تایبەت بە ویش بیێنێ. پسەو نموونەی نەتاوانش بە تامامی مەبەستی بیاونۆ، یا هەستەو بەشەرەکا بە تەمامی نیشانە بەو. هەمیش یاوناو مەبەستی بە خەتی وێنەی زەحمەت بیەن، پسەو نموونەی پەی نیشانداو خەمی مەیشیایە دەموچەمشا کێشایە کە هەرسی جە چەمێشوە میارە واری، یا پەی یاوناو مەبەستەو ڕارەلوای مەشیا دووی پایشا کێشاینێ کە یۆ جە پاکا جە وەڵتەرەو ئەویتەریوە بیایە.

پۆچی شۆنەو پرۆسەیە زەمانیرە کە بەشەر فرەتەر لوان وەروە و تاوانش وەسیلێ باشتەرێ بە تۆنێ و پێشەی تاشۆرە، هەمیش جە چەندین بوارەکاتریشوە پسەو جەموە بیەو فرەتەرو بەشەرەکا و دەسپەنەکەردەو یۆوەیاگەنشینی و نیمەیاگەنشینی، بە تایبەتی بە دەسپەنەکەردەو کاڵیایی و کشاوەرزیوە، پرۆسەو خەتی پاش نیان قۆناغیە تازەوە و خەتی وێنەیی و ئی نەقش و نیگارێ دمارەتەر جە پرۆسەیە زەمانینە یۆوەمین خەتە مێخیەکێشا چەنە وەشێ موا.

هەرپاجۆرە کە جە سەرەوە ئێشارەما پەنە کەرد، خەتی وێنەیی جە پرۆسەو زەمانی تەکمیڵ بیەینە، وردە وردە یاگێ ویش مەو بە خەتی مێخی.

پا ئاسەوارانە کە تا ئیسە ئێزیانێوە و چەنەشا ئاگادارێنمێ یۆوەمین خەتە مێخیەکێ جە ناوچەکەو ئێمەی و مێزۆپۆتامیاینە مەگڵوە پەی خەتی مێخی زوانەو سوومری. هەر چی دەورانەنە خەتەو هیروگلیفی جە میسرەنە سەر هۆر مەو کە نیمە وێنەیی و نیمە مێخی بیەن. چی دەورانەنەو دماتەریشەنە فرەتەر وێنەو پاشاکا و لەشکەرکێشاو هۆزەکا جە سەرەو یۆتەری و وەسفەو ڕۆوەداکا و داواو بێنەو دەسەڵات و پاشاکا بە خەتی مێخی کێشیانێ و نووسیانێوە کە جە هەورامان و فرەیە جە ناوچەکاو کوردەوارینە مەوینمێشا.

پسەو نمونەی کەتیبەو تەنگیوەری جە هەورامان. ئی کەتیبەو تەنگیوەریە کە بە کەتیبەو خەتەو مێخی هەورامانیش نامێش مەورمیٚ، هەن جە هەردەو زینانە سەر بە دەگاو تەنگیوەری سەر بە هەورامانی و مەگنۆ ١٠ کیلومێتری دەگاو پاڵنگانی. نەقشە هۆرکنیاکە سەرەو ئی کەتیبەیوە بەرزیش ١ میترەو ٧٠ سانتێن و پانیش ١ میترەو نیمەن. جە لاو لاواریوە وێنەو پاشاو ئاشووری بە نامیٚ سارگونی دووەمی هۆکڕیان کە بەرزیش ١ میترەو نیم و پانیەکەش ٣٠ سانتێن. نووسیە مێخیەکەو ئی ئاسەواریە ١ میترو ٣٠ سانتیٚ جە ١ میتر و ٢٠ سانتێن کە نووسیەکە جە سەرەو وێنە هۆرکنیاکەو پاشاکەیوە هۆرکنیان، خەتە مێخیەکە ٤٥ تا ٥٠ خەتێن "دێڕێن" و بەشیە جە خەتەکاو لاواریش پاکوە بیێنیٚ و نموانیاوە. چیگەنە پەی دووروە نەکەوتەی جە باسەکەی شرۆڤەو ئی کەتیبەیەی نمەکەرمیٚ بە تەنیا ئێشارەیە مەکەروو بە باسە ئەسڵیەکاو ئی نووسیایە مێخیرە.



جە خەتەو ١ی تا ١٠ی دوعا و نیایش پیٚ خواکا کریان. جە خەتەو ١١ی تا ١٢ی نامیٚ سارگۆنی دووەمی ئامێنەو باسەو خەسڵەت و بەباڵارە واتەو سارگۆنی دووەمیرە واچیان. جە خەتەو ١٣ی تا ٣٦ی ئێشارە بە دەسکەوتەکاو سارگۆنی دووەمی کریان. جە خەتەو ٣٧ی تا ٤٤ی ئێشارە بە هێرش کەردەی سەرەو سەرزەمینەو "کارالا"ی کریان. جە خەتەو ٤٥ینە ئێشارە بە نەتیجەو سەرکەوتەکا، ویرەوەوری، ڕێوەڕەسمەکیٚ، کەتیبەکیٚ، پیرۆزەکیٚ و لەعنەت کەردەکا کریان.

خەتەو مێخی کەتیبەو تەنگیوەری مەتاومیٚ بە یۆ جە کۆنتەرین نووسیایە مێخیەکا جە هەورامانەنە نامیٚ بەرمیٚ کە تا ئیسە پیٚما ئێژیانەو هەن وەرەو دەسیمانە.

### وێنەیە کەتیبەو تەنیگوەری و نووسیەکەیش بە خەتی مێخی

جیا جە نووسیەی بە خەتی مێخی سەرو تاشەتۆنا و تاشەکەمەراوە، جە هەرِیٚ سووروە کریایش پەی ئی مەبەستیە ئیسیفایە کریان.



نووسیەی سەرەو هەڕێ سووروە کریایوە، پسەو تەبلێتی یا گۆزێ یا هۆمێ و وەسیلە وەشکریاکێ تەری بە هۆڕە کەردەی، هەر دووە سەردەمەکەو خەتی وێنەیی و خەتی مێخی مەگێروە.

پسەو نمونەو خەتەو تەسویری سەرو هەڕێ سووروە کریایوە، جە واروە وێنەو چەندە وەسیلێ هەڕینێ مەوینمێ کە نەقش و نیگارشا پوەن و جە ساڵەو ١٣٩٦ی ڕوجیارینە جە چەندە یاگێ هەورامانینە ئێزیانێوە و ئیسە هەنێ جە بانکەو سۆفالەکاو هەورامانی جە کرماشان.



هەرپاسە جە واروە نمونەو خەتەو مێخی سەرو هەڕێ سووروە کریایوە مەوینمێ کە تەبلێتیە هەڕینەن و ویەردەش پەی ١٩٩٩ تا ١٨٠٠ ساڵێ وەڵێ زایینی مەزندە کریان. تەبلێتەکە تایبەتەنە بە سوورمیەکا و ئیسە بە شمارەو (LJS٩٩)ـی هەن جە موزەخانەو زانشتگاو پێنسیلڤانیاو وڵاتەو ئامریکای. خەتە مێخیەکە جە ٢٤ خەتێنە جە هەر دووی دیمێوە بە سیستەمەو نووسیەو ٦ گۆشەیی بابۆلیەکا نووسیان. درێژیش ٦٥ میلیمێترێن و پانیەکەش ٤٥ میلیمێترن کە چەندە دانەیە جە خەتەکاش جە لاواروە پاکوە بیینێ. پەی ویناو ئی تەبلێتە هەڕینەیە تەماشاو وێنەو واری کەرە.

چی قۆناغەو خەتەو مێخینە، جە ماوە جیاجیاکانە، جە سەردەمەو دەسەڵات و ئیمپراتوریە جیاکانە کە جە هەورامان و کوردەوارینە دەسەڵاتشا بیەن یا داگیرشا کەردەن، چەندە جۆرێ خەتێ مێخیی و بە زوانە جیاکێ پسەو سورمری، ئیلامی، بابولی، ئاکەدی، پەهلەوی ساسانی، پەهلەوی ئەشکانی "پارتی"، مانویی، ئەوێستایی، پەهلەوی و هەمیتەریش بیەیشا بیەن و پەنەشا نووسیان.

**نووسیەی سەرەو چەرمیوە**

شێوەو نووسیەو خەتەو مێخی دماتەر شۆنەو نووسیەی سەرەو تاشەتۆناوە و هەڕێ سووروە کریایوە، مواڕیەو پەی نووسیەی سەرەو چەرمیوە.

کۆنتەرین نموونە جە نووسیەی کە جە سەرەو چەرمی یا هەمان پۆسەو ئاژەڵیوە جە هەورامان نووسیابۆ قەواڵەکاو هەورمانینێ کە ئیسە هەنێ جە موزەخانەو بریتانیای.

ئی بەڵگەنامێ چەرمیێ قەدێمیتەرین دەسنووس و بەڵگەنامیەنێ کە تا ئیسە جە هەورامان و کوردەوارینە ئێزیانێوە و ساق مەنێنێ کە سەرەو چەرمیوە نووسیاینێ و ڕێکەوتەو مانگ و ساڵەو نووسیەیشا پوە مەنەن.

پۆچی جە سەرەو ئەساسەو هەر ئی قەواڵاو هەورامانیە جە ساڵەو ویەردەینە پێشنیارەو دیاری کەردەو ڕۆ دەسنووس و بەڵگەنامەو کوردستانیم دا بە ژماریە جە چالاکاو بوراوەو دەستنووس و بەڵگەنامەو کوردەواری و بە وەشحاڵیەوە بە ئامادە بیەو، ١٦ ناوەندێ و بنکێ و ئەرشیڤخانێ و زانشتگای و گۆڤارێ کە جە حەوزەو کەلتوور و دستنووس و بەڵگەنامەینە خزمەت پی سامانە نەتەوەیە مەکرمێ، هەر پاسە بە بەشداری ٣٣ کەسایەتێ زانشتیێ و لێژنەیە بە بەشداری تاقمیە جە دەسنووسشناس، ویەردەشناس، زوان شناسەو زوانە قەدێمیەکا و نووسەر و پەیجۆرکارێ کوردێوە جە هەر پەنج بەشەو کوردەستانیوە، ڕۆو ١ـەو چێڵکڕی وەرانوەر چەنی ٢٢ـەو مانگەو مەی زایینی پسەو ڕۆ دەسنووس و بەڵگەنامەو کوردستانیما دیاری کەرد.

قەدێمیتەرین دەسنووس و بەڵگەنامەیە کە کوردستانەنە نویسیابۆ و ساق مەنەبۆە و ڕێکەوتەو مانگ و ساڵەو نووسیەیش پوە مەنەبۆ، یۆ جە قەواڵەکاو هەورامانین کە مانگەو «وەرتەت»ـەو ساڵەو ٣٠٠ی ئەشکانی/پارتی سەرەو چەرمیەوە نویسیان. ساڵەو ٣٠٠ی ئەشکانی وەرانوەرەنە چەنی ساڵەو ٦٨٨ کوردی و ساڵەو ١٢ی وەڵێ زایینی مەکەرۆ. مانگەو «وەرتەت»ی جە تەقویمی ئەشکانیەنە یەرەمین مانگەو ساڵێ و ئاخرمانگەو وەرزەو وەهاری بیێنە کە وەرانوەرەنە چەنی مانگەو چێڵکڕی و هەرپاسە مانگەو مەی زایینی.

ئی یەرە دەسنووسە چەرمیێ کە دنیانە بە «قەواڵەکاو هەورامانی» مەشناسیا، وەرزەو وەهارەو ساڵەو ١٩٠٩ی زایینیەنە، جە لاو سۆفی عەبدوڵڵا خەڵکەو دەگاو دووڕۆوێ جە هەورامانەنە جە مەڕەو «گۆڕەو کناچێ»نە وەرانوەرەو دەگاو «بنۆڵ»یەنە جە کۆسالانەو هەورامانیەنە لێ گۆزیەنە ئێزیاینێوە. ئی گۆزێ بێجگەم ئی قەواڵا، بەن و مووم و بڕیە

دانێ هەرزەنیچش چەنە بیێنێ. ئی مەڕێ گنۆ لێڕاسەو یەرەگۆشەو دەگایەکاو «بنۆڵ» و «ڕەزاو» و «سەرووپیری» جە هەورامانەنە. بەنەکە جە پەژموو مەی ڕێسیان و چەنی موومی قەباڵەکێ هەورامانیش پەنە مۆر و مووم کریاینێ.

پاسە کە سینەبەسینە و دەمبەدەم گێڵنانشاوە، قەواڵەکێ هەورامانی ١٥ دانێ بیێنێ، بەڵام وەرەو دەساودەس کریایشا و گۆشنەڎای بە هۆرگێرتەیشا، بەشیەشا فەوتیاینێ و ئیسە تەنیا یەرێ دانێ چی قەواڵانە جە مۆزەخانەو بریتانیاینە هەنێ وەروو دەسیەنە.

ئی یەرە دانە بەڵگەنامە دەسنووسە کە ئیسە پسەو میراسی پەیما مەنێنێوە، بەینەو ساڵەکاو ١٩٠٩ تا ١٩١٣ی زایینی مەگنا دەسەو شێخ عەلائەددینەو بیارەی تاتەو شێخ عوسمان نەقشبەندی کە چا وەختەنە دەگاو دووڕۆی جە بنارەو کۆسالانیەنە بیەن. ئی قەواڵێ دماتەر مەگنا دەسەو دوکتۆر میرزا سەعیدخانی کوردستانی کوڕەو مەڵلا ڕەسووڵی مەریوانی. سەعید کوردستانی ساڵەو ١٨٢٦ی زایینی جە شارەو سنەینە جە ئەڎای بیەن و ساڵەو ١٩٣٩ی زایینی هەمەدانەنە کۆچی دماییش کەردەن. سەعید کوردستانی جە ساڵەو ١٩١٣ی زایینی پەی ئەوەوانای و چەنەیاوای مەتنەو قەواڵەکاو هەورامانی سەروو بریتانیای مەو و قەواڵەکا و بەن و موومموو قەباڵەکا و هەرپاسە چوند دەسنووسێ ئێژای پسەو کەشکۆڵەو شێخ عەبدولمۆمن مەردۆخی چەنی وێش مەوەرۆ پەی شارەو لەندەنی پایتەختەو وەڵاتەو بریتانیای. دوکتۆر سەعید کوردستانی، پەی ئەوەوانای، قەواڵەکا مەو بە پڕۆفسۆر «ئێدوارد گرانویل براون»ی (١٨٦٢-١٩٢٦) جە وەڵاتوو بریتانیایەنە. دماتەر ئی قەواڵە ویەردینێ هەورامانیە بازاڕیە تایبەتەنە مەورەشیا و شۆنەشەرە قەواڵەکێ سەرە جە مۆزەخانەو نەتەوەیی وەڵاتەو بریتانیاینە بەرمارا. ئیسە بە نام و نیشانەو (٣٨،٨٩٥A.MS) و (٣٨،٨٩٥B.MS) و (٣٨،٨٩٥C.MS) چاگەنە مەپارێزیا. ئی قەواڵێ باسەو ماماڵەکەردەو زەمین و باغی، جە بێنەو چەند کەسانە جە هەورامانەنە مەکرا و چیگەنە پەی وەرچەم گێرتەو ڕادەی و دێژوە نەویەو بابەتەکەی، شیوەکەردەیشا مازمێ. وێنەیە جە قەواڵەکاو هەورامانی.



وەسیلەکاو نووسیەی جە ویەردەنە و وەڵێ وەشبیەو کاغەزی بە تەنیا سەرەو هەڕێ و تاشەتۆنێ و پێشەی و چەرمیوە نەویەنێ، بەڵکەم هەم سەرەو پارچەیوە بە وراسەو ڕەنگی جیای سەرەو پارچەیەرە، هەمیش جە شۆنەو پەیا بیەی و وەشکەردەو مێس و مەفرەغ و ئالیاژەکاتەریشەرە سەرەو ئی ئاسناشوە نووسیان. مەشەو ئا خاڵێشە وەرەو چەمیماوە بۆ کە سەردەم بیەن هەمزەمان جە چەندە شێوا ئیسیفایە کریان، پسەو ئیسیفایەی هەمماوە جە خەتی وێنەیی و خەتی مێخی.

**نووسیەی سەرەو کاغەزیوە:**

جیا جە نووسیەی بە شێوەو دیجیتاڵی و بە وەسیلە بەڕقیەکا، پسەو موبایل و کامپیۆتری، نووسیەی سەرەو کاغەزیوە دماتەرین شێوەو نووسین جە هەورامان و کوردەوارینە.

ئیسیفایە کەردەی جە گەڵای و دار و چۆوێ پەی نووسیەی پسەو یۆوەمین قۆناغەکاو وەش بیەو کاغەزی و نووسیەی سەرەو کاغەزیوە مەتاومێ نامێ بەرمێ.

جە دەورووبەرو ٢٥٠٠ ساڵێ وەڵێ زایینیوە جە مێسرەنە جە سەرەو ”زەل“یوە نووسیەنشا کە بە کاغەزی پاپیروس مەشناسمێش. هێندیەکێش سەرەو پۆسەو داراوە نووسیەنشا و پسەو مەسعودی ویەردەشناسی بەغدادی (٨٩٦-٩٥٧ەو زایینی) ماچۆ: هێندیەکێ سەرەو پۆسەو داریەوە بە نامێ ”توز“یوە نامەشا نووسیەن و کیاسەنشا پەی خۆسرەو پەرویز پاشاو ساسانیەکا. هەرپاسە یۆوەمین گل جە ساڵەو ١٥٠ و زایینینە پیایە چینی بە نامێ ”تاسی لون“ی کاغەزی نزیک جە شێوەو ئارۆیەکەیش وەش مەکەرۆ. تا چەندە ساڵێ چینیەکێ ناسەنشا کەسی بێگانە جە ویشا فێرەو ئا هونەریە بۆ. بەڵام دماتەر جە ساڵەو ٧٥١ەو زایینینە، عەرەبێ چیە ئەسیرە چینێ مەگێرا و ئی ئەسیرە زانابیەنشا کاغەز وەش کەرا، عەرەبەکێ چا ئەسیرە چینیانە فێرەو کاغەز وەشکەردەی موا و ئی هونەرە دماتەر میاو بە مەراکێش و بەغا و دەمێشق و دماتەریش بە ئورووپارە وڵاوە مەو.

جە سەرەو هەمان ئەساسیوە ئەگەر گەرەکما بۆ جە هەورامان و کوردەوارینە کاغەز و بەڵگەنامەیە کاغەزی بە شێوەو نزیک جە کاغەزەو ئارۆوێ بێزمێوە، پا مانای کە نە کاغەزی چینیەکە و نەک هێندیەکە، کە فەرقی فرەشا هەن چەنی ئا کاغەزیە کە شۆنەو ئانەیرە عەرەبێ فێرەو وەش کەردەیش بیێنێ و جە ناوچەکەنە وەش کریان، ویەردەش ئەوپەڕش تا دەورووبەرەو ١٥٠٠ ساڵیە میاو. یۆ جە خەسڵەتەکاو کاغەز و بەڵگەنامە و

دەسنووسی کاغەزی ئانەنە کە زوو مەفەوتیە و جە بێن مەلۆ، هەن جە مەترسی پورتکیانە، مۆریانە و مڵە مورەش، وەرەتاو مەسووچنۆش، مدڕیەو و ڕەنگ مەوە. پۆچی فرەتەینەو ئا کاغەزانە کە تا ئیسە جە ویەردەنە مەنێنێوە ویەردەشا فرەینشا هەزارە نمەلۆ بە سەرشەرە.

بڵام ئایا جیا جیا چا ڕەوشانە، جە هەورامانیشە کە فرە بە جوانی و درۆسی تاوانشا باشتەرین سوود جە سروشت و ژیوارەو دەوروبەریشا پەی ژیوای و وەسیلە وەشکەردەی بووینا، جە هەورامانیەنە کە بە لانکەو هونەر و دەسڕەنگی مەشناسنمێش، خۆلقنای و وەش کەردەی کارو هونەرەو شەوێ و ڕۆوەو مەردمیش بیەن و هەرپاسە ویەردەی و شارستانیەتی هەزاران ساڵەش پەنەن، کاغەزی تایبەت بە دار و گەڵاو دارو گژو گیاوەو هەورامانی وەش کریان و سەرەو گەڵایە تایبەتیوە نووسیەنشا؟ پەی درێژوە نەبیەو بابەتەکەی جواوەو ئی پەرسێ و شناسناو کۆنترین دەسنووسە کاغەزیەکاو هەورامانی مازمێوە پێ دماتەری.

واژەنامەیە پێویست: ئی بابەتمە بە هەورامی و گویشی ژاوەرۆیی نووسیەن و ماناو بازیە واژە پێویستەکا جە واروە بە سۆرانی.

(ڕۆوەوڕوجیار یا وەرکەوت: ڕۆژهەڵات). (پەشتەوڕوجیار یا پشتکەوت: ڕۆژئاوا). (لاچوەر: باکوور). (لاوار: باشوور). (لاواری ڕۆوەوڕوجیاری: باشووری ڕۆژهەڵات). (لاچوەری ڕۆوەوڕوجیاری: باکووری ڕۆژهەڵات). (لاواری پەشتەوڕوجیاری: باشووری ڕۆژئاوا). (لاچوەری پەشتەوڕوجیاری: باکووری ڕۆژئاوا). (نەقشێ تۆنینێ: نەقشی بەردین). (دەورانەو وەڵێ ویەردەی: دورانی پێشا مێژوو). (وەنەتەقی: وەنی، قەزوان، قەسوان، قسقەوان، وەنوشەک).

**سەرچەمێ:**

(سنگ نبشته میخی اورامانات، علی اکبر سرفراز، شماره ٥ سال سوم مجله برسی های تاریخی). (نقش برجسته و کتیبه تنگی ور، کتیبه سارگون دوم در تنگی ور، محمد ابراهیم زارعی، فصلنامه فرهنگ کردستان، شماره ١٦ و ١٧). (مروج الذهب، عەلی کوڕەو حسێن مەسعودی ویەردەشناسی بەغدادی ٨٩٦–٩٥٧ـەو زایینی). (موزەخانەو زانشتگاو پێنسیلڤانیاو وڵاتەو ئامریکای). (بانکەو سۆفالەکاو هەورامانی جە کرماشان). (مۆزەخانەی نەتەوەیی وەڵاتوو بریتانیاینە). (میراث کرد، سال دوم، شماره سوم، گاهنامەی اداره میراث فرهنگی صنایع دستی و گردشگری کردستان، تاریخ هنر کرد به روایت سنگ نگارەها، جمال لحافیان). (گزارش برسی نقوش صخرەای در منطقه اورامان، طاهر قاسمی). (کتێوەو "تەختە"ی نووسیەو ویم، هێشتاێ چاپ نەکریان).

# گرفتەکانی ڕێنووس
# لە پڕاگماتیکی نووسیندا

مستەفا غەفوور

بە پێی پرنسیپی دەزگای فێربوونی زمان، دواتر بە پێی ئەوەی کەرەستە زمانییەکان هەر لە ئامرازەکانەوە بگرە تا دەگاتە وشە، جووتۆکە، باینۆمیاڵ، پەند، ئیدیۆم، قسەی نەستەق و میتافۆڕەکان، کۆدی تایبەت بەخۆیان لە زەینی ئاخێوەرانی هەر زمانێکدا هەیە، هەر مرۆڤێکی ئاسایی کامڵ دەتوانێ هەست بە هەڵەی ئەدیب و نووسەران بکات چ لە نووسین چ لە ئاخاوتندا. لەبەر ئەوە ئەگەر نووسەر، ئەدیب نەتوانێ هەست بەو هەڵانە بکات یان بە هەڵە بەکاریان بێنێ، مانای ئەوەیە ئاستی زمانیی و زمانناسیی لە ئاستی مرۆڤێکی ئاسایی کەمترە، ئەمەش لە کەسایەتی نووسین و بەهای نووسینەکانی کەم دەکاتەوە.

مرۆڤ کە دەدوێ بیرۆکە و کەرەستەکانی گواستنەوەی بیرۆکەکە لە زەینیدا ئامادەن، ئەوە بیرۆکەکانن کەرەستە ئامادەکان هەڵدەبژێرن و دەیانخەنە بەرخزمەت، ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک بێ کەرەستەکان ئامادە نەبن، یان لە یادگەدا ئەوەندە زۆر نەبن مرۆڤەکە گوڵبژێریان بکات و بیانخاتە بەر خزمەت، ئەوا گواستنەوەی بیرۆکەکان یان زەحمەت دەبێ یان ئەو کواڵیتییەیان نابێ یان بە ناتەواوی دەخرێنە روو. رووداوەدات کەرەستەکان یا لە زەیندا یان بە شێوەی فیزیکی لەبەر دەست دابن، رەنگدانەوەی ماناییان بیرۆکە بخولقێنی، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە بە ئاڕاستەی رەوتی بیرکردنەوەیەکی تایبەت نەڕۆن، هیندێک جاریک شتی سەیر و سەمەرە دەخولقێنن..

زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی چۆن دەوترێ ئاواش دەنووسرێ و چۆن دەنووسرێ ئاواش دەخوێندرێتەوە، لە سیستەمی فۆنێتیکی جیهاندا بە ئاسانی گوزارشتی لێدەکرێت، وردەکارییەکانی فۆنێتیکی شتێکی ئەو تۆ نین لە ئاوازی خوێندنەوەدا گرفت بخولقێنن. هیچکام لەو کێشانەی نییە کە لە زمانەکانی تردا بەدی دەکرێن. جگە لەوە هەموو فۆنەکان (تەنیا ئا نەبێ) قەوارەی تەواوی فۆنیمەکانن و بە یەک پیت نیشان دەدرێن، واتە هەر پیتێک هیمای دەنگێکی تەواوە. واتە قەوارەی فۆن و فۆنیم وەک یەکن. لەبەرئەوە پێویست ناکات بە بیانووی بێ بنەما و بە خاتری ئەو کەسانەی فێری کوردی دەبن یان فێردەکرێن ئالۆز بکرێ. زمانەکانی تر کۆمەڵێک کەموکوڕیی فۆنێتکییان هەیە، کە لە خودی سروشتی زمانەکە و ژینەگەکەیانەوە هاتووە.

گاتاکان تەنیا مووغەکان لەبەریان بووە و توانیویانە لەبەریان بکەن و بیاننووسن و لە بۆنە دینییەکاندا بیانخوێننەوە . ڤیداکان تەنیا پێشەوایانی دینی ئاتەشکەدەکانی

هیندۆس توانیویانە بیانخوێننەوە و بیاننووسن. تەنیا پێشەوایانی دینی مەسیحی توانیویانە سروتە دینییەکان کە بە زمانی لاتینی بووە، بخوێننەوە و بنووسن. هۆکاری ئەوانە هەمووی ناتەواویی و گشتگیر نەبوونی ڕێنووس بووە، کە نەیانتوانیوە ئەوەی دەگوترێ بێ کەم و کوڕی بنووسرێ و بخوێنرێتەوە، دەشێ لە گوتن یان زمانەکەشدا کەموکوڕی هەبووبێ. ئێستاش تاک و تەرا لە شوێنە دواکەوتوو و لاچەپەکانی وڵاتی ئێمەدا کەسانێک لە کار و کاسبیدا لەبەرئەوەی خوێندەوارییان نییە، کۆمەڵێک هێما بۆ یادەوری خۆیان یاداشت دەکەن تا لە کرین و فرۆشتن و مامەڵەدا بەهەڵە نەچن، بەڵام ئەو هێماو ئاماژانە شەخسین و کەسی تر ناتوانێ بیانخوێنێتەوە یان پەیان پێ ببات. دەکرێ ئەمانە وەک قۆناغێکی سەرەتایی گشتگیر بکرێ بۆ داهێنانی نووسین. ناکرێ بانگەشەی ئەوە بکرێ، ئەمانە زمانی پەتین و هەرچی وتوویانە و دەیڵێن راستە. ئەمە بۆ وتەکانیشیان راستە، چونکە ئەو ناوچە دوورە دەست و دواکەوتوانەی گوایە سەرچاوەی زمانی کوردە پەتین، زمانیشیان دواکەوتوو کامڵ نەبووە. هەڵقوڵاون و بۆ ئەمەش زمانناسان ناچاربوون بەردەوام بە دوای چارسەردا بگەڕێن. کەچی ئێمە لە خۆمانەوە خەریکین گرفت بۆ زمانەکەمان و ڕێنووسەکەی دەخوڵقێنین.

بە بڕوای بەندە بە گشتی دووحۆر هەمووارکردنی زمان هەیە چ لە رووی نووسین چ لە رووی گوتنەوە: ١) هەمواری کۆمەڵایەتی ٢) هەمواری شەخسی، دوورنییە سەرەتا لە دەمی تاکێکەوە دەر بچێ یان داهێنانی تاکێک، کە ئێستا لە سەر دەستی شاعیران نووسەران بە تێکڕایی ئەدیبان وشە و زاراوەی نوێ دێنە ناو زمانی کوردی، بەڵام ئەوەی پێویستە ئەوەیە: دەبێ هەردووکیان کۆدەنگی یان گرێبەستی کۆمەڵایەتیان لەسەر دروست بێ، ئینجا بخرێنە بەر خزمەت، واتە هەمووارکردنە شەخسییەکەش دەبێ بکەوێتە خانەی هەموارکردنی کۆمەڵایەتی. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا پێویستە لە رووی زمانناسییەوە واتە بە پێی رێساکانی زمانناسی پشتڕاست بکرێتەو:

١- لەبەرئەوەی زۆر جار چارەسەری کێشەکان بە یەکجاری بنبڕ نابێ، دەرەنجامەکە کێشەی تر دەبێ وەک: (وو) بە شێوە وً یان (ڕ) لە بری (رر) کە لە عەرەبیدا ( ّ ) یان (وو و) هەر وەها (یيی) کە ئەمە یەکەم: جارێکی تر نزیککردنەی لایەنێکی زمانی کوردییە لە زمانی عەرەبی، دووهەم: تێچووی زمانیی پتر دەکەن. تێچووی زمانیش ئەو کاتە دەردەکەوێ کە دەق لە سنووری شیعر، پەخشان و کورتە چیرۆک تێبپەڕێ. بەڵام ئەگەر سەرەتای وشە بە (ڕ) دەستپێکردبێ و وشەکە لەگەڵ

ئامرازێکی تردا بێ وەک ئامرازی نەفی ئەوا(ِ)ی بۆ دادەنرێ وەک (روون: ناڕوون/ رەسەن: ناڕەسەن،...)

دەنگی (ڕ) دەنگێکی کۆنسۆناتە، لە رووی گۆکردنەوە کاتێک لەدەسپێکی وشەدا دێت هەوای پەنگخواردووی سییەکان دوای کۆتایی هاتنی وەستانی کۆنسۆنانتی (کە هەر کۆنسۆنانتێک لانیکەم لە گۆکردنیدا داخرانێک یان نیمچە داخرانێک لە ڕێڕەوی رەوتی هەواکەدا هەیە) بە تەوژم لە گەرووەوە دێتە دەرێ، لەبەرئەوە لە زۆربەی زمانەکاندا قەڵەوە، لە هیچ زمانێکیشدا بۆ ئەم حاڵەتە هیچ هێمایەک دانانرێ. ئەمە لە زمانی کوردیدا حاڵەتێکی ناوازەیە پێویست ناکات هێمای (ِ) لە ژێر دابنرێ. لە (IPA) واتە فۆنێتیکی ئەلفابێتی جیهانییدا هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە.

حاڵەتێکی تری تایبەتی هەیە کە هاتنی ڤاوڵ لە دوای کۆنسۆنانتێک، دەنگێکی تایبەت دەبەخشێ بە کۆنسۆنانتەکە دەکری ناوی بنێن قەڵەو (ک و گ قەڵەو)، چ لەدەسپێکی وشەدا یان لە شوێنی تردا، وەک: ک+ی یان ێ، گ+ی یان ێ: کیسە، کێو/ گیرە، گێرە. لە ناوەڕاسی وشە یان زاراوەدا وەک: دەسکێش، سەرکێش، کەوگیر، ئاوگیر.

هەمان دەنگ لە دۆخێکی تردا دروست دەبێت، ئەویش بە هاتنی دوو ڤاوڵ لە دوای کۆنسۆنانتی ک وگ، وەک: کوێر، گوێ، شەوکوێر، پشتگوێ. لە کاتێکدا ئەم جۆرە دەنگانە یونڤێرساڵ نین و لە هیچ زمانێکی تردا نین. مەرج نییە لە نووسینی ئاساییدا بە مەبەستی جیاکردنەوە هێمای بۆ دابنرێ، بەڵام دەکرێ لە نووسینی فۆنێتیکیدا جیابکرێنەوە، هەروەک دیفتۆنگەکانی زمانی ئینگلیزی (th,ch, sh,...) دەیان دەنگی تر هەیە لە زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تر بە ئاوێتە کردنی دەنگێک دەنگێکی تر دروست دەبێ، کە لە نووسینی ئاساییدا هەر وەک خۆیان دەنووسرێن و لە نواندنی فۆنێتیکیدا بە هێمای تایبەت گوزارشتیان لێدەکرێ، وەک: (tion, sion,ise, ies,tia, ...). کەواتە ئاساییە ئەو دەنگانەی سەرەوە وەک خۆیان بنووسرێن، بەڵام بە نووسینی فۆنێتیکی جیاوازییەکانیان نیشان بدرێ.

٢- لە زمانی ئینگلیزیدا چوونە پاڵیەک واتە contraction هەیە کە بواری فۆنیتیکی سەپاندوویەنی وەک: alright← all right یان Gooby کە لە god be with you هاتووە، لە ڕێنووسی کوردیشدا دەتوانین ئەم کورتکردنەوەیە بگونجێنین، وەک: دەستخۆش: دەسخۆش/ دروستکردن: دروسکردن/ هەشت سەت: هەشسەت و......، کەچی زمانناسان بە هۆکاری مۆرفۆلۆجی رەتی دەکەنەوە.

٣- بەکارهێنانی دوو وشە کە یەکەمیان بە هەمان پیت کۆتایی بێت کە دەسپێکی دووەمیانە، لە خوێندنەوە یان ئاخاوتندا گرفت بۆ زمان دروست دەکات، هۆکارەکەش ئەوەیە خوێندنەوەی بە دوای یەکدا هاتنی دوو کۆنسۆنانت قورسە و هارمۆنی خوێندنەوە تێکدەدات. پاش شەرێکی سەخت لە نێوان... لە خەم مەترسێ... چاک کردن، باش شوشتن، لەمەڕ ریگاوبان، ئەوا ئەگەر بکری پێویستە یەکێ لە وشەکان بە هاواتاکەی بگۆڕین، وەک: لە دوای شەرێکی سەخت لە نێوان: سەبارەت بە رێگاوبان... یان ترست لە خەم نەبێ، یان لە خەفەت مەترسێ....

٤- سەبارەت بە (ی) کە ئەرکی راناوی بەروتە و ئەرکی پەیوەندی و ئەرکی بە ئاوەڵناوکردن، ئەرکی هیخۆبوون هەڵدەگرێ

ئەو قوتابیانەی، کە سەرکەوتووبوون لە تاقیکردنەوەکاندا، هێشتا دانەمەزراون./ ئەو قوتابییانەی لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتووبوون، هێشتا دانەمزراون/ (ی) هەم ئەرکی پەیوەندی هەڵگرتووە و هەم ئەرکی دیارخەر، بۆیە ئاساییە (کە) دیارخەر لاببرێ و هاوکات بۆ پاراستنی هارمۆنێکی رستەکە پاش و پێش بە سەرکەوتووبوون و تاقیکردنەوەکاندا بکرێ (چونکە سەرکەوتووبوون بە دەنگی کۆنسۆنانتی (ن) کۆتایی دێ پتر جەخت لەسەر وێستەکە دەکاتەوە، بەڵام لە وشەی قوتابییەکاندا بە ڤاوڵی ئای درێژ کۆتایی هاتووە تا رادەیەک رێگە لە وێست دەگرێت و هارمۆنی رستەکە دەپارێزێ.

لە دەستەواژەی (جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان واقعی ماددیی و...) دا، جیاوازی بنەڕەتی: دەستەواژەیەکی ئاوەڵناوییە، لەبەرئەوەی (لە) پاشبەندە، بۆ بە یەکەوە بەستنەوەی هەردوو دەستەواژەی (جیاوازی بنەڕەتی) و (نێوان واقعی ماددی) پێویستی بە (ی) پەیوەندی نییە و خۆشی مامەڵەی سینتاکسی لەگەڵ دەکرێ. ... ئینجا ئیقاعی خوێندنەوە و فۆنێتیکی گوتن بوونی (ی) پەیوەندی لەو حاڵەتەدا دەرناخات.

زمانناسی دەروونی: ئەگەر بڵێین زمانناسی دەروونی ئەوا مەبەستمان کەسێکی زمانناسە. بەڵام ئەگەر بڵێین: لە زمانناسی دەروونیدا، ئەوسا مەبەستمان زانستێکە ناوی زمانناسییە، زانستێکە ئەرکەکەی یان خەسڵەتەکەی زمانناسییە، دەکرێ (ی) دووهەم بنووسین، بەڵام لەبەرئەوەی پێشبەندی (لە) ی لە پێشە دەکرێ وەک دەستەواژەیەکی ناویی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەوسا پێویست بە (ی) دووهەم ناکات، لەبەر کەمکرنەوەی تێچووی زمانیش دانەنانی واتە حاڵەتی دووهەم باشترە.

پرۆسەی ئابووریی دارماوی عێراق. دەکرێ بنووسین پرۆسەی دارماوی ئابووری عێراق (کە جیاوازییەکی ئەوتۆی مانایی ناخوڵقێنێ)، لە بەر ئەوە لە دوو هەمیاندا، لە نووسینی دوو (ی) دووردەکەوینەوە بێ ئەوەی ماناکە بگۆڕێ.

دیموکراسی پتەو دەتوانێ بەردەوام بێ... لێرەدا دیموکراسی ناوە و (دیموکراسی پتەو) دەستەواژەی ناوییە لە شوێنی بەرکاری رستەکەیە و کرداری پتەو دەگەڕێتەوە بۆ دیموکراسی، کەواتە ناتوانێ (ی) دووهەم وەربگرێ.

بەشداری تێدا بکەن/ پشتیوانی بکەن/ هاوکاری بکەن/ پەیوەندی پێوە بکەن و.... هیتر، ئەمانە دەستەواژەی کردارین بە هۆی یاریدەکرداری کردنەوە بوون بە کردار، لە نووسیندا بەشداریکردن/ پتشیوانیکردن/ هاوکاریکردن بەیەک یا دەنووسرێن بەڵام لە رستە یان دەستەواژەدا هەر کردارن و بە هۆکارێکی زمانی لێکجیاکراونەتەوە، لێرەدا (ی) سەرەکی وشەکە ئەرکی پەروەندیش هەڵدەگرێ.

ئەم راوە تاژی خۆی دەوێ/ ئەم دەریایە ماسی سەلەموونی هەیە/ ... کاتێک ناوەکە بە (ی) کۆتایی هاتبێ ئەوا (ی) پەیوەندی لەگەڵ (ی) ی ناوەکە ئاوێتە دەبێ، بنووسرێ و نەنووسرێ ناخوێندرێتەوە، من بە باشتری دەزانم نەنووسرێ ، ئەویش تەنیا لە بەر هۆکاری ستاتیکای رێنووس و تێچووی زمانی....

جەنگی ئایدۆلۆجی: دەکرێ (ئایدیۆلۆجی بە دوو (ی) بنووسرێ ئەگەر ئایدیۆلۆجی بە ئاوەڵناوی جەنگ وەربگرین، بەڵام ئەگەر ناوی جەنگەکە ئایدیۆلۆجی بێ، ئەوە (ی) تر وەرناگرێ. واتە وەک دەستەواژەیەکی ناوییە. مامەڵە لەگەڵ (جەنگی ئایدیۆلۆجی) دا بکرێ.

لایەنگرانی دیمۆکراسی پێیان وایە... . لێرەدا (ی) پەیوەندی و (ی) ئاوەڵناویی پێوە زیاد ناکرێ، چونکە دیموکراسی لێرەدا ناوە، وەستانێک هەیە (ی) پەیوەندی رەت دەکاتەوە، لەبەر ئەوە پێویستی بە (ی) پەیوەندی نییە.

ئەمە پەیوەندی بە کارەوە هەیە/ ئەو پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکەدا دروست نەکردووە/ لەبەرئەوەی پێشبەندەکانی (بە، لەگەڵ، لە) ئەرکی پەیوەندی هەڵدەگرن ، پێویست ناکات (ی) تر بۆ پەیوەندی زیاد بکەین.

هەموویان سیستمی دیمۆکراسی سیاسی بوون/ دیمۆکراسی ئاوەڵناوی سیستمە، سیاسی ئاوەڵناوی دیموکراسییە، تێکڕا دەبێتە دەستەوایەکی ئاوەڵناوی، ئەگەر پەیوەندی بە رستەیەکی ترەوە نەبێ وەک خۆی دەنووسرێتەوە، ئینجا ناشکرێ

بنووسین: سیستمی دیموکراسیی سیاسیی بوون، ئەوسا بوون دەبێتە هەبوون و (سیستمی دیموکراسیی سیاسیی) دەبێتە هی هەبوون، واتە دەگەڕێتەوە بۆ هەبوون، مانای رستەکە بە تەواوی دەگۆڕێ.

سێ (ی) وەک کۆتایی: کۆتاییەکان. بە رێسای گواستنەوەی هێزو بڕگە دروست بوون، کاتێک کۆتایی بە هۆی مۆرفیمی کۆی (ەکان)، لە سێ بڕگەوە دەبێت بە چوار بڕگە، ئەوسا (ی) ئاوەڵناو جیا دەبێتەوە لەگەڵ نیمچە بزۆێنی (ە) بڕگەیەکی تر دەئافرێنن، هاوکات هێزی وشەی کۆتاییش لەگەڵ خۆی دەبات، لەبەرئەوە بە دوو (ی) دەنووسرێ، (ی) دووهەم هەم ئەرکی ئاوەڵناوی هەڵدەگرێ هەم ڤاوڵی بڕگەی سێهەم، لە رووی فۆنێتیکیشەوە (ی) سێهەم ناخوێندرێتەوە لەبەر ئەوە بەم شێوەیە دەنووسرێ: کۆتاییەکان هەربەم شێوەیە: نەهامەتییەکان، جیاوازییەکان، بابەتییەکان، سوورمەییەکان، دەریاییەکان، ئاسمانییەکان و... .

دەکرێ بڵێین دوو (ی) ڤاوڵی درێژە، کاتێک لە گەردانکردنی وشەوە دەنگێکی تری پێوە دەلکێ، کورت دەبێتەوە بۆ ڤاوڵی کورت واتە یەک (ی)، دەشێ بڕگەیەکی تر بۆ وشەکە زیاد بکات ئەوسا هاوکات هێزیش دەگوازرێتەوە. کەواتە لە بەر ئەم دوو هۆکارە سێ (ی) بە تایبەتی و سێ دەنگ بەگشتی لە ڕێنووسدا نانووسرێ، لە زمانەکانی تریشدا بەرچاوناکەوێ. ... ئەمە بۆ دوو (و)ش راستە.

لێردا بەو ئاکامە دەگەین، هەردوو حاڵەتەکە راستن بەڵام، لە پێناوی هارمۆنی رستەکان بە تایبەتی و ئەستاتیکای دەق و تێچووی زمانی کە پتر لە دەقی دوور و درێژدا دەردەکەوێ، دەکرێ بە پێی حاڵەتەکان، خۆمان لە دوو (ی) بپارێزین.

(جگە لەوە یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی زمانی کوردی ئەوەیە چۆن دەگوترێ ئاواش دەنووسرێ، بە پێچەوانەوە چۆنیش دەنووسرێ هەرواش دەخوێندرێتەوە، دەکرێ بڵێین ئەمە پرنسیپێکی زمانی کوردییە، کەواتە ناکرێ دوو (ی) بنووسین بەڵام یەک (ی) بخوێنینەوە.

٥- ئەو وشانەی لە رووی وشەسازییەوە هەڵەن و بەهەڵە بەکاردەبرێن، لەوانە: کۆبوویەوە: نیشتبوویەوە: خەوتبوویەوە، کە لە بری کۆبۆوە، رۆیشتبۆوە، خەوتبۆوە، بەهەڵە بەکاردەبرێن، لەیەکەمیان دا بکەر بەروتە یان (مخاطب)ە و لە دوو هەمیان دا کەسی یەکەمی تاکی غایبە، کەچی گەلێک بێژەر و تەنانەت نووسەریش لە بری وشە راستەکە بەکاری دێنن، وابزانم هەڵەکە لەوەوە هاتووە کە لە دیالیکی گۆڕان

وەرگیراوە و کراوە بە بنەما. سەیرەکە ئەوەیە جۆری وەرگرتنەکە لە دیالیکتێکی تر سەقەتە، ئێمە وتمان وشە و زاراوەی یەکتر وەردەگرین، نەمانگووت کات یان فۆڕمی وشەکە یا حاڵەتی ڕێزمانی وشەکە بگۆڕین.

٦- کۆما: لای نووسەر و ئەدیبان، جۆر و شوێنی بە کارهێنانی ئاشکرایە و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، بەڵام هێندێک حاڵەت هەیە کە دۆخی خوێندنەوە یان بواری مانایی دەیسەپێنێ: کاتێک دوو ڕستەی درێژ بە (و) پەیوەنی بەیەکەوە بەسترابنەوە خوێنەر پێویستی بە تازەکردنەوەی پشوو بێ، وەک: ئەم سنوورانە لە لایەن کۆمیسیۆنە سەربەخۆ و نیمچە دادوەرییەکانەوە دیاری دەکرێن و، واتای دادپەروەرانەبوون لە هەرکام لەو سنوورانەدا جیاوازە. لێرەدا ئەگەر زانیمان وێستەکە بە ڕادەیەک بە هێزە، ئەوا دەتوانین (و) لاببەرین و کۆما لە جێگای دابنێین، ئەگینا دەتوانین بێ لابردنی ئەو (و) پەیوەندییە لاوازە، لەدوای ئەو کۆما دابنێین. ئەمە لە ڕێنووسی زمانی ئینگلیزیشدا هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی زمانی کوردی کۆمایەکە پێش ئامرازی پەیوەندی (and) دێت:

The low variety tends to be used in family conversations, and .other relatively informal settings

یان: ئەندازیارەکان، بۆ دابینکردن و دڵنیابوون لە ساخڵەمی پرۆژەی ئاوی سلێیمانی و، بەسەرکردنەوەی ناوچە گەشتیارییەکانی قەشقۆڵی، سەردانی بەنداوی دوکانیان کرد. جیاوازی لە نێوان (و) یەکەم و دووهەمدا هەیە، یەکەمیان پەیوەندی دوو وشەیە بەڵام دووهەمیان پەیوەندی نێوان دوورستەیە، خوێنەر یان بێژەر تادەگاتە (و)ی دووهەم پشووی سوار دەبێت، هاوکات و هەردوو ڕستەکە دوو ئەرکی جیاوازیان هەڵگرتووە.

سەبارەت بە (ن) کۆ وەک: کۆمەڵێک کورسی بۆ ژنان تەرخانکرابوون /کۆمەڵێک کورسی بۆ ژنان تەرخانکرابوو. پێویست بە (ن) ناکە چونکە (تەرخانکراوە) بۆ کۆمەڵێک دەگەڕێتەوە نەک بۆ ژنان. یان: بیل کلنتۆن هێندێک ژنیشی دەسنیشانکردن/ دانانی (ن) کۆ هەڵەیە لێرەدا دەسنیشان دەگەڕێتەوە بۆ هێندێک. بیل کلنتۆن دەسنیشانی هێندێک ژنی کرد، یان هێندێک ژنی دەسنیشان کرد، وەک ئەوەی بڵێی چەند ژنێکی دەسنیشان کرد. لێرەدا یاریدەکراری (کرد) دەگەڕێتەوە بۆ بیل کلنتۆن کە تاکە.

٧- سێ (و) لە دوو و سێ دا/ یاری کردبوو و کەوتبوو. دەبینین لە (دوو) یەک بڕگەیە بە کۆنسۆنانتێک و ڤاوڵێک و نیمچە ڤاولێک، کاتێک لەگەڵ سێ بەکار دەبرێ، نیمچە ڤاوڵی (و) هێزیی بڕگەی دوو دەگوازێتەوە بۆ سەر نیمچە ڤاوڵەکە، هاوکات (و) ئەرکی پەیوەندیش هەڵدەگرێ، جگەلەوە لە هیچ زمانێکدا سێ ڤاوڵ بە دوای یەکتردا نایەن، لە رووی فۆنێتیکیشەوە دەخوێندرێتەوە: دو و سێ : ئینجا دو و سێ هەردووکیان ژمارەی تەواون. بەڵام دوو سێ رۆژ، ئەوا نیمچە ڤاوڵی دووهەم روو لە نزمبوونەوەیە و وێستێکی کورت دروست دەکات بێ ئەوەی هیزی بڕگەی دوو بگوازرێتەوە، بەم پێییە هارمۆنی دەستەواژەکە دەپارێزێ. دوو سێ رۆژ: دوو سێ پارچە کاغەز: دوو سێ خولەک.

٨- لە سیمانتیک واتە بواری مانابیدا، لەو شوێنانەدا کە خاڵبەندی بە هانای ماناوە نایات، فۆنێتیک ئەو رۆڵە دەگێڕێ و لەو شوێنەی فۆنێتیک بە هانای ماناوە نایات، پێویستە خاڵبەندی ئەو رۆڵە بگێڕی. واتە لێرەدا تەنیا ئاوای خوێندنەوە، ئەرکەکانیان لێک جیادەکاتەوە، ئاوای خوێندنەوەش پەیوەستە بەهێز، هیزی ئاوایی بکەوێتە سەر هەر سیگمێنتێکی رستە، ماناکەی دەگۆڕێ. واتە بە پێی گۆڕانی شوێنی هێز لەسەر سیگمێنتەکانی رستە ماناش دەگۆڕدرێ. جگە لەوە پێویستە نووسەر یان وەرگێڕ بە دانانی نیشانەی سەرسامی یان پرسیار، یان هەردووکیان، یان هەواڵیی لە کۆتایی رستەکە، جەخت لەسەر جۆری مانایی بکاتەوە. بۆ ئەمەش پێویستە خوێنەر وریا بێ، ئەو مانایەی میلۆدی خوێندنەوە دەیگەیەنێ لە ڕێنووسیشدا رەنگدانەوەی هەبێ، وەک رستەی:

پیاوەکە مرد. هەواڵە/ پیاوەکە مرد؟ پرسیارە/ پیاوەکە مرد؟! پرسیار و هەواڵییە

بە گشتی لە زمانی کوردیدا، هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوابگەی وشەوە. هەندێ ناوێزە بەرچاو دەکەوێ وەک: چونکە، بەڵام، هێشا و... لە وشەی نووستن دا ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی دووهەم بێ ئەوا دەبێتە چاوگ، ئەگەر لەسەر بڕگەی یەکەم بێ، ئەوا مانای ئەوان نووستن، بە هەمان شێوەی ئازادی دەبێتە سەربەستی و مانای تۆ ئازادی یان ناوت ئاوازدە.

لە شوێنێکی تردا پ. وریا ئەمین، دەڵێ: لەئەنجامی بەراوردکردنی ژمارەیەکی زۆر لەم جۆرە جووتە وشانە بۆم دەرکەوت، کە ئەگەر مۆرفیمی خرایە سەر هەر وشەیێ و وشەی تازەی خاوەن مانای تازەی لێ پێکهێنا، ئەوە کار لە شوێنی هێز

دەکات و دەیگوێزێتەوە سەر دوا بڕگە، ئەگەر کاری لەمانا نەکرد، هێزەکە لە شوێنی خۆی دەمێنێ و جێی ناگۆڕێ. کەواتە پەیوەندییەکی تۆکمە هەیە لە نێوان هێز و ئاوازی گوتن، بە گۆڕانی شوێنی هێز ئاوازی گوتن دەگۆڕێ و ئەویش ئاڕاستەی مانا دەگۆڕێ.

لێرەدا بۆ مان دەردەکەوێ فۆڕمی رستەکە بێ هێماکانی پرسیار، هەواڵ، سەرسامی و لە هەموو حاڵەتەکانی هێزدا، یەکسانە و شێوازی خوێندنەوەیان، پەیوەندی بە خوێنەرەوە هەیە، وەرگێڕ یان نووسەر هیچی لە دەست نایات، لەو شوێنەدا چارەسەر لای خوێنەرە. ئەمە لە کاتێکدایە کە وەرگێڕ یانووسەر هەموو پرنسیپەکانی وەگێڕان یان نووسینی پەیڕەو کردبێت، خۆ ئەگەر وانە بێ ئەوا خوێنەریش ناتوانێ تێکڕای ئەو گرفتانە چارەسەر بکات، چونکە ئەو چاوەڕوانی ئەوەیە دەقێکی پوخت و خاوێنی لەبەر دەست دابێ، نەک دەقێک خۆی بژاری بکات و خۆی رەنێوی بێنێ.

کەواتە ئەم گرفتە لە دەست خوێنە وەرگێر یان نووسەر دا نییە، بەڵکو لە دەست ئەکادیمیای زمانی کوردی دایە، کە لە رێگەی فۆنێتیکییەوە بە تایبەتی بە دیاریکردنی هێزی سەر بڕگە یان سەر سیگمێنتەکانی پێکهاتە وتەییەکە، چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە.

٩- جوتۆکەکان: بە پێی پێناسەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، جوتۆکەکان ئەو وشە و کەرەستانەن بەدوای یەکتردا دێن و لە رووی ڕێنووسەوە ریتم و فۆڕمی خۆیان هەیە، پێچەوانە ناکرێنەوە. واتە ناکرێ هەرکەس چۆنی ویست ئاوا بیاننووسێ. راستە ئەو دوو کەرەستەیە (وشە و هاوەڵەکەی) بە هۆی (و) پەیوەندییەوە بە یەکەوە بەستراونەتەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ڕێنووسیان پەیڕەوی دوو هۆکاری مۆرفۆلۆجی و سیمانتیکی دەکات، لە رووی مۆڕفۆلۆجییەوە ئەگەر هەردوو وشەکە وشەی سادە و سەربەخۆ بوون، لەوانە ئەگەر ناو بوون، ئەوا بە جیا دەنووسرێن، وەک شەو و رۆژ، دەشت و کێو، دار و بەرد، گەنم و جۆ، شێر و رێوی، کەر و کورتان، دەنگ و رەنگ، و... لێرەدا (و) تەنیا هەڵگری ئەرکی پەیوەندییە.

ئەگەر ئاوەڵناویش بوون دیسانەوە بە جیا دەنووسرێن، وەک: گەڕ و گول، تاڵ و تفت، ترش و شیرن، رەش و سپی، سارد و سر، شەل و شکست، ... پێچەوانە ناکرێنەوە.

binomials بایەنۆمیاڵەکان، زۆرجار لەگەڵ جوتۆکەکان تێکەڵ دەرکرێن بەڵام بە پێی پێناسەکانیان لە رووی فۆنێتیکی و ڕێنووسەوە، تەنانەت لە رووی ئەرکیی سیمانیکیشەوە جیاوازن: بایەنۆمیاڵەکان ئەو دوو وشانەن لە رووی میلۆدییەوە و پتر بە مەبەستی جەختکردنەوە و فراوانکردنی مانا دووبارە دەبنەوە کە سێ حاڵەتە:

أ) یەکێکیان ماندار و ئەویتریان بێ مانایە، لەم حاڵەتەدا بەسەریەکەوە دەنووسرێن و پێچەوانەش ناکرێنەوە، وەک: شەڕوشۆڕ، مەڕومالات، دەوروبەر، تەڕوبڕ، دڕکوداڵ، خشتوخاڵ،

ب) یەکەمیان بێ مانا و دووهەمیان ماناداره وەک: گژوگیا، فرتوفێڵ،... دیسانەوە بەسەریەکەوە دەنووسرێن و پێچەوانە ناکرێنەوە.

ج) ئەگەر هەردوکیان بێ مانابوون ئەوا مانای میتافۆڕی هەڵدەگرن، وەک: جرتوفرت، سۆرەوتۆرە، سڕوسیپاڵ، هەم بەسەریەمەوە دەنووسرێن و هەم پێچەوانەناکرێنەوە.

حەڵەتێکی تر هەیە ناوازەیە، کاتێک دوو وشە هەریەکەیان بە تەنیا مانای خۆی هەبێ، پێەکەوە دێنە ئاراوە کاتێک ئاوەڵناو بن وشەیەکی ئاوێتە دروست دەکەن کە ئەویش ئاوەڵناوە بە ئاوەڵناوی ئاوێتە ناودەبرێ، هەم بەسەریەکەوە دەنووسرین و هەم پێچەوانە ناکرێنەوە، وەک: سووروسپی، زۆروبۆر،... .

تێکڕای ئەو جوتۆکە و بایەنۆمیاڵانە، لەبەر دوو هۆ پێچەوانە ناکرێنەوە یەکەم لەبەر ئەوەی کۆدەنگی کۆمەڵایەتییان لەسەر دروستبووە، دووهەم لە ڕووی هارمۆنییەوە میلۆدی خوێندنەوە تێکدەدات کە ڕەنگە هەر ئەوە بووبێتە هۆی ئەو کۆدەنگییە کۆمەڵایەتییە، چونکە شوێن و جێگاکانی گۆکردن یان دەنگ دەرهێنان، هەروەها ناهەماهەنگی و پێکەوە نە گونجانی هێندێک دەنگ لە ڤاوڵ و کۆنسۆنات، بۆتە هۆی ئەوەی ئاهەنگی گوتن بەرەو هارمۆنی خوێندنەوە خۆی بکوتێ، ئەمەش ناڕێکییە دەنگییەکان ڕەتدەکاتەوەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆدەنگی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەوانی، میلۆدی و ئاهەنگی گوتن دروست ببێ. لە ڕووی زانستییشەوە هەروەک چۆن کۆدەکانی زەین رەنگدانەوەی ئەو کۆدەنگییەن، ئەم کۆدەنگییە میکانیزمێک لە زەینی تاکەکاندا دروست دەکات، کە ئاسان نییە لە گوتندا لێی لابدات، هەر ئەو میکایزمەیە، عەرەب ناتوانێ هێندێک لە دەنگە کوردییەکان وەک: گ، ڤ، چ، ژ گۆ بکات و کوردیش ناتوانێ وەک عەرەبێک هێندێک لە دەنگەکانی زمانی عەرەبی وەک: ڤ، چ، پ، ص، ژ، گ بە ئاسانی وەک عەرەبێک گۆ بکات.

هەر ئەم بۆچوونەی سەرەوە، دەیسەلمێنێ ئەگەر لە هێندێک حاڵەتدا ناو و ئاوەڵناو پێکەوە ئاوێتە بن، لەبەرئەوەی ئاوەڵناوێکی ئاوێتە دروست دەکەن. بەسەریەکەوە دەنووسرێن وپێچەوانە ناکرێنەوە چ لەگوتن چ لە نووسیندا، وەک ورگزل، قسەزل، چاوپیس، چاومار، چاوبەڵەک، گابەڵەک، چاوحیز.... بە هەمان شێوەش ئاوەڵناو ناو، وەک: گێلەپیاو، زیندەخەو، وشکەکۆکە... .

سەرەڕای هەموو ئەم کێشانە کێشەی تێچووی زمان، کە لە دەقێکی کورتدا هەستی پێناکرێ، هەر بۆیە گوێی نەدراوەتێ. بەڵام لە دەقێکی دوور و درێژدا کارەساتە.

# معیارسازی
# در کوردی جنوبی

ژیار جهانفرد

افکار، اندیشه‌ها، باورها، احساسات و... از طریق زبان و به صورت گفتاری و نوشتاری منتقل می‌شوند. زبان گفتاری از طریق اصوات منتقل می‌شود و به خودی خود ماندگار نیست، اما زبان نوشتاری به دلیل مکتوب شدن ماندگار است و انتقال بین نسلی افکار، احساسات و ... از طریق نوشتار ممکن شده است. در بسیاری از زبان‌ها، الگوهای زبان نوشتاری و زبان گفتاری با همدیگر تفاوت‌هایی دارند و این تفاوت‌ها تهدیدی برای زبان نیست. در زبان گفتاری، بنابر دلایلی از جمله اصل کم‌کوشی زبانی، واژه‌ها دچار سایش شده و واج‌هایی تضعیف یا حذف می‌شوند. زبان پویا است و تغییرات زبان امری عادی است، اما برای نوشتار به الگوهایی نیاز است که ثابت باشند تا همواره بتوان از آن‌ها استفاده کرد. وجود الگوهای ثابت در نوشتار، ثبت تولیدات زبانی و آموزش زبان را راحت می‌کند. در این نوشتار، به برخی از واژه‌سازی‌ها، سایش‌ها و تفاوت لهجه‌های کوردی جنوبی و الگوی پیشنهادی برای دستیابی به نوشتار معیار پرداخته شده است.

حدود یک دهه است(یک دهه در هنگام نگارش نخست) که درحوزه‌ی کردی جنوبی، پروسه‌ی زبان و ادبیات کوردی جنوبی به شکلی جدی وارد حیاتی تازه‌تر شده است که این روند رو به رشد، امیدی است در جهت جلوگیری از نابودی این گویش. نکته قابل توجه این است که در این حوزه بیشترین خلق ادبی در ژانر شعر و آن هم شعر کلاسیک بوده است.

امروزه نیازهای زبانی جامعه کورد بیشتر از گذشته است و شعر به تنهایی نمی‌تواند پاسخ‌گو باشد. از طرف دیگر، در کوردی جنوبی که موضوع این مقاله است، به دلیل نبود فرهنگستان و مراکز علمی، تنوعات و تفاوت‌های زبانی در جهت دست‌یابی به الگوهای معیار در نوشتار مورد بررسی قرار نگرفته است. به همین منظور جلسات متعددی توسط جمعی از شاعران و نویسندگان[۱] به منظور ساختارمند کردن هر چه بیشتر کوردی جنوبی برگزار شد. هدف ما ساختارشکنی غیر اصولی نیست، بلکه بر اساس ساختار کلی زبان کردی گامی به سوی زبان معیار نوشتاری و قاعده‌مند کردن کوردی جنوبی برداشته‌ایم تا از طریق الگوهای نوشتاری معین، نوشتن و آموزش به این گویش را قاعده‌مند کنیم. شاعران و نویسندگان حدود یک دهه است که به زبان خود می‌نویسند، اما هریک تولیدات خود را تنها بر اساس لهجه‌ی خود می‌نویسند که با نگاهی به آثار نویسندگانی از شهرهای مختلف همچون ایلام، کرماشان، اسلام آبادغرب، صحنه، ایوان، گیلانغرب و... این عدم همگرایی در نوشتار آشکار است.

۱ - همیشه در تمام نشست‌ها و انجمن‌های کوردی لزوم نوشتار واحد در کوردی جنوبی به عنوان یک مبحث اصلی عنوان می‌شد، اما هیچگاه گامی عملی در این زمینه برداشته نشد تا این که در جلسه‌ای در زمستان ۱۳۸۸که در شهر کرماشان برگزار شد، تعدادی از نویسندگان کرماشان برای استاندارد کردن کوردی جنوبی گرد هم آمدند و در بهار ۱۳۸۹ در ایلام دومین نشست بین تعدادی از فعالین کرماشان و ایلام برگزار و توافقاتی شد و ادامه آن در کرماشان پیگیری شد و در ادامه به ویرایش و تولید متن انجامید. در نشست مذکور به این نتیجه رسیدیم که مسائل موجود را در یک نشست و چند روز نمی توان به تمامی حل نمود و باید با هم فکری و هم دلی بیشتر نویسندگان و زبان‌شناسان کورد همراه باشد.

برای تولید منابع آموزشی و به صورت کلی مکتوب کردن تولیدات زبانی به کوردی جنوبی ، لازم است از میان تنوعات موجود یک شیوه را به عنوان گونه نوشتاری معیار انتخاب کنیم و در این راه لازم است به ساختار کلی زبان کوردی و دیگر گویش‌های زبان کوردی نیز توجه کنیم.

## ١ – واژەسازی

با توجه به پیشرفت علوم مختلف، شاهد ساخت واژه‌های جدیدی هستیم که در برخی از زبان‌ها از همان واژه‌ها استفاده می‌شود و در برخی دیگر، متناسب با ساختار زبان خود، برای آن واژه‌ها معادل‌سازی و واژه‌سازی می‌کنند. در کوردی جنوبی، به دلیل عدم وجود فرهنگستان، مراکز علمی و زبان‌شناسی، با پیشرفت علوم و تغییرات روز، واژه‌سازی انجام نشده است و به دلیل تاثیر آموزش و پرورش و رسانه‌های مختلف که همگی تنها به زبان فارسی هستند، شاهد استفاده از واژهای فارسی در کوردی جنوبی هستیم. واژه‌سازی در کوردی جنوبی یا به صورت فردی توسط نویسندگان انجام شده و یا واژه‌هایی که در دیگر گویش‌های زبان کوردی وجود دارد و یا ساخته شده است، توسط نویسندگان به کار برده می‌شود. در زیر نمونه‌هایی از واژه‌سازی آمده است:

- نـووسەر/نۆسەر/ نڤیسکار(نویسنده)
- وەرگێڕان (ترجمه)
- وەرگێڕ(مترجم)
- وشە(کلمه، واژه)
- پیت (حرف)
- پینۆس(خودکار، قلم) تێنۆس (دفتر)
- مژار : (موضوع) و...
- در ادامه نیز به چند مورد واژه‌سازی که به نظر ناکارامد هستند، اشاره می‌شود:
- ڕێکرِ: بە جای ڕێنس (رسم الخط)
- ڕێکخراو: بە جای سازی (انستیتو، NGO، سازمان)
- کەزای: بە جای جیناو (ضمیر)
- بێ‌پێچ و پلچ: بە جای سادە (ساده)
- تۆپ و پێ: بە جای تووپان (فوتبال)
- یاریکەری تۆپ و پێ : بە جای تووپانکەر (فوتبالیست)
- بەرواری بە جای ڕێکەفت (مورخه)

توجه به زایا بودن واژه‌ی ساخته شده، اهمیت زیادی دارد. برای نمونه واژه سازمان از دو بخش (ساز + مان) به وجود آمده است که بخش اول آن بن فعلی حال از مصدر (ساختن) می باشد و بیشتر از چندین واژه در زبان فارسی از آن به وجود آمده است نظیر: (سازش، سازگار، سازنده، ساخت و ساز و...) ولی واژه (ریکخراو) قابلیت زایش آنچنانی ندارد؛ در حالی در گویش کرمانجی شمالی از (سازی) استفاده می‌کنند و قابلیت زایایی دارد.

در میان گویشوران شهر های جنوب شرقی کوردستان به فوتبال /تووپان[۲]/ و به فوتبالیست / تووپانکه‌ر/ می گویند و نیازی به ساخت واژه‌ی جدیدی نیست.

– (به‌روار) اسم منطقه‌ای در بادینان (جنوب کردستان) است و در مقاله‌ای در روزنامه‌ی (روژا نوو) که به دست عبدالرحمن ذبیحی می‌رسد، در پایین مقاله به‌روار به عنوان مکان نوشته می‌شود. ذبیحی از آن تاریخ به بعد از واژه به‌روار به عنوان مورخه استفاده می‌کند و در فرهنگ واژگان کوردی جای می‌گیرد که بعدها خود ذبیحی به این اشتباه در کتاب (قاموسی زمانی کوردی) اشاره می‌کند.

**واژه های نیز هستند که در گذشته استفاده شده‌اند و امروزه می‌توان آن‌ها را احیا کرد و یا کاربرد آن‌ها را گسترش داد، همچون:**

- گاوشه: به جای (بازجوئی)
- گازڕان : به جای (کابوس)
- چۆزمان: به جای (قائده)
- دوچه‌وه‌کی: به جای (تبعیض)
- جمشت: به جای (جنبش)
- پیت، هۆرم، ریژهن: به جای (برکت)[۳]
- هۆرده‌به‌شی یا ورده‌به‌شی: به جای (جزئیات)
- تاقی[٤] (تحقیق) تاقیکار(محقق) تاقیکردن (تحقیق کردن)

در اینجا لازم به ذکر است علی‌رغم کم و کاستی هایی که در واژه‌سازی وجود دارد، گویشوران کوردی جنوبی می‌توانند از بسیاری از واژه‌هایی که در کۆڕی زانیاری(فرهنگستان زبان کوردی)

---

۲ - نام بیشتر بازی‌ها در جنوب شرقی کوردستان، دو پسوند (ان) و (ـه‌کی) می گیرند، مانند:
۱) تووپان، زووران، قه‌مچان، خه‌تخه‌تان ۲)کڵاوڕوانه‌کی، زه‌ڕه‌مشته‌کی و...

۳ - در کوردی جنوبی (کلهری)، برای هر واژه‌ای معادلی جداگانه وجود دارد: (پیت: برکت و دارایی)، (هۆرم: این واژه بیشتر برای برکت در لبنیات می باشد – ئمساڵ وه بوونه‌ێ شیر فره‌ییه‌و، هۆرمیش فره‌س)، (رێژه‌ن: این واژه بیشتر برای مایعات به کار برده می‌شود)

٤ - این واژه در اصل همان (تحقیق) عربی می باشد، اما بخاطر اینکه در بیشتر گویش‌های زبان کوردی به همین شیوه شکسته و تلفظ می شود و ترکیبات و مشتقات زیادی ازاین واژه ساخته شده، می‌توان از همین واژه استفاده کرد.

و دیگر انستیتوهای زبان‌شناختی در کوردی کرمانجی ساخته‌اند، استفاده کنند. زیرا وندهای سه گویش کوردی شمالی(کرمانجی) کوردی میانی(سورانی) و کوردی جنوبی(کلهری) با هم اشتراک دارند و این امر موجب نزدیکی هرچه بیشتر گویش‌های زبان کوردی می‌شود.

## ٢ - سایش واژگان

٢ - ١ بعضی از واژه ها در گذر زمان دچار سایش شده‌اند که بهتر است صورت زیرساختی آن‌ها در نوشتار استفاده شود.

| | | |
|---|---|---|
| نەڤ | نەبۆ | نە + بۆ |
| نەیشت | نەهیشت | نە + هیشت |
| نات | نەهات | نە + هات |
| ناوردن | نەهاوردن | نە + هاوردن |

٢ - ٢ سایش حرف (ب) در میان واژگان به ویژه در افعال:

| | | |
|---|---|---|
| شارێگۆ | شارێگ بۆ | شارێگ + بۆ |
|ماڵێگۆ | ماڵێگ بۆ | ماڵێگ + بۆ |

٢ - ٣ سایش فعل در حالت منفی‌ساز:

| | | |
|---|---|---|
| نیەیلێ | نیەهیلێ | نیە+هیلێ |
| نیەورشێ | نیەبرشێ | نیە + برشێ |

٢ - ٤ سایش واژگان پیشوندی در هنگام منفی شدن:

| | | |
|---|---|---|
| نەڵگرت | هەڵنەگرت(نەهەڵگرت) | نە+هەڵ+گرت/هەڵ+نە+گرت |
| نیەڵگرێ | هەڵنیەگرێ(نیەهەڵگرێ) | نیە+هەڵ+گرێ/هەڵ+نیە+گرێ |

٢ - ٥ سایش افعال پیشونددار در بعضی از لهجە های کوردی جنوبی:

| | | |
|---|---|---|
| دراوردن، دراورتن | دەرهاوردن | دەر + هاوردن |
| درات، دراد | دەرهات | دەر + هات[1] |

## ۳ – الگوی نوشتاری واژگان

۳ - ۱ کلماتی که در تلفظ گویشوران بعضی از مناطق دچار تغییر شده اند و به صورت قراردادی یکی از آنها در متون به کار گرفته می شود. نظیر:

| گفتاری (محاوره‌ای) | نوشتاری | ترجمه فارسی |
|---|---|---|
| قسیه، قسه | قسه | حرف، صحبت |
| تۆهنسن، توانستن، تانسن، تۆنسن، تۆەنین، تۆنین، تیەنن، توانین | توانین[2] | توانستن |
| دْ، دێ، دوێ، دوو | دو/ دوێ | دو |
| توام، تووام، توەم، خوازم | توام/ خوازم[۳] | می‌خواهم |
| ملیه، مله | مله | گردنه |
| دۆهت، دت، دد،گۆهت، جۆهت،دۆت | دۆت،[4] دۆەت | دختر |
| چوه، چه، چ | چه[5] | چی، چه |
| فریه، فەره، فره | فره | زیاد، بسیار، خیلی |

## ٤ – الگوی نوشتاری حروف

٤ - ۱ تلفظ کردن بعضی از حروف در مناطق جنوب شرقی کوردستان تا حد کمی تغییر کرده‌اند. در کوردی جنوبی «ۆo» بجز چند مورد استثنا تلفظ نمی شود و حرف«o» بیشتر به «û وو» تبدیل می شود:

| تلفظ کوردی جنوبی | تلفظ کوردی شمالی و میانی |
|---|---|
| rûj رووژ | roj رۆژ |
| zûrim زوورم | zorim زۆرم |
| gûranî گوورانی | goranî گۆرانی |
| newrûzنەورووز | newroz نەورۆز |

برای معیارسازی زبان، تا جایی که ساختار این گویش از بین نرود، بهتر است در نوشتار از شکل فراگیر استفاده کنیم، هر چند که در کوردی جنوبی (رووژ، زوورم، گوورانی، نەورووز) تلفظ می شود ولی برای نزدیک شدن گویش‌های زبان کوردی در آینده می‌توان در متون علمی و ادبی آن را به شکل های (رۆژ، زۆرم، گۆرانی، نەورۆز) نوشت. زیرا برخی از این واژگان کلید واژه هستند و نیاز است از یک شیوه نوشتاری مشترک استفاده شود.

٤ - ٢ بعضی از حروف فقط تلفظشان در رسم الخط لاتین مشخص می شود، برای مثال در کوردی شمالی و جنوبی ضمه بجز برخی مناطق، تلفظ نمی‌شود، اما در نوشتار کوردی لاتین به یک شکل نوشته می‌شود، مانند:

| | | |
|---|---|---|
| گوڵ gwil | گوڵ gul ٦ | گل |
| کوڕ kwir | کوڕ kur | پسر |

**٥ - عملکرد حرف اضافه در کوردی جنوبی:**

| | | |
|---|---|---|
| از (فارسی) | له | له کرماشانا ک هاتم : از کرماشان که آمدم |
| در (فارسی) | ده ، له، ئەڵ | ماڵتان ها ده ئیلام: خانه شما در ایلام است/ پشتەڵپشت: پشت درپشت / له ئامەدا هاتم ئەڕا کرماشان: از دیاربکر به سوی کرماشان آمدم |
| به (فارسی) | وه | وه دیلان بۆش: به دیلان بگو |

**٦- استفاده از حروف حلقوی (ع) و (ح) در گویش کوردی جنوبی:**

٦ – ١ در کوردی جنوبی و لکی دو واج (ع) و (ح) تلفظ نمی‌شوند، اگر هم واژه‌ای از زبان عربی به زبان کردی (غیر از سورانی و هورامی) آمده است، طبق ساختار و دستگاه واجی زبان کوردی، این دو واج و به صورت (ئـ/ا) و (هـ/ا) تلفظ می شوند. مانند:

محمد: مامەد/مهەمەد

احمد: ئامەد/ئەهمەد

نعمت: نامەت، نێمەت/ نێئمەت

عذاب: ئەزاو

عرض: ئەرز

حال: هاڵ

و...

اما در گویش کوردی میانی همانند زبان عربی این دو واج، تلفظ می شوند. اکنون این دو واج با دو نشانه حروفی در زبان کوردی تعریف شده‌اند و دو حرف از الفبای گویش کوردی سوارنی محسوب می شوند. اکثر نویسندگان کوردی جنوبی هم به شیوه‌ی قراردادی این حروف را به عنوان بخشی از الفبای زبان کوردی پذیرفته‌اند، البته نه به‌صورت همگانی بلکه فقط در اسم‌های خاص[٥]. مانند:

محمد: محەمەد

علی: عەلی

عرب: عەرەب

٥. البته این روند در بین نویسندگان این گویش متفاوت است. برخی دیگر به هیچ وجه از (ع) و (ح) در نوشتارشان استفاده نمی‌کنند.

٦ – ٢ حرف «ێ» در کوردی جنوبی(کرماشان و ایلام)، لکی، اردلانی و... معادل دو واکه و واج مصوت «ê“ و صامت ”ŷ»است. اگر علامت ۷ را روی حرف برداریم معنایش در اغلب افعال تغییر می کند. مثلا در کردی جنوبی (تواێ: می‌خواهد)،(خوەێ: می‌خورد)،(کەێ: می‌کند) همچنان در برخی واژه‌های دیگر بغیر از افعال این واج «ŷ» وجود دارد، طبق تحقیق و بررسی که در گویش مذکور انجام داده‌ایم به این نتیجه رسیدیم که این واج قبل و بعداز حروف صدادار (ـه) و (ا) جای میگیرد. بیش از درصد تلفظ این واج در زبان کردی تبدیل (گ) و (د) به (ێ ê) است. وقتی این واج (گ) و (د) قبل و بعداز حروف صدادار (ه – ا) قرار بگیرند، به حالت طبیعی تلفظ نمی شوند و به واج ”ŷ» تبدیل می شوند، که همین قانون هم در گویش و لهجه‌های هورامی و اردلانی و بابانی و جافی موجود است که در گویش هورامی این واج تبدیل به (ڎ) می شوند که تلفظاش خیلی با «ŷ» متفاوت نیست.

نمونه‌ای از کوردی جنوبی:

سەگ seg: سەێ seŷ

پیاگ piyag : پیاێ piyaŷ

مێژگ mêjig : مێژێ mêjê

خواردگه xwardige : خواردێیه xwardiŷe/ xwardêŷe

خدر xidir : خێر xêr

زیندیzindî : زینێ zînê

شازادەŞazade : شازاێه Şazaŷe

نەدێرێ nedêrê : نەێرێ neŷrê

کات = کەد ked : کەێ keŷ

در حال حاضر نیازی نیست که حرف ŷ به الفبای زبان کردی اضافه شود و می‌توان از ساده‌ترین نشانه که همان y است استفاده کرد، مانند:

سەیsey / پیایpiyay / مێژێmêjê / خواردێیه xwardêye / خێر xêr/ زینێzînê / نەیرێneyrê / شازایه Şazaye و ...

این حرف در کوردی تعریف نشده و نوشتنش در کوردی جنوبی باعث جدایی این گویش با گویش‌های دیگر کوردی می شود. هرچند اگر هم نوشته نشود، برخی از افعال تغییر معنا پیدا می‌کنند و در این صورت با توجه به بافت، می‌توان متوجه معنی آن شد.

به عنوان مثال در صرف مصدر خواستن در زمان حال اخباری که به صورت(توام/ تواید/ تواێ) است، می‌توان دوم شخص را به شکل (تواید) و سوم شخص را به شکل(توای/تواد) نوشت.

یا اینکه از افعال مناطق دیگر کوردی جنوبی مانند قصری و... استفاده کنیم.

نمونەی قصری – کرماشانی: کەم kem / کەید keyd / کەد ked

تِوام tiwam / تِواید tiwayd / تِواد tiwad
خوەم xwem / خوەید xweyd / خوەد[٦]

٦ - ٣در کوردی جنوبی، هنگامی که دو حرف(و) و (ی) در پی هم قرار می گیرند ادغام می شوند و به صورت حروف (ۆ) تلفظ و نوشته می شود، مانند:

| گفتاری (محاورەای) | پیشنهادی برای نوشتار | ترجمه فارسی |
|---|---|---|
| زەۆ[7] | زەوی | زمین |
| وەۆ | وەوی | عروس |
| کامپۆتر | کامپیوتر[٨] | کامپیوتر |
| رادۆن | رادیو | رادیو |

(ۆ) یکی از مشخصەهای زبان کوردی جنوبی است و به جز چند واژه که اشاره شد و در لهجەهای دیگر همچون گهوارەای، مابقی واژگانی که (ۆ) دارند به همان صورت نوشته می‌شوند. مانند: (بۆش، بەڕۆ، سۆر، دۆر، تۆ، رۆن و...).

## ٧ – سایش، حذف و تبدیل واجی

٧ - ١ نمونەای از واژگانی که در زبان محاورەای سایش پیدا کردەاند و به واج دیگر تبدیل شدەاند:

| گفتاری (محاورەای) | نوشتاری | ترجمه فارسی |
|---|---|---|
| کیەنی/ تیەنی/ چیەنی/چەنی | کانی | چشمه |
| تیەریک/تەیریك/ چیەریک/چەریک | تیەریک | تاریک |
| یەزام/یەزانم/نیام | نیەزانم | نمی دانم |
| درات | دەرهات | در آمد |
| تیەڵ / تێڵ/ چیەڵ / چەڵ | تیەڵ | تلخ |
| دراورت | دەرهاورد | در آورد |
| تۆەنم/ تۆنم/ چۆەنم/ تانم | توانم | توانم |
| دیام/تیام/ تیەم/ تێم / چیەم/ چەم | تێم٩، تیەم | می آیم |

٦. نمونەی(بدرەای): کەمkem کەی key کا ka . نمونەی کلیایی: کەمkem / کەی key / کا ka

## ۸ – جملات سایشی

۸ – ۱ نمونه‌ای از جملات کوردی جنوبی محاوره‌ای که دچار سایش شده‌اند و شکل نوشتاری آنها در ستون مقابل آمده است، مانند:

| گفتاری (محاوره‌ای) | نوشتاری | وەرگێڕان وە فارسی |
|---|---|---|
| ١) بۆ هە یە ڤۆە | ١) بۆش هەر یە بۆە | ١) بگو همین بوده است |
| ٢) رازۆشێ | ٢) راس ئۆشێ | ٢) راست می گوید |
| ٣) ئەڤ ناڤدەێو دەم و خواردۆەێ | ٣) ئەو نابۆدەێ ئەودەم و خواردبۆدەی | ٣) آن را در دهن گذاشته و خورده بود |
| ٤) ئە وەل ئەڤا قسیە بکەم | ٤) ئەگەر وەل ئەڤا قسە بکەم | ٤) اگر با او صحبت بکنم |
| ٥) ئە نەڤ | ٥) ئەگەر نەبۆ | ٥) اگر نبود |
| ٦) ئاێەمێگۆ ک نەڤ د کەلیمە قسیە وەردێەو بکەی | ٦) ئایەمێگ بۆ ک نەبۆ دو وشە وەگەردێیا قسە بکەی | ٦) انسانی بودکه نمی شود با او خرفی زد |
| ٧) چیەم(چەم)[١٠] را ماڵۆە | ٧) تیەم (دیام) ئڕا ماڵ ئیوە | ٧) به منزل شما می آیم |
| ٨) ئەڤ ناتۆ راڤە | ٨) ئەو نەهاتبۆ ئڕا ئیوە. | ٨) او برای شما نیامده بود،این کار هم نمی کرد |

## ۹ - به کار گیری افعال مشترک در نوشتار، گامی به سوی زبان معیار

از لحاظ دایره واژگان تفاوت چندانی در بین لهجه‌های گویش کوردی جنوبی وجود ندارد. در بین لهجه‌های این گویش بجز گذشته و حال استمراری، در زمان‌های دیگر نیز تفاوت‌های کمتری وجود دارد. با بررسی همه‌ی لهجه‌ها و تنوع‌ها در کوردی جنوبی و در نظر گرفتن ساختار کلی زبان کوردی و دیگر گویش‌های کوردی، می‌توان به الگوی مشخصی در صرف فعل دست یافت.

نشانه‌ی استمراری : در میان بیشتر گویشوران کورد، اصولاً پیشوند (د) به عنوان پیشوند استمراری آورده می شود.

در گویش کرمانجی پیشوند (د) به کار می‌رود. مانند: دکرد

در منطقۀ موکریان و بابان پیشوند (دە) به کار می‌رود. مانند: دەکرد

در منطقۀ اردلان پیشوند (ئە) به کار می‌رود. مانند: ئەکرد

در گویش لکی و هورامی پیشوند (مە) به کار می‌رود. مانند: مەکرد

در لهجه‌های بیجاری و ایلامی در گویش کوردی جنوبی نیز پیشوند (د) به کار می‌رود، مانند: (دکرد[۷]). لهجه کرماشانی از گویش جنوبی بجز چند موارد همانند (تێم/تیەم/تیام/دیام، تێرم،تیەرم،

---

۷ - گویشوران کوردی جنوبی که در بغداد به کورد فیلی معروفند، دو پیشوند استمراری (ئە) و (د) را به کار می برند، مانند: (ئەکردم/دکردم/ ئەخواردم، دخواردم و...)

تیاتم، ئۆشم، دۆنم، تیەرز، تیەرزێ) که نشانه‌ی استمراری (د) یا سایشی از این نشانه همچون(تـ) و (ئـ) به کار می‌رود، در بقیه موارد این نشانه استمراری در زمان حال حذف و در زمان گذشته از (یا) استفاده می‌شود. مانند: در زمان گذشته (کردیام، بردیام، چیام، خواردیام و...) و در زمان حال(کەم، بەم، چم، خوەم و...)

در زبان فارسی پیشوند (می) در زمان های گذشته و حال نشانه‌ی استمراری است. مانند: (می‌کرد)

نشانه‌ی استمراری در زمـان گذشته در میان بخشی از گویشوران کـوردی جنوبی همانند(گیلانغرب،اسلام آباد غرب، سرپل‌ذهاب، ایوان و...) بغیر از چند استثناء که پیشتر اشاره شد، استفاده نمی شود و در حالت حال نیز در اکثر لهجه‌های کوردی جنوبی حذف می‌شود. به عنوان مثال در مرکز شهر کرماشان از نشانه (یا) برای زمان گذشته و در لهجه شهر ایلام از (د) استفاده می‌شود، اما در هر دو لهجه برای زمان حال هیچ نشانه‌ای استفاده نمی‌شود، بجز چند مورد استثنا.

در مناطقی که گذشته ساده و گذشته استمراری به صورت مشابه صرف شوند، تنها از طریق بافتی که فعل در آن به کار رفته است می‌توان ساده و یا استمراری بودن فعل را تشخیص داد. در آموزش قاعده‌مند زبان لازم است که الگوی ساخت گذشته ساده و گذشته استمراری از هم تفکیک شوند.

### لزوم استفاده از نشانه‌های استمراری «د» و «یا»:

فعل های گذشته و حال استمراری در بعضی از لهجه‌های کوردی جنوبی در زیرساخت دارای نشانه «د» یا نشانه (یا) استمراری بوده‌اند که باعث تفکیک دقیق زمان فعل شده‌اند. اما به دلیل نداشتن زبان نوشتاری در کوردی جنوبی، در بعضی مناطق دچار سایش شده و این نشانه‌ها از قلم افتاده‌اند.

نشانه (د) استمراراری یا سایش یافته آن که به صورت (ت) است در برخی از افعال در لهجه کرماشانی نیز گفته می‌شود. ناگفته نماند که در برخی از لهجه‌های دیگر ایلام و کرماشان، هرچند گویشوران خیلی کمی دارند، پیشوند گذشته و حال استمراری (ئه، مه) را در اول این افعال استفاده می‌کنند.

در نتیجه برای مشخص و مجزا کردن دو زمان گذشته‌ی ساده و گذشته‌ی استمراری، لازم است از نشانه‌ی استمراری استفاده شود، در میان نشانه‌های استمراری موجود، «د» به دلیل اینکه هم در گویش‌های دیگر زبان کوردی مانند کرمانجی و سورانی نشانه‌ی استمرار است و هم در گویش کوردی جنوبی لهجه‌ی بیجار و لهجه‌های در استان ایلام از «د» استفاده می‌شود، انتخاب مناسبی در نوشتار معیار در کوردی جنوبی است که باعث همگرایی همه‌ی گویش‌های کوردی می‌شود.

همچنین اگر «د» مورد پذیرش گویشوران قرار نگیرد، میانوند استمراری «یا» در زمان گذشته استمراری که در کرماشان کاربرد دارد، پیشنهاد می‌شود.

## ٦- صرف افعال در کوردی جنوبی:

### گذشته ساده

| | منفی کردن |
|---|---|
| من کردم | من نه‌کردم |
| تو کردی/د/ت | تو نه‌کردی/د/ت |
| ئه‌و کرد | ئه‌و نه‌کرد |
| ئیمه کردیمن | ئیمه نه‌کردیمن |
| ئیوه کردین | ئیوه نه‌کردین |
| ئه‌وان کردن | ئه‌وان نه‌کردن |

در کوردی جنوبی ضمیر اول شخص /م/ و دوم شخص /ت/ و برای سوم شخص (ئه‌و) هم گفته می شود

۳ – ٦ گذشته ساده:

### حال کامل

| | منفی کردن |
|---|---|
| کردمه | نه‌کردمه |
| کردی/د/ت ـه | نه‌کردی/د/ت ـه |
| کردیه | نه‌کردیه |
| کردیمنه | نه‌کردیمنه |
| کردینه | نه‌کردینه |
| کردنه | نه‌کردنه |

۳ – ۷ حال کامل:

٣ – ٨ گذشته استمراری:

## گذشته استمراری

| [illegible] | | منفی کردن | |
|---|---|---|---|
| کردیام | = دکردم | تیه کردیام | = نیه کردم |
| کردیای/د | = دکردی/د/ت | تیه کردیای/د | = نیه کردی |
| کردیا | = دکرد | تیه کردیا | = نیه کرد |
| کردیایمن | = دکردیمن | تیه کردیایمن | = نیه کردیمن |
| کردیاین | = دکردین/ن | تیه کردیاین | = نیه کردین/ن |
| کردیان | = دکردن | تیه کردیان | = نیه کردن |

٣ – ٩ گذشته کامل بعید

## گذشته کامل- بعید

| | منفی کردن |
|---|---|
| کردبوم | نەکردبوم |
| کردبود/ت | نەکردبود/ت |
| کردبو | نەکردبو |
| کردبومن | نەکردبومن |
| کردبون | نەکردبون |
| کردبون | نەکردبون |

در اکثر لهجه های کردی جنوبی «ب» از گذشته بعید و همچنین در هنگام منفی کردن، حذف می‌شود. اما در منطقه خالقی [illegible] تلفظ می‌شود و به همین خاطر در این زمان از لهجه خالقی استفاده شده است.

٣ – ١٠ گذشته التزامی

## گذشته التزامی

| | منفی کردن |
|---|---|
| بکردام | نەکردام |
| بکردای/د/ت | نەکردای/د/ت |
| بکردا | نەکردا |
| بکردایمن | نەکردایمن |
| بکرداین | نەکرداین |
| بکردان | نەکردان |

۳ – ۱۱ وجه شرطی، التزامی دورتر

## وجه شرطی، التزامی دورتر

| | منفی کردن |
|---|---|
| بکردباتیام | نه کردباتیام |
| بکردباتیای اد | نه کردباتیای اد |
| بکردباتیا | نه کردباتیا |
| بکردباتیایمن | نه کردباتیایمن |
| بکردباتیاین | نه کردباتیاین |
| بکردباتیان | نه کردباتیان |

زمان التزامی که بیشتر موافق با «اگر، حالی و ...» می‌آید مانند: اگر بکردباتیام، این زمان در زبان [illegible]
2 conditional نامیده می‌شود.

۳- ۱۲ حال اخباری

## حال اخباری

| | [illegible] | منفی کردن |
|---|---|---|
| که‌م | = دکه‌م | نیه که‌م |
| که‌ید | = دکه‌ید | نیه که‌ید/ات |
| که‌ی/ | = دکه‌ی | نیه که‌ی |
| که‌یمن | = دکه‌یمان | نیه که‌یمن |
| که‌ین | = دکه‌ن | نیه که‌ین/ان |
| که‌ن | = دکه‌ن | نیه که‌ن |

در لهجه شکاکی، کورده‌لی و شنخ‌لی، برای حال اخباری از قاعده‌ی «که/دکه» ضمیمه شخص و شمار استفاده می‌شود.

۳ – ۱۳ حال التزامی

## حال التزامی

| | منفی کردن |
|---|---|
| بکه‌م | نه که‌م |
| بکه‌ید | نه که‌ید |
| بکه‌ی | نه که‌ی |
| بکه‌یمن | نه که‌یمن |
| بکه‌ین | نه که‌ین ان |
| بکه‌ن | نه که‌ن |

٣ – ١٤ فعل مرکب

**فعل مرکب**

| | منفی کردن |
|---|---|
| بەرزەوکردم | بەرزەو لەکردم |
| بەرزەو کردی | بەرزەو لەکردی |
| بەرزەو کرد | بەرزەو نەکرد |
| بەرزەو کردیمن | بەرزەو نەکردیمن |
| بەرزەو کردین | بەرزەو لەکردین |
| بەرزەو کردن | بەرزەو نەکردن |

این چنین افعالی همانند افعال ساده صرف می‌شوند.

٣ -١٥ فعل امری

**فعل امری**

| | منفی کردن |
|---|---|
| بکە | نەکە |
| بکەن | نەکەن |

٣ -١٦ گذشته و حال ملموس

در این زمان از قید (لەپسا/ی) استفاده می‌شود که این قید مستمر بودن انجام کار را نشان می‌دهد. در زبان فارسی برای این زمان از (داشتم) برای گذشته و از (دارم) برای حال استفاده می‌شود. مانند: (داشتم می‌آمدم. دارم می‌آیم).

**گذشته و حال ملموس**

| ڕابردوو | ئێستە |
|---|---|
| لەپسای هاتم | لەپسای [illegible] |
| لەپسای هاتی/[illegible] | لەپسای [illegible] |
| لەپسای هات | لەپسای [illegible] |
| لەپسای هاتمن | لەپسای [illegible] |
| لەپسای هاتین | لەپسای [illegible] |
| لەپسای هاتن | لەپسای [illegible] |

[illegible]

۳- ۱۷ مصدرهای جداشدنی

**مصدرهای جداشدنی**

| | صرف کردن |
|---|---|
| ئەوهاتن<br>ئەوکردن<br>هەڵئەوگەردیان | ۱. من هاتمەو/ من ئەوهاتم ۲. ئەوهاتن کار ئێمە نییە<br>۱. مە کەردمەوەی/ ئەومە کەردەی ۲. ئەوکردن خاس نییە<br>۱. وەختێ هەڵگەردیامەو/ وەختێ هەڵئەوگەردیام/<br>هەڵئەوگەردیان هەر وەختێ بوود هەر خاسە. |

۳ – ۱۸ فعل‌های پیشوندی

**فعل‌های پیشوندی**

| | منفی کردن |
|---|---|
| هەڵگرتن<br>هەڵاتن<br>دەرچین<br>داکردن | نەهەڵگرتن/ هەڵنەگرتن<br>نەهەڵاتن/ هەڵنەهاتن<br>نەدەرچین/ دەرنەچین<br>نەداکردن/ دانەکردن |

## نتیجه

همانطور که پیشتر آمد، با قاعده‌مند کردن زبان نوشتار در کوردی جنوبی، مکتوب کردن تولیدات زبانی و آموزش این زبان راحت می‌شود و دست‌یابی به این الگوها نه از روی سلیقه و خواست شخصی، بلکه با توجه به ساختار خود زبان و رجوع به زیرساخت آن انجام می‌گیرد. در همه‌ی زبان‌ها، فرهنگستان‌ها و مراکزی به صورت علمی در زمینه‌ی اصلاح رسم‌الخط، واژه‌سازی، تدوین منابعی همچون فرهنگ واژگان و آموزش دستور زبان و... فعالیت می‌کنند. در گویش کوردی جنوبی چنین مراکز و موسساتی وجود ندارد و مکتوب کردن تولیدات زبانی نیز سابقه‌ی زیادی ندارد و در خلال نوشتار و بخصوص آموزش است که احساس نیاز به وجود الگوهای نوشتاری مشخص، بیشتر حس می شود. با نگاهی به دیگر گویش‌های زبان کوردی، مشخص است که هرکدام خود دارای تنوعات و لهجه‌هایی هستند، اما در آموزش و نوشتار از یک الگو استفاده می‌کنند و در گویش کوردی جنوبی نیز می‌توان چنین کاری کرد. استفاده از ویژگی‌های زبانی همه‌ی لهجه‌ها برای دست‌یابی به الگوهای معیار نوشتاری در گویش کوردی جنوبی، باعث می‌شود اکثریت گویشوران آن را بپذیرند.

# Footnotes

١ - رایج در منطقه ی  سنجابی و...

٢ - برگرفته از منطقه ی گوران و...

٣ - برگرفته از ایلامي و بیجاری

٤ - رایج در  لهجه کلیایي و...

٥- رایج در لهجه کرماشانی و...

٦ - حرف صدادار (و u) در زبان کوردی و به ویژه  گویش کرمانجی شمال و جنوبی(کلهری) تلفظ نمی شود، این حرف در گویش کلهری اگر بعد از پنج حرف (گ، ك، ق، غ، خ) بیاید، شکی در آن نیست که تغییر می کند و به شکل (w) (wi نیم مصوت) تلفظ می شود. همچنان در کرمانجی شمال به شکلی (u)تلفظ نمی شود و به (wî) یا (ü)  تبدیل می شود:

سورانیGul  /کلهریgwil  /کرمانجیgwîl  و gül

سورانی Kur /کلهری kwirr

سورانی Xulam /کلهری xwilam

سورانی Xuda  /کلهری xwida/ /کرمانجی xwidê

حرف (u) بغیر ازپنج حرف (g,k,q, x,x) اگر بعداز هر حروف دیگری بیاید، به هیچ شیوه تلفظ نمی شود، مانند:

سورانیTurk  /در کلهری tirk /در کرمانجی tirk

سورانی Dunya /کلهریdinya  /کرمانجی dinya

سورانیZulf /کلهری zilf    /کرمانجی zilf

و...

البته بخاطر معیارسازی رسم الخط کردی، ما به این نتیجه رسیدیم که تا جای که بتوانیم  گامی بطرف زبان کردی و رسم الخط رسمی برداریم.  به همین خاطر بعضی از تلفظ های ویژه جنوبی، همچون gwil و kwirr و... حذف کرده  و از این به بعد هم به شکل gul و kur آنها را نگارش می کنم تا حداقل استارتی در راستای معیارسازی بوده باشد.

٧- البته (ۆ) فقط ادغام (و) و (ی) نیست،  با نگاهی به مثال‌های زیر می‌توان تبدیل (ۆ/ ۆهـ) به (ۆ) را هم مشاهده کرد، مانند:

ئابڕۆ abirro : ئابڕۆ. پۆز poz : پۆز . پراسۆ piraso : پراسۆ. ترۆسکەtiroske : ترۆسکە. دۆت/دۆهت dot/doht : دۆت/دۆت .چۆن çon : چۆن .دۆز doz : دۆز. ڕۆت rot : ڕۆت. تۆهم tohm : تۆم/ تۆم. جۆهـ coh/cih : جۆه. نۆهـ noh نۆه(٩). و...

٨ - واژگاني همچون کامپۆتر، رادۆن و... نشانەي برای  اثبات کردن این حروف ادغامی می باشد.

٩ - در کوردي کرمانجی هم به همین صورت پیشوند (د) به (ت) تبدیل شده است. مانند(دێم = تێم)

١٠ - چیەم/ چەم، چیەنی، چیەریک و... این واژه در مناطقی همچون گیلانغرب و اسلام آباد غرب تلفظ می‌شوند.

# نگاهی به جایگاه کردهای فیلی

## گفتگو با علامه محمدعلی سلطانی

گفتگو: بهزاد خالوندی

برای آشنایی بیشتر با پیشینه تاریخی کردهای فیلی و آگاهی از اشتراکات تاریخی، فرهنگی و مذهبی آن ها با ایران، پرسش هایی را در این زمینه با دکتر محمدعلی سلطانی نویسنده و پژوهشگر برجسته کرد که صاحب ده ها تألیف ارزشمند و مرجع پیرامون تاریخ کردهای منطقه می باشند، مطرح کرده ایم که حاصل کار را در ادامه می خوانید:

کردهای فیلی هرچند از ایلات و طوایف بسیار قدرتمند و تأثیرگذار در پهنه ی جغرافیای ایران زمین در دوران پس از اسلام محسوب می شوند ولی در دوران معاصر چندان به آن ها پرداخته نشده است و مباحث مطرح شده پیرامون آن ها بسیار اندک هستند. نکته مهم اینکه بخش قابل توجهی از کردهای فیلی ایران پس از فروپاشی دولت عثمانی و تشکیل عراق جدید ناخواسته در حصار مرزهای این کشور تازه تأسیس قرار گرفتند، اتفاقی که نسل امروز به دلیل اطلاع رسانی اندک، آگاهی چندانی نسبت به آن ندارد. برای آشنایی بیشتر با پیشینه تاریخی کردهای فیلی و آگاهی از اشتراکات تاریخی، فرهنگی و مذهبی آن ها با ایران، پرسش هایی را در این زمینه با دکتر محمدعلی سلطانی نویسنده و پژوهشگر برجسته کرد که صاحب ده ها تألیف ارزشمند و مرجع پیرامون تاریخ کردهای منطقه می باشند، مطرح کرده ایم که حاصل کار را در ادامه می خوانید:

**کردهای فیلی ساکن عراق طی سال های اخیر و به طور مشخص پس از سقوط صدام حسین، از طریق رسانه های مکتوب و یا صوتی و تصویری خویش به شکلی گسترده به روایت پیوندهای تاریخی و فرهنگی خویش با دنیای پیرامون و به ویژه ایران می پردازند. در ابتدا بفرمایید پیوندهای میان ایران و کردهای فیلی به چه شکل بوده و این دو در طول تاریخ چه مناسباتی با یکدیگر داشته اند؟**

این سوال شما کمی که نه، زیاد به نظرم تعجب انگیز است مگر ایران و کردهای فیلی را می شود جدای از هم پنداشت که از مناسبات آن دو در طول تاریخ سخن گفت. شما آغاز و انجام هویت تاریخی فیلی ها را جز در تاریخ ایران در جای دیگری نمی توانید جستجو کنید، یعنی چیزی به دست نمی آورید - شاه عباس صفوی در آغاز قرن یازدهم هجری با قتل شاهوردیخان و نابودی مدعیان جانشینی او سلسله اتابکان لر کوچک را منقرض کرد، عنوان اتابک را برانداخت و حسین خان فیلی از ایل بزرگ و اصیل فیلی را به فرمانروایی لرستان برگزید، عنوان (فیلی) همانند سایر عناوین سنتی که به محض سلطه سیاسی تمام قلمرو جغرافیایی را به نام ایل برتر و حاکم می خواندند، این سرزمین و مردمان آن را نیز (فیلی) گفتند، چنانکه لر بزرگ را (بختیاری) خواندند، به همین ترتیب این بخش یعنی فیلی و بغداد دو واژه ی خویشاوندند، البته این سخن یک اظهار نظر فرهنگی و پژوهشی است و بغداد پایتخت کشور مستقل عراق کنونی است و در این امر نیز شکی وجود ندارد.

**قلمرو اتابکان لر و به ویژه لر کوچک - به عنوان ایالتی وابسته به کردهای فیلی - در دوران صفویه چه گستره جغرافیایی از خاک ایران آن زمان را در بر می گرفته و به ویژه تا به کجا در خاک عراق کنونی امتداد داشته است؟**

این سوال را با آنچه اسکندر بیگ ترکمان، در ذکر توجه موکب نصرت نشان به جانب لرستان، برای پاسخ چنین سوالی در کتاب ارزشمند خود (عالم آرای عباسی) نوشته است باید مستند بگویم که نوشته است؛ «ولایت مذکور(لرستان فیلی) بر جانب غربی عراق واقع گشته / عرض آن یک طرف به ولایت همدان و قلمرو علیشکر متصل و طرف دیگر به الکاء خوزستان پیوسته، طول آن از قصبه بروجرد تا حدود بغداد و سایر محال عراق عرب قریب یکصد فرسخ است.»

مقصود از کلمه عراق در نوشته اسکندر بیگ (عراق عجم) است و قلمرو علیشکر منظور کرمانشاه است که هنوز توسط شیخعلی خان زنگنه احیاء نشده بود، سایر محال عراق عرب از خانقین و مندلی تا کرکوک و بصره و سپس حومه بغداد را در بر می گیرد. البته در یک خط سیر مشخص تلقی شود نه به صورت کلی و همه جانبه

مثلا در بدره، کوت، قزل رباط، شهربان، مندلی، بعقوبه و ... اکثریت بیشتری داشتند در تحولات دوره پهلوی اول بغداد را هم در بر گرفتند. کرد فیلی از لحاظ تاریخی و جغرافیایی در ایران بزرگ از ولایت مهم اداری مربوط به دولت مرکزی و در نظام سیاسی سنتی جزء ایالات معتبر و ارکان در امر نظامی و اقتصادی بود تا اینکه در عهد فتحعلی شاه قاجار (۱۲۱۲ - ۱۲۵۰ ه.ق.) به علت هایی که مهم تر از همه مجاورت قلمرو جغرافیایی (فیلی ها) تا نزدیک بغداد بود علی الظاهر برای تسهیل در امر اداری و نظامی و استحکام جبهه جغرافیای فیلی در مقابل حملات عثمانی ها و تحویل و تحولات بغداد و کر و فر بابان ها و علی الباطن برای ایجاد محدودیت قلمرو سیاسی و .... جغرافیایی، پیشکوه را که لرستان کنونی باشد به مرکزیت فرعی خرم آباد و طرهان از قلمرو والیان فیلی خارج کرد و عنوان (فیلی) به منطقه محصور مورد نظر محدود گردید و قصبه دیوالا، ایلام کنونی والی نشین بود. اینکه مرکزیت فرعی می گویم برای این است که مرکزیت اصلی در کرمانشاهان بود که محمد علی میرزا دولتشاه فرمانروای ایران غربی و سر حد دار عراقین این شهر را والی نشین خویش قرار داد، اینکه در طول تاریخ می فرمایید موضوع کردهای فیلی به طور رسمی از عهد صفویه آغاز می شود و اتابکان لر کوچک ربطی به گفتگوی ما پیدا نمی کند.

**اطلاق نام کردهای فیلی بر این ها بر چه اساسی صورت گرفته است. آیا این نامگذاری بر اساس مسایل قومی، زبانی و جغرافیایی صورت گرفته و یا اینکه عامل دیگری در این نامگذاری تاثیرگذار بوده است؟**

واژه فیلی همان فهله یا پهله است که به قسمتی از شهرهای کوه پایه زاگرس ری، همدان و اصفهان و نهاوند هم اطلاق می شده است گرچه برای معنی این واژه معانی دیگری هم ابراز می دارند اما این نزدیک تر است به واقع امر، نقاطی جغرافیایی نیز در لرستان بزرگ بدین نام خوانده می شود، هم از لحاظ تاریخی و هم جغرافیایی و هم ریشه لغوی متواتر واژه فیلی که به معنی پهلوان و قوی بنیه و امثال اینها گفته اند، صدق می کند، علت نامگذاری را هم در پاسخ سوال اول گفتم.

**به نظر می رسد کردهای فیلی از ترکیب جمعیتی متنوعی برخوردار هستند. این ترکیب جمعیتی به چه شکلی بوده و چه ایالات و طوایفی را در بر می گرفته است؟**

منابع و ماخذ دوره قاجاریه و پهلوی کردهای فیلی را تحت عنوان بیست و گاهی تا بیست و چهار طایفه مهم ذکر کرده اند و متفرعات آنها را تا پنجاه نام می برند، بزرگترین ایل قلمرو فیلی، ایل کرد است در تقسیمات دوره والی های فیلی به دو بخش

(کرد و مهکی) تقسیم شده اند، ایل کرد بعد از عزیمت والی به بغداد بازوی نظامی دولت مرکزی بودند، و به همین سبب جنوب آبدانان را نیز به عنوان تیول سیاسی و نظامی تصرف کردند، آبدانان، دهلران، موسیان جنوب مهران قلمرو ایل کرد محسوب می شود و ایل کرد و کاید خرده، شوهان، دیناروند در این محدوده مستقرند، ساکنان قسمت مهکی یعنی ارکوازی و خزل و ملکشاهی و سایرین در شمال مهران و صالح آباد و ایلام و بدره ارکوازی و چوار سکونت دارند و همانطور که می بینید ترکیب آنها قومی است تقسیمات اولیه را (هنری فیلد) هم ثبت کرده است.

**کردهای فیلی به لحاظ سیاسی و نظامی چه جایگاهی در ایران زمان صفویه و قاجاریه داشته اند و مناسبات سیاسی و فرهنگی آن ها با حکومت های وقت ایران به چه شکل بوده است؟**

کردهای فیلی در دوره صفویه به واقع ناظم ایران غربی بودند حسین خان فیلی والی لرستان در نظم و نسق قلمرو بابان، اردلان، باجلان، قلعه زنجیر، خوزستان به ویژه مقابله با عثمانی اکثرا مقدمه الجیش بود و در این ماموریت ها همراه شکست و پیروزی خدمت می کرد، این موقعیت در بازماندگان او تا اواخر قاجاریه و انقراض والیان فیلی ادامه داشت نکته قابل توجه و مهم این که والیان فیلی عهدنامه خانوادگی داشتند که هیچ گاه با دولت مرکزی ایران مقابله نکنند و همین یکی از عوامل اصلی مهاجرت والی (غلامرضا خان) به عراق عرب بود زیرا در آن سوی مرز نیز صاحب املاک و نسق بود، مسافرخانه و کاروان سرا و باغ و .... داشت.

در سراسر دوره صفویه تا پایان قاجاریه نیروی نظامی والیان فیلی یکی از منظم ترین سپاهیان تدافعی و تهاجمی بودند در بین ایالات ایران کسی را یارای برابری با توان لشکری کردان فیلی نبود زیرا از شیوه منحصر خدماتی و تسلیحات و رده بندی پیشرفته برخوردار بودند بارها تهاجم دولت عثمانی را دفع کردند و با تمام اهتمام دیپلماسی برای حذف و عزل والیان، دولت مرکزی ایران با احترام تمام و اهداء القاب و عنوان با آنها رفتار می کرد والیان کرد فیلی هیچگاه فریفته استمالت و تحبیب خارجی ها نشدند.

والیان کرد فیلی ایالتی بالاستقلال را در بین دولت مرکزی ایران و دولت مهاجم عثمانی تشکیل می دادند با قریب چهل هزار مرد جنگی مسلح و آماده و در ضمن از ادای مرسومات باج و خراج و مالیات متداول نیز برای کمک به اقتصاد مملکت قصور نداشتند و به همین سبب مرتبه برتر از بیگلر بیگی ها داشتند و یکی از چهار ایالت والی نشین ایران محسوب می شدند در ایران عصر صفوی به روایت تذکره

الملوک، لرستان فیلی، کردستان اردلان، هویزه مشعشعی و گرجستان والی نشین بودند، امروزه ما نیازمند به یادآوری و بررسی منطقی و علمی و پژوهشی درباره والیان فیلی هستیم که پس از والیان هویزه که منسوب به خاندان علوی بودند، مقام برتر داشتند و همواره بازوی نظامی صفویان و همچنین افشار و قاجاریه شمرده می شدند، و تمام مزایای سلطنت را در اندازه کوچکتری داشتند. از وزارت تا نوبت زنان حکومتی به اصطلاح نقاره خانه و ... اجازه جلوس و هم کاسه بودن با پادشاهان – والیان کرد فیلی نه تنها سدی در مقابل عثمانی ها بودند بلکه در کارزارهای شرق ایران چون دفع محمدخان بلوچ و فتح قندهار از ارکان اصلی نیروهای نظامی نادرشاه افشار بودند و علی مردان خان که معاصر سقوط اصفهان و طلوع نادر بود با نادر همراهی تنگاتنگ داشت، در عهد زندیه به سبب برتری یافتن زند که زمانی طولانی مرئوس والیان کرد فیلی بودند ایام به کام نبود. اما با انقراض زندیه و روی کار آمدن قاجاریه (خدنگ مارکش با مار شد جفت) ایام به کام هر دو شد هم قاجاریه و هم فیلی ها تا آخرین لحظه ادامه نظام سیاسی سنتی والیان کرد فیلی بر دوام بود، والیان کرد فیلی منصوب از سوی حکومت نبودند بلکه قلمرو مستقل موروثی و خراج گذار به شمار می رفتند که به اصطلاح امروز خود گردان بودند هر چند با انتصاب محمد علی میرزا دولتشاه جغرافیای لرستان پیشکوه از قلمرو والیان کرد فیلی جدا شد، اما همواره مطیع دولت مرکزی بودند گرچه سلطه قجری سازی شاهزادگان نسل خاقان با سیاست های مشمئز کننده موجب از هم پاشیدگی سیستم ولایت کردان فیلی، کردان اردلان، مشعشعان هویزه و گرجی ها شد اما کج دار و مریز ادامه پیدا کرد.

**جدایی کردهای فیلی از ایران به چه شکلی اتفاق افتاد و چه عواملی در این زمینه تاثیرگذار بودند. آیا در این میان قصوری متوجه حکومت مرکزی وقت ایران بوده است؟**

مسائل جنگ جهانی اول، استقلال نیم بند عراق امروز که حاصل فروپاشی امپراطوری عثمانی بود، ایجاد مرزهای تحمیلی، مهاجرت روز افزون بیش از ده هزار خانوار کرد فیلی که سنگینی خراج دولتی و ایالتی والیان کرد فیلی و عدم درآمد کافی از عوامل اصلی مهاجرت آن ها بود، رونق اقتصادی بغداد، اتحادیه تجاری یهود، توان بیش از حد کردان مهاجر فیلی در انجام خدمات طاقت فرسای امر حمل و نقل و صادرات و واردات، صحت عمل و جلب اعتماد تجار و بازار اقتصادی، اتحاد مهاجرین فیلی در غربت بغداد و تشکیل محله و دستگاه و جذب در ادارات دولتی

پس از سر و سامان و تغییر و تحول ها عراق جدید، موجب جذب و ماندگاری آنها در عراق شد اگرچه همواره دل به یاد خاک وطن و هوای ایران دارند تا زمان ظهور احزاب شوونیسم بعث امنیتی داشتند و احترام و اطمینانی که به سبب همین دلبستگی به ایران در سلطه بعث ها بارها حاصل چند نسل رنج و مشقت و سرسختی را به باد داده به اکراه و اجبار به عنوان (معاود) به ایران بازگردانده شدند حکومت مرکزی نیز هیچ گاه در پی ایجاد زمینه ای از آن دست که در عراق مهیا بود برای این مهاجران مجبور برنیامد و امروز نیز باز همین عوامل و نمادهای همسان منطقه را تهدید می کند، از جمله تورم، هزینه های سنگین، بیکاری، رانت خواری، اقتصادی راکد و .... این تکرار تاریخ است هر دوره به صورتی و ... .

**با توجه به اشتراکات گسترده موجود، چشم انداز ارتباطات فرهنگی میان کردهای فیلی و ایران را چگونه می بینید. آیا لازم است که برای نزدیکی بیشتر تلاش های افزون تری انجام شود؟**

هیچ کار نکرده ایم، هر کار بکنیم کم است امروز فیلی ها در دایره بنیادگرایی وحشتناک و خانمانسوز عراق نه تنها نماد فرهنگ و تمدن ایران بلکه نمونه فعال مبلغین مکتب اهل بیت (ع) هستند آنها علاوه بر بغداد و شهرهای عتبات عالیات در اربیل، سلیمانیه، خانقین، مندلی و ... تنها نمایندگان شیعی در انجام آداب و رسوم مذهبی چون اعیاد و سوگواری ها هستند و با تلاش و همت خود و همکاری حکومت عراق و حریم کردستان حسینیه های معتبر بنا کرده اند و مراسم باشکوه برگزار می کنند به ویژه در اقلیم کردستان احترام و اهمیت تمام دارند، مجله و روزنامه و رادیو مستقل و نماینده پارلمان و مقامات سیاسی و اجتماعی و اقتصادی طراز اول دارند، رسانه های آنها اکثر با اشعار شاعران کرد ایرانی و مفاخر فرهنگی ایران تاریخی مزین است. متاسفانه حرکتی در هیچ یک از ابعاد یاد شده در این سو تا حال دیده نشده است. یا حداقل من ندیده ام خداوند ما را به توجه بیشتر به این گونه واجبات توفیق دهد، ان شاءالله.

**استاد در پایان اگر سخنی باقی مانده بفرمایید.**

در روزهای دوم و سوم آذرماه ۱۳۹۰ سمینار ملی اردلان شناسی از سوی دانشگاه کردستان در سنندج، تالار مولوی و صحن دانشگاه یاد شده برگزار شد، سخنرانی افتتاحیه سمینار به عهده ی من بود، در طی دو روز مقالات نسبتا خوبی ارائه شد. از سایر کشورها هم آمده بودند، برای تاریخ امروز ایران بازشناسی

والیان از این دست بسیار مهم است بر عهده دانشگاه های بومی است که برای تنویر اذهان جامعه علمی و فرهنگی امروز به ویژه جوانان سمینارهای ملی داشته باشند اگر این بزرگی ها و میهن دوستی ها و رشادت ها و بینش ها و نگرش ها به بهانه های واهی و پوسته گرایی در بوته فراموشی بماند، پس رسالت علم و عمل و دانش و قلم و دانشگاه چه مفهومی خواهد داشت، به امید روزی که علی الدوام یادآور گنجینه بی همتای فرهنگ ایرانی و پاسداران فرازمند این گنجینه ها باشیم و نام آنها را سرمشق امروز و آیندگان سازیم، برای شما و سایر دوستداران این مرز و بوم آرزوی توفیق دارم.